تصوير ابو عبد الرحمن الكردي
جەمهوریەتی کوردستان
لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی وسیاسییە
مەحمود مەلا عززەت

مه‌حمود مه‌لا عززه‌ت

جه‌مهوریه‌تی کوردستان

لێکۆڵینه‌وه‌یه‌کی مێژوویی و سیاسییه

سلێمانی 2001

- ناوی کتێب: جەمهوریەتی کوردستان
- بابەت: لێکۆڵینەوە
- ناوی نووسەر: مەحمود مەلا عززەت
- تایپ: شیروان عزت/ تارا رەئووف
- مۆنتاژی کۆمپیوتەری : سەیران عبدالرحمن
- تیراژ : 750 دانە
- ژمارەی سپاردن: (252)ی 2001
- چاپی یەکەم: سلێمانی 2001
- چاپ و ئۆفسێتی دەزگای سەردەم

زنجیرە کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم (124)

ناوەرۆك

لاپەڕە

بەشی چوارەم:

بەشی پێنجەم:

پێشەکی

جەمهوریەتی کوردستان ڕووداوێکی مێژوویی و سەردەمێکی حوکمڕانیی خۆماڵیی گرنگ و هەستیاری نەتەوەکەمانە، بایەخەکانی لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لەڕوداوەکانی، پڕن لەدەرس و پەند بۆ ئەمڕۆو بۆ ئاییندەی خەباتی میللەتەکان و ئەزمونی حوکمی خۆماڵیی، زیاتر لەوە ئەو مێژووە دووەم هەلی ڕەخساوی ناو سالانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بوو کە لەناو بارودۆخی نێودەولەتیدا خولقاو بوو بە دەرفەت و فرسەتێکی ئەوتۆ کە سەرەتای بەدەستهێنانی مافە مێژووییەکەی نەتەوەی کوردی لێوە ببینرێت...

لەبەرئەوانەو هەر لەسەرەتای ژیانی نوسین و لێکۆڵینەوەوە، بایەخێکی تایبەتیم بەڕووداوەکانی تەمەنی کەمتر لەیەك ساڵەی جەمهوریەتەکەو نزیك بەپێنج ساڵەی ئەزمونەکەی مەهاباد داوە. بۆ زیاتر لەسیی ساڵ دەچێت لەناو روداوو بووارو بابەتەکانی ئەم مێژووە باس و لێکۆڵینەوە بلاودەکەمەوە سیمینارو پەنێلم لەسەر گرتوە، بەرهەمو لێکۆڵینەوە بلاوکراوەکان، چ وەك کتێب و نامیلکەو چ وەك باس و بلاوکراوە لەرۆژنامەو گۆڤارو بلاوکراوەکانی کوردستان و دەرەوەی ولاتدا گەیشتونەتە سنورێك، کە کتێبخانەی کوردی و بواری کۆمارناسیی دەولەمەند بکەن.

بەتایبەتیی لەو سێ ئەزمونی ئەو سێ هەلە مێژوویەی لەسەدەی بیستەمدا خولقاو دووانیان، مەبەستم: حوکمداریی و مەلیکایەتیەکەی شێخ مەحمودی نەمرە لەباشوری کوردستان(1918–1924)، وەجەمهوریەتی کوردستانە لەناوچەی موکریان (1/22–12/17–1946)، لەگەڵ ئەزمونەکەی ئەم هەلە مێژووییەی ئێستا کەلەکوردستانی عیراقدا دەوامی هەیە، ئەو روداوانە سێ هەلی مێژوویی ناو زەمینەیەکی سیاسیی ئەوتۆن کە کۆمەڵێك هۆو هۆکاری پێکهێنانی هەر یەکەیان لەوانی تر دەچن، کێشەکانی سەردەمی ژیانی هەریەکەیان و نەمانیان... لەیەکچوونی زۆری تێدایە.. هۆو هەلومەرجەکانی ڕەخساندنی ئەزمونەکان.. ئاستی بارودۆخە سیاسیی و جیۆستراتیجی و ململانێ و ڕەوتی ڕووداوەکان.. فاکتەری گوشارو

کاریگەرییەکانی سەر ئاڵۆزیی و پیلانەکان.. ڕۆڵی زلهێزەکان و ناکۆکی و ململانێ لەسەر مەسەلە ئابوری و ناوچە جوگرافی و ستراتیجەکان.. هەڕەشەکانی ناوخۆو دەوروپشت و عامیلی زلهێزەکان و ڕۆڵیان لەناوچەکەدا. ئەوانە چەند هۆو فاکتەرێکی گرنگ و سەرەکین کەلەهەر سێ ڕووداوەکەدا بەجیاوازیی زەمین و زەمان و موعادەلە نێودەوڵەتییەکان زۆر هۆو عامیلی لەیەکچویان تێدایەو دەکرێ لێکۆڵینەوەی زۆریان لەسەر بکرێت.

میتۆدی نوسینی باس و لێکۆڵینەوەکان مەنهەجیی و پشت بەستووە بەرێبازی زانستیی لەلێکۆڵینەوەو توێژینەوەدا، زانستی و بابەتییە لەلێکدانەوەو شیکردنەوەکاندا... پشت بەستوون بەبەڵگەنامە ڕەسەنەکانی سەردەمی جەمهوریەت و هی ناو ئەرشیفەکانی دەوڵەتانی هاوپێوەندن بەئەزمونەکەو بەناکۆکی و ململانێ لەسەر ناوچەکەو لەسەردەمەکەدا...

لێکۆڵینەوەو توێژینەوەکانی دوو توێی ئەم بەرهەمەم کردووە بەیانزدە بەشەوە، بەپێشەکییەکی کورت و کردنەوەی دەروازەیەك دەستم پێکردووە کەلێوەی و بەکورتی و چڕی دەچینە ناو دنیای نوسین و لێکۆڵینەوەکان لەسەردەمە جیاجیاکاندا، بەڵگەنامەو سەرچاوە ڕەسەنەکان بۆ لێکۆڵینەوەکان.

بەشی یەکەم بۆ جۆری نوسینی مێژو بەرێگە زانست و بابەتیانەکەی تەرخان کراوە ... لەبەشی دووهەم-دا باس لەکۆمەڵگەی کوردەوارییە بەسەرنجێکی خێرا.

لەوێوە باس لەو جەنگ و پێکدادانانەیە کەلەکوردستانداو بۆ کوردستان کراون.. ئینجا هۆکارەکانی دەخرێنە بەر باس و شیکردنەوەکە چۆن بوونەتە هۆی ناسروشتیی گەشەکردنەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریی... دوا بەدوای ئەوەش روناکیی دەخرێتە سەر سیاسەتی دەوڵەتە داگیرکەرو ئیمپریالیستەکان.

بەشی سێهەم، لەسەر بزووتنەوەی کوردایەتییە کە چۆن لەسەردەمی هاتنی لەشکری سورەوە گەلێك هۆ یارمەتیدەر خولقاون و ڕاستەوخۆ کاری خۆیان لەسەر بەهێز بوونی بزوتنەوەی کوردایەتی کردووەو ئەمیش چۆن هۆیەکی زەمینە هەڵخەری دامەزراندنی جەمهوریەتی کوردستان بووە.

لەناویاندا تیشك دەخرێتە سەر هۆیە سەرەکییە دەرەکی و خۆییەکان.

لەبەشی چوارەم-دا باس لەکورتەیەك لەمێژویی بزوتنەوەی پێکهێنانی رێکخراوی سیاسیی و چالاکییەکانی هەر رێکخراوە دەکرێت، هەر لەکۆمەڵی ئیستخلاسی کوردستان و کۆمەڵی جیهاندانەوە تا حزبی ئازادیخوازانی کوردستان، کۆمەڵەی ژ.ك وەحزبی دیموکراتی کوردستان لەناویاندا باس لەبڵاوکراوەو چالاکی و ئامانجەکانی هەریەکە دەکرێت، بەبەراوردێك لەمەیدانی ئامانج و رێکخراوەیی، بەرنامە، سیاسەت و ستراتیجی هەریەکە لەم دوو رێکخراوە.

بەشی پێنجەم-یش سەرەتاکانی ژیانی سیاسی و چالاکی و پێوەندییەکانی کورد بەجیهانی دەوروپشتی دەخرێتە پێش چاو.. تا سەردانەکەی باکۆو سەرەتای وتووێژو هەڵوێستی سۆڤیەت و دوا بیروڕاکانیان و ئینجا سوربوونی کورد لەسەر وەرگرتنی مافی خۆی لەدامەزراندنی جەمهوریەتێکی خودموختار لەگەڵیاندا باس لەجۆری دامەزراندنی دام و دەزگاو وەزارتەکان دەکرێت.

روناکیی دەخرێتە سەر ناوی مێژوییی قەوارەکە بەناوە حکومەتیی و دەوڵەتییەکانەوە، لەگەڵیشیدا بەلێکۆڵینەوەیەکی پڕ لەبەڵگەو بەڵگەنامە ئەوە دەسەلمێنرێت کە قەوارەکە جەمهوریەتێکی خودموختار بووە نەك سەربەخۆ.

بەشی شەشەم بۆ توێژینەوەو هەڵسەنگاندنێکی چینایەتی و کۆمەڵایەتیی سەرکردایەتی حزبی دیموکرات و جەمهوریەتی کوردستان تەرخان کراوە، ئینجا روناکی دەخەینە سەر سروشت و خەسڵەتە تایبەتییەکانی جەمهوریەتی کوردستان..

بەشی حەوتەمیش تەرخانە بۆ تیشك خستنە سەر سەرەنجامی دامەزراندن و روخاندنی کۆمارە بەدەرخستنی قازانج و دەستکەوتەکانی جەمهوریەتی کوردستان.

لەبەشی هەشتەمیش دا گەلێك لێکۆڵینەوە لەسەر چەندین روداوو دیاردەی سەردەمەکە دەکرێت، باس لەناکۆکی و ململانێیەکان، ئاڵۆزییەکانی چواردەوری کۆمەڵگەی کوردەواریی، پیلانەکانی دوژمنان بەتایبەتی ئەرتەش، کەئەوەش بووە هۆی پێکهاتنی هەردوو کۆمار بەرێککەوتنێکی سیاسیی و سەربازی... ئینجا چۆن تاران هەوڵی لەیەك دابڕینی ئەو دوو کۆمارەی داوە، لەوێوە بۆ بەسەرچوونی سەردەمی روناکی قەوارەکەو دەرکەوتنی ناکۆکییەکان و بۆ رۆژو ساتەکانی دوایی و روداني کارەسات... گرتنی قازی محەمەد و هاورێکانی مەحکەمەکردن و حوکمی لەسێدارەدان و جۆری جێبەجێکردنی.

لەبەشی نۆهەمدا باس لەو هۆو فاکتەرانە دەکرێت کە جەمهوریەتی کوردستان-یان روخاند.. بۆچی وا ئاسان روخێنرا.. لەناویدا هۆیە خۆیی و دەرەکییەکان روناکیان دەخرێتە سەر.

دوابەدوای ئەوانەو لەبەشی دەهەمدا دەرس و پەندەکانی جەمهوریەتەکە لەدامەزراندن و روخاندن و سەرەنجامەکاندا دەخرێنە بەرچاو...

لەکۆتاییشدا لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل لەسەر ئەزمونەکەی مەهاباد کە تەمەن پێنج ساڵ و جەمهوریەتەکەی کوردستان کە نزیك بەساڵێکی خایاند، بەسەر باسی تێروانینێکی سەردەم لەجەمهوریەتەکەی کوردستان دەخرێتە بەر دیدی خوێنەر.

دەبو ئەم بەرهەمە گەلێ پاشکۆ بگرێتە خۆی، بەتایبەتی پاشکۆی ناو، زۆر لەبەڵگەنامەکانی سەردەمەکەی لەگەڵ بووایە، گەلێك نەخشەو وێنەی جۆراو جۆری بگرتایەتە خۆی، بەلام نەبوونی کات و گەورەبوونی بەرهەمەکە دوو هۆی سەرەکین لەبەدینەهێنانی ئەو خواستانە.

سلێمانی

ئایاری *2001*

دەروازەیەك

یەکەم کتێبێك کەلەلایەن کوردێکەوە لەسەر جەمهورییەتی کوردستان نووسرابێت لەساڵی نوسین و سەردەمی لەچاپدان و بڵاوکردنەوەشی، کۆماری میللی مەهاباد بوو.

سەرەتای لەدایکبوونی (ئەو کتێبە) ئەپریلی ساڵی (*1971*) بوو، لەم ساڵەداو دوایتریش لەساڵی (*1979*)دا، دوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران و رەخساندنی زەمینەی بوژاندنەوەی کوردایەتیی، دوو تەقەللا بۆ لەچاپدانی ئەو بەرهەمە بێئەنجام بوون. کەلەساڵی (*1984*)یشدا هەوڵمدا ئەو دەستنووسە بگەیەنرێتە دەستم بۆ سوید، تالەوێ بەچاپی بگەیەنم، ئەمجارەیان رێگاوبان بووە کۆسپ، ئیتر "یەکێتی نوسەرانی کوردستان" هەر لەساڵی *1984*دا بەچاپکردن و بڵاوکردنەوەی هەستاو نوسخەیەکیشان گەیاندە دەستم. لەسویدیش بەبێ‌دەستکاریی، جگە لەزیادکردنی پێشەکییەکی کورت بۆی، سەرلەنوێ چاپ و بڵاومکردەوە. تا ئەو کاتانەو تێپەڕبوونی نزیکەی چواردەساڵیش بەسەر نووسینی ئەو بەرهەمەداو تا ساڵی "یەکەم چاپکردنیشی". ئەوە یەکەم کتێب بوو کەمێژوونووسێکی کورد لەسەر جەمهوریەتی کوردستان نووسیبێتی و بڵاوکرابێتەوە. دووەم کتێبیش بوو لەدوای دانراوەکەی (ولیام ئیگلتن) بەناوی "کۆماری کورد *1946*" بەزمانی ئینگلیزیی، لەلەندەن لەساڵی *1963*دا بڵاویکردەوە.

گرنگیی مێژوویی و سەنگی بابەتییانەی لێکۆڵینەوە سیاسییەکەی ئەو بەرهەمە هەر لەوەدا نەبوو، بەڵکو لە بایەخپێدانی مێژونووس و نووسەرانی رووداوەکانی سەردەمەکەش‌دا دەرکەوت کەدیارە ئەویش بەهۆی رێبازە زانستیی و بابەتیانەکەیەوە بوو، بۆ نموونە د. عەبدولڕەحمان قاسملو لەنووسینی (چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادیدا) ئەو بەرهەمەی وەك تاکە سەرچاوە بەزمانی کوردیی وەرگرتووە، لەگەڵ (دوو) نووسینی خۆی و (سێ)ی حزبی دیموکرات و رۆژنامەو گۆڤارەکانی سەردەمەکەو سەرچاوەی بیانیی کەسەرجەمیان (*10*) سەرچاوە بوون*.

---

* ئەوەی جێگەی سەرنجە ح.د.ك–ا دووەم چاپی کتێبەکەی قاسملۆی بڵاوکردەوە بەبێ ئەوەی لەنووسینی سەرچاوەکاندا، وەك چاپەکەی یەکەم... ناوی ئەو کتێبەی منیان نووسیبێت.

دیسان نرخاندنی ئەو کتێبە لەنامەکەی زانای هەڵکەوتووی کورد دوکتۆر کەمال مەزهەردا دەردەکەوێ. کاتێك بۆ هەوڵی لەچاپدانی، بەرهەمەکەم خستە بەردەستی، تا لەرێنمایی و بۆچوونەکانی ئاگادارم بکات، ئەویش بەنامەیەك وەڵامی داواکەمی دایەوە کەلێرەدا، ئەو بەشەی پێوەندیی بەو بۆچوونەوە هەیە دەخەمە پێش چاوی خوێنەری ئازیز:

پوختەی نامەکەی دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد:

بەڕێزکاك مەحمود

دوای سڵاوی زۆرم

دەبو لەدەمێکەوە وەڵامی نامەکەت بدەمەوە، هەندێك کاری تایبەتی‌ی خۆم بووە هۆی دواکەوتنم، داوای لێبووردنت لێدەکەم.

بەوردی بەرهەمەکەتم خوێندەوە. سوپاسی بڕوات دەکەم کەدەتەوێت بیری من بەرامبەری بزانیت.

وابەکورتی ئەو لایانانەی بەیادما هاتون دەیانخەمە بەرچاوت. هیوادارم سودیان هەبێت.

–بەر لەهەموو شت پیرۆزبابیت لێدەکەم، بێگومان خۆت هیلاك کردووەو دڵسۆزانە ویستوتە بەرهەمێکی پڕ کەڵك بخەیتە بەردەم خوێندەواری کورد. ڕێبازی زانستی لەنوسینەکەتدا ئاشکرا خۆی نیشان داوە، هەرچەندە لایەنی تیۆری زۆر زاڵەو ئەوە جاروبار لەزەمینەی واقیع دوری خستویتەوە. دێمەوە سەر ئەم باسە. ئەو فەسڵەی بۆ باسی مێژوت تەرخان کردووە بۆ کورد پێویستە چونکە تائیستە مێژوو لای ئێمە بەر لەهەمو شت پیاهەڵدان و دەربڕینی هەستی رووتە. لەچەند شوێنێکدا دەکومێنت و بەڵگەی چاکت هێناوەتەوە کەسەرچاوەی ڕەسەنن بۆ لێکدانەوەی بەسەرهاتەکانی مەهاباد. زۆر چاکیشە کە دەستکاری‌ی ناوەڕۆك و شێوازی نوسینیانت نەکردووەو وەك خۆیان نوسیوتنەوە.

–لەڕووی زمانەوە بەرهەمەکەت بەکوردی‌یەکی پاراوو ناسك و سادە نوسراوەتەوە کەهەمویان مەرجی پێویستە بۆ نوسینی سەرکەوتو. لەگەڵ ئەوەش چەند

تێبینی یەکم هەیە نمونەیانت دەخەمە بەرچاو، دیارە خۆت بڕیار دەدەیت پەسەندن یا نا...

دوای تێبینییەکان دکتۆر کەمال مەزهەر نامەکەی بەمجۆرە کۆتایی پێدەهێنێت:

-هیوادارم لەڕەقابە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی کتێبەکەت بدەن، هەر لەبەرئەوەش من وای بەباش دەزانم چەند ناوێکی ناوی لابەریت. ئەگەر هاتو ڕێگەی چاپ دانی درا ئەوا بەهیچ جۆرێك لە *10* هەزار کەمتری لێ چاپ مەکە، چونکە کتێبەکە دەفرۆشرێت و زۆریشی دەگاتە ئەودیو. کۆتایی دیسان پڕ بەدڵ و گەرم پیرۆزباییت لێدەکەم. هیوادارم ئەم کارەت سەرەتای زنجیرەیەك کاری تری مێژویی بێت کەئیمڕۆ و هەموکات بۆ گەلی کورد خزمەتێکی گەورەیە.

خۆشی و سەرکەوتنت. لەگەڵ ڕێزم
کەمال
1979-6-10

ساڵی پار کەبرایانی دەزگای سەردەم داوایان لێمکرد کە ئەو بەرهەمە چاپبکرێتەوە، ئەوە داوای برایانی تری ڕێبازیی کۆمارناسیی وەبیرهێنامەوە کە دەمێ ساڵ بوو ئەوبیرەیان لام کردبوو بە پرۆژەیەك، بەڵام بەدەستکارییکردن. بە پێی ئەو لێکۆڵینەوەو زانیارییانەی لەماوەی ئەو (30)ساڵەی بەسەر نوسینی بەرهەمەکەدا تێپەڕبوبو،بووە کۆسپی بەردەم بەئەنجامگەیاندنی پرۆژەکە چونکە دەمزانیی کە وەختێکی زۆری دەوێت بەڵام کە بیرم لەهاتنەوەی یەکجاریی کردەوە، حسابی ئەوەم کرد کە وەختێکی زۆرم بەدەستەوەیە، بۆیە کەوتمە سەروکاری پێداچوونەوە. لەخوێندنەوەو پێداچوونەوەو شەن‌و کەوکردن‌و زیادوکەمکردنی باسەکان، کەدەمویست لەسنورێکی تەسکدا بێت. کەوتمە ناو دیاردەیەکی نوێوە، دیاردەی لێکۆڵینەوەیەکی نوێ.

ڕێبازو میتۆدی ئەم بەرهەمە، هەمان میتۆدی لێکۆڵینەوە مێژوویی‌و سیاسییەکەی کۆماری میللی مەهابادە..دیسان بۆ داڕشتنی قەوارەی باسەکان، گەلێك ئاڵوگۆڕو زیادکردنێکی ئەوتۆی تیاکرا، تا ئەو ئاستەی ببێتە بەرهەمێکی نوێ‌و ببێتە ئەو بەرهەمەی کە هەم لە ڕووی ناوو هەم لە ڕووی ناوەڕۆکەوە سەنگین‌و فراوان‌و فرە باس بێت، وەهەم بژاری پەڵەبکرێت، هەڵەو کەبەهۆی کەمیی زانیاریی‌و نەبوونی سەرچاوە ڕەسەنەکان لەو ماوانەدا کەبەرهەمەکەی تێدا نوسرا ڕویاندابوو...بۆ نمونە بەهۆی ئەو زانیاریانەوە کە لەم ساڵانەی دواییدا کەوتونەتە بەردەست‌و هەڵوێستی خراپی بێ گریێ‌وگۆڵی یەکێتی سۆڤیەت‌و لێپرسراوەکانیان دەردەخەن، کەلەوەوبەر ئەو هەڵوێستانە تەمومژیان لەسەر بوو، بۆیە پاساو بۆ هەڵەکانیان هێنرابووە، یان وەك پێویست‌و لەبەر هۆ سیاسییەکان چاویان لێدەپۆشرا.. کۆماری میللی مەهابادیش لەو دیاردەیە بێبەش نەبوو، هەرچەند لایەنێکی ڕەخنەگرانەی زەقیشی لەخۆگرتبوو.

لەسەرچاوە ڕەسەنەکانی سەردەمەکە کەکەوتونەتە بەردەستم‌و بوونەتە هەوێنی ئەم بەرهەمە نوێیە:

یەکەم: *ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکراوەی حزبی دیموکراتی کوردستان‌و زمانحاڵی جەمهوریەتی کوردستان: (66) ژمارە.

*گۆڤاری کوردستان، گۆڤاری بیری حزبی دیموکراتی کوردستان (4) ژمارە.
*گۆڤاری هەلاّلە: (4) ژمارە.
*گۆڤاری گروگالّی مندالاّنی کورد (4) ژمارە.
*گۆڤاری نیشتمان، گۆڤاری کۆمەڵەی ژ.ك (9) ژمارە لەگەڵ یەك رۆژژمێر.
*گەلێك بلاّوکراوەی سەردەمەکە وەك: هەڵەکۆك، بەیان...هتد.

دووەم: *(557)بەڵگەنامەی لێپرسراوانی کۆمار لەوانە: (4) نامەی پێشەوا قازی محەمەد، نامەکانی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی دیموکراتی کوردستان، پرۆتۆکۆلی ئەنجومەن (مجلس)ی ئەفسەرانی هێزی دیموکراتی کوردستان، بڕیارو نامەکانی وەزارەتو سەرۆکی ستادو فەرماندەو سەرلکی هێزەکان، جگە لەو دۆکومینتو بەڵگانەی پەیوەندییان بەتۆماری نامەی هاتوو رویشتوو، ئازوقەو چەكو تەقەمەنیی تەسلیم کردن...تاد (7) نامەی سەیفی قازی، سەدان نامەی جەنراڵ حەمەرەشیدخانی بانە، (3) نامەی جەنراڵ بارزانی، (5) نامەی جەنراڵ عومەر خانی شەریفی، نامەی گەلێك لێپرسراوی تری وەك: محەمەدی نانەوازادە، جەعفەری کەریمی، عەبدولڕەحمان زەبیحی، مەنافی کەریمی، ئەحمەی ئیلاهی، محەمەد قودسی، مستەفا خۆشناو، میرحاج، رەئیس بەکر عەبدولکەریم حەوێزی، وەهاب ئاغای جوندیانی، ئەحمەد خانی فاروقی، هاشمی خەلیل زادە، نوری ئەحمەدی تەها، عەلی بەگ شێرزاد، حەمەئەمین خانی قادرخان زادە، مەجیدخانی حەمەرەشید خانو مرادی.. تاد)هەموو ئەمانەم لەئازاری 1973دا لەحەمەرەشیدخان وەرگرتو لە(3) بەرگی (دەوڵەتی جمهوری کوردستان) لەسالاّنی (1992)،(1995)، (1997 دا لەسوید بەچاپم گەیاندنو ئێستاش بەرگی چوارەمم بەدەستەوەیە کەگەلێك بەڵگەنامەیتر دەگرێتەخۆی، لەناو ئەو نامانەدا ژمارەیەکیانم لەبرایانی هاوکاری ئەم مەیدانەم وەرگرت وەك لەشوێنی خۆیاندا ئاماژەم بۆ کردون.

لەو ماوانەی دوای نوسینی کۆماری میللی مەهاباد، جگە لەبەچاپگەیاندنی سێ بەرگەکەی دەوڵەتی جمهوریی کوردستان، کەتا ئەو کاتە بۆ یەکەم جارە لەمێژووی سیاسیی و ئەرشیفی نەتەوەیی کورددا کارێکی وا گرنگو هەستیار بکرێو ژمارەیەکی وا زۆر لەبەڵگەنامەی سەردەمەکە، بەو جۆرە بخرێنە بەردەست

مێژونوس‌و نوسەران. زیاتر لەوانە گەلێ لێکۆڵینەوەو نووسینی مێژوویی‌و سیاسیم لەسەر ئەزمونەکەی مەهابادو کۆمارەکە لەگۆڤارو رۆژنامەکانی ناوەوەو دەرەوەی وڵات بڵاوکردۆتەوە کەبەگشتیی دەبنە بەشێکی گرنگ لەدەوڵەمەندکردنی بەرهەمە نوێیەکە، بۆ زیاتر سوود وەرگرتنیش لێیان، هەریەکە بەپێی دابەشبوونی بەشەکان‌و بابەتی هەربەشە، خراونەتە تەك ئەم چاپە.

سێیەم: لەم دەپانزە ساڵەی رابردوودا گەلێ خوێندکاری کورد لەدەرەوەی وڵات تێزی دوکتۆراو ماستەرەکانیان لەسەر کۆماری مەهاباد بڵاوکردەوە، گەلێ مێژوونوس‌و نوسەرانی‌تر چەندین باس‌و لێکۆڵینەوەی نوێیان لەسەر هەندێ لایەنی‌تری کۆمار بەچاپ گەیاند، لەوڵاتیش ژمارەیەك لەخوێندکار لەزانکۆی سلێمانی‌و سەلاحەددین بۆ خوێندنی باڵا لەگەڵ لایەنەکانی رۆژنامەو رۆژنامەنووسی‌و شیعرو شاعیران‌و بابەتی‌تر خەریکن. ئەوانەش هەموو گرنگییەکی‌تر دەدەن بەبواری زانستیانە لەنووسینی مێژووی جەمهوریەتی کوردستان کەچەند لایەنێکی‌تری نادیار دەخەنە بەرباس‌و توێژینەوەو ساغکردنەوە.. سوود وەرگرتن لەبەشێکی ئەوانە بەم بەرهەمە نوێیەوە دەردەکەوێت.

چوارەم: لەناو ئەرشیفەکانی دەوڵەتانی هاوپێوەند بەهەرێمەکەو بەو ئەزموونەی مەهابادەوە، زۆر نامەو بروسکەو گەلێ دۆکومێنتی گرنگ هەن، کەتائێستا هەندێکیان نەخراونەتە بەردەست، لەو ئەرشیفانەدا گەلێ هەوڵی دیپلۆماسییانەی ژمارەیەك لەسیاسییەکانی کورد لەگەڵ لێپرسراوانی زلهێزەکان دەکەونە بەرچاو کەبایەخێکی زۆری مێژوییان هەیەو رووناکیی دەخەنە سەر ئەم لایەنەی پەیوەندییەکانی کورد بەدەرەوە.

لەناو ئەوانەشدا فیلمێك لەسەر یەکێك لەسەردانەکانی پێشەوا بۆ تەورێز دەرکەوتووە کەلەگەڵ جعفر پێشەوەریدا مارشی سەربازیی بەبەردەمیاندا گوزەر دەکات‌و ئەمانیش سەلامیی سەربازییان بۆ دەکەن. دیسان بەشێ لەوانەش وەك سەرچاوە بۆ ئەم چاپە نوێیە سوودیان لێوەرگیراوە.

پێنجەم: هەر لەو ساڵانەدا گەلێ بیرەوەریی و یادداشتی لێپرسراو یان هاوڕێیانی کۆمار بڵاوکراونەتەوە، یەکێك لەوانە (بەسەرهاتی کورد)ە، کەمیرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی نووسیویێتی و لەم دواییەدا لەدوو بەرگدا چاپ و بڵاوکرایەوە..کەگەلێك لایەنی نادیارو شاراوە لەبەسەرهاتەکانی سەردەمەکە باسدەکات و گرنگییەکی مێژوویی زۆری هەیە. دیسان ساڵێك بوو کورد ئازاد ئەژیا-ی عولە، گەلێ دیدەنی هەندێ لێپرسراوانی وەك مەلا قادری مودەریسی، سدیق حەیدەری، نووسینەکانی عەبدولقادری دەباغی..تاد.

شەشەم: دۆکومێنتێکی تری گرنگ کەلەم ساڵانەی دواییدا کەوتۆتە بەردەست، بڵاوکردنەوەی وەسیەتنامەکەی پێشەوایە، کەڕاستەوخۆ پێش لەسێدارەدانی نووسراوەو دەقەکەی لەگۆڤاری مامۆستای کورد ژمارە *24*و *25*ی ساڵی *1995*دا بڵاوکراوەتەوەو لەشوێنێکی تردا، وەك خۆی دەیخەینە پێش چاو. دیسان گەلێك زانیاریی لەسەر جۆری روخانی کۆمارەکە، گرتنی قازیەکان و دادگایی کردنیان و لەسێدارەدانیان کەوتونەتە بەردەست.

حەوتەم: لەساڵانی ژیانی نەفیگەدا، لەگەڵ گەلێك نوسەرو مێژوونوس و خەمخۆرانی زیندووکردنەوەی مێژووی مەهابادو نوسەراندا، بوین بەدۆست و هاوکارو گۆڕینەوەی بیروڕاو بەڵگەنامە لەو مەیدانەدا بەتایبەتی: برایان: دوکتور ئەمیری حەسەنپوور ، سەلاحوددینی موهتەدی، مامۆستا شێخ عزەدینی حوسەینی، حەسەنی قازی، د. عەبباس وەلی، د. جەعفەری حەسەنپوور، کەریمی دانشیار، جگە لەدیدەنیی ژمارەیەك لەهاوڕێیاوانی کۆمار وەك: مامۆستا مەلا رەحیمی عەبباسی، میرزا عەلی خوسرەویی کەگەلێ لەباس و خواسەکانی رووداوەکانیان روونکردەوە.

هاوینی ساڵی پار دوای روناکیی بینینی (کاروانی بێ کۆتایی)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لەڕێگەی دۆست و برایانی ئازیزم کاك شێرکۆ بێکەس و کاك رەئوف بێگەردو کاك دڵشاد عەبدوڵلا بیری لەچاپدانەوەی کۆماری میللی مەهاباد-یان لام بوژاندەوە، لەڕاستیدا ئەوە هاندەرم بوو کەدەست بەو کارە بکەم و لەویشەوە هەر ئەوەبوو بەهۆی خولقانی بیری بەرهەمێکی نوێ، کەلام وایە بەو ناوەڕۆکە دەوڵەمەندو

زانيارييه نوێيانەو لێكۆڵينەوە پشت بەستووە بەبەڵگەنامەی رەسەن، جێگەی رەزامەندیی كۆمارناس و خوێنەران بێت و ئەرشیفی جەمهوریەتی كوردستان و كتێبخانەی كوردیی پێدەوڵەمەندتر بێت، بۆیە دەبێت پێشەكی سوپاسی ئەوان و هەموو دڵسۆزانەی تر بكەم كەكەم و زۆر یارمەتیدەری رووناكیی بینینی ئەم چاپەی جەمهوریەتی كوردستان بوون، بە تایبەتی بە ئینگلیزییكردنی پێشەكیەكە لەلایەن م.فازل حسێن محەمەد بۆ بە عەرەبیكردنی م. مستەفا ساڵح كەریم و كاك دارا فەرەج، مامۆستا قادر میرخان بە نەخشەسازی بەرگ كەكاتی خۆی بۆ كاروانی بێكۆتایش هەمان ئەركی گرتە ئەستۆی خۆی، لەكۆمپیوتەركردنی باسەكان خوشك وبرایان (تارا رەئووف) لەمۆنتاجكردنی (شیروان عزەت) و(سەیران عبدولڕەحمان) و لەئامادەكردنی بۆ چاپ (شیروان تۆفیق) لەپێداچونەوەشدا بۆ هەڵەبڕیی و رێكخستنی سەرباسەكان پێشڕەو ئەحمەد، بەختیار مەلا عزەت.

* *

*

بەشی یەکەم

نوسینی مێژوی جەمهوریەتی کوردستان

نوسین و نوسینەوەی مێژوی کورد بەگشتیی و مێژوی ئەزمونەکەی مەهاباد بەتایبەتیی، لێکۆڵینەوە لەهەر روداوێك و توێژینەوەی لایەنە جیاجیاکانی، بوژاندنەوەی سامانی نەتەوەو دەرخستنی رووی گەشی جوڵانەوەو راپەڕین و شۆڕشەکان، یەکالاکردنەوەی سیاسەت و جۆری مامەڵەی سەرکردەو سەرکردایەتییەکان لەپلەو قۆناغە جۆربەجۆرەکاندا، دەستنیشانکردنی هۆو فاکتەری نوشستیی و شکستییەکان و سەرەنجامی بزوتنەوەی چەکداریی و راپەرینەکان، ئاشکراو تۆمارکردنی هەڵەو لادان و چەوتییەکان، روناکیی خستنەسەر لێپرسراوەتیی لە سەرنەکەوتن و نەهامەتییەکان و مانەوەی بارودۆخەکان وەك خۆیان، دووبارەبونەوەی هەڵەو کارەساتەکان، بەهۆی تێنەگەیشتن لەهەلومەرج و هۆو زەمینەی نەرەخسیو و کامڵنەبونیان و نوقسانیی مەرجەکانی سەرکەوتن، نرخاندن و هەڵسەندگاندنی دروست و زانستییانەی ئەو لایەنانە، کارێکی ئاسایی و هێندە ئاسان نین، بەتایبەتی لەگرتنەبەری رێبازی زانستییانەو میتودی بابەتییانەو لەبار.

لەنووسینی سەرکەوتوانەی مێژودا نەشیاوو نەگونجاوە جڵەو بۆ سۆزو عاتیفەی بێبناغە شل بکرێ و حەزو ئارەزوی نوسەر چیی گەرەك بێت ئەوە بخرێتە سەرکاغەزو تۆمار بکرێت، دەبێت و پێویستە لەسەر مێژونوس کەلایەنە هەمەجۆرەکانی روداو لەدوای روداو بەسەر بکاتەوەو لەگەڵیدا راست و دروست لەهەڵەو چەوتیی کەم و کورتیی و نادروست لەدژەکانیان، بەرپرسیارییەکان، لەیەك جیابکرێنەوەو روناکیی بخرێتەسەر یەك بەیەکیان.. سەنگ و پێوانەکانی نرخاندن بەپێی زەمان و زەمین و بارودۆخ و هەلومەرجەکانی هەرپلەو قۆناغە بن، روداوەکان وێنەگیربکرێن و بەپێی جیاوازییە جۆراوجۆرەکانی سەردەمەکان، هەڵسەنگاندنەکان بکرێن و حوکم و بڕیاری ئەنجامگیر هەڵبهێنجرێن.. چونکە هەر بەم شێوانە دەتوانین روداوەکان وەك روویان داوە، نەك وەك دەخوازین، تۆمار بکەین، مێژوییەکی بێ درۆو دەلەسە بخەینە بەردەست نەوەکان تا رابردووی میللەتەکەیان لەبەرچاو بێت و بزانین چۆن و بەپێی چ رێبازێك لەناو هەڵبەزو دابەزینەکاندا گەیشتوونە سەردەمی حازر، چۆن گەشەکردنە هەمەلایەنەکان بوون و هۆی پەککەوتن و ئاڵۆزیی و شێواندنەکان چیبون.. بەو رێبازو لەناو ئەو تێگەیشتنانەو بەمیتودە زانستیانەکەی نوسینی مێژووەوە دەتوانین مێژوی نەتەوە بنوسین بەو جۆرەی کەبووە، هەر بەو جۆرەش دەتوانرێت لەرابردووی خۆمان

بگەین و نەوەکانی گەلەکەمانی پێ هۆشیار بکەین، بەو حاڵیبونەش لەرابوردوو، دەتوانین ئێستاو ڕێبازی سەرکەوتن و پاشەڕۆژی خۆمان ببینین. هەر بەو جۆرانەش نەوەکانی نەتەوە هۆشمەندو وشیار دەکەین، لەو ئاستەشدا دەتوانرێت سوود لەرابردوو، بەهەڵهێجانی دەرس و پەندەکان، وەربگیرێت و بیانکەینە ڕێنمایی ڕێبازی شارستانی و بەرەوپێشکەوتن بەخۆلادان لەدووبارەکردنەوەی هەڵەو لادان و نوشستییەکان، ئەو دووبارەو چەند بارەبوونەوانەی جۆرێك لەبۆچوونی نامۆی لای گەلێك کەس خوڵقاندووە کەگوایا، ئەوە مێژووە خۆی دووبارە دەکاتەوە، نەك هەڵەو لادانەکان کەنەهامەتی و کارەساتەکان دەخوڵقێننەوەو جارێکی‌تر دروشم و داواو ئامانجە بەدینەهێنراوەکان دووبارە دەکرێنەوەو ڕۆڵەکانی گەل و بزوتنەوەی نیشتمانیی ناچار دەکەن بەهەمان دروشم و داخوازییەوە، زۆرجار لەناو هەمان ڕێبازو بەهەمان هەڵەو تێنەگەیشتنەوە کاروانی خەبات دەست پێبکەنەوەو سەرلەنوێ بگەنەوە هەمان مەڵبەندی رابوردوو.

کاری گەورەو ئەرکی هەستیاری مێژونوس و زانایانی مێژوو ئەوەیە کەشان بەشانی روناکی خستنەسەر روداوەکان، بەتایبەتی ئەو لایەنانەی کەجێگەی شانازیی ڕۆڵەکانی گەلەکەمانن، کەموکورتیی و هەڵەکانیش وەك خۆیان بەدەرخستنی هۆو فاکتەرە خوڵقێنەرەکانیان، دەربخرێن، لەوەشدا دەبێت سەنگ و پێوانەکان بەپێی زەمان و زەمین بێت، ناکرێت بەپێی هەلومەرجی رەخسیوی ئەمڕۆو سەنگ و مەحەکی سەردەم حوکم بەسەر رابوردا بدرێت، کەسەردەمەکانیان دورو جیاوازبن و، خاوەنی فاکتەری هاوبەش نەبن و هۆیە تایبەتییەکان هاو ئاستی یەکتر نەبن، پێویستە واقیعبینیانە تابلۆی روداوەکان ببینرێن و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت، سۆزو خۆشەویستیی بێ‌بناغەو ناڕیالیستانە کار نەکەنەسەر شێوە زانستیانەکەی نوسین، هەست و نەستی نابابەتیی و نازانستیی، بیری زانستییانە نەشێوێنن.. هەیە وا لێکدەداتەوە کەنوسینی لەو بابەتە کەمکردنەوەی ڕۆڵی جەماوەرو ئەم سەرکردەو ئەو سەرکردەیە، کەمکردنەوەی لایەنی گەشی شانازییەکانە، گەرەکییانە چاو لەهەڵەو پەڵەو لادانەکان بپۆشرێت، خوازیارن چاك و خراپ، راستیی و چەوتیی، قازانج و زیان، هۆو فاکتەرەکانی شکستیی و سەرکەوتن، پێشکەوتن و دواکەوتن، تێکەڵبکرێن و لێکجیانەکرێنەوە، بەو لێکدانەوەیەی کەرابوردوومان هەمو شانازیی و گەش و رەزمەند

بووە. بەو مانایەی کە دەرخستنی هەڵەو کەموکورتییەکان شورەیی‌و نزمییە بۆ نەتەوەو مێژووەکەی.

لەباری راست‌و دروستیشدا ئەو جۆرە داواو بۆچونانە دەبنەهۆی شێواندن‌و شاردنەوەی راستیی‌و دوورکەوتنەوە لەرێبازی زانستیی، ئەوانە مایەی چەواشەکردن‌و شێواندنن، دەرگا داخستنە لەنەوەی نویێ‌و تازەپێگەیشتوەکان کەلەڕابوردوی خۆیان‌و گەلەکەیان نەگەن، بەمێژوی نیشتمانەکەیان نامۆبن، کەڵك لەئەزموون‌و پەندەکانی وەرنەگرن، لەرابوردوی باووباپیرانیان دابڕێن، بەمەش نەتوانن دەرس‌و پەندەکانی ئەو رابوردووە بکەنە سەرمەشقی رێبازی نوێی زانستیانەو داهاتووی کوردایەتیی.

وەکو هەموو لایەکیشمان دەزانین نوسینی مێژوو بەو شێوەیەو لەو رێبازەداو لەناو ئەو بازنە سنووردارەدا، کارێکی ئاسان نییە، پێڕەوکردنی رێبازو پرنسیپە زانستیی‌و گونجاوەکان لەگەڵ بەرنامەیەکی بابەتییدا، پەنا بردنەبەر سەرچاوە رەسەنەکان‌و بەڵگەنامەو سەنەدەکانی سەردەمی باسەکە، کاری لێکۆڵینەوە ئاسان‌و بێ کۆسپ‌و تەگەرە دەکەن، تابتوانین هەوڵبدەین کە ئەو سامانە مێژووییەمان، ئەوەی ماوە، بەدوویدا بگەڕێین‌و بیانپارێزین. چونکە زۆرمان لەناو چووە، نەك هەر لەپارچە داگیرکراوەکاندا بگرە لەم بەشە نیمچە ئازادەشدا، چونکە شوێنەواری داگیرکردن‌و چەوساندنەوە، ماف زەوتکردن‌و سەپاندنی یاسایەك کەدژ بەویست‌و ئارەزوومان بێت، سامانی نەتەوەی شێواندوەو زۆر کەممان بۆ ماوەتەوە، خۆشمان رۆڵی پۆسەتیف‌و ئەکتیڤانەمان کەمبووە یان زۆر کەم‌و لەجێگەی نەبووان بووە. بۆیە سەرچاوەکان کەم‌و هەندێ جار دەگمەنن، جاری واش هەیە خۆمان هیلاك نەکردووە تا دەستمان بگاتە ئەوانەی ماون*.

ئەوەی لەهەمووی نامۆترە، ئەو دیاردانە مێژووی نوێ‌و سەردەمەکەشمان دەگەڕێتەوە، بەمێژوی جەمهوریەتی کوردستانیشەوە، هەرچەند لەم ساڵانەی دواییدا

---

* هەر لەبەر هەستیاریی‌و رۆڵی مەزنی ئەرشیف، لەهاوینی 1997دا بەیارمەتی‌و پشتگیریی سەرۆکی هەرێمی کوردستان‌و سەرەك وەزیران ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان-مان دامەزراندو بۆ یەکەم جار لەمێژووی نەتەوەی کوردا، ئەرشیفێکی نەتەوەیی لەو جۆرە بکرێتەوە. کە بەڵگەنامەی جۆر بەجۆری هەموو سەردەم‌و سەرجەمی بوارەکانی ژیانی سیاسیی‌و حکومەتیی‌و فەرهەنگی‌و ئەدەبیی نەتەوەکەمان بگرێتەوە...

بەدەستپێشخەریی خەڵکی بیانیی نەک خۆمـان، گـەلێك لـەبڵاوکراوەکانی سـەردەمی کۆمار کەوتنە بەردەستمان وەك لەپێشەوە ئاماژەم بۆ کردوون، بەتایبەتی رۆژنامەو گۆڤارەکـان. کـە لەئەرشـیفەکانی لـەندەن‌و کتێبخانـەی کۆنگـرە لەواشـنتۆن‌و ئـەو ژمارانـەی رۆژنامـەی کوردستان کەلەئەرشیفی (سەوەن)دایە لەلەندەن کەکاتی خـۆی کۆنسـوڵی ئینگلـیز، دیـارە هـەر لەسـەردەمەکەدا، دوابـەدوای یـەك (30) ژمـارە لـەو رۆژنامەیە دەنێرێت بۆ (دەنگی گێتی تازە) ئەو گۆڤارەی کەئینگلیزەکان، بۆ زیاتر پروپاگەندەی خۆیان لەعیراق، بڵاویان دەکردەوە، دوای سود وەرگرتن دەنێردران بۆ لـەندەن. بـەو جـۆرە ئـەو ژمارانـەمان بـۆ پـارێزراو کۆپییـەکانی کەوتنـە دەسـت ئێمەومانان... رەنگە ئەو ژمارانەش کەلەکتێبخانـەی کۆنگرەدا لەواشنتۆن هـەن، هـەر بەشێوەیەکی لەو بابەتە گەیشتبنە ئـەو کتێبخانەیـە کەژمارەکـەی ودك لـەبیرم مابێ زیـاتر لـە(20) دانەیـە*. کـاتی خـۆی دوکتـور ئـەمیری حەسـەنپوور لەسـەر میکرۆفیلـم دانەیەکی بۆ سوید بۆ ناردم.

مێژوی ئەزمونەکەی مەهاباد، کەدەڵێم ئەزمونەکەی مەهاباد، مەبەستم لـەو کەش‌و ئاووهـەوا نیمچـە ئازادەیـە کـەدوای ئـەوەی لەشـکری سـوری سـوڤیەت ناوچـەکانی سەروی ئێرانی داگیرکرد، بەهـەندێ ناوچـەی کوردستانیشـەوە، بەتایبـەتیی موکریـان کـە تادامـەزراندنی کۆمـار، چـوار ساڵ‌و بەتەمـەنی کۆماریشـەوە نزیکـەی پێنـج سـاڵی خایاند. ئیتر دوای ماوەیەکی کەم لەبوژانەوەی بیری ئازادیی‌و جوڵـەی رۆشنبیران بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد، کۆمەڵەی (ژ.ك) دامەزراو کەوتە چالاکیی‌و پێوەندیی‌و گۆڤـارو بـەیان دەکـردن‌و ، دوایيـتر لەجێگـەی ژ.ك، حزبـی دیموکراتـی کوردسـتان دامەزرێنراو، زۆری نەبرد، جەمهوریەتی کوردستان بەوەڵەدبوو ، کـەمتر لەساڵێك ژیا (22-1 تا 17-12-194)و لـەدواییداو بـۆ جـارێکیتر ئـەو بەشـە داگیرکرایـەوە.. جـا مەبەسـتم لەئەزمونەکـەی مـەهاباد سـەرجەمی ئـەو رۆژگارەیـە کەدەکەوێتـە نێـوان دامەزراندنی ژ.ك و روخاندنی جەمهوریـەتی کوردسـتان.. چونکـە باسـکردن لـەمێژوی کۆمـار نوقسـان‌و نـا کـامڵ دەردەچێـت ئەگـەر پێشـەکیی لـەو رووداوە گرنگانـەی

---

* زۆر جار چ کۆمارو چ زاراوەی ئەزمون لەگەڵ مەهاباددا بەکاردەهێنم‌وهەندێ کـەس نـارەزایی دەردەبڕن، ئەو بەکارهێنان‌و بۆچونەکەی من لەوەوەیە کە مەهاباد دڵی موکریان‌و لەو سەروبەندەشدا دڵی کوردستانی رۆژهەڵات بوو، بیروچالاکیی‌و کارو ئەرکەکانیشی، لەرووە سەرەکییەکانییەوە، هەر لەو دڵەوە بوو.

کەزەمینەی لەدایکبوونی کۆمارەکە بوون، تێنەگەین و وردەکارییەکانیان تۆمار نەکەین. بەتایبەتیی مێژوی ژ.ك و حزبی دیموکرات و کۆمار، وەك ئەزمونێکی گرنگ و زیندو، جێگایەکی دیارو رۆشنی لەمێژوەی نەتەوی کورددا هەیە کەدەتوانرێت بەپلەیەکی تازە لەمێژوی نوێی گەلی کورد دابنرێت، بگرە هەیە کەدامەزراندنی ژ.ك بەسەرەتای ناسیونالیزمی نوێی کورد دادەنێت*

لەگەڵ ئەوەشدا کەنوسین و لێکۆڵینەوە لەسەر مێژوی کۆمار، لەگەلێك رۆژنامەو گۆڤاردا بلاوکراوەتەوە، گەلێك بەرهەم و تێزی دکتۆراو ماستەر کەوتنە بەردەستی خوێنەر کەتیایاندا چەندین باس و راو بۆچوون ئاماژەی پێکراوە، سەرەڕای روناکیی خستنەسەر گەلێك لایەنی شاراوەی ئەزمونەکە، بەتایبەتیی دوای بەدەستگەیشتنی ئەو بلاوکراوەو بەڵگەنامەو میکرۆفیلم و فیلمانەی چیرۆکەکانی سەردەمەکەمان بۆ باسدەکەن.. لەگەڵ ئەوانەشدا تائێستا نەتوانراوە وەك پێویست، راستیی سەرجەم رووداوەکانی ئەو ئەزمونە تۆماربکرێن، نهێنییە حەشاردراوەکان بخرێنەبەر روناکیی، تائێستاش گەلێك بۆشایی لەمێژوی کۆماردا ماوەتەوە بەتایبەتیی لێکۆڵینەوە لەسەر بارودۆخەکانی کوردستان و ئێران لەپێش و لەکاتی کۆماردا، هۆ یارمەتیدەرەکانی دامەزراندنی کۆمار بەسەرەکیی و ناسەرەکیی، راستەوخۆو ناڕاستەوخۆوە، راستیی رۆڵی یەکێتی سۆڤیەت و ئازربایجان لەدامەزراندن و روخاندنەکەشدا تەمومژیان لەسەرە.. لوجیکانەی هەڵسەنگاندنی سەرکردایەتیی حزب و کۆمار، رۆڵی هەریەکەیان، شەڕو پێکادانەکان، نهێنییەکانی چواردەوری بەشێکیان، سروشت و سیمای کۆمار، خودموختاربوون یان سەربەخۆبوونی کۆمارەکە، ئاشتیی-و بەستراوەیی لەڕوی ئابوریی و سیاسییەوە بەکۆماری ئازربایجانەوە، رۆڵی ناسیۆنالیزمی ئازەریی لەوانەدا، راست و دروستیی ناوی کۆمارەکەو هەبوونی بڕیاری رەسمیی یان نەبوونی لەسەر ئەو ناوەو لەسەر دامەزراندنی ئەنجومەنی وەزیران، رۆڵی بارزانیی و هێزەکەی لەکۆماردا، بۆچی ئەو هێزەو بارزانیی خۆیان گەیاندە ئەوێ، رۆڵی جەنراڵەکانی تری کۆمار بەتایبەتی حەمەرەشیدخانی بانە، بۆچی کۆماری بەجێهێشت.. گەشەکردنە هەمەلایەنەکان، رۆڵی لەپرۆسەی خەملاندنی ناسیونالیزمی کوردیدا لەو بەشەو بەشەکانیتردا، رۆڵی پارچەکانیتر، رۆژنامەو

---

* بڕوانە نوسینەکانی دوکتۆر عەباس وەلی-لەگۆڤاری گزینگ دا.

رۆژنامەنوسیی، شیعرو شاعیران و نوسەران و چیرۆك نوسان.. لایەنی ئابوریی و بازرگانی، حکومەت و سیاسەتی ئابوریی، کردنەوەی کۆمپانیاو سینەماو... رۆڵی پێشەوا قازی محەمەد لەژ.ك، دامەزراندنی ح.د.ك، رۆڵی قازی محەمەد لەوانەداو لەشەڕو نەبەردییەکاندا، لەقوتابخانەو کاری رۆشنبیریی و کێشە کۆمەڵایەتییەکانماندا، لەدوا بڕیار بۆ خۆبەدەستەوەدان و لەسێدارەدانی. ئەوانەو گەلێك باس و خواسیتر پێویستییان بەلێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە.

لەگەڵ ئەو نوسین و لێکۆڵینەوانەو ئەو چالاکییە بەربڵاوەی کەهەیەو ساڵانە لەگەلێك جێگەو شاری دنیا، یادی دامەزراندنی ئەو کۆمارە دەکرێتەوە، بیروەرییەکانی سەردەمی ئازادیی و ئینجا لەسێدارەدانی پێشەواو هاوڕێکانی بەسیمینارو پەنێل و کۆڕو کۆبوونەوەو ئاهەنگ دەبوژێنرێتەوە.. لەگەڵ ئەوانەشدا گەلێك تەگەرەو کۆسپ هەن کەڕێگری زیاترو بەرفراوانترو بابەتی و زانستیانەتری مێژوی ئەزمونەکەن کەپێویستە هەوڵی نەهێشتنیان بدرێت. جگە لەوانەی ئاماژەم بۆ کردن:

-هەرچەندە گەلێ زانیاریی و چالاکیی ژ.ك لەناو ئەرشیفەکانی دەوڵەتانی هاوپێوەند بەرِوداوەکەوە کەوتونەتە بەردەست، بەتایبەتیی پێوەندیی چەند لێپرسراوو کەسێتیی وەك (عەبدولڕەحمان زەبیحی و قاسمی ئیلخانیزادە) لەگەڵ کۆنسوڵی روسیا لەورمێ و تەورێزو هەندێ شاری تر، بەمەبەستی روونکردنەوەی کێشەی کوردو داخوازیی و ئامانجەکانی ژ.ك و رۆڵی سیاسیی رێکخراوەکە، جگە لەو زانیارییانەی تر کەپەیوەندییان بەکۆمەڵەکەوە هەیە بەتایبەتیی لەڕوی رێکخستن و فراوانبوونی بنکەکانی جەماوەر، ژمارەکانی گۆڤاری نیشتمان و چاپکردنەوەیان گەلێك بەیان و زانیاریی لەمەڕ چاپەمەنیتر.. تاد لەگەڵ ئەوانەشدا تائێستا رووداوەکانی سەردەمی ژ.ك هەر لەدامەزراندنییەوە تا ونبوونی لەسەر شانۆی سیاسیی، دامەزراندنی گەلێك داموو دەزگای بەڕێوەبردن و هێزی چەکدار، پێوەندییە نیشتمانییەکان لەگەڵ نیشتمانپەروەرانی پارچەکانیتری کوردستان.. تاد، ئەوانە کەمتر روناکییان خراوەتەسەر بەڵکو هەندێکیان لەتاریکاییدا ماونەتەوە.

-زۆر لەبەڵگەنامەو بڵاوکراوەکانی سەردەمەکەو کاروانی ژیانی کۆمار نەکەوتونەتە بەردەست، بۆ نمونە نزیکەی (50) ژمارە لەرۆژنامەی کوردستان،

نەبینراوە، بەتەواوی‌و دڵنیایی نازانرێ ژمارەی بڵاوکراوە لەگۆڤارەکانی کوردستان، هەڵاڵـە، گڕوگـاڵی منداڵانـی کـورد، هـاواری کـورد گۆڤـاری وا هەیـە لەرۆژنامەکـەدا باسـکراوە کەلەدەرچوندایـە وەك گۆڤـاری (مرۆڤ) تائێسـتا نـازانرێ ئایـا رونـاکیی بینیوە یان نە.. دیسان لیستی تـەواوی دامەزرێنـەرانی (ژ.ك)و سـەرکردایەتییەکەی‌و کۆمیتـــەی نـــاوەندیی ح.د.ك ولیســـتی وەزیـــران بڵاونەکراونەتـــەوە، ئەوانـــەی لەبەردەسـتدان جیـاوازیی بـیرورِا لەسـەر چـەند نـاوێك هـەن‌و سـاغ نەکراونەتـەوە جیـاوازیی بـیروڕاش لەسـەربوونی هـەندێ نـاوو نـەبوونی هـەندێکی تـر هەیـە... پرۆتۆکـۆڵ‌و نهێنییـەکانی زۆر لـەوتوێژەکان، گـەلێك نـهێنیی هـاوپێوەند بەهـەندێ شـــەرِەوە، ناکۆکییـــەکان لەگـــەڵ ئازربایجـــان شـــاراوەن‌و کـــەمتر لێکۆڵینەوەیان لەسەرکراوە.

—هەیە دەڵێت پێشەوا دوو وەسێتنامەی بەجێهێشتووە، یەکێکیان شەخسیی‌و ئەوەکـەی تـر سیاسـییە* کـەچی تـا ئێسـتا تەنـها شەخسـییەکە بڵاوکراوەتـەوە کەراستەوخۆ پێش لەسێدارەدان نوسراوە ئـەوەش وەك لەشوێنی خۆیـدا دەبیـنرێت لەم دواییەدا بڵاوکرایەوە.

—روداوەکـانی رۆژگـاری روخـاندنی کۆمـارو خـۆ بەدەسـتەوەدانی سـەرانی، پرۆسـەکانی دادگـایکردن‌و لەسـێدارەدانی لێپرسـراوان‌و تێکۆشـەرانی حـزب‌و کۆمارەکە، وەك پێویست روناکییان لەسەر نییەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە.

نوسین‌و زمـانی قسـەکردن‌و نوتـق‌و وتـارو ئیمـلاو رێزمـان‌و ئاسـتی گەشـەکردنی لەسـەردەمەکەدا، رۆژنامـەو رۆژنامەنوسـیی، نوسـەرو شـیعرو شـاعیران‌و رۆڵیـان لەسـەردەمەکەدا، لایـەنی ئـابوریی‌و ژیـانیی فەرمانبـەرو کاربەدەسـتان‌و موچـەو مانگانەیان، بازرگانیی‌و کشتوکاڵ‌و ئاستی گەشەکردنیان.. تاد. وەگەلێك لایەنی تـر کەپێویستییان بەنوسین‌و لێکۆڵینەوە هەیە.

کاتی ئەوەش هاتووە کەنەهێڵرێت سۆزو خۆشەویستیی‌و عاتیفەی نەتەوایەتیی کاربکەنە سەر لایەنی بابەتیی‌و رێبازی زانستییانەی نوسینی مێژوو، نابێت ئـەو

---

* وەك دوکتۆر رەحیمی قازی باسی کردووەو لەجێگەی خۆیدا روناکیم خستۆتەسەر.

** وەك (عەلی کوری پێشەوا قازی محەمەد-کوری رەش) باسی کردووەو لەجێگەی خۆیدا ئاماژەم پێکردووە.

نوسینانەی وەك گوتاری سیاسیی، بەمەبەستی هاندان و جۆشدانی خەبات، تێکەڵ بەراستیی روداوەکان بکرێن، پێویستە رێبازی تایبەتیی هەریەکەیان بپارێزرێت.. کاتی ئەوە هاتووە هەوڵی زیاتر بدرێت بۆ دەرهێنانی زانیاریی ناو ئەرشیفەکان، کۆکردنەوەی بەڵگەنامەو شوێنەوارەکانی کۆمار، کاتی ئەوە هاتووە ئەرشیف بۆ سامانی مێژویی نەتەوە چی تایبەت بەئەزمونێکی وەك جەمهورییەتی کوردستان بێت و چی بۆ هەموو بوارەکانی ئەرشیف بێت، لەناوەوەو لەدەرەوەی وڵات دابمەزرێن و بکرێنە مەڵبەندی لێکۆڵینەوە.. تا دوژمنەکانمان چیتر زەفەرمان پێنەبەن و لەوە زیاتر لەسامانی مێژویمان نەفەوتێنن.. کاتی ئەوە هاتووە کەهوشیاریی ئەو لایەنانە زیاتر بکرێت تا بەدەستی خۆشمان، وەك لەروخاندنەکەی کۆماردا کرا، تۆمارو بەڵگەنامەو بڵاوکراوەکان لەناونەبەین.

من ناڵێم ئەم بەرهەمە نوێیەی مێژوی کۆمار هەموو ئەو لایەنانە بەسەردەکاتەوە، هەموو کەلێن و بۆشاییەکان پڕ دەکاتەوە، دیسان ناشڵێم بێکەموکورتی نابێت، بەڵام ئەتوانم بڵێم دوای زیاتر لەسیی ساڵ لەئەزمونی نوسین و لێکۆڵینەوەم لەسەر جەمهوریەتی کوردستان و بڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمانەی کەکەلێنێکی گەورەیان لەبواری کۆمارناسیی و لەئەرشیف و کتێبخانەی کوردییدا پڕکردۆتەوە.. ئەم چاپەی جەمهوریەتی کوردستان لەزۆر رووەوە نوێیە، چەندین باس و لێکۆڵینەوەی گرنگ و زانیاریی زیاتر خراوەتە سەر باسەکانی‌تر، لەناو دیدێکی نوێ و زانیارییەکی زۆر دەوڵەمەندترەوە سەرنجم لەباسەکانی کۆماری میللی مەهاباد داوەتەوەو کراویشن بەبناغەی ئەم بەرهەمە نوێیە تا ئەو ئاستەی کە هەروەك چۆن بۆ چاپی یەکەمی کۆماری میللی مەهاباد گوتومە ئەوە یەکەم کتێب بووە کەکوردێك لەسەر کۆماری مەهابادی نوسیوەو دوای بەرهەمەکەی ولیام ئیگلتن-یش دووەم بەرهەم بووە.. لێرەشدا دەڵێم و بێهیچ دوو دڵییەك ئەمە یەکەم بەرهەمێکە کەتائێستا بەو بابەت و زانیاری و بۆچوونی نوێ و توێژینەوە بابەتییەوە، لەدووتوێی کتێبێکدا لەسەر ئەزمونەکەی مەهاباد روناکیی ببینێت و کەوتبێتە بەردەست خوێنەرانی.

بەشی دووهەم

سەرنجێك لەكۆمەڵگەی كوردەواریی و سروشتی گەشەكردنی

پاری یەكەم: كوردستان، مەیدانی شەڕو داگیركردن

پاری دووهەم: پرسی ناسروشتیی گەشەكردنی كۆمەڵایەتی لە كوردستان دا

پاری سێهەم: كوردستان و سیاسەتی دەوڵەتە داگیركەرو ئیمپریالیستەكان

پاری یەکەم

کوردستان مەیدانی شەڕو داگیرکردن

لێکۆڵینەوەو نوسینو شیکردنەوەو بیروڕا دەربڕین لەسەر هەر روداوێک، پێویستییان بەباش تێگەیشتنی بارودۆخە بابەتییو خۆییەکانو بەزانینی هۆو هەلومەرجە جوڵێنەرو قودرەتە رۆڵبینەرەکانەوە هەیە، ئەبێت رەخنەو بەراوردو دەستنیشانکردنی دیاردەی هەڵەو پیادەکردنی کارە نامۆو دژ بەرەوتە ئاساییەکان، نرخاندنی روداوو هەڵسەنگاندنەکان بەپێی کاتو ساتو شوێنو سەردەمی روداوەکان بن، دەبێ لەیاساکانی گەشەکردنە هەمەلایەنەکانی کۆمەڵ، گەشەکردنە کۆمەڵایەتیو سیاسییو ئابورییو ئایینیو مەزەبیو فیکرییەکان بگەین ئەوسا دەتوانین زەمینەی وێنەگیریی بۆ رووداوێکی مێژوویی بخوڵقێنین.. لەبەرئەوانەو بۆ تێگەیشتنی بارودۆخی سەرەتا، سەرەتای رەخساندنی زەمینەی باسو لێکۆڵینەوە لەئەزمونەکەی مەهاباد، دەبێت لەگۆڕانە هەمەلایەنەکانی موکریانو کوردستانو ئێران بگەین، لەرەوتی کاروانی سیاسییو ئابوریو گوزەرانی خەڵك لەناوچە جۆر بەجۆرەکان بگەین.. لەکێشەی سیاسیی کورد وەك میللەت، لەسەرتاسەری ئێراندا بکۆڵینەوەو بزانین چۆن روداوەکانی ناوخۆو ناو ئێرانو هەرێمەکە کاریان لەسەر یەك کردووە، چۆن بەرژەوەندییە ناکۆکەکانی نێودەوڵەتان بونە هۆی داگیرکردنی زۆر لەناوچەکانی ئێران لەلایەن هێزەکانی یەکێتی سۆڤیەتو ئیمپراتۆریەتی بەریتانیاو لەدوایشدا هێزەکانی ئەمریکاوە، چۆن بەرژەوەندییەکانیان رووبەڕوو بوونو مانۆڕە سیاسییەکانو گوشارە سەربازییەکان رۆڵیان بینیی.. چۆن ئەوانە کاریان کردە سەر نەتەوە ژێردەستەو چەوساوەکان.

جەمهورییەتی کوردستان لەبەشێکی بچوکی کوردستانی ئێراندا لەناوچەی موکریانو ناوەندی مەڵبەندەکەی کەمەهاباد بوو دامەزرێنرا، لەپانتاییەکی بچوکی ئەو بەشەی کوردستاندا بوو کەلەسەداسیی رووبەری کوردستانی ئێرانی دەگرتەوە [1] موکریانیش، بەتایبەتی مەهاباد، هەر لەزووییەکەوە بەبەراورد لەگەڵ ناوچەکانیتری کوردستانی رۆژهەڵاتدا، سەنتەری رۆشنبیریی و شاعیرانو بیری نیشتمانپەروەرییو کوردایەتی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا لەرووی گوزەرانی خەڵكو لایەنی

ئابوریی و خسڵەتەکانی کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە، بەشێکی تەواوکەری ئەو پارچەیەی کوردستان بوو، نەخوێندەواریی و دواکەوتوویی و هەژاریی سەرجەم ناوچەکانی گرتبۆوە.. هۆکارەکانیش، زیاترو راستەوخۆ بۆ داگیرکردن و دابەشکردن و جیاوازیی رەگەزو مەزەب و کولتور دەگەڕانەوە.. هەر لەدێرزەمانەوە رژێم و دەسەڵاتە جۆراو جۆرەکانی ئێران، گوشاری ئابوری و سیاسیی و رەگەزی و مەزەبییان خستبووەسەر کۆمەڵگەی کورد، بەتایبەتی لەو ساڵانەوە کەدەوڵەتی سەفەوی دامەزراو کەوتە بەرەنگاربوون لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیی سوننە مەزەب.. چونکە کوردستان بوو بەمەیدانی شەڕو ئاژاوەو لەشکرکێشی.. لەسەر داگیرکردنی ئەو ناوچانەو گەیشتنە مەزارو شارە پیرۆزەکان و ناوچە ستراتیجییەکان، بۆ دەست بەسەراگرتنی سامان و کۆکردنەوەی باجی زیاترو سەپاندنی حوکمی ناوەندیی بەسەر وڵاتەداگیرکراوەکاندا.. ئەو ناکۆکیی و پێکدادانانە تا دەهات رویەکی سامناکی بەخۆوە دەگرت، ئیتر ململانێ و جەنگەکە بوو بەزۆرانبازیی سەربازیی نێوان دوو قودرەتی گەورە کەمەیلی مەزەبی و ئابووری و داگیرکردن زیاتر رۆڵی گەورەیان تێدا دەبینی، هەوڵیان دەدا گەلانی ناوچەکەش بخەنە ناو جەنگەکەوە، هەم بکرێنە سوتەمەنیی شەڕو تەماعەکانیان و هەم وڵاتەکانیشیان داگیربکەن.

کوردستان یەکێك بوو لەو وڵاتانەی کەلەو جەنگ و زۆرانبازییانەدا گەورەترین زیانی بەرکەوت، نەك هەر لەبەرئەوەی کە بەهۆی جێگەی جوگرافییەوە مەیدانی لەشکرکێشی و شەڕەکان بووەو زۆر لەناوچەکانی دەکەوتنە نێوان ئەو دوو دەوڵەتەوە، بەڵکو لەبەرئەوەش کەکورد خاوەنی هێزێکی یەکگرتوو دەوڵەتێکی خۆی نەبوو کەبتوانێ بەرگریی لەخۆی و نیشتمانەکەی بکات. هەر لەسەرەتای بەهێزبوون و پەلهاویشتنی ئەو دوو دەوڵەتەوە، کوردستان کرابوو بەدووبەشەوە، رۆژهەڵات و باشور لەژێردەستی سەفەوییەکان و باکوریش لەژێردەستی عوسمانییەکاندا بوون. بەڵام لەشەڕی (چاڵدێران)دا (*1514* ع) [2] هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەشکری شا ئیسماعیلی سەفەوییان شکاند، تێیدا شا ئیسماعیل بریندارکرا، سوڵتان سەلیم-یش گەورەترین سەرکەوتنی بەدەست هێنا، وەك یەکێك لەسەرەنجامە گرنگەکانی ئەو شەڕەو ئەو سەرکەوتنەی عوسمانییەکان، زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، هەر لەدیاربەکرو ماردینەوە تاهەموو کوردستانی باشور، بەپێی رێککەوتننامەی

چاڵدێران، کەوتنە ژێردەستی دەوڵەتی عوسمانییەوە، هەر بەپێی ئەو پەیمانە، جۆرێك لەسەربەخۆیی میرنشینەکانی کوردستانی راگەیاند، وەك پاداشتی کوردەکان کەبەهەوڵی مەلا ئیدریسی بتلیسی یارمەتیی هێزەکانی عوسمانیان‌دا. لەو سەردەمانەدا کورد خاوەنی دەیان حکومەت‌و میرنشین بوو کەهەندێکیان هەر لەسەدەکانی ناوەراستەوە دامەزرابوون، بێ‌ئەوەی بتوانن یەکبگرن یان حکومەت یا میرنشینێکی وا بەهێز هەڵبکەوێت کەبتوانێت ئەو میرایەتییانە یەکبخات‌و دەوڵەتێکی یەکگرتوو پێکبهێنێت.. بۆیە ئەو میرنشین‌و حکومەتانە، سەربەخۆیی‌و نیمچە سەربەخۆیی خۆیان پاراستبوو، بەڵام ئەوانە، زیاتر لەو ماوانەدا بوو کەئەو دوو زلهێزەی هەرێمەکە بەشەرو شۆری یەکترییەوە خەریك بوون‌و هەریەکە هەوڵی راکێشانی ئەم میرو ئەو میریان ئەدا.

دوای سەرکەوتنەکەی چاڵدێران، سوڵتان سەلیم کەوتە نەخشەدانان بۆ راکێشانی میرانی کورد، پێشەکیی کەوتە هێمن کردنەوەیان بەدڵنیاکردن لەپاراستنی موڵك‌و ماڵ‌و حوکمرانییان، ئینجا لەسەرەتای تشرینی دووەمی ساڵی *1515* ع دا سوڵتان سەلیم فرمانێکی بڵاوکردەوە تێیدا ددانی نا بەسەربەخۆیی میرنشینەکانی کوردستان لەکاروباری ناوخۆیاندا، بەوەش میرنشینە سوننە مەزهەبەکانی بەرەسمی خستەژێر دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانییەوە.. بۆ زیاتر دڵنیاکردنی میرەکانی کورد لەبڕوانامەیەکیدا، سوڵتان سەلیم بەڵێنی‌دا کە:

1–پارێزگاری سەربەخۆیی میرنشینەکانی کورد بکات.

2–حوکمڕانیی میرنشینەکان لەباوکەوە بۆ کوڕ بمێنێتەوە (بەوەرەسە بێت).

3–عوسمانییەکان یارمەتی کورد بدەن لەهەموو شەڕێکدا کەتووشیان دەبێت، هەر بەوجۆرە کوردەکانیش یارمەتی دەوڵەتی عوسمانی بدەن.

4–زەکات‌و باجی شەرعی بدرێت بەخەزێنەی دەوڵەتی عوسمانی.

لەو سەردەمانەدا نزیك بە (*46*) میرنشینی کورد هەبوون، جۆری پێوەندیی ناوخۆو رێکخستنی جۆری مامەڵەیان لەسەر شێوەی نیمچە فیدرالییەك بوو.. بەڵام سوڵتان سەلیم بەو نەخشەیە ئەو پێوەندییەی تێکداو هەریەکەیانی بەستەوە بەدەسەڵاتی ناوەندییەوە، ئەوەش بووە هۆی زیاتر لاوازبوونی ئەو میرنشینانەو رێگە خۆشکردن بۆ روخاندنیان.

لەدرێژەپێدانی زۆرانبازییە خوێناوی‌و جەنگە وێرانکەرەکەی عوسمانییەکان‌و سەفەوییەکانداو زیاتر بەهێزبوونی دەوڵەتی عوسمانی‌و سەپاندنی دەسەڵاتی لەناوچەکەدا، دوای ئەوەی، بەکاتیی، مەترسیی بەرەنگاربوونەوەیەکی‌تر لەئارادا نەما، سەفەوییەکان ناچاربوون مل بۆ داخوازییەکانی تورکە عوسمانلییەکان دابنەوێنن، ئەوەبوو ململانێی ئەو پلەیە لەساڵی (*1639* ع)دا بەمۆرکردنی پەیمانێك لەنێوان سوڵتان مورادی چوارەم‌و شا عەبباسی سەفەویدا وەستێنرا... لەو پەیمانەداو بۆ یەکەم جار بەرەسمیی سنوری هەردوو دەوڵەتەکە لەکوردستاندا دیاریکراو بەپێی پەیمانەکە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بەرەسمیی کەوتنە ناو قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانییەوە.. دەسەڵاتی سەفەوییەکانیش لەپشت چیاکانی زاگرۆزدا مایەوە.

دوای ئەوەو بەسەپاندنی خواستەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەسەر ئێرانییەکانداو لاوازبوونی لەڕووی سەربازییەوە.. وەدوای لەشکرکێشییەکانی تورکە عوسمانییەکان لەئەوروپاداو ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوروپاییەکان‌و شکاندنی هێزەکانیان لەنزیك ڤییەنا، ئیتر هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەناچاری کشانەوەو پاشەکشێیان لەو مەیدانانەدا کرد.. بۆیە کەوتنە زیاتر چەسپاندنی دەسەڵات‌و هێزەکانیان لەرۆژهەڵاتدا بەنەخشەی روخاندنی میرنشینەکان.

ئەم سیاسەتەش لەسەردەمی سوڵتان مەحمودی دووهەمدا پیڕەوکراوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی مەترسیی هێزەکانی (محەمەد عەلی پاشا)ی لابەلاکردو ڕێگەی هێرش‌و پەلاماردانی خۆش کرد.. ئیتر یەکەیەکە میرنشینەکانی کورد دەڕوخێنراو حوکمی پایتەخت دەسەپێنرا.. بۆیە سەردەمێکی ڕەش لەمێژوی ناوچەکەدا، دەستپێیکرد.. زیاتر هێزو توانای کورد بۆ خزمەتی داگیرکەر بەکاردەهێنرا، دەرەبەگ‌و سەرەك عەشیرەتە دواکەوتوو زۆردارەکان بەهێزدەکران‌و دەکرانە پایەگای چەسپاندنی حوکمی بێگانە.. بێئەوەی بتوانرێت سوود لەو هەل‌و دەرفەتانە وەربگیرێت کەناو بەناو دەڕەخسان، بۆ نمونە حوکمڕانیی (کەریم خانی زەند *1746-1774* ع) [3] کەزیاتر لەچارەکە سەدەیەك حوکمی سەرتاسەریی ئێرانی کرد، بێئەوەی لەڕوی سیاسییەوە هیچ سودێك بەکورد بگەیەنرێت.. دیسان حوکمڕانییەکەی (عەلی خانی زەند *1774- 1790* ع) نمونەیەکی ترە لەو هەلە هەڵکەوتووانە.

پاری دووهەم

پرسی ناسروشتیی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی لەکوردستان دا

ئەو شەڕو شۆڕو داگیرکردن و دابەشکردنانە، سەپاندنی حوکمی داگیرکەرو بەهێزکردنی پایەگاکانی لەناو سەرەك خێڵ و دەرەبەگە هاوکارەکانیدا، شەڕی ناوخۆی میرنشین و خێڵ و دەرەبەگەکان، سەپاندنی یاسای جەنگەڵ و باجو سەرانەی هەمەجۆر، روخاندنی میرنشینە سەربەخۆبون، یان کەجۆرێ لەحوکمی خۆماڵی و جیاواز لەحوکمی داگیرکەریان هێنابووە ئاراوە.. ئەوانە بەشێك بوون لەو هۆکارانەی کەرێگەیان لەگەشەکردنی ئاسایی کۆمەڵگەی کوردەواریی گرت، گۆڕران و گەشەکردنەکان بەرێگە سروشتی و مێژوییەکانی خۆیاندا نەبوون، دەسەڵاتە دەرەبەگییە دواکەوتوو وابەستەکە بپارێزرێ، ئەو دەسەڵاتەی کەنەیدەتوانی تەنانەت ئاوەدانیی بخاتە ناوچەو بگرە ماڵەکەی خۆشییەوە، بۆیە دەبینین. بەپێچەوانەی پاشماوەو شوێنەواری سەردەمی دەرەبەگایەتیی وڵاتانی ئەوروپاو بگرە لەوڵاتانی هەرێمی رۆژهەڵاتیش، ئاوەدانی و پێشکەوتن لەسنورێکی زۆر تەسك و لەجێگەی نەبووواندابووە.. ئیتر گەشەکردنە کۆمەڵایەتییەکان، سەردەرهێنانی چینە کۆمەڵایەتییەکان نائاسایی و دوور لەیاسا مێژووییەکانی پەرەسەندن و گەشەکردن دەجوڵان، بۆیە چینەکانی بورجواو سەرمایەداریی و چینی کرێکارو جوتیاران، گەشەی سروشتییان نەدەکرد، بەگشتیش خرابوونە خزمەت دەسەڵات و دەستکەوتی داگیرکەرەوە. لەبەرئەوانە رووە سیاسییەکەی کوردایەتیی نادیارو دروشمە نەتەوەییەکان کەمتر دەهێنرانە بەرباس و ناو هەوڵدانەوە، لەناو بازنەیەکی تەسکدا قەتیسکرابوون، هەم گوشاری داگیرکەران و هەم لاوازییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریی و هەست و نەستە نەتەوەییە پێنەگەییووەکان شورەیەکیان لەدەوری بزوتنەوەی کوردایەتیی دروستکردبوو.

لەگەڵ ئەوانەشدا پرۆسەی گەشەکردن و پەرەسەندن کەسست و کۆسپ لەبەردەمدا بوون، لەجوڵە نەکەوتبوو، لەگەڵ ئابووریی کشتوکاڵ و سامانی مەڕداریی و ئاژەڵ و باڵندەدا، پیشەسازیی دەستکرد، دابەشبوونی کارو دەرکەوتنی جیاوازیی نێوان دێهات و شاروشارۆچکەکان، لەڕوی بازرگانیی و مانیفاکتۆرە، زیاتر چاوێنی دەبوون،

بازاڕ لەگەشەکردندابوو، زیاتر روخساری بەستنەوەی کوردستان بەبازاڕی وڵاتی پێوە بەستراوو لەویشەوە بەوڵاتە پیشەسازە پێشکەوتووە سەرمایەدارەکان دەردەکەوت، لەگەڵ ئەوانەشدا کۆمەڵگەی جوتیاری‌و ئابووریی کشتوکاڵ‌و مەڕومالآت بەخێوکردن‌و گەرمیان‌و کوێستان کردنی زۆر لەخێڵە گەورەکان، روخساری کۆمەڵی کوردەواریی بوون، سستمی پاتریارکیی خێڵەکی‌و موتوربەکراو بەمە... لەپرنسیپەکانی ئایین‌و مەزەبی زاڵ‌و پێڕەوکراو بەردەوام بوو، ئەوانە پایەکە... دەرەبەگێتیی زیاتر توندوتۆڵ‌و باڵادەست دەکرد، هەر بەو پێیەش چین‌و توێژاڵە جۆراوجۆرەکانی جوتیاران، چەوساوەترو هەژارو نەخوێندەوارتر دەبوون. خێڵ‌و سستێمی خێڵایەتیی‌و رۆڵی سەرەك خێڵ‌و باوك سالاریی، بەتێهەڵکێش لەگەڵ جوتبوونی بەرژەوەندییەکانی خێڵ‌و دەرەبەگایەتیی.. زیاتر سستێمی دەرەبەگیی بەهێزتر دەبوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی رژێمە داگیرکەرەکان زەوی‌و زاریان بەسەر سەرەك خێڵەکاندا دابەش دەکرد، تا لەپاراستنی سنوری قەڵەمڕەوو شەڕی سنورفراوانکردندا سود لەهێزو توانایان وەربگرن، ئیتر بەرەبەرە دەبوونە خاوەن موڵکی گەورەو دروستبوونی ناوچە دەرەبەگییەکان بەزەوی‌و زاری حکومەتیی‌و لەوەڕگاو پاوانکردنیانیشەوە، بۆیە ئەمان دەبوونە چینی باڵادەست، جواتیاران، چینی چەوساوە، کرێکاری زەوی‌و پیشەکانی‌تر لەگەڵ پیتی بورجواو چینی بورجوا لەپەراوێزی کۆمەڵگەدا دەژیان‌و دەجولان.

ئەوە روخسارو خسڵەتە تایبەتمەندە گشتییەکانی کوردستان بوە، بەرۆژهەلات‌و ناوچەی موکریانیشەوە. هەرچەندە ئێران خۆی وڵاتێکی دواکەوتو بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەبەراورد لەگەڵ زۆر لەناوچەکانی‌تریدا، کوردستان کۆڵۆنییەکی داگیرکراوو دواکەوتووتر بوو، لەو سەردەمەدا کوردستان لەدواکەوتووترین ناوچەکانی ئێران دەژمێرردرا، لەڕوی دواکەوتنەوە دەتوانرا تەنها بەبلوجستان بەراوردبکرایە، چونکە لەپێشکەوتنی پیشەسازیی‌و هۆی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ‌و مسۆگەرکردنی تەندروستیی‌و فەرهەنگیی‌و رێگەوبان‌و شتی‌تر دواکەوتووە [4] کوردستان وڵاتێکە بناغەی ئابوریی لەسەر کشتوکاڵ بوو، گەنم‌و جۆو توتن‌و میوەو بەخێوکردنی مەڕومالآت‌و ئاژەڵ‌و سودوەرگرتن لەبەرهەمی دارستانی سروشتکرد، سەرچاوەی دەستکەوت بوون بۆ زۆربەی زۆری خەڵك، ئامرازی بەرهەمهێنان: گاسن‌و هەوجارو

جەنجەڕو ئامرازە کۆنەکان و گاو ئێسترداری بوو. هەرچەندە سامان و کانگەی مەعدەن زۆر بووە، بەڵام ئەوانەی تا سەردەمی ئەو هەلە مێژووییەش بەکارهاتبن، هەر لەبەرژەوەندیی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان بون، دەرهێنان و کێشکردنیشیان بۆ بازاڕەکانی دنیای خۆرئاوا بەشێك بووە لەنەخشەی داگیرکەرو دەوڵەتی سەرمایەدار..
بارودۆخەکانی کوردستان و ئەو بەشەی کۆمارەکەی لەسەر پێکهێنرا بەو جۆرەبوون.

کۆمەڵگەی کورد، وەك هەموو کۆمەڵە دواکەوتووەکانی تری ئەم جیهانە بووە، شێوەیەکی تایبەتیی و لەوێنەنەبووی بەخۆیەوە نەگرتووە، لێرەدا مەبەستم لەیاساکانی گەشەکردن و گواستنەوە بووە بۆ قۆناغە کۆمەڵایەتییەکان و جۆری دابەشبوونی کۆمەڵگەکەیە بەچین و بەش و توێژاڵە جیاجیاکانەوە، بەڵام ڕێبازی تایبەتیی خۆی لەنائاسایی گەشەکردن‌دا هەبووە، کەئەو هۆکارانەی لەسەرەوە باسکران خوڵقێنەری ئەو دیاردەیە بوون، کەجۆرێك لەتایبەتێتی و خەسڵەتە تایبەتییەکانی پێوە دیارو ڕەخساو بوو، زیاتر سەرەنجامی ئەو نائاسایی‌بوونە بووە، بۆیە دەتوانرێ چین و بەش و توێژاڵەکان لەکۆمەڵگەی کوردەوارییدا بەم جۆرە پۆلین بکرێن:

دانیشتوانی دێهات و شاروشارۆچکەکان: جوتیاری هەژارو مامناوەندیی، پرۆلیتاریای کشتوکاڵ و زەوی، دەرەبەگ و خان و بەگ و ئاغاو خاوەن موڵکەکان..
بەگشتیی دوو چینی سەرەکیی پێکهاتەی دانیشتوانی ئەو ناوچانەبوون، دەوڵەمەندو چینی خاوەن قودرەت و پایەی کۆمەڵایەتیی کەبەپێی ناوچەکان دەگۆڕدران، بۆ نموونە: لەناوچەکانی کرماشان و بەشەکانی باکوری لاجان کودا، دەرەبەگ و خاوەن موڵکی گەورە هەبوون، لەدەوروبەری سەردەشت و ناوچەکانی باشوری موکریان ئاغای گەورەو مامناوەندیی هەبوون کەیەکەمیان بەژمارە کەمبوون.. کەچی لەزۆر ناوچەی‌تردا ئاغاو خاوەن موڵکی بچوك بچوك هەبوون.

لەشارە گەورەکاندا.. تا ئەو سەردەمانە، هەرچەندە وردە پیشەسازیی دەستکردو کەسابەت و بازرگانیی و کرێکاری خشت و بیناو مانیفاکتۆرەو پرۆلیتیاری زەوی‌وزار، ڕووی دەرکەوتووی دانیشتوان بوون، سەرمایەداریی وردە وردەو لەسەرخۆ، بەتایبەتی لەشارەگەورەکاندا، سەری دەردهێناو پێوەندییە سەرمایەدارییەکان تادەهات زیاتر دەبوون، لەگەڵ ئەوانەشدا جیاوازییەکی زۆر گەورە لەنێوان ناوچە

دێهاتییەکانو ئەو شارانەدا دەبینرا، تا ئەو پلە مێژووییانە، روخسـاری خێڵـەکیی‌و جوتیـاریی، بوونـی دەسـەڵاتو نفـوزی سـەرەك هـۆزە گـەورەکانو خـاوەن موڵکـە زلەکان ئاشکرابوو.

هــەژاریی‌و نــەخوێندەواریی‌و دواکــەوتوویی ســیمایەکی تــری ئاشــکرای کۆمەڵگەکەبوون.. لەگەڵ ئەوانەشـداو بـەهۆی گۆڕانـەکانی لایـەنی ئـابووریی، زیـاتر هامشـۆ لـەنێوان شـارەکاندا بوژانــەوەی بازرگـانیی مەڵبــەندە پیشەسـازییەکانی دەسـتکردو گردبوونـەوەی خـێزان لـەدەوری هـەر پیشـەیەك زیـاتر دەبـوو، بەرەبـەرە زیـاترو جـۆراو جـۆر دەبـوون. شـان بەشـانی دروسـتبوونی نـاوەندی بازرگـانیی‌و گەشـەکردنی پیشەسـازیی دەسـتکرد. سـوو سـەلەم زۆر دەبـوو، سـەرمایەدارەکان پارەیان لەم ڕێگەیەوە دەخستەگەڕ، جگەلـەوەش خاوەن بیناو موڵكو ماڵ لـەو شارە گەورانەدا بەرەو زۆربوون دەچـوونو پـارەو پـولو سـامان لەدەسـتی چینێکـی کـەم ژمارەدا کۆدەبووەوە [5].

ئەو بەشە سەرمایەدارە خاوەن بەرژەوەندییە لەیەکچووانە، بەرەبەرە لەیەك نزیك دەبونـەوەو یـەکیان ئـەگرتو تێکـەڵ دەبـوون، تادەهـات بـەهێزتر دەبـوون، تــاچینی سـەرمایەداری کوردیـان لێپـەیدابوو.. بـەڵام لەبەرئەو هۆیانـەی باسکران، کـزوڵو لاواز بـوو، بەبـەراورد لەگــەڵ چینــی ســەرمایەداری نەتــەوەی حوکمـڕانو کاربەدەسـت، بێدەسەڵاتو بێپایەگای سیاسیی‌و سەربازیی بوو.. دەرەبەگو خاوەن موڵکە گـەورە شارنشینەکانیش بەهۆی وەکیـلو سـەرکارەوە سەرپەرشـتیی موڵـكو زەوییـەکانیان دەکرد، دەکەوتنـە مـەیدانی سوو سـەلەمو بازرگانیی‌و سـەوداو مامەڵـەوە.. زوربـەیان تێکەڵ بەچینی سـەرمایەدار دەبـوونو دەگـۆڕران بـۆ سـەرمایەداری شاریی، لەگـەڵ ئەوەشدا دیسان ئەم چینە هەر بەبەراورد لەگەڵ چینـە زەحمەتکێشـەکانی کوردسـتان، بـەهێزو خـاوەن قـودرەت بـوو، کـەچی لەبەرامبـەر چینــی حوکمڕانــی نەتــەوەی کاربەدەسـتو بەبـەراورد لەگـەڵ چینـە سـەرمایەدارەکە، لاوازو کـەم هـێزو قودرەتـی سیاسیی‌و سەربازیی‌و بەڕێوەبردن بوو.

لەبەرئـەوەی ئـەم چینـە تـازە پێگەیشـتووە، بەوەڵـەدبووی نـاو ریـزی کارگـەرانی پیشەسازیی فراوانو کارگەو کارخانە گەورەکان نەبوو، بۆیە قودرەتی چونە مـەیدانی ئــەو بوارانــەی نــەبوو، چینــی ســەرمایەداری پیشەســازیی‌و تکنیـكو ماشــینو

گەشەکردنەکانی لایەنی زانستو زانیارییە پێشکەوتوو بالآکردووەکان نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا، بەپێی گەشەکردنەکانی چینە کۆمەلآیەتییەکانو ئەو هەلومەرجە رەخسیوانە، کرێکاری خانوبەرە زۆر دەبوو، رەنجبەرو سەپانو شوانو گاوانو پالەو بێکارەکانیتری لادێ کۆچی رووەو شارەگەورەکانیان دەست پێدەکرد، لەناو تێکەڵییەکی لەسەرخۆو کەمتر دەرکەوتوودا چینێکی نوێی کەم قودرەتتر سەری دەرئەهێنا.. بۆیە شێوەی بەرهەمهێنان، ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی بەخۆیەوە نەدەبینی.. لەگەڵ ئەو گۆڕانانەشدا سروشتی کۆمەڵگەی ناوچەی موکریان وەك هەموو بەشەکانیتری کوردستانی رۆژهەلآت بەنیمچە دەرەبەگیو خێڵەکی مایەوە، پێوەندییە دەرەبەگییەکان لەچەندین جۆرو شێوەدا زاڵو بالآدەست بوو، کشتوکاڵ بەرهەمهێنان لەناوچە دێهاتییەکانو لەنێو خێڵە نیشتەجێبووەکاندا باوبوو، لەگەڵیشیدا بەخێوکردنی مەڕومالآتو ئاژەڵداریو بەروبوومەکانیی، ئابوورییەکی خێڵەکیی هێنابووە ئاراوە.. لەنێوان ئەو دوو شێوەی بەرهەمهێنانەدا چەشنێکیتر، تێکەڵێك لەهەردووشێوەکە دەرئەکەوتو دیاردەی نیشتەجێبوونی کۆچەرەکان فراوانتر دەبوو.

یاساو دەسەلآتی ناوچەیی بەدەست چینە بالآدەستەکەوە بوە، هەرچەندە زۆربەیان وابەستەی چینی حوکمڕانو پایەگای بەردەوامیی داگیرکەر بووە، لەگەڵ ئەوەشدا لەناوچەکانی کوردستاندا، هەر ئەو بالآدەستی ناوچەیی بوون، یاساو دەسەلآت لەودا رەنگیان ئەدایەوە.

فراوانبوونی پەیوەندیی بازرگانیی شارە گەورەکانی ئێران، گەورەو فراوانبوونی پیشەسازیی نەوت، زیاتر بازاڕەکانی ئێرانی بەدەوڵەتە سەرمایەدارە پیشەسازەکانەوە دەبەستەوە، کەلوپەلو کالآی ئەو ولآتانە بازاڕەکانی داگیردەکرد، ئەوەش کاری دەکردە سەر پیشەسازیی دەستکرد.. ئەو فراوانبوونەی بازاڕی سەرمایەداریو زیاتر بەستراوەیی بەولآتانی پیشەسازو سەرمایەدارەوە چەند ئەنجامێکی گرنگیان لێوە خوڵقا:

یەکەم: هەرچینو تاقمو دەسەلآتدارێکی نەتەوەی خاوەن نفوزو هێز کەوابەستە بەسەرمایەداریی پیشەسازیی زلهێزەکانەوە بووبێت، تاقمی حوکمڕان لەوان بووە،

شاو شالیارو فەرمانبەرە گەورەکانی دامو دەزگا سەرەکییەکان لەوان داتاشراون و بونەتە پایەگای چەسپاندنی دەسەلاتی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان.

دووەم: لەبەرئەوەی ئەو چینانە لەکوردستاندا زیاتر وابەستەی حوکمڕانی نەتەوەی گەورەو کاربەدەست بوون، نەیانتوانیوە راستەوخۆ بکەونە ئەو جۆرە مامەڵەیەوە، بۆیە زیاترو توندتر گرێدراوی پایتەخت دەبوون و بەرژەوەندییە ئابوریی و سیاسییەکانیان تێکەڵ دەبوون.

سێیەم: ئەو چینە خاوەن نفوزەی کورد، بەهۆی وابەستەییەوە، ئەبووبە ئامرازێکی دەستی داگیرکەرو زۆرجار لەدژی میللەتەکەی خۆی بەکاردەهێنراو دەبوە عامیلی گوشاریی چەوساندنەوەی سێ لایەنیی، بەتایبەتی کۆمەڵایەتیی و نەتەوەیی و مەزەبی.. بۆیە کۆمەڵگەی کوردستان تا دامەزراندنی جەمهوریەتی کوردستان لەژێرسایەی دواکەوتووترین رژێم و یاسادا بووە، لەژێر باری قورسی هەژاریی و نەخوێندەواریی و زوڵم و زۆری کۆمەڵایەتیی و چەوساندنەوەدا بووە، لەسادەترین مافی مرۆڤ و دیموکراسی و نیشتمانیی و هاووڵاتیی و نەتەوەیی بێبەشکرابوو.. (6)

پاری سێهەم

کوردستان و سیاسەتی دەوڵەتە داگیرکەرو ئیمپریالیستەکان

لەگەڵ ئەوەدا کەکوردستان گۆڕەپانی شەڕوشۆڕو لەشکرکێشی داگیرکەران بوو، کەبەهۆیانەوە دووچاری وێرانکاریو دانیشتوانیشی توشی کوشت و کوشتارێکی زۆر بووە، بەزۆری کوتەك کراونەتە سوتەمەنیی جەنگ، کەلەوەدا زیاتر ناکۆکییە مەزهەبییەکان کراونەتە فاکتەری هەڵخەڵەتاندن و تەفرەدانی کوردو راکێشانی بۆ مەیدانی جەنگ.. کەگەیشتونەتە مەرامەکانیان، ئەوسا نەخشەی تواندنەوەی کوردیان داناوە، بەراگوێزان و سەپاندنی ژیان و کولتورێکی نامۆ، بەشێواندنی مێژوو داب و نەریتە کۆمەلایەتییەکان، بەگواستنەوەی خێڵەکانی کورد بۆ سەر سنوورەکانیان تا ببنە شورەی پاراستنی ئەو سنورانە.

بەگشتیی سیاسەتێکی رەگەزپەرستانە پێڕەوکراوە بۆ ئەوەی سڕینەوەی شوێنەوارو روخساری کوردو کولتورو زمان و مێژووەکەی ئاسان بکرێت، تا کوردستان ببێتە پارچەیەکی ئەزەلی ولاتی نەتەوەی بالادەست و داگیرکەر، تا شوێنەواری کوردی لەسەر نەهێلرێت.. کەدەنگی نارەزاییو داوای مافەکان بەرزبوبێتەوە ئەگەر لەسادەو ساکارترین شێوەشدا بوبێت، وا بەئاگرو ئاسن وەلام دراوەتەوە، بۆ بەردەوامیی ئەو داگیرکردنە، سیاسەتی برسیکردن و نەخوێندەواریکردن پێڕەوکراوە، دەرەبەگ و سەرەك خێڵە وابەستەکان کراونەتە مەقاشی دەستیان. ئیتر چەوساندنەوەو زوڵم و زۆری دوولایەنە بەردەوام بووە.

کاتێك ئێران، بەکوردستانیشەوە، کرا بەبازارێکی گەرمی دەوڵەتانی سەرمایەدار، ئیتر سێکوچکەی ئیمپریالیزم و دەوڵەتی داگیرکەرو تاقمە وابەستەکەی ناوخۆ، چەوساندنەوەی هەمەلایەنەی خۆیان سەپاندووەو لەناو بەرژەوەندییە یەکانگیرەکانیاندا درێژەیان پێداوە.

لەبەر تیشکی بەرژەوەندییەکان و بایەخی ستراتیجیی کوردستان، دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان بەردەوام یارمەتیدەرو پاڵپشتی رژێمی داگیرکەربووە، بۆ درێژەدان بەداگیرو دابەشکردن و چەوساندنەوە، هەمیشە لەدژی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بوون بۆ کورد، لەدژی جیابوونەوەو یەکگرتنی کوردستان، بەردەوام

عامیلی هێزو سەرکەوتن بوون بۆ داگیرکەرو بۆ سەرکوتکردنی بزوتنەوەکانی کوردستان، تەنانەت دژی بەدەستهێنانی مافی مرۆڤ و هاوولاتیو هاونیشتمانیی بوون.

ئەو تێکەڵبونەی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی داگیرکەرو ئیمپریالیزم، ئەو هاوکاریو پاڵپشتیکردنە، بەردەوام هۆی سەرەکیی شکستیو نوشستیی بوون بۆ کوردو بزوتنەوەکانی.

زۆرانبازیی نێوان داگیرکەران بۆ فراوانکردنی سنور، سەقامگیرکردنی قەڵەمڕەو، درێژەدان بەداگیرکردنو نەخشەکان، فراوانکردنی بەرژەوەندیی ئابوریو ناوچە ستراتیجیو بۆ بەئەزەلیکردنی داگیرکردنەکە، سەنتەری سیاسەتی دەوڵەتە داگیرکەرەکان بووە، لەگەڵ ئەو هەموو ناکۆکیو دوژمنایەتییە کلاسیکییو هەڕەشانەی بۆ سەریەکتری هەیانە، دیسان بەرامبەر بەکوردو لەدژی ئامانجەکانی، هێزو تواناو نەخشەکانیان یەکبووەو بەردەوام لەیەك بەرەدا کوردیان بەدوژمنو مەترسیی گەورەو عامیلی ئاژاوە داناوە.

دەوڵەتە گەورەکانیش، لەناو بازنەی دەستکەوتەکانیاندا پێڕەوی سیاسەتێکی دوژمنانەیان کردووە، بەتایبەتیی روسیای قەیسەری، بریتانیا، دواییتر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڕادەیەکی کەمتر فەرەنسەو ئەڵمانیا.. لەدوایشدا لەناو سیاسەتێکی تایبەتیو بەناوی بەرژەوەندییە نێونەتەوەییەکانەوە، یەکێتی سۆڤیەت، کەتاڕادەیەك لەگەڵ سیاسەتەکانی روسیای قەیسەریدا زۆر خاڵی یەکانگیریان تیا بەدی دەکرا، چووە ناو ئەو مەیدانەوە.

قەیسەرەکانی روسیا، چییان لەتواناد ابوبێتو چەندیان بۆ لوابێت، هەوڵی جێگیرکردنی دەسەلاتی خۆیان داوە، پێوەندییەکانیان لەگەڵ کورد راستەوخۆ بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان بووە:

1–سەرەتای ئاشکرا بۆ پێوەندیی نێوان نوێنەرانی ئیمپراتۆریەتی روسو سەرکردەی عەشیرەتە کوردەکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی *1804*، لەشەڕی روسو ئێران دا (*1804–1813*) ئەمیر جیجیانۆڤ سەرکردەی گشتیی لەجۆرجیا لە *24*ی تەموزی *1804*دا نامەیەکی نارد بۆ حسێن ئاغای سەرۆك خێڵە کۆچەرەکانی کورد لەیەریڤان، کەبداتە پاڵ روسەکان.. هەرچەندە وەرامی ئەو نامەیەی نەدایەوە، بەلام یەریڤانی

چۆڵ کرد لەوکاتەی سەربازی روس ئابلوقەی دابوو.. لەساڵی *1805*دا سەرکردەکانی سوپای قەیسەر کەوتنە تەقەلای تازە بۆ راکێشانی کوردەکان..[7]

قەیسەرەکانی روس هەردەم کوردەکانی ئەودیو قۆقاسیان نەك هەر بەپیاوو ژێردەستەیان داناوەو چەوساندویانەتەوە، بەڵکو زیاتر لەوەش هەوڵیان داوە بیانکەنە کوتەکی دەستیان بۆ داگیرکردنی کوردستان و هەموو ناوچەکانی تر، بۆ گەیشتنە ئەنجامدانی تەواوی نەخشەو بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان. خۆ ئەگەر ئەو مەبەستەشیان بەدەست نەهێنابێت، وا هەوڵی بێلایەنکردنی کوردەکانیان داوە، جاری واش بووە هەر کەمەترسییان لەجوڵانەوەیەکدا پێشبینیکردبێت وا چییان لەتوانادا بوبێت بۆ لەناوبردنی کردویانە.

لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا لەشەڕی نێوان روس و تورکدا (*1828–1829*) کورد یارمەتیدەری سوپای روسیا بوو، ئەمەش سەرەتایەکی تر بوو بۆ روسەکان بۆ راکێشانی خێڵەکانی کوردو بەکارهێنانیان لەکاتی پێویستدا.. گەلێجاریش هاوکاری دەوڵەتی داگیرکەری کوردستان بوون بۆ لێدانی بزوتنەوەی کوردایەتی، بۆ نمونە لەشۆڕشەکەی شەمزینان دا (*1880–1881*ع) کاتێك بێتوانایی رژێمی قاجار لەبەرەنگاربوون و لەناوبردنی شۆڕشەکە بۆ روسەکان ساغبووەوەو داوای یارمەتییان لێکرا، قەیسەری روس ئەو هەلەی قۆزتەوە، لەژێر فەرماندەی (ئالخازوف)دا لەشکرێکی نارد، شان بەشانی ئەویش قاجار کەوتنە هێرش و پەلامار.. قەیسەر بەوەشەوە نەوەستا، بەڵکو کەوتە هاندانی عوسمانییەکان، ئەوەبوو بەهێزی هەرسێ دەوڵەت، بێبەزەییانە کەوتنە لێدان و پەرەوازەکردنی شۆڕشگێران و لەناوبردنی جوڵانەوەکە ئەوەش شێخ عوبەیدوڵڵای ناچارکرد کە عەریزەیەکی سەد هەزار ئیمزایی کۆبکاتەوەو ئاڕاستەی دەوڵەتە گەورەکانی بکات تاچاری ئاوارەبووانی کورد بکەن.

لەساڵەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەشدا، روسەکان کەوتنە دڵدانەوەی کوردەکان، نیکۆلای دووەم جەعفەر ئاغای شکاك و عەبدولڕەزاق بەدرخان و سەید تەهای نەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای بانگ کرد (*1889*)و دیدەنییکردن وبەکۆمەڵێك دیارییەوە بەرێیانی کرد.

لەپەیمانی سایکس بیکۆشدا(*8*) روسەکان توانیان کوردستانی باکور بکەنە بەشی خۆیان.. سەرچاوەی ئەو سیاسەت و ناحەزایەتییەی روسەکان، زیاتر فراوانکردنی

سنورەکان، دەستگرتن بەسەر وڵاتو بازاڕەکان، نزیکبوونەوەو گەیشتنە ئاوەگەرمەکان، دەستگرتن بەسەر ناوچە ستراتیجییەکانو لێدانی دوژمنەکانیان بوو..بەڵام شۆڕشی ئۆکتۆبەر جارێکی تر ئەو هەلو دەرفەتەی بێئەنجام کرد، بەڵام بەشێك لەوانەو جارێکی تر دووەم جەنگی جیهان رەخساندییەوە، ئەوەبوو بۆ لێدانی نفوزی ئەڵمان لەئێرانداو بۆ مسۆگەرکردنی رێگەی لۆجستیکی بۆ هێزەکانی یەکێتی سۆڤیەت، دوای ئەوەی لەشکرەکانی هیتلەر پەیمانی دووقۆڵییان شکاندو بەشەپۆلی بەرفراوان، پەلاماری یەکێتی سۆڤیەتیان دا، دوای ئیـنزارکردنی شای ئێرانو هێزەکانی بریتانیاو یەکێتی سۆڤیەت زۆر لەناوچەکانی ئێرانیان داگیرکردو بارودۆخێکی نوێیان تێدا خولقا.

سیاسەتی ئیمپراتۆرییەتی بریتانیا روویەکی تری هەڵوێستی دەوڵەتە گەورە سەرمایەدارە ئیمپریالیستەکان بوو بەرامبەر بەکورد، بەتایبەتی لەو سەردەمانەوە کەدەوڵەتی عوسمانی لاوازو بێهێزکراو ناوی (پیاوە نەخۆشەکەی) لێنرا، کێشەی رۆژهەڵات بوو بەکێشەو ململانێی زلهێزەکان.. لەبەر گەلێك هۆی تایبەتی، ئینگلیزەکان بایەخیی زیاتریان بەجێگیرکردنی نفوزو دەسەڵاتی خۆیان ئەدا، لەپێش هەموویانەوە مسۆگەرکردنی پاراستنو ئارامیی رێگەوبانی بازرگانیی رووەو هیندستان کەبە(یاقوتی تاجی بریتانیا) ناودەبرا، چونکە گەورەترین بازاڕو مەڵبەندی کرێکاری هەرزانو لەشکرو کەرەسەی خاوبوو، بۆیە هەر لەزوویەکەوە گەریدەو پسپۆڕو شارەزاو ئەفسەرە سیاسییەکانی وەك: ماکدۆنالد کینیر، کلودیوس جیمس ریچ، فرایزەر، راولینسون، گروفی، شیل، ئینفورس، برانیت، فەرەنسیس رودن جزنیو دەیانیتر، کاری مەیدانییان دەکرد، هەندێك لەوانە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانیان تەیکردبوو، زانیارییەکی زۆریان لەباری کۆمەڵایەتییو سیاسییو ئایینیو ئابوریو جوگرافیو بازرگانیو رێگەوبانو کەرەسەی خاوو.. تاد کۆکردبۆوە، راوبۆچوونو راسپاردەکانی خۆیان دەگەیاندە حکومەتەکەیان، لەبەرتیشکیان دەکەوتنە سازکردنی پێوەندییو نزیك بوونەوە لەسەرەك هۆزو خێڵەکان.

ئەمانیش، لەپێناوی ئەو بەرژەوەندییانەدا سیاسەتی (مەمرەو مەژی)یان بەرامبەر دەوڵەتی عوسمانی گرتبووەبەر، هەر لەبەرهەمان ئەو هۆیانە لەدژی زیاتر لاوازکردنی

رژێمی ئێران بوون، لەدژی ئەو جوڵانەوانە دەوەستان کە روخاندنی ئەو دەوڵەتەی لێبەئەنجام بهاتایە. بۆ نمونە، کاتێك (یەزدان شێر) لەبۆتان و هەکاری (*1855*) لەناو ئاژاوەکانی شەڕی (قرم)دا کەوتە سەرکردایەتیکردنی جوڵانەوەیەکی بەرفراوان، بتلیس و موسڵ و زۆر لەناوچەکانی نێوان بەغداو وان-ی خستە ژێردەسەڵاتی خۆیەوە، دوای شکاندنی لەشکری تورك، بریتانیا کەوتە مەترسیی لەبەرژەوەندییەکانی و ئەوەی بەهەرەشە لەسەر نفوزو دەسەڵاتی خۆی دانا، بۆیە کەوتە پیلان دانان. (گرودسام) توانی یەزدان شێر لەخشتەبەری و لەخۆی نزیك بکاتەوە، بەبەڵێنی درۆ خۆی دابەدەستەوە [9] .. بەوەش جوڵانەوەکە نەهێڵراو زۆر لەسەرکردەکان دوورخرانەوە.

کاتێکیش ئەڵمانیا جێگە پێی خۆی قایم کردو گەڵێ ئیمتیازی وەرگرت، بریتانیا سیاسەتی خۆی گۆڕی و کەوتە نەخشەدانان بۆ روخاندنی (پیاوە نەخۆشەکە) بۆ دابەشکردنی میراتەکەی.

لەساڵانی یەکەم جەنگی جیهان و دواییتردا، جگە لەپەیمانی سایکس بیکۆ، بریتانیا کەوتە لەشکرکێشی و داگیرکردنی ناوچەو هەرێمەکانی سنوری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەرۆژهەڵات، لەوانە مسیۆپۆتامیاو دواییتر بێشەڕ کوردستانی باشوریشی داگیر کرد. هەرچەندە کورد یەکەم نەتەوە بوو کەدەوڵەتی خۆی دامەزراندو ئینگلیزەکان بەرەسمیی دانیان پێدانا، بەڵام ململانێیەکی دوورودرێژ لەنێوان کوردو ئینگلیزدا دەستی پێکرد. ویلایەتی موسڵ بوو بەکێشەیەکی رووداو وەرچەرخێنەر لەنێوان کوردو ئینگلیز، ئینگلیزو تورك، تورك و عەرەب، کۆنگرەی ئاشتیی لەپاریس کرا بەمەیدانێکی ئەو ململانێیە، پەیمانی سیڤر لەبەرژەوەندیی کوردو دواییتر پەیمانی لۆزان لەدژی کورد مۆرکران، هەرچەندە بەپێی پەیمانی سایکس پیکۆ، کوردستانی باشور بۆ فەرەنسا تەرخانکرابوو، بەڵام لوید جورج توانی کلیمەنسۆی سەرەك کۆماری فەرەنسا رازی بکات کەدەست بەرداری ئەو ناوچەیە بێت بەرامبەر بەهەندێ شارو ناوچە لەشام و دانانی بەشی فەرەنسە لەکۆمپانیای نەوتی تورکیا کەلەدواییدا ناوەکەی گۆڕا بۆ کۆمپانیای نەوتی عیراق.

پەیدابونی (کەمال ئەتاتورك) لەناو لەشکرێکی روخاوو دەوڵەتێکی پارچەپارچەکراو، شۆڕشی ئۆکتۆبەر (*1917*)و پاشەکشەی سۆڤییەتەکان لەجەنگ و

دەست بەرداربوون لەپەیمانی سایکس پیکۆ لەباکوری کوردستان، ئەو دەست بەرداربوونەی فەرەنسا لەکوردستانی باشور، سێ دیاردەو روداوی هێندە نامۆو چاوەڕواننەکرابوون کەمێژوی کوردستانیان بەبارێکی نائاساییدا وەرچەرخاندو سەرجەمی کارو پەیمان و روداوەکانی تریان بەدژی کورد ئاراستەکرد..بەتایبەتیی دوای ئەوەی ئەو ئەفسەرە سیاسییانەی ئینگلیز کەکارە سەرەکییەکانیان لەدەستدابوو، لەدژی دامەزراندنی دەوڵەتێك بوون بۆ کورد، هەرچەندە گەلێ ئەفسەری‌تر، دۆستانە لەگەڵ چارەسەری کێشەی کوردابوون، زۆر لەلێپرسراوو دام‌و دەزگا دەوڵەتییەکان داوای هێمنیی‌و لەسەرخۆ هەنگاونانیان ئەکرد، لەگەڵ ئەوانەشداو هەرچەندە حکومداریی‌و مەلیکایەتییەکەی شێخ مەحمود لەباشوری کوردستاندا بەسێ پلەدا گوزەریکرد *1918-1924*، دیسان شۆڕشی چەکداریی، لەماوەکانی نێوان هەردوو پلەیەکداو لەدوای روخاندنی دوا پلەی مەلیکایەتیی باشور، هەر بەردەوام بوو کەدوا پەردەی بەشەڕی ئاوباریك (ئایاری *1931*) کۆتایی هات.

ئەدمۆنز سەرکردەی ئەو رێبازە بوو کە لەدژی دامەزراندنی دەوڵەت بوو بۆ کورد، لەرونکردنەوەی هەڵوێستیدا ئەوەش روون دەکاتەوە کە:

(بۆ جارێکی‌تر کەپێشنیازی پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی لەشێوەی حوکمی‌زاتی‌دا کرا، لەسلێمانی‌و ناوچە کوردییەکانی نزیکیی‌دا هاتەکایەوە باری سەربازی زیاتر لەهی سیاسی سەپاندی بەسەر حکومەتی بەریتانیادا) "*10*".

لەدوای یەکەم جەنگی جیهان‌و رووداوەکانی هاوپێوەند بەمەشروتییەتەوە لەئێران ئەو بەشەی کوردستان بەگشتیی لەناو جۆرێك لەخامۆشی دەژیا، تا دووەم جەنگی جیهان‌و جێگیربوونی لەشکری سور لەهەندێ ناوچەی کوردستان کەئەوەش رۆشنبیرو نیشتمانپەروەرانی کوردی لەو بەشەدا جوڵاند، بەتایبەتی لەموکریان.. ئیتر ئەوە سەرەتای زەمینە خۆشکردن بوو بۆهەڵە مێژوویەکەو خوڵقاندنی ئەزمونەکەی مەهاباد.

دووەم جەنگی جیهان مەیدانێکی پان‌و بەرینی بۆ ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، رەخساند، وەك گەورەترین قودرەتی خاوەن تەکنیکی نوێ‌و لەشکرێکی پڕ چەك‌و بەهێزو ئابورییەکی لەبن نەهاتوو هاتە مەیدانەوە، بەیارمەتی هەمەجۆرو

بەلەشکری پۆشتەو پەرداخ و پرچەکەوە، یەکێك لەو مەڵبەدانەی کەهێزی سوپای خۆی تیادا چەسپاند ناوچەکانی خواروی ئێران بوو، هەروەك چۆن بایەخیی بەجێگەی ستراتیجی تورکیا ئەدا بەهەمان شێوە ئێرانیش بووبووە چەقی نەخشەی ئاییندە.. ئەوانەش نەك هەر بەهۆی نەوت و بازاڕو کەرەسەی خاوو ئەو جۆرە خواستانەوە بوو، بەڵکو ئابلۆقەدانی یەکێتی سۆڤیەت و وەستان بەرامبەر تەشەنەکردنی مەترسیی کۆمۆنیزم، یەکێك لەئامانجە ستراتیجییەکانی ئەمریکا بوو.. ئەوەبوو لەسەرەنجامدا وەك گەورەترین دەوڵەتی خاوەن قودرەت لەهەرێم و ناوچەکانیدا بوو بەخاوەن دەسەڵات و دەست بەسەراگرتنی ناوچە نەوتییەکان و مەڵبەندە ستراتیجییەکان.. بۆیە کوردایەتی لەو ناوچەیەدا لاوازو کەم جوڵە بوو، گۆڕانەکان بەو جۆرانە نەبوون کەگەشەکردنەکان ئاسایی و سروشتیی بن.. کۆمەڵگەی کوردەواری هەر بەدواکەوتوویی و هەژاریی و نەخوێندەواریی مایەوە.. لەبەرئەوانە لەسەردەمی جەمهوورییەتی کوردستاندا نەیتوانی رۆڵی کاریگەر لەچەسپاندن و بەرگریکردن لێی ببینێت، وەك لەدواییدا لەناو باسەکاندا روناکییان دەخەینەسەر.

پەراوێزو سەرچاوەکانی بەشی دووهەم

1–دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملۆ لە(کردستان والاکراد)دا ئەڵێت: رووبەری کوردستانی ئێران (*124950*) کیلۆمەتر چوارگۆشەیەو رووبەری گشتیی کوردستان (*409650*) کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، کردستان والاکراد، طبعة بیروت *1970* ص *12*.

2–چاڵدێران: دۆڵێکە نزیك شاری تەورێزە، تێیدا گەورەترین شەڕ لەنێوان هێزی سەفەویەکان و عوسمانییەکاندا رویدا، لەئەنجامیشدا عوسمانییەکان سەرکەوتن و پەیمانی چالدیران–یان سەپاند، شەڕو پەیمانەکەش هەر بەناوی ئەو دۆڵەوە بوو.

3–کەریم خانی زەند لەساڵی *1746*دا خواروی ئێرانی گرت، بەرەبەرە دەسەڵاتی خۆی دەچەسپاند، کەوتە لێدان و لەناوبردنی دوژمنەکانی، دوای ئەوەی زۆربەی زۆری ئازربایجان، ئەسفەهان، شیراز، عیراقی عەجەم، مازندەران و گیلان–ی گرت هەموو ئێرانی خستە ژێر رکێف و دەسەڵاتی خۆیەوە، بەدادپەروەری و عادیل و سوارچاکی ناوی دەرکرد، سوارچاك و زاناو زیرەك و دووربین و لێهاتوو بوو، لە *1774*ع دا کۆچی کردو ئێرانی بۆ کورەکانی بەجێهێشت. لەناو ناکۆکی و شەڕ لەسەر

دەسەڵات، باری وڵات تێکچوو، دوای لوتف عەلی خان 1790ع شەڕو ئاژاوە کۆتـایی بەحوکمی بنەماڵەی زەند هێنا کەریم خان ناوی خۆی نا وکیل الرعایا.

4-توودە: گۆڤاری رێکخـراوی شۆڕشـگێڕی حـیزبی تـوودەی ئـێران لـەدەرەوەی وڵات. ژمارە (19) ل 72.

5-دکتۆر عبدولڕەحمان قاسملو، سەرچاوەی ناوبراو، ل 150.

6-بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە، مـەحمود مـەلا عـززەت، دیپلۆماسیێتی بزوتنـەوەی کوردایەتی، سلێمانی 1973.

-د. عەبدولڕەحمان قاسملو، کردستان والاکراد، طبعة بیروت 1970.

7-دکتـور ن.ا، خـالفین، الصـراع علـی کردسـتان، ترجمـه الدکتـور احمـد عثمـان ابوبکر، طبعة بغداد 1969 ل 42.

8-پەیمانی سایکس پیکۆ، یەکێك بوو لەو پەیمانە نهێنییانـەی لـەنێوان بریتانیـاو فەرەنسا، دواییتریش روسیای قەیسەرییدا مۆرکرا (1916) پەیمانەکە بەناوی (مـارك سایکس)ی ئینگلیزیو (جۆرج پیکۆی) فەرەنسـی ناونرا، بەپێی بەشو بـەندەکانی ئـەو پەیمانـە، نیشـتمانی عـەرەب، بـاکورو باشـوری کوردسـتان لـەنێوان ئـەو سێ‌دەوڵەتەدا دابەشکرا، هـەموو باکوری کوردستان بەشـی روسیاو هـەموو باشـوری کوردسـتان بەشـی فەرەنسـە بـوو، گۆڕانـەکان لـەم پەیمانـەدا بـەهۆی پاشەکشـەی روسـیاوە بـوو دوای شۆڕشـی ئۆکتۆبـەر، ئـەوەش هـۆی گرنگیـی وەرچـەرخانی رووداوەکان بوو، کەسەرەنجام دوو ئیستیعماری دواکـەوتوو رەگەزپەرسـت جێگـەی ئـەو دوو ئیسـتیعمارە رۆژئاواییـەیان گرتـەوەو بـوون بەوەیشـومەی بـەردەوامیی داگـیرکردنو چەوسـاندنەوەو سـەپاندنی سیاسـەتی رەگەزپەرسـتانەی دژ بەنەتەوەی کورد.

9-البروفیسور ف.ف مینورسـکی (الاکـراد)، ترجمـه: الدکتـور معـروف خزنـەدار، طبعة بغداد 1968 ل 27.

10-سـی.جـی. ئیدمونـدز، کـرد وتـرك وعـرب، ترجمـه: جرجیـس فتـح الله، طبعة بغداد 1970 ل 60.

بەشی سێهەم

هۆو یارمەتیدەرەکانی بەهێزبوونی بزوتنەوەی کوردایەتیو دامەزراندنی جەمهوریەتی کوردستان

یەکەم :هۆو یارمەتیدەرە خۆییەکان.

دووەم: هۆو یارمەتیدەرە دەرەکییەکان.

دامـەزراندنی جەمهورییـەتی کوردسـتان لەناوچـەی موکریـان، یەکێکـە لـەڕوداوە گرنگ‌و هەستیارەکانی مێژوی نوێی نەتەوەی کورد، ئەم روداوە وەك هـەموو دیـاردەو گـۆڕان‌و هـەر روداوێکـی مێژویـی، بـەبێ پێشـەکی‌و زەمینـەی رەخسـاوو هـەندێ هەلومـەرجی یارمـەتیدەرو هۆکـاری خۆیـی‌و دەرەکـی نـەخولقا.. گـەلێك لـەهۆو یارمـەتیدەرەکان پێوەندیی راسـتەوخۆیان هەیـە بـەبارودۆخی نـاوخۆی کوردسـتان‌و بزوتنـەوەی نیشتمانیی کورد، هـەر وەك چۆن بارودۆخەکانی نـاو ئێران‌و ناوچەکـەو جیـهان، بەئاسـتی جیاجیـا، کـاری خۆیـان دەکـردە سـەر رووداوەکـان‌و خولقـانی هەلومـەرجی لـەدایکبوونی ئەزمونەکەهـەر وەك لەشـوێنی خۆیـدا باسـی رەوتـی گەشەکردنە کۆمەڵایەتییەکان‌و گوزەرانی نائاسایی پڕ لـەزوڵم‌و زۆرو چەوساندنەوەی گەلی کورد کرا ئەو داگیرکردن‌و چەوساندنەوەیەی کە کاریگەرییـەکی زۆریان کـردە سـەر کولتورەکـەی بـەڵام نـەیانتوانی خەسـڵەتە تایبەتییـەکانی کـورد وەك میللـەت بسڕنەوە، نەیانتوانی هەوڵ‌و کۆششی کورد یەك بخەن بۆ سەرفرازبوون لەو بارەو بۆ بەدەستهێنانی مافـەکانی لـەرزگاریی‌و دامـەزراندنی قـەوارەی دەوڵـەتیی خـۆی، وەك هـەموو گەلانی تـری ناوچەکە، هـەر هـەلێکی بـۆ هەڵکـەوتبێت کـەڵکی لێوەرگرتـووە، بەڕاپەڕینی چەکدارانە یان دامـەزراندنی میرنشـین‌و قـەوارەی کوردیـی، لەسـەردەمی نوێشدا بەدامەزراندنی دەوڵەت‌و حکومەتی خودموختاریی یان شۆڕشی چەکداریی.

لێرەشـدا زیـاتر رونـاکیی دەخەینەسـەر ئـەو هـۆو یارمـەتیدەرە خۆیـی‌و دەرەکییەکانـەی رۆڵیـان بینـی لەبوژاندنـەوەی کوردایـەتیی‌و دامـەزراندنی جەمهورییەتی کوردستان لەموکریانی کوردستانی ئێراندا.

یەکەم

هۆو یارمەتیدەرە خۆییەکان

-1-

بوونی نەتەوەی کوردو گەشانەوەی ناسیونالیزمی کوردی

لەسەر زاراوەی نەتەوە، قەوم، هۆز، رەگەز، ناسیۆنالیزم بەتێگەیشتنی سەردەمو مانا سیاسییەکان، گەلێك قسەکراوەو باس و لێکۆڵینەوە نوسراوە، چوونە ناو درێژەی ئەو باسانەو شیکردنەوەی هەر یەکێك لەو زاراوانە مەبەستی ئەم چەند دێڕە نییە، ئەوانە چەند باسێکی سەربەخۆو گرنگیان پێویستە* .. مەبەستی سەرەکیمان لێرەدا تێگەیشتەی نەتەوەیە بەمانا کۆن و کلاسیکییە بەکارهێنراوەکە کەپلەیەکی گوێزەرەوەیە لەنێوان نەتەوە بەواتا کۆن و ناسراوەکەی کەزیاتر نزیکە لەچەمکی رەگەز، وناسیۆنالیزمی نوێ بەو گۆڕانە سیاسییو شارستانییو دیموکراسییانەی بەسەر رەگەزو نەتەوەدا هاتوون و لەو تێگەیشتن و مانا نوێیەدا خۆی بینیوەتەوە.

وشەی نەتەوە: (*Nation*)ی ئینگلیزییو (الامە) عەرەبییو (نەتەوە)ی کوردیی لەتێگەیشتە زانستییو لێکدانەوە جیاجیاکاندا، گەلێ پێناسەی بۆ کراوە، پێدەچێ زۆر جار، داڕشتنەکانی هەریەکەو ئەوقکردنی پێناسەکە لەبازنەی بەرژەوەندییە سیاسییو جوگرافییو ئابوورییەکانی ناو دەوڵەتی نەتەوەی کاربەدەستەوە بوبێت، بۆ نمونە پێناسەی ستالینیزمیی بۆ نەتەوە لەناو بازنەی ستراتیجی ئاسایشی دەوڵەتە یەککگرتووەکانی یەکێتیی سۆڤییەتەوە بووە.. کەئەوەش گەورەترین ناکۆکیی لەناو هەم پێناسەکەو هەم نەخشەو سیاسەتی دەوڵەتدا بۆ مامەڵەو جۆری بەڕێوەبردنی نەتەوەو گەلان و کەمینەکانی ناو سنوری جەمهورییەتەکان خوڵقاند، روخانی یەکێتیی سۆڤیەت گەلێك نهێنیی لەو بابەت و سیاسەت و مامەڵانە خستەڕوو، دامەزراندنی جەمهورییەت بۆ دەیان نەتەوە، لەهەمان کاتدا رێککەوتنی رەگەزە

---

*مەحمود مەلا عززەت، ستراتیجێکی نەتەوەیی لەکوێوە دەستپێبکات، گۆڤاری رێبازی نوێ، ژمارە 21، کانونی یەکەمی 2000

*مەحمود مەلا عززەت، دەوڵەت و ناسیۆنالیزمی کوردی، گۆڤاری نوێکار ژمارە 3.

نەتەوەییەکان لەگەڵ یەکتری، نیشتەجێکردنی رەگەزی روس لەکۆمارەکانی بەلتیك و ئاسیای ناوەڕاست بۆ وابەستەکردنی میللەتانی ئەو وڵاتانە بەروسیاوە، وا مەحکەم پێرەوکران کەدوای ئەو لێکهەڵوەشانەی یەکێتی سۆڤیەت و سەربەخۆبوونی ئەو کۆمارانەش، نەتوانن سەربەخۆیی ئابوریی و سەربازیی تەواو بەدەست بهێنن.. لەگەڵ ئەوانەشدا پەرتوبڵاوەپێکردنی کەمایەتییەکان. بۆ نمونە: کوردو چیچانەکان، یەك روخساری رەگەزپەرستانەی ناو ئەو نیونەتەوەییەی رژێمە بەناو سۆسیالیستەکە بوون.

دیسان پێناسەی تیۆریست و ناسیۆنالیستە عەرەبەکان، دیمەنێکی تری لەو بابەتەی بەخۆوە گرتووە.. بەدەر لەوانەو نزیکتر لەپێناسە بابەتیی و زانستییانەکە بۆ کورد وەك هەموو نەتەوەیەکی‌تر، دەتوانرێت بنەماو مەرج و بنچینەکانی بوونی نەتەوە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دیاریبکرێن:

–بوونی کۆمەڵە خەڵکێکی نیشتەجێ و سەقامگیر لەناوچەیەك، وڵاتێك، کەماوەیەکی مێژوویی واپێکەوە ژیابن کەیەکگرتن و پێکەوە گرێدراوییەکی هەمەلایەنەی لەنێوان خەڵکەکەدا خولقاندبێت و یەکێتییەکی وای هێنابێتە ئاراوە کەئامادەبن بەرگریی لەخۆیان و جێگەو بەرژەوەندییەکانیان بکەن.

–بوونی زمانێکی یەکگرتوو کەئامرازی لەیەکگەیشتنی خەڵکەکە بێت، هەم لەژیانی رۆژانەو هەم لەئاڵوگۆڕی بیروڕاو ئاخاوتن.. زمان بڕبڕەی پشتی نەتەوەیە، هەرچەندە بۆچوونی وا هاتۆتە ئاراوە کەئەو گرنگییەی جاران نادەن بەزمان. بەهۆی گەلێك دیاردەی ئەم وڵات و ئەو وڵات. بوونی چەند شێوەو دیالێکتی جیاجیا، هەرچەندە کەم دوورییەکیش لەنێوانیاندا هەبێت، بەدیاردەیەکی ئاسایی دەدرێتە قەڵەم، لەگەڵ ئەوەشدا دروستبوونی زمانی یەکگرتوو لەنوسین و رێزمان و ئەدەبدا، روخسارێکی گرنگی خەمڵیویی نەتەوەو سەقامگیربوونی بنەماکانێتی.

–بوونی ئەرزو نیشتمانێکی تایبەتیی ئەوتۆ کەماوەیەکی وا بەسەر ژیانی دانیشتوانیدا تێپەڕبوبێت کەڕیشەی ئابوریی و هۆگریی کۆمەڵایەتیی و زەمینەیەکی سیاسیی و هاوئامانجی وای رەخساندبێت کەنەتوانرێت سیمای دیمۆگرافی بەئاسانیی تێکبدرێت و بێبەرەنگاربوون رەگەزی تری لەسەر نیشتەجێی‌بکرێت.. چونکە مێژوی ژیانی ئەو کۆمەڵە خەڵکە، هاو بەرژەوەندیی و چارەنووسێکی وا

دەهێنێتە ئاراوە کەنەتوانرێت بێبەربەرەکانی، گوشارو هێز لەیەکیان جیابکاتەوەو شورا لەنێوانیاندا دروست بکرێت، چونکە پەیوەندییە مێژوییەکان بەجوگرافیاو سەنگی مرۆڤ و تێهەڵکێشییەکان سەقامگیربوون.

—ئەو کۆمەڵە خەڵکەو هاوپێوەندیی بەنیشتمانەکەیەوە، خاوەنداریێتیی مێژوییەکی تایبەتیی وای خوڵقاندبێ کەهاوئامانج و بەرژەوەندیی یەکگرتوو، هاوسۆزو هەست و نەستی نیشتمانیی و نەتەوەیی وا پتەوو سەقامگیرکردبێت کەتێکڕا ببنە فاکتەری یەکگرتن لەدژی هەڕەشەکان.

—کەلتورو داب و نەریتی کۆمەڵایەتیی و خوورەوشت و رەفتار لەجلوبەرگ و بۆنە کۆمەڵایەتیی و نیشتمانییەکاندا، سیماو خەسڵەتە تایبەتییەکانی وا جێگیرکردبێت کەلەمیللەت و گەلانی تری جیابکاتەوە.

—بەرژەوەندییە ئابورییەکان فاکتەرێکی گرنگی یەکبوون و دروستبوونی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی خەڵکە، بەگشتیی و، هی چینە جیاجیاکانی کۆمەڵگا بەتایبەتیی، بەڵام ئەمە، ئەو بۆچوونە ناسەلمێنێت کەبوونی ئابوریی یەکگرتوو لەنێوان نیشتمانێکی پارچەپارچەکراودا بنەمایەکی دروستبوونی نەتەوە نەهێڵێت، بەتایبەتیی ئەگەر پێوەندییە سنورییەکان نەبووبنە هۆکاری دابڕانێکی وا کەکولتورو زمان و داب و نەریتە کۆمەڵایەتیی و ئامانجە نەتەوەییەکان وا لەیەك ترازابێت کەپێکەوەلکاندنیان زەحمەت بێت و خرابنە خانەی دروستبوونی گروپی جیاجیاو دوور لەیەك.

هەرچەندە کورد لەدێرزەمانەوە داگیرو دابەشکراو بووە، چەوساوەو زوڵملێکراو بووە، هەوڵێکی زۆر دراوە بۆ تواندنەوەو شێواندنی بنەماکانی وەك میللەت، بەتایبەتیی کولتورو زمان و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان.. لەگەڵ ئەوانەشدا، توانیویێتی خۆی و نیشتمانەکەی بەتایبەتێتییە جۆربەجۆرەکانەوە بپارێزێت و لەگەڵ گەل و نەتەوەکانی دراوسێی جیاوازبێت.. هەرچەندە نەیتوانیوە دەوڵەتی تایبەتیی بۆ خۆی دابمەزرێنێت، سەبارەت بەهۆی فاکتەرە زانراوەکان، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام لەکۆشش و خەباتی بێوچاندا بووە تا بگاتە ئامانجە مێژوییەکەی. هەرچەندە وزەو توانای جولانەوەی نیشتمانیی کورد لەکوردستانی رۆژهەلاتدا وەك باشوری کوردستان نەبووە، دیسان لەدوای یەکەم جەنگی جیهان وەك باکوریش نەبووە، بەڵام

خەڵکی کورد تایبەتێتییەکانی خۆیان پاراستووە، هەرچەندە بۆ زۆربەی زۆر، لەو سەردەمانەدا دەستبەرداری نیشتمانی خۆیان بوون و خۆیان بەئێرانیی و کوردی ئێرانیی داناوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ گەلانی تری ئێراندا خۆیان بەجیاوازو خاوەن تایبەتێتی لەقەڵەم داوە، هەر هەلێك بۆ ئەو بزوتنەوەیە رەخسابێت، هەوڵی بوون و سەلماندنی داوەو داوای مافی خۆی کردووە، بۆیە لەرەخسانی زەمینە نیمچەئازادەکەدا دوای هاتنە ناوەوەی لەشکری سور، بۆ سەمدانی خۆی، بوونی خۆی، هاتۆتە مەیدانەوەو، بۆ ئامانجەکانی خۆی خەباتی کردووەو، هەنگاوی بەرەو دامەزراندنی کۆمار ناوەو باوەشی بۆ کردۆتەوە.

-2-

راپەڕین و شۆڕشەکان لەدژی داگیرکردن و چەوساندنەوەو لە پێناوی رزگاریدا

لەبەرئەوەی کورد لەنێوان سێ نەتەوەی خاوەن قودرەتدابووە، کەرابوردوییەکی مێژوییی و لەقۆناغە جیاجیاکاندا خاوەنی ئیمپراتۆرێتی گەورەبوون، بۆیە هەمیشە مەڵبەندی شەڕو داگیرکردن بووە، ئەو هەلومەرجانەی بۆ نەرەخساوەو نەبۆتە خاوەنی هێزێکی وا کەدەوڵەتی خۆی دابمەزرێنێت و، هەمیشە چەوساوەی دەستی داگیرکەران بووە.

هیچ بوارێکی ئاشتییانەی لەبەردەمدا نەبووە تا، بەوتوێژ، داواو ئامانجەکانی بەدەستبهێنێت.. بۆیە بەناچاری رێگەی چەك و چەکداریی و راپەڕین و شۆڕشی چەکداریی گرتووە.. هەرچەندە لەو کاروانەدا دووچاری وێرانکاریی وڵات و کوشتاری زۆر هاتووە، دیسان ئەوانە هۆیەکی گرنگی خۆسەلماندن و گەشەکردنی بزووتنەوەی نیشتمانی بوون، دەیان میرنشین و راپەڕین و شۆڕش لاپەڕەکانی مێژوی کوردیان نەخشاندووە، بۆ نموونە: میرنشینەکانی ئەردەڵان، بابان، بۆتان، سۆران، بادینان، شۆڕشەکانی شەمزینان، شێخ مەحمودو حوکمداریی و مەلیکایەتییەکەی، شێخ سەعیدو دەرسیم و ئارارات و راپەڕینەکانی وان، بایەزید، بەهلول پاشاو یەزدانشێر.. تاد. لەناو ئەوانەشدا شۆڕشی شەمزینان و شۆڕشەکەی باشوری کوردستان بەسەرکردایەتیی شێخ مەحمودی بەرزنجی، شۆڕشی خاوەن خەسڵەتی نیشتمانیی و

ئامانجی نەتەوەیی و ستراتیجی و سیاسیی و سەربازیی بوون. دروشمەکانیان رزگاریی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد بووە، ئامانجەکان لەسنوری ناوچەگەریی دەرچووبوون و نەك هەر روخساری نەتەوەییان بەئاشکرا پێوە دیار بووە، بەڵکو راپەڕین و حوکمداریی و مەلیکایەتییەکی نەتەوەیی و نیشتمانیی بوون، کاریگەرییان لەسەر رەوتی گەشەکردنی کوردایەتی و دانیشتوانی زۆر ناوچەی کوردستان هەبووە. پێشینەیەکی باش بوو بۆ پێکهێنانی کۆڕو کۆمەڵی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی بەتایبەتی لەناوچەی موکریان و ناوەندە دەرکەوتووەکەی، مەهاباد.
پێوەندیی نیشتمانپەروەرانی موکریان بەشۆڕشی ئارارات و هاوکاریی چەکدارو خەڵکانی ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستانی ئێران لەگەڵ شێخ مەحمودو تێکەڵبونیان لەشەڕو لە رووبەڕووبوونەوەکاندا، رۆڵی خۆیان لەگەشانەوەی بیری نەتەوەیی و خەبات بۆ ئامانجەکان بەگشتیی بینیوەو هۆی یارمەتیدەری دامەزراندنی کۆمار بوون.

-3-

پێکهێنانی کۆڕو کۆمەڵ و حزبی سیاسیی بۆ سەرکردایەتیکردنی بزوتنەوەی نیشتمانیی

ئەزموونەکانی شەڕی چەکداریی بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجەکان، نوشستی و شکستییەکان و هۆیەکانیان، راپەڕینی سەردارو سەرەك خێڵە نیشتمانپەروەرەکان و تێکشکانەکان، گەلێك سەرەنجام و دەرس و پەندیان لێهەڵهێنجرا، لەپێش هەموویانەوە، نەبوونی ئامرازی یەکخستن و یەکێتیی ریزەکان بوو، نەبوونی رێکخراوو کۆمەڵی سیاسیی بوو، کەلەناو یەك رێکخستن و یەك سەرکردایەتیی و یەك ئامانج و دروشمدا جەماوەری گەل کۆبکرێتەوەو رووەو رێبازێکی روونی خەبات سازبدرێت، تا ببێتە ئامرازی هوشیارکردنەوەو بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاریی و سیاسیی.. کەتا رادەیەکی باش گۆڕانی چلۆنایەتی و چەندایەتییان لەریزەکانیان و لەبزوتنەوەی نیشتمانیدا کردووە کەسەرتۆپی ئەوانە لەدایکبوونی جەمهورییەتی کوردستان بوو رۆڵی بەتەئسیرو پڕ

لەکاریگـەری ژیـانی سیاسـیی ڕێکخراوەیـیو خـەباتی یـەکگرتووی خـەڵکانی نـاو ڕێکخـراوو کـۆڕو کۆمـەڵ کـە یارمـەتیدەری گەشـەو فراوانکردنـی بازنـەی خـەباتن، لەشوێنی خۆیدا بەدرێژی باس دەکرێت.

-4-

زۆربوونی چەك لەناوچەی موکریان بەهۆی لێکهەڵوەشانی ئەرتەشی شا

دوای جێگـیربوونی هێزەکـانی لەشـکری سـور لەناوچـەکانی سـەروی ئـێران، دەسـتپێکردنی جموجوڵی سیاسیی، داڕوخـانی دامو دەزگاکـانی دەوڵـەتی لەگـەلێك ناوچەدا، ئەرتەشی تاران دووچاری شپرزەییو حاڵینەبوون بوو لـەڕەوتی سیاسییو چارەنووسی رژێمی شا، بۆیە لەگەلێك شوێن سەربازەکان چەکیان فڕێ ئەداو گیانی خۆیان دەرباز ئەکرد. بەهۆی ئەو روخانو ئاژاوەیە لەو ناوچانەدا چەکێکی زۆر کەوتە دەست نیشتمانپەروەران، سەربازە کوردەکانیش بەچەکەکانیانـەوە دەگەڕانـەوە شارو شارۆچکەو دیهاتەکانیان، هـەندێکیان تا بیانتوانیایە چەکی تریشیان لەگەڵ خۆیان هـەڵدەگرت، تیرەو هۆزەکـانیش عـەودالی کۆکردنـەوەو کڕینـی چـەك بوون، بەتایبـەتی کوڕانـی عەشـایەر هــەر لەمنداڵییـەوە عاشـقی چـەكو چـەکداریی بـوون، ئیـتر گیـانی چـەکدارییو خولیـای بـەکارهێنانیان لەگـەڵ خواسـتی رزگـارییدا تێکـەڵ ئـەبوون، هەرچـەندە ئەم دیاردەی چەکدارییە بێزیـان نـەبوو، بـەڵام لـەلای دووەمـەوە هـەوڵی پارێزگـاریکردنی شـارەکان لـەڕاووڕوتی هـەندێ عەشـیرەتی چـاوچنۆك، پێویسـتی بەچەكو چەکدار هەبوو، سەرەنجامیش لەدامەزراندنی کۆمارو پارێزگاریکردنی رۆڵو کاریگەری خۆیان هەبوو.

-5-

بوونی کەسێتییەکی وەك پێشەوا قازی محەمەد

یەکخستنی سـەرەك هـۆزو خێڵـەکان لەیـەك بـەرەو دژ بەداگیرکـەر، کـارێکی ئاسـان نەبوو، کارێکی زەحمەتو پڕ لەگرێو گـۆڵ بـوو، بەتایبـەتیی دوژمنایەتیـەکی ئاشـکرا

لەنێوان چەندین تیرەو خێڵدا هەبوو، لەکۆمەڵگەی وا نەخوێندەوارو دواکەوتوودا گیانی تۆڵەو نەبوونی یاساو سەپاندنی حوکمی خێڵ باڵی بەسەر کوردەواریدا کێشا بوو، بۆیە هەر تەنها کەسێتییەکی بەناوبانگ و خۆشەویستو نیشتمانپەروەرو زیرەکی وەك قازی محەمەد دەیتوانی ئەوانە یەك بخاتو ئەوانیش ئامادەبن بەرابەریی ئەو کوردایەتیی بکەن.. لەبەشێکی تایبەتیدا بەدووروودرێژی قسە لەسەر رۆڵی پێشەوا ئەکەین، لەوێدا خەسڵەتە کۆمەڵایەتیو ئاینییو سیاسیی، ناسراوییو پلەو پایە تایبەتێکانی، خۆشەویستییو جێگەی لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا، پلەو توانای دارایی کەسەرچاوەی هەندێ هەنگاوی گرنگن کەپارەو پولیان پێویستە، رۆڵی لەسەردەمی سەرەك کۆماریدا... لەوێدا روناکیی دەخرێتە سەر ئەو لایەنانە... لەوێدا کەسێتیی پێشەوا باش دەردەکەوێ بۆیە توانیی ئەو رۆڵە گرنگە ببینێت.

-6-

رۆڵی شاعیرو نووسەرو روناکبیرو خوێندەوارو سەرەك خێڵە نیشتمانپەروەرەکان

هەر لەسەرەتای رەخسانی ئەو نیمچە ئازادییەی بەهۆی بوونی لەشکری سورەوە خولقا، شاعیرو رۆشنبیرانی مەهابادو دەوروبەری، نوسەرانو خوێندەواران کەوتنە چالاکییو وریاکردنەوەی جەماوەری کورد، گۆڤاری نیشتمانو بڵاوکراوەو بەیانەکانیتری کۆمەڵەی ژ.ك رۆڵێکی گرنگیان لەو مەیدانەدا بینی، حەماسەتی خەڵکیان دەجولاند، هەوڵی کۆکردنەوەی نیشتمانپەروەرانیان ئەدا لەدەوری کۆمەڵەو بڵاوکراوەکانی، دوای ئەمیش دامەزراندنی حزبی دیموکراتی کوردستانو بڵاوکردنەوەی رۆژنامەو گۆڤاری کوردستان، گەلێك نووسەرو شاعیرو خوێندەواریان لەدەور کۆبۆوە، بەشیعرو نوسینەکانیان رێنمایی خەڵکی شارو دێهاتیان ئەکرد.. هەرچەندە خوێندەوار کەم بوو دیسان ئەمان بڵاوکراوەکانیان بۆ نەخوێندەواران دەخوێندەوە. گۆڤاری نیشتمانو رۆژنامەو گۆڤاری کوردستان، هەڵاڵە، گڕوگاڵی منداڵانی کورد، هاواری کورد، بڵاوکراوەکانی وەك هاڵەکۆك نوسینو شیعری دەیان روناکبیرو شاعیریان تێدا بڵاوکراوەتەوە.

-7-

بۆشايى ئيدارىى و پێويستيى پڕكردنەوەى

داگيركردنى ئێران لەلايەن هێزەكانى بەريتانياو يەكێتى سوڤيەتەوە بونەهۆى خوڵقانى بۆشايى بەڕێوەبردن، ئەوەش لەسەرەنجامى رووداوەكانى جەنگ و شوێنەوارى زۆرانبازييەكان لەسەر بەرژەوەندييەكان و بەهۆى داڕوخانى دام و دەزگاى رژێمى شاوە بوو هەڵوەشانى زۆربەى دايەرەو دەزگاكانى دەوڵەت، بڵاوەلێكردنى ئەرتەش و راكردنى سەربازەكان، حاڵەتێكى وايان خوڵقاند كە جگە لە پەككەوتنى كاروبارى بەڕێوەبردن و هەڵنەوسورانى ئەركەكانى سەرشانى دەزگاكان، بەڵكو هەڕەشەيەكى جيديش لەسەر ئەمن و ئاسايشى مەهاباد خوڵقا، ئەوەش هاندەرێكى باش بوو بۆ جوڵاندن و هاندانى لێپرسراوان و دڵسۆزان بۆرێكەو شوێن دانان بۆ پاراستن و راگرتنى هێمنى و ئاسايش، بۆيە بەرپرسان كەوتنە تەگبير بۆ رێكخستنى كاروبارى ناوچەكەو پاراستنى لەكوشتن و تاڵانيى و شەڕى خێڵەكيى. قازى محەمەد يەكەم كەس بوو كەلەو مەيدانەدا رۆڵى خۆى بينى، گەلێ دام و دەزگا هێنرانە ئاراوە، هێزێكى چەكدار سازكراو ئاسايشى پێدەپارێزرا.. ئەم دەستپێشخەرييانە هەم تواناى كورديان لەخۆ بەڕێوەبردندا دەرخست، هەم بووە زەمينە بۆ دامەزراندنى جەمهورييەتى كوردستان.

-8-

رۆڵى رێكخراوو روناكبيرانى باشورى كوردستان لە پێكهێنانى رێكخراوو هاوكاريى سياسيى

حزبى هيواو لێپرسراوە سەرەكييەكانى كەكوردستانيى بيريان دەكردەوەو ئامانجى سەرەكييان يەكخستنەوەى كوردستان و دامەزراندنى دەوڵەتى نەتەوەيى

کورد بوو، پێوەندیی خۆیان لەگەڵ گەلێك لەرۆشنبیرو نیشتمانپەروەرانی بەشەکانی‌تری کوردستان سازکردبوو، بەتایبەتی لەگەڵ نیشتمانپەروەرانی کوردستانی رۆژهەڵات، لەوەش تایبەتیتی تر، لەگەڵ رۆشنبیرانی موکریان، پێوەندییە سیاسییەکان گەیشتنە ئەو ئاستەی کەهاوبەشیی بکەن لەپێکهێنانی کۆمەڵەی ژ.ك‌دا، ئاڵوگۆڕی بیروڕاو هاوکاریی رۆشنبیریی بەتایبەتیی لەمەیدانی چیرۆکی شانۆو شیعرو نوسین‌دا.. ئەو زەمینەیە پێوەندییەکانی وا لەبارکردبوو کە هەم هاوبەشیی لەدامەزراندنی ژ.ك-دا بکەن‌و هەم لقی ژ.ك لەکوردستانی باشوردا پێکبهێنن، لەبەوەڵەدبوونی کۆماردا زۆر لەرۆشنبیرو مامۆستاو ئەفسەران رووبکەنە موکریان، جگە لەوەی کەبارزانی‌و هێزەکەی، دوای شکستی راپەرینەکانی بارزان‌و ناچاربوون لەژێر پاڵەپەستۆو گوشاری هێزەکانی عیراق‌و هێزی ئاسمانیی ئینگلیز باشور جێبهێڵن‌و، رووبکەنە موکریان، ئیتر لەوێ رۆڵێکی گرنگیان لەپاراستنی کۆماردا بینی.

★ ★

★

دووههم

هۆو یارمهتیدهره دهرهکییهکان

بەپێی تیۆریو لێکدانەوە کلاسیکییەکان کەتا ئێستاش لای زۆر لەنووسەرو مێژونووسان دەوامی هەیە، هۆو فاکتەرە خۆییەکانی هەر ڕووداوێکی مێژویی بەسەرەکییو ڕێباز وەرچەرخێنەرو دەرەکییەکانیش بەناسەرەکییو لاوەکیی دانراون، ئیتر لەمەیدانی سەرکەوتندا بێ یان شکستییو ژێرکەوتن.

ڕەنگە ئەو بۆچوونو لێکدانەوانە بۆ هەندێ ڕووداوو دیاردە دروست بن، بەڵام نەك بۆ هەموو.. چونکە لەبارودۆخی هەڵکەوتەی ناو هەندێ ڕوداودا، هەلومەرجی وادێنە ئاراوە کەئەو بۆچوونە لەجێگەی خۆیدا ناهێڵێت، بگرە پێچەوانەشی دەکاتەوە.. ئەگەر نمونەی سەلمێنەری ئەو بۆچوونە لەسەرەنجامەکانی یەکەمو دووهەم جەنگی جیهانیی سەرنج لێبدەین، وا لەجیهانی ئەوروپاو ئاسیادا چەندین نمونە بەرچاو دەکەون ئەگەر هەر لەسنووری وڵاتەکەی خۆشماندا بۆ نمونەی سەلمێنەر بگەڕێین، وا ڕوداوەکانی کوردستانی باشور لەبەرچاومان قوت دەبنەوە.. بەتایبەتی پێکهێنانی حوکمدارییەکەی شێخ مەحمودی نەمر *1918/11/17* و ئینجا دوو پلەی‌تر لەمەلیکایەتییەکەی *1922–1924*، لەگەڵیاندا بەستنەوەی ئەو پارچەیەی کوردستان بەمیسۆپۆتامیاوە، پێکهێنانی ئەم عیراقەی ئێستا، کەراستەوخۆ دژ بەخواستو ئیرادەی گەلی کوردستانو دەوڵەتە شەرعییەکەیو سەرکردەکەی بووە، وا لەو پرۆسانەدا ڕۆڵی کاریگەری گەلێك لەئەفسەرە سیاسییەکانی ئینگلیزو لەدواییشدا دەوڵەتی بریتانیا، باش ڕووندەبنەوە کەچۆن هۆو یارمەتیدەری ڕاستەوخۆی ئەو ڕووداوانە، فاکتەری گرنگو سەرەکیی بوون، هەم لەدامەزراندنو ڕوخاندنی دەوڵەتەکەی باشورو هەم لەداگیرکردنی کوردستانی باشوورو سەپاندنی کولونیالیزمێکی دواکەوتوو وابەستە بەخۆی، بەسەر کوردستاندا.

ئەگەر لەوەشەوە بێینە سەر سەرنجدان لەڕوداوەکانی دووهەم جەنگی جیهانییو سەرەنجامەکانی، لەناوچەکەدا، وا ڕووداوەکانی ناو ئێرانو پێکهێنانی هەردوو کۆماری خودموختاری ئازربایجانو کوردستان دەکەونە بەرچاومان.

لەبەرئەوەی لەبەشەکانی‌تردا زۆرتر ڕوناکیی دەکەونەسەر ئەو لایەنانە بۆیە لێرەدا هۆو یارمەتیدەرە دەرەکییەکان بەکورتو پوختی باسدەکەین.

هۆیەکی گرنگ و سەرەکیی ناو ئەو هۆیانەی لەناو بازنە دەرەکییەکاندا دادەنرێن، کەلەراستیدا گەورەترین فاکتەری وەرچەرخێنەری رووداوەکان لەئەنجامیشدا دامەزراندنی جمهوورییەتی کوردستان، هاتنی لەشکری سوری سۆڤیەت بوو بۆ ناوچەکانی سەرووی ئێران بەناوچەی موکریانی کوردستانی ئێرانیشەوە، کەلەدواییدا، بوو بەهۆیەکی راستەوخۆی ململانێی زلهێزەکان و تەقەلایان بۆ ئەنجامدانی رێککەوتن و پەیمانەکان لەسەر ئێران، بەمەبەستی کشانەوەی لەشکری سوورو سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان و دروستکردنی شورایەك بۆ بەربەستکردنی کۆمۆنیزم و ئەوقکردنی سۆڤیەت لەو سنوورەیدا، ئینجا بۆ گەمارۆدانی هەمەلایەنە لەلایەك، وبۆ مسۆگەرکردنی دەست بەسەراگرتنی نەوت و بازاڕو ناوچەی ستراتیجی لەلای دووەم. لەوانەشەوە هەڕەشەو گوشارو مانۆڤری سیاسیی دەستی پێکرد..

لەگەڵ ئەوانەشدا گەلێك هۆی دەرەکیی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، کەم و زۆر کاریان لەسەر گەشانەوەی کوردایەتیی و لەدواییشدا پێکهێنانی جەمهوورییەتی کوردستان کرد، لەوانە:

جولانەوەو شۆڕش و راپەرینەکانی گەلان لەدژی داگیرکردن و چەوساندنەوەو لەپێناوی سەرفرازیی و دەوڵەتی سەربەخۆدا، لەناویاندا راپەرینی گەلی ئازەربایجان و لەدواییشدا دامەزراندنی کۆماری خودموختاری ئازربایجان بوو.

شۆڕشی ئۆکتۆبەرو بلاوبوونەوەی بیریی سۆسیالیستی، دەنگی ئازادیی و بلاوبوونەوەی هەواڵی زلهێزەکانی خۆرئاوا بۆ رزگاریی گەلان و بلاوبوونەوەی چواردە بەندەکەی ولسونی سەرەك کۆماری ئەمریکا، لەگەڵ پەیمان و بەڵێنەکانی بریتانیاو فەرەنسا بۆ سەرفرازیی گەلان، پەیمانی ئەتلەسیی و ئەوانەو بڕیاردانی مافی چارەی خۆنوسین و بەڵێنی سەرفرازیی و پاشان لەئەنجامی سەرکەوتنەکانی بەرەی دیموکراسیی لەدژی نازیزم و فاشیزم و گۆڕانە گەورەکان لەدنیاداو خولقاندنی دەیان قەوارەی نوێ و دەوڵەتی سەربەخۆ.. تاد. ئەوانەو چەند هۆیەکی تر، بونە سەرچاوەی خولقانی بیری ئازادیی و گەشانەوەی هوشیاریی سیاسیی و هاتنەکایەی کۆڕو کۆمەڵ بۆ خەبات لەپێناوی ئامانجەکانی گەلدا، دیسان زەمینە خۆشکەریش بوون بۆ بەرزکردنەوەی ورەو تەوژمی هیوا بەپاشەڕۆژ بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستانیش.

بەشی چوارەهەم

بەرەو دامەزراندنی کۆمەڵەو ڕێکخراوی سیاسیی لەکوردستانی ئێراندا

-کۆمەڵی ئیستخلاسی کوردستان.

-کۆمەڵی جیهاندانی.

-حزبی ئازادیخوازانی کوردستان، کۆمەڵی ئازادیخوازانی کوردستان.

-کۆمەڵەی ژ.ك

-حزبی دیموکراتی کوردستان

بەرەو دامەزراندنی
کۆمەڵەو ڕێکخراوی سیاسیی

پێویستیی دامەزراندنی کۆڕو کۆمەڵەو ڕێکخراوو حزبی سیاسیی لەسەرەنجامی پێداویستو گۆڕانەکانی ناو کۆمەڵەوە سەردەردەهێنن.. ئارەزوو خواستەکانی کۆمەلانی خەلك بەگشتیی، یان چینێکی گەشەکردوو، لەدەرەنجامی خواستو پێویستییە هەمەچەشنەکان بۆ سەرفرازبوون لەگوزەرانی خراپو چەوساندنەوەی کۆمەلایەتیی، سیاسیی، ئابوریی، نەتەوەیی، ئایینی، مەزەبی.. تالەهەستکردن بەزوڵمو زۆری ئەو لایەنانەو خواستی سەرفرازبوون لێیان دەخوڵقێنرێنو دەکرێنە ئامرازی خەباتو بەدیهێنەری داخوازییەکان.. تا لەگوزەرانێکی خراپو ژیانێکی دواکەوتووی ژێرباری چەوساندنەوەی نەتەوەییو کۆمەلایەتیی، کۆمەلانی خەلك سەرفرازبکرێو بگوێزرێنەوە بۆ مەلبەندێکی باشو پێشکەوتوانەتر.. لەوەشدا بەتەنها بوونی چەوساندنەوەو زوڵمو زۆرداریی بەس نییە، هەر تەنها هەستکردنیش بەوانە هەموو شتێك نییە، بەڵکو بیرکردنەوەو نەخشەدانان ڕووەو پێکهێنانی ئەو ئامرازی خەباتەش هۆی کاریگەرە، ئەوەش تەنها پابەندی ئەو هەستکردنە بەچەوساندنەوەو زوڵمو زۆردارییەوە نییە، هەرچەندە هۆیەکی گرنگو جوڵێنەرە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە خەڵکانی ڕۆشنبیرو نووسەرە نیشتمانپەروەرەکان حزوریان هەبێت، چونکە پێش هەمووان بیروبیرۆکەیان لا دەخوڵقێو زووتر دەرك دەکەن بەرێگەو شێوەی سەرفرازبوونو پێویستیی پێکهێنانی ئامرازی خەباتو خوڵقانی زەمینەی دەستپێکردنی کاروانەکە، بۆیە دەبنە ناوکی چالاکیو سەنتەری کۆکردنەوەی نیشتمانپەروەران لەدەوری، دەبنە خاوەنی بیری پێکهێنانی ئامرازو دارشتنی دروشمو داخوازییەکانو دیارکردنی ڕێگەو شێوەی خەباتو بلاوکردنەوەی هوشیاریی سیاسیی، بەو پێیەی کەلەرێکخراوو کۆڕو کۆمەلی خوڵقاودا، کۆمەلە خەلکێکی خاوەن داخوازییو دروشمی هاوبەشو ئامانجی سیاسییو کۆمەلایەتییو نیشتمانیو نەتەوەیی نزیك لەیەك، یەکدەگرنو دەبنە خاوەن ئیرادەیەکی یەکگرتوو بۆ گەیشتنە داواو دروشمو ئامانجە دەستنیشانکراوەکانیان، لەوناوكو سەنتەرەوە خواستو ئیرادەی کۆمەلانی خەلك یەکدەخرێو کۆدەکرێنەوەو لەسەر ڕێبازی

خەبات و لەناو کاروانی بزوتنەوەی نیشتمانیی و رووەو ئامانجەکانیان سەرکردایەتی دەکرێن.

هەرچەندە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا رۆژهەڵاتی کوردستان جموجوڵێکی سیاسیی و چالاکییەکی ئەوتۆی لەو مەیدانەدا بەخۆوە نەبینی، پێکهێنانی کۆڕو رێکخراوی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی وانەبوو کەلەسەر شانۆی رووداوەکان رۆڵێ ببینێ، سەبارەت بەگەڵێ هۆ کەلەپێش هەموویانەوە داگیرکردن و چەوساندنەوەو هەژاریی و نەخوێندەواریی و خامۆشبوونی هوشیاریی سیاسیی و هەست و نەستی نەتەوەیی بوون.. لەگەڵ ئەوانەشداو لەبەر خودی ئەو دیاردانە، بەشە هەڵبژاردەو روناکبیرەکە کاری کرابووەسەر، بەپێی هەلومەرج و بارودۆخەکانی ئەو سەردەمە هوشیاربووەوە.

کۆمەڵی ئیستخلاسی کوردستان

بۆیە (بەر لەشەڕو لەساڵەکانی شەڕدا لەم بەشەی کوردستاندا کۆمەڵی "ئیستخلاصی کوردستان" بەگەرمی کەوتبووە خۆو دروشمی یەکگرتنی کوردو سەربەخۆیی کوردستانی بەرزکردبۆوە) [1].

ئەوەش گۆڕانێکی چاوێنی بوو لەچالاکیی سیاسیی و هەوڵی سازکردنی رێکخراوی بیر نەتەوەیی کەدروشمی یەکگرتن و سەربەخۆیی بەرزبکاتەوە، ئەم بیرو چالاکی و ئامانجە هەم بەسنووررو هەم لەناو تاقمێکی بچووك لەخەڵکانی رووناکبیرو نیشتمانپەروەردابوو کەنەیدەتوانی کار لەرەوتی رووداوەکان بکات. هۆی سەرەکیی ئەوەش هەر لەبەر ئەو پێکهاتەو ئەو بەسنوریی و خەسڵەتەکانی تری رێکخراوەکە نەبوو، بەڵکو بارودۆخ و ئاستیی گەشەکردیی کۆمەڵگەی کوردەواریی و هەلومەرجە ناسروشتیی و نائاساییەکان، تا ئەو رۆژگارە، بواری کاری لەگەورەتریان نەدەدا، ئاسان کاریان تێنەدەکرا...

کۆمەڵی جیهاندانی

بەڵام بیرو خواستەکەی کۆمەڵی ئیستیخلاسیی کوردستان ژیاو لەناو قاوغێکی تەسکدا بەردەوام بوو، بۆیە (هەر لەو دەروبەرەش دا ساڵی *1912* کۆمەڵی "جیهاندانی" لەکوردستانی ئێران دامەزرێنرا، ئەم کۆمەڵە دەیویست خەباتی کورد بەرێبازێکی راستدا بەرێ لەچوارچێوەیەکی یەکگرتوودا کۆی بکاتەوە) [2].

ئەو جموجوڵو هوشیاریو چالاکییانە تاقمێ لەروناکبیرانی ناو ئەو کۆمەڵانەی تێکەڵ بەبزوتنەوەی (مەشروتییەت) کرد، هەرچەندە ئەوە دیاردەیەکی پۆسەتیڤ بوو لەچالاکیی سیاسیی، بەڵام لەسەرێکی ترەوە بووەهۆی وەرچەرخانی دروشمو ئامانجە کوردستانییەکە بەرەو ئێرانیکردن، لەسەر چالاکییەکانی ئەو سەردەمە دوکتۆر سەید عەزیز شەمزینی نوسیوێتیو ئەڵێ:

"رۆڵەکانی کوردستان هاوبەش بوون لەجوڵانەوەی (مەشروتییەت)، شۆرشی *1905-1911* لەئێران داو دروستکردنی (ئەنجومەن)ی شۆرشگێر لەشارەکانی مەهابادو سنەو سەقزو کرماشان بۆ بەرگریی لەشۆرشی ئێران" [2].

شان بەشانی پێکهێنانی کۆرو کۆمەڵەی سیاسیی و وەك كارێكی بەستراوو تەواوکەری مەبەستەکان لەو رێکخراوانە، چاپخانەو چاپو چاپەمەنیو بڵاوکراوە، هۆی گرنگن بۆ بڵاوکردنەوەی هوشیاریی سیاسییو ئامانجەکانی رێکخراوە سیاسییەکەو سوودو دەستکەوتەکانی لێیان.. ئەوانە هۆکارێکی گرنگن بۆ پەروەردەی سیاسییو قوڵکردنی هەستو نەستی نەتەوەییو هاندانی خەڵك بۆ هاوبەشیکردن لەخەبات، بۆیە روناکبیری هوشیارو نیشتمانپەروەر کەلەو سەروبەندانەدازۆر نەبوون، دەرکیان بەرۆڵی چاپەمەنیو بڵاوکراوە کردووەو کەوتوونە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی چاپخانەو چاپو دەرکردنی بڵاوکراوە.

".. لەم سەردەمەدا عەبدولرەزاق بەدرخان لەساڵی *1913*دا لەشاری خۆی کۆمەڵێکی رۆشنبیریی دامەزراندو نیازی بوو چاپخانەیەکیشی بۆ دابنێو رۆژنامەیەکیش بەو ناوەوە دەربکاو لەژێر سەرپەرشتیی ئەودا قوتابخانەیەکیش بکاتەوە. هەنگاوی هەرە گەورەو پڕ مانای ئەم کۆمەڵە بریتیبوو لەکردنەوەی یەکەم

فێرگە (قوتابخانە)ی کوردیی لەشاری (خۆی) بەپارەی کۆکراوەی دانیشتوانی ناوچەکە خۆیان.. ."[3].

بوژاندنەوەی فۆلکلۆرو دابە کۆمەڵایەتییەکان، گەشەکردن بەزمان و ئەدەب و نوسینەوەی مێژوو، کارێکی گرنگ و کاریگەری تری ئەو مەیدانانە بوو.. زمانی نەتەوە بەتایبەتی لەو سەردەمانەدا، تاکە ئامرازی لەیەکگەیشتن و ئاخاوتن و گەیاندنی بیروباوەڕو مەبەستەکان بو بەکۆمەڵانی خەڵکی، بۆ ئەم لایەنە دیسان بەدرخانییەکان پێشەنگ بوون.

"لەشوباتی *1913*دا عەبدولڕەزاق بەدرخان لەڕێگەی وەکیلی کونسولی روسەوە لە(خۆی) داوای لەروسیا کرد رۆژهەڵات و کوردناسی بەناوبانگ ئۆربیلی بنێرێ بۆ کوردستان بۆ دانانی رێزمان و فەرهەنگ بەزمانی کوردیو وەرگێڕانی بەرهەمی ئەدەبی روس بۆ سەر زمانی کوردیو هەروەها داواشی کرد بەشێکی کوردی لەدەزگای رۆژهەڵاتناسی پترۆگراد دابمەزرێنن کەلەبیری ئەو دەبوو یەکەم فرمانی بریتیبێ لەدانانی (ئەلف وبێ)ی روسی."[4]. ئەو رۆڵەی بەدرخانییەکان درێژەی یەکەم هەوڵی سەرکەوتووی دەرکردنی رۆژنامەی کوردستان بوو کە میقداد بەدرخان لە *22-4-1898*دا لەقاهیرە یەکەم ژمارەی بڵاوکردەوە.

جوڵانەوەی سمایل خانی سمکۆ جگە لەوەی رۆڵێکی باشی بینی لەبڵاوکردنەوەی هۆش و هەستیی نەتەوەیی، بەهۆی ئەوەوە کەداخوازییە نەتەوەییەکان و سەربەخۆیی، ئامانجی سەرەکیی سمکۆ بوو، سەردانەکەشی بۆ دەوڵەتەکەی باشوری کوردستان و ئەو پێشوازییە گەورەیەی لەسلێمانی لێیکرا، تا رادەیەکی باش خەڵکی کوردی ووریاکردەوە.. چاپکردن و بڵاوکردنەوەی رۆژی کوردو تاریکستانی عەجەم (*1921*)و رۆژنامەی کوردستان-یش لەشاری ورمێ (*1922*) هۆیەکی تری بوژاندنەوەی گیانی نیشتمانپەروەریی بوو، جگە لەوەی کەکارێکی لەو جۆرە، ئاستیی بەتەنگەوەهاتنی سمکۆ دەرئەخات لەمەیدانی رۆژنامەگەریی و ئاستی تێگەیشتنی ئەو لایەنە گرنگانە*.

---

* سەردانەکەی مستەفا پاشا یامولکی بۆ لای سمایل خانی سمکۆو بڵاوکردنەوەی ئەو دیدارەو پرسیارو وەڵامەکان، زیرەکیی سمکۆو ئامانج و خواستە نەتەوەییەکانی ئەو دەردەخەن. بڕوانە گۆڤاری مامۆستای کورد، ژمارە (8).

بەو جۆرە، وردە وردە سەنگی لەخۆگەیشتن و رۆڵی لەجوڵانەوەی نیشتمانیدا باشتر دەرئەکەوت، گەشەکردنە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان و ژیانی سیاسیی و روناکبیریی باشتر دەبوون و خەڵکی رۆشنبیرو نیشتمانپەروەر لەیەك نزیك ئەبوونەوەو دەکەوتنە ئاخاوتن و مشتومڕی سیاسیی و پێوەندییکردن بەروناکبیرانی پارچەکانی تری کوردستانەوە، هۆشیی سیاسیی زیاتر دەگەشاوە، هەرچەندە لەناو گروپێکی بچوکی روناکبیراندا بوو:

"لەساڵەکانی 1927-1930دا، کۆمەڵێکی زۆر بچوکی سیاسی کورد دامەزرابوو، کەلەگەڵ راپەڕینی (ئارارات)و (خۆیبون) پەیوەندی هەبوەو لەگەڵ کوردستانی عیراقیش جاروبار پەیوەندی رادەگرت، ئەوانەی لەبەرپۆوەبەرایەتی ئەم کۆمەڵە بچوکەدا ناسرابن، بریتیبوون لە: (قازی محەمەدی شەهید، شێخ ئەحمەدی سیربلادا، قازی کاکە حەمەی بۆکان "مەلا محەمەد سادقی قزڵجی"، مەلا ئەحمەدی فەوزی" [5].

هەیە دەڵێ قازی محەمەدو سەیف-ی قازی و چەند روناکبیرێکی تریش لەمەهابادو دەوروبەری ئامادەبوون، ناوی کۆمەڵەش (کۆمەڵەی ژیانەوە) بووە. ئامانجی سەرەکیی کۆمەڵەکە پاراستن و پەرەپێدانی زمان و ئەدەبی کوردی بوو، کتێب و رۆژنامە کەلەسلێمانیی کوردستانی عیراقەوە دەنێردرا لەنێو ئەندامەکانیدا ئەم دەست و ئەو دەستی دەکرد.

ئەم کۆمەڵە لەقاوغێکی تەسکی کارو فرماندا مایەوەو نەیتوانیی ببێتە رێکخراوێکی جەماوەریی، بۆیە نەشیتوانی رۆڵێکی دیاریکراو ببینێ و جێگەی خۆی لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا بکاتەوە، نەیتوانی گەشە بکات، هۆی سەرەکیی ئەو دیاردەیە دیسان نەخوێندەواریی و هەژاریی بوو، کۆمەڵگەیەك کەلەو سەردەمەدا نەخوێندەواریی لەئاستێکی زۆر ترسناکدا بووبێت، رەنگە لەسەدا نەوەدو پێنج زیاتر نەخوێندەوار بووبێت، دەی چی پێشبینیەك لەکۆمەڵگەی وا دەکرێ..

دواییتر بەرەو لاوازیی و هەست بەجوڵەنەکردن و بەرەو نەمان و لەبیرچوونەوە گوزەری دەکرد.بەڵام روناکبیرو نیشتمانپەروەرەکان کەوتنە سەر رێبازی پێکهێنانی رێکخستنی کارامەو باشتر تا سەرەنجام، کۆمەڵی ئازادیخوازانی کوردستان پێکهێنرا.

کۆمەڵی ئازادیخوازانی کورد

ئەدەب بەگشتییو شیعرو شاعیران بەتایبەتی ئامرازێکی گرنگی روناکبیرو نیشتمانپەروەران بووە بۆ خەبات لەدژی داگیرکردنو چەوساندنەوە، رێگەیەکی کاریگەربووە بۆ هاندانو وورریاکردنەوەی کۆمەلانی خەڵك.. زیاتر لەوەش کۆڕوکۆبوونەوەی شیعریی، هەر لەکۆنەوە رۆڵی خۆیان بینیوە لەکۆکردنەوەی شیعرو ئەدەب دۆستان، لەو کۆڕو کۆبوونەوانەدا شیعر هاندەرێکی باشو هەژێنەرێکی چاوێنیی حەماسی خەڵك بووە، شێوەیەك بووە بۆ چاندنی تۆوی نیشتمانپەروەییو بزواندنی هەستی دڵسۆزانەی خەڵك.

هێمنی شاعیرو نیشتمانپەروەر، سەردەمی پێش پێکهێنانی کۆمەڵەی ژ.ك بەم جۆرە باسدەکات:

".. جێگایەکی تریش هەبوو کەناکرێ ناوی بێنم، ئەو جێگایە مەکۆی ئەو لاوانە بوو کەهەوای نیشتمانپەروەریان کەوتبووەسەر، زەبیحیو رەسولو میکاییلیو قزلجیو نانەوازادەو ئیلاهیو سەیدیو زۆر کەسیترم لەوێ ناسین.. ئەو رەفیقانە کۆڕی ئەدەبی بچوکی کوردیان پێك هێناو بەنهێنی شیعری کوردییان دەخوێندەوە.. چەند شاعیریش هەبوون بەنهێنی شیعری خۆیان بلاودەکردەوە.. بەتایبەتی شیعرەکانی سەیفی قازی..ئاگریان دەکردەوە" [(6)].

لەگەڵ ئەو چالاکییە بەسودانەدا، روناکبیران لەو چالاکییە بەسنوورەوە، هەوڵی بلاوکردنەوەی بیری نیشتمانپەروەرییو تێندێنسی رزگاریخوازیان ئەدا، خولیا دۆزینەوەی رێگەیەك بوون کەرۆڵی خۆیان لەناو خەڵکدا ببینن.. لەناو ئەو چالاکییو بیروبۆچوونانەدا دیسان بیری پێکهێنانی کۆڕو کۆمەڵی سیاسییان لا گەلاڵە بوو.

لەسەرەتای ساڵی *1938*دا کۆمەڵێکی سیاسیی پێکهێنرا ناوەندیی ئەو رێکخراوە سیاسییە خاوەن ئامانجە نەتەوەییە، ناوچەی موکریانی کوردستانی ئێران بوو، وەك باس دەکرێ لەدامەزرێنەرە دەرکەوتووەکانی ئەم کۆمەڵەیە: مەلا عەبدولای داودی،(مەلا حەجۆ)، حسەین فروهەر، عەبدولرەحمان زبیحیو بەرابەریی عەزیز مەلازەند.. کۆمەڵەکە نێوی (کۆمەڵی ئازادیخوازانی کوردستان) بووە.

ئەم ڕێکخراوە نوێیەی بوو بەچەقی بیرکردنەوەو مشتومڕی روناکبیرانی کۆتایی سییەکانی سەدەی بیستەم، بەدوو جۆر ناوبراوە:

-کۆمەڵەی ئازادیخوازی کوردستان.

-کۆمەڵی ئازادیخوازانی کورد.

سەرنجڕاکێشەر لەمێژووی ئەم ڕێکخراوە ئەوەیە، جگە لەو نوسینەی بەندە کەلەچاپی یەکەمو دووهەمی کۆماری میللی مەهابادا بڵاوکرایەوە (1984و1986) بەدەگمەن بەسەرکراوەتەوەو زۆر کەم لەسەری نوسراوە. لەو نوسینە دەگمەنانە کتێبی -کوردستان والحرکة القومیة الکردیة- جەلال تاڵەبانی-یە کەلەو رووەوە دەڵێت: لەساڵەکانی 1939-1942دا ڕێکخراوێکی بچکۆلە بەناوی (حزبی ئازادیخوازانی کوردستان)ەوە بەڕابەری دکتۆر (عەزیز زەندی) کاری کرد، کەئەم ڕێکخراوە هیچ پرۆگرامو بڵاوکراوەیەکی بەجێنەهێشت تەنها بڵاوکراوەیەك نەبێت، کەئەویش بەبۆنەی هاتنی لەشکری سوورەوە بۆ باکوری ئێران بڵاوکرایەوە کەتێیدا خۆشحاڵی خۆی بەرامبەر هاتنی لەشکری سوور دەربڕیوەو داوای مافی چارەنووسی بۆ گەلی کورد لەئێران کردووە.

لەگەڵ ئەو نووسینەدا مام جەلال هەندێ زانیاری گرنگی دیکەشی سەبارەت بەو حزبە تۆمار کردووە.

دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد لە(دراسات فی تاریخ التراث الحدیث والمعاصر) هەندێ زانیاری لەسەر ئەو ڕێکخراوە تۆمار کردووە.

هێمنی شاعیر زۆر بەکورتیو تەنها لەیەك دێڕدا ئاماژە بۆ ئەو حزبە دەکات.

دیسان عەبدولڕەحمان زەبیحی لەهەندێ نووسیندا ئاماژەی بۆ حزبی ئازادیخوازانی کوردستان کردووە.

تائێستا زانیارییەکی ئەوتۆ دەربارەی کۆمەڵەکە دەستنەکەوتووە کەئایا خاوەنی پێڕەوو پرۆگرامو بەرنامەو گۆڤار یان بڵاوکراوە بووە یاننە..؟ دەبێ ڕێکخراوەکە بناغەیەکی پتەوو ڕێکخستنێکی نوێی وای نەبووبێ کەتوانای ئەنجامدانی کاری لەو بابەتانەی هەبووبێ. لەگەڵ ئەوانەشدا ئەو کۆمەڵەیە بەسەرەتای ڕێکخستنێکی نوێتر لەوانەی پێشوو دادەنرێ.. هەروەك هاوبەشانی کۆمەڵە لەقسەوباسو گفتوگۆکانیاندا

باسی دەکەن. ئامانجی سەرەکیی ڕێکخراوەکە نەتەوەیی بووە، لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە پێشکەوتووانەتر بوو، باسی ڕزگاریی کورد دەکرا.

لەسەرەتای پێکهێنانی کۆمەڵی ئازادیخوازانی کوردستان، چالاکییەکانی بەسنوور بوون، چونکە سنوری ڕێکخستنی بەرتەسك بوو.. . بەڵام کەلەشکری سور، گەیشتە ناوچەکانی سەروی ئێران، ناوچەی موکریانیش بوو بەشێك لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەو لەشکرە، چالاکییەکانی ڕێکخراوەکە زیاتر ئاشکرابوو.. یەکێك لەهەنگاوە گرنگەکانی کۆتایی سییەکانی سەدەی بیستەمیش بوو کەحزبی تودەی ئێران لەهەندێ شاروشارۆچکە لەکوردستاندا ڕێکخستنی خۆی پێکهێناو کەوتە بەبەرەکانیی بیری نەتەوەیی کوردیی‌و بزوتنەوەی کوردایەتیی.

ئەڵێن حزبی ئازادیخوازانی کوردستان کەلەهەندێ شوێندا بە"کۆمەڵی ئازادیخوازانی کوردستان" ناوبرا بوو، لەمانگی حوزەیرانی ساڵی *1938* لەشاری مەهاباد لەلایەن: عەزیز زەندی کە بەدوکتور عەزیزی زەندیو عەزیز ئاڵمانیش ناسرا بوو. مەلای داودی، عەبدولڕەحمان زەبیحی، حوسێن فروهەر (حوسێن ڕەزگەری)، محەمەدی نانەوازادەو چەند روناکبیرو ئازادیخوازێکی دیکەی ئەو دەمی کوردستانی ئێران‌و ناوچەی موکریانەوە دامەزرێنرا، عەزیز زەندی بەسەرۆکی حزبەکە داندرا.*

ئەم حزبە، هەرچەندە ئامانجی نەتەوەیی بووەو پێوەندیی بەروناکبیرانی پارچەکانیترەوە هەبووە، بەتایبەتی باشور، بەڵام زیاتر لەژێر تەئسیری حزبی تودەدا بوو، پێی وابوو کەپشتیوانیی سۆڤیەت بۆ کورد مەرجی سەرەکیی بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانە، پێدەچێ گوشاری حزبی ئەرمەن‌و ئازەر کاری خۆیان کردبێتەسەر ڕێبازیی ئەم ڕێکخراوە. هەر لەو سەردەمانەدا بڵاوکراوەو گۆڤارو ڕۆژنامەکانی گەلاوێژ، ژین، ژیان، هاوار، دەگەیشتنە موکریان.

ئەم حزبە لەگەڵ حزبی هیوادا پێوەندیی‌و هاوکارییان هەبوو، بەتایبەتی دوای داگیرکردنی ناوچەکانی سەروی ئێران لەلایەن لەشکری سوورەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانیی پەرە بەچالاکیی‌و ڕێکخستنەکانی خۆی بدات، لەوەش زیاتر بیرۆکەی پێکهێنانی ڕێکخراوێکی نوێ لەمێشکی هەندێ لەروناکبیراندا

---

* بڕوانە ئاوڕدانەوەیەك لەحزبی ئازادیخوازانی کوردستان، ئاڵای ئازادی ژمارەی ڕۆژی 10/12/1995.

چەکەرەی کردبوو، بەرە بەرەش زۆربەی ئەندامە چالاکەکانیش هاوبەشدەبوون لەو بۆچوون و هەوڵە نوێیانە، لەدامەزراندنی کۆمەڵەی ژ.ك.

یەکێك لە چالاکییەکانی کۆمەڵەی ئازادیخوازان، بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەك بوو کەتێیدا پێخۆشحاڵیی خۆی لەهاتنی لەشکری سور دەربڕیبوو، لەوێدا مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردی دەستنیشان کردبوو، تێیدا داوای لەیەکێتی سۆڤیەت کردبوو کەیارمەتیی کورد بداتو دەستگیریی بکات تا مافە ڕەواکانی بەدی دەهێنێ.
زیاتر لەوە، بەپێی قەبارەو سنوری چالاکیی ئەم کۆمەڵەو بەپێی بچوکیی و کەمی بنکەی جەماوەریی، تاڕادەیەك کاری خۆی کردەسەر بەشێ لەجەماوەر، با تەسك و کەم مەوداش بووبێت، کاری کردەسەر بوژاندنەوەی بیروهۆشی نەتەوەیی و هەستی نیشتمانپەروەریی و گیانی تێکۆشان.. لەوانەش گرنگتر هەر ئەم ڕێکخراوەو ڕۆڵە چالاکەکانی ناو ئەم کۆمەڵەیە بوو کەبوون بەهەوێنی پێکهێنانی کۆمەڵەی ژ.ك.

هەرچی چۆنێك بێت ئەم ڕێکخراوە، بەپێی بارودۆخی ئەو سەردەمانەی کوردو بزوتنەوەی کوردایەتی، هەر ئەم کۆمەڵی ئازادیخوازانە بوو کەبوو بەهەنگاوێك بۆ بەرەوپێشەوەچوون لەژیانی ڕێکخراوەیی سیاسیدا، لەگەڵ ئەوەدا دەگوترێت کە(حزبێکیش بەناوی حزبی ئازادی بەبەرنامەیەکی چەپیەوە سەری هەڵداو نەژیا.. "7".

بەڵام جوڵێنەرو روناکیی ڕێگەی گۆڕانەکانی ئایندە بوو، ئەندامەکانی ئەم ڕێکخراوە بوو کەرۆڵی خۆیان بۆ گۆڕانێکی لەبارو گەورەتر بینی. ئەوەش دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ.ك بوو.

کۆمەڵەی ژ.ك

هەرچەندە حزبی هیوا رۆڵێکی چاوێنی بینی لەرێنماییکردنی روناکبیرانی کوردستانی ئێران، بەتایبەتی لەناوچەی موکریان، بەهاندانیان بۆ پێکهێنانی رێکخراوێکی نوێو سەردەمو گونجاو لەگەڵ گۆڕانەکان، لەگەڵ ئەوەشدا نیشتمانپەروەرانی چالاکی حزبی ئازادیخوازی کوردستان و شاعیرو روناکبیرانی ناوچەکەو بەشە وشیاربووەکەی کۆمەڵگەی کوردەواریی هاوبەشییەکی کاریگەریان لەبەوەڵەدهێنانی کۆمەڵەی ژ.ك دا کرد.

جگە لەوانە هاتنی لەشکری سور بۆ ناوچەکە، هەرەسهێنانی ئەرتەش و دامودەزگای رژێم لەو بەشەی کوردستانی رۆژهەلات، بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی دیموکراسیی و گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی و هوشیاریی سیاسیی لەناو بەشە رۆشنبیرەکەدا، نەمانی کۆسپی هاتووچۆن و رەوینەوەی ترس و دەستپێکردنی پێوەندیی و ئاڵوگۆڕی بیروڕاو چالاکیی ئاشکرا.

ئەوانە زەمینەیەکی لەباریان هێنایە ئاراوە، روناکبیرە کورد پەروەرەکان کەوتنە مشتومڕ لەسەر پێکەوەنانی رێکخراوێکی نەتەوەیی، هەست و نەستی نەتەوەیی لای ئەوانە لەو ئاستەدا بوو کەدەرك بەئەرکەکانی سەرشانیان بکەن، پێویستیی پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی سیاسیی و نەتەوەیی بەکارێکی مێژوویی و ئەرکێکی نیشتمانی بزانن.

تائێستا مێژوویەك نییە کە هەموو مێژوونوس و نوسەرانی رووداوەکانی ئەزمونەکەی مەهاباد، لەسەر ئەو رۆژو مانگ و ساڵەی کۆمەڵەی ژ.ك-ی تێدا دامەزرێنرا رێککەوتبن... تەنانەت لەناو دامەزرێنەرانی ژ.ك-یشدا جیاوازیی بیروڕا هەیە... بڵاوکراوەکانی ژ.ك-وحزبی دیموکرات لەسەردەمەکەدا رەسەنترین سەرچاوەن بۆ لابەلاکردنی ئەم ئاڵۆزییە:

-لە رۆژژمێری تایبەتیدا کە ژ.ك لەژمارەی ساڵانی *1322-1323*دا بڵاویکردەوە..نوسراوە کە *25*- ی گەلاوێژ جیژنی سەری ساڵی کۆمەڵەی ژ.ك-ە. مەلا قادری مودەریسی لە دیدەنییەکی سەید محەمەدی سەمەدی، وەك لەنامیلکەکەی ئەمدا "ژێ.کاف، چبوو؟چی دەویست؟ وەچی لێبەسەر هات؟ "مەهاباد-*1981*

تۆمارکراوە: ئەڵێت دامەزراندنەکە لە 25-ی شەهریوەری ساڵی 1321 هەتاوی ڕێکەوتی سیپتامبری 1942 بووە...

سەید محمد سەمەدی...دەڵێ:" ڕۆژی 25ی مورداد(گەلاوێژ 1321(16ئووتی 1942) واتە 16تەمموزی 1942 حیزبی کۆمەڵەی ژ.ك دامەزراو جیژنی ساڵڕۆژی دامەزراندنی لەساڵانی 22 (43) 23(44) 24(45)و 25(46) گیرا.*

هەرچی ئیگلتن-ی کورە(16سیپتامبری 1942) بەڕۆژی دامەزراندن دادەنێت...

بەڵام ڕەحیمی قازی دەڵێت کۆمەڵەی ژ.ك لەمانگی ژووەنی 1938 لەمەهاباد لەلایەن چەند ڕووناکبیریی نیشتمانپەروەرەوە دامەزرابوو..**

ئیدارەی ناوەندیی کۆمەڵەش لەنامەیەکیدا بۆ (مۆلۆتوف)لە 28ی دیسامبەری 1944دا دەری دەخات کە "حیزبی ئێمە لەمانگی یونی ساڵی 1938دا دامەزراوە.***

لەڕۆژنامەی کوردستانیشدا، سەید محەمەدی حەمیدی، بەبۆنەی شەهیدبونی محەمەدی نانەوازادەوە دەنوسێت: نانەوازادە ساڵی 1320(1941) داخڵی (حزبی ئازادی کوردستان" بوو..

لەو ڕۆژەدا، چەند کورد پەروەرو دڵسۆزێك کەژمارەیان لە(15) کەس زیاتر نەدەبوو، هەمویان سەربەچینی ناوەڕاستی کۆمەڵێ لەکاسبکارو دوکاندارو بازرگانی بچوك‌و خەڵکی شاری مەهاباد بون.. ئەوانە بەرەو باخی حاجی داود کەلەنزیك چەمی سابلاغەوە بوو، کەوتنەڕێ‌و لەوێ یەکیان گرت، لەوێدا کەوتنە قسەو ئاڵوگۆڕی بیروڕاو مشتومڕ لەسەر بارودۆخی نەتەوەکەیان‌و ڕێگەی ڕزگاریی لەداگیرکردن‌و چەوساندنەوەو بەدەستهێنانی مافی نەتەوە.. هەموویان گەیشتبوونە ئەو بڕوایە کەبەبێ کۆمەڵێکی سیاسیی‌و ڕێکخراوێکی نوێ ناتوانرێ دەست بەچالاکیی‌و خەباتی ڕێك‌و پێك بکرێ. بەهۆی پێوەندیی سیاسیی‌و برایانەیان لەگەڵ حزبی هیوا، نوێنەرانی ئەو حزبە ئامادەی ئەو مشتومڕو دانیشتن‌و کاری بەوەڵەدهێنانی ڕێکخراوە نوێیەکە بوون.

---

* بڕوانە: حەسەنی قازی، بۆچوونێك سەبارەت بەتاریخی دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانی کورد، گۆڤاری گزینگ ژمارە: 17، پاییزی 1997.

** د. ڕەحیمی قازی لەکتێبێکی دەستنووسدا(قاضی محمد وجنبش رهائی بخش ملی خلق کرد" بڕوانە: حەسەنی قازی هەمان سەرچاوەی ناوبراو.

*** حەسەنی قازی، سەرچاوەی ناوبراو، ئەمیش لەنوسینێکی: حامید گەوهەری وەریگرتووە...

کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ك) لەدایك بوو

لەسەر ناوی ژ.ك کەئایا کورتکراوەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردە یان کوردستان..دەمێکە مشتومڕو ئاڵوگۆڕی بیروڕای جۆراو جۆر هەیە، ئەو ناوانەی کەلەناو ئەو مشتومڕانەدا قسەیان لەسەرکراوە:(کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان)(کۆمەڵەی ژیانی کورد)(کۆمەڵەی ژیانی کوردستان)..

ئەوانەی ناوی کۆمەڵەیان بەیەکەم ناوبردووە ئەمانەن: د.عەزیز شەمزینی، جەمال نەبەز، رەحیمی قازی، عەبدولڕەحمان قاسملوو، ژیگالینا، د.گولمرادی مرادی، د.بورهان یاسین، عەبدولڕەحمان هەژار، د.عەبدوڵلا مەردوخ، غەنی بلوریان، حامیدی گەوهەری.

بۆ دووەم ناو ئەمانەی خوارەوەن:

عەبدولسەتار شەریف، م. د. جەلائی پوور.

بۆ سێهەم ناو:

روزفیلت ی کوڕ، وەدیع جوعەیدە، قادری مودەریسی، عەلی عەبدوڵلا.

بۆ چوارهەم ناو: ئیگلتن ی کوڕ، تومابوا، حەسەن ئەرفەع، کریس کوچیرا، ریچارد ئا. هوبلی، فەریدەکوهی و کەمالی، روزڤیلت ی کوڕ..*

لەو ناوبردنانەش بەو جۆرە، پێدەچێت بەڵگەنامەیەکی رەسەن و بڕینەرەوە لای هیچ یەکێك لەو مێژوونوس و نوسەرانە نەبێت، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج و دڵنیاکارە لەو باسەدا ئەو مێژووەیە کە لەڕۆژژمێری تایبەتی کۆمەڵە خۆی و ئەو یادەی یەکساڵ بەسەر تێپەڕبوونی دامەزراندنی حزبی دیموکراتی کوردستان کە بیرەوەریی ئەو دامەزراندنە بەدامەزراندنی ژ.ك ەوە دەبەستێتەوە.

بەو جۆرە کۆمەڵەی ژ.ك (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) لەدایك بوو لەدامەزرێنەرانی ژ.ك-دا ئەم ناوانەی خوارەوە هاوبەشبوون:

1-حەسن رزگری.

2-محەمەد نانەوازادە.

---

* بڕوانە حسەنی قازی، زنجیرەی کۆمارناسی، گۆڤاری گزینگ ژمارە 18 زستانی 1998.

3-عەبدولڕەحمان ئیمامی.

4-عەبدولڕەحمان زەبیحی.

5-نەجمەدین توحیدی.

6-عەلی مەحمودی.

7-عەبدولڕەحمان کیانی.

8-قاسم قادری.

9-عەبدولقادر مدرسی.

10-محەمەد ئەسحابی.

11-سدیق حەیدەری.

بەڵام ولیەم ئیگلتن، دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ.ك ئەم ناوانەی خوارەوە دەستنیشان ئەکات: (8)

1-عەبدولڕەحمان حلاوی.

2-محەمەد ئەمین شرفی.

3-محەمەد نانەوازادە.

4-عەبدولڕەحمان زەبیحی.

5-حسەین فروهر.

6-عەبدولڕەحمان ئەمینی.

7-قاسم قادری.

8-مەلا عەبدولا داودی.

9-قادر مدرسی.

10-ئەحمەد عیلمی.

11-عەزیز زەندی.

12-محەمەد یاهو.

13-میرحاج لەعیراقەوە.

سدیق حەیدەری ئەڵێ: ئێمەش دەستەیەك لاوی خوێندەوار بووین کەئاوڕێکی بەتین لەدەرونماندا بڵێسەی هەبوو، بەڵام ئەوکات ڕێگەیەکی روناکمان لەپێش نەبوو وەنەمان دەزانی چیبکەین، ئەو تین و مەیلە لە25 شەهریوەری ساڵی 1321ی هەتاوی

ڕێکەوتی 16ی سپامیری 1942 شکڵی گرت، ئەو ڕۆژە لەگەڵ پۆلێک چووینە باغی ئەمینولئیسلامی نوتفەی تەشکیلاتی ژێ.کاف گۆڕا. ئەو ڕێکخراوە شتێکی سەددەرسەد (100٪)ەوە خالیسی نەتەوایەتی بوو، مقیاس و معیارو پەیمان بۆ ئەندامەتی لەو ڕێکخراوەدا تەنیا (کورد)بوون بوو، بناغەدانەرەکان ئەوانەبوو:

1-محەمەد نانەوازادە.

2-عەبدولڕەحمان زەبیحی.

3-حوسێن فروهەر.

4-عەبدولڕەحمان ئیمامی.

5-قاسم قادری.

6-مەلا عەبدوڵڵای داودی، مەشهور بەمەلای حەجۆکی.

7-محەمەد یاهو.

8-بۆ خۆم (مەبەست مەلا قادر).

9-سدیق حەیدەری.

10-عەبدولڕەحمان کەیانی.

11-میرحەج (مەبەستی میر حاجە).

لەسەر جۆری دامەزراندنی ژ.ک، د.عەبدوڵڵا مەردوخ دەڵێت:

"کۆمەڵەی ژ.ک کە نوێنەری هەستی نەتەوایەتی پێشکەوتنخوازانەو دیموکراتیکی گەلی کورد بوو، لەڕۆژی 25ی گەلاوێژی 1321ی هەتاوی بەرانبەر 16ی ئووتی 1942ی زایینی بەچەشنێکی ڕەسمی بەهاندان و بەشداری سێ ئەندامی ناوبراوی هیواو ئەم کەسانە پێکهات:

عەبدولڕەحمان زەبیحی(ع.بیژەن)، عەبدولڕەحمان ئیلخانی زادە(موهتەدی)(مەلاو خاوەن موڵک) لەناو کۆمەڵەدا بەبرای ڕاست و پاشان بەمرۆ ناو دەبرا، محەمەد نانەوازادە(ئەرتەشی جاران و پاشان بەزاز) مەلا قادری مودەڕسی(مامۆستا و پاشان کارمەند)، حوسێن فروهەر(ح. زیرینگەران)، عەبدولڕەحمان ئیمامی(کوڕی ئیمام جومعەی مەهاباد و پاشان کارمەند)، قاسم قادری قازی (مامۆستا)، مەلا عەبدوڵڵا داوودی(مەلا حەجۆ) (دووکاندار) مەحەمەد یاهو(کارمەند)، سەدیق حەیدەری، عەبدولڕەحمان کیانی(بەزاز)محەمەد شاپەسندی، مەحەمەد ئەسحابی(مامۆستا)،

نەجمەدین تەوحیدی(کارمەند)، حامید مازوچی، عەلی مەحموودی(مامۆستا)، مەحەمەد سەلیمی، محەمەد سەعید حافزی (لەکرماشان قازی بوو)، سەید تاهیری هاشمی(لەکرماشان مەلا بوو)، نافیع مەزهەر(کارمەند لەسەقز)و عەبدولقادر دەباغی(سیامەك) ئەمانە دامەزرێنەرو ئەندامانی کەرتی دووەمی (ژ.ك)بوون...*

وە رابیتی ژێ.کاف لەگەڵ حزبی هیوای عیراق، سەعیدی حەمە قالەی بێستانچی بوو کەبەڕاستی بێغایەتی زەحمەتی دەکێشا ماوەی دووسالآن (حوسێن فروهەر) "حوسێنی زێرێنگەران" رئیسی کۆمەڵەی ژێ.کاف بوو**

بەوجۆرە لەسەر دامەزرێنەرانی ژ.ك چەند بیروڕایەکی جیاجیا هەبووە، تائێستاش بەبەڵگەی ژ.ك خۆشی لیستەیەکی متمانەپێکراو نەکەوتۆتە بەردەست.

لەپرس و ڕا لەگەڵ زەبیحی ناوی دامەزرێنەرانی ژ.ك-ی بەم جۆرە نووسیوە:

1-حسەین فروهەر

2-عەبدولڕەحمان زەبیحی. *3*-عەبدولڕەحمان ئیمامی. *4*-عەبدولقادر مدەرسی. *5*-نەجمەدین تەوحیدی. *6*-محەمەدی نانەوازدە. 7-عەلی مەحمودیی. *8*-محەمەدی ئەسحابی. *9*-عەبدولڕەحمان کیانی. *10*-سدیق حەیدەری. *11*-قاسم قادری.

دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوش هەر ئەو ناوانەی بەدامەزرێنەری ژ.ك نوسیوە: جەلیل گادانیش، مەلا عەبدوڵلا داودی، حسەین فروهەر، عەبدولڕەحمان زەبیحی، عەبدولڕەحمانی ئیمامی، عەبدولقادر مدەرسی، نەجمەدین تەوحیدی، محەمەد نانەوازادە، عەلی مەحمودی، محەمەدی ئەسحابی، عەبدولڕەحمانی کیانی، سدیق حەیدەری، قاسم قادری، عەزیز زەندی، محەمەد یاهو، ئەحمەد عیلمی، بەدامەزرێنەرو کارگێڕی ژ.ك داناوە، میرحاج و مستەفا خۆشناویشی بەنوێنەرانی حزبی هیوای کوردستانی عیراق ناونوس کردووە کەبەشدارییان لەدامەزراندنەکەدا کردووە*

---

* بڕوانە: د.عەبدوڵلا مەردوخ، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردو کۆمەڵەی هیوا، گۆڤاری گزینگ، ژمارە 14 زستانی 1997(1375)

** بڕوانە: سەید محەمەد سەمەدی، ژێ.کاف چبوو؟ چی دەویست؟ وەچی لێهات؟ مەهاباد 1981.

* بڕوانە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، جوتیار تۆفیق، کوردستانی نوێ ژمارە 1401ی رۆژی 1997/4/7.

محەمەدی شا پەسندیش هەمان ئەو ناوانەی دەستنیشانکردووە کەمام جەلال لەکتێبەکەیدا"کردستان والحركة التحررية القومية الكردية...."نوسیونی ئەوە نەبێ کەئەم لەقسەو باس لەسەر ئەو ناوانە ناوی (عەلی رەیحانی)ش دەبات* هەندێ کەسیتر لای وایە کەعەزیز زەندی-ش کەدامەزرێنەرو سەرۆکی حزبی ئازادیخوازانی کوردستان بوو *1938-1942* ئەمیش لەلیستی دامەزرێنەرانی ژ.ك دادەنێ*.

محەمەدی شا پەسەندی لەسەر ناوی کۆمەڵە ئەڵێ: (ژ.ك) واتە (ژیانەوەی کورد)** زیاتر لەوانە لەسەر ناوی کۆمەڵەی ژ.ك چەندین بۆچوونی جیاجیا هەیە:

د. عەبدولڕەحمان قاسملو لە "کوردستان و کورد" و، د. کەمال مەزهەر لەدراسات فی تاريخ ايران الحديث والمعاصر. کەریمی حسامی بە(کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) ناوی دەبەن. ئارچی روزفلت-یش ئەڵێ (لە*16* ئابی *1943*)دا دوانزە لاوی کورد کەزۆربەیان وردە بازرگان و فەرمانبەری بچووکی ناوشاربوون (کۆمەڵەی ژیانی کوردیان دامەزراند)***

دیارە لەبۆچونەکەیدا: لەلێکدانەوەی ناوو ساڵی دامەزراندنی ژ.ك دا هەڵەی کردووە.

دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ.ك گۆڕانێکی سیاسیی گەورە بوو لەبزوتنەوەی کوردایەتیی ئەوبەشەی کوردستاندا، رێکخستنێکی نوێ و سەردەم بوو.. بەرزکردنەوەی دروشمی مێژویی یەکگرتنەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بەپلەیەکی نوێی جوڵانەوەی نیشتمانی کوردستان دادەنرێت. لاخستنی خەباتی چەکداریی و پەنابردنە بەر لایەنی روناکبیریی و هوشیاریی سیاسیی و وریاکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك و خوێندەوارکردنی، رێبازێکی نوێ بوو، نەك هەر تا ئەو سەردەمە، بگرە تا نیوسەدە دوای دامەزراندنەکەشی. لەکوردستانی عیراقدا تەنها مێژوونووسی بەناوبانگ محەمەد ئەمین زەکی بەگ لەسەر زەرەرو زیانی شەڕی چەکداریی بەزەقی و ئاشکرا قسەی کردبوو.. بۆیە:

(کۆمەڵەی (ژ.ك) بەهۆی بەرنامەی نیشتمانی و چەشنی رێکخراوەیی و هەڵسوڕانیەوە، بەخێرایی لەسەرانسەری کوردستان لق و پۆپی هاویشت و کۆمەڵانی زەحمەتکێش و بازاڕی و کاسبکارو عەشیرەتەکانی کوردی لەدەوری خۆی کۆکردەوەو

---

* بڕوانە: ئالای ئازادی، ژمارە *25*-خولی دووهەم، *1992/5/31* ، لەقسەی (محەمەدی شاپەسەندی)یەوە وەرگیراوە.

** *50* ساڵ خەبات - کورتە مێژوویەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، جەلیل گادانی، بەرگی یەکەم- *1996* ل*20*

*** بڕوانە: دروستبوونی کۆمەڵە، ئارچی رۆزفلت، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە ئەکرەم قەرەداخی، کوردستانی نوێ، ژمارە (*1680*) *1998/8/20*.

لـەبزواندنی هەسـتی نەتەوایـەتیو وریاکردنـەوەی سیاسـیی خـەڵکدا نەخشـێکی گرنگیی هەبوو..) [9].

مـەلا قادری مودەریسـی لەسـەر سیاسـەتو ڕێبازی خـەباتو ستراتیجی کۆمەڵـەی ژ.ك بەم جۆرە قسان دەکات:

1-بناغـەی دامـەزراندنی ژێ.کاف لـەروی تەجروبـەو ڕووداوە مێژووییـەکان بۆیـان دەرکەوتووە کەدەس بردن بۆ چەك غەیری چارەڕەشیو بەدبەختی بۆ گـەلی کورد هیـچ بەرهـەمێکی دییکـەی نییـە یـان دیـتن بـەچاوو بـوون لـەتاریخدا ئـەو مەسـەلەی پێسەلماندبووین نەترسەنۆکی.

2-بناغـەو ئەساسـی کۆمەڵـەی ژێ.کـاف لەسـەر ئـەو ڕاسـتەقینەیە کـەگرنگترین هەنگاو بردنە سەری سەتحی فەرهەنگی گەلی کوردە.. تاد.

3-لەروانگەی دیانەتەوە لەبەرئەوەی کە(دینی ئیسلام) زیاتر لەهەزار ساڵە تێکەڵ بەژیانی ماددیو مەعنەوی گەلی کورد بوو، بەبەشێك لەفەرهەنگیی گەلی کورد حیساب دەکرێ وە ژێ.کاف ریزێکی تایبەت بۆ ئەو ئایینە پیرۆزە دادەنێ.. تاد.

4-چوار دەستە (تاقم) دەیان توانی ببنـە ئـەندامی ژێ.کاف، بـەڵام هـەرگیز نـەیان دەتوانی بەپلەی سەرۆکی ژێ.کاف بگـەن، ئـەو چوار دەستەش بریتیبوون لـە: ئاغا، شێخ، مەلا، سەید.. . تاد*

دەرگـای بوونە ئەندام لەژ.ك دا تـا ڕادەیـەك کراوەو لەسـەر بنچینـەی کـورد بـوون بوو.. شێوەی وەرگرتنەکـەش لەسـەر بنچینەیـەکی کلاسیکی بـوو، پێویسـت کرابـوو کەهـەر کوردێك بیـەوێ ببێتـە ئەندام، لەکۆبوونەوەیـەکی نهێنیو لەبەردەمی دووسـێ ئەندامدا سوێند بەقورئان بدرێ کە:

1-خـەیانەت بەنەتەوەی کورد نەکات.

2-کۆشش بۆ خودموختاری کوردان بکات.

3-هیـچ ڕازێکـی (نهێنییـەکی) ڕێکخـراو، نەبـەزمان، نەبەقەڵـەم، نەبەئیشـارەت، ئاشکرا نەکات.

4-هەتا ئاخری عومری هەر ئەندام بێت.

---

* بڕوانە: سەید محەمەدی سەمەدی، ژێ. کاف چبوو؟ چی دەویست؟ وەچی بەسەر هات مەهاباد 1981.

5-تەواوی پیاوانی کورد بەبرای خۆی وەتەواوی ژنانی کورد بەخوشکی خۆی بزانێ.

6-بەبێ ئیزنی کۆمەڵەی ژێ.کاف نەبێتە ئەندامی هیچ رێکخراوو دەستەیەکی‌تر. وەغەیری ئەو سێ‌کەسەش، کەسێکی دییکەی نەدەناسی [10].

لەڕووی پێکهێنان و بوون بەئەندامی کۆمەڵەی ژ.ك هێمن بیرەوەرییەکانی خۆی وا باس دەکات: "تا رۆژی 25ی گەلاوێژی 1321ی (ئابی 1942) کۆمەڵەی ژ.ك دامەزرا، ئەوانی ئەو کۆمەڵەیان دامەزراند دۆستانی پێشوی من بون، من لەو سەروبەندەی‌دا لەتەورێز بوومو لەڕۆژی دامەزراندنی کۆمەڵەدا حوزورم نەبو، کەهاتمەوە بەهۆی زەبیحی کەلەمێژە ساڵ بو دۆست بووین بەکۆمەڵە ناسێندرام، لەماڵی یەکێك لەدۆستەکانی خۆم کەپاشان زانیم ئەندامی ژمارەیەکی کۆمەڵەیەو بەقورئان و ئاڵای کوردستان و بەشەرەفی خۆمو بەشمشێر سوێندیان دام بەزمان و بەقەڵەمو بەئیشارەت خەیانەت بەنەتەوەی کوردو ئەندامی کۆمەڵە نەکەم.." [11].

بۆ زیاتر رێك‌و پێکردنی کاروباری کۆمەڵە لەنیسانی 1943 دا لەچیایەکی نزیك شاری مەهاباد (خۆلا پەرستان) کۆبوونەوەیەکی فراوان کرا نزیکەی (100) ئەندامێ هاوبەش بون، بۆیە زیاتر لەشێوەی کۆنگرەدا بوو وەك لەکۆبونەوەیەکی ئاسایی. لەو کۆبوونەوەیەدا پاش لێدوان و گفتوگۆ گەلێك بڕیاری گرنگ درا لەوانە:

-گۆڤارێك چاپ بکرێت‌و ببێتە ئۆرگانی کۆمەڵە، بیروڕاو هەڵوێستی تیا رون بکرێتەوە لەژێر ناوی (نیشتمان)دا.

-کۆمەڵە پەیوەندی بەسۆڤیەتەکانەوە بکات بۆ باسکردنی مەسەلەی کوردو داوای یارمەتی‌کردن و پشتیوانی‌کردنی بۆ ئەوەی بتوانێ مافە نەتەوایەتییەکان بەدەست بێنێت.

-هەر لەو کۆبوونەوەیەدا کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە هەڵبژێردرا [12].

-وشەی نهێنی بۆ کۆمەڵەو ئەندامەکانی دابنرێت تا بەهۆیەوە یەکتری بناسن، کەبەوجۆرە بوو: (خواپەرستێ شتێکی باشە) [13].. ئامانجی سەرەکیی کۆمەڵەی ژ.ك لەو قۆناغەدا خودموختاری کوردستان بوو.. وەکو لەبلاوکراوەو نووسین و گۆڤاری نیشتمان دا دەرئەخرا، لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردایەتیەکەی لەو بڕوایەدا بوو کەنابێت

ڕێکخستن لەسنوری کوردستانی ئێران دا قەتیس بکرێت.. بۆ ئەو مەبەستە محەمەد ئەمین شەرەفی بۆ کوردستانی عیراق نێردراو لەدواییشدا بۆ کوردستانی تورکیا*.

ئیسماعیل حەقی شاوەیس و عوسمان دانش بەنوێنەری ژ.ك بۆ مەهاباد نێردران، قەدری بەگ بەنوێنەرایەتی کوردەکانی سوریاو قازی مەلا وەهاب نوێنەری کوردی تورکیا، لەدواییدا کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵی ساز کرا، لە: قاسم قادر نوێنەری کۆمەڵە، شێخ عوبێدوڵلا زینۆ نوێنەری کوردەکانی عیراق و قازی مەلا وەهاب نوێنەری کوردەکانی تورکیا لەچیای (دالەنپر) کەکەوتۆتەسەر سنووری سیاسی تورکیاو عیراق و ئێران، وەهەر بەناوی ئەو شوێنەشەوە کۆبوونەوەکە بەکۆبوونەوەی سێ‌سنوور ناوبرا، دوای لێکۆڵینەوە لەبارودۆخی خەباتی کۆمەڵەو رادەی گەشەکردنی، گەیشتنە ئەو ئەنجامە کەپێویستە سەرکردایەتییەکی یەکگرتوو بۆ هەرسێ لقەکە دابنرێت تا رابەرایەتیی خەباتی نەتەوەی کورد لەهەر سێ پارچەکە بکات.. هەرچەندە ئەو بیروبڕیارە هەر لەسەر کاغەز مایەوە، بەڵام هەنگاوێکی گرنگ بوو لەبیرکردنەوە بۆ بەکوردستانی کردنی خەبات.. بەتایبەتی لەگەڵ حزبی هیوادا لەسەر ئەوە پێکهاتبوون کەئامانجی سەرەکییان سەربەخۆیی کوردستان بێت.

لەگەڵ ئەوانەشدا نوێنەرە چالاکەکانی کۆمەڵە دەستیان کرد بەپێوەندیی لەگەڵ لێپرسراوانی یەکێتی سۆڤیەت، بەتایبەتی کۆنسوڵی ورمێ و تەورێز، عەبدولڕەحمان زەبیحی و قاسمی ئیلخانزادە لەچەند دیدەنییەکیاندا مەبەستەکانی خۆیان و ڕۆڵ و سەنگ و ئاستی ڕێکخراوەیی کۆمەڵەیان بۆ ئەو لێپرسراوانە روونکردۆتەوە وەك لەدواییدا بەهەندێ بەڵگەنامەوە ئەو کارەو ڕۆڵی ئەو دوو ئەندامە چالاکەی ژ.ك، باسدەکەین.

بەو جۆرە کۆمەڵەی ژ.ك لەمەیدانەکانی نوسین و ڕێکخستن و پێوەندیی بەنوێنەرانی پارچەکانی‌تری کوردستان و پێکهێنانی لقی ڕێکخستن، پێوەندیی بەلێپرسراوانی سۆڤیەتەوە.. وەك رابەری نەتەوەو سەرکردەی بزوتنەوەی کوردایەتی هاتە مەیدانی خەباتەوە.. لەسەر بنچینەی شانەو بەستنی بنکەکانی خوارەوە

---

* لەسەر ڕۆڵی کوردی عیراق و کاریگەرییان لەسەر رووداوە سیاسییەکانی بڕوانە: د. عەبدوڵلا مەردوخ، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردو کۆمەڵەی هیوا، هەمان سەرچاوە.

بەسەروتر بەچالاکیی نهێنییو پارێزگاریکردنی ئەندامەکانی لەشالاوی دوژمن، کارەکانی ئەنجامداوە..

ژ.ك بەرهەمێکی گونجاوی ناو هەلومەرجە رەخساوەکانو گۆڕانەکانی ئەو سەردەمە بوو. هەرچەندە هەستو نەستی نەتەوەیی لەناو بەشە خوێندەوارو روناکبیرەکەی کۆمەڵگەی کوردەواریی، تا ڕادەیەك گەشەی کردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا لەڕوی سیاسییو بەرزکردنەوەی دروشمی نەتەوەیی، بەگۆڕانێکی گەورەی ناو هەلومەرجە بابەتییە، تاڕادەیەك، گونجاوەکان دادەنرێت.

هەرچەندە تازەییو قەبارەی رێکخراوەیی کۆمەڵەو بارودۆخی ناوخۆو هەلومەرجە نێونەتەوەییەکان یارمەتیدەری گۆڕانی بنەڕەتیو رادیکالانە نەبوون، لەگەڵ ئەوەشدا ژ.ك وەك رێکخراوو وەك رابەرێکی سیاسی نوێی کوردایەتی بووە هەڵگری دروشمە نەتەوەییەکە. لەڕوی نەشونماو بیروباوەڕو بنکەی جەماوەرییو پێڕەوو بەرنامەشەوە، جیاوازییەکی گەورەی بەخۆوە بینی، بەبەراورد لەگەڵ رێکخراوەکانی پێش سەردەمی بەوەڵەدبوونی.

(کۆمەڵە بێجگە لەوەی کۆمەڵەیەکی سیاسی بو کۆمەڵەیەکی کۆمەڵایەتیو ئەخلاقیش بوو، زوربەی ئەندامانی کۆمەڵە بڕوایان بەو سوێندە هەبوو کەخواردبویانو دەستیان لەئاکاری دزێو هەڵگرتبوو، دزی، خراپەو نێوان ناخۆشی لەکزی دابوو، دەتوانم بڵێم لەهێندێك جیگایان هەرنەما)[14].

یەکێك لە گۆڕانە زۆر گرنگەکان ئەوەبوو کە ژ.ك بەکردار مەیلی ناوچەگەریی خستەلاوە، قاڵبێکی نەتەوەیی دوور لەگۆشەگیریی دا بەکوردایەتی، هۆیەکی گرنگ بوو بۆ بڵاوبوونەوەی گیانی نیشتمانپەروەرییو هەستی نەتەوەیی. لەگەڵ هەموو ئەوانەشداو بەهۆی گەلەك هۆوە، هەر رێکخستنەکانی کۆمەڵەی ژ.ك بوو کەحزبی دیموکراتی کوردستانی لەسەر بیناکرا. زۆر لەهاوڕێیانو لێکۆڵەران ئەو دیاردەو گۆڕانە بەڕێنماییو دەستی لێپرسراوانی کۆماری ئازربایجانی سۆڤیەت دادەنێن، جگە لەوە کەلێپرساوو گەلێ لەئەندامە چالاکەکانی کۆمەڵەش ئەو گۆڕانەیان بەباش زانیبوو*

سەرەڕای هەموو ئەوانە ژ.ك بێکەموکورتیو هەڵەنەبووە:

"لەگەڵ پەرەگرتنی جوڵانەوەی نیشتمانی وەبەگوێرەی پێویستو هەلومەرجی ڕۆژ، کۆمەڵەی (ژ.ك)چ لەعاست پرۆگرامو شکلی ڕێکخراوەیی، چ لەعاست باری سیاسیی تێکۆشانەوە پێویستی بەدەسکاری هەبوو"[15].

بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان، ڕێبەرانی ژ.ك لەو بڕوایەدا بوون کەدەبێ یەکێك لەزلهێزەکانی یارمەتیدەربن، بۆیە لەهەمان ئەو کاتانەی کەدەیانویست پێوەندییەکانی ژ.ك لەگەڵ لێپرسراوانی سۆڤیەت باشو توندوتۆڵ بکەنو پەیتا پەیتا کۆبوونەوەیان دەکرد.. هاوتەریب لەگەڵ ئەوە، ئومێدیان بەڕۆژئاوا هەبوو، بۆیە واپێدەچێ لەکۆششیشدا بووبن کەلەگەڵ لێپرسراوانی ئینگلیزدا پێوەندیی بگرن.. ئەوەی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێ ئەو نووسینەیە کەلەژمارە 3-4ی ساڵی یەکەمی گۆڤاری نیشتماندا بڵاوکرایەوە کەبەبۆنەی دەرچوونو بڵاوکردنەوەی (دەنگی گێتی تازە) بوو.. لەژێر ناوی (ئەستێرەیەکی تازە لەئاسمانی چاپەکانی کوردیدا جوامێرو مەردوم دۆستی بەریتانیای گەورەدا) نووسراوە: "کورد ماوەیەکی زۆر لەمێژە هەستی بەنەجابەتو مرۆخۆشەویستی بەریتانیا کردووە ئەم حکومەتە گەورەیە بەدرێژایی مێژووی ئیمپراتۆریەتی خۆی هەمیشە پارێزگاری ئازادی سەربەخۆییو پەروەرێنەرو پێگەهێنەریی نەتەوە بچوکەکانی گێتیبووە.."[16].

لەدواییدا پێخۆشحاڵی (نیشتمان) دەردەخات لەدەرکردنی گۆڤاری دەنگی گێتی تازەو ئینجا داوا دەکات: "چۆن ئێستگەی ڕادیۆ بەناوی کوردستانەوە لە (یافا) هەیە لەلەندەنیش بیکاتەوە.." [17].

تاکۆتایی نوسینەکە بەم جۆرە دەهێنێ.

"بژی ئاڵاهەڵگری ئازادیی گێتیی بەریتانیای مەزن: نیشتمان.." [18].

پێم وایە ڕابەرانی ژ.ك لەڕۆڵی خراپی ئەو دەوڵەتە بێئاگانەبوون، لەڕوخاندنی حوکمداریو مەلیکایەتیەکەی شێخ مەحمودو داگیرکردنی باشووری کوردستانو لکاندنی بەمیسۆپۆتامیاو دامەزراندنی ئەم عیراقەی ئێستا بەئاگابوون.. لەگەڵ ئەوەشداو بۆ مەرامێکی نوێی سەردەمێکی نوێ، چاویان لەوە پۆشیوەو بەو گیانەوە ئاوڕیان لەو دەوڵەتە خاوەن قودرەتە گەورەیە داوەتەوە، بەڵکو بتوانن پێوەندییەکی نوێ بخوڵقێنن ئەوەی زیاتر سەرنجڕاکێشەریشە، بەرپرسانی کۆمەڵە بەئاشکراو بێ

سڵەمینەوەو بێگوێدانەی دۆستەکانی: ئازەربایجانو روسەکان، ئەو بۆچوونو هەڵوێستەیان هەبووە.. کەئەوەش، تارادەیەکی باش سەربەخۆیی داڕێژەرانی بڕیار لەسەرکردایەتیی ژ.ك-دا دەردەخات. جگە لەوە ئەوەشیان بەبەشێك لەبەرنامەکەی ژ.ك داناوە کە ئامرازێکی تری هوشیارکردنەوە بهێنرێتە ئاراوە.

یەکێك لەو هەنگاوە گرنگانەی ژ.ك هەڵیهێنا، ناساندنی کێشەی کورد بوو بەزلهێزانی سەردەمەکە بەتایبەتیی بەڕووسەکان، بەو مەبەستەی کەدەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت ببێت بەپاڵپشتی کورد بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان، لەمەشدا سەرکردایەتی ژێکاف لەو راستییە گەیشتبوو کە سەبارەت بەوەی هێزەکانی ئەو دەوڵەتە هاتوونەتە ناوچەکەوە، جۆرە ئامادەیەکیشیان تێدایە کە ئاوڕێك لەکورد بدەنەوە، سەردەمەکەش سەردەمی گەرمەی پڕوپاگەندەی سۆڤیەت بوو کەقەڵای سەفرازیی گەلانە، خۆ دەوڵەتانی خۆرئاواش ئاوڕیان لەکورد نەدەدایەوە، بگرە یارمەتیدەری ئێرانیش بوون، بۆیە ئەو هەنگاوە لەگەڵ ڕەوتی روداوکاندا دەگونجا، بەڵام ئەقڵی سیاسیی کوردو کەمی هوشیاریی سیاسیی لەگەڵ سیاسەتی پڕ لەپێچوپەنای روسەکانو گوێ نەدان بەمەسەلەی میللەتانی ژێر دەست، بەپێچەوانەی قسەو دیعایەو بەڵێنەکانیانەوە، ئەوانە هێندە لەیەکدووربوون کەلەیەکگەیشتنێکی جووت لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی هەردوولا مەحاڵ بێت... لەم دۆکومێنتانەی لێرەدا دەیانخەینە بەرچاو، رووسەکان خۆیان ئاستیی دڵسۆزییو متمانەی کورد بە یەکێتیی سۆڤیەت دەردەخەن، لەگەڵیشیاندا بەدگومانییو گیانی نامرۆڤانەیان ئاشکرادەکەن.

بەهەر حاڵ رابەرانی ژێکاف، بەپێی تێگەیشتنی دوور لەنهێنییەکانی ژێر پەردەوە ئەو رێبازەیان گرتەبەر، بەتایبەتیش میللەتێکی بێپشتوپەناو بێدەرەتانیان سەرکردە دەکرد، دروشمو ئامانجێکیشیان هەڵگرتبوو، هەرچەندە ڕەواو یاساییو هەقو مێژوویانە بوو، بەڵام لەگەڵ ئەو هەلومەرجانەی سەردەمەکەو ناکۆکیی و ململانێ و بەرژەوەندییە هەمە لایەنەکانو ناکۆکییەکانی نێوان زلهێزەکانو پەیمانە نهێنییەکان نەدەگونجان.

بۆ ئەو مەبەستەش ژێکاف دوو ئەندامیی سەرکردەو کارامە بۆ پێوەندیی بەلێپرسراوانی یەکێتی سۆڤیەتەوە تەرخان کرد کە عەبدولڕەحمان زەبیحیو قاسمی

ئێلخانی زادەبوون ئەوە بەشی هەر لەبەر ڕۆشنایی بڕیارەکەی کۆبونەوە فراوانەکەی(خولاپەرستان) بوو.

بەشێك لەو ئەرشیفانەی ئەو سەردەمەی یەکێتی سۆڤیەت کە کەوتونەتە بەردەست، زۆر لەو پێوەندییانەی خستۆتە ڕوو.. لەیەکێ لەنامەکانی حەسەنۆڤ سەرکۆنسوڵی یەکێتی سۆڤیەت لەتەورێز نەهاتووە:

"9یسیپتامبەری 1944 کوڕی یەکێك لەسەرۆك هۆزەکانی کورد "هۆزی دیبوکری" بەناوی قاسمی ئێلخانی زادە هاتە لامو رایگەیاند کەلەمەهاباد ڕێکخراوێکی نهێنی کوردییان پێکهێناوە کە ئەوو زەبیحیو عەلی ڕیحانیو مەناف کەریمیو... هتد ئەندامانی سەرکردایەتیی ئەم ڕێکخراوەن. ئەم ڕێکخراوەیە گۆڤارێکی تایبەتی هەیەو ئۆرگانی ناوەندی ئەم پارتییەیە کەتائێستا چەند ژمارەیان لێ بلاوکردۆتەوە..

دوای ئەوەی کۆنسوڵ درێژە بەنوسینی قسەکانی ئێلخانی زادە ئەداتو ئینجا دەنووسێت:

"مەبەستی ڕێکخراوی ئێمە گەیشتن بەسەربەخۆییو ئازادی کوردستانە. ئێلخانی زادە وتی: ئێمەش دەمانەوێ قوتابخانەو چاپەمەنیمان بەزمانی خۆمان هەبێتو بەڕێوەبەرایەتی کوردیو.. هتد مان هەبێت، بەلام ئێمە بەبێ یارمەتی دەرەوە، زەحمەتە بگەینە مەبەستی خۆمان.

کوردەکان لەو باوەڕەدان کەدۆستی گەلانی بچوك، لەوانەش گەلی کورد، یەکێتی سۆڤیەتە، لەبەر ئەوە ئێمە ئازادی گەلی کوردمان لەدەستی یەکێتی سۆڤیەت دەوێت. بۆیە ئێمە داوا لەکۆنسوڵی سۆڤیەت دەکەین کەداواکارییەکانمان بگەیێنێتە دەولەتی یەکێتی سۆڤیەتو، ئێمە دەمانەوێ کە سۆڤیەت کوردان لەژێر باڵی خۆی بگرێتو بۆ ئازادی کوردستان یارمەتیمان بدات.

منیش لەوەلامدا گوتم کەئێستا یەکێتی سۆڤیەت لەشەڕدایەو دەرفەتی لێکۆڵینەوەی ئەم پرسیارانەی نییە.

ئێلخانی زادە وتی کەلەم بارەوە تێدەگات، بەلام لەبەرئەوەی کەشەڕ خەریکە کۆتایی دێتو بەم زووانە وتووێژی ئاشتیانە دەست پێدەکات، داخوازی ئەوەیە کەدەولەتی یەکێتی سۆڤیەت لەسەر دامەزراندنو مەبەستی ئەم ڕێکخراوەیە ئاگاداربکاتەوە، لەبەرئەوەی گەلی کورد هیوای بەیەکێتی سۆڤیەت هەیە.

منیش وتم کەداواکارییەکەی ئەو دەگەیەنمە دەوڵەتی خۆمان.

لەوەڵامی پرسیاری من کەئایا ئەو رێکخراوەی ئێوە بەرنامەی هەیە؟

ئێلخانی زادە وتی: بەڵێ و بەڵێنی پێدام کە نوسخەیەکی بەرنامەکەمان بۆ بێنێت.

*13*سێپتامبر بۆ دووەم جار ئێلخانی زادە ئەمجارەیان لەگەڵ عەبدولڕەحمان زەبیحیدا هاتەوە لام. نوسخەیەك لەپرۆگرامی پارتییەکەی خۆیانی بەزمانی کوردی بۆ هێنام(وەرگێڕاوی رووسییەکەی پێشکەش دەکرێت).

زەبیحی وتەکانی ئێلخانی زادەی دووپات کردەوەو وتی: کە ئەم رێکخراوە نزیکەی دوو ساڵە پێکهاتووەو ناوی پارتی ژێکافەو بەمانای پارتی ژیانەوەی کوردستانە. زۆربەی ئەندامانی ئەم پارتییە لاوانی پێشکەوتوخوازی کوردستانن و نزیکەی هەزارو دووسەد ئەندامی هەیە.

ژێکاف بەتەوای رێکخراوێکی نهێنییەو تائێستا شەش ژمارە گۆڤاری "نیشتمان"ی دەرکردووە. زەبیحی پێنج ژمارە لەم گۆڤارەی پێدام. "نیشتمان" لەتەواوی کوردستاندا بڵاودەبێتەوە. بەڵام ئینگلیزەکان بڵاوکردنەوەی ئەم گۆڤارەیان لەعیراق قەدەغەکردووە. هەروەها زەبیحی وتی: کە ئەم رێکخراوەیە زۆرتر لەکوردستانی ناوەندی چالاکی دەکات و ئەگەر ئێمە دژ نەبین دەیانەوێ نوێنەری خۆیان بنێرن بۆ عیراق و بۆ باکووری کوردستان بۆ پێکهێنانی ئەم پارتییە.

منیش لەوەڵامدا وتم: کە ئێوە بۆ خۆتان ئەم پارتییەتان دروست کردووەو دەبێ خۆتان بەرپرسی ئیش و کاری خۆتان بن.

زەبیحی وتی: کەدەیانەوێ بەدەستووری ئێمە ئیش و کاربکەن و لەبەرئەوەیە کە داوا لەئێمە دەکات، لەبەڕێوەبردنیاندا دەست بەرووویانەوە نەنێین.

منیش لەوەڵامدا وتم: کە ئەم پارتییە ناناسم و دەبێ لەپێشدا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەم.

پاشان زەبیحی رایگەیاند کە کوردەکانی عیراق و ئینگلیز لەسلێمانی رۆژنامەی کوردی دەردەکەن و بەبێ پارەو بەخۆڕایی لەناو خەڵکدا بڵاوی دەکەنەوە. لەم دواییەدا دەوڵەتی عیراق بڵاوکردنەوەی ئەم رۆژنامەیەی بەپۆست لەلایەن کوردەکانەوە یاساغکردووە.

بەڵام ئەو ڕۆژنامەیە، کەلەلایەن ئینگلیزەکانەوە دەردەچێت، بەپۆست دەگاتە کوردستان. ئینگلیزەکان لەو ڕۆژنامەیەدا لەسەر ڕووداوەکانی شەڕو سەرکەوتنەکانی خۆیان لەبەرەکانی شەڕدا شت بڵاودەکەنەوە، هەروەها دەنووسن کە ئینگلیز دۆستی هەرە نزیکی گەلانی بچوکەو هەمیشە یارمەتی ئەو گەلانەی داوەو دەدات، کە بۆ سەربەخۆیی خۆیان تێدەکۆشن. لەسەر داواکردنی من زەبیحی بەڵێنیدا کە نوسخەیەك لەژمارەکانی ئەو ڕۆژنامەیە، کە ئینگلیزەکان بەزمانی کوردی دەریدەکەن، بگەیەنێتە دەستمان"

حەسەنۆڤ

سەرکۆنسوڵی یەکێتی سۆڤیەت لەتەورێز*

بۆ دەرخستنی هەڵوێستی سۆڤیەتەکان لە ژ.ك‌و لەو داوانەیان بەتایبەتیی‌و لەکێشەی کورد بەگشتیی، لێرەدا بۆچوونی ماکسیمۆڤ م. باڵوێزی سۆڤیەت لەئێران. لەسەر ڕاپۆرتەکەی حەسەنۆڤ دەخەینە پێش چاو.

"لەڕاپۆرتی ماکسیمۆڤ م. باڵوێزی سۆڤیەت لەئێران

1944-11-13

بەپێی ڕاپۆرتی هاوڕێ حەسەنۆڤ کەلەگەڵ قاسمی ئیلخانی زادە سەبارەت بەپارتی ژێکاف ... وادەردەکەوێ کە ئەم پارتییە تاهاتنی سوپای سۆڤیەت بۆ ئێران لەدایکبووە** چالاکترین ئەندامانی بریتین لەئێلخانی زادەو زەبیحی‌و وەهابی

---

* بڕوانە گۆڤاری ڕابوون، ژمارە 22-1997، هێندێ بەڵگەو بۆچون لەسەر کۆمەڵەی ژێکاف، ئەفراسیاو هەورامی لەڕووسییەوە کردویە بەکوردی.- وەرگێڕ لەئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیای فیدراڵی ف-94، ئو 30، د65، پ348، ل. 149- گەلێك دۆکومێنتی تری هاوڕێنەی ئەمەی دەرهێناوەو کردونیی بەکوردی‌و بڵاوی کردۆتەوە.

** وەرگێڕی ڕووسییەکە لەتەنیشت ئەم بۆچوونەوە لەدوو کەوانەیەکدا نوسیویەتی (دیارە مەبەست پارتی ئازادیخوازانی کوردستانە)لام وایە، مەبەستی ماکسیمۆڤ ئەوە نەبووە، چونکە قسەکان لەسەر ژێکافە نەك پارتی ئازادیخوازان، جگە لەوە هیچ یەکێك لەو دوو ڕێکخراوە لەکاتی هاتنی سوپای سۆڤیەتدا لەدایك نەبووە، بەڵکو ژێکاف لەدوای هاتن‌و پارتی ئازادیخوازانیش لەپێش هاتنی ئەو سوپایەدا لەدایکبوون... پێم وایە ئەبێت ڕستەکە بەم جۆرە بێت:" وادەردەکەوێ کە ئەم پارتییە لەکاتی هاتنی سوپای سۆڤیەت بۆ ئێران لەدایکبووە"

بلوریان. پارتی ناوبراو پارتێکەی ناسیۆنالیستەو گۆڤاری نیشتمان ئۆرگانی ئەم پارتییەیە کەبەنهێنی لەتەورێز دەردەچێت.

ئەرکی ئێمە بەرامبەر بەم پارتییە دەبێ ئەوە بێت کەبەوردی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن، هەروەها ڕێبەرەکان و ئەندامانی چالاکی بناسن و لەئیش و کاری ڕێبەرایەتی و ئاڵوگۆڕکردنیان دەستتێوەرنەدەن و لەڕاپۆرتی داهاتوودا زیاتر لەسەر ئەم پارتییە ئاگادارمان بکەنەوە"

لەڕاپۆرتێکی تردا کۆمیساروڤ-کۆنسوڵی سۆڤیەت-لەڕەزائیە لە *1944*دا دەنوسێت:

"ڕێکخراوی هەرە جیدی کەبانگەوازی سەربەخۆیی کوردستان دەکات کۆمەڵەی ژێکافە. گەرچی بەداخەوە ئێمە زانیاریمان لەسەر ئەم ڕێکخراوە کەمە. بۆیە ئەمە کەباس دەکرێت پێشەکییە.

ڕێکخراوو شانەکانی ئەم پارتییە لەزۆربەی شارو ناوچەکانی کوردستاندا هەیە. هەروا لەتاران و تەورێزیش ڕێکخراوی ئەم پارتییە هەیە. نیشتمان ئۆرگانی ئەم کۆمەڵەیەیە کەبەنهێنی لەتەورێز دەردەچێت و تائێستا شەش ژمارەی دەرچووە، لەنیشتماندا وتاری نیشتمانپەروەری دەنووسرێت، کە داوای یەکگرتنی کوردان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و پێشکەوتن دەکات، هەروەها لەنیشتماندا لەسەر مێژووی شۆڕشی ئۆکتۆبەر وتار دەنووسرێت و وێنەی لینین و ستالین و قارەمانەکانی کوردی سۆڤیەت، کەلەشەڕی دووەمی جیهاندا دژی داگیرکەرانی ئەڵمان بەشدارییان کردووە، لەلاپەڕەکانی نیشتماندا خۆیان دەنوێنن.

ژێکاف ڕێکخراوی لاوانی پێکهێناوە. ئەندامانی ڕێبەرایەتی کۆمەڵەی ژێکاف بریتین لە: قازی محەمەد، مەحموودیان، ئیبراهیمیان، میرزا عەلی ریحانی، سوڵتانیان و...هتد کۆمەڵە دژی راووڕوتکردنەو هەوڵدەدات بایەخێکی سیاسی بداتە بزووتنەوەی کورد.

ئەم ڕێکخراوەیە بەهەموو توانای خۆیەوە دەیەوێت پشتیوانی و هاوکاری ئێمە بۆ خۆی بەدەست بهێنێت، دەکرێ بڵێین زۆربەی سەرکردەکانی کورد کەباسی "سەربەخۆیی کوردستان دەکەن" دەڵێن ئەم سەربەخۆییە تەنیا بەیارمەتی یەکێتی

سۆڤیەت بەدەست دێتو بۆ ئەم کارەیش ئەوان ئامادەی هەموو چەشنە هاوکارییەکن لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتداو دەڵێن لەسیاسەتی کۆلۆنیالانەی ئینگلیز تەنیا دەبێ چاوەڕێی کۆیلایەتی کوردان بکرێت. بەڵام ئەم وتانە پێدەچێت مەبەستێکی گڵاویان بەدواوە بێت. کوردەکان بەقازانجیانە ئێستا لەگەڵ ئێمەدا بەئاشتی بژین، ئەوان دەیانەوێ خۆیان لەپشت ئێمەدا بشارنەوە. بەڵام هیچ کاتێك سەرکردە گەورەکانی کورد بەدڵسۆزییەوە لەگەڵ ئێمەدا نابنو تاسەر هاوکاری کردنیان لەگەڵ ئێمەدا نامێنێت. سەرکردەکانی کورد لەسەر کێشە سەرەکییەکان(پرنسیپەکان)و قۆناغە گرنگەکانی زیاترکەینو بەینیان لەگەڵ ئینگلیزەکانەو سەربەخۆیی کوردستان لای ئەوان بەمانای بەش نەکردنی ئەو سەرو سامانەیە کەلەچەوساندنەوەدا پێکهاتووە. هەروەها دەیانەوێ ئەم سەروسامانەش بپارێزنو کەمتر لەبەرژەوەندییەکانی گەلی کورد بیر دەکەنەوە. بەقازانجی ئینگلیزەکانیشە کە کوردەکان بەدروشمی سەربەخۆیی کوردستان خۆیان بەئێمەوە ببەستنو بەم چەشنە شكو گومان لەسەر خۆیان لابدەن. بەم چەشنە ئەوان بەباشتری دەزانن لەوەی کەخۆیان بشارنەوە، لەلایەکی ترەوە دەیانەوێ ئێرانییەکان بەم چەشنە دژی ئێمە هانبدەن، ئەم پرسیارە جێی سەرنجەو پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی قوڵی لەسەر بکرێت*.

---

* ئەفراسیاو هەورامی، هەمان سەرچاوە. ف94، ئو29، 1965، پ332، ل18-17.

-هەر لەگەڵ ئەم دۆکومێنتانەداو چەند ژمارەیەکی تری گۆڤاری رابووندا گەلێك باسو خواسو مەسەلەی تری گرنگی لەو بابەتانە بڵاوکراونەتەوە، کەلەڕاستیدا گەلێك نهێنیو باسی گرنگی وای تێدایە کەڕووناکیی دەخەنە سەر رووداوەکانی سەردەمی پێش دامەزراندنی جەمهوریەتی کوردستان، بۆ ئەو مەبەستە بڕوانە ژمارەکانی: 23-1998، 24-1998، 25-1998، 30-2001ی گۆڤاری رابوون. کە ئەم راپۆرتانە دەگرنە خۆیان:

-راپۆرتی شەریفیۆڤ بەرپرسی کۆمەڵەی پەیوەندییەکانی کولتوری سۆڤیەت لەگەڵ ئازەربایجانی ئێران.

-لەیاداشتەکانی ئاشمۆڤ 18ی مارتی 1945.

-لەڕاپۆرتی کۆنسولی سۆڤیەت لەماکۆ.

-راپۆرتی وتووێژی جێگری کۆنسوڵی گەورەی یەکێتی سۆڤیەت لەتەورێز، کەدیداری قازی محەمەد بەدووروودرێژی باسدەکات دوای گەڕانەوەی لەتاران.

-یاداشتی سەرکۆنونسوڵی سۆڤیەت لەتەورێز.

لەڕاستیدا ئەو بۆچون و تێنەگەیشتن و تەماعخوازییە بوو کەلەدواییدا روسەکانی خستە بەردەم ئەو بڕیارەی کە گوشار بخەنە سەر کورد بۆ لاخستنی ژ.ك، لاخستنی ئامانجی سەربەخۆییخوازی و یەکخستنەوەی کوردستان.

ئەگینا ژ.ك لەژیانیدا مەیلی سۆڤیەتخوازیی لەحزبی دیموکرات کەمتر نەبوو... ئەو دیدەنی و قسانەی عەبدولڕەحمان زەبیحی و قاسمی ئیلخانیزادە، ئەو راستیانە دەسەلمێنن، بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەو بڕوانە ئەم بەیاننامەیەی ژ.ك لەسەر مەسەلەی ئیمتیازی نەوت:

"رۆژێك لەرۆژەکانی تشرینی یەکەمی *1944* لەمەهاباد کۆبوونەوەیەك لەماڵی عەلی ریحانی رێکخرا، چاوەڕوانی قازی محەمەد دەکرا بۆ ئامادەبوون.. پاش هاتن و ئامادەبوون و قسەو وتوویژ، هەستاو ئەو سوێندەی خوارد کەبەمەرجی ئەندام بوون دانرابوو.. لەم رووەوە ئیگلتن وا دەنووسێت: "لەماڵی ئەحمەدی ئیلاهی (*24*) ئەندامی کۆمەڵە چاوەڕوان بوون.. لەپێش دا قاسم قادری و قادر مودەرسی لەگەڵ قازی محەمەد دەربارەی بەئەندام بوون قسەیان کرد، بێدوودڵی قەبوڵی کرد.. لەدواییشدا هەرچەندە قازی محەمەد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی نەبوو ئیتر رابەرو دەمڕاستی کۆمەڵە هەر ئەم بوو.." [19].

هەیە دەڵێ هەر ماوەیەکی کەم بەسەر ئەوەدا تێپەڕی، ئیتر بەسەرکردەی کۆمەڵە هەڵبژێردرا.

هێمنی شاعیر لەبیرەوەرییەکانیدا لەسەر ئەو روداوانە بەم جۆرە دەدوێ: "پێشەوا قازی محەمەد ئەندامێکی سادەی کۆمەڵە بوو و ناوی نهێنی (بینایی) بوو.. وسەرۆکی کۆمەڵە کەپیاوێکی زۆر تێکۆشەرو ئازاو پاك بوو لەکادری رابەریدا نەما.. [20].

-وتووێژی سەرنوسەری رۆژنامەی فەرمان لەگەڵ رێبەری کوردەکان (22دیسامبری 1945).

-وتووێژ لەگەڵ جێگری سیاسی و پارلەمانی سەرۆك وەزیرانی ئێران موزەفەری فیروز- 3ی ژوئیەی (1946).

-یاداشتی وتووێژی سەرکۆنسوڵی یەکێتی سۆڤیەت لەماکۆ سەلومین. وی-22 ئناگۆستی 1946.

-وتووێژی قازی محەمەد لەگەڵ رۆژنامەی ئیران ما(ایران ما)و رۆژنامەی رەهبەر (رهبر).

-لەسەر رووداوەکانی سیاسی لەناو هۆزەکانی کورد لەناوچەی ماکۆ لەیەکێ ئەپریل تایەکی ئۆکتۆبر.

دەبێ مەبەستی هێمن لەو تێکۆشەرە حسەینی فروهەر بووبێت، لەپێکهێنانی حزبی دیموکراتی کوردستانیشدا وەك ئەندامێکی سادە مایەوە، بەڵام لەدامەزراندنی جەمهوریەتی کوردستاندا، وەك ئەفسەرێکی سیاسیی پلەی سەرهەنگی درایەو ئیتر لەیادو بۆنە جەماوەرییەکاندا جلی سەرهەنگی لەبەرکردووە.

بەرۆڵبینینی قازی محەمەد لەکۆمەڵەی ژ.ك دا ریزەکانی ئەم رێکخراوە بەرین و فراوانتر بوو:

"لەسەروی سەقز حزب فراوان بوو بەناو عەشیرەتەکان دا بڵاوبۆوە.. لەبۆکان ئاغاکانی ئیلخانی زادە چالاکانە دەجولانەوە.. لەنەغەدە حاجی قادری حەریری بوە لێپرسراو بۆ وەرگرتنی ئەندام.. لەشنۆ موسی خان لەخێڵی زەرزا ئەندامێکی چالاك بوو.. شێخەکانی هەرکی هەموو چونە ریزی کۆمەڵەوە.. عەبدوڵلا قادر مامش بوە چالاکترین ئەندام.. لەناو شکاك دا عومەر خان شەریفی گەورەترین سەرۆکیان بوو بەئەندام.. لەساڵی *1945* دا هەموو سەرکردەی خێڵەکانی کوردو ژمارەیەکی زۆر لەهاوولاتیان بون بەئەندام.. [21]

بەو جۆرە کۆمەڵە فراوان و بنکەکانی بەرین بوو، لەو بازنە نهێنیی و داخراوەی خۆی دەردەچوو... بەڵام سروشتی خێڵەکی بەخۆوەگرت، بەتایبەتی سەرۆك خێڵەکان، هەریەکە لەناوچەی خۆیدا رۆڵی لێپرسراوێتی دەبینی.. رێکخستنەکانی کۆمەڵە زیاتر ئەو ناوچانەی گرتەوە کەلەشکری سوری لێبوو یان ئەرتەش و ئیدارەی رژێمی شایان تێدا نەمابوو.

گرنگترین رۆڵی کۆمەڵە پەیوەندییەسیاسییەکان و لایەنی رۆشنبیریی و لەچاپدانی گۆڤاری نیشتمان بوو کەتا هەڵوەشانی ژ.ك (*9*) ژمارەی لێبڵاوکرایەوە کەئەمڕۆ هەر نۆ ژمارەکەی لەبەردەستدان. گەلێ شاعیرو نوسەر لەدەوری گۆڤارەکە کۆبوونەوە، عەبدولرەحمان زەبیحی.. هەم وەك سکرتێری کۆمەڵە، دوای رۆڵی سەرەکیی کەحسەین فروهەر دەیبینی، هەم وەك سەرنوسەری نیشتمان کاریدەکرد.

لەگەڵ لەچاپدانی گۆڤاری نیشمان دا هەندێ کتێب وەکو (دیاری کۆمەڵەی ژ.ك کەشیعرە نیشتمانییەکانی حاجی قادرو مەلای گەورەی کۆیەو هەژارو شێخ ئەحمەدی حیسامی تێدا چاپ کرابوون بڵاوکرایەوە.. داهاتی کۆمەڵە تەنیاو تەنیا مانگانەی ئەندامان و فرۆشتنی چاپەمەنییەکان و داهاتی تیئاترو نومایشەکانی بوو.. کۆمەڵە

هــەر بــەو داهاتانــە توانــی چاپخانەیــەکی دەســتی بکــڕێو لەمــەهاباد دایبمەزرێنێ.." (22)*

بۆ دروشمە نەتەوەییە گرنگەکە، سەربەخۆیی هەموو کورد، رۆڵی دیپلۆماسیی ژ.ك، وا وردە وردە ئاشکرا دەبێت، بەڵگەنامەکانی ناو ئەرشیفی کۆمارەکانی یەکێتیی سوڤیەتی روخاوو هەندێك ئەرشیفخانەی تر کە وا وردەوردە دەکەونە بەردەست، ئەو رۆڵــە مەزنــە دیپلۆماســییە ئاشــکرا دەکــەن، کــە ژ.ك لــەو ســەرەتا زووەدا بــەهۆی رێبــەرەکانیو بەرپرسان لــەو کاروبــارە پێــی هەســتان، بەتایبــەتیی عــەبدولرەحمان زەبیحیو قاسمی ئیلخانیزادە*

لەسەر چالاکییەکانی کۆمەڵەی (ژ.ك) د. عەبدوڵڵا مەردوخ دەڵێت:

".. گەرچی (ژ.ك) زۆر نەژیا بەڵام لەو ماوە کەمەی تەمەنیدا لەبواری رۆژنامەگەری کوردیو ئەدەبو زمانی کوردیشدا هەوڵێکی باشیدا. نۆ ژمارە گۆڤاری نیشتمانو دوو رۆژ ئــەژمێری(ســاڵی 1943–1942و ســاڵی 1944–1943)ی بڵاوکــردەوە، نــاوی دوانزدە مانگەی ساڵ بەزمانی کــوردی بــۆ یەکــەمجار (ژ.ك)بــەکاری هێنــا. هــەروەها دیــاری کۆمەڵــەی (ژ.ك) بــۆ لاوەکــانی کوردیشــی لەســاڵی 1943–1942دا لــەچاپدا کــە بریتییە لەسێ نامیلکە، دیــاری مــەلا محەمــەدی کۆیــی، گوڵ بژێرێــك لــەدیوانی حــاجی قادری کۆییو دەستە گوڵێکی جوانو بۆن خۆش لەباغی نیشتمان پەروەری هاتووەتە بەرهــەمو لەگــەلێك بــەیانی سیاســی بەبۆنــەی رووداوی سیاســیو کۆمەڵایــەتی جــۆر بەجۆرەوە وەك لەپاشکۆی بەڵگەنامــەکاندا دەبینــرێن... پێشکەشــکردنی شــانۆگەری دایکــی نیشــتمان... پــەروەردەکردنی چــەندین کــادری سیاســی، ژمارەیــەکی زۆر لەئەدیبو نووسەرو شاعیری پایە بەرزیشە لەقوتابخانەی ژ.ك دەرکەوتن.."**

---

* لەباسەکانی حزبی دیموکراتو کۆمــاری کوردســتاندا زیــاترو بــەدوورودرێژی قســە لەســەر رۆڵــی گرنگــی پێشەوا قازی محەمەد دەکەین.

* بۆ سود وەرگرتن لەو بەڵگەنامانە سەیری گۆڤاری رابوون، ژمارەکانی ساڵی 1999 بکەن.

** بڕوانە دوکتور عەبدوڵڵا مەردوخ، هەمان باسو ســەرچاوە.... جگــە لــەچالاکیی سیاســیو دامــەزراندنی لقی ژ.ك لەکوردستانی عیراق.. کەمامۆستا برایم ئەحمەد گەلێ لەبیرەوەرییەکانی خۆی لەسەر ئەو لقە کەخۆی لێپرسراوی بوو، لەسەر رووداوە سیاسیەکانمان بۆ دەگێڕێتــەوە، بەتایبــەتی لــە: بیرەوەرییــەکانم، دامــەزراندنی لقی ژ.ك، گۆڤاری گزینگ، ژمارە13.

حزبی دیموکراتی کوردستان

سەرەنجامەکانی دووهەم جەنگی جیهان و سەرکەوتنی بەرەی دەوڵەتانی دیموکرات بەسەر نازیزم و فاشیزمدا، هاتنەکایەی گەلێ دەوڵەتی سۆسیالیست و فراوانبوونی بەرەی سۆسیالیزم و خولقانی شورەی ئاسنین و دروستکردنی چەکی ئەتۆم لەلایەن ئەمریکاییەکانەوە، ناچارکردنی ژاپۆن بە زەبری بۆمبای ئەتۆم بەخۆبەدەستەوەدان و قبوڵکردنی مەرجەکانی دەوڵەتانی سەرکەوتوو دوای هەردوو رووداوەکەی هیرۆشیماو ناگازاکی، دەستپێکردنی سەرەتای جەنگی سارد، بەربەرەکانی لەسەر دەست بەسەراگرتنی ناوچە نەوتی و ستراتیجییەکان، ململانێ لەسەر ئێران بۆ هێزجێگیرکردن تێیداو مانەوە بۆ دەست بەسەراگرتنی نەوت و ناوچە گرنگەکان، مەترسیی بلاوبوونەوەی کۆمۆنیزم... ئەو رووداوو گۆڕانانەو گەلێ دیاردەی‌تر بارودۆخێکی نوێیان لەجیهان و لەئێران دا هێنایە کایەوە. گەلانی ئێران بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی وشیاربووەوە، روناکبیرو نیشتمانپەروەرانی کەوتنە چالاکی و خەباتی ئاشکرا.. دیارە لەناو شارو ئەو ناوچانەی دەسەلاتی رژێمیان تێدا نەمابوو، یان زۆر لاواز بووبوو، گەلێ رێککەوتن لەنێوان زلهێزەکان و تارانیشدا ئیمزا کرابوو کەتیایاندا چارەنووسی ئێران و پارێزگاریکردنی یەکێتی ئەرزو ئاویان بۆ مسۆگەر کردبوو، لەگەڵ چۆڵکردنی ئێران لەلایەن هەرسێ دەوڵەتە گەورەکەوە، یەکێتی سۆڤیەت، بەریتانیا و ئەمریکا، دوای کۆتایی هێنان بەشەڕ بەشەش مانگ.. بۆیە ململانێیەکی ئاشکراو مانۆڤریی سیاسیی هەمەچەشن و شکات و شکاتکاری لە*UN* و گوشار دەستیان پێکرد.

ئەو هەلومەرجانە هیوایان لای کورد گەشاوەکردو ئایندەی خۆی روناک دەبینی و تێکۆشەرەکانی چالاکانە کەوتنە تەقەلای بەدەستهێنانی ئامانجەکان؛ یەکێك لەو گۆڕانانەی ئەو بارودۆخە نوێیانە دەیانخواست مامەڵەیەکی ئاشکرابوو، هێنانەکایەی زەمینەیەك بوو کەلەگەڵ نەخشەو ئامانجەکانی یەکێتی سۆڤیەت بگونجێ، هەنگاوی گرنگی ئەو مەیدانە، یان سەرەتای هەنگاوە گرنگەکانی ئەو مەیدانە کەزیاتر لەدووەم سەردانی وەفدی کورد بۆ باکۆ دەرکەوت، دامەزراندنی حزبێکی دیموکرات و ئاشکراو خاوەن لێپرسراوانی ناسراوبن، کەجێگەی کۆمەڵەی

ژ.ك بگرێتەوە، بۆچی؟ لەبەرئەو هۆیانەی کەلەدواییدا روناکییان دەخرێتەسەر.. گەلێ لەڕابەرانی کورد لەو گۆڕانە حاڵی دەبوون:

"دەستەیەك لەڕوناكبیران و ئەندامانی كۆمەڵەی ژ.ك هاتنەسەر ئەو بڕوایە، كەجێبەجێكردنی بەرنامەی كۆمەڵە لەهەلومەرجی ئێستا، جیهان و كوردستان دا ئیمكان كەمە، بۆیە بەرنامەیەكی كورت و نوێیان كەلەگەڵ هەلومەرجی ئەو سەردەمیدا دەگونجا گەڵاڵەكردو لەڕۆژی سێی خەزەڵوەری *1324--1945* یەكەم كۆنگرەی حزبی دیموكراتی كوردستان لەشاری مەهاباد گیراو ئەو بەرنامەیە پەسندكراو ڕێكخراوی حزبی دیموكراتی كوردستان هەر لەسەر بناغەی ڕێكخراوی كۆمەڵەی ژ.ك دامەزرا) [23].

بیروڕای لاخستنی ژ.ك و پێكهێنانی ئەم حزبە نوێیە، هەندێ كەس دەیگێڕنەوە بۆ لێپرسراوانی ئازربایجانی سۆڤیەت، ولیەم ئیگلتن یەكێكە لەوانە، لەم رووەوە ئەم دەنوسێ:"ژەنراڵ ئاتاكشیوف سەركردەی ئەفسەرە سیاسییەكانی روس لەئازربایجان بەقازی محەمەدی گوت: كاتی ئەوە هاتووە كۆمەڵێك لەناسراوانی كورد سەر لەیەكێتی سۆڤیەت بدەن، بۆ باسكردنی پاشەڕۆژی كوردستان.." [24].

هەڵوەشانی ژێكاف بۆچی؟

لەسەر هۆی سەرەكیی دامەزراندنی حزبی دیموكرات بەلاخستن و چاوپۆشین لەبوونی ژێكاف، لام وایە چەند هۆیەكە كە هەندێكیان ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە بۆچوونەكانی لێپرسراوانی روسەكانەوە هەیە لەسەر ئامانج و داخوازییەكانی كورد...

هەرچی لێپرسراوە مەیدانییەكانی سۆڤیەتەكان بوو، بەردەوام جەختیان لەسەر ئەوە كردووە كە دەبێت كورد دەستبەرداری داوای سەربەخۆیی بن..

ئاشموٚف عەلی ئەكبەرۆڤ لەڕاپۆرتێكدا (بەهاری *1945*) دەنووسێت:

"بەپێی دەستوری مۆسكۆ ئێمە لەمانگی ئاب پەیوەندیمان لەگەڵ پارتی ژێكاف گۆڕیوە. لەچاوپێكەوتنەكاندا لەگەڵ ناسراوەكانیكورد ئێمە بەشێوەیەكی پارێزانە(احتیات) تێمانگەیاندوون كە ئێمە پێمان وایە بیروباوەڕی "سەربەخۆیی بۆ

کوردستان" کاتی خۆی نییەو ریئال نییە، لەبەرئەوە ئەم بیروباوەڕە زیاتر لەلایەن دوژمنانی گەلی کوردەوە پشتیوانی دەکرێتو، هەر ئەوانیش کەمتر لەهەموو لایەك بیر لەئازادیو سەربەخۆیی راستەقینەی گەلی کورد دەکەنەوە. بەمەبەستی باشترکردنی ژیانی گەلی کورد ئێمە بەپێشکەوتنخوازەکانی پارتی ژێکاف پێشنیار دەکەین بۆ مافی یەکسانیی کورد لەچوارچێوەی یاسایی ئێران لەسەر بنچینەیەکی دیموکراتییانەی وڵات هەوڵبدەن.

کوردەکانیش زۆر جار لەلایەن سەرکردەکانی پارتی ژێکافەوە درۆیان لەگەڵ کراوەو پارتی بەرەبەرە لەپێش چاوی خەڵك دەکەوێت، پارتی ژێکاف بەبڕیاردانێکی تایبەتی هەڵوەشایەوەو ئەندامەکانی سەرلەنوێ چوونە ریزی پارتی تازە دروستکراو واتە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە". *

ئەم راپۆرتە دەری دەخات کەڕوسەکان سوور بوون لەسەر لاخستنی ژێکاف، دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوتووە کە لێپرسراوە سەرەکییەکانی تری ژێکاف ئامادە نین دەستبەرداری دروشمو داوای سەربەخۆیی کوردستانی گەورە بن. ئەمەش لایەنێکی گرنگ لەهۆی نەمانو هەڵوەشانی ژێکاف دەردەخات..بەڵام راستەوخۆو بە بڕیار دەرنەخراوە کەی ئەو بڕیارە تایبەتییە بۆ هەڵوەشانەکەو چۆنو لەکوێو لەلایەن کێوە بوون! رەنگە یەکەم دۆکۆمێنتی بەرگی یەکەمی دەوڵەتی جمهوری کوردستان، کەمە تیشکێك ئاراستەی ئەم لایەنە بکات.. **

ئەوە لەکاتێکدا بوو کە رێبەرانی تری ژێکاف جگە لە پێشەوا قازی محەمەد لەو سەرەتایانەدا ئامادە نەبوون کەپاشەکشە لەهەندێ بیری هاوپێوەند بەدروشمی سەربەخۆییەوە بکەن، بۆ نموونە کاتێك زەبیحیو قاسمی ئیلخانی زادە لەفابریوەری *1945*دا دەچنە دیدەنیی بەرپرسی کۆمەڵەی پەیوەندییەکانی کولتووری سۆڤیەت لەگەڵ ئازەربایجانی ئێران "شەرییۆڤ"ئەم مشتومڕەی لە راپۆرتێکدا تۆمارکردووە:

---

* بڕوانە: ئەفراسیار هەورامی، هێندێك بەڵگەو بۆچوون لەسەر کۆمەڵەی ژێکاف- لە رووسییەوە کردوویەتی بە کوردی ، گۆڤاری گزینگ، ژمارە 25، 1998.

** بڕوانە:

-گۆڤاری رابوون ژمارە 23-1988، هێندێك بەڵگەو بۆچوون لەسەر کۆمەڵەی ژێکاف.

-مەحمود مەلا عززەت، دەوڵەتی جمهوری کوردستان، بەرگی یەکەم، ستۆکهۆڵم 1992.

"لەرێکەوتی دووەمی فابریوەری *1945*، ئەورەحمانی زەبیحی و قاسمی ئیلخانی زادە هاتنە لام داوایان لێکردم کەئیجازەیان بدرێتێ، رێکخراوی پەیوەندییەکانی کولتووری لەگەڵ سۆڤیەت لەکوردستان دروست بکەن و سەربەخۆش بێت. کاتێك ئەم مەسەلەیەم بۆ جەنابی ئەورەحمان زەبیحی روونکردەوەو پێموت کە ئێمە ناتوانین پێشنیاری ئەوتۆ قەبووڵ بکەین، زەبیحی وتی: ئەگەر ئێمە لقێکی ئەم رێکخراوە پێکبێنین و ناوی لێبنێین رێکخراوی پەیوەندییەکانی کولتووری لەگەڵ سۆڤیەت. لەوەڵامی پرسیاری من کە بۆچی ئەوانە نایانەوێ ناوی لێبنێین"کۆمەڵەی پەیوەندییەکانی کولتووری ئێران لەگەڵ سۆڤیەت"زەبیحی وتی: "ئێرانێکان ئێمەیان خۆش ناوێت و رێزمان لێناگرن و بەچاوێکی خراپ و سوکەوە سەیرمان دەکەن، لەبەرئەوە ئێمە حەزناکەین ناوی بەشی پەیوەندییەکانی کولتوری سۆڤیەت و ئێرانی پێوە بێت، بەڵکو باشترە ناوی "بەشی یان لقی کۆمەڵەی پەیوەندییەکانی کولتووری سۆڤیەت" بێت.

من جارێکی تر هەوڵمدا بۆ زەبیحی روون بکەمەوە کە بۆچی ئێمە پێشنیار دەکەین ناوی پەیوەندییەکانی کولتووری ئێران لەگەڵ سۆڤیەتی پێوەبێت، لەبەرئەوەیە کە ئێران دەوڵەتێکی دۆستەو ئەمە نابێت ئینکار بکرێت، بەپێچەوانەوە ئەو پەیوەندییە کولتووریانەی کە دروستیان دەکەین هەرچی بڕوات دەبێ بەهێزتر بکرێن.

بەکارهێنانی وشەی "ئێرانی" هەموو جارێك هەم زەبیحی و هەم ئێلخانیزادەی قەڵس و تورە دەکرد، وتی" ئەگەر وڵاتێکی وەك سۆڤیەت، کەسوپاکەی شکستی بەلەشکری ئەڵمان دەهێنێت، لەئێران بترسێت دەبێ دانیشتوانی بەدبەختی کورد کە زۆر بەزەحمەت دەتوانرێت لەسەدا پێنجی دانیشتوانی خوێندەوارو بەکولتووری تێدا بێت، دەبێ چیبکات؟ " زەبیحی وتی کە ئێمە چارەرەشترین گەلین کە هیچ کەس یارمەتێکمان نادات. منیش وتم بۆچ وادەڵێی جەنابی زەبیحی؟ دوای ئەوەی کە شەریپۆف درێژە بەراپۆرتەکەی ئەدات ئینجا دێتەوە سەر ئەسڵی هۆی دیدەنییەکە: لەوەڵامی پرسیاری من کە کێیان بۆ سەرۆکی کۆمەڵەی پەیوەندییەکانی کولتووری لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت دیاری کردووە. زەبیحی وتی: برای گەورە جەنابی قاسمی ئێلخانیزادە. بەرێز ئێلخانیزادە مرۆڤێکی زۆر بەکولتوورو خوێندەوارەو زمانی عەرەبی و فارسی و کوردیش دەزانێت و خوێندەواری لەمەدرەسەی کۆنی کوردی

وەرگرتووە. ئەمجار من رووم لەبەڕێز ئێلخانیزادەکردو لێم پرسی: ئایا ئامادەیە ببێتە سەرۆکی لقی کۆمەڵەی پەیوەندییەکانی کولتووری سۆڤیەت لەگەڵ ئێران لەمەهاباد؟ لەوەلامدا وتی کە ئامادەیە ببێتە سەرۆکی بەشی کۆمەڵەی پەیوەندییەکانی کولتووری سۆڤیەت لەمەهاباد.

منیش وتم داوات لێدەکەم بەو چەشنەی کە من ناوی دەبەم ناوی بهێنیت، لەکۆتایی چاوپێکەوتنەکە بەڕێز زەبیحی و ئێلخانیزادە داوای ئەدەبیاتیان بەزمانی ئازەری و کوردی لێکردمو دەیانەوێ کە ئاگاداری ژیانی کوردەکانی سۆڤیەت بن. منیش بەڵێنم پێدان کەئەوپەڕی هەوڵی خۆم، بۆ ئەم مەبەستە بەڕێگای- انجمن سراسری روابت فرهنگی شوروی-بدەم."

بەلام ژێکاف لەسەر ئەو نەخشەیەی سووربووە کەخەباتی کورد بەرفراوانتر بکات... یەکێك لەنامەکانی هەیئەتی ناوەندی ژ.ك بۆ کۆنسوڵی سۆڤیەت لەتەورێز رووناکییەك دەخاتە سەر ئەو بۆچونە:

کۆمەڵەی ژ.ك

ئیدارەی ناوەندی

بەروار 7رەزبەری *1323*-*29* سپتامبر *1944*

بژی کوردو کوردستانی گەورە

بۆ بەڕێز سەرکۆنسوڵی یەکێتی سۆڤیەت لەشاری تەورێز

بەحورمەتەوە رادەگەیەنم چەند رۆژ پێش قشوونی ئێران ویستوویەتی بچێ بۆ "مەریوان" کە "حەمەڕەشید خان" پێشی گرتوون. دوای ئەم رووداوە، ژەنراڵ "هۆشمەند نەفشار" دێتە مەهابادو دەیەوێ قشوونی ئێران بگەڕێنێتەوە ئەو شارەو وەسەر"سەقز"ی بخات.

دوای ئەوەی نامەکە باسی کۆکردنەوەی هێز لەسەقز دەکات، تێیدا هاتووە:

لەنێوان کوردەکانی عیراقدا، عەشیرەتی جاف و شێخ لەتیف کوری شێخ مەحموودی ناسراو، کەچەند مانگێکە بە *1500* سوارەوە لەسەردەشت جێیان گرتووە، لەگەڵ گروپێکی سەربەعەشیرەتەکانی "گەورك" و "مەنگوڕ" بەهانای حەمەڕەشیدخانەوە چوون، لەئاکامی تێکهەڵچوونێکی بچووکدا برازای حەمەڕەشۆدخان بریندار بووەو حەمەڕەشید خان لەمەریوان کشاوەتەوەو خۆی

گەیاندۆتە"بانە" لەوە دەچێ قشوونی کۆکراوەی ئێران لەسەقزەوە بچێ شارەدێی بانەش داگیر بکات، بەم بۆنەوە حەمە ڕەشید خان بۆئێمەی نوسیوەو دەڵێ:

".... پۆلکۆنیک (سەرهەنگ) سەلیم ئاتاکشیۆف بەڵێنی پێداوە، هەر کاتێك لەنێوان ناوبراوو ئەرتەشی ئێراندا شەڕ هەڵگیرسێ، دەوڵەتی سۆڤیەت یارمەتی بەحەمەڕەشید خان دەکات یاخود پێش بەچوونی ئەرتەشی ئێران دەگرێ، بەڵگەی ئەو گوتنە لەکۆنسوڵی سۆڤیەت مەوجوودە".

ئێستا حەمەڕەشید خان داواتان لێدەکات پێش بەهێرشی ئەرتەشی ئێران دژی ئەو بگرن، تاکوردەکان لەشوێنی ترەوە بەهانایەوە دەچن‌و یارمەتیی پێ دەگەیەنن. هەروەها ئیزن مەدەن ئەرتەشی ئێران دژی حەمە رەشید خان لەتانك کەڵك وەرگرێ.

ئینگلیسەکان لەعیراق، تفەنگ بەعەشیرەتە کوردەکان دەدەن‌و وێدەچێ دانی ئەو تفەنگانە بۆ شەڕی دژی عەرەبەکان بێ."

هەیئەتی ناوەندی ژ.ك*

دیسان لەسەر هەڵوەشانی ژێکاف

قازی محەمەد لەدیدەنییەکی رۆژنامەنوسی هەواڵدەری ئاژانسی دەنگوباسی- تاس- راستەوخۆ ئەو راستییە دەدرکێنێت کە چۆن ژێکاف هەڵوەشاو گەلێك شتی تر باسدەکات:

تەورێز *17* ژانویەی *1946*

رۆژنامەنوسی هەواڵدەری تاس لەگەڵ سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان قازی موحەمەدو سەرۆکی ئەنجومەنی کوردستان حاجی بابەشێخ وتووێژی کرد. قازی محەمەد دوای ئەوەی بەدرێژی باسی گەلێك شۆڕش‌و راپەڕین دەکات تا داڕوخانی ئیدارەی حکوومەتیی ... ئینجا وتی:

"لەم ماوەیەدا ئێمە پارتی ژیانی کوردمان(ژیانەوەی کوردستان)مان پێك هێنا کە رێکخراوەیەکی نهێنی بوو، بۆچوونێکی ناسیۆنالیستانەی هەبوو مەبەستی پێك هێنانی دەوڵەتێکی گەورەی کوردستان بوو. دەسەڵاتدارانی ئێرانی بێشك هەوڵی

---

* حامید گەوهەری، هەمان سەرچاوە، 66-67

چاندنی دوژمنایەتی نێوان خێڵەکانی کوردیان دەدا. بەڵام بەکۆتایی هاتنی شەڕ هەموو هەوڵەکان بەڕێگای دیموکراتیدا ڕۆیشتنە پێش. پارتی ژیانەوەی کوردستان لەلایەن ئێمەوە هەڵوەشێنرایەوەو حزبی دیموکراتی کوردستانمان ڕێکخست. بەدروست بوونی حزبی دیموکراتی کوردستان ئێمە بەیەکجاری کۆتاییمان بەدوژمنایەتی نێوان خێڵەکان هێناو داخوازی ڕێبەرایەتی خێڵەکانمان بۆ دەسەڵات وەرگرتن لەناوبرد...*

لەهەمان دیدەنیدا قازی ئەڵێت:

"28ی فیبرییەی 1945 کۆنگرەی نوێنەرانی باکووری کوردستان بەڕێبەرایەتیو سەرۆکایەتی حاجی بابەشێخ ئەنجومەنیان هەڵبژارد. لەڕێکەوتی دەی مانگی دێسامبری 1945 ئاڵای نەتەوایەتیمان لەسەر بینای ئەنجومەنی کوردستان هەڵکردو کوردەکان سوێندیان خوارد کە هەتاکو کوردێك مابێت کەس ناتوانێت ئەم ئاڵایە لابەرێتو ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵاکە بووبە جێژنێکی نەتەوایەتی کورد..."

-لەسەر نەمانی ژێکافو پێکهێنانی حدك...

جگە لە روسەکان نەخشەی هەڵوەشانی ئەوو دامەزراندنی ئەم، کۆمەڵێك لاوی ناو سەرکردایەتیی کۆمەڵەش هاتبوونە سەر ئەو باوەڕە کە دەبێت گۆڕان لەدروشمەکاندا هەبێت..

لەم ڕووەوە غەنی بلوریان هەمانڕای هەبووەو ئەڵێت:

"دورشمی کۆمەڵەی ژێکاف بۆ هەمووومان جێگەی ڕێزەو دەزانین بەتەواوی بەرگری لەمافی گەلەکەمان دەکات، بەڵام ڕۆژگار جۆرێکەو کە هیچ لایەنێکی جیهان داکۆکی لەداخوازەکانی ئەمڕۆژی ژ.ك ناکات، گەیشتن بەو ئامانجە ڕێگەیەکی پڕ هەورازو نشێوەو ئەمڕۆکە ئاسۆیەکی روون بۆ ئەو ئاواتەی بەدی ناکرێ. کەواتە پێویستە ئێمە چاوێك بە داخوازەکانماندا بخشێنینو لەگەڵ هەلومەرج ڕێکیان بخەینو لایەنگریان بۆ بدۆزینەوە. بەڕای من داوای ئەمڕۆمان دەبێ لەچوارچێوەی خاکی ئێراندا هەڵسەنگێندرێو شتێك لەپرۆگرامی خۆماندا بگونجێنین کەدەگەڵ دەقی یاساو دەستوری ئەمڕۆی دەوڵەتی ئێران بگونجێ. بەپێی ئەو بۆچونە پێویستە

- بڕوانە:- ئەفراسیاو هەورامی، هەمان سەرچاوە.
- -مەبەستی لەپارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی دیموکراتی کوردستانە.

ناوی کۆمەڵەش بگۆڕدرێ‌و قاڵبێکی نوێ دانێن کەلەگەڵ دروشمە تازەکەمان بێتەوە...*

کاتێکیش باقرۆف لەگەڵ نوێنەری کوردان کۆبووەوە:

"باقرۆف کەوتە باسکردنی بزوتنەوەی کوردو ناوەڕۆکەکەی.. ئینجا پەنجەی بۆ ئەوە راکێشا کەکۆمەڵە بەو بارەی ئێستای ناتوانێت شتێك بەدەست بهێنێت، جوڵانەوەکە پێشناکەوێت ئەگەر بەسەرکردایەتی پارتییەکی دیموکرات‌و کوردستانی نەبێت.." [25].

عەبدولقادری دەباغی، لەسەر بارودۆخەکانی سەردەم‌و رۆژگارەکانی پێش‌و سەرەتای جەمهوریەتی کوردستان، کە بۆ خۆی هاوژیاوو هاوکاروانی خەباتە دورو درێژەکەی بووە، ئاوا قسان دەکات:

"... ئەو باخە خەملیو بوو، هاتبووەبەر، زمانی کوردی کەلەزەمانی رەزا شا قەدەغە کرابوو، ببووە زمانی رەسمی، رۆژنامەو گۆڤارە کوردی‌یەکان لەچاپخانەی کوردستان چاپ‌و بلاودەبوونەوە، ئەدیب‌و شاعیرانی وەك: خاڵەمین، سەید کامل، حەقیقی، هەژار، هێمن، شێواو، عەتری‌و چەندین نووسەری وەك حەسەنی قزلجی بەشیعرو بەرهەمە هەمەڕەنگ‌و بەنرخەکانیان زمانەکەیان ژیاندەوە.

بەڵی ئەو کۆمارە ساوایە لەماوەی کەمێ نزیك بەساڵێ، بە 7مانگ شینە کۆنەوەو بەنەبوونی دوکتورو موهەندیس‌وپسپۆڕەوە باخێکی رازاوەی پێکهێنا کەئێستاش پاش پەنجا ساڵ‌و بەدوای رووخانی کۆمارەکە، حیزبەکەی نموونەی نەزم‌و دڵسۆزی‌یە، رووخانەکەشی تێکشکانی سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەت لەبەرامبەری سیاسەتی ئەمریکاو بەریتانیا بوو، نەئازایەتی دەوڵەتی تاران"*

لەگەڕانەوەی وەفدەکەدا، ئەو لێپرسراوانەی کورد، ئەو پێشنیازو رێنماییەیان وەرگرت‌و کەوتنە سەر رێبازی پێکهێنانی ئەو حزبە نوێیە.. لە *15*ی ئابی/ *1945*دا کۆنگرەی دامەزراندنی حزبەکە لەمەهاباد بەستراو نوێنەرانی ناوچەو شارۆچکە

---

* بڕوانە:
-حامید گەوهەری، هەمان سەرچاوە، ل144.
-غەنی بلوریان، ئاڵەکۆك، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی حامید گەوهەری.

* بڕوانە"عەبدولقادری دەباغی، گۆڤاری گزینگ، ژمارە13 ئەویش لەبلاوکراوەی "کوردستان" ژمارە 230-یەوە وەریگرتووە.

ئازادکراوەکان و مەهاباد تێیدا ئامادەبوون.. پاش قسەو مشتومڕو شیعر خوێندنەوەو باس لەبارودۆخەکانی کوردستان و ئێران و جیهان، مافەکانی کورد بەدەستهێنانی خودموختاری دیارکرا.

لەو کۆنگرەیەدا قازی محەمەد بەپێشەواو ئەم ناوانەش بەکۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێرران [26]:

1-حاجی بابەشێخ

2-محەمەد حسەین سەیف قازی.

3-مەناف کەریمی.

4-سەید محەمەد ئەیوبیان.

5-عەبدولڕەحمانی ئیلخانیزادە.

6-ئیسماعیل ئیلخانیزادە.

7-ئەحمەدی ئیلاهی.

8-خەلیل خوسەوی.

9-کەریم ئەحمدیان.

10-حاجی مستەفا داودی.

11-محەمەد ئەمین موعینی.

12-مەلا حسەین مەجدی.

13-مەحمود وەلی زادە.

14-محەمەد رەسوڵ دڵشاد.

15-محەمەد ئەمین شەریف.

16-عەبدولڕەحمانی زەبیحی.

لەسەر لیستی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی، نەڕایەکی بڕینەرەوە هەیەو نەلیستێکی بێ مشتومڕ لەئارادایە. بۆ نمونە دەڵێن محەمەد رەسوڵ دڵشاد بەسکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێرراوە. کەچی لەهەندێ نامەی رەسمیی حزبەکە ئیمزای (بلوریان) دەبینرێ*

* بڕوانە مەحمود مەلا عززەت، دەوڵەتی جمهوری کوردستان ب3 1997.

یەکێك لەکارە گرنگەکانی کۆنگرە بڕیاردان بوو لەسەر ئەو بەرنامە نوێیەی بۆ حزبەکە ئامادەکرابوو، وەك لێرەدا دەقی تەواوی دەخەینە پێش چاو.

لەسەر ئەو دامەزراندنەی حزبی دیموکراتی کوردستان لە *16*ئابی *1945* ئەم ئاگادارییەی خوارەوە بەئیمزای (*61*) کەس لەنوێنەرانی بیرپوناك‌و لادێی‌و بازرگان‌و سەرەك تیرەو دایەرەکانی دەوڵەت‌و پیاوانی ئایینی‌و خاوەن موڵك بەزمانی کوردی‌و فارسی لەشاری مەهابادو دەوروبەری بڵاوکرایەوە.

بیسمیل لاهی رەحمان‌و رەحیم

ئاگاداری حزبی دیموکراتی کوردستان

هاونیشتمانیان.. برایان..

ئاگری شەڕی دووهەمی جیهانی کەلەلایەن وەژێرخەرانی دیموکراتی وەبەدەستی دوژمنانی ئازادی دەست پێکرابوو بەباسکی بەهێزی سەربازانی وڵاتەکانی هاوپەیمان کوژاندراوە، جیهانی دیموکراتی سەرکەوت وەجیهانی فاشیزم کەئەیویست نەتەوەکان‌و گەلانی جیهان بخاتەژێر ئەسارەتی مستیك ریگرو خوێن خۆر بەتەواوی نابوت بوە هەر چلۆنێك کەچاوەڕوان ئەکرا ریگەی ئازادی بۆ نەتەوەو گەلانی جیهان ئاوا نەکراوە ئەمڕۆ تەواوی گەلانی گەورەوچکولەی جیهان ئەیانەوێ لەم ریگەیەی کەئاوالە کراوەتەوە سود وەربگرن، ئەوان ئەیانەوێ لەم وادانەی کەلەپاکتی مێژویی ئاتلانتیك دا دراوە سود وەربگرن، ئەوان ئەیانەوێ کاروباری خۆیان‌و چارەنووسی خۆیان بەئارەزوی خۆیان بەجێ‌بگەیەنن.

ئێمە، کوردەکانی کەلەئێران ئەژین بەدرێژایی چەندین ساڵ خەباتمان کردوە وەلەم ریگەیەدا قوربانیەکی زۆرمان داوە، بەڵام حاکمە دیکتاتۆرەکانی ئێران هیچ کاتێك بۆ بیستنی پێویستیەکانی ئێمە ئامادەنەبوون وەتەنانەت نەیان هێشتوە لەو مافانەش کەبەگوێرەی قانونی ئەسلی دراوە بەئەیالات‌و ویلایاتەکان سود وەربگرین. ئەوان بەهۆی گوللەو بۆمب‌و تۆپ‌و گرتن‌و تەبعیدو کوشتن‌و یەخسیرکردن وەڵامی ئێمەیان داوەتەوە. بەتایبەتی لەسەردەمی دیکتاتۆری بیست ساڵەی رەزاخان دا ئێمە بۆ لەبەرکردنی جل‌وبەرگی نەتەوایەتی کوردیش ئازاد نەبوین. ئەوان بەهۆی نوکەنیزە، بەهۆی ئەفسەرە درو خاین‌و رێگرەکان تەواوی مەوجودیەتی ئێمەیان،

ژیان‌و ناموسی ئیمەیان خستبوە ژێرپێ. ئەوان بو نابودکردنی ئەسلی ئێمە لەهیچ چەشنە کارەساتێکی دریندانەو بێشەرمانە نەپرینگاونەتەوە. ئاخر ئێمە ئادەمیزادین، ئێمەش میژو، زمان، ریوشوین‌و دابی تایبەتی خوّمان هەیەو ئەوانەمان خوّش ئەوەی. بوچی ئەبی مافی ئیمە پیشیل بکرێت؟ بوچی ناهیلن کوردستان ببێتە ولاتێکی خودموختار وەلەرێگەی ئەنجومەنی ویلایەتی‌یەوە کەلەقانونی ئەساسی‌دا دیاری‌کراوە کاروباری بەریوە ببردرێت؟

هاونیشتمانانی خوّشەویست، پێویستە ئەمەی بزانین کەحەق نادرێت، بەڵکو ئەستێندرێت. بوّ ئەوەی حەقی خوّمان، دەسەلاّتی نەتەوایەتی‌و هاوجێگەیی خوّمان وەدەست بهێنین ئەبێ خەبات بکەین. بوّ ئەم خەباتە یەکیەتی‌و یەك گرتن پیویستە، بوّ ئەمەش تەشکیلات‌و دەستەی پیش رەو پێویستە.

دامەزراندن‌و دەست بەکاربونی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەمەهاباد بوّ ئەم ئامانجە بەرزەیە. ئێوە، هاونیشتمانانی خوّشەویست، ئەبی چاوو گوێی خوّتان ئاوالە بکەنەوە، لەدەوری حیزبی خوّتان وەخەبەربین وەبو وەدەست هێنانی مافی قانونی‌و نەتەوایەتی خوّتان فیداکاری بکەن. حیزبی دیموکراتی کوردستان سەروك‌و ریگە نیشان دەری ئیوەیە. بەتەنیا لەژیر ئالای ئەم حیزبەدا نەتەوەی کورد لەخەتەری تیداچون نەجاتی ئەبیت وەمەوجودی‌یەت‌و ناموس‌و پیویستەکانی نەتەوایەتی ئەو پارێزگاری لی ئەکرێت. بەتەنیا بەهوی ئەم حیزبە گەلی کورد ئەتوانێت لەنیوسنوری دەولەتی ئیران دا خودمختاری نەتەوایەتی وەدەست بخات.

هاونیشتمانانی خوّشەویست.. ئیمە جیا لەمافی قانونی‌و ئینسانی خومان شتیکی ترمان ناوی. شوعاری ئیمە لەو بەندانەی ژیرەوەدا بەکورتی نیشان دراوە، ئەم شوعارانە بخویننەوە وەلەهەمو پیاویکی کوردی حالی بکەن.

ئەمانەن شوعاراتی ئیمە

1–نەتەوەی کورد لەداخلی ئیران دا بو هەلسوراندنی کاروباری مەحەللی خوی سەربەخوّو ئازاد بیت وەلەسنوری دەولەتی ئیران دا نەتەوەی کورد خودمختاری خوی بخاتە دەست خویەوە.

2–مافی خویندنی بەزمانی زگ ماکی خوی هەبیت وەتەواوی کاروباری دایرەکان بەهوی زمانی کوردی بەریوە ببردریت.

3-لەسەر ئەساسی قانونی ئەساسی ئەنجومەنی ویلایەتی کوردستان بەزوویی هەلبژیردری، بەتەواوی کاروباری کومەلایەتی‌و دەولەتی رابگا وەچاودیریان بەسەردا بکات.

4-کاربەدەستانی دەولەت ئەبی بەبی قسە لەخەلکی مەحەللی بن.

5-ئەبی لەسەر ئەساسی قانونیکی گشتی‌دا لەنیوان لادیی‌و خاوەن مولکان دا پیک هاتیك پیك بهیندریت وەدوا روژی هەر دوك لا دابین بکریت.

6-حیزبی دیموکراتی کوردستان تی ئەکوشیت کەلەخەبات دا بەتایبەتی لەگەل نەتەوەی ئازەربایجان وەگەلەکانی تری کەلەئازەربایجان ئەژین (ئاسوریەکان‌و ئەرمەنیەکان‌و هتد) یەکیتی‌و برایەتی‌یەکی تەواوی پیك بهینیت.

7-حیزبی دیموکراتی کوردستان بەئامانجی بەرەوپیش بردنی کشت‌و کال‌و بازرگانی کوردستان وەپەرەپیدانی کاروباری فەرهەنگ‌و تەندروستی وەباشتر لیکردنی ژیانی ئابوری‌و مەعنەوی گەلی کورد دەست ئەکات بەسودوەرگرتن لەسامانەکانی سروشتی‌و کانگاکانی کوردستان وەلەم ریگەیەوە تی‌ئەکوشیت.

ئیمە ئەمانەوی بەتەواوی گەلەکانی ئیران هەلی تیکوشینی بەئازادی بدریت بو بەختەوەری‌و پیش کەوتنی نیشتمانی خویان.

بژی کوردستانی خودموختارو دیموکرات (27)

لەسەر هەڵوەشانی ژ.ك‌ودامەزراندنی حزبی دیموکراتی کوردستان. رۆڵی ژ.ك لە پرۆسەی دەرکەوتن یان پێگەیوییی ناسیۆنالیزمی نوێ، قازانج‌و زیانەکانی هەڵوەشانی ژ.ك لەڕوی سیاسی‌و ڕێکخراوەیی‌و دەرونیی‌و کۆمەڵایەتییەوە چبوون؟ ئەوانەو گەلێ باسی تر، لەو سەردەمانەوە تائێستا جێگەی باس‌و مشتومڕن... لەو رووناکبیرانەی کەچەند ساڵێکە لەگەڵ باس‌و لێکۆڵینەوە لەناسیونالیزمی کوردی‌و روداوەکانی ناو ئەزمونەکەی مەهاباد خەریکە دوکتور عەباس وەلی-یە کەبەگەلێك دیدو بۆچونی نوێوە تیۆری‌و راکانی خۆی بڵاوکردۆتەوەو لەسەریشی بەردەوامە...

ئەم رای زۆر لەمێژوونووس‌و نوسەرەکان رەتدەکاتەوە* لەقسەکانیدا بۆچوونەکانی من رەت دەکاتەوە کە بۆ پێشەوەچوونی مێژووی ناسیونالیستی

---

* لەرەتدانەوەی بیروبۆچونەکانی عەبدولڕەحمان قاسملودا دەڵێت: قاسملوو هەروا بەراگوزاری باسی کۆمەڵەی ژیکاف دەکا، وەکو پلەیەکی [illegible] لە پرۆسەی خەباتی ناسیونالیستیدا کە گەیشتە پێکهاتنی

کوردی پرۆسەیەکی نەپچڕاو بێت، بەمانا، ئەوەی قوبوڵ نییە کەبەهۆی گەشەکردنە بەردەوامەکانی کۆمەڵگەوە، لەهەموو روویەکەوە گۆڕان روو دەدەن، بنەماکانی ناسیونالیزم سەردەردەهێنن، چەکەرە دەکەن، گەشەدەکەن پێدەگەنو کۆی هەمووی پێناسەو هەویەی ناسیۆنالیزم پێکدەهێنن... بەمانایەکی تر ئەو پێی وایە یان رەنگە پێی وابێت کەدامەزراندنی کۆمەڵە، بەوەڵەدبووی زەمانو زەمینو ساتەکەیەو پرۆسەیەکی سەربەخۆیە، پێوەندیی بەرابوردووەوە نییە.... کەئەوەش بۆ خۆی ئەو بۆچوونو لێکدانەوەیە رەتدەکاتەوە، چونکە هەرچەندە هۆی راستەوخۆی لەدایکبوونەکە گۆڕانە نوێیەکە بوو، بەڵام کۆمەڵە لەهەناوی کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە خوڵقا، لەناو ئەو هەلومەرجو بارودۆخە تێکەڵەدا بیری دامەزراندنی رێکخراوی لەو بابەتە بنجی داکوتاوە. ئەوسا لەدایکبوو سەرەنجامی ئەو کۆمەڵەو رێکخراوانەی تر بووە کەلەوەوبەر پێکهاتوونو نەماون. دیارە تیاشیاندا هەبوو کاڵو کرچ بێ توانای بەردەوامیی بووە، وەك رێکخراوە نەك وەك بیرو بیرۆکە. لێکدانەوەیەکی لەوبابەتەی کاك عەباس، پچڕاندنی مێژوی ژێکاف لەمێژووی کۆمەڵگەی کوردەواریی، جیاکردنەوەی کۆمەڵەی ژ.ك لەرێکخراوەکانی پێشووترو دەورو تەئسیریان لەسەر پێکهێنانی، پێچەوانەی رەوتی مێژووە، هیچ پێوانەیەکی زانستییو بابەتیی، بۆچونی لەو بابەتە ناگرنە خۆیان...لەگەڵ ئەوەشدا بارودۆخە نوێیەکە، فاکتەرەنوێیەکان رۆڵی راستەوخۆیان لەپرۆسەکەدا بینی.

حزبی دیموکراتی کوردستان ئامانجە نەتەوەییو نیشتمانیو کۆمەڵایەتیەکانی ئاشکراو روونتر دەرخستبوو، بووە خاوەنی بەرنامەو پرۆگرامی رێكوپێك، جگە لەوەش لەبەردەم گۆڕانێکی گەورەو چاوەروان کراودا بوو.. لەگەڵ ئەوانەش ئەتوانین

حدكو دامەزراندنی کۆمار...لەسەر بۆچوونو لێکدانەوەکانی منیش دەڵێت: مەحموودی مەلا عزەت-یش لەلێکۆڵینەوەیەکی تازەیدا سەبارەت بەهەستانو رووخانی کۆماری کوردستان هەر بۆچوونێکی ئەوتۆی هەیە، هەرچەندە بەهێندێك جیاوازییەوە، ئەو لەگێرانەوەی کاکلگر(essentialist)ی خۆیدا پێشەوەچوونی مێژووی ناسیونالیستی بەپرۆسەیەکی نەپچڕاو دادەنێو هیچ سەرنج ناداتە سەر ئەو هەلومەرجە سیاسیو کۆمەڵایەتییانەی وا تەئسیریان کردەسەر هەڵوەشانی کۆمەڵەی ژێکافو پێکهاتنی حدك...

- بڕوانە عەبباسی وەلی، دەسەڵاتی سیاسیو حاکمییەت لەکۆماری کوردستاندا، گۆڤاری گزینگ، ژمارە13

بڵێین لەدایك بونی حزبەکە لە ئەنجامی گۆڕان و گەشەکردنی بنچینەیی و بنەڕەتی لایەنە سەرەکیەکانی ئابوری و کۆمەلایەتی و پەیوەندی بەرهەمهێنانەوە نەبو، بۆیە دامەزراندنەکە کەلەسەر دارو پەردوی کۆمەڵەی ژ.ك بوو. بەگشتی سەرکردایەتی و بنکەو جەماوەری کۆمەڵە، وەکو خۆیان مانەوەو ناوە نوێیەکەی لێنرا، بەزیاتر فراوان بوون و گەشەکردنی رێکخستنەوە.. چونکە حزبی نوێ لەبەردەم گۆڕانێکی نوێدا بو، لەبەرئەوە زۆربەی زۆری کۆمەلانی خەڵك لەناوچەی موکریان لەدەوری گرد بونەوەو زیاتر چونە ریزەکانەوە.. لقەکانی ژ.ك راستەوخۆ بوون بەبەشێك لە حزبە نوێیەکە. سەبارەت بەوەی حزبی دیموکراتی کوردستان لە تاقیکردنەوە گرنگەکەی دامەزراندنی کۆمار دەورێکی مێژوویی و پڕ شانازی بینی، بۆیە بە پێویستمان زانی لێرەدا وێنەی تەواوی بەرنامەکە بخەینە پێش چاو.. بەتایبەتی یەکەم حزبی کوردستانیش بو کە تا ئەو سەردەمەو، بگرە دوای ئەوەش، بەو جۆرە بە رێك و پێکی لە مەیدانی خەباتدا خزمەتی نەتەوەی کورد بکات و بەرنامەیەکی وا رێکوپێکی هەبێت.

★ ★

★

پێڕەو پرۆگرامی
حزبی دیموکراتی کوردستان[28]

فەسلی یەکەم

1–ناوی حزب(حزبی دیموکراتی کوردستان)ە.

2–بینای حزب لەسەر ئەم بنچینانەن:

ڕاستی، دادپەروەری، شارستانێتی، وە پێویستە هەموو پەیڕەوو یاساکانی حزب جێبەجێ بکرێن پاش ئەوەی کۆنگرە بڕیاری لە سەر ئەدات.

3–قەڵەمو گوڵە گەنم نیشانەی حزبە.

فەسلی دووەم

4–ئامانجی گەورەی حزب لە قۆناغی ئێستادا پارێزگاری کردنی مافەکانی خەڵکی کوردە لە سنوری دەوڵەتی ئێراندا، مسوگەر کردنو بەدەستهێنانی دەبێت لە هەموو ئەو ناوچانەدا کە بەدرێژایی مێژوو تیایا ژیاوەو زەحمەتی کێشاوە خود موختاری خۆی هەبێت.. ئەبێ لە کوردستاندا دیموکراتیەت لە بنچینەدا بۆ دەستکەوتی خەڵك بێتو هەموو خاوەن ماف بن لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی شورای میللی بێ ئەوەی جیاوازی نەتەوەییو مەزەبیو ئاینی هەبێت.

5–ئامانجی حزب گەشەکردنی دیموکراتیەتە کە بناغەی ئەمەش خەبات کردنە بۆ سەرکەوتنی مرۆڤ.

6–حزب لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا هیچ جۆرە دوژمنایەتیەكو ناکوکییەکی نییە، بەڵام خەبات دەکات بۆ چەسپاندنی ئاشتیو گەشە کردنی فەرهەنگیو تەندورستیو کشتوکاڵی خەڵکی کورد، کە ئەوانە هەمووی بەهۆی دەسەڵاتدارێتی چەوسێنەرەوە دواکەوتنو وە بۆ ئەمەش دەبێ مافی خود موختاری هەبێت.

فەسلی سێیەم

7–کۆکردنەوەی داراییو باج ڕێك بخات وەکو پێویست دەرامەت دابەش بکرێت.

8–ئەبێت یەکەم هەنگاوی حکومەتی میللی دەستکردن بێت بە ئاوەدان کردنەوەی وڵاتو پێکهێنانی دەستگاکانی ئابوریو سیاسی، بۆ ئەمەش زیاتر لە سێ لە سەدی دەرامەتو دەستکەوت نەدرێت بە حکومەتی ناوەندی.

9- ئەبێت هەموو فەرمانبەرانی بەڕێوە بردن و سیاسی و کشتوکاڵ کورد بن، هەر کاتێکیش پێویست بە شارەزایان بو دەتوانرێت لە دەرەوە بهێنرێن وە دەبێت هەموو کاروبارێکی کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی بەزمانی کوردی بێت.

10- حزب خەبات دەکات بۆ گەشە کردنی کشتوکاڵ و کڕینی مەکینەو بەکارهێنانی، خەبات دەکات بۆ ئەوەی بەروبومی جوتیاران بە باشی بفرۆشرێت.

11- حیزب خەبات دەکات بۆ ئاوەدان کردنەوەو تەندرست باشی دێهات، بۆ نەهێشتنی کۆسپەکانی رێگەی هاتوچۆ کردن لە نێوان دێهاتەکاندا.

12- بەرگری و پارێزگاری کردن لە ژیانی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و تەندروستی هەموو زەحمەتکێشانی کوردستان بێ ئەوەی جیاوازی میللی و نەتەوەیی و ئاینی لێك بدرێتەوە.

13- بڵاوکردنەوەی زانست و شارستانی لە ناو خەڵکی کوردستاندا بەپەرەپێدانی خوێندن لە قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندی‌داو بە زمانی کوردی لەو قوتابخانانەدا بخوێندرێت.

14- بەرز کردنەوەی رادەی ژیان و شارستانی خەڵك بەزۆر کردنی مەڵبەندی زانست و کتێبخانەو شانۆو شوێنی یاری.

15- گێڕانەوەی فەرمانبەرە کوردەکان کە لە دەستگاکانی بەڕێوە بردن و لەشکرو شوێنەکانی تردا ئیش دەکەن.

16- پێویستە پەیوەندی ئابوری و فەرهەنگی لەگەڵ دەوڵەتان دا بە تایبەتی دەوڵەتی مەزنی یەکێتی سۆڤیەت ببەسترێت بە رەچاوکردنی بەرژەوەندی میللی.

17- بۆئەوەی دەوڵەتی خودموختاری کورد بتوانرێت داواو مافەکانی خۆی دەربخات بۆی هەبێت لە کۆبونەوەکانی میللەتان دا بۆ سودی ژیانی مرۆڤایەتی ئەبەسترێت ئامادە بێت.

18- حکومەتی خودموختاری کوردستان مافی ئەوەی هەبێت ئەو کانانەی دەرهێنراون و دەرنەهێنرێن بەو لایەی خۆیدا دەیەوێت بیبات.

فەسلی چوارەم

19–بۆ مسۆگەر کردنی پێداویستیەکانی خەڵك و بۆ شت هەرزان کردن و خۆشگوزەرانی ژیان دەبێت دەوڵەتی میللی دژی گرانی و مۆنۆپۆل (احتکار) و سوسەلەم بوەستێت.

20–ئەبێت دەوڵەتی میللی ئابووری کوردستان گەشە پێ بدات وە لە هەموو شارەکاندا کارخانە دابمەزرێنێت و دەستی ئیمپریالیزم ببڕێت کە نایەڵێت سامانی نیشتمانی سودی لێوەربگیرێت و مرۆڤایەتیش کەڵکی لێوەربگرێت.

21–پێویستە ئافرەتان وەکو پیاوان مافی خۆیان بەکار بهێنن. لە هەموو ڕوویەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی‌یەوە.

22–مافی کەمە نەتەوایەتیەکان لە کوردستان، ئازەرو ئەرمەن و ئاسوری بە تەواوەتی بدرێت.

حزبی دیموکراتی کوردستان

أزار*1324*

کانونی یەکەمی *1945*

پێڕەو پرۆگرامی ئەو حزبە گەلێك داخوازی سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابوری دەستنیشان کرد، جۆری بەڕێوە بردن و شێوەی پەیوەندی لەگەڵ تاران و دەوڵەتانی دۆست دیار کرا.. ئەوانەش هەنگاوی گرنگ بوون لەو قۆناغەی بزوتنەوەی کوردایەتی‌دا. بەڵام بە کردارو لە هەنگاو، هەڵوێستدا ئەو لایەنانەی هەمووی پێڕەو نەکرا، یان هەندێکی وەکو پێویست بایەخی ئەوتۆی پێنەدرا، هەرچەندە تەمەنی کۆمار ئەوەندە کورت بوو.. ڕێرەوی ژیان و بەسەرهاتەکان ئەوەندە تێکچڕەژاوو ئاڵۆز بون کە ناتوانرێت ئەو داوا قورس و پڕ ئەرکە بخەینە سەرشانی کۆمارو سەرکردایەتیەکەی بۆ جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی ئەو بەرنامەیە، بەڵام هەواڵ و چالاکی ئەو تۆ.. یان بیرکردنەوە لەجۆری کارکردن لەسەر بەرنامەیەکی لەو بابەتە نەبووە، نەخشەی جێبەجێ کردنی ئەو بەرنامەیەش دانەنرا تاکۆمەڵانی خەڵك پێی پەروەردە بکرێن و بخرێنە بەردەم ئەو گۆرانانە.. سەرەرای ئەمانەش روو سیمای

حزب، نویّو ئاشکراو لەبارو زەمینەی خەبات گونجاوتر بون، گەشەکردنیّکی تری بزوتنەوەی کوردایەتیو پلەیەکی نویّ بو لە جولاّنەوەی رزگاریی نەتەوەی کوردا دا، بەتایبەتی بزوتنەوەی جوتیاریو تا رادەیەکیش کریّکاری سەری دەرهیّنا هەرچەندە لاوازبوون، جگە لەوەش فراوان بوونی بنکەی حزب بە زوربەی عەشایرەکان.. بوو بە هۆی دەسەلاّت پەیدا کردنی سەرۆکەکانیان نەك هەر لە ناوچەی خۆیاندا بەلّکوئە دەزگای حزبیشدا شویّنی خۆیان کردووەو جیّگەیان بەچەند سەرکردەیەکی چالاك لیّژ کرد.

(هەرچەندە بەداخەوە وەزعی سیاسیو کۆمەلاّیەتی ئەو وەختەی کوردستان، بو بەهۆی ئەوە، کە هیّندی دەرەبەگی هەلپەرستو ملوموکەر، خۆ بخزیّنیّتە ناو سەرکردایەتی حیزبەوە، بەلاّم سەرۆکایەتی قازی محەمەد وەك پیاویّکی زاناو تیّکۆشەرو خۆشەویستی خەلّك کاریّکی وای کردبوو کە زوربەی خەلّکی کوردستان بە وەرزیّرو کریّکارو کاسبکارو ڕووناکبیرو هی دیکە لە دەوری حیزب کۆببنەوە)*29*

بەو جۆرە ریزەکانی حزب شەپۆلیّکی گەورە لە وەرزیّرو کریّکارو کاسبکارو رۆشنبیرو فەقیّو مەلا ڕووی تیّکرد، زوربەی زۆریان دلّسۆزیو سۆزی نیشتمانپەروەری پالّی پیّوە نابون..

یەکیّك لە کارە گرنگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کە تەواوکەری هەنگاوەکەی کۆمەلّەی ژ.ك بو.. بەربەرەکانی کردنی ناوچەگەریو عەشایەری بو.. زۆر لە سەرکردەکان بەپەرۆشەوە هەولّی یەکیّتی ناو ریزەکانی گەلیان ئەداو چیان لە دەست بهاتایە بۆ قەلاچۆ کردنی ناکۆکیو دوبەرەکی لە نیّو خیّلّو ناوچە عەشیرەتەکانداو پەروەردەکردنی جەماوەر بەگیانی نەتەوەییو نیشتمانپەروەریی، دەیانکرد.

خەباتی حزب دژی ئیمپریالیزمو داگیرکەران.. گۆشکردنی جەماوەر بەو باوەڕە، پەیوەندی دۆستایەتی لەگەلّ گەلانی براو ئازادیخواز.. ناسینی دۆستو دوژمن بەجەماوەر.. ئەوانە لەنوسینو رۆژنامەو قسەی زۆر لەسەرکردەکان بایەخیان پیّدەدرا.. بەربەرەکانی فاشیزمو نازیزمیان بەئەرکیّکی گەورەی سەرشانیان دەزانی.

رەنگە ئەو حزبە یەکەم حزبی کوردیو کوردستانی بووبیّت کە لە پرۆگرامەکەیدا باسی دیموکراسیی و مافی مرۆڤ بکاتوبەو جۆرە بە زەقیی بیکاتەبەشیّك لە

پرۆگرامەکەی‌و بایەخبدات بە مافی ژنان‌و بەپێویستکردنی مافی ئافرەتان کە وەك پیاوان بەکاریانبهێنن. دیسان داواکردن بۆ ئامادەبوونی نوێنەرانی کورد لە"کۆبونەوەی میللەتان"دا هەم داوایەکی رەواو هەم ئازایانە بوو.

لەسەرو هەموو ئەوانەشەوە، گەورەترین هەنگاوی ئەو حیزبە بەپیرەوەچوونی دامەزراندنی کۆمارو پێکهێنانی دامو دەزگاکانی بوو وەکو لەشوێنی خۆی‌دا قسەیان لەسەر دەکەین.

هەر پێش دامەزراندنی جەمهوریەتی کوردستان بەچەندین ساڵ بەڕێوەبەرایەتییەکەی لەشێوەی خودموختاردا دامەزرێنرا بوو، تاپارێزگاریی ئاسایش‌و هێمنی‌و ژیانی خەڵك بکرێت‌و کاروبارەکانیان بەڕێوەببرێن...بۆ ئەنجام دانی ئەو کارو ئامانجانە، چەند دەزگایەك دامەزرێنرا لەوانە (هەیئەتی رئیسەی میللی) کەلەسەرەتاداو تابانگەشەی پێکهێنانی کۆمار پێشەوا قازی محەمەد سەرۆکی بوو، هێمنی شاعیر بەسکرتێر هەڵبژێررا، وە "کومسیونی تەبلیغاتی حیزب" بۆ سەرپەرشتی کردنی چاپەمەنیەکان. *(30)*.

بۆیە.. دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ سەرکردایەتی بزوتنەوەی کوردایەتی وەکو حیزبێکی نیشتمانیی بۆ هەموو چینە سەرفرازخوازەکان، لاپەڕەیەکی گەش بوو لەجولانەوەی نیشتمانی‌و رزگاریخوازی گەلی کورد لەکوردستانی ئێراندا.

پەراوێزو سەرچاوەکان

1-د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لەساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا، چاپی بەغدا 1975-ل 36.

2-د.ع. شەمزینی، الحركة القومية التحررية للشعب الكردي، صحيفة خەبات بغداد 1960.

3-د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، سەرچاوەی ناوبراو، ل37، 38.

4-د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل39.

5-کەریمی حیسامی، کاروانێك لەشەهیدانی کوردستانی ئێران، چاپی 1971، ل10و 11.

6-هێمن، تاریكو روون، چاپی 1974، ل15.

7-هێمن، هەمان سەرچاوە، ل20.

8-William Eagleton, The Kurdish Repulic 1946 London 1963, p.133.

9-کەریم حیسامی، سەرچاوەی ناوبراو، ل13.

10-William Eagleton, op, cit, p.34.

11-هێمن، سەرچاوەی ناوبراو، ل20.

12-William Eagleton, op,cit, p.35.
13- William Eagleton, Ibid, p.35.

14-هێمن، سەرچاوەی ناوبراو، ل21.

15-کەریمی حیسامی، سەرچاوەی ناوبراو، ل 13.

16و17و18-گۆڤاری نیشتمان، ژمارە 3و4 ساڵی 1322، ل27و 28.

19- William Eagleton, op. Cit, 35.

20-هێمن، سەرچاوەی ناوبراو، ل 23.

21- William Eagleton, Ibid, p35.

22-هێمن، هەمان سەرچاوە، ل21و 22.

23-هێمن، هەمان سەرچاوە، ل 22، 23.

24- William Eagleton. Op.cit, p.45.
25- William Eagleton, Ibid, p.45.
26- William Eagleton, Ibid, p.134.

27–دەقی ئەو ئاگادارییە کاك کەریم حەداد پێی گەیاندم: ئەویش لەبرادەرێکەوە وەری‌گرتبوو کەلەئەسڵدا لەدوکتور رەحیمی قازییەوە وەرگیراوە... کەئەم تێبینیەی لەسەر نوسیوەو منیش بەپێویستم زانی کەتێبینییەکە وەکو خۆی بنوسم کە بەم جۆرەیە: (کاکە، ئەم ئاگادارییە ئیمزای قازی‌و سەرۆکەکانی تری کۆمەڵەی "ژ.ك"ی پێوە نی‌یە چونکە هێشتا ژ.ك خۆی لەخۆنەکردبوو، بەڵام ئەم ئاگادارییە لەلایەن قازی‌یەوە نوسراوە وەلەکۆبوونەوەی نهێنی کۆمەڵەی ژ.ك پەسەندکرابوو.

ئەم ئاگاداریە لەسەر پارچە کاغەزێکی جیاوازدا چاپ کرابوو، لایەکی بەکوردی‌و لایەکیشی بەفارسی. بەعزە وشەیەکی کەکوردی نەبون لەلایەن بەندەی فەتیرەخورەوە کوردراوە، لەماناادا هیچ دەستکاری نەکراوە.

برات

رەحیمی قازی..

بۆ ئەو تێبینیەی رەحیمی قازی کە دەڵێت ئەم ئاگادارییە لەکۆبونەوەی کۆمەڵەی ژ.ك–دا پەسندکراوە، هیچ سەرچاوەیەکی تر باس لەوە ناکات. زیاتر لەوەش هیچ بەڵگەنامەیەکی تر بەدەستەوە نییە کەباسی ئەو چارەنوسەی کۆمەڵەی ژ.ك بکات کەئەوەش جێگەی سەرنجە رەنگە زیاتر هەر لەدامەزراندنی حزبی دیموکراتدا بێدەنگیش لەو کرابێت، یان بەجێگرەوەی ئەو دانرابێت.بەڵام وەك لە شوێنی خۆیدا باسکرا پێشەوا قازی محەمەد باسی ئەوەی کردووە کەخۆیان ژ.ك یان هەڵوەشاندۆتەوە، دیارە خوێنەری بەرێز سەرنجی لەوەش داوە کەچۆن رووسەکان هانی کوردەکانیان ئەدا بۆ دامەزراندنی حزبێکی نوێ! ئەو بەڵگەنامانەی ناو ئەرشیفەکان کەلەشوێنی خۆیاندا باسکران روناکیی دەخەنە سەر لایەنێك لەچارەنوسی ژ.ك.

28–دەقی ئەو پێرەو پرۆگرامە لەگۆڤاری تودە (ئۆرگانی رێکخراوی شۆرشگێری حیزبی تودەی ئێران لەدەرەوەی وڵات) ژمارە 19 ل30 لەفارسی‌یەوە وەرگیراوە، ئەو گۆڤارەش لەدەقە کوردیەکەوە وەری گرتووە.. وەلەبەرئەوەی کوردیەکەی دەست نەدەکەوت، بۆیە ناچاربوم سەر لەنوێ لەفارسی‌یەکەوە وەری گێرمەوە سەر کوردی.

29–کەریم حیسامی، سەرچاوەی ناوبراو، ل 24.

30–هێمن، سەرچاوەی ناوبراو، ل 23و 24.

ئەمە وێنەی یەکێك لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ژێ کافە کەهەڵوێست و بۆچوونەکانی لەسەر ڕوداوەکان دەرئەخات و چۆن ویستویەتی بەو جۆرە کارانە لایەنگیریی سۆڤیەت بۆ مەسەلەی کورد بەدەستبهێنێت.

بەناوی یەزدانی گەورە و بەرز

بەیاننامەی ژمارە ۳۱۲ ڕۆژی دووەمی خەزەڵوەری ۱۳۲۳

آ . ل . ب . هەیئەتی ناوەندی کۆمەڵەی ژ.ك

بەشی پێنجەم

دامەزراندنی جەمهوریەتی کوردستان

پاری یەکەم

سەرەتای وتووێژو هەڵوێستی سۆڤیەت لەدروستکردنی قەوارەیەکی کوردی.

دوابیروڕای سۆڤیەت و لایەنگیرکردنی دامەزراندنی کۆماری خودموختاریی.

دامەزراندنی جمهوریەتی کوردستان.

پاری دووهەم

جەمهوریەتی کوردستان:

ناوی مێژوویی قەوارەکە

خودموختاریی و سەربەخۆیی لەجەمهوریەتی کوردستاندا

جەمهوریەتی کوردستان خودموختار بوو

پاری یەکەم

لەسەر سەرەتای وتوێژی کورد لەگەڵ ئازەرو سۆڤیەتەکاندا، لەسەر جۆری مشتومڕو ڕا سەرەتاییەکانی لێپرسراوانی ئازەربایجان لەهەر دوو دیووی سنوری ئیران-سوڤیەت، لەسەر جۆری پێوەندییە هەمە لایەنەکانی کوردستان لەگەڵ ئازەربایجان، لەسەر بڕیاری دامەزراندنی جەمهوریەتی کوردستان.. قسەکراوەو نوسین و لێکۆڵینەوە بلاوکراونەتەوە، وادەزانم تائێستا ئەو لایانانە هەقی خۆیان نەدراوەتێ، جگە لەوەی تەمومژ لەسەر ئەو پەیوەندییانەو پرۆسەکانی گفتوگۆو هەڵویست و شێوەی قەوارەیەك بۆ کورد بووەو زۆر باس و خواسی بەنهێنیی ماونەتەوە، تائێستا وەك پێویست قسەیان لەسەر نەکراوە، بۆیە دەبێ و پێویستە روناکیی زیاتر بخرێتە سەر ئەو باسانە، ئەو نهێنیی و زانیارییانەی لەسەرچاوە جیاجیاکانەوە بەردەست کەوتوون، بکرێنە هەوێنی لێکۆڵینەوە نوێیەکانی ئەم سەردەمە...

سەرەتای وتووێژو هەڵوێستی سۆڤیەت لە پێکهێنانی قەوارەیەك بۆ کورد

رووداوو گۆڕانەکانی سالانی دووهەم جەنگی جیهان و شێوەی کۆتایی پێهێنانی داگیرکردنی بەشەکانی سەروو سەروی رۆژئاوای ئیران، بەبەشێکی گرنگی کوردستانی رۆژهەلاتیشەوە، لەلایەن لەشکری سوری سۆڤیەتەوە، داڕوخانی ئەرتەش و دام و دەزگای دەولەتی شا، گەشەکردنی بزوتنەوەی کوردایەتی، ئەوانە دەسەلاتی رژێمی شایان وا لاوازکرد کەڕەزا شا ناچار بکرێ لە *16*ی ئەیلولی *1941*دا تەختی شایەتی بۆ کوڕەکەی (حەمە رەزا) بەجێ بهێڵێت، بەو نیازەش کە بتوانێت بەو هەنگاوە رژێمی شایەتی و دەسەلاتی بنەماڵی پەهلەوی بپارێزێت.

لەگەڵ ئەوانەشدا، چالاکیی خوێندەوارو روناکبیرو نیشتمانپەروەران، سەردەرهێنان و گەشەکردنی بیری دیموکراسی و گیانی سەرفرازی و خواستی بەدەستهێنانی مافەکان، بوژاندنەوەی بازرگانی و کەسابەت و بازاڕو رێگەی هاتنوچون، تێکەڵبون بەنوێنەرو لێپرسراوانی سەربازی و سیاسی روسەکان کە مەیلی

زیاتر لەوانەش ، هەر لەکۆنەوە سوڤییەت و روسەکان کەم و زۆر بایەخیان بەکێشەی نەتەوەیی کورد نەدابوو، مەسەلەی کورد لای ئەوان شتێ نەبوو کاری لەسەر بکەن یان کارێکی بۆ بکەن.. لەم ئامادەبوونەی لەشکری سوریشدا گۆڕانێکی چاوێنی نەبوو، بەلاّم جۆرێك لەهیواو چاوەڕووانی هەبوون... کەئاوڕیش لەرابوردوو دەدرایەوە، نمونەی پێچەوانە دەکەوتنە بەرچاو، نمونەی دژایەتی کوردو یارمەتیی داگیرکەرانی کوردستان زۆرن لەوانە:

-بێدەنگی روس و سۆڤییەتەکان لەراپەڕین و شۆڕشەکانی کورد، مامەڵەی خێڵ و هۆزیان دەکردو تەنها بۆ دەستکەوتی خۆشیان.

-لاخستنی پێوەندییەکانی کورد بەروسەکانەوە بۆ یارمەتی و سەرفرازیی.

-بێدەنگیی رادیۆو گۆڤارو رۆژنامەکان لەو زوڵم و زۆرانەی لەکورد دەکران...

-بێدەنگیی لەکۆڕو کۆبونەوە جیهانییەکاندا...

-وەلاّم نەدانەوەی سێ نامەی شێخ مەحمودی نەمر کەسەرکردەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی لەکوردستانی باشوردا دەکرد(*1918-1931*).

-یارمەتی و هاوکاریی مستەفا کەمال ئەتاتورك لەدژی خواست و داوا ڕەواکانی کورد.

-بەناڕاستەوخۆش گەورەترین زیانی لەکێشەی کورددا کاتێ بەکشانەوەی لەبەرەی جەنگی دژ بەئەڵمان، دەست بەرداربوو لەپەیمانی سایکس- پیکۆ کە بەوە گەورەترین پارچەی کوردستان- کوردستانی باکور- کە بۆ ئەو دانرابوو کەوتەوە دەست تورکەکان.

سەرەتای داگیرکردنەکان لەئێراندا، بەکوردستانیشەوە بێ نەخشەی دابەشکردن بوو، بۆیە لەکشانی هێزەکانی بەریتانیادا تا مەهاباد نەوەستا، بەلاّم ماوەیەکی کەم لەو ناوچەیەدا مایەوەو لەدواییدا کشایەوە دوواوە رووەو سەقزو ناوچەکانی خوارووی رۆژئاوا..

بۆیە لەشکری سور زیاتر جێگیر بوو، لێپرسراوانی کەوتنە پێوەندیی و باشکردنی لەگەڵ سەرەك هۆزو خەڵکانی ناسراودا، مەبەستی سەرەکییان لەوانە راگرتنی هێمنیی ناوچەکە بوو، پاراستنی ئاسایش و زیاتر جێگیرکردنی شوێن پێی خۆیان

بوو.. بێ ئەوەی هیچ جۆرە بەرنامەیەکی سیاسیی و نەخشەیەکی ئامادەکراویان هەبێت.. بۆیە سەرەتای پێوەندییەکان هیوایەکی ئەوتۆی لێ سەوز نەدەبوو.

کاتێکیش دوای چەند مانگێ لەبوونی لەشکری سور لەناوچەکەدا(لەئەیلولی *1941*)دا ئاگاداری سەرۆك و ناودارانی خێڵ و هۆزەکانی ناوچەی موکریان کرا کە وەفد پێك بهێنن بۆ سەردانی یەکێتی سۆڤیەت. وەفدێکی نزیك (*30*) کەسی بەخۆشحاڵییەکی زۆرەوە رووەو تەورێزو لەوێشەوە رووە باکۆ بوونەوە.

لەناودارەکانی هاوبەش لەوەفدەکە:

قازی محەمەد، حاجی بابەشێخ، زیرۆ بەگی هەرکی، حاجی قەرەنی ئاغای مامش، کاکە هەمزەی مامش، مەجید خانی میاندواوی، حەسەن تیلوی شکاك، رەشید بەگی هەرکی.. و چەند کەسێکی تریش کە هەریەك و دوان لەخێڵ و هۆزێك دانرابوون....(*2*)

لەسەردانەکەدا گەلێ شوێنی کشتوکاڵی و کارگەی پیشەسازی و سینەماو شانۆگەریان پێنشیان دان کەلەگەڵ جەعفەر باقروفی، سەرەك وەزیرانی ئازربایجانی سۆڤیەت، کۆبوونەوە، ئەم بەگشتیی، باسی باری جیهان و یەکێتی سۆڤیەتی و ئازربایجان و کوردی کرد بێ ئەوەی کەموزۆر باسی ماف و داخوازییەکان و مەسەلەی کورد بکات، بۆیە کوردەکان بەبێ ئەوەی کارێکیان بۆ کورد کردبێت و بەبێ ئەوەی بەڵێنێکی وایان بدرێتێ هەروا گەڕانەوە، دەشگوترێ کە هەندێ داوای خێڵەکی بۆ هێشتنەوەی چەك و چەکداریی کراوە رەنگە کە ئەو لێپرسراوە بەوانە رازیی بووبێت، دیسان باسی ئەوە دەکرێ کەبایەخێکی تایبەتییان بەقازی محەمەد داوە، جگە لەوە هەندێ دیاری دراوە بەئەندامانی وەفدەکەو هەندێکیان تفەنگی راوییان بەپارەی خۆیان کڕی و بەبیرێکی وا گەڕانەوە کە سوڤیەت یارمەتی کورد ئەدات..(*3*)

جعفر باقروف لەسێ سەرەوە بەمەسەلەی کوردو ئەگەری باس لە داواکانی وەفدی کورد ناکۆك بوو، یەکەم وەك سکرتێری پارتی کومونستی کۆماری ئازربایجانی سوڤیەت. دووهەم: وەك ئازەرییەکی بەدڵ و گیان ناسیونالیست. سێیەم: وەك شیعە.. زیاتریش لەوە لەلێپرسراوە بەدەسەلاتەکانی نزیك بەستالین بوو، توندڕەوو بەزەبریش بوو*

---

* لە 1954دا لەگەڵ لاڤرێنتی‌بێریا [illegible]ـاوانی خیانەت ئیعدام کران.

هەرچەندە دۆزی کورد لای سوڤیەت بریتی بوو لەکێشەی خێڵ و خێڵگەری و هەر بەم جۆرەش لەو سەرەتایەدا وەك سەردەمەکانی رابردوو، مامەڵەی دەکردو لەسەری بەردەوام بوو.

دوور نییە ئەو هەڵوێستەی یەکێتیی سوڤیەت لەبەرتیشکی ئەمانەی خوارەوە بوبێ:

یەکەم : راپۆرت و راوبۆچونەکانی حزبە کومونیستەکان کەراستەوخۆ دژ بەبزووتنەوەی نیشتمانی و نەتەوەیی کورد بوون.

دووهەم: سەرچاوەیەکی تر داموو دەزگا تایبەتەکان بوو کە زیاتر بۆ کاروباری جاسوسی و کۆکردنەوەی زانیارییەکان کاریان دەکرد. شارەزایانی ناو ئەم جۆرە دەزگایانەش کەپێوەندییان لەگەڵ کورد هەبوو، بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی ئەم تاقمەش زیاتر هەواڵی چەواشەکەریان لا کۆدەبووەوە.

لەبەر ئەوانە ساڵەکانی *1941–1945* تێدەپڕین بێئەوەی هەنگاوێکی وا رووە داواو داخوازییە نیشتماننییەکانی کورد بنرێت.

لێرەشدا ناکرێ کێشە گرنگەکانی بەردەمی یەکێتی سوڤیەت ئاماژە بۆ نەکرێن کە گرنگەکانیان:

–شوێنەواری دووهەم جەنگ بەتایبەتی ئەو هەموو وێرانکاری و ئابوری روخاویی و کوشت و کوشتارەی دووچاری ئەو وڵاتە بوو..

–ململانێی نێوان هەردوو بەرەی خۆرئاواو خۆرهەڵات، بەرەی سوسیالیزم و کاپیتالیزم و سەلمینەوەی سەرکردایەتی حزبی شیوعی و حکومەتی سوڤیەت لەرووبەڕووبونی جەنگێکی نوێ...

–لەدایکبوونی گەلێ لەوڵاتانی سویالیست لەئەوروپای رۆژهەڵات و خواستی سوڤیەت بۆ چەسپاندنیان، وەك رژێمی سوسیالیستی و وەك دەوڵەت.

–ئەمریکاو دروستکردنی بومبای ئەتۆمی و دەرکەوتنی توانای روخێنەری، دوای بەکارهێنانی لەهێرۆشیما و ناگازاکی..

–تەقەلای روسەکان بۆ دەستکەوتنی هەندێ بەرژەوەندیی و ئامادەنەبوونی بۆ قوربانی دانی گەورە لەو پێناوەدا..

-مۆرکردنی گەلێك پەیمان و ڕێکەوتن بەمەبەستی، هەم پاراستنی یەکێتی ئەرزو ئاوی ئێران و هەم چونە دەرەوەی لەشکری هەرسێ زلهێز: یەکێتی سوڤیەت-بەریتانیا وە ئەمریکا لەئێران دوای بڕانەوەی جەنگ و لەماوەی شەش مانگدا..

دوا بیروڕای سۆڤیەت و
لایەنگیریی پێکهێنانی خودموختاری

ڕۆشنبیرە نیشتمانپەروەرەکانی موکریان لەسەر ئەو زەمینە ڕەخساوو کەشە نیمچە ئازادە، بەبێئومێدیی نەمانەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی ژ.ك پێکهێنراو گۆڤاری نیشتمان بڵاوکرایەوە، بەرپرسیارانی کۆمەڵە کەوتنە پێوەندی بەلێپرسراوانی روسەکانەوە، لەم بوارەدا عەبدولڕەوحمان زەبیحی و قاسمی ئیلخانیزادە رۆڵێکی چاوێنی و چالاکانەیان بینی، کەئەرشیفەکانی چەند کۆمارێکی "یەکێتی سوڤیەتی روخاو"بەشێکی گرنگ لەو پێوەندیانەیان تۆمارکردووە، دیارە بەهۆی راپۆرتی کۆنسوڵەکانیان لەتەوریزو ورمێ... وەك لەجێگەی خۆیدا روونـاکیی خراوەتەسەر کەمێکیان.

زیاتر لەوانە کورد بۆ خۆی جۆرێ لەئیدارەی خۆیی دامەزراندبوو، تەنانەت هێزێکی چەکداریشی پێکهێنابوو تا ئاسایشی مەهابادو دەوروبەری بپارێزرێت، هەیئەتی رەئیسەی میللی بەسەرۆکایەتی قازی محەمەدو گەڵێ بەرپێوەبەرێتی پێویست پێکهێنرا.. لەگەڵ ئەوانەشداو تا کۆتایی جەنگ هیچ جۆرە گۆڕانێکی وا لەهەڵوێستی سوڤێتیەکان روی نەدا... دوای ئەوەش سەرکەوتنی دەوڵەتە دیموکراتەکان بەسەر نازیزم و فاشیزمدا، رێگەی ململانێی لەبەردەم زلهێزەکاندا کردەوە، بەربەرەکانێیەکی ئاشکرا لەسەر: جێبەجێکردنی پەیمان و رێکەوتنەکان بۆ چۆڵکردنی ئێران کەوتە روو تازلهێزەکانی خۆرئاوا دەست والاتر بن لەدانانی نەخشەی هێز جێگیرکردن لەئێران، هەر یەکە بەشێوەی خۆی:

بۆ روسەکان:- وەرگرتنی ئیمتیازی نەوت، ئەگەر نەتوانرێت دەست بەسەر ناوچە کۆنتڕۆڵکراوەکانی ئێراندا بگیرێت. سەردەرهێنانی شەڕی ساردو ململانێی ئایدۆلۆجی و سنوری قەڵەمڕەوی بلۆك فراوان کردن. بەتایبەتی ئێران بۆ هەردوو بلۆکی خۆرهەلات و خۆرئاوا ناوچەیەکی ستراتیجی و ئابوریی زۆر گرنگ بوو.

بۆیە روسەکان کەوتنە فراوانکردنی پێوەندییەکانیان لەگەڵ کوردو ئازەردا.

دوای ئـەوەی رۆژبـەرۆژ گوشـاری سیاسـیی لەسـەر سـۆڤیەت زیـاتر دەکـرا، هەرەشـەی شـیکایەت کـردن لـەUN، لەبـەر ئـەو هۆیانـەی تـر کەباسـکران .. ئەوانـە هەلومەرجێکی وای هێنایە ئاراوە کەهەڵوێستەکە وەك جاران نەمێنێت، دەبوو کار بۆ مـانۆڤری سیاسـیی و دۆزینـەوەی کـارتی گوشـار بکرێـت تاببنـە بەشـێکی گرنـگ لەململانێی ئایدۆلۆجیی و سنوری قەڵەمڕەوی بلۆك فراوانکردن.

روسـەکان کەوتنـە فراوانکردنـی پێوەندییـەکانیان لەگـەڵ کـوردو ئـازەردا، بۆیـە لـەنیوەی دووەمـی سـاڵی 1945دا جەنـەڕاڵ سـەلیم ئەتاکشـیوف(3) کـە لێپرسـراوی سیاسیی بـوو لـە تـەورێز، ئاگـاداری قـازی محەمـەدی کـرد کـە کـاتی ئـەوە هـاتووە نوێنـەرانی کـورد سـەر لەلێپرسـراوانی سـوڤیەت بـدەن و سـەر لـەنوێ داواو داخوازییـەکانی خۆیـان و مافـە نەتەوەییـەکان بخەنـە پێـش چاویـان و داوای یارمەتییان لێبکەن.

ئەم داواو هەڵوێستە نوێیە سەرەتایەکی باش و جوڵێنەر بوو بۆ کورد، لەسەر ئەو داوایە وەفدێك بەم جۆرەی خوارەوە پێکهێنرا(4)

1-قازی محەمەد-سەرۆکی وەفد

2-سەیفی قازی

3-مەنافی کەریمی

4-عەلی رێحانی

5-قاسم ئیلخانیزادە

6- عەبدوڵلا قادر ماش

7-کاکە هەمزەی ماش

8-نوری بەگی بەگزادە

لە 21ی خەرمانانی 1324دا وەفد بەرەو باکۆ کەوتەڕێ. لەگەیشتنیدا پێشوازییەکی گـەرم کـرا، لەلایـەن لێپرسـراوانی کۆمـاری ئازەربایجـانی سـۆڤیەتەوە چەپکـەگوڵ پێشکەشی ئەندامانی وەفدەکە کرا، دواییتر گەیەنرانە شوێنی حەوانەوەی تایبەتیی.

لەڕۆژی دووهەمدا (لایوف) لەگـەڵ مـەنافی کـەریمی دانیشـت و داوای کـرد کـە هـەر داخوازیی و پێشنیارێك هەیە ئامادەی بکەن تا بیگەیەنێتە جەعفەر باقروف تائەویش

لەگەڵ لێپرسراوانی سەرو خۆی باسیان بکاتو قسەی لەسەر بکەن، دوای ئەوەی ئەندامانی وەفدەکە داواکانیان دەسنیشان کردو قاسمی ئیلخانیزادە. ڕوونوسی کردن، بەهۆی (لایوف)وە گەیەنرایە باقروف.

هەر ئەو ڕۆژە لەئێوارەدا ئاگاداری ئەندامانی وەفد کرا کە خۆیان ئامادەبکەن تا بچنە دیدەنی جەعفەر باقروف.. ئەندامان کەوتنەڕێ تا گەیشتنە بارەگای باقروف.. دوای دانیشتنو بەخێرهاتن.

ئەم کەوتە قسەکردن، لەیەکتر گەیشتنی هەردوولا زەحمەت نەبوو، چونکە خەڵکی مهاباد جۆرە ئاشنایەتییەکیان لەگەڵ زمانی ئازەری هەبوو بەهۆی نزیکیو بوونی هەندێ دێو شارۆچکەی تێکەڵ لەکوردو ئازەر، جگە لەئاشنایەتی لەگەڵ تورکانی تەورێزدا، بۆیە لەیەك دەگەیشتن..

جەعفەر باقروف لەقسەکانیدا هەڵوێستی یەکێتیی سوڤیەتی شیدەکردەوەو دەیویست ئەندامانی وەفدەکەی کوردیان پێحاڵی بکات. بەتایبەتی هەڵوێستی یەکێتی سوڤیەت بەرامبەر کەمینە نەتەوەییەکانو شێوەی یارمەتیدانو هاوکاریکردنیان تا بگەنە مافە نەتەوەییەکانیان...

ئەو بیروڕاو هەڵوێستەی باقروف، زەمینەی ئایدۆلۆجییو نەتەوەیی خۆیان هەبوو کە لەناو بۆچونو بەرژەوەندییەکانی حزبی شیوعی ئازەربایجانی سۆڤیەت لەلایەكو هەڵوێستی ناسیۆنالیستانەی ئازەریی، لەلای دووهەم، هەرچەندە دژ بەیەك بوون، بەڵام بۆ باقرۆف هەم بەهەل وەرگرتنو هەم وەك دڵسۆز بەحزبەکەی لەناو مەرامەکانیدا پێکەوە گرێی دەدانو کاری لەسەریان دەکرد، زیاتر لەوەش ئەو سیاسەتێکی داڕێژراوی مۆسکۆی پیادەدەکرد کە ئەم هەڵوێستەی باقروف ئاوێنەکەی بوو. بۆیە بایەخدان بەپرسەی ئازەربایجانو هەوڵی بەستنەوەی پرسەکەی کورد پێیەوە، بووە نەخشەیەکی سازکراو، کاتێکیش لەقسەکانی ئەو دانیشتنەدا گەیشتە سەرباسی مەسەلەی کورد وتی:

(ئێران لەچوار گەل: فارس کەبەفارسی قسەدەکەن، گیلەکی کەبەزمانی گیلەکی، ئازەربایجانی بەزمانی تورکی وە کورد بەزمانی کوردی قسە دەکەن، لەئایندەدا هەر گەلێك لەمانە دەگەن بەمافی خودموختاری، دەبێت یەکەم جار ئازەرەکان پێی بگەن..

جارێ پێویست بەوە ناکات کورد پەلە لەوە بکات کە خودموختاری وەربگرێت..

تارەخساندنی هەلی لەبار، لەبەرئەوە چاكتر وایە جاریٚ هەموو گەل یەك بخریٚ، بۆیە پێویستە جاریٚ كورد لەچوارچێوەی خودموختاری ئازەربایجاندا بمێنێتەوەو بەوەرازیی ببێت...(5)

نوێنەرانی كورد بەو بۆچوونو داوایە رازی نەبوون، بیریشیان لەوە نەدەكردەوە كە كورد بەئازەربایجانەوە ببەسترێتەوە، سووربوون لەسەر داوای رەواو مافی خۆیان كە وەك ئازەرەكان ببنە خاوەن خودموختاری، وەك گەلی ئازەری برا بەیەك چاو سەیر بكرێن، لەو مشتومڕانەدا قازی محەمەد زۆر لەسەرخۆو هێمنانە كەوتە قسەكردن، بۆ باقروف-ی روونكردەوە كە كوردیش دەیەێتو مافی خۆیەتی كە خودموختار بێتو سووریشە لەسەر وەرگرتنی ئەو مافەی خۆی.

دوای ئەوەی جەعفەر باقرۆف هەوڵیدا كە وەفدەكەی كورد بەخواستەكەی خۆی رازی بكات، كە لەوە گەیشت ناتوانێ كورد رەزامەند بكات، نوێنەرانی سوورن لەسەر خودموختاریی بۆ كوردستان، ئەوسا:

"مشتێكی بەسەر مێزەكەیدا داو بەدەنگێكی بەرز گوتی لەبەرئەوەی یەكێتی سوڤیەت لەئارادایە، كورد سەربەستیی خۆی وەردەگرێت.. قازی محەمەدیش بەهەمان دەنگی بەرز گوتی : گەلی بێ دەسەلات پێخۆشحاڵە بەو دەستەی بۆی درێژ دەكرێت، وە نەك هەر ئەو دەستە دەگوشێت بەڵكو ماچیشی ئەكات..(6)

دوای ئەو ساتە مێژووییانەی خەونی دێرینی كوردی تێدا دەبینرا.. هیلاكییو دڵتەنگیو نائومێدیی گۆڕران بۆ خۆشیو شادیو ئومێدو خۆشەویستیی دۆستی هاوكارو یارمەتیدەر..

دوای تێپەڕبوونی ماوەیەكی كورت بەسەر ئەو دڵخۆشییو سەرمەستییەدا، چا خورایەوەو دانیشتوان حەوانەوە... ئەوسا كەوتنە سەر باسی داواو پێویستییەكان بەتایبەتیی: چەكو جبەخانەو ماشێنو پارەوپولو ئازوقەو... تاد.. دەبوو یەكێتیی سوڤیەت ئەو پێویستیانە بۆ دامەزراندنی خودموختاریو پارێزگاریكردنی، دابین بكات.. بۆ ئەم مەبەستانە قازی محەمەد هاتە قسەو ئەم سەرگوزشتەیەی گێڕایەوە:-

(ئاغایەك تانجییەك بەلادێیەك دەبەخشێت، بۆ رۆژی دووەم كابرای لادێی دێتەوە لای ئاغاو سوپاسێكی زۆر زۆری ئاغا دەكات، بەجۆرێ ئەو سوپاسە ئەكات كە ئاغاكە چاوەڕوانی ئەو هەموو ستایشەی نەدەكرد، بۆیە سەری لەوە سوڕ دەمێنێتو ئەڵێت:

باشە تۆ پێم ناڵێیت ئاخۆ خەڵاتێکی وابچوك ئەم هەموو سوپاسە ئەهێنێت؟ لادێیەکە وەڵامی ئەداتەوەو ئەڵێت: لەبەرئەوەی تانجییەکت پێبەخشیوم، تانجی بۆ راوەو راویش کەرەسەی راوە نێچیری پێویستە، کەوابوو ئەسپیشم ئەدەیتێ، دیارە ئەسپەکەو خاوەنە نوێیەکەی بێ لانەو بێ خواردن ناژین، بۆیە ئەوانەشم بۆ دابین دەکەیت... جامن ئەو هەموو شتانەم ئەدرێتێ ئیتر چۆن ئەوەندە رەزامەندو بەم جۆرە خۆشحاڵ نابم...[7]

بەو شێوەیە، بەو بیرە قوڵەوە سەرۆکی وەفدی کورد دانیشتوان دەخاتە ناو قوڵایی رووداوەکەوە، ئاشکرای ئەکات کە کارێکی وا گرنگ، دامەزراندنی خودموختاری، هێندە ئاسان نییە کە هەر بەو بەڵێن و قسانە دوایی بێت و تەواو بکرێت، قازی محەمەد ئەو راستییەی خستە پێش چاوی باقرۆف کە کورد هەمان داوای لادێیەکەی لەوان دەوێت، بۆی دەرخست کە چۆن یەکێتی سۆڤیەت ئامادەیە یارمەتی بدات بۆ خودموختاری، ئەبێت هەر بەو جۆرە پاڵپشتیی بکات و یارمەتی بدات، کەرەسەی دامەزراندن و ژیان و بەرێوەبردن و پارێزگاریکردنی بۆ مسۆگەر بکات..

دوای ئەو کورتە چیرۆکە، وەك (ئیگلتن) بۆمان باس ئەکات، باقرۆف بەڵێن ئەدات، بەڵێنی ناردنی هەموو پێویستییەکی شەڕو بەرگری ئەدات، بەتانك و تۆپ و رەشاش و تفەنگ و یارمەتی پارە، بەوەرگرتنی قوتابی لەدانیشتگای سەربازیی لەتەورێز بەناردنی چاپخانە بۆ مەهاباد.

بەو هیواو بەڵێنانەوە نوێنەرانی کورد گەڕانەوە مەهابادو کەوتنە سەر رێبازی بەدیهێنانی بەشێکی گرنگ لە ئاواتە دێرینەکەی کورد.[8]

لێرەدا پرسیارێك خۆی دەسەپێنێ و پێویستی بەوەڵامدانەوە هەیە:

دەبێ بۆچی و لەو رۆژگارە درەنگ وەختەدا یەکێتی سۆڤیەت کەوتبێتە سەر ئەو بیروبۆچوونە کە ئازەرو کورد خودموختاریی خۆیان دابمەزرێنن و دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوە زۆرە بەسەربوونیدا لەناوچەکەو بەسەر سەردانی یەکەم وەفدی کورد بۆ باکۆ...؟ دوای تێپەڕبوونی نزیکەی چوار ساڵ بەسەر زەمەنی ئەو بڕیارەدا کە دەبوو لەمێژەوە ئەو بڕیارە بدرایە...

ململانێی هەردوو زلهێزی ئەمریکا و بەریتانیا لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت لەسەر ئێران، نەوت، ناوچەی ستراتیجی، هەڕەشەی کۆمۆنیزم. نەخشەی هەردوو دەوڵەتە

رۆژئاواكە بۆ ناچاركردنی سوڤیەت بۆ جێبەجێكردنی رێكەوتنەكان‌و بۆ كشانەوەی لەشكری سور لەئێران، وە مەترسی بەرپابوونی جەنگێكی نوێ‌و هەڕەشەی چەكی ئەتۆمی تاقیكراوە لەهێرۆشیماو ناگازاكی، ئەوانە ناوەڕۆكی گۆڕانی سیاسەتی سوڤیەت بوو لەئێران. سیاسەتی ململانێ‌و هەڕەشەی بەرەنگاربوونی سەربازی بەمانۆڤری سیاسیی لەدەری خۆی‌و لەناو ئێران بەهەل وەرگرتنی پەیوەندییەكانی لەگەڵ حزبی تودەو گەلی كوردو گەلی ئازەر كەلەشوێنی خۆیدا زیاتر روناكی دەخەینە سەر ئەم لایەنە.

بەو جۆرە نیوەی دووەمی ساڵی *1945* بوو بەسەردەمی چالاكی‌و هەوڵی رێكخستنی ریزەكانی كوردو كۆكردنەوەی تواناكان. دەستكرا بەجموجۆڵ‌و چالاكی‌و هاتووچون، بەوتوویژو بیروڕا گۆڕینەوە.. گەلی كورد كەوتە بەردەم گۆڕانێكی گەورە، ئەوەش یەكەم جار بوو یەكێتی سوڤیەت، هەرچەند لەناو مەرامی سیاسی‌و مانۆڤری دیپلۆماسیی ناو مەبەستەكانی خۆیدا بوو، ئاوڕ لەكورد بداتەوەو یارمەتی دامەزراندنی خودموختاری بدات.

دامەزراندنی جەمهوریەتی كوردستان

بارودۆخی نوێی كوردستان‌و ئێران‌و هەرێمەكە، هەڵوێستی یەكێتی سوڤیەت‌و ناكۆكییەكانی لەگەڵ ئەمریكاو بەریتانیا، وشیاریی روناكبیرانی كوردو بوونی حزبی دیموكراتی كوردستان‌و زۆر لەسەرەك عەشیرەتە نیشتمانپەروەرەكان‌و بوونی قازی محەمەد وەك پێشەوای گەل كە زۆربەی تیرەو خێڵەكان ئامادەبوون لەژێر رابەریی ئەودا ببنە هاوكار بۆ رەخساندنی پلەیەكی نوێی ژیانی سیاسی لەكوردستان...

لەناو ئەو هیواو بارودۆخ‌و چالاكی‌و جموجۆڵانەدا لە *11*-كانونی یەكەمی ساڵی *1945*دا جەعفەر پیشەوەری سەرۆكی فیرقەی دیموكراتی ئازەربایجان لەشاری تەورێزدا دامەزراندنی كۆماری خودموختاری ئازەربایجانی راگەیاند، ئەوەش بوو بەهاندەری راستەوخۆ كە كورد بیر لەهەمان هەنگاو بكاتەوە...

بۆیە سەرەتای كار لەپێش راگەیاندنی دامەزراندنی جەمهوریەتی كوردستاندا هەڵكردنی ئاڵای كوردستان بوو لە مەهاباد، لەكۆبوونەوەیەكی جەماوەریی گەورەدا لە

17-12-1945 ئالآی سێ رەنگی کوردستان لەمەهاباد هەڵکرا.. لەو کۆبونەوە مێژووییەدا قازی محەمەد نوتقێکی دا. بەو جۆرە ناوچەی موکریان بەشارو شارۆچکەو دێهاتییەوە بووە ناوچەیەکی پڕ لەجموجوڵو هاتوچۆو چالاکیی سیاسیی و روناکبیریی..

سەرەتای ساڵی *1946* خەڵکی کورد لەشارو شارۆچکەو دێهاتەکاندا لەموکریان لەکەش و هەوایەکی نوێدا دەژیان، کەوتبوونە ناو پلەیەکی نوێ لەژیانی سیاسیی و ئامادەیی بۆ رووداوو گۆڕانێکی نوێی پڕ لەهیوا، چاوەڕوانی هەڵهاتنی رۆژی نوێی کوردستان- یان ئەکرد... حزبی دیموکراتی کوردستان بانگی سەرجەمی دانیشتوانی کرد بۆ کۆبونەوە لەسابلاغ، رۆژی دووی رێبەندان(*22-1-1946*)، سەرەتای چوارەم حەفتەی یەکەم مانگی ساڵی *1946*، زەمین شاری مەهابادو شوێن مەیدانی چوارچرایە...

جەماوەری کورد بەجوتیارو هەژارو کاسبکارو دەوڵەمەندو شێخ و مەلاو ئاغاو سەرەك خێڵ، بەژن و منداڵ و لاوو پیرەوە چەند رۆژێك پێش کاتی دانراو، بەرەو مەهاباد کەوتبوونەڕێ... ئەو رۆژە هەور ئاسمانی مەهابادی سەرانسەر گرتبوو، سەهۆڵ شەقام و کۆڵانەکانی داپۆشیی بوو، رۆژێکی وای مانگی رێبەندان نائاسایی بوو، چونکە لەساڵانی ترو هەمان کاتدا، بۆ خەڵك زۆر ئاسایی نەبوو بڕژێنە سەر شەقام و کۆڵانەکان و دێهات و ماڵی خۆیان بەجێ بهێڵن، بێ ئەوەی گوێ بدەنە بێجێگەیی و ساردو سەرماو سەهۆڵبەندان.. چونکە شەپۆلی خەیاڵی خۆشیی، بەدیهێنانی ئامانجی سەدان ساڵەی باوو باپیریان وا لەبەردەمدا...

لەڕۆژی دووی رێبەنداندا مەهاباد بەگشتی و مەیدانی چوارچرا بەتایبەتی بەرگێکی نوێیان پۆشی بوو، هەر لەبەرەبەیانی ئەو رۆژەوە هەروەك خەڵك لەخەوێکی دوورودرێژا راپەڕێنرابن، بەبەرگی نوێ و بەهیوای گەشەوە بەرەو مەیدانی چوارچرا ئەکەوتنەڕێ لەمەیدانی چواچرادا دەرزی هەڵبدرایە نەدەکەوتە سەر زەوی.. کۆمەڵانی خەڵك چاوەڕوان بوون، چاویان بڕیبووە شوێنی نوتقدان، چاوەڕوانی دەنگی نوێ و هەواڵی نوێ بوون.

"لەم کاتەدا پێشەوای خۆشەویست لەنێو سەلامی نیزامی و چەپڵە رێزان و هوراو ئیحساسات و شەوق و شەغەف فەوقولعادەی کۆمەڵ دا وەدەرکەوت و پێشەوای بەرز لە

کاتێکدا کە ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی لە پشت سەری دەهاتن و ئالای سێ ڕەنگی کوردستان لەڕاست و چەپی تریبون لەئیهتیزاز دا بوو ئەستۆی بەرزی بۆ ئاسمان هەڵینا بۆ نزولی ئیجلالی فەرموو. موتابیقی بەرنامەیەك کەلەپێش دا سازکرابو بەتەواوی حوزار رۆژباشی فەرموو پاشان تەشریفی لەتریبون هاتە خوارێ و بەپیش تەواوی گوردان و گردهان و دەستەی سەربازان و پیشمەرگەکانی کوردستان دا هات و هەموی تەماشاکردن و بەهەموان رۆژباشی فەرمو، لەم کاتەدا بەدەستوری معاونی فەرماندەی هەمو هێز لەلایەن سەربازان و پیشمەرگەکان و توپخانەی کوردستان دە دەقیقە بیوچان بەئیفتیخاری سەربەستی کوردستان و ناساندنی رەئیس جمهوری کوردستان شیلێگ کرا.

پاشان لەکاتێك دا کەدەنگی هورا دەچو بۆ ئاسمان و لەقەلبی میتینگ دا موزیك و سرودی میللی کوردستان لێدەدراو دەخوێندرایەوە برای خۆشەویست غنی خسروی شەهرداری مەهاباد بەپێی دەستور هاتە پێشەوەو بەتەرتیبی ژیرەوە میتینگی ئیفتیتاح کردو وتی:

"ئەمن غنی خسروی شەهرداری مەهاباد ئەو موفەقیەتە گەورەیەی کەمیللەتی کورد لەپاش هەزاران قوربانی دان ئەورو لەنەتیجەی فەعالییەت و کارزانی و میللەتپەروەری فەوقولعادەی پیشەوای موعەضەمی کوردستان جەنابی قاضی محمد نصیبی بووە پیروزی و موبارەکبادی بەمەقامی گەورەی پیشەوای مەزن و میللەتی رەشیدی کورد عەرض دەکەم وە میتینگ و جەلەسەی ئەورو بەنیوی شاری مەهاباد ئیفتیتاح دەکەم و بەدلیکی خاوین و پاکەوە دەلیم بژی پیشەوای موعەضەمی کوردستان."

لەدوایە ئاغای خسروی بەرنامەی میتینگی بەتەرتیبی ژیرەوە بەئیطیلاعی حاضران گەیاند:

1-دوعای جەنابی مەلا حسین مجدی

2-نوطقی جەنابی پیشەواو رەئیس جمهوری کوردستان

3-نوطقی جەنابی حاجی بابە شیخ

4- نوطقی ئاغای محمد حسین خانی سیف قاچی

5-ئەشعاری ئاغای هەژار شاعیری میللی

6-ئەشعاری ئاغای هیمن شاعیری میللی

7-خیطابەی ئاغای سید محمد بەگزادە

8-نوطقی ئاغای شیخ حسنی شمس الدینی

9-نوطقی ئاغای عمرخان

10-نوطقی ئاغای زیروبەگ

11-نوطقی ئاغای محمد امین معینی

12-نوطقی ئاغای سید عبدالعزیز

13-نوطقی ئاغای ابراهیم ادهم

14-نوطقی ئاغای محمد فیج الله بەگی

15-خیطابەی ئاغای نانەوازادە

16-سرودی مەدرەسەی کوردستان

17-سرودی مەدرەسەی پەروانە(کچان)

18-خیطابەی یای ویلمە صیادیان

19-خیطابەی یای خدیجەی حیدری

20-سرودی مەدرەسەی گەلاویژ

21-سرودی مەدرەسەی سەعادەت

22-خیطابەی ئاغای احمدی ئیلخانی زادە

23-خیطابەی ئاغای محمد قادری[2]

پێشەوا گەیشت وکەوتە قسەکردن:

نوتقی جەنابی پێشەوا قازی محەمەد *:

---

* بڕوانە رۆژنامەی کوردستان ژمارە 10و11 رۆژی 4و1946/2/6 کەمانشێتی ژمارە(10) بەم جۆرە بوو: جێژنی سەربەخۆیی و ئیستیقلالی کوردستان یادرەوشینی ئەستێرەی خۆشبەختی کوردان سەرنج راکێشەر لەبلاوکردنەوەی ئەو هەواڵ و رووداوە مێژوویی و رۆژە نەتەوەییە کە پرسیارێکیش دەهێنێتە ئاراوە، ئەوەیە کە بۆچیی لەرۆژەکانی پێش ئەو ژمارانەدا، لە 22-1تا 3-2-1946بلاونەکرایەوە؟ بۆچی نزیك بەدوو هەفتە ئەو بلاوکردنەوەیە دواکەوت...؟

بەسەریەکەوە سکوونەتیان تێیدا هەیەو دارای مالیکییەتی میللیی دەوێدا بەسەرهاتو سەوابیقی تاریخییان یەکەو عومومەن تێیدا شەریکن. خاوەنی ئاداب و عاداتو رسوومی میللییەکی وان کە هیچ جۆرە سەدەمەو حەوادسێك نەیتوانیوە سستییەك لەبناغەی میللییەتی ئەواندا پەیدا بکا.

کورد لەقەدیم دا هەزاران پادشاو حوکمدارو تەشکیلاتیان بووە. هەر لەم کوردستانی ئازادی ئێستادا بنەماڵەی ئۆمەرای موکری کە سەر سلسلەی ئەوان ئەمیر سەیفەدین بووە تا (1020ی کۆچی)بیلئیستیقلال یەك لەدووی یەك ئەمیر سەیفودین. سارم بەگ، شێخ حەیدەر، ئەمیر بەگ، ئەمیر پاشا، تادەگاتە قوبادخان بەدەستەڵاتو قودەرەتەوە حکوومەتیان کردووە.

میللەتی رەشیدو بەغیرەتی کورد لەهەموو دەورو زەمانێکدا هەر کەس خەیاڵی ئیستیلای نیشتمانی ئەوانی بوو بێ بەرەنگاری بوونو بەربەرەکانییان کردووەو لەهیچ فیداکارێك دەستیان دانەنەواندووە. لەپاش لەدەستچوونی حوکمداریشیان بۆ وەگێرخستنەوەی ئازادیدا وچانیان نەداوە، بەدڵێکی ئەوەندە بەهێزو عەزمێکی هێندە سابیتەوە تێکۆشاون تائێستا هێزێکی وا پەیدا نەبووە بتوانێ تێکڕا خەفەیان بکا، میرە کوێرەیان کوشتووە بابان سەریان هەڵداوە. بابانیان بێدەنگ کردووە ئەردەلان بڵیند بوون. ئەوانیان لەعەرزی داوە بتلیسی بەرز بوونەوەو هەزاری دیکەی وەك ئەوان.

تا لەو دواییانەدا لەپاش شەڕی بەینولمیلەلی پێشووەوە کە دیکتاتۆری ئێرانو تورکیا هاتنە سەر کارو زمانو عاداتو مەزهەبو خسووسیاتی میللی کوردیان بەجارێك لاوازو کزو کەنەفت کرد. لەهیچ وەحشییەتو درندەییەك رانەوێستان، خوێندنو نووسینی زمانی کوردی مەمنووعو پۆشینی لیباسمان قەدەغە بوو.

نەیان دەهێشت لەهیچ جۆرە مەزایاو حقووقێکی بەشەرییەت بەشمان ببێ. رێگای فێربوونی عیلمو سەنعەتیان لێبڕیبووینەوە، هەر رۆژە بەهانەیەكو هەر دەمەی بەتەشقەڵەیەك دەستە دەستەو پۆل پۆل کوردی هەژارو بەدبەختیان حەبسو تەبعید دەکردو دەیان کوشتنو لەبەینیان دەبردن حاسڵو دەسڕەنجی ئەو میللەتە بێچارەیان دەبرد بۆ خۆیانو ئەوانیشیان برسیو رووتو قووت دەهێشتەوە.

تالەشەهریوەری *1320*دا فریشتەی ئازادی دەستگای دیکتاتۆری و فاشیستی رەزاخانی تێك شكاند، كورد سەری لەو هەموو فشارو ئەزییەتە كەمێ فارغ بوو، فەوری ئیحساسی كرد، چۆن دەبێ لەفورسەت ئیستیفادە بكات، و رێگای سەلاح و وەدەست خستنی ئازادی ئەو میللەتە چییەو چبكا، پیاوانێكی بەبیرو هۆش و بەشەرەف كە زۆر لەمێژ بوو خوێناوی دڵی خۆیان دەخواردەوەو بۆ زەلیلی ئەو میللەتە دووكەڵ لەدەروونیان دەهاتە دەرێ زۆر زوو تەشخیسیاندا كەوەختی كارەو لەو فورسەتە دەبێ بەهرە وەرگیرێ و ئەوە تەواو ئەو رۆژەیە كە پشتاو پشتمان چاوەڕوانی بوون. یەكجارو خێرا. بێوچان و راوێستان. دەستیان بەكار كرد حزبی دیموكراتی كوردستانیان تەشكیلداو بەدەستوبرد خەریكی كاروباری میللی بوون و بەچاوێكی وردو بەدیققەت ئیحتیاج و پێداویستی كوردیان تەشخیس داو بەدی كرد.

لەپێش هەموو شتێكدا ئیختیلاف و دووبەرەكانی عەشایری كە بەدەسیسەو حیلەبازی ئیستیعمارچی و دیكتاتۆران بۆ ئیستیسمارو خواردن و كرووساندنەوەی ئەو میللەتە بەقەولی خۆیان: "تەفرەقە بییەندازو حوكوومەت كون" دەبەینی خستبوون و تا ئەندازەیەك ئەو ئاورە بڵێسەی ساندبوو برای دایكو بابی لەیەك بەزاندبوو یەكەتی لەگۆڕێ هەڵگیراوو نیوی عەشیرەت و... هەرچی كەئەسبابی ئەم نیفاق و پرش و بڵاوییە بوو فرێدراو عوموومەن لەژێر عینوانی حزبی دیموكراتی كوردستاندا.. یەك دڵ و یەك زمان.......... چەند مدرەسەی كچان و كوڕانمان كردەوە. مەدرەسەی شەوانەمان دایركردو كتێب بەزمانی كوردی تەرجمە كران..

كوڕو كچ و پیاوی گەورە لەمەداریسی شەوانەو رۆژانە بەزمانی كوردی دەخوێنن لەجیاتی ئەوەی شەش حەوت ساڵ خەریكی خوێندن و فێربوونی فارسی بن لەمانگێك و دوو مانگدا دەبنە خوێندەوارو هەموو شتێك دەخوێننەوەو دەنووسن.

بۆ ناساندنی لیاقەتی میللی و دەرخستنی حەیاتی ئەدەبی و فەرهەنگی كوردو بۆ راگەیاندنی هاواری خۆمان بەگوێی دنیای بەشەرییەت و عەدالەت موحتاجی وەسیلەی چاپ و بڵاوكردنەوە بووین، چاپخانەی زۆر چاك تەئیسیس كراو دانرا لەشاری خۆماندا بەزمانی خۆمان بەچاپخانەی خۆمان گۆڤارو رۆژنامە دەردەچێ و بیرو فیكرو داخوازی ئێمە لەدنیادا بڵاو دەكاتەوە.

حاسڵو بەربووی ئێمە کە میقدارێکی زۆرو زەوەندو بەقیمەت بوو بەفیڕۆیی لەدەستیان دەردەهێنایەنو دەستی ئیستعمار سەددێکی لەپێش ئێمەو بازاڕی دنیا دروست کردبوو. ڕێگای حەلمان دییەوەو تیجارەتو ئیقتیسادی کوردستان زۆر باش تەئمین کرا.

لەزەمانی دیکتاتۆریدا کە هەموو عەواریزێکیان لێ دەستاندین، کەمو زۆر وەسیلەی لەشساغیو موعالەجە، نەحەکیم، نەدەرمان نەمەریزخانەی بۆ ساز دەکردین. ئێمە بۆ خۆمان مەریزخانەی زۆر باش بەو زووانە دایر دەکەینو لەشساغی وڵاتمان تەئمین دەبێ.

هێزێکی میللیمان تەشکیل داوە کەبەشەجاعەتێکی تەواو حازرە دیفاع لەنیشتمان بکا.

دیارە موفەقییەتی ئێمە سەراسەر لەعەینی مەرامی دیموکراسیو لەنەتیجەی فەعالییەتی حزبی دیموکراتی کوردستانو بەپشتیوانی عالەمی دیموکراتە لەبەرئەوە... دەڵێین: بژی موئەسیسینی دیموکرات.

میللەتی کورد هەزاران سەدو بەرهەڵستی سەختو سەهەندەی لەڕێدا بوو دەستەو دایەرەی دیکتاتۆری بێوچان کارشکێنی ئێمەیان دەکردو لەهیچ نامەردییەك رانەدەوەستان. ئیختیلافاتی عەشایر بۆ داخڵیش ئیشکالێکی گەورە بوو بۆ ئێمە. ئەمما ئەوانە هیچ کامێکیان نەیان توانی پێش بەئێمە بگرن بەدڵێکی بەهێز پایەداریمان کردو ئیدامەمان بەفەعالییەتی خۆماندا تا ئیستقلالو ئازادی نەتەوەی کوردمان بەدەست هێنا.

دیارە بەقایایەکی ئەو خەتەراتەش کە ماوە چ لەداخڵداو چ لەخاریجدا میللەتی کورد موبارەزەی خۆی لەگەڵیان ئیدامە پێ دەدا بەپشتیوانی خودا موزەفەرو مەنسوور دەبێ.

ئەوڕۆ لەتومایەبەندەگانی تەواوی نەواحیو نوقاتی کوردستان بێ راعیەتی تەبەقات ئەعەم لەئاغاو لەرەعییەتو گەورە بچوك، کۆبوونەوەو یەك دڵو یەك زمان هاواری دێموکراسی دەکەنو بەڕێی دێموکراتدا دەڕۆن قودەرەتو قوەتی دێمۆکرات نیشان دەدات"*.

---

* بڕوانە رۆژنامەی کوردستان ژمارە: 10و 11 رۆژانی 4و1946/2/6

. سـەرنج راکێشـەر لـەو بەرنامەیـەی دووی رێبـەندان و پێشکەشـکردنی کەسایەتییەکان و نوتقدان لەلایەن غەنی خوسرەوی یەوە.

لەگـەڵ نوتقـی پێشـەوا، هیـچ جـۆرە بڕیـارو ئاماژەیـەك نـەبووە بـۆ بانگەشـەی دامـەزراندنی جەمهورییەتەکـە، بـۆ نـاو لێنـانی کۆمارەکـە، بـەڵکو هـەر لەسـەر زارو لەناوەخنی قسەکاندا ناوی جەمهوریەتی کوردستان دەبرا، لەڕۆژانی دوای ئـەوەش گەلێ ناوی تر دەکەوتنە سەر زارو سەرلاپەڕەکانی کوردستان، وەك لەشوێنی خۆیدا زیاتر رووناکی ئەخەینە سەر ئەو دیاردەیە.

دوای نوتقی پێشەوا سەرجەمی ئەو کەسایەتییانەی ناویان دیاری کرابوو یـەك یەك نوتقی خۆیان پێشکەش بەجەماوەرەکە کرد...

بەهەر حاڵ ناوبردنی ئەو قەوارەیە کە وەفدەکەی کوردو باقروف لەسەری پێکهاتن کە خود موختار بێت، ئەو ناو هێنانەی بەجەمهورییەتی کوردستان جۆرێ لەبڕیاری یاسایی و رەسمی دەدات بەناوی قەوارەکەو دەکرێ هەر ئەم ناوە بەرەسمیی لەقەڵەم بدرێ و بەکار بهێنرێ...

دوای ئـەوەی پێشـەوا لـەناو دەنـگ و هـاوارو چەپڵـەرێزاندا شـوێنی نوتقدانـی بەجێهێشت*.

دەستکرا بەتەقە هەر دەمانچەو تفەنگ بەشانە لەشوێنی خۆیـەوە لـەناو زرمـەی تەقەدا خۆشحاڵی و کامەرانیی خۆی دەردەبڕی، هەروەك هەریەکەلە ئامادەبووان لەلای خۆیەوە دامەزراندنی کۆمارەکە رابگەیەنێت.

هەنگاوی گرنگ لەدوای ئەو کۆبوننەوەو ئاهـەنگ و راگەیاندنـەی پێشـەواو سـەرەك جەمهوریـەتی کوردسـتان پێکـهێنانی دامو دەزگـاو وەزارەتـەکان، گـەورەترین ئـەرکی سەرشـانی رەئیـس جمـهورو لێپرسـراوانی تـر بـوون، پێـش ئـەوەی بکەوینـە نـاو درێژەی ئەم باسەوە.

باشتر وایە تیشك بخەمە سەر سێ لایەنی گرنگ کە هاوپێوەندن هەم بەراگەیاندنی دامەزراندنی کۆمارو هەم بەپێکهێنانی ئیدارەو وەزارەتەکانەوە.

---

* تێبینی: لەنوتقەکەی پێشەوادا هەندێ وشە هەیە روون نییە یاناخوێندرێنەوە، ئـەوەش بـەهۆی نـەبونی نوسخە ئەسڵییەکە لەبەردەستو خراپیی نوسخەی کۆپییەکەیە، بۆیە لەو شوێنانەدا چەند نوختەیەك دانراوە.

یەکەم: لەکۆبونەوە(میتینگ) بیست هەزار کەسییەکەی لەهەمان رۆژدا کرا، هەر وەك لەئیستفتایەکی گشتیدابن، بەنوێنەری نەتەوەی کورد دانرابن. چەند بڕیارێکی زۆر گرنگیان راگەیاند کە لەشوێنێکی تردا دەیبینن...

دووەم: پێش دامەزراندن و راگەیاندنی کۆمار، بۆ ماوەی نزیك بەچوار ساڵ ئەو ناوچەیەی سنوری جەمهوریەتی کوردستان دەیگرتەوە جۆرێ لەخودموختاری رانەگەیەندراوی خۆی هەبوو، هەر وەك پێشەوا لەگفتوگۆیەکدا لەگەڵ هێندێ لەمودیرانی جەرائیدی تاران: ئاغای تەفەزولی خاوەنی رۆژنامەی (ئێرانی ما)، ئاغای عەبباسی شاهەندە خاوەنی رۆژنامەی (فەرمان)، ئاغایانی بوزورگی عەلەوی و هورموز نووسەرانی دوو رۆژنامەی (رەهبەرو ئێرانی ما)لەوەڵامی پرسیارەکانیاندا گوتی:

"... لەبەرئەوەی کە ئێمە لەدەوڵەتی ئێران ئیجرای قانوونی ئەساسیمان دەوێ و دەمانەوێ بەخودموختاری لەژێر بەیداغی ئێراندا بژین، خودموختاریشمان وەگیرکەوتووە."

کە لێی پرسرا: چەند وەختە ئەنگۆ خودموختارن؟ وەڵامی داوە کە:

"چوار ساڵە خودموختاری داخلیمان هەیە"

لەپرسیاری: چلۆن خودموختاری خۆتان هەڵدەسوڕێنن؟ گوتی:

"لەو وڵاتەی کە توانیومانە خودموختاری نێو خۆمان دەکار بکەین دەگەڵ نوێنەرانی گەورەی میللەتی کورد کە چەندێك لەوەی پێش لەمهاباد حازر بوون ئینتخاباتمان کردو هەیئەتێکی (9) نەفەری بەنێوی هەیئەتی میللی هەڵبژێردران و سەرۆکی ئەو هەیئەتە بەخۆمە..."*

سێهەم: هەر وەك لەومەبەر ئاماژەم بۆ کرد، پێش وەخت ئاڵای کوردستان بەرزکرایەوە، (17-12-1945)ئەوە لەکۆبوونەوەیەکی جەماوەرییدا بوو کە پێشەوا ئامادەی بوو بەوتارێکی گرنگ و مێژوویی و لەناوچەپڵە ریزاندا ئاڵاکە هەڵکرا.. قسەو باسیش لەسەر ئەو ئاڵایە زۆرە، لێرەدا چەند تیشکێك دەخەینە سەر بۆچوونە سەرەکییەکان...

ئاڵای کوردستان جیاوازییەکی زۆر گەورەی لەگەڵ ئاڵای تاراندا نەبوو، دوور نییە ئەمەش هەر بۆ جەخت کرد بووبێت لەسەر نەبوونی خولیای جیابوونەوەو

---

* بڕوانە رۆژنامەی کوردستان، ژمارەی1ر 2-ی رۆژانی 11و1946/1/12

خۆبەستنەوە بەخودموختارییەوە.. گەلێ راوبۆچوون و نوسین هەیە کەنەخشەکێشانی ئالآکە دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمێکی زووتر لەپێکهێنانی جەمهوریەتی کوردستان...

دارشتەی ئالآی کوردستان وەك دەردەکەوێ گۆڕانی بچوکی بەسەردا هێنراوە،ئالآکە چوار گۆشەیەکی لاکێشی: سوور لەسەرەوە، سپی لەناوەڕاست، سەوز لەخوارەوە، رۆژێکی زەرد لەناوەڕاستی سپییەکەدایەو بەگوڵە گەنمێك بەبازنەیەکی دانەخراو دەوردراوەو لەپشتیەوە قەڵەمێك هەیە.

ولیام ئیگلتن دەربارەی ئالآکە ئەڵێت:(9)

"کوردەکانی ئێران بەیارمەتی براکانیان لەعیراق ئالآیەکی سێ رەنگیان هەبوو، لەسەرەوە سوور، لەناوەڕاستدا سپی، لەخوارەوە سەوز، وەلەناوەڕاستیدا رۆژێك هەبوو کە گوڵە گەنم دەوری گرتبو، لەپشتیەوە چیایەك و قەڵەمێك هەبوو...

ئەحمەد شەریفی لەو رووەوە ئەڵێت:(10)

"ئالآی سێ رەنگی ئێران لەسەر بیناکانی دەوڵەت داگیرا بەپێچەوانەی ئەو ئالآیە بەزیادکردنی گوڵە گەنمێك بەرزکرایەوە بەناوی ئالآی ئازادیی کورد)

بەڕای ناوبراو ئالآی کوردستان هەمان شێوەو جۆری پێکهاتنی ئالآی ئێران بوو، بەسەروخوارکردنی هەردوو رەنگی سەرو خوارو زیادکردنی گوڵە گەنمێك".

عەلائەدین سەجادی ئەڵێت:(11)

"سەرەتا پارچەیەکی سور، پاش ئەو، سپی کەبەئەندازەی چوار ئەوەندەی سورەکە، پاش ئەو سەوز بەئەندازەی بەشێ لەچواربەشی سپی‌یەکە لەناوەڕاستی پارچە سپی‌یەکەدا نیوکورە رۆژێك، بەسەر رۆژەکەوە قەڵەمێك، لەم لاو لەولای رۆژەکەوە دوو گوڵە گەنم بەرەنگی زەرد لەسەراوردی هەموانەوە بەشەکلی چەنبەر نوسرا بوو دەوڵەتی جمهوری کوردستان"

ئەوەی کەبەوێنە لەسەر لاپەڕەی بلآوکراوە دەبینرێت. ئالآکە بەدوو جۆر دەردەکەوێ:

یەکەم سێ رەنگی سورو سپی و سەوز کەلەدرێژی و پانیدا بەقەدەر یەکن لەناوەڕاستیدا ئارمی کوردستان دانراوە، واتە لەناوەڕاستی بەشە سپییەکە. ئارمی کوردستانیش بەو جۆرەیە کەلەوێنەکەدا دەبینرێت..ئەوە لەسەردەمی جەمهوریەتداو لەوێنەکانی سەرەتادا بەوجۆرە دەبینرێت.(12)

ئەوەی دوای كۆمارو لەم سەردەمانەشدا دەبینرێو بۆتە ئالای نەتەوەیی، ئەو سێ رەنگەیە/لەسەرەوە سوورو ناوەراست سپیو خوارەوە سەوز كە هەر سێ بەشەكە بەقەدەریەكن؛ لەناوەراستی سپییەكەدا رۆژێكە بەرەنگی زەرد...

دیاردەیەكی تری نادیار، نەدۆزینەوەی بریاری پێكهێنانی ئەنجومەنی وەزیرانو وەزارەتەكانە، وەك لەمەوبەر وتم، پێش دووی رێبەندانو بۆ ماوەی چوار ساڵ ئیدارەیەك هەبوو بەناوی (هەیئەی رەئیسەی میللی) كەلە كارو فرمانو ئاستی یاساییدا، لەجێگەی ئەنجومەنی وەزیران بو. وادیارە دوای راگەیاندنی دامەزراندنی كۆمار ئەو هەیئەتەیان فراوان كردبێت، چونكە تائێستا، لەهیچ بەڵگەنامەیەك، لەهیچ ژمارەیەك لەو ژمارانەی رۆژنامەی كوردستان كەتائێستا كەوتونەتە بەردەست. كە هەم رۆژنامەی حزبو هەم رۆژنامەی حكومەت بوو، بریارێكی لەو بابەتەم نەبینیوە كە باس لەپێكهێنانی ئەنجومەنی وەزیران بكات، زیاتر لەوەش هەندێ لەدەزگاكان بەوەزارەت ناوبراوە، لەهەمان كاتدا ئەوانی تر هەر بەناوی ئاسایی خۆی ناوبراوە...

دەگوترێ كەلە *11*شوباتدا ناوی وەزیرەكان بەم جۆرە بلاوكراوەتەوە:

1-حاجی بابە شێخ سەرەك وەزیران (رەئیسی هەیئەی رەئیسەی میللی كوردستان)

2-محەمەد حسەین سەیفی قازی وەزیری جەنگو یاریدەدەری سەرەك كۆمار

3-محەمەد ئەمین معینی وەزیری ناوخۆ

4-ئەحمەد ئیلاهی وەزیری ئابوریی.

5-كەریم ئەحمەدیان وەزیری پۆستەو تەلەگراف

6-حاجی عەبدولرەحمان ئیلخانیزادە وەزیری تەگبیر(مشاور)

7-مەناف كەریمی وەزیری فەرهەنگ

8-سدیق حەیدەری وەزیری تەبلیغات

9-خەلیل خسروی وەزیری كار

10-حاجی مستەفا داوودی وەزیری بازرگانی

11-محەمەد وەلی زادە وەزیری كشتوكاڵ

12-ئیسماعیل ئیلخانیزادە وەزیری رێگەوبان

13-مەلا حسەین مەجدی وەزیری عەدل

14-سەید محەمەد ئەیوبیان وەزیری تەندروستی

بۆ ناوبردنی وەزیرەکان کەمە جیاوازییەك دەربارەی چەند ناوێك هەیە، بۆ نمونە عەلائەدین سەجادی، لەلیستکردنی ناوەکاندا باسی مەلا حسەین و وەزارەتەکەی نەکردووە.

ولیەم ئیگلتن، ناوی سدیق حەیدەری و وەزارتەکەی نەخستۆتە لیستی وەزیرو وەزارتەکانەوە. عەبدولڕەحمان ئیلخانی زادەی بەوەزیری دەرەوە داناوە.(13)

مێژوونوسی تر هەیە باسی وەزارەتی بازرگانی، تەبلیغات ناکەن.

نەجەفقلی بسیان، باسی وەزارەتی دادو وەزارەتی تەندروستی نەکردووە.(14)

سەید محەمەد ئەیوبیان و مەلا حسەین مەجدی لەلیستی وەزیراندا دانەنراون.

جگە لەپێکهێنانی وەزارەتەکان ناوی ئەم کەسانەش وەك بەڕێوەبەری گشتی بەم جۆرە ناوبراون:

عەلی ریحانی	بۆ تۆمارکردنی زەوی‌وزار
عەلی خسروی	کاروباری لاوان
سەید پیرە	کاروباری شارەوانی
ئەحمەد عیلمی	دەرامەت و دارایی

جگە لەگەڵ ناوی تر کەجێگەو پایەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و عەشیرەتی گرنگیان هەبووە، لەوانە قاسمی ئیلخانی زادە کەلەسەردەمی ژ.ك دا لەگەڵ زەبیحی رۆڵێکی گرنگی لەپێوەندییەکانی دەرەوەی کۆمەڵەدا دەبینی.

ولیەم ئیگلتن ئەم ناوانەش وەك بەڕێوەبەری گشتی دەست نیشان کردووە:(15)

سدیق حەیدەری، هەژار، هێمن، عەبدولڕەحمان زەبیحی:

لەچاوپێکەوتنێکمدا لەگەڵ میرزا عەلی خسروی لەهاوینی 1997دا بەدرێژی لەرۆڵی خۆی و رێکخراوی جەوانان دووا، ئەوەشی دەرخست کە ئەم یەکەم کەسێ بوو کەلەرادیۆی مەهابادەوە قسەی کرد...

سەید پیرە وەك لەهەندێ سەرچاوەدا باسکراوە لێپرسراوی بەندیخانە بووە*.

سوپای چەکدار، هەر لەسەرەتای خودموختارییە چوار ساڵییەکەوە، زەمینەیەکی هەبوو. کەسەیفی قازی بەوەزیر هێزی دیموکرات دانرا گەلێ هەنگاوی گرنگ نرا.[16]

* بڕوانە: میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی، بەسەرهاتی کورد، بەرگی یەکەم

شێوەی ڕێکخستنی هێزو فەرمانەدەکان لەسەر بنچینەیەکی سەربازیی تاڕادەیەك مۆدێرن بوو، بەتایبەت ئەو هێزانەی کە دەیان ئەفسەری کوردی باشوور لەگەڵ بارزانیدا، دوای شکستی شۆڕشی بارزانی 1945- سنوریان بەزاندو خۆیان گەیاندەمەهابادو ڕۆڵێکی گرنگیان لەو سوپایەی کۆماردا بینی لەوانە:

-کۆلۆنیل مستەفا خۆشناو سەرکردەی لکی 1 لەهێزی بۆکان و مەنتیقەی لەسەرا

-کولونیل میرحاج ئەحمەد سەرکردەی لکی2 لەهەمان فەرماندەیی

-کاپتن بەکر عەبدولکەریم سەرکردەی لکی 3 لەهەمان فەرماندەیی.

-مولازم نوری ئەحمەد تەها سەرکردەی لکی 4 لەهەمان فەرماندەیی.

-وەهاب ئاغا جوندیانی یاریدەدری سەرکردەی لکی 4 کەلەڕاستیدا ئەم ڕۆڵی ئەکتیف و پراکتیکانەی لەلکی چواردا دەبینی.

-میجەر خەیروڵڵا عەبدولکەریم

-کاپتن (محەمەد قودسی) کە وەك نوێنەری مەلا مستەفا لەبۆنە تایبەتییەکاندا وتاری لەبری ئەو دەخوێندەوە.

-کۆلۆنێل عزەت عەبدولعەزیز.

-مولازمی یەکەم جەلالی ئەمین بەگ.

-کۆلۆنیل سەید عەزیز شەمزینی.

-پلەی جەنراڵ -یش بەم ناوانە بەخشرا

-محەمەد حسەین سەیفی قازی

-عومەر خانی شەریفی- ڕەئیسی ئیلی شکاك

-مەلا مستەفا بارزانی

-حەمە ڕەشید خانی بانە- فەرماندەیی چوار لکەکەی هێزی بارزانیان بەم سپێردرابوو تا ئەوکاتەی کۆماری بەجێهێشت.

جگە لەوانە گەلێك کەسی تر پلەی سەربازیان بەم جۆرە درایە:

-میجەر جەعفەری کەریمی

-کۆلۆنێل محەمەدی نانەوا زادە.

-میجەر محەمەد ئەمین شەریف.

-میجەر عەلی بەگ شیرزاد.

-میجەر ئیبراهیم سەلاح.

-کاپتەن خەلیل موەفەقی.

-کاپتەن حەسەن رەحیم زادە.

-کاپتەن حەمید مازوچی.

-کاپتەن خانان.

-کاپتەن عەزیز سدیقی.

-کاپتەن سدیق ئەسعەدی.

-محەمەد حەیدەری سەروەر.

-حەمزە حەیدەری ناودار یەك.

-عەباس حەیدەری ناودارییەك

-ئەمیر حەیدەری ناودار-2- لەگەڵ گەلێك کەسی تر.

وەك نمونەی بڕیاردان لەسەر کارو فرمانی سەربازیی و سەرچاوەی بڕیار لەهێزی جەمهوریەتی کوردستاندا لێرەدا چەند نمونەیەك دەخەینە پێش چاو...

ژمارە: *380/15*

بروار: *1-3-325*

هێزی دیموکراتی کوردستان

ستادی ناوندی

بەخشنامە وزارت*

پات پولکونیك اغای محمد نانوازادە، کەبەهۆی حکم ژمارە *307/29-2-25* بەمعاوینی سیاسی وزارت هێزی کوردستان انتصاب کراوە بەرامبەر بەو بەخشنامەیە لەغیابی وزیری هیزدا دەتوانی لەجەلەساتی سیاسیو غیرەی مشکلەی وزراتخانانو هەیئەتی بەرزی میللیدا شیرکەت بکا.

وزیر هیزی جەمهوریەتی کوردستان

سیف قاضی

ژمارە: *386/15*

---

* بروانە: مەحمود مەلا عزەت، د.ج.ك ، ب1 1992، بەڵگنامەی ژمارە: (83)و(84).

بروار: 3-2-25

هێزی دیموکرات کوردستان

بەخشنامە وزارت*

مایور جعفر کریمی کەبەهۆی حکم ژمارە 306 بەمعاوینی حەربی وزارتی هێزی کوردستان انتصاب کراوە بەرامبەر بەو بەخشنامەیە لەغیابی وزیردا دەتوانی لەجەلەساتی حربیو عەشایەریو سایر جەلەساتی دیکەی مربوط بەقسمەتی حەربیو دەرەوەی هێز لەوزارتخانانو هەیئەتی بەرزی حزب بوافد تعلیماتو مشاوەرە دەدریە شیرکەت بکا. و ئەلبەتە پیک هینانی تەواوی اموراتی هیز بۆ قسمەتی سیاسی بەناوبراوی سەرەوە اسپاردراوە.

وزیر هیز جمهوریەتی کوردستان

سیف قاضی (17)

بڕیاری دانانی محەمەد نانەوازادە بەمعاوینی سیاسی وەزارەتی هێزی کوردستانو ڕۆڵی لەوەزارەتەکەدا، لەبەخشنامەکاندا دەردکەوێ کە فرمانی دامەزراندنی ئەفسەرو پلە پێبەخشین یان بەرزکردنەوە، وەزیری هێز دەری کردوە وە یەکێك لەمعاوینەکانی، حەربی یان سیاسی یان سەرۆکی دەفتەری وەزارەت جێبەجێی کردوە.

بۆ زیاتر شۆڕبوونەوە بۆ ناو ئاستی ڕێکخستنی هێزی دیموکرات، بەشو یەکەکانی هەر لقو فەرماندەییە، جۆری چەكو تەقەمەنییەکان، شێوەی ئەنجامدانی فرمانە سەربازییو کارو بڕیارو راسپاردەکان، ئازوقەو خواردەمەنیو جۆری دابەشکردنو قنیاتی هەر پێشمەرگە یان چەکدارێك، ژیانو گوزەرانو دەرامەتی چەکدارەکان، جلو بەرگو نیشانەی پلە جیاجیاکانی کەسانی ناو هێزی دیموکرات، سەرچاوەی داهاتو یارمەتییو جۆری ڕێکخستنیان، شەڕو نەبەردییەکانی بەرەکانی جەنگو درێژەی ڕووداوەکانی ناویان، خەسڵەتە عەشایرییەکانی ناو سوپاو ڕۆڵیان لەکارکردنە سەر ڕووداوەکان... ڕۆڵی سەرەك عەشیرەتەکان لەسوپاو هێزەکانی دیموکراتو لەبەرەکانی جەنگدا، شێوەی فرمان دەرکردنو راگەیاندن، ئاستی جێبەجێکردنیان، ڕۆڵی وەزیری هێزو جەنراڵەکانو سەرەك کۆمار لەئاراستەکردنی

ڕووداوەکان و خوڵقاندنی زەمینەی بەربەرەکانیی دوژمن، دیدوبۆچونە جۆربەجۆرەکان لەسەر ڕوداوە سیاسی و سەربازییەکان.. تاد ئەوانەو گەلێ باس و خواس و ڕووداوی زۆر گرنگ لەبەرگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمی دەوڵەتی جمهوری کوردستان 1992و 1995و 1997 لەسوید بەچاپم گەیاندوون، بڵاوکراونەتەوەو بەپێویستم نەزانی لێرە درێژەیان پێبدەم.

پاری دووهەم

جەمهوریەتی کوردستان

سەبارەت بەو بارودۆخە ئاڵۆزو پڕ لەگرێوگۆڵانەی کە جەمهوریەتی کوردستان)ی تێدا بەوەلەد بوو، ئەو دۆخە نالەبارەی پڕبوو لەناکۆکی و ململانی لەسەر ئیران و بەرژەوەندییەکان لەو سەر زەمینەدا ، لەبەر ئەوانە حکوومەتەکەی لەسەر زەمینەیەکی پتەوو هەلومەرجی ڕەسیو دانەمەزرا، بێ پێناسەی یاسایی و سیاسیی و ناوچەیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی(نێو نەتەوەیی) هاتە ئاراوەو مایەوە، لەناو ئاووهەوای نەشەڕو نەئاشتی یان ڕووبەڕووبونی ڕۆژانەو پێکدادانندا، کاری دەکرد، بەجۆرێ کەدەتوانین حکوومەتەکە بە حکوومەتی جەنگ ناو ببەین، بەتایبەتی زۆربەی هەرە زۆری لێپرسراوو کاربەدەستان، لەگەڵ کاری سەربازی و مسۆگەرکردنی پێداویستییەکانی بەرەکانی شەڕ خەریك بوون.

لەبەر ئەوانە، هەرچەندە کۆمەڵێ کارو هەنگاوی بەسوودو باش و جێگر لەمەیدانەکانی سەربازی و سیاسی و ڕۆشنبیری و یاسایی و کۆمەڵایەتیی و بەڕێوەبردندا ئەنجام دران، دیسان دیاردەی جۆرێ لەئاڵۆزی و بێ نەخشەیی لەکاروباریدا هەبوو، بوونی فرە سەرچاوە لەیاسادانان و جێبەجێکردنیاندا، هەمە جۆر(ناو) بەکارهێنان لە(شێوەی دەوڵەتی و حکوومەتی) نەبوونی بڕیاری ڕەسمی و یاسایی بۆیان و بۆ گەلێ کاری گرینگی تر بەرچاو دەکەون.

لام وایە ئەوانە لەناو ئەو ئالۆزیانەدا، بۆ ئەو سەردەمو رۆژگارەی کورد زۆر نامۆ نەبن، بەرەخنەی زۆر گەورە دانەنرێن. بەڵام نامۆو سەیر لەوەدایە کەلەم سەردەمەشدا ئەوانە بەردەوام بنو زیاتریش بشێوێندرێن، ئەوەی هەبووە وەك خۆی باس نەکرێو ئەوەی نەشبووە بۆی بخوڵقێنرێو پێوەی بلکێنرێ. حەزو خواستی ناو بۆچوونی بێبەڵگە بخزێنرێتە ناو مێژووەکەیەوە، ئەوەی یارمەتیدەری ئەم جۆرە دیاردە نائاساییەیە، نەبوونی لێکۆڵینەوەی بابەتیو زانستییانەی گەڵ لایەنی مێژووی سیاسی، سەربازیی، بەڕێوەبەرایەتی، کۆمەڵایەتی، ئابووریو دیپلۆماسی ئەزمونەکەیە. بۆیە کاتی ئەوە هاتووە، ئەوەندەی لەبەردەستبوونی بەڵگەنامەو شوێنەواری مێژوویی سەردەمەکە یارمەتی دەدەن، بژاری ئەو هەڵەو بۆچوونانە بکرێو، لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر ئەو لایەنانە بکرێ... لێرەدا هەوڵدەدەم رووناکیی بخەمەسەر دوو لایەنی هاوپێوەند بەوانەوە کە(ناوی قەوارەکە)و مەسەلەی خودموختاریو سەربەخۆیی)یە. لەجەمهوریەتی کوردستاندا.

باش وایە پێشەکیش ئامارە بۆ چەند پرنسیپێکی رێبازی مێژوونووسین بکەم کەنووسەرو مێژووناس لەنوسینو لێکۆڵینەوەیاندا خۆیانی پێوە دەبەستنەوە.

*لەنووسینو باسو خواس لەسەر هەر ڕووداوێکی مێژوویی، پێویستە پەنا بۆ بەڵگەنامەو شوێنەواری سەردەمی باسەکە ببرێت، تابەهۆیانەوە ڕاو بۆچوونەکان بسەلمێنرێن، بابەتیو زانستییانە لێکۆڵینەوە بکرێتو دابڕێژرێت. لەوەبەدەر نابێ بۆچوونو ڕاو تیۆری نەسەلمێنراو دابنرێنو بسەپێنرێن.

*لەتوێژینەوەو لێکۆڵینەوەدا، دەبێ مێژونووس بۆچوونو ڕاکانی خۆی لەسۆزو حەزو خواستو ویستی شەخسی لابداتو تێکەڵی راستییە مێژووییەکانی نەکات، شەڕی سیاسیو کۆنەقین.. ململانێو ناکۆکی حزبایەتی بخاتە لاوەو نەیەڵێت کار لەڕەوتی بیرکردنەوەی ئاساییو زانستیانە بکەن رێگە نەدا رقو کینەی ڕەوا بەرانبەر بەدوژمنی داگیرکەر کار بکەنە سەر هەڵێنجانی راستییەکان.

*هەوڵدان بۆرووناکی خستنەسەر ڕووداوو دیاردەی مێژوویی، وەك هەبوونو ڕوویانداوە،کە هیچ پێوەندییەکی بەخواستو بۆچوونی نەئەو سەردەمەو نەسەردەمی نوسین لەسەر ڕووداوەکە نییە، کاری لەو بابەتە مانای لایەنگیریی بۆچوونێکی جیاواز

یان دژ بەوە نییە، دوورە لەڕەواج پێدانی سیاسەتی ئەم پارتیو ئەو ڕێکخراو، دوورە لەهەڵسەنگاندن بەکێشو پێوانەی ئەمڕۆو ئەم سەردەمە، دەبێ بەتێگەیشتنی قووڵی هەمەلایەنەی ڕووداوەکان، هەڵە دەستنیشان بکرێتو ڕەخنە بگیرێتونرخاندنو هەڵسەنگاندن ئەنجامبدرێت.

*لەباسی سەربەخۆ یان خودموختاربوونی جەمهوریەتی کوردستاندا، دەبێ پێناسەی ڕەزامەندی هەر یەکەیان لەبەرچاو بگیرێ. لەبنەماو زەمینەو پایەگاکانی ڕەخساندنی هەریەکەیان بگەین. ساغکردنەوەی ئەم یان ئەویان نابێ بۆ مەبەستی سەردەم، بۆ شانازیکردنی بێبناغە، دەستکەوتی تەسکی حزبایەتی بن. نابێ بۆ ئەو مەبەستانە، ڕاستییەکان لابخرێنو ناڕاست بخرێنە جێگەیان.

*هەوڵدان بۆ سەلماندنی خودموختاری-بوونی جەمهورییەتەکە لەناو سنووری ئێرانداو سەربەخۆبوون لەئازەربایجان مانای ئەوەنییە کەنووسەر لەگەڵ ئەو خودموختارییە دایەو دژ بەسەربەخۆییە یان بەپێچەوانەوە.

کاتێ مرۆڤ دێتە سەر هەڵسەنگاندنو بەراوردکردنو ڕەخنەو کەمو کورتی دەرخستن، ئەمە دەبێتە باسێکی جیاوازو پێویستە پێوانەیان لەگەڵ بارودۆخو هەلومەرجە ڕەخسیوەکانی ئەو سەردەمەدا بگونجێنو بکرێنە سەنگی جیاوازیی نێوان دیدو بۆچوونی ئەو سەردەمو ئەم سەردەم.

ناوی مێژوویی قەوارەکە ١

ڕیشەی ناوی قەوارەکە

یەکێ لەو باسانەی دوور لەو پرنسیپانە شێوێندراوە، ناوی ئەو قەوارەیەیە کەلەموکریانی کوردستانی ڕۆژهەلات دامەزرێنرا،[2] بە بێ لێکۆڵینەوەو گەڕانەوە بۆ سەردەمەکەو تێگەیشتنی ڕوداوو دیاردەکان ناوی لێنراوە، بێ هیچ بەڵگەنامەیەك، (ناو) داتاشراوەو بەکاردەهێنرێ، دەخوازرێ بسەپێنرێو بخرێتە جێگەی ناوە مێژووییەکە، هەیە ناوی کتێبو بەرهەمو سەرباسی لێکۆڵینەوەی نووسەران بەناوی قەوارەکە وەردەگرێ یا تێکەڵ بەناوە مێژووییەکانی دەکات... بەبێ ئەوەی خاوەن بەرهەم یان نوسەر خواستی ئەوە بێت کەسەرباسی کتێبەکەی، بەناوی مێژوویی

دانـابێت! لـەناو ئـەو ناوانـەدا كـە بـۆ نموونـە دەهێنرێنـەوە: كۆمـارى دێمۆكراتـى كوردستان، كۆمارى كوردستان، كۆمارى خودموختارى كوردستان، كۆمارى میللـى مەهاباد، كۆمارى مەهاباد.3

هەیە نـاوێك لـەناو ئـەو ناوانـەدا هـەڵدەبژێرێو داوا دەكـات هـەر ئـەوە بـەناوى قەوارەكە دابنرێتو دەبێ بەكاربهێنرێت. بێ ئەوەى بەلاى ناوێك لەناو مێژووییـەكاندا بچێـتو لـەوەش بگـات كـەناكرێو ناگونجـێ نـاوى ڕووداوێكـى مێژوویـى وەك جەمهوریەتى كوردستان كە سەرەنجامى ئەزموونەكەى مەهاباد بوو، كە چەندین ناوى تایبـەتیى خـۆى هـەبووە، ئـەمڕۆ نـاوى بـۆ دابتاشـرێو دواى زیـاتر لـەنیو سـەدە لەجێگەى دابنرێتو بویسترێت بسەپێنرێت.

لەباسـى نـاوى ئـەو قەوارەیـەدا، ئـەوەى تائێسـتا لاى بـەندە ئاشـكرایەو پێچەوانەكەییم بەرچاو نەكەوتووە: هەر لەدامەزراندنییەوە تا ڕووخاندنى، هیچ جۆرە بڕیارێكى رەسمـىو یاسایى تایبـەت بەناولێنان نـەدراوەو نـەبووە. لـەناو ڕۆژنامـەى كوردسـتانو گۆڤـارى كوردسـتانو هەڵاڵـەو بڵاوكراوەكـانى تـرو سـەرجەمى بەڵگەنامـەكانى سـەردەمەكە، كەئـەمڕۆ لەبـەر دەستدان، بڕیـارى لـەو بابەتـە وەبـەرچاو نەكەوتووەو ناكەوێ. لـەگوتارو نوتقـى لێپرسـراوان لـەڕۆژى ڕاگـەیاندنى دامـەزراندنى جەمهوریەتى كوردستاندا ئاماژە بۆ بڕیارو كارێكى لەو بابەتە نەكراوە...

وەك دیاردەیـەكى هـاوپێوەند بەو نـەبوونى بڕیـارەوە، هـەر وەك سـەلمێنەرێكیش بۆى، چەندین ناوى دەوڵەتىو حكوومـەتى لـەئارادا بوون، كـەمو زۆر لەسـەرزاربوونو بەكارهێنراون كەلێرەدا هەوڵ دەدەم لەناو بەڵگەنامەو ڕۆژنامەو گۆڤارو وتارو نوتقى لێپرسرواندا راسـتییەكانى تایبـەت بـەو ناوانـە هەڵبـهێنجم تـا هیـچ جـۆرە گومـانو دوودڵییـەك لەسـەر ئـەم باسە نـەهێڵرێو جێگـەى بۆچوونـى بێجـێ نەمێنێتـەوە. وەك ئامـاژەم بـۆ كـرد، گـەلێ ناوى حكوومـەتىو دەوڵـەتى لەسـەردەمەكەدا لەئارادابوونوبـە كـارهێنراون كـەهێندێكیان جێگـەى مێژوویـى خۆیـان هەیـەو دەكرێت لەبـەر نـەبوونى بڕیـارى تایبـەتى بـۆ نـاو لێنـان، بەیاسـاییو رەسمـى دابـنرێن، وەكـوو لـێرەدا ڕووناكییان دەخەمە سەر.

یەکەم: ناوی حکوومەتی:

*حکومەتی میللی کوردستان: لەڕۆژی ڕاگەیاندنی دامەزراندنی جەمهوریەتی کوردستان، لەکۆبوونەوە مێژووییە بیست هەزار نەفەرییەکەی دووی ڕێبەندانی 1324دا، لەناو داواو ڕاسپارەکاندا، ناوی قەوارەکە بەمجۆرە هاتووە:

((... ئەوڕۆ ئارەزوی عمومی خۆمان ئیزهار دەکەین و لەکۆمیتەی مەرکەزی حزبی دێمۆکرات و ئەنجومەنی خۆمان خواهیش دەکەین وئیختیاری دەدەینێ:

1-لەو جێگایانەدا کەئێستا کوردی تێدا دەژین بەئیستیقلالی تەواو بگا.

2-ئینتیخاباتی مەجلیسی شورا دەست پێ بکەن.

3-حکوومەتی میللی کوردستان و وەزیران وئیدارەکانی ساز بکەن...هتد)4.

لەڕاستییدا ئەم ناوە حکوومەتییە لەگەڵ دروشم و داخوازیی خودموختاریدا جووت دەبێت، بۆیە بوون و بەکارهێنانی لەخۆوەو بەرێکەوت نەبووە، جا ئەگەر ناوی تری قەوارەکە، چی حکوومەتی و چی دەوڵەتی، لەئارادا نەبوونایەو باس نەکرابانایە، وادەتوانرا ئەم ناوە حکوومەتییە بەرەسمی و یاسایی و بڕیاری تایبەت بەناوی قەوارەکە دابنرایە. بەتایبەتی هەر ئەم ناوە بوو کەهەر پێش بلاوکردنەوەی دامەزراندنی جەمهوری کوردستان حزبی دێمۆکراتی کوردستان لەیەکەم کۆنگرەی دامەزرانیداو لەبەرنامەکەشیدا بەمجۆرە ئەو ناوەی دیاری کردبوو:

"ئەبێت یەکەم هەنگاوی حکوومەتی میللی دەستکردن بێت بەئاوەدان کردنەوەی وڵات و...هتد).5

جاری واش بووە(پێشەوا) خۆی ئەو ناوەی لەقسەو وتاردا بەکارهێناوە.6

کەوابوو ئەم ناوە هەر وا بەرێکەوت لەسەر زاران نەبووەو بەکارنەهێنراوە. هۆی بەرەسمی و یاسایی وەرگرتنی ئەم ناوە حکوومەتییە هەر لەوانەدا نییە، بەڵکوو لەوەشدایە کەلەڕووداوێکی گرینگی وەك بەستن و مۆرکردنی پەیمانی یەکییەتی و برایەتی حکوومەتی کوردستان و ئازەربایجانیشدا ئەو ناوە بەکارهێنراوە، لەنووسینی ناوی ئەندامانی وەفدەکەی کورددا بەمجۆرە دەست پێکراوە:

(جەنابی قازی محمد رئیسی حکوومەتی ملی کوردستان)

دیسان ناوی سەیفی قازی بەم جۆرە نووسراوە: محمد حسین خانی سەیفی قازی(وەزیری هێزی حکوومەتی ملی کوردستان)7

لەگەڵ ئەوانەشدا ئەم ناوە لە نووسین و لەسەر زار کەمجار بەکارهێنرا، ئەوەی سەرنج دەدرێ، زیاتریش لێپرسراوانی پلەی یەکەمی حکوومەتەکەو حزبی دێمۆکرات بوون بەکاریان دەهێنا. بۆ نموونەی زیاتر لەوەی ئاماژەی بۆ کرا: معاوینی کۆمیتەی مەرکەزی حزبی دیموکراتی کوردستان.8

دیسان لەسەر ئەو کاغەزانەی ژمارەیەك لەدام و دەزگاکانی حکوومەت بۆ نامەنووسین بەکاریان دەهێنا کلێشەیان لەبەشی سەرەوەی ئەوکاغەزانەدا داڕشتبوو، لەگەڵ ئەو کلێشەیەدا(حکوومەتی میللی کوردستان) لەسەرووی نووسینەکانەوە نوسرابوو.9

*حکوومەتی کوردستان:

نزیك بەو ناوە حکوومەتییەی باسکرا، یان لەوانەیە هەر ئەو ناوە بەم جۆرە بەکورتکراوەیی بەکارهێنرابێت مەبەست (حکوومەتی کوردستان)بووە... ئەوەی زیاتر بایەخی ئەم ناوە دەردەخات، لەلایەن بەرزترین دام و دەزگای دەوڵەتەوە بەکارهێنراوە، واتە (هەیئەتی ڕەئیسەی میللی کوردستان) کەلەدواییدا، مەبەستم دوای ڕووخاندنی قەوارەکەیە، نووسەران بە(ئەنجومەنی وەزیران) ناویان بردووە، چونکە لەسەردەمی ئەزموونەکەدا ئەم ناوە بەکارنەهاتووە. نموونەی شێوەی بەکارهێنانی ئەم ناوە لەلایەن هەیئەتەوە:

ڕۆژنامەی کوردستان لەمردنی (کالێنین)دا، دوای ئەوەی باسی مردنەکە دەکات ئەم بڕیارەشی بڵاوکردبۆوە:

(...بەم بۆنەیەوە ڕۆژی 14-15/3/1325 مجلسی تزکرو عزاداری لەلایەن حکوومەتی کوردستانەوە گیرابو ئاڵای کوردستان لەسەربانی تەواوی ئیدارەکانی کوردستان نیو ئەفراشتەبوون)10

-حکوومەتی میللی دێمۆکراتی کوردستان:

ئەم ناوە بەدەگمەن لەسەر زار بووەو بەکارهێنراوە، بۆیە هەر بە دەگمەنیش لەڕۆژنامەی کوردستاندا دەکەوێتە بەرچاو. پێدەچێ زیاتر لەحەزی شەخسییەوە لەلایەن یەکدوو نوسەرەوە بەکارهێنرابێت و نووسرابێت.

***هەیئەتی رەئیسەی میللی کوردستان**

ئەم ناوە بە تایبەتی لە رۆژنامەداو پێش راگەیاندنی جەمهوریەتی کوردستان، پێکهاتووەو قازی محەمەد سەرۆکی بووە داوای ئەو راگەیاندنەش پێکهاتووەو قازی محەمەد سەرۆکی بووە داوای ئەو راگەیاندنەش زیاتر لەهەموو ناوە حکوومەتییەکانی تر بەکارهێنراوە.

لەدوای دامەزراندنی جەمهوریەتی کوردستان، سەرۆکایەتییەکەی بە حاجی بابەشێخ" سپێردراو ئیتر بە(رەئیسی هەیئەتی میللی کوردستان، یان رەئیسی هەیئەی رەئیسەی میللی کوردستان"ناودەبرا، هێندێ جاریش لەبری (رەئیس) سەرۆك بەکاردەهێنرا.جار جار هەر بە(هەیئەتی میللی)ناودەبرا دیارە ئەمەش هەر بۆ کورتکردنەوەو ئاسان لەسەر زار بەکارهێنان بووە.*12*

کارو ناوی ئەم دەزگای بەرێوەبردنە، وەك(ئەنجومەنی وەزیران) بووە...کە لە دوای روخاندنی جەمهوریەتەکە، زۆر لەنوسەرو مێژوونووسان ئەمیان بەکارهێناوە. زۆربەش هەر وایان زانیوەو وادەزانن کەلەسەردەمەکەشدا ئەنجومەنی وەزیران)بەکارهاتووە کەوەك لەپێشتر گوتم هەرگیز ئەم ناوە بەکارنەهێنراوەو نەنووسراوە هەر وەك رۆژنامەو گۆڤاری کوردستان و بەڵگەنامەکان بۆمان روونەکەنەوە.

بەڵام خودی ئەم ناوە (هەیئەتی رەئیسەی میللی کوردستان) بۆ سەردەمە نوێیەکەی دوا دامەزراندنی کۆمار شتێکی تازەو داهێنراو نەبوو، چونکە هەر پێش ئەوە بۆ بەرێوەبردنی ئەو(خودموختاری)یەی چوار ساڵ بووبەردەوام ئەو دەزگای بەرێوەبردنە بەو ناوەوە هەبووە. هەر وەك پێشەوا قازی محەمەد ئاماژەی بۆ کردبوو، کاتێ لێیدەپرسن: (چلۆن خودموختاری خۆتان هەڵدەسووڕێنن؟" بەمجۆرە وەڵام دەداتەوە:

"لەو وەڵاتەی کە توانیومانە خودموختاری خۆمان دەکاربکەین دەگەڵ نوێنەرانی گەورەی میللەتی کورد کەچەندێك لەوەی پێش لەمهاباد حازر بوون انتخاباتمان کردو هەیئەتێکی *9* نەفەری بەنێوی هەیئەتی میللی هەڵبژێردران و سەرۆکی ئەو هەیئەتە بەخۆمە.. *13*"

واتەپێش ڕاگەیاندنی دامەزراندنی کۆمار، پێشەوا خۆی سەرۆکی هەیئەتی ڕەئیسەی میللی بووە. ناوەکەش بەمجۆرە لەژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستاندا کەلەپێش ڕاگەیاندنی کۆمار چاپدەکراو بڵاودەکرایەوە، وەبەرچاو دەکەوێ.

لەباسی ئەم هەیئەتی ڕەئیسەی میللییەدا (ئەنجومەنی وەزیران) دەبێ ئاماژە بۆ دیاردەیەکیسەیر بکرێ ئەوەش بڵاونەکردنەوەی لیستەیەکی تەواوی وەزیرو سەرۆکی ئیدارەکانی حکوومەتەکەیە، نەلەڕۆژنامەی کوردستانو گۆڤاری کوردستانو هەڵاڵەدا ئەو لیستەیە دەبینرێ وەنەلەهیچ شوێنێکی تردا... بۆیە بۆچوونی جیاجیاو جیاواز لەدەستنیشانکردنی لیستەی ناوی وەزیرو وەزارتەکانو سەرۆکی ئیدارەو ناوی ئیدارەکاندا هەیە ناوبردنی هەیئەتەکەش بەئەنجومەنی وەزیران، هەر لەبەر ئەوەیە کەلەڕاستیدا هەیئەتەکە هەر ئەو ڕۆڵەی بینیوە، ڕەنگە هەر بۆ دەرخستنی نیەت لەخودموختاریو نەبوونی مەیلی جیابونەوە ئەو ناو هێلڕاوەتەوە.

دووهەم - ناوی دەوڵەتی:

دیسان بۆ ناوی دەوڵەتیش بەهەمان شێوەی ناوی حکوومەتییەکە، چەند جۆرێك ناو بەکارهێنراوەو نووسراوە کەئەمانەن:

*دەوڵەتی جمهوری کوردستان:

هەرچەند ئەم ناوە زۆر کەم بەکارهێنراوە، بەڵام بایەخو جێگەی مێژوویی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە لەو تابلۆیەی کە بۆ وەزارەتی فەرهەنگی کوردستان سازکرابوو کەبریتی بوو لە: ئارمێك، کەلەسەرەوەی بەشێوەی چەنبەر"دەوڵەتی جەمهوری کوردستان" لەژێریشەوە(وەزارەتی فەرهەنگ)نووسرابوون.*14*

تائێستاش لام روون نەبووتەوە کەیو چۆنو کێ ئەو تابلۆیەی دارشتووە؟ ئەوە نەبێ کەلەبەرنامەکەی حزبی دێمۆکراتی کوردستاندا، کەلەپێش دامەزراندنی جەمهوریەتەکەدا بڵاوکرابۆوە. ئاماژە بۆ نیشانەی حزبەکە بەمجۆرە کراوە: "قەڵەمو گوڵە گەنم نیشانەی حزبە".*15*

ئیتر بێنەوەی باسی ئەوە بکرێت کەنووسینو گوڵەگەنمەکە چۆن بووە، یان قسە لەسەر نیوکورە ڕۆژەکەی ناو ئارمەکە بکرێ. بۆیە روون نییە کەئایا حزبی دێمۆکراتی کوردستان مەبەستی لەوە، ئارمو تابلۆکە بووە یان نە؟ چونکە دەکرێ هەر قەڵەمو گوڵەگەنم، بێدارشتنی ئارمو تابلۆ، بکرێتە نیشانە یا سیمبۆل، دوای ئەوەش

حزبەکە هیچ زانیارییەکی تری لەو ڕووەوە بڵاونەکردۆتەوە.لەوانەش گرینگتر ئەوە بوو کەئارمەکە لەسەرەتادا لەناوەڕاستی ئاڵاکەی کۆماردا دانرابوو، وەك لەو وێنەیەی بەبۆنەی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەمەهاباد-ڕۆژی 1945/12/17دا هەڵکراوە، وادەردەکەوێ کەئارمەکە لەسەر ئاڵاکە دانراوە... هەرچەندە لە ماوەیەکی نادیاردا لەیەك جوداکراونەوە... (ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵا لەمەهاباد، لەژمارە 2ی ڕ.ك (21ی دیسامبری 1945) ئەو مێژووە بە 1324/9/27 نوسوراوە کەچی لە ژمارە 3-دا مارسی 1946 بە 1324/9/26 نووسراوە، کەبەگوێرەی ئەم ژمارەیەیان دەبێ لە 1945/12/16دا بووبێت).

*دەوڵەتی میللی کوردستان

ناوێکی تری دەوڵەتی کەکەم بەکارهێنراوە. پێشەوا لەوتاری ڕۆژی 1325/2/20یدا باسی دەکاتو دەڵێ: "ئەوڕۆ دەوڵەتی میللی کوردستان زۆر بەهێزە...هتد"16، ڕەنگە هەروا وەك وەسف، ناوەکە لەسەرزار بووبێتو ناوی هێنابێ، نزیکیشە هەر مەبەستی حکوومەتی میللی کوردستان بووبێت. هەروەك جۆری تێکەڵیی هەردوو ناوە حکوومەتیو دەوڵەتییەکە، دەبێ ئەو جۆرە بەکارهێنانەش نائاسایی نەبووبێت، یان بێ لێکدانەوەی قووڵ بووبێت.

*دەوڵەتی میللی دیموکراتی کوردستان.

ئەم ناوەش زۆر بەدەگمەن لەچاپەمەنییەکانی سەردەمەکەدا دەکەوێتە بەرچاو. ئەحمەدی عیلمی لەنوسینێکدا بەسەر باسی (زوڵمو ئەیستیعمار نەتیجەی بەکوێ دەگا)ئەو ناوەی تیا بەکارهێناوە.17

*دەوڵەتی خودموختاری کوردستان:18

سەید محەمەد حەمیدی مدیرو سەردەبیری ڕۆژنامەی کوردستان لە وتارەکەیدا کەبەبۆنەی پێئەسپاردنی ئەم کارە ڕۆژنامەگەرییە، لەو کۆبوونەوەیەی بۆ ئەم مەبەستو کارە سازکرا، ئەم ناوەی بەکارهێناوە. زۆر دەگمەن ئەم ناوە بەبەرچاو دەکەوێ. بەکارهێنانی ئەم ناوەش لەکۆبوونەوەیەکی واداو لەلایەن لێپرسراوو ڕۆشنبیرێکی واوە جێگای سەرەنجە.

***جمهوری كوردستان(جەمهوریەتی كوردستان)**

لەناو سەرجەمی ناوە حكوومەتیو دەوڵەتییەكاندا، ئەم ناوە بەشێوەیەكی فراوان بەكارهێنراوەو زاڵ بووە بەسەر ناوەكانی تردا، زیاتریش لەوە جۆرێ لەڕەسمییو یاسایی بوونیشی بەخۆوە گرتووە، سەبارەت بەگەڵێ هۆ لەوانە:

–زۆربەی زۆری وتاربێژانی رۆژی راگەیاندنی قازی محەمەد بەپێشەوای كوردستانو دامەزراندنی جەمهوریەتی كوردستان لەدووی رێبەنداندا(جمهوری كوردستان)یان (جەمهوریەتی كوردستان) بەزار گوتووەو لەڕۆژنامەی كوردستاندا نووسراوە.*19*

–دیسان لەسەرجەمی ئەو ئاهەنگانەی بەم بۆنەوە سازكران، وتاربێژان هەر ئەم ناوەیان بەكارهێنا.

–لەو سوێندە مێژووییەی كەپێشەواو هەموو لێپرسراوو پێشمەرگەكان سوێندیان پێخوارد، ناوی قەوارەكەی بەجمهوری كوردستان "جەمهوریەتی كوردستان"براوەو نوسراوە.*20*

–لەتەواوی بەڵگەنامەكانی بەرگەكانی دەوڵەتی جمهوری كوردستاندا"جەمهوریەتی كوردستان"نوسراوە *21*

–لەپلەی یەكەمی ژیانی جمهورییەتەكەدا، لەڕۆژنامەی كوردستانو گۆڤاری هەڵاڵەو كوردستان‌دا، زیاتر "جمهوری كوردستان" بەكارهاتووەو نووسراوە.

–نووسەرانو شاعیران زیاتر "جەمهوریەتی كوردستان"یان نووسیوە.*22*

یەكێ لەدیاردە سەرنجڕاكێشەكە لەبەكارهێنانی ئەم ناوە دەوڵەتییەدا ئەوەبوو كەدوای ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر جەمهوریەتی ئازەربایجاندا هات، دوای پێكهاتنەكەی لەگەڵ تاران– كەسێ دیاردەی: مۆركردنی پەیمانی نەوت، كێشانەوەی لەشكری سور، ئیمزاكردنی پێكهاتنەكەی تەورێز–تاران بەپلەی وەرچەرخانی دادەنێم، ئەم ناوەو ناوی سەرەك یان رەئیس جەمهوریەت زۆر كەمو بەدەگمەن بەكاردەهێنرا، بەتایبەتی دوای سێهەم دیاردە. لەمانگەكانی دوایی تەمەنی كۆماردا ئەم ناوەو هەموو ناوەكانی تر لەڕۆژنامەو گۆڤاری كوردستانو هەڵاڵەدا بەكارنەدەهێنران یان دەگمەن بوو.

بەو جۆرە لەڕێڕەوی باسەکەدا دەردەکەوێ کەناوی (کۆماری دێمۆکراتی کوردستان)و (کۆماری کوردستان) لەسەردەمی جەمهوریەتی کوردستاندا لەدامەزراندنییەوە تاڕووخاندنی لەئارادا نەبون، لەناو ژمارەکانی ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردستان و هەڵاڵەدا بەکار نەهێنراون و نەنووسراون.

تەنانەت بۆ یەکجار چییە وەبەرچاو ناکەون، دیسان لەکۆی هەموو بەڵگەنامەکانی ناو بەرگەکانی دەوڵەتی جمهوری کوردستاندا ئەو دوو ناوە نابینرێن و هەرگیز بەکار نەهاتوون، بەڵکوو خودی وشەی (کۆمار) لە سەردەمی جەمهورییەتدا هەر بەکار نەهاتووە. دوای ڕووخان و بەسەرچوونی سەردەمەکە ئەو وشەیە هێنرایە ناو قامووسی سیاسی هاوپێوەند بەو جەمهورییەتەوە. کەوابوو وشەی کۆمار لەگەڵ وشەی دێمۆکرات یان نووساندنیان بەکوردستانەوە هەر لەئارادا نەبووە.

بۆیە ناوی (کۆماری دێمۆکراتی کوردستان) ئەسڵێکی مێژوویی نییە، سەپاندنی وەك ناوی مێژوویی، شێواندنی مێژووی ناوەکەیەو هەڵەیەکی زەقە. چونکە ناکرێ دوای زیاتر لەنیو سەدە لەو ڕووداوە مێژووییە خاوەن چەند ناوە، تازە بەتازە ناوێ دابتاشرێ و بەمێژوویی دابنرێ و داوا بکرێت کە بخرێتە جێگەی ناوە مێژووییەکان. دیارە ناوەکە وەك ناوی کتێب و بەرهەم، بۆ نوسین و ئاسایی ناوهێنان و بۆ خۆلادان لەوشەی بێگانە(کارێکی ئاساییەو هەموو کەس سەربەستەو ئازادە لەبەکارهێنان و نووسینی هەر ناوێکی تریشدا.

کەوابوو ناوی مێژوویی و ڕەسەن هەر ئەو ناوانەن کەباسکران، لاشم وایە، لەبەر ڕووناکی باسەکە، شیاوو گونجاوتر لەناوی دەوڵەتیدا جمهوری کوردستان(جەمهوریەتی کوردستان)ە، دەکرێ (دەوڵەتی جمهوری کوردستان)یش بەکاربهێنرێت.

بۆ ناوی حکوومەتیش"حکوومەتی میللی کوردستان" کەدەکرێ (حکوومەتی کوردستان)یش بەکاربهێنرێت.

دەمێنێتەوە چەند ناوێکی تر کەلەسەردەمەکەو دواتریش لەسەر زار بوون، لەوانە: دێمۆکرات، کۆمەڵە، جەمهوریەتی مەهاباد...هتد، ئەوانەش هەر یەکە چیرۆك و باسێکی تایبەتی خۆی هەیە.

دووەم:

*خودموختاری و سەربەخۆیی لەجەمهوریەتی کوردستاندا

خودموختار یان سەربەخۆبوونی جەمهوریەتی کوردستان باسێکی تری شێوێندراوو ئاڵۆزکراوە، سەبارەت بەگەڵێ هۆ، لەوانە:

-ئاڵۆزی و تێکچڕژاویی بارودۆخەکە.

-یاری و مانۆڤری سیاسی زلهێزەکان و تاران.

-باش حاڵینەبوون لەکاروانی سیاسی و دیپلۆماسی ئەزموونەکەو سەرکردایەتی کوردو بازنەکانی دەوری و ئاستی مامەڵەی ناچار لەساتوکاتی پێویستدا.

-ئاسان حاڵینەبوون لەسیاسەت و هەڵوێست و قسەو وتاری پێشەوا، بەتایبەتی لەپلە جیاجیاکانی ناو پێچو پەنای وەرچەرخانە پڕ لەمەترسییەکان و رووداوە ئاڕاستەکراوەکاندا.

-باش ساغنەبوونەوە لەسەر ناوەڕۆك و بنەما و مانا و واتای خودموختاری و سەربەخۆیی و جۆری هەڵسەنگاندن و بەراوردیان لەگەڵ جەمهوریەتی کوردستاندا.

-باش حاڵینەبوون لە: مۆڵەقەیی و هەڵواسراوی ئەزموونەکەی مەهاباد، بۆشایی و کەلێنی یاسایی و سیاسی، بێ دڵنیێدانانی ناوچەیی و هەرێمی و نێو نەتەوەیی، وەنەبوونی هەلومەرجی دامەزراندنی لەبار بۆ جەمهورییەتێکی تەواو سەربەخۆ.

-باش حاڵینەبون لەهەڵوێستی روسەکان، ئازەرەکان، تاران و خواست و داوای هەریەکەیان.

-تێکەڵکردنی حەزو خواستی خۆو سۆزی خۆشەویستی، شەڕی سیاسی و کۆنەقین و ناکۆکی و ململانێی کۆن و نوێ و پێچانەوەیان لەناو باس و خواسی خودموختاری و سەربەخۆییداو گەلێکی تر...

زۆر لەشارەزاو نووسەران، بێ درێژەپێدان و چوونە ناو مەبەستی ساغکردنەوەی باسەکە، خودموختاریی جەمهورییەتەکەیان سەلماندووە، بەم لایەدا خۆیان ساغکردووەتەوەو گومانێکیان لەوە نییە. هەشە بەپێچەوانەوە بێئەوەی تا ئێستاش لێکۆڵینەوەو باسێکی تێروتەسەل و سەلمێنەر کرابێ، یان بڵاوکرابێتەوە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا هۆیەکی گرینگی تری ئەو شێواندنەیە.

لاشم وایە هیچ لێکۆڵینەوەیەك ساغکەرەوەو سەلمێنراو نابێت تا ئەو خاڵانەی سەرەوەو ئەم لایەنانەی خوارەوە روون و یەکالا نەکرێنەوەو بەگشتی تابلۆیەکی سەرجەمی بارودۆخ و هەلومەرجەکانیان لێ وێنەگیر نەکرێ:

یەکەم) کوردو جەمهورییەتەکەی و لایەنەخۆییەکان و هاوپێوەندییان بەرووداوەکانەوەو بۆچوونی هەر لایەك و رادەی دوورو نزیکیان لەواقیعەکەوە:

–لایەنی رەسمی: لەناو مامەڵەی حکوومەتەکەدا، راو بۆچوونی سەرەك جەمهور کە سیاسەت و ئامانجەکان بەرانبەر بەلایەنەکانی هاوپێوەندو چارەنووسساز بەئەزموونەکە دەردەخەن.

–نووسەرو شاعیران بە تایبەتی و جەماوەری کورد بەگشتی.

–ئاستی ئامادەیی کورد لەو مەڵبەندە بچووکەدا بۆ کارێکی وا گەورە.

دووهەم) تاران و هەڵوێستی بەرامبەر بەجەمهوریەتی کوردستان و نەخشەو ستراتیجی.

سێهەم) کۆماری ئازەربایجان وراستیی هەڵوێستیی بەرانبەر بەجەمهوریەتەکە، بەتایبەتی نەخشەو کاریان، گرفتی سنوورو ناوچە تێکەڵەکان.

چوارهەم)یەکێتی سۆڤێت و سیاسەتی بەرامبەر کورد، هەڵوێستی لەسەربەخۆیی کۆمارەکە بەپێی نەخشەکانی بۆ ئێران و ئاییندەی ناوچەکە.

پێنجهەم) بریتانیا و ئەمریکا و هاوکارییان لەگەڵ تاران، نەخشەیان بەرامبەر بەکوردو ئازەرەکان، هەروەها دەوڵەتی تورکیا و عیراق و رۆڵیان لەهاوکاری و پیلاندا لەدژی کوردو کۆمارە ساواکەی.

شەشهەم) باری جیۆپۆلیتیکی کوردستان و رۆڵی لەخولقاندنی کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم خواستیی سەربەخۆییدا.

حەوتەم)لایەنی ئابووری و نەبوونی جێپێگەی خولقاندنی ئابوورییەکی زەمینە پتەو کەدەوڵەتی سەربەخۆی لەسەر دابمەزرێ و بەردەوام بێت.

ئەوانەی لەسەر سەربەخۆبوونی جەمهوریەتی کوردستان ساغبوونەتەوەو ئامادەنین هیچ بووچوونێکی تر گوێ لێبگرن، سەبارەت بەچەند بنەماو دیاردەیەکی ئەو قەوارەیەیەکە کراونەتە بەڵگەی سەلمێنەری بۆچوونەکەیان، ئەگەر روناکیی

بخرێتە سەر ئەو بنەماو هۆکارانەی دەبنە سەرچاوەی ئەو جۆرە بیروبۆچوونانە، وا لەمانەدا دەبینرێنەوە:

–بوونی بیرو ئامانجی سەربەخۆیی لەمێشکی زۆربەی خەڵکی کورددا، بەتایبەتی خوێندەوارو رۆشنبیران و ئینجا یەکێ لەراسپاردە گرینگەکانی کۆبونەوە بیست هەزار نەفەرییەکەی دووی رێبەندان:(لەو جێگایانەدا کەئێستا کوردی تێدا دەژین بەاستقلالی تەواو بگا.)(23)

–دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکی خۆماڵی ئازاد لەدەستێوەردانی رژێمی داگیرکەر، بەناوی جەمهوریەتی کوردستان، هەڵبژاردنی سەرەك کۆمار، دامەزراندنی وەزارەتی هێزی دێمۆکراتی کوردستان، دارشتنی ستروکتوری سپایی و ئیداری.

–هەڵکردنی ئالای سێ رەنگی کوردستان، بوونی ئارم و تابلۆ، مۆسیقا و سرودی میللی و رێورەسمی سەردان و یادو پێشوازیی جێژنە نەتەوەیی و ئایینییەکان.

–نەمانی شوێنەواری دامودەزگا و ئەرتەشی داگیرکەرو زوڵم و زۆرو چەوساندنەوە.

–بووژانەوەی کولتوورو ئەدەب و زمانی کوردیی، بوونی میدیای ئازاد تاڕادەیەك(رادیۆورۆژنامەو گۆڤار...)

–سەربەستیی نوسین و قسەو هاتوچۆو کردنەوەی قوتابخانەو خوێندن بەزمانی کوردی.

–مامەڵەی دیپلۆماسی لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان و تاڕادەیەکیش یەکێتی سۆڤێت، گفتوگۆکردن لەگەڵ تاران وەك لایەنێکی خاوەن ئامانجی دوور لەزۆرکاری و فەرمانی داگیرکەرانەی رژێم.

–مامەڵە لەگەڵ بەشەکانی تری کوردستان و بوونی هێزێکی گرینگ کەلەکوردستانی عیراقەوە گەیشتبوونە ناوچەکە.*24*

–بەکارهێنانی زاراوەی سەربەخۆیی، استقلالی تام و تەمام، سەربەخۆیی و یەکخستنەوەی کوردستان و.. لەلایەن پێشەواو لێپرسراوانی ترو رۆژنامەو گۆڤاری کوردستان و بڵاوکراوەکانی تر، دیسان لەوتارو نوتقدا، بەتایبەتی لەپلەی یەکەمی مێژووی جەمهوریەتی کوردستاندا.

لێرەدا دەکرێ بپرسین ئایا ئەوانە بەس بوون بۆ سەربەخۆبوونی قەوارەکە؟ سەربەخۆ بەمانای وشە، واتە جیابوونەوە لەلەشی ئێران و پچڕاندنی هەموو جۆرە

پێوەندییەکی داگیرکەرانەو ژیانی ناو سنووری ئێران لەڕووی بەڕێوەبردن، جوگرافی، سیاسی و یاساییەوە.. جگە لەوە، لاخستنی هەڵوێست و بڕیاری لاکانی هاوپێوەند بەسەربەخۆیی جەمهوریەتی کوردستان، کەلەڕاستیدا خاوەن و سەرچاوەی بڕیاری چارنووسساز بوون، نەکە هەر بۆ کورد، بەڵکوو بۆ کۆی مەسەلەکانی هاوپێوەند بەئێران و ناوچەکەوە، مانای تێنەگەیشتن لەمانا و هەلومەرج و پێداویستییەکانی بوونی جەمهورییەتێکی تەواو سەربەخۆیە.

مانای دوورییە لەزانیارییەکانی هاوپێوەند بەبوونی چەندین دەوڵەت و وڵاتی فرەنەتەوە لەشێوەی فیدراڵی و کۆنفیدراڵیدا کەهەریەکەیان چەندین قەوارەو کۆماری خاوەن هەلومەرج و دیاردەی وەکوو بوونی سەرەك کۆمار، ئەنجومەنی وەزیران، ئاڵاو ئارم تا ئەندامەتی *UN*بووە بەپێناسەی یاسایی ناوخۆو هەرێمیشەوە، کەپێناسەی ناو دەوڵەتیش دەگرێتەوە، کەئەگەر لەوانەی ناو جەمهوریەتی کوردستان زیاترنەبووبن وا کەمتر نەبوون. رووخانی یەکێتی سۆڤێت، کەلای لاوازی دێمۆکراسی و لای سەقامگیریی هێزی داپلۆسەری دیکتاتۆری یەك چینی بوو، بەبەراورد لەگەڵ دەوڵەتانی تردا بۆمان دەردەخات کەجەمهوریەتەکانی ناو سنورەکەی لەچی ئاستێکدا بوون، چونکە بەڕووخاندنەکە هەر یەکە وەك دەوڵەتی سەربەخۆ، بەبوونی زۆر لەهەلومەرجە گرینگەکانییەوە، هاتنەئاراوە، تەنها پێناسەی نێودەوڵەتیان گەرەك بوو کەزۆر ئاسان دەستیان کەوت،دیارە لەڕووی یاسایی و سیاسییەوە، بۆیە ئەودەوڵەتەشم بەنموونە هێنایەوە تا دیمەنی هەلومەرجی دامەزراندنی جەمهورییەتەکەو هێندێ دیاردەی وەکوو ناوو ئارم، کەنامۆ نەبوون بەو کۆمارانەی ناو یەکێتی سۆڤێت، بهێنرێنە بەرچاو. یوگوسلاڤیاش نموونەیەکی ترە بۆ ئەو بۆچوونە.

ئەگەر وردتر سەرنج بخەینە سەر ئەو لایەنانەی رەخساندنی هەلومەرجی سەربەخۆییان پێوەبەسترابوو، ناوچەیی و هەرێمی و نێونەتەوەیی، جگە لەلای بەرامبەر کەکورد خۆی بوو، وا تابلۆ سیاسییەکە بەمجۆرە دێتە بەرچاو:

-رژێمی تاران، راستەوخۆ لەدژی جەمهورییەت و سەربەخۆیی نەتەوەی کوردو هەموو جۆرە مافێکی نەتەوایەتی و دێمۆکراسی و مرڤی بووە...

-دەوڵـەتانی تـری سەرسنوور، تورکیـا و عـیراق، راسـتـەوخۆ دژبـوون، بـاری جیۆپۆلیتیکیـان تـەواو دژوارترکردبـوو، هاوکارییـان بـۆ رووخـاندنی جەمهوریـەتی کوردستان دەکرد، پەیمانی سەعد ئاباد(*1397*) بەڵگەیەکی ئەو بۆچونەیە.

-ئەمریکا و ئینگلیز راستەوخۆ لەدژی جەمهوریەتی کورد بوون، نەك هەر لەبەر سەربەخۆیی، بەڵکوو وەك خودموختاریش، بۆیە بەهەموو جۆرێ لەگەڵ رژێمدا بوون.

-ئازەربایجـان یەکـەم دۆسـتی سـتراتیجی و هاوچـارەنووس بـوو، هەرچـەند لەمامەڵـەی ئاشکرایدا دۆسـتی یارمـەتیدەر بـوو، بـەڵام گـەرەکی بـوو کوردسـتان بەپاشکۆی خۆیەوە ببەستێتەوە، هەر وەك بەشێك لەئازەربایجان سەیری دەکرد.

-یەکێتی سۆڤێت، لەدژی سەربەخۆیی بوو، بگرە کارێکی واشی نەکرد کـەوەك خودموختاریش بمێنێتـەوە، لـەپێناوی بـەرژەوەندیی خۆیـدا ئامـادەی هـەموو جـۆرە هاوکارییـەك بوو لەگـەڵ تـاراندا، بۆیـە لـەئاکامی مـانۆڤرە سیاسییەکەی، لـەپێناوی ئـەوتدا، سـێ سـتراتێجی خنکێنـەری بەسـەر سـەرکردایەتی کـورددا سـەپاندبوو، مەبەستم: ستراتێجی بەرگری و نەجوولان، ستراتێجی گفتوگۆو نەرم و نیانی لەبەرانبەر تاران، سێیەمیش: دروشم و ئامـانجی خودموختـاری و مانـەوە لـەناو ئـێراندا لەهـەر بارودۆخێکدا بێت.هـەروەك لـە شوێنی خۆشـیدا روونـاکیی خراوەتـە سـەر راپۆرتـی کۆنسوڵەکانی سۆڤیەت لەناوچەکە، کە زۆر بەروونی بەنوێنەرانی ژ.ك یان گوتووە کە ئێران دۆستیانە،ئەوەشی دەرخست کە لایەنگری ئێرانن نەك کورد چونکە کوردیـان هەر بۆ گەمە سیاسییەکە دەویست..

بۆیـە هـەموو زلهێزەکـان و تـاران لەچـەندین پـەیمان و رێککـەوتن و کۆبوونـەوەدا بڕیاریـان دابـوو کـە: ((رێزلەیـەکێتی ئـەرزو حاکمیـەت و سـەربەخۆیی ئـێران بگـرن. پەیمانێ نەبەستن زەرەری یەکێتی حاکمیەت و سەربەخۆیی سیاسی ئێرانی تێدابێ. کارێ نەکەن زیان لەو یەکێتییەی ئێران بدات، دوای شەش مانگ لەبڕانەوەی جەنگ ئێران چۆڵ بکەن.))*25*

سـەرەڕای هـەموو ئەمانـە جەمهوریەتی کوردستان هیـچ کاتـێ بەنامـەو یادداشـت داخوازی جیابوونـەوە لەئێران و دامەزراندنی دەوڵـەتی سـەربەخۆو ئازادی ئاڕاسـتەی تـاران، مۆسـکۆ،زلهێزەکـانی تـرو *UN*نـەکردبوو، بـە رەسمـی داوای ددانپێدانـان و پێناسین و پێوەندیی دیپلۆماسی نـەکرد، بەڵکوو تـەواوی تەقەلای لەسـەر ئـەوە چڕ

کردبوو کە وەك حکوومەتێکی خودموختاری خولقاوی ناو بارو هەلێکی سیاسی، پێناسینی یاساییشی بۆ بخولقێ. تەنانەت ئەو رستەیەی کەلە بەرنامەکەی د.ك دا دانرا بوو، کەهەوڵدانە بۆ هاوبەشیی کردن لەکۆبوونەوەی دەوڵەتان، بیر لەجێبەجێکردنی نەکرایەوە.

جەمهوریەتی کوردستان خودموختار بوو

پێش ئەوەی لەناو کرۆنۆلۆجی وتارو دیدەنیی رۆژنامەو پرۆتۆکۆلی پەیمان‌و نوسینەکانی(ڕ.ك)و بەڵگەنامە سەلمێنەرەکانی خودموختاربوونی جەمهورییەتی کوردستان بچینە ناو سەلماندنی خودموختاریبونی جەمهوریەتی کوردستان، باش وایە لەوەبگەین‌و بزانین بیری "خودموختاری)ومەبەستی"سەربەخۆیی" لەناوچەکەدا چۆن پەیدا بوون‌و لەکوێوەسەریان دەرهێنا...

لەپێش دامەزراندنی جەمهورییەتی کوردستان‌و حزبی دێمۆکرات‌و بگرە کۆمەڵەی (ژ.ك)یشدا، بیرو دروشمی سەربەخۆیی کوردستان لای خوێندەوارو بەشێك لەخەڵکی شارو رابەڕو سەرکردەکانی کورد جێگەی خۆی گرتبوو... تا ئەو سەردەمە ئامانجی سەرجەمی راپەڕین‌و شۆڕشەکانی کورد هەر سەربەخۆیی بوە...

بەڵام لەو پلەیەی سەردەمی داگیرکردنی ئێراندا، لەو بەشەی رۆژهەڵاتی کوردستان، بیری دامەزراندنی قەوارەیەکی خودموختار هاتەئاراوەو زیاتر لەرووسەکانەوە دەستپێشخەری کرا. هەرچەندە ریشەی بیری خودموختاریی، بۆ کورد، دەگەڕێتەوە بۆ سالانی *1918–1924*، دوای یەکەم جەنگی جیهانی، ئینگلیزەکان، لەسەرەتادا دەیانویست کوردی باشووری کوردستان بەوە رازی بکەن تا دەستبەرداری سەربەخۆیی بێت، بۆیە مەلیکایەتییەکەی شێخ مەحمودی نەمریان بەزۆری هێز رووخاند. لەدواییدا لەوەش پەشیمان بوونەوە کە حکومەتی تایبەتی خۆی لەناوولات‌و دەوڵەت وسنوری جوگرافییە بەزۆر دروستکراوەکەدا هەبێت، ئیتر رووسەکان‌و ئازەرەکان، وەك بڕیارێکی سەقامگیر، سووربوون لەسەر ئەوەو، کوردیشیان پێ ڕازی کردبوو، بەڵام بەڵای گەورەی سەرەتا ئەوەبو کە دەویسترا کورد بە ئازەربایجانەوە ببەستنەوە. بۆیە کەوتنە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی لەو جۆرە.

پێشەوا قازی محەمەد ئاماژە بۆ بوون و دامەزراندنی ئەو قەوارە خودموختارە تەمەن چوارساڵییە دەکات کەلەپێش دامەزراندنی جەمهورییەتەکەدا پێکهێنرابوو بێئەوەی ئاوڕی لێبدرێتەوەو یارمەتیی بدرێت، وەك لەدواییدا ئاماژەی بۆ دەکەم، دیارە رووسەکان نمونەی کۆمارەکانی ناو سنووری یەکێتی سۆڤیەتیان بۆئازەربایجان دەخواست، ئەوەبوو دوای بگرەو بەردەیەکی زۆر لەناو جەختو سووربوونی یەکلایەنەی کورد خۆیدا... بۆ ئەمیش ڕەخسا. بەڵام لەڕووی پراکتیكو یارمەتیو نەخشەی سیاسی جۆرێکی تر بوو، ئەو خودموختارییە سەبارەت بەو هەلومەرجانە، هەر لەسەرەتاوە کرا بە ئامانجی حزبی دێمۆکرات، لەجێگەی ئامانجەکەی (ژ.ك) کەسەربەخۆیی هەموو کورد بوو.

لەسەفەری دووەمی وەفدەکەی کورددا بۆ باکۆ(سیپتامبری *1945*)، جەعفەر باقرۆف سەرەك کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت، زۆر هەوڵیدا لەناو کۆماری خودموختاری ئازەربایجاندا، کورد بەخودموختار رازی بێت، بۆ ئەوە نموونەی ژیانی گەلو نەتەوەکانی ناو سۆڤیەتی بۆ باس کردن*26*...

بێ ئەوەی ناوبراو بتوانێت نوێنەرانی کورد بەوە رازی بکات، کورد سووربوو لەسەر سەربەخۆیی بۆ کوردستان... کەمەبەست لەوە سەربەخۆیی بوو لەئازەربایجانو قایلبوون بو بەخودموختاریی لەناو ئێراندا، هەر وەك خودموختارییەکەی ئازەربایجان. لەدواییدا لەناو قسەو وتارەکانی سەرەك کۆماردا دێمەوە سەر ئەم لایەنە. بەڵام ئازەرەکان لەهەردوو دیوی سنوور، بەکردەوە خواستی خۆیان دەسەپاند، چونکە کوردیان ئەوقی کۆماری ئازەربایجان کردبوو، لەڕووی ئابووریویارمەتی چەكو لایەنی سیاسیو گفتوگۆو هاتووچۆوە، بەرانبەر بەوە لەڕووی قسەو هەڵوێستی سیاسییەوە کوردیش سوور بوو لەسەر ئەو سەربەخۆییە تاسەردەمی وەرچەرخان..

راستییە هەڵهێنجراوەکان.

لام وایە زیادەڕەوی نابێت ئەگەر بڵێم پێشەوا قازی محەمەد، وەك یەکەم لێپرسراوی سیاسیو سەربازیی، شارەزاو ئاگادارکراو لەهەندێ لایەنی نهێنی، تێگەیشتوو لەگەڵ گرفتو کۆسپو لەڕەوتی رووداوەکانو هەندێ لایەنی مانۆڤرە سیاسیو سەربازییەکان..دیپلۆماسییانە دەجووڵاو مامەڵەی دەکرد. لەساتی گۆڕانو

وەرچەرخاندنە بەزیانەکاندا، لەکاتی پێویستدا، پاشەکشەی ناچارو سەپاوی دەکرد، هەڵوێستی خۆسازدانی بەناچاری وەردەگرت، زیرەکانە دژەکرداری بەرامبەر هەنگاوی خراپی دۆستە هاوپەیمانەکە ئاشکرا دەکرد... وردەکاریی وشەو رستەکانی ناو وتارەکانی گەلێ مەسەلەی هاوپێوەند بەوانەو بەو خودموختاری‌و سەربەخۆییەوە ڕووندەکەنەوە... لەڕاستیشدا هەندێ لەو ڕستانەی هاوپێوەند بەو باسەوەن، جۆرە تێهەڵکێشی‌و تێکەڵاوییەکیان تێدا هەیە کەهەڵێنجانی مەبەست لێیان ئاسان نییە.

بۆ پەنابردنە بەر بەڵگەنامەو هەڵوێست‌و قسەو وتاری لێپرسراوان، بۆ سەلماندنی خودموختاری بوونی جەمهووریەتی کوردستان، باشتروایە لەحزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە دەستپێبکەین کە، تەنها چەند مانگێك پێش بڵاوکردنەوەی دامەزراندنی جەمهووریەتی کوردستان، پێکهێنراو(*16*ی ئاگوستی *1945*) بووە رابەرو دامەزرێنەری ئەو قەوارەیە(*22*–جانیوەری*1946*)

–لەڕاگەیاندنی دامەزراندنی حزبەکەدا ئامانجەکەی وا داڕێژرابوو:

"نەتەوەی کورد لەداخلی ئێراندا بو هەلسوڕاندنی کاروباری مەحەللی خوی خودموختاری خوی بخاتە دەست خۆیەوە"

–بەرەبەرەش ئەو ئامانجی خودموختارییە لەناو سنووری ئێراندا بەرەو سەقامگیربوون دەچوو، تالەبەرنامەکەشیدا بەمجۆرە دەستنیشان کرا:

بەندی دووەم–ئامانجی گەورەی حزب لەقۆناغی ئێستادا پارێزگارکردنی مافەکانی خەڵکی کوردە لەسنوری دەوڵەتی ئێراندا وەمسۆگەر کردن‌و بەدەستهێنانی دەبێت لەهەموو ئەو ناوچانەدا کەبەدرێژایی مێژوو تیایا ژیاوەو زەحمەتی کێشاوە خودموختاری خۆی هەبیت ئەبی لەکوردستاندا دیموکراتیەت لەبنچینەدا بۆ دەستکەوتی خەلك بیت...هتد"*27*

بەو جۆرە ئامانجی حزبەکە بەڕوونی‌و بێ تەمومژ دەستنیشان کراوە...

لێرەوە تا ئەو کاتەی جەمهوورییەت دامەزرێنرا، هیچ جۆرە گۆڕانێك بەسەر ئەو ئامانجەی حزبەکەدا نەهات‌و نەکرا. سەلمێنەری ئەو بۆچوونەش، ئەو دیداری رۆژنامەنووسییەیە کەخاوەنانی رۆژنامەی (ایران ما)و(فرمان)ی تارانی لەگەڵ پێشەوادا ئەنجامیاندا...کاتێ لێی دەپرسن:(لەتاران دەلێن کوردان بەرەهبەری جەنابت جوی بوونەوەو استقلالی کوردستانیان دەوێ! ایا راستە؟" لەوەڵامدا :(خیر

راست نیە، لەبەرئەوەی کە ایمە لەدەولەتی ایران اجرای قانونی اساسیمان دەوێو دەمانەوی بەخودموختاری لەژیر بەیداغی ایراندا بژینو خودموختاریشمان وەگیرکەوتووە."

پ: چەند وەختە ئەنگو خودموختارن؟

و:چوار ساڵە خودموختاری داخلیمان هەیە...28

تائێرە، ئەوەی پەیوەندیی بەسەرکردایەتی حزبو کۆمارەوە هەیە، ئەوەی ناوی سەربەخۆییە لەئێران، ئەوەی ناوی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە، نەباسکراوە، نەبیری لێکراوەتەوە، بەڵکوو بەدرۆش خراوەتەوە، بۆیە لەبەردەم خۆئاماکادەکردن بۆ بڵاوکردنەوەی دامەزراندنی ج.ك هیچ جۆرە گۆڕانێك نەکراو نەهاتە ئاراوە، بەڵام وەك بیرو وەك ئامانج لەمێشکی تێکۆشەرو نیشتمانپەروەراندا هەبووەو دەگەشایەوە.

لەدامەزراندنی جەمهووریەتی کوردستاندا ئەگەر بڕیاری سەربەخۆیی درابایە، وادەبوو پێشەکی(ح.د.ك) پرۆگرامەکەی بگۆڕیبایە، یان دەبوو دوای ئەوە ئەو گۆڕانە بکرابایە، یاخود لەدووی رێبەندانداا سەرەك کۆمار بڵاوی بکردایەتەوە، یان لەو رۆژەدا بڵاودەکرایەوە، وە یا رۆژنامەو گۆڤاری کوردستان تۆماریان دەکرد. جگە لەوە، ئەو سوێندەی لەو رۆژەدا لەبەردەم (قورئانی مقدسو نقشە والای کوردستان)دا پیشەواو هەموو لێپرسراوانو ئامادەبووان سوێندیان پێخوارد... جۆرێ لەڕاگرتنی بەلانسی سیاسی لەگەڵ ئازەربایجاندا وەبەرچاو دەگرێ کەبەمجۆرە بوو:

(ئەمن بەخودا، بەکەلامی عەزیمی خودا، بەنیشتمانو بەشەرافەتی ملی کورد، بە الای مقدسی کوردستان سویند دەخوم کەتا اخر هەناسەی ژیانمو رژاندنی اخر تنوکی خوینم بەگیانو بەمال لەری راگرتنی سەربەخۆییو بەرزکردنەوەی الای کوردستاندا تی بکوشمو نسبت بەرئیسی جمهوری کوردستانو یەکەتی کوردو ازەربایجان متیع و وەفادار بم)29

لەبەرامبەر ئەو سەربەخۆییە-دیارە لەئازەربایجان-ئەو "یەکیەتیو موتیعیو وەفادارییە" بۆ راگرتنی بەلانسەکە پێویستو گرینگ بوو.چونکە ئازەرەکان بەردەوام خواستی خۆیان لەمەبەستەکەیان بەرامبەر بەکورد نەدەشاردەوە، ئەوەی سەرکردایەتی کوردی ناچار دەکرد بۆ ئەو جۆرە بەلانس راگرتنە، بەو جۆرە رستەو

زاراوانە، بەستنەوەی کۆمارەکە بوو بە ئازەربایجانەوە، نەك هەر لەڕوی ئابوریيەوە بەڵکو لەڕووی سیاسیشەوە، چونکە رووسەکان زیاترو راستەوخۆ مامەڵەی تەوریزیان دەکرد ئەمەش بووە هۆی ئەوە کەپێشەوا لەهەندێ بۆنەی تردا قسە لەسەر ئەو جۆرە کێشەو دیاردەو لەو جۆرە بابەتە بکات. بەرامبەر بەوە سەرکردایەتی ئازەربایجان بێگوێدان بەوانەو بەردەوامیش لەناو قسەو کرداردا، گوشاری خۆیان دەخستە سەر سەرکردایەتی کورد.. هەر لێرەشەوە، وەدوای ئەو سووربوونە، پێشەوا ناچار بوو کەئەو راستی هەڵوێستو خواستەی کۆماری ئازەربایجان بەئاشکرا بەجەماوەر بگەیەنێتو بەڕوونی باسی سەربەخۆو ئیستیقلالی کوردستان لەئازەربایجان بکات، لێرەدا تەنها دوای دە ڕۆژ لەبلاوکردنەوەی دامەزراندنی جەمهوریيەت وە لەجێژنو بانگهێشتنی جەعفەر کەریمی بەبۆنەی سەربەخۆیيو ناساندنی پێشەوای کوردستان(*12ی ڕێبەندانی 1324*)لەناو وتارەکەیدا پێشەوا بەمجۆرە پەنجە بۆ ئەو مەسەلە سیاسییە درێژ دەکات:

"...ئەورو کە استقلالمان دەوی پیویستە کەهەموو کاریك خومان جیبەجی بکەین اولی ادعای خومان کرد کەلەحدودی دەولەتی ایراندا خودموختاریمان دەوی یانی ایران احتیاجی مە رفع بکاو ملت کاری بکا.

دوو دفعە لەلایەن ازربایجانەوە بو تەوریزیان بانگ کردم کەلەازربایجاندا گریمان هەبی ئەمن پیشنهادی وانم قبول نەکرد چون ملتی کورد چوار سالە کەخودموختارەو داوای استقلالو تیك خستنەوەی تەواوی خاکی کوردستان دەکا. زورم پی گران بوو کەلەو حقەی دەست هەلبگیریو احساساتی ئیوە مانعی ئەوەی بو کەایمە بەخودموختاری راضی بین چونکو کە مدەی ئەو چەند رۆژەی کەجیژن گیراوە احساساتیکی ایوە نواندوتانە وینەییکی حساسو کاملە دەبی دنیا بزانی کە کورد لیاقتی استقلالو سەربەخویی هەیە."*30*

لێرەدا خواستو چاوتێبڕینو گوشاری ئازەرەکان بۆگرێدانی کورد بەخۆیانەوە دیارە، بەرامبەر بەوە پێشەوا سوربووە لەسەر سەربەخۆیی، لێرەدا واتەی سەربەخۆییو سەربەخۆبوون... روونە، چونکە راستەوخۆ قسەکەی بەرامبەر ئازەربایجانو داواکەیتی، خۆ ئەوەش دەزانین کەئازەربایجان خودموختار بووەو داوای سەربەخۆیی نەکردووە، کوردیش لەو سەروبەندەدا خۆی بەهاودەردو شەریکی

ئازەرەکان زانیوە. کاتێ باسی خودموختاری لەناو ئێراندا دەکات، هیچ جۆرە دژایەتییەك، ئەلترناتیڤێك یاگۆڕانێك باس ناکات، ئەمەش هەر نکوڵی نەکردنە لەو خودموختارییە. کەباسی یەکخستنەوەی تەواوی خاکی کوردستان دەکات... لەبەر ئەوەی خودموختارییەکەی رەتنەکردووەتەوە. دەکرێت هەر بەڕۆژهەڵاتی کوردستان دابنرێت. بەتایبەتی لەوتارەکانی ئاییندەیدا ئەو راوبۆچوونانە زیاتر جەخت لەسەر دەکات، دەبێ ئەوەش لەبەرچاوبێ کە.. دیاردەیەکی گرینگ لەوتارەکانی پێشەوادا بۆ تێگەیشتنیان، ئەوەیە کەدەبێ ورد سەرنج بدرێتە پاش و پێشی ئەو رستانەی(سەربەخۆیی)و (استقلالی تام و تەمامی)تیا بەکارهاتووە، سەرنجی کۆی وتارو نوتقەکان بدرێ. ئینجا دەبێ بەوردی لەباروددۆخ و رەوتی رووداوەکان و هۆی قسەونوتقەکانی بگەین، ئەوسا لەمەبەستی سەرەکی و مانای رستەکانی دەگەین.

یەکێ لەڕووداوە هەستیارو گرینگەکانی ئەو پلەیەی مێژووی تەمەن کەمتر لە یەکساڵەی جمهوریەتی کوردستان، بەستنی پەیمانی برایەتی و یەکیەتی نێوان کوردستان وئازەربایجان بوو کەتیایا خۆبەستنەوەی کۆمار بەسنووری ئێرانەوە زۆر بەڕوونی لەدیباجەی پەیمانەکەدا جەخت لەسەر دەکات:

متنی پیمانی یەکەتیو برایەتی حکومەتی ملی کوردستان و ازربایجان".

((چونکە ملتی ازربایجان و کوردستان و هەمو کاتیك لەقازانج و زیاندا پیکەوە شریك بوون و لەعینی حالیشدا...هتد).

ئینجا بەمجۆرە هاوپێوەندی لەگەڵ ئێراندا باس دەکات:

"ئەو دو ملتە برایانە نەك هەر بو جیکردنەوەی آزادی خویان بەلکو بو دامەزراندنی ازادی لەسەرتاسەری ایران بو هەمو وەختیکی دەستیان داوەتە دەستی یەکدی جا لەبەرئەوە لەرۆژی سی شەممو 3ی بانەمەری 1325 ساتی 5ی ایواری لەشاری تەوریز لەعمارتی ملی ازربایجان بە حزوری سەرانی حکومەتی ملی کوردستان...

رئیسی حکومەتی ملی کوردستان جنابی قازی محمد...هتد)). *31*

دیارە ئەگەر جەمهورییەتی کوردستان سەربەخۆ بوایە، خۆی نەدەبەستەوە بەئازادیی سەرتاسەری ئێران، ئەم خۆ بەستنەوەیەش مانای رازی بوون بووە بەوخودموختارییەی بڕوای پێی هەبووە، کەتەواو دوور بووە لەسەربەخۆیی ئەو

بەشـەی ڕۆژھـەڵاتی کوردسـتان. دیـارە مەبەسـتم سـەربەخۆیی تـەواوە لـە ئـێران و جیابوونەوەیە لەوڵات و دەوڵەت، ئەوەش مانـای دامەزراندنی دەوڵـەتی نەتەوایـەتیی ئازادە لەھەموو ڕوویەکەوە.

کەمتر لەسێ ھەفتە دوای ئەو پەیمانـە، لەکۆبوونـەوەی *1325/2/21*دا جارێکی تـر بۆچوونی تایبەتی پێشەوا بۆ(سەربەخۆیی)یەکە لەو وتارەی ئـەو ڕۆژەیدا بەمجۆرە دەردەخات:

".. دەنا لەپاش ئەوەی کەئەمە استقلالی تام و تەمامی خوشمان بەدەست ھینـابو وەلی لەحکومەتی مەرکەزی مەعلوم بکەین و بەدنیایەش نیشـان بدەیـن کەئەمە کە ئەو کارانـەمان کـردوە لەبـەر مەخالەفـەت لەگـەڵ دەسـتگای دیکتاتوریـە نـەئینکی کـورد لەبرایەتی فارسان حاشا بکا یا بە ایرانیەتی خوی افتخار نەکا...."*32*

حاشـا نـەکردنی کـورد لەبرایـەتی فارسـان، ئیفتیخـارکردنی کـورد بەئێرانییـەتی خۆی، تـەواو دوورو پێچەوانـەی سـەربەخۆیی بوونـە، ڕسـتـەی "ئـەمـە اسـتقلالی تـام و تەمامی خوشمان بەدەست ھینا" لەگەڵ ئەوانەدا نەك ھەر یـەك ناگرنـەوە بـەڵکو تـەواو دژ بەیەکن، ئەگەر مەبەست لەو ڕستەیە بەسەربەخۆبوون لەئێران دابنرێت . بۆیـەو لام وایە کە مەبەست لەوە ھەر سەربەخۆبوون بووە لەئازەربایجان.. چونکە ناکرێ پێشەوا لەیەك وتاردا بۆ یـەك مەبەسـت لەچەند ڕستەیەکی پێکـەوە بەستراودا، دوو بیرو دوو واتاو دوو ڕستەی تەواو دژ بەیەك کۆبکاتەوە.

ھێنانـەوەی ئـەو نموونانـە بـۆ سـەلماندنی خودموختـاربوونی جەمھوورییـەتی کوردستان، تەنھا بۆڕوونکردنەوەی حەقیقەتی ئەو قەوارەیەیە کەھەبووە.

دیسان قسە لەسەر سەربەخۆ نەبوونی کۆمارەکە لەئێران ھەر بەو نیازەیە، نـەك بۆ مەبەستێکی تری پێچەوانە کەگوایا لابردنی دروشمـی سـەربەخۆیی و جێگیرکردنی خودموختـاری، نابـەجێ و نـاڕەوا بووە! چونکـە لـەو سـەردەمەدا، وەلـەناو ئـەو بازنـەی کێشـەو ئاڵۆزیانـەی دەوری قەوارەکـەی کوردیـان دابوو.. ھـەر دەتوانـرا ئـەوە بکرایـەو ھـەر بۆ ئـەو ئامانجە خـەبات بکرابایە. بۆ بـەردەوامی تێکۆشـان بۆ چەسـپاندنی ئـەو خودموختارییـە، لـەناو کێشـەکانی بـەردەمی جەمھوورییەتەکـەو تێگەیشـتن لەئاڵۆزییەکانی نێو دەوڵەتان کەڕاستەوخۆ کاریـان لەسەر ڕەوت و پاشەڕۆژی دەکرد.

پێشەوا هەوڵی لابەلاکردنی ئەو کۆسپانەی دەدا کەدەهاتنە بەردەم سیاسەت و دیپلۆماسییەتی هاوپێوەند بەو ڕێبازەوە... تێگەیشتنی ئەو کۆسپانەو ڕێگەی خۆلادان لێیان لەم نامەیەی سەرەك کۆماردا باش یەکالادەبنەوە کەدەیەوێ کاربەدەستانی کوردی لێ حاڵی بکات:

1325/4/13"

اغای فرماندەی هیزی بوکان و منتقەی سرا

وەجواب نامە ژمارە *1325-3-10/471*

هەر کاریکی جزئی ئەلان دەبی لەگەل ئەوزاعی بین المللی تتبیق بکری چە جای کاری مە کە کلیە لە بو ئەوەی ئەمە مجبورین لەری صلحەوە تاممکن بی ناتوانین بەری‌دی‌دا بروین، ئەو تاخیرە ای وەیە دەنا ئەمن لەتو بەپەلەترم....*33*

بەو جۆرە پیشەوا قازی محەمەد لەگرێ‌وگۆڵی ناوو چواردەوری جەمهورییەتی کوردستان گەیشتبوو..دەیزانی کەکارە بچووك و گەورەکان ئەوقی بارودۆخی نێودەوڵەتان کراون، کێشەی کورد گشتیی بووە، دابڕاوو بێ پێوەندی نەبووە، بەستراوەی بەرژەوەندییەکانی زلهێزی خاوەن بڕیار بووە مەبەستم یەکێتی سۆڤیەتە. بۆیە بەڕێگەی گفتوگۆ بۆ خودموختاری لەناو سنووری جوگرافی و ساسیی ئێراندا خەباتی خۆی درێژە پێداوە... کەشەڕوپێکدادان روویداوە، نەترس‌وئازایانە هەڵوێستی خۆی و لەسەر حەقبوونی هێزی جەمهورییەتی کوردستانی ئاشکراکردووە، بە ئامادەبوونەوە بۆ ڕاگرتنی ئارام و ئاسایش و پێکهاتن لەبەرەکانی شەڕیشدا.

کەوابوو تائێرە خودموختاری و مانەوە لەناو سنووری سیاسی و جوگرافی ئێراندا وەکوو خۆیان ماونەتەوە، بێ هیچ گۆڕانێك.. با لێرەشەوە بچینە ناو ڕووداوەکانی هاوپێوەند بەگفتوگۆو سەفەری پێشەواوە بۆ تاران.

لەکۆتایی مانگی *1325/4*دا کاتێ ئەندامی هەیئەتی نووسەرانی (ڕەهبەر) دیدەنی سەرەك کۆمار دەکات و لێی دەپرسێ:

(چە رابیتەیەکی مەعنەوی لەنیوان نهزتی کوردستان و ازربایجاندا هەیە؟ لەوەڵامدا دەڵی: هەردوك لامان بو ئامانجیك کە ازادی و سەربەخۆیی حقیقی و بەراستی ایرانە کار دەکەین"*34*

ئـەم قسـەو ڕاو هەڵوێسـتە زۆر ئاشـکراو سـنووردارە.. نـاکرێ لەگـەڵ جەمهورییەتێکی سەربەخۆدا یەکدی بگرن، بەتایبەتی پێش ئەم دیدەنییە لەنوتقێکدا هەمان ڕاو هەڵوێستی بەمجۆرە دەرخست:

"...وەهـەردوکمان خـەریکی بەرقـەراری ازادی لەسەرتاسـەری ایرانـ...و ئومیدەوارم کەبەیارمەتی خودای‌و فیداکاری عەشایرو کورانی کورد بەزوویەکی زوو الای سی ڕەنگی کوردستان لەسەرتاسەری کوردستان‌و هـەتتا تـەواوی ایـران بلەرێتەوە..."*35*

لێرەدا دەسەلمێت کەمەبستی پێشەوا لەتەواوی کوردستان هەر کوردستانی ژێر دەستی ڕژێمی شا بووە. بەتایبەتی ئـەوەش ڕوونـە کەکوردستانێکی سەربەخۆی تەواوو بەمانای وشە، لە(سەرتاسەری کوردستان)وەك دەوڵـەتی ئازادو یـەکگرتوو، لەهیچ ڕوویەکەوە لەگەڵ (تەواوی ئێراندا) یەکناگرنەوە. بەڵکو تەنها لـەناو مەبەستی خودموختاری‌و خۆبەستنەوە بەئێرانێکی دیموکـرات‌و ئازاددا یەکدەگرنـەوە، وهـەر لێکدانـەوەو بۆچوونێکـی تـر بـۆ ئـەوەبکرێت وا هەڵـە دەبـێ‌ودوور دەبـێ لەئەسـڵی مەبەستەکانی سەرکردایەتی کوردو جەمهورییەتی کوردستان.

سـەرەك کۆمـار لەدیدەنییەکـەی پـەیامنێری(ئاژانسـی فرانـس پریـس)دا لـە *1946/6/1*دا لـەوەڵامی پرسـیارێکی نـاوبراودا بـەمجۆرە مەبەسـتەکانی زیـاتر شیدەکاتەوە:

".. کـورد ڕازی ئـەبی ئەگـەر حکومـەتی نـاوەندی بریـاربدا قـانونی دیموکراتـی لەهـەمو ایرانـدا جی‌بـەجی‌بکری‌و دان بنـی بـەو قانونـەدا کـە ئیسـتا لەکوردسـتاندا سەبارەت بەخویندنی کوردی‌و ئوتونومـی بەریوەبەرایـەتی ناوچەیی‌و لەشکر کاریـان پـی ئـەکری...).(کیشـەی کوردستان بەتـەواوی مەسـەلەیەکی ناوخوییە ئـەبی لـەنیوان کورد خـۆی‌و حکومـەتی ناوەندنی‌دا لابەلا بکـری ئەگـەر ئیمـە ئـەمرو پـی دائـەگرین لەسـەر داوای ئوتونومیـەکی جوزئـی بـو ولاتەکـەمان گونـاهی حکومـەتی ناوەندی‌یـە کـەهیچی نـەکردوە بـو باشـترکردنی وەزعـی ئیمـە بەراسـتی حـەز ئەکـەین ریگـای پێشکەوتن بگرین.

ئیمـە حـەز ناکـەین لاسایی ئـەمریکا یـا روسـیا بکەینـەوە، بـەلام ئـەوەش ڕەت ئەکەینەوە کەوەکو ئاژەلی ولاتانانی شارستانی بژین.)*36*

وابزانم ئەو قسەو بۆچوون و هەڵوێستانەزۆر روونن و پێویستیان بە هیچ لێدوانێکی تر نییە ئەوە نەبێ کە بڵێم ناکرێ ئەوەی چاوی بەمجۆرە رستانە کەوتبێ و بکەوێ، لەوەنەگات کەجەمهوورییەتی کوردستان بۆ خودموختاری خەباتی کردووە کەتەنانەت سەرەك کۆمار لەوێدا بەخودموختارییەکی جوزئیش ناوی دەبات، بۆیە ئەو کۆمارە دیفاکتەیەی ناو ئەوبارودۆخانە بوو کە لەجێگەی خۆیاندا باسکران، خەباتی سەرکردایەتیی کورد بۆ ئەوە بوو کە ئەم دیفاکتۆیە بکرێتە "دیژور" وبڕوای سیاسیی و یاسایی پێبکرێت. لام وایە لە سەرەتای پلەی وەرچەرخاندا ئاماژەکردنی پێشەواش بۆ گۆڕانەکە هەر لەخۆوە نەبووە، بەڵکوو لەو تێگەیشتن و دەرککردنەوە بووە کە کوردو کۆمارەکەی لەناو پلەی وەرچەرخاندا دەژی و مامەڵەی واقیعەکەی دەکات، پلەیەك کە کورد بەو خودموختارییەشەوە لەبەردەم گێژەڵووکەی چاوەڕوانکراودا خۆی ئامادەی پاشەکشەی زیاتر دەکرد. دەکرێت سەردەمی تەمەنی کۆمار، تائێرە، بەڕۆژگاری زێڕین و پلەی پڕ لەهیوا دابنرێ، چونکە ئیتر لێرەوە گۆڕان هاتە ئاراوەو سەردەمی هیوا ڕووەو بەسەرچوون دەچوو.

پلەی وەرچەرخان

پلەی وەرچەرخان: مەبەستم ئەو گۆڕانە رووداو وەرچەرخێنەرانە بوو کە ئیتر سەرکردایەتی جەمهوورییەتی کوردستان لەوە دڵنیا بوو کە نەئەو خودموختارییەی لەناو چوارچێوەی ئێران هەیبوو، نەبیری سەربەخۆییەکەی لەئازەربایجان، بەپێچەوانەی پەیمانی یەکێتی و برایەتی کوردستان و ئازەربایجان، لەهەلومەرجی ئەو کاتەدا مانەوەیان لەئارادا نەماوەو وردە وردە سەردەمەکەیان بەسەردەچێت و مانەوەو پارێزگاری کردنیان دەبوە مەحاڵ. ئەمەش لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە کۆماری ئازەربایجان بە پێچەوانەی یەکێتیی و برایەتیی لەگەڵ کوردو دژ بەرێکەوتنی کوردوئازەر جووڵایەوە..لەپەیمانەکەدا نووسرا بوو:

"هەر کاتێك پیویست بی لەگەل حکومەتی تاران قسەبکری دەبی موافق نزری حکومەتی ملی ازربایجان و کوردستان بیت.."37

بەڵام کاتێك وەفدێکی تاران بەسەرۆکایەتی (مزفر فیروز) گەیشتە تەورێز بۆ وتووێژ. ئەو وتووێژە نەك هەر (موافق نزری حکومەتی ملی کوردستان) نەبوو، بەڵکە تەواو پێچەوانەشی بوو، زیاتر لەوەش، لەناو (15)خاڵی پەیمانە ئیمزاکراوەکەی

نێوانــی تــەورێزو تــاراندا تەنــها لــە خــاڵی(*13*)میندــدا بــەمجۆرە نــاوی کــوردو مافەکانی هاتبوو:

"حکومەت موافەقەت ئەکا کوردەکانی ئازەربایجان لە(مەزایای)ئەم ریکەوتنە کەلك وەربگرن، تا پۆلی پینجــەمی ســەرەتایی بــەزمانی خویــان بخوینــن، کەمایەتییــەکانی دانیشتووی ئازەربایجان، وەکوو ئاسوری‌و ئەرمەنی مافیان ئەبی تا پۆلی پینجــەمی سەرەتایی بەزمانی خویان بخوینن...*38*"

بەمجۆرە خواست‌و تەماعــەکانی ئازەربایجان، هەرچەندە بەکاتیی بوو، هاتــەدی‌و کوردستان خزێنرایە ناو ئازەربایجانەوە، لــەخاوەن جەمهورییــەتێکی(خودموختــار)و (ســەربەخۆ)وە خرایە ریزی کەمایەتییە بۆ نیشتمانەکانی وەك ئەرمەنی‌و ئاســوری، مەبەســتم نیشــتمانی نەتەوایەتییــە لــەو ناوچانــەدا، لــەبیرو هــەوڵی یەکخســتنەوەی ســەرجەمی رۆژهــەڵاتی کوردســتان‌و شــادبوونی بــەو ئازادییــە، کەوتــە نــاو تەقــەڵای پاراستنی ئەوەی دەلوێ‌و دەتوانرێ بهێلرێتەوە.

لەوانــەش خراپتر ئــەوەبوو کــەکورد هیچ رێگــە چارەیــەکی تــری لەبــەردەمدا نــەبوو کــەدژ بــەو رێککەوتنــە بوەســتێ، تەنــها ئەلتــەرناتیڤ رازی بــوون بــوو، هــەوڵی خــۆ گونجاندن بوو لەگەڵ ئەم گۆڕانە پڕ لەمەترسییە، سەرەتای دژەکردار لەجەمهورییــەتی کوردســتاندا بەنووســینی رۆژنامــەی کوردســتان دەرکــەوت. لەیەکــەم ژمــارەی دوا رێککەوتنەکەی تاران‌و تــەورێز کەئەو رووداوەی تیدا خرایە ڕوو، لــەژێر ســەردێڕی (حلی اختلافات لەنیوان نوینەرانی تاران‌و ازربایجان)دەنووسێ:

(شــەوی *1325/3/24* رادیــو خەبــەری‌دا کــە اختلافــات لــەنیوان حکومــەتی تــاران‌و ازربایجان‌دا لە *15* مادەدا حل کــراو پــەیمان لەلایــەن اغای مزفر فیروز معاونی نخست وزیری تاران‌و اغای پیشــەوەری ســەرەك وەزیــری ازربایجــان شــەوی نیوبــراو بــەامزا گەیشت‌و بەم بونەیە اغای مزفر فیروز لەرادیوی تەوریز نوتقی کرد...*39*"

بــۆ ژمــارەی ئــایندەی ر.ك لەیــەکــەم لاپــەڕەدا لــەژێر ســەرباســی(دەنــگ‌و باســی حەفتــە)دا دوای ئــەوەی باســی رێککەوتنەکــە دەکــات، بەشــی یەکــەمی دەنگوباســەکە واکۆتایی پێدەهێنێت:

"...بــەگوێرەی ئــەم اتفاقیەیــە حکومــەتی خودموختــاری ازربایجــان لەشــکری ملــی خوی دەبی بەلام بەناوی امنیە بو موحافەزەی داخلی دەناسریت..)*40*

ئینجا بەشی دووەمی دەنگوباسەکە لەژێر باسی (مسئلەی کورد)دا وا دەست پێدەکات:

(بینە سەروکاری مسئلەی کورد خویندەوارە خوشەویستەکان هەر وەکو دەزانن مسئلەی کوردی بەرامبەر دنیای شتیکی بەترسە پیشوای معزممان لەبەرئەم نقتەیە بەسیاسەتی حەکیمانەی خوی مسئلەی کوردستانی ایران بەمسئلەی ازربایجانی بەستوەوە لەوەشدا ماعدای قازانج هیچ زرریکمان نەکردوە چونکە میللەت ازربایجان هەر وەکو میللەتی کورد لەژیر چەنگالی استعمارو چەپوکی دیکتاتوری رزا خان دەنالی لەهەرچی ناحیەیك نقصانیان بوبی میللەتی ازربایجانیش نقصانیان هەبو لەبەرئەوە رەهبەری دانامان پیشەوای خوشەویست هیچ مانعیکی نەدیوە بەلکو بەزروری زانیوە امرو مسئلەی کورد دەبی*41*(بە) مسئلەی ازربایجان بکریت دەلیلیشم هەر وەکو دەبینین لەرۆژی ئەوەلی ازربایجان هەرچی شتیك بو میللەتی ازربایجان کرابی بو میللەتی کوردیش کراوە لەهەر قسمتیك دەست پرکردنەوەی نقصانیان کراوە...هتد، نووسینەکە لەسەر باسەکە دەڕوات تادەگاتە (تتبیق قانون اساسی ایران و اصولی دیموکراسی مەزەنەی خویندن بەزمانی کوردی لەسنەو کرماشان، وەمەسەلەی ئەنجومەنانی ولایەتی کوردستان...هتد) کە (وا دەردەکەوی شارەکانی کوردستان چونکە هەموی بەزبانیك گفتوگو دەکات تابعی یەك مرکز دەبن...هتد)*42*

بەو جۆرە لەو پلەی وەرچەرخاندنەدا کە، بەرهەمی پیلانی فێڵبازانەی تاران و بەرژەوەندی خۆخوازی یەکێتی سۆڤیەت و بەڵێن و پەیمان شکاندنی ئازەربایجان بوو، بۆ دەستکەوتنی تەماع و خواستەکان، کورد کەوتە ناوداوی دوژمن و دۆست و ناحەزانییەوە، بۆیە بەناچاری پاشەکشەو سازشی سەپێنراوی دەکرد، دەبوو بیکات. مەبەستی سەرەکیش پارێزگاریکردنی ئەوەی دەلویّ و دەگونجیّ بۆ کورد هەوڵی بۆ بدریّ. ئیتر لێرەشەوە ناوی جەمهورییەتی کوردستان، سەرەك جەمهورییەت، سەربەخۆیی و خودموختاری تادەهات کەمتر بەکار دەهێنران... چونکە لەگەڵ گۆڕانەکاندا یەکیان نەدەگرتەوە. ئەگەر سەرەنجێك لەو رۆژنامانەی کوردستان بدەین کەلەبەردەستدان، ئەو راستییە بەڕوونی دەردەکەویّ. لەوەش زیاتر، لەوە بەدواوە لێپرسراوانی کۆماریش کەم و بەدەگمەن ئەو ناوانەیان بەکار دەهێنا، هەوڵ دەدرا

لەناو بارودۆخی تازەدا خۆ بگونجێنن، بەزاراوەی نوێ خۆیان رابێنن، زیاتر باسی ئەو بابەتو لایەنانە بکرێن کە پێوەندییان بەئێران ویەکێتی ئێرانەوە هەیە.

سەیفی قازی کەلەهەموو لێپرسراوانی کۆمار زیاتر لەقەسەکانیدا ناوی جەمهورییەتی دەهێناو باسیدەکرد، لەرۆژی جێژنی چلو یەکەمین سالّی مەشرووتەی ئێراندا نوتقێکیدا، بەمجۆرە دەستی بەقسان کرد:

(برایانی خوشەویست بەسلامەتی پیشوای بەرزو برایانی خوشەویست جیژنی چلو یەکەمین سالّی مشروتیتی ایران دەکەمەوە..) دوای ئەوەلەسەری دروات تادەلّێ:(ایستا لەسایەی نهزتی مقدسی کوردستانو ازربایجان‌دا سەرلەنوی وەخبر هاتین مەشروتیتمان بەتەواوی معنا لەایراندا دامەزراندوە..هتد، ئینجا بەدووورودرێژی لەسەر قسەکانی دەڕوات تادەلّێ:(قانونی اساسی ایران مهمترین قانونی ئێمەیە کەبەهیچ وجهیك گورران قبول ناکاو حتی مجلسی شورای ملیو دەولەتو پاشاش ناتوانن هیچ یەك لەموادو اصولی ئەو بگورن..هتد"43

زیاتریش لەوانە: پێدەچێ لەگەلّ مۆرکردنی پەیمانەکەی نێوان تارانو تەورێزدا، ئازەرەکان کەوتبنە هەولّی بەئازەریکردنی ناوچە تێکەلّەکان کەجێگەی ناکۆکیو ململانێی هەردوو کۆمار بوون، پیشەوا لەوتارێکدا بەدرێژی باسی سەردانی بۆ ئەو شوێنانە دەکات تاخەلّکەکەی ئارام بکاتەوە. کەدەبێ لەلایەن ئازەربایجانەوە فەرمانیان پێدرابێت کە ئیتر ئالاّی کوردستان بەرزنەکەنەوە، چونکە پێشەوا لەباسی سەفەرەکەو قسەی بۆ خەلّکەکەو وەلاّمی دانیشتووان دەلّێ: خەلّکەکە گوتیان:(ئیمە الای مقدسی سی رەنگی کوردستانمان هەل کردوە کەلەسیبەری‌دا خومانو هەمو کوردیکی دیکە بحەسینەوە، هەتا قەترەیەك خوین لەبدنی ایمەدا بی الای مقدسی ایمە نابی نەوی بیت...) ئینجا پێشەوا لەسەر قسەکانی ددڕواتو باسی بینینی پیشەوەریو گلەییەکانیو وەلاّمی خۆی دەکات کەچۆن (حدوداتی خارجی کوردستانو ازربایجان لەترف کوردانەوە....) دەپارێزێ 44 .

ئا لەم رۆژگارەدا، وەك دەردەکەوێ. نەك هەر باسی کۆماری سەربەخۆ، بەلّکو باسی کۆماری خودموختاریش لەئارادا نامێنێت، تەنانەت دروشمی خودموختاریش بەرەبەرە دەخرایە لاوە. قسەکانی رۆژنامەی کوردستان بەڕوونیو ڕەوانی ئەوانەی یەکالاّکردۆتەوەو بەلّگەی سەلمێنەری بێ مشتومڕ ئەو بۆچانانەن.

بۆ زیاتر رووناکی خستنەسەر هەڵوێستی کورد لەو بارودۆخە بەدواوە، باش وایە ئامـاژە بـۆ ئـەو تەلگرافـەی پێشـەوا بکـەین دەربـارەی پێکـهێنانی ئیئتیـلاف کەبەم جۆرەیە:

تاران- جنابی اشرف قوام رەهبەری حزبی دیموکراتی ایران.

روونوس- جنابی اغای دکتور کشاورز رەهبەری حزبی تودەی ایران.

روونوس- جنابی اغای صالح رەهەبری حزبی ایران.

روونوس_ تبریز جنابی اغای پیشەوری رەهبەری فرقەی دیموکراتی ازربایجان.

روونوس- تاران اغای پادگان معاونی صدری فرقەی دیموکراتی ازربایجان.

بەاحترامەوە حزبی دیموکراتی کوردستان امادەیی خوی بو ائتلاف دەگەل احزابی ازادیخـواز(دموکـرات ایـران، تـودە ایـران، دیموکراتـی ازربایجـان، حزبـی ایـران) رادەگەینیو ئەم ائتلافە موجبی سـعادتو عزمتـی ملـت ایـران دەزانمو بـەم وسـیلە جنابی اغای صدری قـازی لەلایـەن حزبـی دیموکراتـی کوردسـتانەوە بـو گفتوگـوی پیویستو امزای ائتلاف نامە بەنمایندەیی معرفی دەکەم.

رەهبەری حزبی دیموکراتی کوردستان

محمد قازی45

بەو جۆرە لەدوا مانگەکانی کۆتایی ساڵەکەو بەرەو خواربوونـەوەی شانسـی مانو ژیانی جەمهورییەتی کوردستان، سەرجەمی هـەوڵی پێشـەوا قازی محەمـەدو سـەرانی هوشیاری حزبو جەمهورییەت، بۆ ئەوە چڕ دەکرا کەئەوەی ماوەو دەتوانرێ بهێڵرێ بپـارێزرێت، ئـەو حکوومەتـە خودموختارییـە کەلەوەوبـەر هـەوڵ دەدرا وەك حکوومـەتێکی(دی فـاکتۆ) بهێڵرێ تادەکرێتە(دیژۆر)، سـەردەمەکەی تێپـەڕبوو. بۆیـە ئەگـەر هـەوڵ بـدرێ لەسـنووری جـۆرێ لەبەڕێوەبەرایـەتیو زمـانی کـوردی بەکارهێنانیشدا بهێڵرێتەوەو وا هەر لەبەرژەوەندیی کورددا بووە، بۆ ئـەو مەبەسـتە پاشەکشەی ناچاریی دەکات بۆ دەستکەوتە لواوەکەو بۆ خۆلادان لەکارەسات.

بۆ سەلماندنی ئەوە، چاك وایە رووناکی بخەینە سەر سـەفەرێکی تـری پێشـەوا بۆ تاران کەلەنیوەی دووەمی ئوکتوبەردا بوو:

"لە*16*ی ئوکتوبەر حکومەتی ئیران چەند کەسیکی لەپیاوە ناسراوەکانی موکریـان بو گفتوگو لەسـەر هەلومەرجی ئەوسـای کوردسـتان بـانگ کـرد... قـازی بـەهیوا بـو

حکومەتی ئێران هەندی کاری باش لەکوردستان بکا وەکو: کردنەوەی قوتابخانە بەزمانی کوردی، نەخوشخانەو ریگاوبان.."46

وەك دەشزانین لەوە بەدواوە بارودۆخەکان ئالۆزتر، بێ ئومێدتر دەبوون... تاران بەو مافە سادەو ئاساییانەش رازی نەدەبوو، ئیتر مەڵبەندەکەی جەمهوریەت لاواز دەبوو، ژمارەیەك لەسەرەك عەشیرەتەکان ئاغاو خان‌و خەڵکانی لاواز، دوور دەکەوتنەوەو دادەنیشتن، هەبوو دڵسۆزیی خۆی‌و ئامادەی هاوکاریشی بۆ ئەرتەش نیشان دەدا... بەڵام پێشەواو زۆر لەسەرکردەکانی حزب‌و جەمهوریەتی کوردستان، بەهیواوەو بەئومێدی مانەوە، بەرگری، لەسەرهەڵدانی سۆڤیەت، هاوپەیمانی لەگەڵ ئازەربایجان، دەژیان‌و چاوەڕوانی ئاییندەیەکی نادیارن دەکرد.

لەباسی سەربەخۆ یا خودموختاربوونی جەمهورییەتی کوردستان-دەبێ ئەوەش بڵێم کەدامەزرێنەرو میراتگرەکەی، مەبەستم حزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانە، زۆر بەئاشکراو بێ پێچوپەنا خودموختاربوونەکە دەسەلمێنێت. لاشم وایە ئەو حزبە، نەدوێنێ‌و نەئەمڕۆ، نەیویستووەو هەوڵی نەداوە ڕاستییەکانی هاوپێوەند بەم باسە بشێوێنێ‌و بەجۆرێکی تر لەسەری بنووسێ، دیارە ئەمەش بۆ خۆی دەلیل‌و بەڵگەیەکی گرینگە بۆ ئەو باسەو بۆ گەیشتنە مەڵبەندی ڕاستیی.

لەقسەکردن لەسەر ئەو باسەو نەبوونی بڕیارێکی رەسمی‌و یاسایی بۆی، وەلەناو بیری تۆ بڵێی لەسەرەتای دامەزراندنەکەدا بڕیارێك لەسەر سەربەخۆبوون_بەمانای جیابوونەوە لەئێران_درابێ‌و تائێستا نەکەوتبێتە بەر دەست یا فەوتابێت وەیاخود بڕیارێکی زارەکی هەبووبێ‌و تۆمار نەکرابێت، ئەوەم وەك پرسیارێ ئاڕاستەی مامۆستا (شێخ عززەدین حوسەینی) کرد کە بەمجۆرە ڕاکانی دەرخست:

مامۆستا شێخ عززەدین حوسەینی دەڵێت:[1]

"لەڕاستیدا بیری سەربەخۆبوون کۆنە، بەتایبەتی لەسەردەمی شێخ عوبەیدوڵلاوە بەرەبەرە جێگەی خۆی دەگرت. کاتێ ئەرتەشی سوور هاتە ناوچەکەو دامودەزگای ڕەزاشا رووخا فەزایەکی ئازاد خولقاو خەڵکی بەئاشکرا باسی سەربەخۆبوون‌و ئازادییان دەکرد، کەکۆمەڵەی (ژ.ك)یش دامەزرا زیاتر جێگیر بەربڵاوتر بوو، چونکە

---

[1]- ئەو پرسیارە راستەوخۆ خۆم ئاڕاستەی مامۆستا-م کردو بەوجۆرەوەلامی دایەوە.

ئامانجی(ژ.ك) سەربەخۆیی هەمووکوردو دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردستان بوو، ئەوە تەئسیرێکی گەورەی لەسەر بیری دامەزرێنەرانی جەمهورییەتی کوردستان کرد، لەناو دڵودەروونی خەڵکدا جێگەی خۆی کردەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا سەربەخۆبوون بەمانای جیابوونەوە لەئێران نەبووە، چونکە دامەزرێنەرەکەی کە(ح.د.ك) بوو، هەر لەسەرەتاوە لەبەیانی دامەزراندن و لەپرۆگرامەکەشیدا ئامانجی خودموختاریی تەسپیت کرد. لە هیچ کاتێکیشدا ئەو ئامانجەی نەگۆڕیوە، ئەو ئەسڵانەی لەسەرەتاوە گوترا گۆڕانیان تیادا نەکرا، بەڵام حزبی دێمۆکرات و جەمهورییەتەکەش بەدوایدا، لەناو دوو ئەندێشەی کۆن و نوێ، سەبارەت بەو ئامانجە دەژیاو لەگەڵیشیدا بەردەوام بوون، ئەوەش هەر سەبارەت بەگۆڕینی ئامانجی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردستان بوو کە(ژ.ك) کردبوویە ئامانجی خۆی و خەباتی بۆ دەکرد کەکرا بەخودموختاری لەناو سنووری ئێراندا".

دوا وشە بۆ ئەم باسە بۆ روونـاکی خستنەسەر هەڵوێست و دیدوبۆچوونی جیاجیای یەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەتانی خۆرئاوا تەرخان دەکەم: لام وایە سۆڤیەت بۆ ئەوە کاری دەکرد کەلەئێراندا بمێنێتەوە، کەگوشارو فشاری تاران و هەردوو زلهێزە هاوپەیمانەکەی، هێنایانە سەر بڕیاری چۆڵکردن... تەقەلای لەسەر بەرژەوەندیی نەوت و مۆرکردنی پەیمانێ چرکرد، ئەم راستییە لەدامەزراندن و رووخاندنی جەمهورییەتی کوردستاندا باش رەنگ دەدەنەوە.

خۆ ئەگەر یەکێتی سۆڤیەت جۆرە بەرژەوەندییەکی لەکوردستان و لەسەر مەسەلەی کورددا هەبووبێ، کەبەلای منەوە ئەگەر هەشیبووبێ وا هەر لەخەیاڵدا بووە- وا وەك دیپلۆماتە ئەمریکاییەکان بۆی دەچوون لەکوردستانی تورکیا و عیراقدا بووە. هەر وەك نموونە، ئەم دوو دیپلۆماتە لەسەردەمەکەدا باسی جموجۆڵی سۆڤیەتەکان دەکەن، لەو دووتەلگرامەی ئاڕاستەی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەیان کردبوو:

1)لەتەلەگرامی کونسولی ئەمریکایی(*Rossow*)لەتەورێز بۆ وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی ، دوای ئەوەی باسی جموجۆڵی هێزەکانی سۆڤیەت دەکات، دەگاتەسەر:(سەرەڕای ئەوەش لەمەهابادەوە راپۆرت هاتووە کە کوردەکان خۆیان

ئامادە دەکەن بۆ ئیعلانکردنی مافی خۆیان لەکوردستانی تورکیادا وەپلان دادەڕێژن بۆ دەسپێکردنی کاری سەربازی بەم زووانە.."47

بەلای ئەوەوە، تەقەلاو خۆئامادەکردن هەر بەدەستی ڕووسەکان بووە.

2)دیسان بەڕێوەبەری کاروباری سەفارەتی ئەمریکا لەیەکێتی سۆڤیەت(Kennen) لەتەلەگرامی 17ئازاری 1946یدا بۆ وەزیری دەرەوە دەڵێ:

"..دەربارەی عیراق، هەڵوێست زۆر ڕوون نییە، لێرە چەند بەڵگەیەك هەن کەنیشانی بوونی جووڵانەوەیەکی کورد دەدەن کەلەلایەن سۆڤیەتەوە ئاراستەکراوەو چەکی پێدراوە، ئەمەش بۆ گرتنی ویلایەتی موسڵە لەگەڵ هێزە ئامادەکراوەکانی سۆڤیەتدا بۆ پشتگیریکردنی یاخی بوون لە هەلومەرجی لواودا...هتد"48

زۆری تر لەو دیپلۆماتانە لەنامەو تەلگرامەکانیاندا ئەوەش ئاشکرا دەکەن کە چۆن ڕووسەکان لەسەرەتادا گوێیان لەهیچ جۆرە داوایەك نەدەگرت کەپێوەندی بەناردنی ئەرتەشی تارانەوە هەبووە بۆ هەندێ لەو ناوچانەی کوردستان. وەڵامەکەی ستالین بۆ پیشەوەری کەلەشوێنێکی تردا باسکراوە، دەلیلێکی تری ئەو بۆچوونانەن.

بۆ ئەم باسە، دەیان بەڵگەو نموونەی تر بەدەستەوەن‌و بە پێویستم نەزانی ئەم باسە لەوە درێژتر بێت.زیاتر لەوە سەرجەمی پرۆسەی وتووێژ لەگەڵ تاران تەنها لەناو داوای مافی کورد لەناو سنوورو چوارچێوەی ئێراندا بووە. وەلەهیچ بەڵگەنامەیەکدا پێچەوانەی ئەو ڕاستییە باس نەکراوەو نەبینراوە کەئەمەش خۆی باس‌و لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی گەرەکە.

مەبەستم لەوە دەرخستنی ئەو ڕاستییەیە کە سۆڤیەت بۆ کورد، وەئەمریکاو بریتانیاو ئێران بۆ یەکێتی ئەرزو میللەتی ئێران، خاوەن بڕیاری چارەنووسساز بوون کەهیچ کامیان ئامادە نەبوون ئەو خودموختارییەش قەبوڵ بکەن، نەك سەربەخۆیی، بگرە دژیشی بوون‌و هەر ئەوانیش هۆی سەرەکی‌و ڕاستەوخۆی روخاندنی کۆمار بوون. کەوابوو باسکردنی سەربەخۆیی کۆمارەکە بەدەر لەوانە، بێ‌ماناو دوور لەڕاستی دەبێت. وە هەروەك لەناو کرۆنۆلۆجی ڕووداوو باسەکانی لەمەڕ خودموختاری لەناو سنووری ئێران‌و سەربەخۆیی لەئازەربایجان دەردەکەوێت، بێ ئەوەی بتوانێت تاسەر هیچ کامیان بەدەست بهێنێت.

پەراوێزو سەرچاوەکانی پاری یەکەمی بەشی پێنجەم

1-هێمن، سەرچاوەی ناوبراو، ل *17*و*18*.

William Eagelton, OP. Cit, p.23 -2

3-ژەنراڵ سلیم ئەتاکشیوف. فەرمانبەرێکی سیاسی سۆڤیەت بو، لەسەرەتای هاتنی لەشکری سور بۆ کوردستان... بەلێپرسراو لەپەیوەندی نێوان ئازەربایجان و کوردستان لەگەڵ یەکێتی سوڤیەت دانرا. شوێنی دانیشتنی تەورێز بو، بۆ سەرپەرشتی کارەکانی زوو زوو سەری لەمەهاباد ئەدا. ئەمیش لەگەڵ جعفر باقرۆفدا لەسێدارە درا.

William Eagelton,op. Cit, p.33 -4

William Eagelton,Ihid, p.44 -5

William Eagelton, Ihid, p. 45-6

William Eagelton, Ihid,p 45-7

8-هەر لەسەرەتای دامەزراندنی کۆمار... چی لەسەر زارو چی بەنوسین بەچەند ناوێك ناوبراوە وەکو: کۆماری دیموکراتی کوردستان، کۆماری میللی مەهاباد، کۆمەڵە...، هتد

بەلام لەرۆژنامەی رەسمی و لەسەر رۆژنامەی کوردستان بەجەمهوریەتی کوردستان ناوبراوەو نوسراوە. لەدروشمی(وەزارەتی فەرهەنگ) دەوڵەتی جمهوری کوردستان، نوسرا بو.

9-بڕوانە : *William Eagelton,OP. Cit*

10- بڕوانە: احمد شریفی، عشائری بارزان و رهبران انها

11-علاء الدین سەجادی، شۆڕشەکانی کوردو کوردو کۆماری عیراق بەغدا *1959*.

12-علاء الدین سەجادی، هەمان سەرچاوە.

13-بڕوانە: *William Eagelton. Op. Cit.*

14-نجفقلی بسیان، سەرچاوەی ناوبراو،.

15-بڕوانە: *William Eagelton. Ibid.*

16-بۆ زانیاریی لەسەر ئەم لایەنە بڕوانە : مەحمود مەلا عززەت، بەرگەکانی د. ج. ک - بەرگی یەکەم‌و دوهەم‌و سێهەم (1992و1995و1997).

17-دیسان بڕوانە: مەحمود مەلا عززەت، هەمان سەرچاوە ، بەرگی یەکەم.

پەراوێزو سەرچاوەکانی پاری دووهەمی بەشی پێنجەم

1)لەبەرئەوەی ئەم باسە بۆ راستکردنەوەی دوو بۆچوونی هەڵە دەربارەی (ناو)و مەسەلەی خودموختاری‌و سەربەخۆیی جەمهوریەتی کوردستان تەرخان کراوە، بۆیە لێرەدا لەناوبردندا ئەو ناوە مێژووییە بەکارهێنراوە.

2)22-1-1946تا 17-12-1946.

3)لام وایە زۆر لەنووسەران کەئەو ناوانەیان لەبەرهەمەکانیان ناوە، هەر بۆ ناوی بەرهەم‌و نووسین بووە، نەك وەکوو ناوی مێژوویی، بۆ نموونە بەندە هەر کتێب‌و باس‌و لێکۆڵینەوەیەکم لەسەر ئەو ئەزموونە بەناوێکی تایبەتییەوە سەردێڕو باس کردوە، لەوانە: کۆماری میللی مەهاباد، دەوڵەتی جمهوری کوردستان، جمهوری مەهاباد، کۆماری دیمۆکراتی کوردستان، کۆماری مەهاباد...تاد.

لێرەدا زیاتر قسەم ئاراستەی دوو ناوە: (کۆماری دیمۆکراتی کوردستان)و (کۆماری کوردستان). چونکە نووسەری واهەیە دەیەوێ وەك ناوی مێژوویی قەوارەکە بیسەپێنێ‌و داواش دەکات کە هەر ئەوە بەکاربهێنرێ، گوایە هەر ناوێکی تر هەڵەی مێژووییە، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:کتێبی دەوڵەتی جمهوری کوردستان‌و هەڵەی سەرنجەکانی رەخنەگرێك، رۆژنامەی کوردستانی نوێ هەولێر، ژمارە 539و 540و 541، رۆژانی 18-21/11/1993.

4)بڕوانە: رۆژنامەی کوردستان. ژمارە 8، 28-1-1946.

تێبینی: لێرەوە لەهەر جێگەیەکدا ناوی رۆژنامەو گۆڤاری کوردستان بەبڕێ بە(ڕ.ك)، (گ.ك)ناویان دەهێنم کەلەسەردەمی جەمهوریەتی کوردستاندا بلاوکرانەوە، گۆڤاری (هەڵاڵە)ش هەر لەو سەردەمەدا بووە.

5)بڕوانە: مەحمود مەلا عززەت، کۆماری میللی مەهاباد، 1984، 1986، ل79، فەسڵی سێیەم خاڵی 8.

6)بڕوانە: ر.ك، ژمارە5، 6ی جۆزەردانی 1325.

7)گۆڤاری هەڵاڵە ژمارە 3 بانەمەری 1325.

8)بڕوانە: مەحمود مەلا عززەت، دەوڵەتی جمهوری کوردستان، بەرگی سێهەم، بەڵگەنامەی (453).

9)بڕوانە: مەحمود مەلا عزەت، هەمان سەرچاوە، بەڵگەنامەی ژمارە(552).

10)ر.ك، ژمارە 56،11ی ژوێنی 1946.

-میخائیل ئیوانۆڤیچ کالێنین، ئەندامی مەکتەبی سیاسی سەر بەکۆمیتەی ناوەندیی حزبی کومونیستو سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای شورای یەکیتی سۆڤێت ی پێش سەردەمی کۆمار بوو.

-بۆ زیاتر سەرنجدان لەجۆرو سەرچاوەی بەکارهێنانی ناوی(حکوومەتی کوردستان) بۆ نموونە بڕوانە: ر.ك، ژمارە 19، 20، 23، 27، 28، 53، 56، 58...

11)ر.ك ژمارە 53و54_ 4،6ی ژوئێنی 1946.

12)بۆ نموونە بڕوانە:

-ر.ك ژمارە 17، 19، 21، 43، 52، 53.

-گ.ك، ژمارە 3، خاکەلێوەی 1946.

-گۆڤاری هەڵاڵە، ژمارە 1، رەشەمەی 1324.

13)ر.ك، ژمارە 1و2ی 11-1946/1/13.

14)بڕوانە:

-مەحمود مەلا عززەت، د.ج.ك بەرگی 2، 1995، رووی دەرەوەی بەرگی دواوە.

-نجفقلی پسیان، از مهاباد خونین تاکرانەهای ارس، آذرماه 1328، تهران.

-لەزۆربەی زۆری بەڵگەنامەکانی دووتوێی بەرگەکانی د.ج.ك دا ،ئەو ئارمە لەسەر نامەکان دەبینرێ.

15)مەحمود مەلا عززەت، ك.م.م ل 79.مێژووی داڕشتنی نیشانەکەو جۆری، هەر ئەوەندەی باسکراوە، پێدەچێ ئەوە سەرچاوەی سازکردنی ئەم ئارمو تابلۆیە بێت کەتا ئێستا روناکی نەخراوەتە سەر مێژووی سازکردنو هونەرمەندەکەی.

16)ڕ.ك، ژمارە 47—25ی بانەمەڕی 1325.

17)ڕ.ك، ژمارە 15.54ی جۆزەردانی 1325، دیسان ژمارە 53و 57.

ئەحمەدی ئیلاهی سەرۆکی ئیدارەی مالییەی کوردستان(وەزیری مالییە)بوو.

18)ڕ.ك ژمارە2،13ی ژانویەی 1946، لەو کۆبوونەوەیەی بۆ ناونیشانکردنی بەڕێوەبەرانی چاپخانەو ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردستان سازکرا، ئەو کارەش بەسەید محەمەدی حەمیدی سپێردرا، سەبارەت بەوە وتارەکەی خوێندبۆوە.

19)ژمارەی وتاربێژان19 کەس بوون، بڕوانە : ڕ.ك، ژمارە 10، 1946/2/4.

20) ڕ.ك ، ژمارە 14، 1946/2/13. دەقی سوێندەکە لەشوێنی خۆیدا دەبینرێت.

21) بڕوانە: مەحمود مەلا عززەت، د.ج.ك بەرگی 1و2، بۆ نموونە بەڵگەنامەی ژمارە 22،24،25، 32، 54، 80،83،87، 95، 116، 160، 161، 171...

22) ڕ.ك، بۆ نموونە ژمارەکانی : 8تا 17، 20، 27، 29، 30، 31، 56.

23) ڕ.ك، ژمارە 8،1946/1/28.

24)هەرچەند ئەم هێزە ڕێکخراوترین و بەئومێدترین هێزەکانی جەمهورییەت بووە، بەڵام دیسان ناکرێ ئەو ڕاستییە لابخرێت کەکشانەوەی ئەو هێزە بۆ ئەو بەشەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران، لەناچاری و گوشاری هێزی سەربازی و ئاسمانی عیراق بەپاڵپشتی بریتانیا بوو کە بارزانی ناچار کرد کوردستانی عیراق بەجێبلێ... نەك لەو دیدە نەتەوایەتییەی هێندێ کەس پێیان خۆشە باسی بکەن، چونکە ئەگەر بارزانی دەرفەتی ئەوەی بۆ بلوایە کەلەسەر شەڕی دژ بەداگیرکەر بەردەوام بوایە واناوچەو بەشە کوردستانەکەی خۆی بەجێ نەدەهێشت و لەسەر شۆڕش بەردەوام دەبوو... ئەو ڕاستییەش لەڕۆڵی مێژوویی بارزانی و ئەفسەرەلێزان و بەتواناکانی ناو ئەو هێزە کەم ناکاتەوە، وەك هێندێك بەهەڵە بۆی دەچن.

25) بەتایبەتی لەپەیمانی (اتحاد) 1942/1/22، کۆنگرەی (تاران) 27—1943/ 12/29، کۆبوونەوەی (پۆتسدام) 7/17تا 1945/8/2. بڕوانە:

مەحمودمەلا عززەت، تێڕوانینێکی سەردەم لەکۆمارەکەی مەهاباد، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، هەولێر، ژمارە 592و 593،20—1994/8/21.

نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکوومەتی کوردستان، کورد لەگەمەی سۆڤیەتی-دا 1992، ل 24و 25.

26) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە.

William Eagleton, The Kurdish Repabiic 1946, London 1963. P.44.

-مەحمود مەلا عززەت. ک. م.م 1984، 1986، ل94.

27) بڕوانە:

-مەحمود مەلا عززەت، هەمان سەرچاوە، ل 77و 79.

-عبدالرحمن قاسملوو، چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی، 1985، ل 23.

-نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی ناوبراو، ل 87.

28)بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ڕ.ک، ژمارە 1و 2، 11و 13-1-1946.

29)ڕ.ک، ژمارە 14،13-2-1946.

30)ڕ.ک ژمارە30، 12خاکەلێوەی 1325.

31)گۆڤاری هەڵاڵە، ژمارە 3، بانەمەڕی 1325، ل4-7.

32)ڕ.ک، ژمارە 5،6 جوزەردانی 1325.

33) بڕوانە: مەحمود مەلا عززەت، د. ج.ک، بەرگی 1، بەڵگەنامەی ژمارە 132، ل 149. مێژووی نامەکە 13-4-1325 بووە، نامەکە ئاڕاستەی جەنەڕاڵ حەمەرەشید خان کراوە کەفەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتقەی بوو، یەکێك بوو لەو کاربەدەستانەی کەلەسەر یەك خەت دژی کاربەدەستانی تاران بوو چونکە هیچ جۆرە متمانەیەکی پێیان نەبوو.

34)ڕ.ک، ژمارە 69، 20-4-1325. پێشەوا بۆ وتوێژ سەفەری تارانی کردبوو، بە پێی رۆژنامەی کوردستان لە 28ی پووشپەڕی 1325دا لە(دەربەند) دیدەنییەکە کرابوو، تەواوی گفتوگۆی دیدەنییەکە هەر لەناو بازنەی پێوەندی کورد بەئێران و ئازادی و دیمۆکراتییەوە بووە.

35)ڕ.ک، ژمارە 47، 6 جوزەردانی 1325.

36)بڕوانە:

*نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی ناوبراو، ل 234-233.

-Howell, Jr. Wilson N, The Soviet Union and The Kurds A Study Of National Minotry, 1965, p. 188

-ڕ.ك، ژمارە *52*، ڕۆژی *2*ژوین *1946* باسی (پەیام نوسی ئاژانسی فرانس-زیکیل ناپلیون) ی کردووە بەبێ ئەوەی دیدەنییەکانی پێشەواو ئەو باسەی بلاوکردبێتەوە، تەنها ئامارژە بۆ دیدەنییەکانی پێشەواو لێپرسراوان دەکات.

37)بڕوانە: گۆڤاری هەلالە، ژمارە *3*، سالی یەکەم بانەمەڕی *1325*،ل*7*.

38) بڕوانە:

*جعفر مهدی نیا، زندگی سیاسی قوام السلطنة، تهران، چاپی دوم، تابستان *1366*. ل*339*.

*نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی ناوبراو، ل*227*.

39) ڕ.ك، ژمارە *59*، *18* ژوین *1946*.

40) ڕ،ك ژمارە *60*، *20* ژوین *1325*.

41)وشەکە هەر ئاوا نوسراوە.

42) ڕ.ك. ژمارە *60*.

43) ڕ.ك، ژمارە *75*، *11-8-1946*، ل *1*و*2*و *4*.

44)ڕ.ك، ژمارە *76*، *22* گەلاویژ*1325*.

45)ڕ.ك، ژمارە *85*، *21* خەرمانان *1325*(*11-9-1946*).

46)بڕوانە:

*نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی ناوبراو، ل *232*.

*فریدە کوهی-کمال دیهکردی، کوماری کوردستان، دامەزران وڕووخانی، *1986*، ل*45-46*، ئەمانیش لەئەرکیڤی بریتانیا دەریان هێناوە.

47)ژمارەی تەلەگرام: *546-3/9-761*، تەورێز، *5*ی ئازار، *1946*، *1*ی دوای نیوەڕۆ(*6*ی ئازار، *25*،*6*ی پاش نیوەڕۆ).

48) ژمارەی تەلەگرام: *24591/3-1746 ,861*، مۆسکۆ، *17*ی ئازار، *1946*، *9*ی دوای نیوەڕۆ(*17*ی ئازار، *37*، *5* د.ن).

"Foreign Relation Of The United States Diplomatic Papers 1946,Volume Vll."

بەشی شەشەم

توێژینەوەی سروشتو خەسڵەتە تایبەتیەكانی جەمهوریەتی كوردستان

پاری یەكەم:

-هەڵسەنگاندنی چینایەتیی سەركردایەتیی حزبی دیموكرات و جەمهوریەتی كوردستان.

1-قازی محەمەد لەناو روناكیی مێژودا..

2-رۆڵی مێژوویی سەركردە.

3-گفتوگۆو خودموختاری.

4-دیپلۆماسیەتی كورد لەناو سیاسەتو نوتقەكانی پێشەوادا .

پاری دووهەم:

-سەرەك وەزیرانو لێپرسراوانی تر.

پاری سێهەم:

-سروشتو خەسڵەتە دیارەكانی جەمهوریەتی كوردستان.

پاری یەکەم
هەڵسەنگاندنی چینایەتیی
سەرکردایەتی حزبی دیموکراتو جەمهوریەتی کوردستان

داگیرکردنو دابەشکردنی کوردستانو سەپاندنی حوکمێکی دواکەوتووی بێگانەی وابەستە بەدەوڵەتە ئیمپریالیستەکانەوە، رەوتی ژیانی ئاسایی کۆمەڵگەی کوردی تێکدابو، گەشەکردنە کۆمەڵایەتییو ئابووریو سیاسییو ئایینیو فیکرییەکانی لەسەر رێبازی خۆیان لادابوو، وەك گەلو نەتەوە مامەڵە نەدەکرا، لەسادەترین ماف بێبەریی کرابوو، چەند جۆرە چەوساندنەوەی بەسەردا سەپێنرابوو، ئێران کرابووە بازاڕی دەوڵەتانی سەرمایەدار، بەبازاڕی کوردستانیشەوە، لەگەڵیشیدا ئیرادەو بەرژەوەندییەکانی چینە ئورستوکراتییە فەرمانڕەواکەی تارانیشی بەسەردا سەپێنرا بوو، دەرەبەگێتیو سیستێمی خێڵەکیی کرابوونە پایەگای درێژەدان بەداگیرکردنو بەو دیاردانە... بەوەش دووچاری سێ جۆر وابەستەییو چەوساندنەوە کرابوو...

لەگەڵ ئەوانەشدا بەشو چینە کۆمەڵایەتییەکان لەسەرخۆو وردە وردە لەناو هەناوو منداڵانی کۆمەڵگەی کوردستاندا دەخولقانو سەریان دەردەهێنا، بێهێزو تواناو بێ دەسەڵات دەجولانو نەیاندەتوانی جێگەی ئاسایی خۆیان لەناو کۆمەڵدا بگرنو رۆڵی مێژووکردیخۆیان وازی بکەن.

بۆیە چینی دەرەبەگو سستێمی خێڵەکیی بەبەهێزییو وەك خاوەن دەسەڵاتی سیاسییو نوێنەری رژێمی پایتەخت بوون، ئاغاو بەگو خانو میرو بەگزادەکان باڵادەست بوون، لەئاست داگیرکەریشدا وابەستەو نۆکەر بوون بۆ چینی خاوەن دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەست. بۆیە سەرەك هۆزو خێڵو تیرەو خاوەن موڵکەکان، هەم دەستیان بەسەر ئەو لایەنانەی ژیانو هەم کۆسپی سەرەکیی ژیانی کوردەواریی بوون، لەگەڵیشیاندا هەوڵیان ئەدا مەلاو مزگەوت بۆ سودو بەرژەوەندیی خۆیان بەکاربهێنن..

لەبەر ئەوانە بوو کە زۆربەی زۆری پانتاییەکانی زەوی بەدەست ئەم چینەوە بووە، (لە 66-70٪ زەوی کوردستانی ئێران لەدەست دەرەبەگەکاندا) بووە(1)، زۆربەی زەوییە نەرمانەکانی هی چەند کەسێکی غەیرە کوردە کەلەتاران و پاریس و لەندەن دائەنیشن)*

لەبەرامبەر بەوە چینی جوتیار بەهەموو بەش و توێژاڵە هەژارەکانەوە کە زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵی کوردەواری بوون...(زیاتر لە 60٪ی خێزانە جوتیارەکان، نەکەم و نەزۆر زەوییان نییەو لە 33٪یشیان کەمتر لەهێکتارێکیان هەیەو لە 56٪ زەوییەکان لەدەست لە 1٪ی دانیشتوانی لادێدایە..)(3) ئەو لە 15٪یەی کەدەمێنێتەوە وا زیاتر لەهێکتارێکیان بووە، لەم بەشە ناوەڕاستەی ئەم چینە کەم کەسیان زیاتر لە دە هێکتاریان هەبووە.

بۆیە ئەم چینە، خاوەن دەسەڵاتی ئابووری بووە، نوێنەری دەسەڵاتی سیاسیش بووە بۆتە پایەگای دەسەڵاتی چینی کاربەدەست. دەستبەسەراگری پێوەندیی و ئامرازی بەرهەم هێنەرو خوڵقێنەری چەند جۆر پەیوەندیی دەرەبەگیی بووە بەتایبەتیی لەشێوەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ، بەخێوکردنی مەڕومالات و ئاژەڵ، وەشێوەی تێکەڵ لەو دوو جۆرە بەرهەمهێنانە.

لەئەنجامی بوژانەوەی بازاڕی شارو شارۆچکەکان و گەشەکردنی بازرگانیی، چینی بورجوا سەری لەقاپیلکەی خۆی دەردەهێناو لەناو منالانی سستێمی دەرەبەگیدا بەرەو خۆدەرخستن و سەلماندنی بوونی خۆی دەچوو، دوابەدواشی چینی کارگەریش بەپێی گۆڕانە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان ئەجولاو لەگەشەکردنێکی زۆر لەسەرخۆدا بوو، بەڵام هیچیان ئەو هەلومەرجانەیان بۆ نەدەخوڵقا کە وەك چینەکانی نەتەوەی کاربەدەست و لەناو هەمان بارودۆخدا، ئاسایی گەشەبکەن و رۆڵی خۆیان ببینن، بۆیە بێتواناو بێدەسەڵات دەمانەوەو زۆر لەسەرخۆگەشەیان دەکرد.

لەناو ئەو کاروانی گەشەکردنە نائاساییی و بەدەر لەیاساکانی مێژوو، بەشە خوێندەوارەکە لەناو بازنەیەکی تەسکدا بوو، چونکە، منداڵەکانی جوتیارو هەژارانی کۆمەڵ نەدەیانتوانی ئەو رێگەیە بگرن، نە ئەو دەرفەت و رێگەیەشیان پێدەدرا کەبخوێنن...

---

* بڕوانە: عبدالرحمن قاسملو، هەمان سەرچاوە.

ئەوە وێنەیەکی بچوککراوەی کۆمەڵگەی کوردەواریی سەردەمەکەی دووەم جەنگی جیهان و ساڵانی دواتریش بوو، لەناو ئەو بارودۆخ و هەلومەرجانەداو لەسەر ئەو زەمینەیە، حزبی دیموکراتی کوردستان وەك میراتگریی سیاسیی کۆمەڵەی ژ.ك پێکهێنرا، لەناو هەمان هەلومەرجدا سەرکردایەتییەکەی بەوەڵەد بوو، جڵەوی سەرکردایەتیی و... جڵەوی بەڕێوەبردنی جەمهوریەتەکەی پێسپێردرا...

هەرچەندە ناکۆکیی و ململانێ لەنێوان هەردوو چینە دیارو ئاشکراکەی کۆمەڵ، چینی جوتیارو هەژاران، چینی دەرەبەگ و کۆمەڵگەی خێڵەکی، بەهۆی ئەو بارودۆخ و حاڵەتە نائاساییانەوە، قووڵ بووبوون، جیاوازییەکان زۆر گەورەو ناعەدالەتییەکان چاوێنیی بوون، لەگەڵ ئەوانەشدا ناکۆکییەکان نەدەتەقینەوە، چەوساندنەوەکان ئاسان و بێگرێوگۆڵ دەکران، چونکە چینی یەکەم هەرچەندە زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵیش بوون، بەڵام هەلومەرجە خۆیی و بابەتییەکان لەئاستێکدا نەبوون کە دەستەبەری ئەو دیاردەیەو توندوتیژکردنی ململانێیەکە بن، زیاتر لەوەش دەسەڵاتە سیاسییە خۆماڵییەکەش لەئاراد نەبوو، بوونی نەبوو.

چینی فەرمانڕەوای نەتەوەی کاربەدەست زیاتر یارمەتیی مانەوەو بەردەوامیی ئەو حاڵەتەی ئەدا...

ئەوەش بۆ خۆی هەم دەبووە هۆی زیاتر لاوازیی و بێدەسەڵاتیی و بێ ڕۆڵیی چینی بورجوا، وەك سەرەنجامێکی ئەم حاڵەتەش مانەوەی چینی کرێکار، لەناو بازنەکەی خۆیدا، خۆ ئەگەر ئەو ڕاستییەش لەبەرچاو بێت کە زیاتر لە 95٪ کۆمەڵ نەخوێندەوار بێت وا دیمەنێکی تری زۆر نائاسایی بارودۆخە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکەمان بۆ ئاشکرا دەبێت..

جا سەرکردایەتیی حزب و جەمهورییەتەکە لەناو ئەو کۆمەڵەوە لەدایك بوون و پەروەردەکراون و بوونە کاربەدەست، بۆیە باش وایە ڕووناکی بخەینە سەر جێگەو شوێنی کۆمەڵایەتیی و توانای ئابووری ئەو سەرکردایەتییە، تا لەناو ئەوەوە بتوانرێت هەم نرخاندن و هەم توێژینەوەی سروشتی چینایەتیی سەرکردایەتییەکەی حزب و جەمهورییەتەکە بکەن، بۆ ئاسانترکردنی ئەو کارەش باش وایە لەشوێن و پایەو پلەی کۆمەڵایەتی هەر لێپرسراوێك، لەباری ئابوریی و دەرامەتیی هەریەکەیان بگەین، بێ ئەوەی ئەو نرخاندن و توێژینەوەیە لەکەسێتیی هیچ یەکێك

لەلێپرسراوەکان کەم بکاتەوە، لەڕۆڵی دڵسۆزانەو نیشتمانپەروەرانەو لێپرسراوانەیان کــەم بکاتــەوە، بەپێچەوانەشـــەوە، ئـــەو لێپرســـراوەتیانەی ئـــەو تێکۆشـــەرانە، کەلەســـەرەنجامدا بـــووە هـــۆی شـــەهیدبوونی ژمارەیـــەکییان، نیشـــانەی دڵســـۆزیی و بەوەفایی و نیشتمانپەروەرییان بوو.. بەتایبەتی و هەر وەك لەسەرەوە روونکرایەوە، ئەوە سروشت و کەرەکتارەکانی کۆمەڵەکە خۆی بوو کە ئەو حاڵەتانەی خوڵقاند بە لایەنە پۆسەتیڤ و نێگەتیڤەکانیشەوە..

قازی محەمەد لەناو رووناکیی مێژوودا

جێگەی خۆیەتی لێرەدا لەخەسڵەتە تایبەتییەکانی سەرکردایەتی حزب و کۆمار بدوێین، روناکی بخەینە سەر کەرەکتارە کۆمەڵایەتی و ئاستیی چینایەتی و جێگەو پلەو پایەی لێپرسـراوە سـەرەکییەکان لەکۆمەڵگەی ئـەو بەشـەی کوردسـتانی رۆژهـەڵاتدا، لەبەرئـەوەی قـازی محەمـەد رۆڵـی سـەرەکی و هەسـتیارو تاڕادەیـەك چارەنوسسازی لەژیانی خۆی و بنەماڵەکەی و مەهاباد و ئینجا لەحزبی دیموکرات و جەمهوریەتدا بینی، بۆیە لەجێگەی خۆیدایە کە چەند بکرێ قسەی لەسەر بکەین و ئینجا بێینە سەر لێپرسراوانی تر..

1-قازی محەمەد، پێشەوای گەل و سەرۆکی حزب و سەرکۆماری کوردستان.

لەبەر رۆڵی گرنگ و هەستیاری، هوشیاریی سیاسیی و خوێندەواریی و زانینی گەلێ زمان... بەپێویستی دەزانم، کەمێ بەدرێژیی لەسەر پێشەوا بدوێم، مەبەستمە بڵێم هەرچەندە لێرەدا جێگە کۆمەڵایەتیی و چینایەتیەکەی ئاماژە بۆ دەکەم، لەگەڵیشدا ئەوەش دەردەخەم کە ئەو بوون و ئاستی دارایی و دەرامەتەکەشی هەر بۆ خزمەتی کۆمارو میللەتەکەی تەرخان کرد، خاوەنی چەندین دێ و دەرامەتێکی چاوێنی هەبوو، لەچەند بەڵگەنامەیەکی بەرگی سێیەمی دەوڵەتی جەمهوریی کوردستان (ستوکهوڵم1997)داو لەوەسییەتنامەکەیدا، کەلەجێگەیەکی تر دەبینرێت، بەهەق پێشەوا ئەو توانای ئابوری و داهاتەی هەر بۆ خزمەت و کاری گشتی بوو.

پێشەوا لەنێوان بۆکان و سەراو میاندواودا چەندین دێی هەبووە وەك دێی ئاغڵیان کە زیاتر چەڵتوکی تێدا چەنراوە.

لێرەدا هەوڵ ئەدەم روناکیی بخەمە سەر کورتەیەك لەژیان و رۆڵی پێشەوا تا روخاندنی کۆمار... خۆبەدەستەوەدان و گرتن و دادگایی کردنەکەش، لەشوێنی خۆیدا بەدرێژی باسدەکەم...

قازی محەمەد لەناو رووناکیی مێژوودا*

پێشەوای گەل، رابەری حزبی دیموکراتی کوردستان، سەرکۆماری کوردستان، ئەو نازناوو پلەو پایانە، هەر لەخۆوەو بەرێکەوت، یابەهێزو سەپاندن، لەناو نەریتی تایەفەگەری و عەشایەری و بەوەراسەت دەست قازی محەمەد کەوتن، یان وەك شەخسییەتێکی ناسراو، خاوەنرێزو زاناو بەتوانا، سیاسییەکی دەرکەوتوو لەمامەڵەی ناو کاری رۆژانەو خەباتدا، کۆمەڵانی خەڵك بەخواستی خۆیان کردیانە نازناوی سەرکردەکەیان؟

هەیە وا بیر دەکاتەوە کە ئەوەی لەسەر قازی محەمەد نووسراوە، زیاتر لەسنووری پیاهەڵدان و گەورەکردندا بوە، لەناو سۆزی نیشتمانپەروەری و هەستی نەتەوایەتی و شانازیکردن بەئەزموونەکەی کۆماری کوردستانەوە نووسراون.

هەشە بێمروەتانە، نەزان و هەرزەکارانە، لەناو بیری تۆڵەسێنانەی پڕ لەرق و کینەی رەش، باسی پێشەوایان کردووەو، ئەزموونەکەیان نرخاندووە، لەناو ئەوانەدا، نوسەری خۆماڵی و بیانی، گەلێ راستی و خەسڵەت و زانیاریی بەکەڵك و لێکۆڵینەوەیان نووسیوە، نرخاندنی لۆجیکانەیان کردووە، ئاماژەیان بۆ رەخنەو کەموکورتییەکان، هەڵەو بۆشاییەکان کردووە، لێرەدا هەوڵ ئەدەم لەچەند لایەنێکی ژیانی پێشەوا قازی محەمەد بدوێم، بەپەنابردنە بەر زۆر لەنوسینی ئەو نوسەرانە.

---

* ئەم نوسینە بەشێکی لێکۆڵینەوەیەکە لەژێر سەردێڕی(قازی محەمەد لەناو رووناکیی مێژوودا)بڵاوکراوەتەوە، بەدەستکاریەوە. بڕوانە گۆڤاری مامۆستای کورد ژمارە 24و1995/25.

رۆڵی مێژوویی سەرکردە[1]:

یەکێ لەگرنگترین هۆو هۆکارە چارەنووسسازەکان لەپرۆسەی رزگاریو سەربەخۆیی هەر گەلو نەتەوەیەك. سەرکردەو سەرکردایەتییە، چونکە هاوپەیوەندییەکی توندوتۆڵو گرێدراوی بەسەرجەم فاکتەرو هەلومەرجەکانی ترەوە هەیە. ئەم هۆو رۆڵەی بۆ کوردو گەلانی هاوێنەی کاریگەرانەتر خۆی دەنوێنێ، سەبارەت بەو هۆیانەی کەلای خوێنەر شارراوە نین. هەر لەبەر خودی ئەو هۆیانەشە کە نرخو سەنگی رۆڵی مێژوویی هەر سەرکردەیەكو سەرەنجامی خەبات هەر بەتەنها لەسەرکەوتنو رزگاریو گەیشتنە ئامانجدا نییە. هەر ئەم لایەنە بەتاکە پێوانە ناژمێردرێ. بەڵکوو هاوشان بەوە لەپێچەوانەکەشیدایە، لەساتەکانی نوشستیو شکستیدایە، لەوەشدایە کەلەبەردەم یان لەناو کارەساتی ژێرکەوتندات تا چ ئەندازەیەك گەل لەسەرئەنجامی بارو دۆخەکە، لەکارەساتو نەهامەتیی ناو کارەساتەکە سەرفراز دەکرێ، وزەو هێزو توانای لەتێکوپێکشکان لادەدرێو بۆ هەلو دەرفەتی تر دەپارێزرێ.

ئەگەر لەروانگەی ئەو بۆچوونەوە سەرنجێکی وردو بابەتییانەی نالەباریی جیوپۆلیتیكو جیۆستراتیجی هاوپەیوەند بەو زەمینە کە کۆماری کوردستانی لەسەر دامەزرا، نارەسیویی هەلومەرجو عەردی ئامادە نەبوو، هۆو هۆکارە ناکامڵە خۆییەکان، فرەدوژمنو رۆڵی خراپی زلهێزەکان، نەبونی دۆستی ستراتیجی، ئاڵۆزیو گرفتە سەرهەڵداوەکانی رۆژانی پێش روخاندنی کۆمار... هتد بدەینو، بزانین ئەوانە، لەیەك ساتدا روبەڕوی پێشەوا قازی محەمەد، وەك سەرەککۆمار، بووبن، پێشەوا لەدامەزراندنو بەرێوەبردندا رۆڵی سەرەکیو بنچینەیی بینی، لەرۆژانی پێش کارەساتیشدا، لەبەردەم سێرێیانێکی یەك لەیەك تاریكو نوتەکتردا بووە. دەبو راستەوخۆو بەروونیش بریاری خۆی بدات، بریارێك کە کۆمارو تێکۆشەرانو دڵسۆزانی دەخستە بەردەم رووبەڕووبوونێکی خولێلانەدەر: لەناو ئەو هەلومەرجانەدا بەرگری لەکۆمار بکەن، یابکشێنەوەو خەڵك بۆ ئەرتەش بەجێ بهێڵن، وە یان خۆی بەدەستەوە بداتو بەمەزنەی خۆی، گەل لەکارەساتو مەهاباد لەوێرانکردن رزگار بکات، بەڵێنەکەی خۆشی بەو جۆرە بهێنێتەدی.

هەڵبژاردنی ڕێگەی سێیەم، دیاردەیەکی هێندە هەستیارو نامۆ بوو کە دەبێ زیاتر لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، وەرامی ڕەزامەندی زۆر پرسیار بدرێتەوە.

بۆ ئەوەی پێشەوا بناسین، لەڕۆڵی سیاسیو دیدو بۆچوونی بگەین لەدوابڕیارو چارەنوسەکەی حاڵی بین، دەبێ باسو لێکۆڵینەوەی بابەتییانەو هەمەلایەنەی ئەزمونەکەی مەهاباد بکرێ، دەبێ لەژیانی پێشەوا: ئایینی، کۆمەڵایەتی، سیاسیو دیپلۆماسی، ڕۆشنبیری، سەربازی، باری سەرنجو بۆچوونی نەتەوەییو نیشتمانی شارەزا بین، چونکە هەر بەوانەش نرخاندنی زانستییانەی ڕۆڵو جێگەو بڕیارەکانی دەکرێ.

بۆ ناسینی قازی محەمەدو زانیاری سەرەتای ژیانو شێوەی پەروەردەو پێگەیشتنی باجارێ پەنا بەرینە بەر سەرچاوەی ڕەسەنی سەردەمەکە(ڕۆژنامەی کوردستان) بابزانین لەو ڕووەوە چی تۆمارکراوە:

(حزرتی پێشوای کوردستان محمد قازی کوڕی اغا میرزا علی مرحومە لەبانەمەر(اردیبهشت)1279ھ شمسی بەرانبەر بە 2 محرم 1318ھ ق لەشاری مهاباد لەدایك بو. ئەم زاتە زۆر بەچاکی لەژێر دەستی بابو دایکیدا پەروەردە کرا... دوای خوێندنی چەن رسالێکی کوردیو فارسی دەستی بەخوێندنی سەردای نحوو صرف کرد هەروا ادامەی بەخوێندندا تالەعلومی معقولو منقولدا: نحو، صرف، منتق، بلاغە، اصول، فقە، کلام.. فارغ التحصیل بو.. بێ ووچان لەڕووی خوێندنو زیادکردنی معلوماتو فێربوونی زمانی بێگانە دەگەڕا، توانی بەوسیلەی مامۆستای تایبەتی زبانی انگلیسی، روسی، فرانسی بخوێنێو بێجگە لەم سێزمانەو زمانی زگماکی خۆی کە کوردیە، زمانی عربی، فارسیو تورکیشی زۆر باش دەزانی.

حضرتی محمد قاضی پێشوای کوردستان هەرلە منداڵیەوە خاوەنی گیانێکی بەرزو بەهێزو نیشانی گەورەیی، شجاعەت، لەخۆبوردن دەویدا دیاری دەدا... بێ وچان لەحقوقی هەموو کوردێك بەتایبەتی هەژارانو لێ قەوماوان لەهەموو جێگایەك دا دفاعی کردووەو دەیکا، بەطوری کلی رشتەی کاروباری مهاباد، سیاسی، کۆمەڵایەتیو.. حتی دە دەوری دیکتاتۆری رضا خاندا دە دەستیدا بوو... کاروباری حکومەتیش بێ مداخلەی وی حل نەدەکراو جێبەجێ نەدەبوو...

اموژگاران و شاگردانی مدارس بەوەسیلەی رەبری خۆیان مناسباتی سیاسیان دەگەڵ احزابە ازادیخواکانی عراق، تورکیە، سوریا، بنیادنا، وەختێ کە رضا خانی فاشیست لەکرودستان نفوذی پەیداکردو بەدەستوری مقاماتی فاشستی لەسەرۆکی فرهنگی لابرا... جنابی محمد قاضی دەگەڵ دوژمنانی شخصی خۆی بەمداراو دەگەڵ دۆستان بەوفایە بەڵام ناتوانێ لەمقابل دوژمنانی نیشتماندا مدارا بنوێنێ.(2)

دیسان (ر.ك)و گەلێ نوسەری بیانی و فارسی، هەندێ خەسڵەت و رەفتاری ئەویان باسکردووە کە : شارەزای مەسەلەکانی ئایین، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی بووە.

پاش هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە بڕیاری خۆی ئەدا ئیتر دوای ئەوە نەیدەگۆڕی.. ماڵەکەیان پەناگەی هەموو ئەو کەسانە بوو کە دەکەوتنە ناو کێشەو گرفتەوە. زۆر لەو کچ و ژنانەی تووشی کێشەو پەژارەو گرفت دەبوون پەنایان بۆ قازی محەمەد دەبرد، کەسێکی بەدەم و زمان... پتەو تاڕادەیەك دیکتاتۆر، لەبینیندا بەرامبەرەکەی ناچار دەبوو رێزی لێبگرێ. ئەوانەی لەنزیکەوە بینیبوویان بەباشی بۆیان دەرکەوتبوو کەچی شەخسییەتێکی هەیە، هەروەها فرە زوو تێگەیشتبوون کە ئەو چۆن لەهەموو جێگایەك بۆتە سیمبۆلی کوردایەتی، لەسەرخۆو مەتین، بەئارامی قسەی دەکرد.(3) پێش ئەوەی باوکی ئیجازەی قازێتی بداتێ سەرۆکایەتی مەعاریف و ئەوقافی مەهابادی لەئەستۆدا بوو. (4) پیاوێکی ئاگادارو بەرەوشت و هێمن و دانا...

لەخێزانێکی ناودار. پیاوێکی سیاسی بو... مێژووی کۆنی کوردستانی خوێندبووەوە.(5) تا ئەو سەردەمە هیچ سەرکردەیەکی کورد وەك ئەم تینووی بڵاوکردنەوەی خوێندن و خوێندەواری نەبووە، رۆشنبیرو زانایانە، هەر پێش بڵاوکردنەوەی دامەزراندنی کۆمار. لەناو ئەو قەوارە خودموختارییەی هێنرایە ئاراوە، زمانی کوردیی کردە زمانی خوێندن، خوێندنی قوتابخانەی بۆ کورو کچ کردە زۆرە ملێ: (لەو تاریخەوە تا 10 رۆژی دیکە هەر کەسێك کورو کچی هەبێ کە عومری اقتضای خوێندن بکا دەبێ بینێرنە مەدرەسە ئەڵبەتە هەر کەس لەو ئەمرە روو وەرگێڕێ بەتوندترین مجازات تەنبی دەکرێ:(6)

بۆ سەردەم و رۆژگارێکی وەك ئەو دەمەی کۆمەڵی کوردەواری، لەزانایەکی ئاینییەوە بڕیارێکی وا هەستیار، هەنگاوێکی مەزن بووە، بەو جۆرە خواستی بوو کە کورد لەنەخوێندەواری رزگار بکات، پێشەوا قازی محەمەد روناکبیرێکی هەڵکەوتوو

بوو کە وێنەی لەڕۆژگاری ئەو کاتەی نەتەوەی کورددا زۆر کەم بەدی دەکرا... گوڵێك بوو لەسەحرا روابوو، بەڵام دیسانەکە لەگەڵی خۆی نزیك بوو... دەردو ئازارو هیواو ئاواتەکانی زۆر باش تێگەیشتبوو... ئەوەندە خۆشەویست بوو... کە خەڵك خۆی نازناوی پێشەوای پێدابوو...(7) دیسان هەر قاسملو دەنووسێ: "شەخسییەتی قازی محەمەد پێویستی بەلێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە، ئەو شەخسییەتە مەزنە لەمێژووی گەلی کورددا پلەو مەقامێکی تایبەتیو بەرزی هەیە، قازی محەمەد لەشارستانییەتو زانستی تازەو هەروەها وەزعو رووداوەکانی جیهانی تەواو شارەزا بوو."

رۆڵی دەرکەوتووی قازی محەمەدو شیاویی بۆ رابەر، لەو کاتانەوە باشتر دەرکەوت کە هەلومەرجی کەمێ لەبار رەخسا بۆ پێکهێنانی دامودەزگای خۆماڵی بۆ خۆبەڕێوەبردن، پێش ئەو دەسپێشخەرییەش، هەر دوای داگیرکردنی هەندێ ناوچەی ئێران، مەهاباد کەوتە بەر مەترسی هێرشو تالانی هەندێ تیرەو هۆزی کورد خۆی، ئەو لەهەموو کەس زیاتر بەپەرۆش بوو. لەدانیشتنێکدا لەگەڵ (مامۆستا مەلا رەحیمی عەبباسی)و قسەو باسو پرسیار لەسەر بارودۆخەکەو ساتەکانی ئەو رۆژگارە ئەم سەر گوزەشتەیەی لەزمانی حاجی سەید عەلی حەسەن پوور بۆ باس کردین:

شەوێکی لەدەرگا درا... کە کردمەوە، روانیم قازی محەممەد بۆ خۆی بوو، پاش سەلامو هەواڵپرسین، گوتی: تفەنگت هەیە؟ گوتم: بەڵی، گوتی: دە هەستە چیت فیشەکیش هەیە هەڵیان بگرەو بابڕۆین، گوتم: بۆ کوێ؟ گوتی: دەڵێن ئەمشەو مەنگوڕ دێنە سەر مەهاباد. پێکەنیم گوتی: بۆچی پێدەکەنی! دەزانم دەڵێی قازی... ئێمە بەدوو تفەنگ چیمان پێدەکرێ.. ئنجا گوتی: دەسا خۆت...، چونکە ئەوان بەشەو دێن... کە تەقە رووبەڕوویان دەبێ، ئەوان نازانن ئێمە چەند تفەنگین...

وا دەزانن پێنج سەد بۆیان دانیشتوون.. ئەو شەوە چووین، بەڵام هیچ رووی نەدا. بۆ سبەینێ کە پێشەوام دیتەوە پرسیم: کەچی کردووە؟ گوتی: بۆ ئەمشەوی سێ سەد چەکدارم هەیە.(8)

زۆر مەبەستی بوو ئارامو ئاسایش باڵ بەسەر کۆماردا بکێشن، هەر زوو پۆلیسو پارێزەرانی ئاسایش بۆ مەهاباد رێکخران.

چەند گەلەکەی خۆش دەویست هێندەش بەتەنگ گەلانی ترەوە بووە، چونکە: "چوارچێوەیەکی فیکری زۆر بەربەرینی هەبوو نێو نەتەوەیی بیری دەکردەوە، هەموو نەتەوەکانی دنیای خۆش دەویست." "ماوەیەکی زۆر بۆ زمانو ئەدەبیاتی کوردی داناو بایەخێکی زۆری پێدا، رەنگە وجودو دەوری چالاکانەی دوو شاعیری گەنج، هەژارو هێمن، لەو هەلوێستەی قازیدا فرە تەئسیری هەبووبێ."(9) بۆیە لای مەبەست بوو کە زمانی کوردی پێش بکەوێو پاکژ بکرێ، بۆ پاککردنەوەی زمانەکە لەوشەی ئەو زمانانەی لەرێی داگیرکردنو سەپاندنی کولتورێکی نامۆ بەکورد کاری خۆیان کردبووە سەری، کۆرێکی دامەزراند تا وشەی فارسیو عەرەبی بەوشەی کوردی بگۆردرێن.

هاتنە مەیدانی سیاسییەوە:

سەرەتای چالاکیو هەستی نیشتمانپەروەریو خۆشەویستی نەتەوە لای قازی محەممەد هەر بە سۆزێکی سادەو دوور لەچالاکییەوە نەوەستا، بەلکو بەهۆی ئەوانەوەو سەبارەت بەوە کەلەخێزانێکی ناسراوو نیشتمانپەروەردا پەروەردە بووبوو، هەر لەسەرەتای ژیانییەوە تێکەلی چالاکی سیاسی بوو. "لەسالەکانی 1927-1930دا کۆمەلێکی زۆر بچووکی سیاسی کورد دامەزرابوو کەلەگەل راپەرینی ئاراراتو خۆیبوون پەیوەندی هەبووە، وە لەگەل کوردستانی عیراقیش جاروبار پەیوەندی رادەگرت، ئەوانەی لەبەرێوەبردنی ئەم کۆمەلە بچووکەدا ناسرابن بریتی بوون لە: (قازی محەممەدی شەهید، شێخ ئەحمەدی سربلاوا، قازی کاکە حەمەی بۆکان، مەلا محەممەد صادقی قزلجیو مەلا ئەحمەد فەوزی)(10)

ئەو جۆرە پەیوەندییە سیاسییانە، لەگەل رۆژدا فراوانتر دەبوون، زیاتر لەسەر گۆرەپانی تەسکی سیاسەتی ئەو سەردەمەدا لای رۆشنبیران دەردەکەوت، بۆیە هەندێ لەرۆشنبیرانی کۆمەلەی (ژ.ك- کۆمەلەی ژیانەوەی کورد) کەوتنە سەر بیری خۆنزیککردنەوە لێی تالەئۆکتۆبەری 1944دا لەکۆبوونەوەیەکی نهێنیو تایبەتی، بوو بەئەندامی کۆمەلەو ناوی نهێنی(بینایی) لێنرا." هەرچەندە قازی محەممەد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی نەبوو، بەلام رابەرو دەمراستی کۆمەلە هەر ئەو بوو.(11)

دوای ئەم رووداوە، ژ.ك گەشەی چاوێنی دەست پێکرد، دانیشتوانی شارو دێهاتی هەر لەمەهابادەوە تا شنۆو نەغەدەو بۆکانو سەروی سەقز کەوتنە سەر بیری

هاوبەشی کردن، زۆر لەتیرەو هۆزەکان بەهاندانی سەرۆکەکانیان لە ژ.ك-دا بوونە ئەندام، پەیوەندی بەبەشەکانی تری کوردستانەوە زیاتر دەبوو، لقی کوردستانی عیراق کەبەلێپرسراوەتی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دامەزرابوو، چالاکییەکانی زیاتر دەبوو.. بەنامەیەکی تایبەتی پەیوەندی بەبارزانی، کە رابەری شۆڕشەکەی بارزانی دەکرد، کرابوو. تالەمەرامو مەبەستی بگەن، بۆ نەخشەی هاوکاریو یارمەتی .

لەو سەردەمانەدا کە چالاکیو هاتوچۆ زیاتر دەبوون، قسەو باس لەسەر دامەزراندنی کۆماریَ بۆ کورد گەرمتر دەبوو، سۆڤیەتەکانیش ئامۆژگارییان کردبوو کە کاتی ئەوە هاتووە لەجێگەی کۆمەڵەی ژ.ك حیزبێکی دیموکرات دابمەزرێنریَ. ئەم بیرە لەناو رۆشنبیرانی کۆمەڵەشدا قسەی لەسەر دەکرا. هەر وەك هێمنی شاعیر باسی دەکات:

دەستەیەك لەڕووناکبیرانو ئەندامانی کۆمەڵەی ژ.ك هاتنە سەر ئەو بڕوایە کە جێبەجێکردنی بەرنامەی کۆمەڵە لەهەلومەرجی ئێستای جیهانو کوردستاندا ئیمکان کەمە، بۆیە بەرنامەیەکی کورتو نوێیان کەلەگەڵ هەلومەرجی ئەو سەردەمەدا دەگونجا گەلاڵە کردو لەڕۆژی سێی خەزلوەری 1324-1945 یەکەم کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەشاری مەهاباد گیرا." (12)

رۆڵی قازی محەمەد لەخەملاندنی بیری دامەزراندنی حزبی دیموکراتی کوردستان، بەبەستنی یەکەم کۆنگرەو داڕشتنی بەرنامەو نووسینی ئاگاداری لەمەڕ دامەزراندن، زۆر دیارو کاریگەرو بوو. بەتایبەتی هەموو لەبەردەم گۆڕانێکی گەورەتردا بوون، جەماوەری حزبەکەو رێکخستنەکەی، بەجۆرێ بەرین بوو کە نەدەتوانرا بەماوەیەکی کورت بیانگرنە باوەش، داخوازییە: کۆمەلآیەتی، ئابووری، رۆشنبیریو سیاسییەکان روونو ئاشکراتر کران، قازی محەمەد وەك رابەری حزب جێگەی پتەوترو خۆشەویستتر دەبوو، ئەو گۆڕانەی کە هەمیشە جێگەی رەخنەو مشتومڕ بووە "ئامانجە مێژووییەکەی نەتەوەی کورد" کە کۆمەڵەی ژ.ك کردبوویە دروشمو ستراتیجی خۆی، "یەکگرتنەوەو سەربەخۆیی کوردستان" گۆڕدرا. ئەگەر لەڕووی باری نێو دەوڵەتان، هەڵوێستی یەکێتی سۆڤیەت، بارودۆخو هەلومەرجە خۆییەکان، جیۆپۆلیتیكو جیۆستراتیجی لەمەڕ کوردستان، رژێمی تارانو هەڵوێستی گەلی فارس بەرامبەر مافی چارەنووسی کورد، بیروڕای حیزبە ئێرانییەکان بەچەپو

پێشکەوتنخوازەکانیشەوە...هتد ئەگەر بەلەبەرچاوگرتنی جۆری سازانی ئەوانە لەگەڵ ئەو گۆڕانە، وەك هەنگاوێ لەوەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکان، ئەو هەنگاوە بۆ ئەو گۆڕانە، بنرخێنرێ، وا بۆ ئەو سەردەمە هەر دەتوانرا ئەوە بکرێ، چونکە کاروبارو رووداوەکان نەلەدەست کورددا بوون و نەبەحەزی کورد دەسووڕان. بۆیە تائیرە هەڵەیەك نەکرابوو کە زیانی گەورەو راستەوخۆ لەجووڵانەوەی نیشتمانی کوردو کۆمار بدرێ، بەڵام هەڵەی گەورە لەوەدابوو کە ئەو گۆڕانە کرا بەستراتیجی جووڵانەوە، تا ئەو کاتەو تائەوێ گۆڕانەکە بەخۆگونجاندن بوو لەگەڵ هەلومەرجەکاندا. بەتایبەتی ئەوە زیاتر لەبەرنامەو لەپرۆسەی گفتوگۆدا دەردەکەوت، بەڵام لەناو مامەڵەو ناوکرداردا: جەمهوریەتی کوردستان بەدامودەزگای وەزارەت و بەڕێوەبردن، سوپاو هێزی چەکدار، ئاڵای سێ رەنگ، مامەڵەی سیاسی و دیپلۆماسی و پەیمانبەستن، وتوویژ وەك لای دووەمی خاوەن قەوارەیەکی یاسایی و مەعنەوی، میدیاو رادیۆو چاپەمەنی، زمانی کوردی کردنە زمانی خوێندن و رەسمی...هتد ئەوانە هەمووی لەناو دیدی سیاسەتمەدارانی رژێمیشەوە، دووربوون لەخودموختاری.. زیاتریش لەوە هەر لەیەکەم کۆنگرەی ئەم حیزبە تازە بەوەڵەد بووە، لەئاگادارییەکەی لەمەڕ کۆنگرەدا دروشم و ئامانجە ستراتجییەکە زۆر بەئاشکرا تۆمارکراو دانی پێدانرابوو، رۆژنامەی کوردستان-ئۆرگانی حزبی دیموکراتی کوردستان لەژمارە (302) لەژێر سەرباسی وتاری سەرەکییدا:

تێوەرسووڕانی پێنجەمین وەرزی هەوەڵین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان نووسیوێتی: پێنج وەرز لەمەوبەر دە بەرواری 2ی مانگی خەزەڵوەردا هەوەڵین کۆنگرەی حزبی دیموکراتی کوردستان لەبازێری مهاباد بەاشتراکی 270 نفر نوێنەرانی تەواوی چینەکانی کوردستانی مەزن ساز بوو.. وەکی معلومە لەدوژمنانی نەتەوەی کورد ایمە دایمە داوایان دەکرد کە گوایا ییکەتی ارادەو امانج دەنێو نەتەوەی کورددا دەگۆڕێ دا نیە.. بەڵام دیسانەکەیش ارادەی ییکەتی خوازی پی بی هێز نەکراو لەکوردستانی داگیرکراوی سوریەو عراق و تورکیەدا چەند نوێنەرێك بۆ اشتراك کردن دە کۆنگرەدا، هاتنە مهابادی، نوێنەری کوردستانی داگیرکراوی عراق دە کونگرەدا رای گەیاند "کەدەبێ تەواوی کوردستان ییك کەوێت مرامی حزبی دیموکراتی کوردستان رزگارکردنی تەواوی کوردستانی داگیرکراوە.. نوێنەرەکانی

کوردەکانی سوریە گووتی کە: ایمە بەتەواوی هێزی خۆمان حازرین کەبەگوێرەی مرامنامەی حزبی دیموکراتی کوردستان تێبکوشین و ئەمن سلاوی گەرم و گوڕی دانیشتوانی کوردستانی سوریەو لوبنان بەخەڵکی قارەمانی مهابادو بە نوێنەرانی کۆنگرە رادەگەیەنم... پێشەوای شهیدی نەتەوەی کورد قازی محمد دەو کۆنگرەیەدا نتقی کردو لەپاش بەخێرهێنانی نوێنەران و دووان لەمەڕ ئەو مەبەستانەی ژوورووی رای گەیاند کە ....هتد دە هەوەڵین کۆنگرەی حزبی دیموکراتی کوردستان دا ریزە قرارێك قبوڵ کرا... هەروەها کۆنگرە لەپاش تەواوکردنی کاروباری خۆی اگاداریيکی بلاوکردەوە... هەوەڵین کۆنگرەی حزبی دیموکراتی کوردستان لەپاش چەند رۆژ سکالا بەاشتراکی نوێنەرانی تەواوی نەتەوەی کورد ئەو نتیجەیەی وەدەست هێنا کە دەبێ کوردستان رزگارو سەربەست و ییك بێت..نهایت کۆنگرە بەسەرۆکایەتی قاضی محمد کومیتەی ناوەندی هەڵبژاردو پێی ئەسپارد کە لەوروا بەگوێرەی مرام و نظتمی تصویب کراوی کونگرە دەست بەکار بکات."(13)

لەوەدا دەردەکەوێ کە ئەو دامەزراندنەی حزبی د.ك لەجێگەی ژ.ك، نەبووە هۆی وەلانانی یەکجارەکی و پێچانەوەی ستراتیجەکە. ئەوەی نائاسایی و بەزیان بووە لەو کارەدا ئەوە بوو کە خودموختاری لەدوای کۆماریش کرا بەتەوقێك و خرایە گەردنی جووڵانەوەی نیشتمانی کورد، دوایی تریش وشەی ئێران یش لکێنرا بەپاشکۆیەوە، کارە خراپەکە لەوەدا بوو کە کوردستانی عیراقیشی گرتەوە، بەجۆرێ کە تائێستاش نەتوانراوە ئەو تەوقە بشکێنرێ و هیچ لایەك تەواو خۆی لێ رزگار نەکردووە.

ئەگەر دامەزراندنی ح.د.ك لەجێگەی کۆمەڵەی ژ.ك بەخواستی رێکخستنەکەی ژ.ك نەبووایە، تەنانەت بەخواستی لێپرسراوانیش نەبوایە، کارێکی نائاسایی و سەپێنراو بووایە، وادەبوو ئەو ناڕازییانەی ناو کۆمەڵە ملیان بۆ ئەو سەپاندنە دانەنەواندایە، یا کاریان نەکردایە.

یادەبوو پاش لێکهەڵوەشاندنی کۆمار ببوژایەتەوەو بکەوتایەتەوە خەبات، دەبوو حزبی دیموکرات بڕووخایەو جارێکی تر سەری هەڵنەدایەتەوە، هەر وەك چۆن ژ.ك سەری هەڵنەدایەوە، کەچی وەك دەزانین ئەوانە هیچیان روویان نەدا، بەڵکو پێچەوانەکەشیان رووخساری جووڵانەوەی نیشتمانی کورد بوون، بەلام بەتەوقەکەوە.

بۆچی؟ چونکە رابەڕانی نوێ دەرکیان بەجیاوازیی هەلومەرجەکانی ئەو دوو پلە تەواو لەیەکجودایە نەکرد.

لەدایکبوونی جەمهورییەتی کوردستان رادەگەیێندرێت:

دوای دامەزراندنی حزبی دیموکراتی کوردستان و دووەم سەفەری نوێنەرانی کورد بەسەرۆکایەتی قازی محەممەد بۆ باکۆو گەڕانەوەیان... مەهاباد و ناوچەکانی دەوروبەری روخساریان تەواو گۆڕا، خەڵك چاوەڕوانی ئەو رۆژە مێژووییەیان دەکرد کە سەدان ساڵ بوو خەویان پێوە دەبینی. پاش چوار ساڵ لەبێدەنگی یەکێتیی سۆڤیەت، وا رەزامەندی خۆی نیشاندا بۆ دامەزراندنی کۆمارێکی خودموختار، دوای ئەوەی تەقەلای بەستنەوەی کورد بەپاشکری ئازەرەوە لەبەردەم پێداگرتنی کورددا بەتاڵ بووەوە.

رۆژی 2ی رێبەندانی 1324(22جانیوەری 1946) لە چوارچراو بەئامادەبوونی دەیان هەزار کەس، لەدایکبوونی" جەمهورییەتی کوردستان" راگەیەنراو پێشەوا قازی محەممەد بەسەرۆککۆمار هەڵبژێردرا.

دامودەزگاکانی، هەر لەکابینەی وەزارەت و ئیدارە گشتییەکان تا قوتابخانەو دایەرە جۆربەجۆرەکان دامەزرێنران، یان شێوەو دارشتنی نوێیان گرتەخۆو کەوتنەکار.

خەسڵەتە هەمەجۆرەکانی کۆمار، نیشتمانی و ئازادو دیموکرات، خۆشەویستی جەماوەر بۆی، باری ئاساییش و ئامادەیی خەڵك بۆ فیداکاری، سروشتی نەتەوایەتی و هاوپەیوەندی بەبەشەکانی تری کوردستانەوە، پەیوەندی دۆستانەو چارەنوسگرێدراو لەگەڵ ئازەربایجان، باری سەربازی و شەڕو پێکادان، وتووێژو نەشەڕو نە ئاشتی، باری ئابووری وگوزەرانی خەڵك، باری رۆشنبیری و خوێندەواری، میدیا و رادیۆو چاپ و چاپەمەنی..هتد لەو ماوە کورتە کەمتر لەیەك ساڵدا، کارو شوێنەورای چاوێنی ئەو ئەزموونە بوون، لەگەڵ ئەو هەموو گیروگرفت و تەنگوچەڵەمانەی کەرۆژانە رووبەرووی دەبوون.

"ئەمن لەگەڵ رۆژنامەنووسێکی ئەمریکایی و یەکێکی فەرانسەیی چووینە مەهاباد کەبەچاوی خۆمان کۆماری خودموختاری کوردستان ببینین و لەگەڵ سەرکۆمارەکەی

قازی محەممەد وتوویژ بکەین. ئێمە بەتەواوی بۆمان روون بووە کە ڕێوشوێنێکی کۆماری ڕێكو پێکی کورد وجودی هەیە... ئێمە بەدیتنی قازی محەممەد هەستمان کرد کەناوبراو نفوزو بەڕێزی‌یەکی کاریگەری هەیە لەنێو زۆربەی گەلدا.. قازی پیاوێك بوو خاوەنی جەسارەتو ئازایەتیو بەکاری یەکی بێوێنە، خاوەنی مەنتیقو وتاردەرێکی کاریگەرو بەبڕشت بوو و بەتەواوی هێزی خۆیەوە تێدەکۆشێ ڕێوشوێنی کوردستان لەسەر بنچینەیەکی پتەوو قایمو خاوێنی دیموکراسی، بگۆڕێت.(14)

-(لەکۆلانو شەقامەکانی مەهاباد بەئاشکرا دەکرا گوێ بدەیتە رادیۆکانی ئیستەنبڵو لەندەن، بەلام لەتەوریز گوێدان بەم رادیۆیانە تاوانێکی مەزن بوو سزای مەرگی بۆ داندرابوو.(15)

مامەڵەی دیپلۆماسی لەناو هەلومەرجێکی ئالۆزدا:

جیوپۆلیتیك وەك هاوپەیوەندی نێوان جوگرافیاو سیاسەت، وەك زانستی لێزانینی هۆو زەمانو شێوەی کارتێکردنی فاکتەرە سروشتییەکان لەسەر جێگەو دەوربەر لەمامەڵەی دیپلۆماسی، کە تاڕادەیەکی دوور کەئاڕاستەکراوی ڕۆلی (یەکە) جوگرافییەکانە لەبڕیاردانی سیاسەتی دەوڵەت. ئەم لقەو لایەنە هەستیارە تەواوکەرەکەی (جیۆستراتیجی) کە هاوپەیوەندی فاکتۆرە جوگرافییە کارتێکەرەکانە لەسەر ستراتیجی دەوڵەت دەستنیشانو پێناسە دەکا.. (16)

لەمەوە دەتوانرێ بگوترێ، رادەی راستو دروستی بڕیاری سەرکردەو سەرکردایەتی لەکێشەی هاوپەیوەند بەوانەوە، تاڕادەیەکی دوور بەستراوەی ئاستی شارەزاییو تێگەیشتنی باری جیۆپولیتیكو جیۆستراتیجە.

ئەگەر ئەو پرنسیپە گشتییانە لەگەڵ تایبەتێتییەکانی جێگەی جوگرافی کوردستان بەگشتیو کۆمار بەتایبەتی سەرنج لێبدرێن، وا توندو تۆلتر ئەو هاوپەیوەندییانە خۆیان دەنوێنن، یەکتر دەگرنو زیاتر رووداوەکان، لە مامەڵەی سیاسیو لەپرۆسەی دیپلۆماسیدا ئەوقی خۆیان دەکەن...بۆچی؟ ئەوە سەبارەت بەگەلێ هۆی تایبەتە بەکوردستان، لەڕووی: دابەشبوون بەسەر چەند دەوڵەتێکدا، فرە دوژمنو ئابلۆقەی کوردستان، دابەشبوونی هێزی مرۆڤیو ئابووریو زەمینی کوردو نیشتمانەکەی، کە جگە لەکاری پڕ لەزیانیان، بوونەتە هۆی زەمینە خۆشکردنیش بۆ

دەرپەڕاندنی رۆڵی فاکتەری کورد، وەك هێزێکی مرۆڤی گەورە، رۆڵی خەسڵەتە ستراتیجی و ئابوورییەکانی کوردستان، لەناو ستراتیجی زلهێزەکان لەناوچەکەدا... سەرباری شێواندنی سروشتی گەشەکردن و روخساری جووڵانەوەی نیشتمانی و ئامانجەکانی . ئەم دیاردەیە هەر لەو سەردەمەی پێش کۆمارەکەوە، تائێستاش یەکێکە لەو هۆ گرنگانەی کە کێشەی کوردی لەزۆر لاوە زیاتر ئاڵۆزو دابڕاوو بێ دۆستی ستراتیجی کردووە، بەجۆرێ کە تەنانەت لەمێژووی جەنگی سارد، بەشێوە کلاسیکییەکەی، ناکۆکی و ململانێ نوێیەکان، رۆڵێکی نەبێ یان نەیدرێتێ، یارۆڵێکی کاریگەرو کارتێکەری وای نەبێت.(17)

ئەگەر لەگەڵ ئەوانەدا، کۆی کێشەو تەگەرەو گرفتە جۆراوجۆرەکانی ناوخۆو دەوروپشت بهێنینە بەرچاو، لەبەر رووناکییان نرخاندنێکی بابەتییانەی دیپلۆماسییەتی سەرکردایەتی کۆمار بکرێ، بەرەچاوکردنی تەنها دەربازگەی ئازەربایجان-سوڤیەت، بەهەموو گرێ و گۆڵ و کۆسپەکانییەوە، لایەنی تاران و گفتوگۆ، کەلەراستیشدا، کوێرڕێیەك بوو، دەشبوو وازی لێنەهێنرێ، وەکەبەسوودی تاران و چەواشەکردنی کورد کۆتایی دەهات.. وا دەزانرێ کە مامەڵە دیپلۆماسییەکە چۆن پێچراوەی ناو کێشە سەختە لەچارەسەر نەهاتووەکان بوو.

گومانیش لەوەدا نییە کەرادەی سەرکەوتنی سیاسەتێ، مامەڵەیەکی دیپلۆماسی، بڕیاری سەرچاوەو ئەندازیاری سیاسی، زیاتر هاوپەیوەندی خورتیی هێزو مەڵبەندەکەیەتی، دوای فاکتەرە نێودەوڵەتییەکە کە بۆ ئەم قەوارەیە، سەرەکی و بنچینەیی بوو. لەگەڵ هەمووئەو هەلومەرجانەی سەنگی خۆیان لەناکۆکی و ململانێیەکەدا دەبینن.

هەر لەسەرەتای دامەزراندنی خودموختارییەکەی کوردەوە(1942) لەو بەشەی کوردستانی رۆژهەڵاتدا، بە گشتی و، لەدامەزراندنی کۆمارەکەوە بەتایبەتی، سەرباری ئەو هەموو گرێ و گۆڵ و کێشەو ئاڵۆزییانەی ناوخۆ، هەرێمی و نێودەوڵەتاندا، هەروەك قەوارەیەکی سەربازی، تەمەنی کورتی لەناو کرژیی سەربازی، شەڕو پێکادان، نەشەڕو نەئاشتیدا بردەسەر.

لەسەر ئەو زەمینەیەو لەناو ئەو ئاووهەوایەدا بوو کە پێشەوا مامەڵەی سیاسی و دیپلۆماسی خۆی دەکردو دەجوڵا. رووی سیاسی و رۆڵی رابەریی قازی محەممەد،

هەر لەیەکەم سەفەری نوێنەرانی کورد بۆ باکۆ(سەرماوەزی 1320) کە نوێنەرانیسۆڤیەتەوە دەستنیشان کرابوون، دەرکەوت، کەزیاتر بۆ ناسینو ئاشنایەتی بوو، هەرچەند بەسەفەری فەرهەنگی ناو دەبرا، بەڵام سروشتی سیاسی شاراوە نەبوو، زیاتر لەوە نوێنەرانی دانیشتوانی ناوچەیەك بوون، بێخاوەن، لە رووی حکوومەتەوە، چونکە دامودەزگای تاران یا نەمابوو یارۆڵی لەدەست دابوو، ناوچەیەکیش بوو کەلەمێژەوە رۆڵی سیاسی خۆی بینیبوو، هەرچەندە لەو سەفەرەدا هیچ دەستگیر نەبوو، بەڵام دیسان کورد بێ ئومێد نەکرابوو، جگە لەوە قازی محەممەد تاڕادەیەك لەبیروڕای سۆڤیەتەکان حاڵی ببوو زیاتر ئاشنایەتی پەیداکرد.

لەگەڵ ئەوەشدا قازی محەممەد دۆستایەتی خۆی لەگەڵ ئەو رۆژئاواییانەی لەناوچەکەدا بوون باشتر دەکرد، بە مەبەستی دۆست پەیداکردنو سوودوەرگرتن لەهەلە رەخسیوەکە.

"لەسیپتامبەری 1941دا دوو ئەفسەری ئینگلیزیو ئەمەریکایی گەیشتنە مەهاباد، بەهۆی ژنێکی نەرویجییەوە، پلانێکی نادیار بۆ کوردستانێکی گەورە خرایە بەردەمیان، بەڵام ئەفسەرەکان هیچ جۆرە هاندانێکیان لێدەرنەکەوت، ئیتر دوای ئەوە بوو کە گفتوگۆی سیاسیانی کورد لەگەڵ رووسەکاندا دەستی پێکرد.(18)

"ئارچی رۆزفلت" کەئەفسەرێکی موخابەراتی ئەمەریکایی بوو لەسەفارەتی وڵاتەکەی لەتاران، هاتوچۆی مەهابادی کردبوو پێشەوای بینیبوو، هەر لەبەر هەمان هۆو را ئەو پەیوەندییە ئاشکرا دەکات، وەکوو لەدواییدا باسی دەکەین.

هەوڵێکی تری راستەوخۆی پێشەوا قازی محەممەد لەگەڵ ئینگلیزەکان بوو، دوو نوێنەری خۆی نارده تەورێز تا کونسولەکەیان ببینن بۆ ئەوەی لەئایندەدا پەیوەندی رەسمی ببەستن، بەڵام "عبدالرحمن زەبیحی"و "علی ریحانی" وەرامێکی نادیارو بێ ئومێدیان دەستگیر بو."(19)

هەرچەندە پێشەوا رابەری ئاینیش بوو، بەڵام لەگەڵ گەشەکردنی شارستانییەت بوو، ئاسۆی بیرو روانگەی بۆ جیهان کراوە بوو... "هەر لەسەرەتاوە چەند پروتستانتێکی ئەمریکاییو دکتۆرێکی ئەڵەمانی دۆستی بوون لەمەهاباد".(20)

هەمیشە لەگەڵ ئەو بیانییانەی کەلەوەختو ناوەختا دیدەنی مەهابادیان دەکرد گەڵێ بەڕێزەوە رەفتاری لەگەڵ دەکردن، دۆستایەتی لەگەڵ ئەمەریکاییەکاندا گەرم بوو".(21)

کاتێ پێشەوا لەتاران دەبێ بۆ وتوویژ لەگەڵ سەرەك وەزیران قوام ولسەڵتەنە لەدیدەنییەکی رۆژنامەی (رهبر) لەناو پرسیارەکانیدا ئەم پرسیارەش دەکات: "بۆچی فرانسەوی راجع بەمسئلەی کورد زۆر علاقە دەنوی نی و ایا ئەو خبرەی فرانسەوی بەزمانی تووە گوتویە:"ایمە هەر وەختێك کە کەیفمان لێ بێ کرماشان وەدەست دەگرین" راستە یان نا؟

وەڵام من پێم وایە فرانسەوی دەگەل کوردان نزرێکی خراپیان نیە، لەسوریە ئەوەندەی لەدەستیان هاتبی کومەکیان بەکوردان کردوە. راجع بەخبرێکی مخبری فرانسە لەزمان منەوە گتویە، هەوەل ئەوەیە کە ئەم قسەیە بۆ ئێستاکە ایمە لاگیری ئەوەین مسئلە بەمسالمەت حل بی مربوت نیە، دووەمیش ئەمەیە کە منظور دە دەست گرتنیکی غاسبانەو امپریالیستی نەبووە بەلکو مقصود ازادکردنی بەشیك لەهاونیشتمانانو کۆمەڵێکی پتر بەازاد تەواوی ایران بووە. دیسانیش دەلیمەوە کەدەولەتی ایستا ئەو جورە نظریانە کە هی زەمانی حکومەتە ارتجاعیەکانی پیشوە لەناو دەبا."(22). کێشەی گەورەی بەردەم دیپلۆماسیەتی پێشەوا قازی محەممەد، هەر ئەوانە نەبوون، بەڵکو ئاڵۆزتر لەوانە لەوەدا بوون کە دۆستەکانیشی لەناو جۆرێ لەپیلانو ئەوقکردنو لاوازکردنی کۆماردا بوون، نەك هەر لەڕووی سیاسییەوە بەڵکو لەڕووی ئابووریو چەكو ئازووقە، سیاسیو یاسایی، کێشەدروستکردن، ناکۆکیو ململانێ لەسەر سنوور، بەتایبەتی کاتێ کەئازەرەکان پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە شارەکانی (خۆی، سەلماس، میاندواوو ورمێ) کورد نینو دەبێ لەناو سنووری کۆمارەکەیاندا بن، گفتوگۆو دانیشتنو دووجار سەفەری پێشەوا بۆ تەورێز بێ ئەنجام کۆتایی دەهاتن.

دیارە ئەمەش هەر لەناو بەشێکی نەخشەی پاشەڕۆژ سەیری دەکرا. بەتایبەتی سیاسەتی رووسەکان چەند سەری بووەو بۆ هەر لایەك ئامانجێکی دیاری بۆ دانراوە:

رووی سیاسەتی رووسەکان بەرامبەر بەئێران دوو لایەنیو دوو ڕوو بووە، مولۆتوف، وەزیری دەرەوە لەگەڵ سادچیکوف سەفیریان لەتاران لەگەڵ وەرگرتنی

ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتی سەرووی ئێران."بیریا" دەستەڕاستی ستالین‌و باقرۆف سكرتێری یەكەمی حیزبی كۆمۆنستی ئازەربایجانی شوورەوی جارەها قسەیان لەسەر پێوەلكانی ئازەربایجانی ئێران بەتەعبیری ئەوان"ئازەربایجانی خواروو" بەبەشەكەی سەروو كردووە."(23)

لەگەڵ ئەو بارو دۆخ‌و گوشارو نائارامییەی ئەو هەڵویست‌و سیاسەتانە خولقاندبوویان:

خاڵی سەرنج ڕاكێشەر لەحكومەتەكەی قازی محەمەد ئەوە بوو كە نفوزو دەستێوەردانی كاروباری ناوخۆی رووسەكان لەكوردستاندا كەمتر بوو بەنیسبەت ئازەربایجانەوە. قازی هیچ كاتێ لەبیرو بڕوای خۆی دوودڵ نەبووە، لەسەر جێبەجێكردنی فەرزەكانی ئاینی خۆی لەهەموو هەلومەرجێكدا رۆیشتوە، تەنانەت لەكۆبوونەوەكەی باكۆدا، بەئامادەبوونی باقرۆف لەناو باس‌و گفتوگۆدا، لەكاتی نوێژدا، داوای لێبوردنی كردووەو هەستاوە نوێژی خۆی كردووە."(24)

پێشەوا بەسەبرو خۆڕاگرانە مامەڵەی واقیعە تاڵەكەی دەكرد، ئەو هەڵوێستە خراپ‌و گیروگرفتانە بێ تاقەت‌و بێ ئومێدیان نەدەكرد. كاتێ لەسەر راسپاردەی رووسەكان چۆتە تاران، بۆ گفتوگۆ لەگەڵ قوام السلطنە، سەفارەتی سۆڤیەت دەعوەتی دەكەن، وەك پێشەوا چاوەڕوان بوو، وا پیشوازی لێنەكرا، زیاتر، ئامۆژگارییان بۆی ئەوە بوو كە لەگەڵ لێپرسراوانی تاراندا نەرم‌و لەسەرخۆ بن. لەلایەكی دی. گلەیی ئەوەشیان لێكرد كەلەگەڵ ئازەرەكاندا رەفتاری باش نییە.

بەرامبەر بەوە قوام‌و لسەڵتەنە زیرەك‌و فێڵبازانە لەسەر چەند پەتێ یاری دەكرد، سەرەڕای: گەرمكردنی پەیوەندی لەگەڵ رووسەكاندا، گفتی ئیمتیازی دەرهێنانی نەوت، نەخشەی گوشار خستنەسەر سۆڤیەت تالەشكری سوور بكێشێتەوە بۆ وشككردنی سەرچاوەی هاوكاری‌و یارمەتی بۆ كوردو ئازەر، لەسەر رێبازی ئاژاوەنانەوەو بەگژاكردنی هەردوو كۆمارەكەش كاری خۆی دەكردو پیلانی دەگێڕا، بەتایبەتی لەپرۆسەی گفتوگۆدا، جارێ لەگەڵ تەورێز بەدابڕانی مەهابادو گوێنەدانە كورد، جارێ بەهاندانی كورد بۆ بەگژاكردن‌و شەڕهەڵگیرسان، "لەدانیشتنێكی مەنافی كەریمی، وەزیری فەرهەنگ، لەگەڵ سەرتیپ ایروم‌و سەرهەنگ پزیشكیان

کەلەئاووهەوایەکی دۆستانەدا گفتوگۆیان دەکرد، پێشنیاریان کرد کەپێویستە کورد وەك تەواوی خەڵکی ئێران لەدژی رژێمی ئازەربایجان بێنە ناو شەڕەوە."(25)

سەرەڕای ئەوەی پەیمانی سەربازی لەنێوان هەردوو کۆمارەکەی کوردو ئازەردا ئیمزاکرا بوو(3ی بانەمەڕی 1325)دیسان ئازەرە ناسیۆنالیستەکان لەناو بەهێزکردنی خۆو گەیشتنە مەبەستەکانیان دەجوولان، کاتێك وەفدێکیان بەسەرۆکایەتی "پێشەوەری"گەیشتە تاران کە "حەمە حوسەین خانی سەیفی قازی" نوێنەری کورد بوو، لەهەموو ئەو دانیشتنانەی لەگەڵ "قوام السلطنة"و"سادچیکۆف"دا دەکران نوێنەرەکەی کورد بێبەش دەکرا(8ی بانەمەڕ 1325) دیسان کاتێ وەفدێکی تاران لە 25ی جۆزەدانی 1325دا بەسەرۆکایەتی "موزەفەری فەیروز" گەیشتە تەورێز لەکۆبوونەوەکانیاندا ئاوڕیان لەکورد نەدابۆوە. هەروەك بەشێکی ئازەربایجان حیسابی کۆمارەکەی کورد کرابوو.

کاتێکیش لەگەلاوێژی ئەو ساڵەدا پێشەوا لەگەڵ چەند لێپرسراوێکی تری کۆماردا چوونە تاران...لێرەشدا قوامو لسەڵتەنە بەلای کورددا دایشکاند، بەو مەرجەی کە تێکچوونی پەیوەندی کوردو ئازەری تیا مسۆگەر دەکرا، هەر وەك کەمێکی تر زیاتر روناکیی دەخەینە سەر ئەم لایەنە.

سەرەڕای ئەو هەموو هەڵوێستە نادروستانەی کۆماری ئازەربایجان، پێشەوا قازی محەممەد بەوەفا بوو بۆ بەڵێنو سوێندەکەی، هۆشیار بوو لەپیلانەکانی تاران، بۆیە، بۆ یەك ساتیش، بیری لەوە نەکردەوە کە کارێکی وەك کاری ئازەرەکانی، لێبوەشێتەوە.

گفتوگۆو خودموختاری

دوو لەو خاڵە گرنگانەی کە هەمیشە جێگەی مشتومڕو رەخنەو سەرنج بوون، وتووێژو خودموختاری بوون، چونکە لەڕاستیدا هەردووکیان لەناو بازنەیەکی بێ دەربازگەدا بوون، بووبوونە خاڵی ململانێ کە هەر یەکە بەلایەکی پێچەوانەی خواستی ئەوی تردا رایدەکێشا، تاران لەنەبوونی بڕواوە بەمەسەلەکە، بۆ وەخت بردنە سەر تائەڵقەکانی زنجیرەی پیلانەکە یەکە یەکە دەگەنە مەبەستی خۆیان، لەناو

دیپلوماسییەتی زیرەکانەی پڕ لەساختە بۆ مەبەستو ئامانجێکی روونی بێ گرێو گۆڵ بوو.

بۆ لای کوردیش: پێشەوا قازی محەممەد، لەناو مامەڵەی دیپلوماسیو تاقیکردنەوەکانی ئەو ماوانەو، لەبەردەم ئەو هەموو گرفتو کەلێنو کێشانەی، لەمەوبەر کەمە تیشکێکیان خرایە سەر. کەوتبووە سەر ئەو باوەڕەی کە دەبێ هەوڵی جیدی هەر بۆسەلماندنی ئەو خودموختارییە بێت کە دامەزرا بوو، هەر وەك گەیشتوبێتە ئەو سەرەنجامەی کە لەو تاکە دەربازگەیەوە دەتوانرێ شتێ بۆ کورد بکرێ. بۆیە سیاسەتو هەڵوێستی لەگفتوگۆدا هەر بۆ ئەو مەبەستە بووە، راستگۆو بەدڵ کاری تیا دەکرد، هەرچەندە لەناو وتارو راکانیدا نەیدەتوانی تەواو بیرو ئاسۆی بینینی بۆ پاشەڕۆژی نەتەوەی کوردو کێشەکەیو خواستەکانی خۆی بشارێتەوە، لەهەمان کاتدا، لەناو مامەڵەی سیاسیو دیپلوماسیدا، نەیدەویستو نەیدەهێشت کێشە لەوە زیاتر بۆ کۆمارەکە بخولقێت. دوور نییە هەر ئەم دیدو بۆچوونەش نەبووبێتە گرفتی رێگەی بیری رزگارکردنی ناوچەکانی تر.(26)

لەنامەیەکدا بۆ جەنراڵ حەمە رەشید خان زۆر بەوردی خانەی کێشەی کورد لەنێو گرفتە گەورە جیهانییەکەدا دەستنیشان دەکات:

هەر کارێکی جزئی ئەکەن دەبی لەگەڵ ئەوضاع بین الملل تطبیق بکری چەجای کاری مە کە کلیە لەبەرئەوی ئەمە مجبورین لەری صلحەوە تا ممکن بێ ناتوانین بەری دی دا بروین ئەو تاخیرەی هی وەیە دەنا ئەمن لەتۆ بە پەلەترم."(27)

بەڵام لەکاتی پێویستو جێگەی خۆیدا، سەربەخۆو ئازایانە رەفتاری دەکرد، لەشەڕەکانی سالْحاوا، قاراوا، سەرا، مامەشادا...، هەروەك سەرکردەیەکی سەربازی دەجووڵاو بڕیاری دەدا، دەچووە بەرەکانی جەنگو وتاری بۆ پێشمەرگەکان دەدا.(28)

کاتێکیش دوژمن بەهەڕەشەو گوڕەشە کەوتبێتە سەرباری گوشار خستنە سەرکۆمار، واپێشەوا وەرامی پڕ بەپێستی هەڕەشەکەی دەدایەوە:"لەدوای شەڕی سالْح ئاوا لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە زەربەیەکی پشت شکێن یان وێ ئەکەوێت... تێدەشکێنو ژمارەیەکی زۆریان لێ بەیەخسیر دەگیردرێ جا لەبەرامبەر هەڕەشەو گوڕەشەی رەزم ارادا قازی محەممەد نامەیەکی بۆ ئەنێرێ وەڵێ دەگێڕێتەوە

کەدەست لەشەر هەلاییساندن و براکوژی هەڵبگرێت و لەرێگەی وتووێژەوەو بەدانانی بەرێزی بۆ یەکتری مەسەلەکان جێبەجێ بکەن... کوردان لەهەرەشەو گورەشە ناترسن و کاتێك باسی هۆردوی ئێران و بەتایبەت باسی سەرۆکەکانی هۆردو دەکات ئەو شیعرەی فیردەوسیی و بیر دەخاتەوە کە بەم جۆرەیە:

اگرسربەسر تن بەکشتن دهیم

ازان بەکەکشور بەدشمن دهیم

ئەوە وەك دروشیش لەسەر بازگەکاندا هەڵواسرا بوو... پێشەواو سەدری قازی وایان بەمەسڵەحەت ئەزانی کە ئەو شیعرە بەم جۆرە لێبکەن:

همە سر بسر بەدشمن دهیم

از ان کە خودرا بەکشتن دهیم

جاسولیمانی-ح، پسیان (نجفقلی پسیان)و ئێگلتون دەڵێن: قوام و لسەڵتەنەو رەزمارای سەرەك ئەرکانی ئەرتەشی شا بەوە دەهری دەبن و قینێکی تایبەتی لەو قسانە هەڵدەگرن."(29)

زیاتر لەوەش: کاتێ قازی محەممەد بەگوێرەی داخوازی قوام سەفەری تاران دەکات و لەوێ لەگەڵ حمە رەزا شاشدا وتووێژێکی دەبێت..."حەمە رەزا شا گەلێك بەشاخ و باڵی ئەرتەشدا هەڵدەڵێ و لەقازی ئەگێڕێتەوە کەلەبەرامبەر ئەرتەشدا خۆراگری نەنوێنن، دەنا ئەتوانێ تەواوی کوردستان لەخوێندا بگەوزێنی... قازی محەممەد زەردەخەنەیەکی دێتێ و لەوەڵامی شادا بەسەرهاتەکەی ئەرتەش لەسەردەشت ئەگێڕێتەوە، ئەویش بەم جۆرە بووە کە: ژمارەیەکی زۆر لەئەفسەرو سەربازەکانی ئەرتەش لەسەردەشت تەسلیمی پێشمەرگەکانی کوردستان دەبن، پێشمەرگەکان تەماشا دەکەن ئەو ئەفسەرو سەربازانە وێڕای دانانی چەکەکانیان جلەکانیشیان دادەکەنن، پێشمەرگەکان ناهێڵن و دەیانبەن بۆ مەهاباد...، جلیان بۆ دەکڕن و لەرێگەی سەقزەوە بەرەو تارانیان ئەنێرنەوە."(30)

یەکێ لەو باسانەی لەناو پرۆسەی گفتوگۆدا باس کراوە:

دیاری کردنی ئوستانێکی نوێ بوە بەناوی کوردستان، کەلەسنووری سوڤیێتەوە تا ناوچەی کامیرانی نزیك کرماشان درێژ ببێتەوە، لەژێر چاودێری کاربەدەستانی کۆماری کوردستان وە قازی محەممەد بۆ ئوستانداری گشتی دیاری بکرێت... گوایا

قوام‌ولسەڵتەنە ئەو پێشنیارەی قبوڵ کردو بەمەرجێ کە دکتۆر سەلامولا چاودیی ئوستانداری ئازەربایجان دژی نەوەستێ، دیارە مەبەستەکەی سەرەك وەزیر زۆر روون بووە."(31)

دیسان کوڕی رەش(عەلی کوڕی قازی محەمەد) باسی هەمان پرۆژە دەکاتو دەڵێت ئەو بەڵگەنامەیەشی بەئیمزاکراوی لایە(32).

چیرۆکی وتووێژ، چ لەگەڵ تارانو چ لەگەڵ تەورێز، کەمێکی بەدەرەوەیەو زۆر لەدرێژەی باسو گفتوگۆکان، پرۆتوکولو رێکەوتننەکان شاراوەی ناو ئەرشیفەکانن لەگەڵ ئەوەشدا چوونە ناو وردەکارییەکانی زۆری پێدەوێو لەباسێکی وا کورتدا جێگەیان نابێتەوە. هەروەك لەپێشیشەوە ئاماژەمان بۆ کرد. پێشەوا بڕوای بەئاشتیو پێکەوە ژیان هەبووە.

بۆیە بەبڕواو هیواوەو گفتوگۆی کردوە، بەدڵو گیان هەوڵی سەرخستنی داوە.. هەروەك خۆی گوتوویەتی: دەبێ ئەوەی بزانین کە هەموو کاتێك کارمان بەشەڕو خوێن رشتن سەرناکەوێت، دەبێت لەڕووی سیاسەتیشەوە کاری خۆمان بەرەو پێش بەرین، گەلێك جار بەئاشتیو پێکهاتن ئامانجمان پێش دەکەوێ...(33)

خۆ ئەگەر لەڕۆڵی پێشەوایەتی قازی محەمەدەوە ئاوڕ لەپلەو پایەی کۆمەڵایەتیو ئایینیو ئابوورییو روناکبیریی بدەین، و هەموو ئەو لایەنانە روناکییان خراوەتە سەر، جگە لەلایەن ئابوری.. پێشەوا خاوەنی چەندین دێ بووە، سەروەتو سامانی خۆی هەبووە. وەسیەتنامەکەی ئەو راستییە دەخاتە بەردەست کە پێشەوا هەر خۆی بۆ میللەتەکەی تەرخان نەکردبو، بەڵکو سەروەتو سامانیشی لەخزمەتی کۆماردا بوو...

دیپلۆماسیەتی کورد لەناو سیاسەتو نوتقەکانی پێشەوادا

بۆ ئەوەی ئەو خسڵەتو سروشتانەو سیاسەتەکانی جەمهورییەتی کوردستان زیاتر روونبکرێنەوە، کە ئاشکراو بێ پێچو پەنا لەقسەو نوتقو چالاکییو دیدەنییو سەردانەکانی پێشەوا قازی محەمەد، سەرۆکی ح.د.كو سەرەك کۆمارو نەخشەکێشی سیاسەتی کۆماردا دەردەکەون، وا لێرەدا چەند نمونەیەك لەنوتقو دیدەنییو

ڕۆژنامەنوسیی و سەردان و کۆبونەوەو قسە لەسەر هاتن و چون و سەفەرەکانی دەخەینە پێش چاو*

بەداخەوە زۆربەی نامە، سەنەد، پاچەمەنی و ئارشیڤی سەردەمی دەوڵەتی جمهوری کوردستان لەمهاباد یان فەوتێنران و نەماون، یان ئەگەر لەولاتیش لای ئەمەو تەرا هێندێکیان مابن و لەکتێبخانەی هەندەارنیش بەشێك لەچاپەمەنییەکان دەستکەون، جارێ بەتەواوی هەوڵێکی بەپێی نەخشە نەدراوە بۆ ئەوەی یەکلا بکرێتەوە چ هەیەو چ نییە.

تائێستا لەسایەی خۆماندووکردنی چەند کەسێکی دڵسۆز بەشێکی زۆری ڕۆژنامەی کوردستان(نزیك 66 ژمارە) شۆنگێڕی کراوە.

لەم نامیلکەی بەردەستتاندا وتارەکانی پێشەوای نەمر قازی محەمەد، لەو ژمارە کوردستانانەی کە چاوم پێیان کەوتووە وەرگیران و بەوپێی تاریخ ڕێکخراون، چەند نووسراوەی دیکەش کە پێوەندی ڕاستەوخۆی بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی ئەم نامیلکەیە هەیەو وەکوو شەرحی ژیانی پێشەوا، دەنگ و باسی سەفەرەکانی و دەقی چاوپێکەوتنی پێشەوا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی فارس، هەر لەو ژمارانەی کوردستان وەرگیراون، تەنیا دەستێوەردانێکی کە کرابێ گۆڕینی ڕێنووسە، ئەوەش بۆ ئەوەی خوێنەوەران بەهاسانی و بێماندووبوون باسەکان بخوێننەوە.

بەلای منەوە ئەم نوتق و دیدەنی و سەردان و وتارانە دیمەنێکی گشتی لەڕوانگەو بۆچوونەکانی پێشەوا دەخولقێنن و هەلی ئەوە دەڕەخسێنن لەوە بزانین پێشەوا لەبوارە جۆربەجۆرەکانی ژیانی مێژوویی، کۆمەلایەتی، سیاسی، سەربازیی و فەرهەنگی.. هتد گەلی کورددا چۆن بیری کردۆتەوە.

گفتوگۆی پێشەوای بەرزی کوردستان دەگەڵ خاوەنانی ڕۆژنامەی تاران

هێندێ لەمودیرانی جەرائیدی تاران: ئاغای تەفەزولی خاوەنی ڕۆژنامەی (ئێرانێ‌ما)، ئاغای عەبباسی شاهەندە خاوەنی ڕۆژنامەی (فەرمان)، ئاغایانی بوزورگی عەلەوی و هورموز نووسەرانی دوو ڕۆژنامەی (ڕەهبەرو ئێرانێ‌ما) بۆ ئاگاداری لەوەزعی کوردستانی خودموختار هاتنە مهاباد و لەگەڵ جەنابی قازی

---

* ئەم باسانە لەڕۆژنامەکانی کوردستان-ەوە دەرهێنراون هەروەها لەو بابەتانەش کاك حەسەنی قازی بەنامیلکەیەك لەژێر ناوی: ڕوانگەی پێشەوا، بلاوی کردەوە.

محەمەد رەهبەری میللەتی کورد یەکتریان دیتو گفتوگۆیان کرد. بۆ ئاگاداری خوێندەوارە بەرزەکان یەك یەك پرسیاری ئەوانو وەرامی جەنابی قازی دەنووسرێ:

پرسیار: لەتاران دەڵێن کوردان بەرەهبەری جەنابت جوێ بوونەوەو ئیستقیلالی کوردستانیان دەوێ، ئایا راستە؟

وەرام: خێر راست نییە، لەبەرئەوەی کە ئێمە لەدەوڵەتی ئێران ئیجرای قانوونی ئەساسیمان دەوێو دەمانەوێ بەخودموختاری لەژێر بەیداغی ئێراندا بژین، و خودموختاریشمان وەگیرکەوتووە.

پ:چەند وەختە ئەنگۆ خودموختارن؟

و: چوار ساڵە خودموختاری داخلیمان هەیە.

پ: چلۆن خودموختاری خۆتان هەڵدەسوڕێنن؟

و:لەو وەڵاتەی کە توانیومانە خودموختاری نێو خۆمان دەکار بکەین دەگەڵ نوێنەرانی گەورەی میللەتی کورد کەچەندێك لەوەی پێش لەمەهاباد حازربوون ئینتیخاباتمان کردو هەیئەتێکی(9) نەفەری بەنێوی هەیئەتی میللی هەلبژێردرانو سەرۆکی ئەو هەیئەتە بەخۆمە.

پ:لەتاران دەڵێن جەنابت چەند کەست بۆ باکۆ ناردووە لەوێ چاپخانەو کاغەزو ئەسلەحەیان هێناوەو تەشکیلی حیزبی کۆمۆنیستوو داوە. ئایا راستە؟

و: ئەم قسانە کاربەدەسەکانی لەشکری بۆمان هەڵدەبەستن، ئەوانە راست نین، کاغەزو چاپخانەمان لەتەورێز کڕیوەو ئێوەش دەتوانن لەو جێگای لێمان کڕیوە ئاگاداربن، تەشکیلی حیزبی کۆمنیست درۆیە، شتێك هەیە ئێمە لەکوردستان دا هەر وەکوو قانوونی ئەساسی ئێران ئیجازە دەدا خەڵك بەتەواوی مەعنا ئازادی عەقیدەیان هەیەو حیزبێکی بەئاشکرامان هەیە ئەویش فیرقەی دیمۆکراتی کوردستانە.

پ: مومکین دەبێ کە مەرامی فیرقەی دیموکراتی کوردستانمان بۆ بەیان بفەرمووی؟

و: بەڵێ مومکینە. بەکورتی مەرامی فیرقەی دیمۆکراتی کوردستان بۆنگۆ بەیان دەکەم:

1–میللەتی کورد لەئێراندا لەهەڵسووراندنو پێك هێنانی کاروباری جێگای خۆیدا ئازادبێو لەسنووری دەوڵەتی ئێراندا ئازاد بژی.

2-بتوانێ بەزمانی کوردی بخوێنێ و لەوەڵاتی کورد لەکوردستان کاروباری نووسین لەئیدارەکانی دەوڵەتیدا بەکوردی بێ.

3-ئەنجوومەنی ئەیالەتی و وەلایەتی کوردستان وەکوو قانوونی ئەساسی دەڵێ جێبەجێ دانرێ، لە هەموو کارەکانی ئیجتیماعی و دەوڵەتی دا چاوەدێری پێ رابگا.

4-مەئموورینی دەوڵەتی هەر دەبێ لەخەڵکی محەل بێ و بەپێی قانوون لەنێو رەعییەت و مالیکدا سازش بەجێبێ، کەدواڕۆژی هەردووکیان تەئمین بکرێ.

5-حیزبی دیمۆکراتی کوردستان سەعی بکا کە میللەتی ئێران هەموو بەبرایەتی و بەرابەری بژین و بۆ خۆشبەختی و تەرەقی میهەنی خۆیان سەعی بکەن...

پ:حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەهەموو وڵاتی کوردستاندا تەشکیلاتی هەیە؟

و: فیرقەی دیمۆکراتی کوردستان لەهەموو جێگایەك کە دەوڵەتی دیکتاتۆرو ئیرتیجاع ئیجازەی...*

(ئەو نوسخەیەی کەلەژمارە 2 بەدەستەوەیە تەواو نییە، بەشێك لەم وتووێژە ناتەواوە)

(ئەخباری نێو خۆمان)*

-رۆژی 1324،12،4 جەنابی پیشەوای کوردستان لەساتی بەیانی بۆ پەزیرایی لەئاغایانی کە بەحوزووری شەڕەفییاب تا ساتی 12 لەسالۆنی ئەنجومەنی فەرهەنگی حازر بوو ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی، هەیئەتی رەئیسەی میللی و روحانیان و توجارو موحتەرەمین و نوێنەرانی لکەکانی حیزبی دێمۆکرات بەحزوری موشەڕەف بوون.

-رۆژی 1324،12،4 جەنابی پێشەوای کوردستان لەمزگەوتی جامیعەی مهاباد پاش نوێژی جومعە لەبابەت ئەهەمییەتی یەکەتی کوردو ئازەربایجان و قسمەتی نەزافەتی عوموومی و تەئمینی ژیانی هەژاران و خوێندنی پیاو و ژن و کوڕو کچی

- رۆژنامەی کوردستان ژمارەی 1و2-11، 13-1-1946(20و 1324/10/22)
- تێبینی: ئەو بەشەی لەژمارە (2)دا بڵاوکراوەتەوە لەبەرخراپی کۆپییەکەی وتووێژەکە ناتەواوە.

* کوردستان ژمارەی 19 ساڵی یەکەم دووشەمۆ 6ی رەشەمەی 1324، 25ی فیبریەی 1946

کوردستان نوتقی فەرموو لەنوتقەکەیدا زۆر لەبابەت فەرهەنگەوە دوواو لەلایەن خەڵکییەوە دەگەڵ ئیحساساتی نیشتمان پەرستی فەرمایشاتی وەرگیراو قەولیان دا کە هەموو موتیعانە بۆ جێبەجێهێنانی ئەوامیری پێشەوای خۆشەویست ئامادەن و گەورەو چکۆڵە بۆ خوێندن و پێشکەوتنی فەرهەنگ هەوڵ بدەن.

میتینگ لەمزگەوتی سوور

رۆژی 29-10-1234 ساتی 8ی سبەینێ بوو کەلەمزگەوتی سوور میتینگێکی گەورە لەلایەن حیزبی دێمۆکراتەوە بەرپاکرا. لەم میتینگەدا کۆمیتەی مەرکەزی حیزبی دێمۆکرات و هەیئەتی رەئیسەی میللی کوردستان و تەواوی نوێنەرانی کوردستان و لکەکانی حیزبی دێمۆکرات و چەند هەزار نەفەر بەپێی گونجایشی مزگەوتەکە لەئەهالی شیرکەتیان بوو. لەم میتینگەدا خەڵکی چاوەڕوانێکی زۆریان هەبوو مونتەزیری جێژنێکی هەرە مەزن بوون کە ئەویش رۆژی 2-11-1324 بوو، کەلەواقیعیشدا ئەم نمایشە سەرەدای ئەو رۆژە بوو لەبەر ئەوە خەڵکی هەموو گوێ قولاغ بوون کە بزانن چ دەگوترێ تا وابوو لەساتی 9 هەژارو هێمن دوو شاعیری میللی پاش وەرگرتنی ئیجازە بەتەرتیب چوونە سەر منبەرو هەر کەس ئەشعاری خۆی خوێندەوە...

پاشان ئاغای حەسەنی داودی دوای تەشکور لەحوزار وتارێکی درێژی راجیع بەیەکەتی و برایەتی خوێندن و خوێندەواری خوێندەوە.

ئەمجا حەزرەتی پێشەوای کوردستان (قازی محەمەد) تەشریفی بردە سەر منبەرەکە پاش بەخێر هاتنی تەواوی نوێنەران و ئاغایان و تەشەکور لەخەڵکی مهاباد کە دەو وەختانەدا بۆ خزمەتی برایانی خۆیان تووشی زەحمەتێ دەبن فەرمووی:...کورد دووسەد ساڵە بۆ وەرگرتنەوەی ئازادی هەوڵ دەدا، لەجەنگی بەینولمیلەلی رابردوودا کوردیان پتر لەت کرد، بەشێك بەعیراق و بەشێك بەسورییەو بەشێك بەروسییەوە بەشی زۆریشییان بۆ تورکییەو ئێران هێشتەوە، ئەم کارانە هەستی سەربەستی کوردانی نەکوژاندەوە کوردانی تورکییەو ئێران و سوورییە زۆر لەپێشدا بۆ ئازادی هەڵستان. دوژمنەکانیش دەستیان کرد بەکوردکوشتن،ئەگەر گوردانی بەدرخانی پرشوو بڵاو کران بابانەکان و ئەردەڵانەکان واردی مەیدانی کارزاری ئازادی کوردان بوون، شێخ عوبەیدیلا، شێخ سەعید، سمایل ئاغا، کوردانی

تورکییەو ئاراپرات قییامیان کردو چەنسەد هەزار نەفەر لەو قیامانەدا لەناوچوون‌و نەتیجە بەدەس نەهات‌و ئەم راد مەردانە گشتیان لەسەر ئازادی مردن.ئەمجا جەنابی پیشەوا مەسئەلەی حیزبی هێنا پێشەوە:

کەتائێستا چەند حیزب لەکوردستاندا بنیاد نراوە بۆ ئازادی کوردان هەڕلیان داوەو ئەمانیش لەم پێناوەدا چەند سەدهەزار قوربانیاندا، لەدیار بەکر دووسەد هەزار کوردی بەناوبانگیان کوشت‌و ئەم ملەیە لەکوردستاندا دەوامی بوو تاوەختی کەئەرتەشی شەهەنشاهی لەشەهریوەری 1320بڵاوبوو:

بەبڵاوبوونەوەی (بوونی) دووپەر ئاگاهی بوو بڵاوئەرتەشی شەهەنشاهی

لاوان‌و گەنجانی مهاباد دەسیان کرد بەکارو مەرامی موقەدەسیان تەعقیب کرد، لەبن ئەشکەوتان، لەشیوان‌و خانوان بەدزی خڕدەبوونەوەو فەعالییەتیان بەخەرجدا تا لکی خۆیان لەتەواوی کوردستاندا کردەوەو هەموو کوردێکیان بۆ کار ئامادەکردو خۆشیان بەهێز کرد تاوابوو چەندە لەمەوبەر مەرامی دێمۆکراتییان بەدنیا گەیاندو تەقازای خودموختارییان لەحدوودی دەوڵەتی ئێران بەجنێوو هەڕەشەو بەتانك‌و تۆپ فڕۆکە وەڵامی دانەوە. لەزیمندا فەرمووی:-

دنیای ئەوڕۆ دنیای تەنازوعی بەقایەو هەر نەتەوەیەك دەیەوێ بۆ خۆی سەربەست بێ، ئەی نەتەوەی کورد، ئەگەر کوردستان بییەوێ لەڕۆژی پێداویستدا چەند هەژار لاوو گەنج‌و موسەلەح بکا بۆ دیفاع لەنیشتمانی خۆشەویست ئامادە بکرێن ئایا کورد ئەو ئیستیعدادەی هەیە کەکوڕو خۆشەویستی خۆی بۆمەیدانی کارزا بنێرێ؟ لەم ئانەدا نوێنەرانی کوردستان یەك دەنگ هاتنە جواب.

1-ئاغای محەمەدی نانەوازادە فەرمانەدەی پۆلی کوردستان وتی: ئەمن عوهدەدارم کە هەموو لاوانی مهاباد بۆ گیانبازی‌و دیفاع لەنیشتمان وەك هەمیشە حازرو ئامادەبن.

2-ئاغای سەدیقی حەیدەری‌و عەلی خوسرەوی لەلایەن موئەسینی حیزبی دێمۆکرات‌و لاوانی کوردستان گوتیان ئەمە لەلایان موئەسیسنی حیزبی دێمۆکرات‌و دەستەی لاوانی کوردستانەوە کەهێشتا خوێنی خۆیان نەڕشتووە قەول دەدەین کە هەموو حازرین لەڕێی نیشتماندا بمرین.

3-تاهیر خان كوڕی سمایل ئاغاو ئەمەر خان كە 50 ساڵە بۆ سەربەستی كار دەكا وتیان: ئێمە حازرین وەك باوكو باپیری خۆمان سەروومالْمان لەڕێی كوردستاندا بەخت كەین.

4-شێخ جەلالی دەربەند پیاوانە وتی: ئەی ئاغایان سێ شت زۆر بۆ كوردستان پێویستە: 1-پووڵ، 2-پووڵ و 3-پووڵ دەبێ لەسێ شت دەستهەڵگرین وەكوو كەدەستمان لێهەڵگرتووە: 1-تەماع، 2-خوخۆری، 3- خۆفرۆشی، هەر وا زۆر كەس لەسەران و نوێنەرانی كوردانی جەلالی ، میلانی، شكاك، هەركی، دێبۆكری، مامەش، مەنگوڕو تەواوی نوێنەرانی كوردستان هەر لەوێستا را قەولی فیداكاریانداو قەولی خۆیان بەسوێند قایم كرد.

هەروا جەنابی پێشەوا لەبابەت وسوڵی ماڵیاتەوە بەیاناتێكی فەرموو. دیسان شێخ جەلالی دەربەند هەستاو وتی:

ئەمن سەد هەزار تمەنم دارایی هەیە بێجگە لەیەك جووت گاو یەكدەست پێخەف هەموو نەزری حیزب دەكەم كێ دەنێرن وەری گرێ و لەعومووميشەوە دەنگی ئیتاعەت بڵیند بوو. دیسان جەنابی پێشەوا لەخسووسی برایەتی و بەزبانی كوردی خوێندن و كەسبی زانست و كەماڵ فەرمایشاتی ئیدامە پێداو كەلیماتی خۆی بە: بژی بەژیانێكی ئەبەد ئەو دەوڵەتەو نەتەوانەی كە بۆ ئازادی نەتەوانی لێقەوماو هەوڵ دەدەن"* ....

"جێژنی شیركەتی تەڕەقی كوردستان لەلایەن بەزازان بەبۆنەی سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای كوردستان"

بەبۆنەی جێژنێكی كەلەلایەن ئەعزای شیركەتی تەڕەقی كوردستان و تەبەقەی بەزازانی مهابادی بەبۆنەی ئازادی و سەربەخۆیی كوردستان كرابوو ساتی 3ی پاش نێوەڕۆ مەجلیسی جێژنی‌دایر بوو و حەزرەتی پێشەواو جەنابی سەید عەبدوڵای شەمزینی و جەنابی حاجی سەید باباشێخی سیادەت و حاجی بایز ئاغای ئیلخانی زادەو تەبەقاتی عولەماو ئاغایانی عەشایر و توجاڕو موحتەڕەمینی شاری تەشریفیان بوو.

..... لەپاشان حەزرەتی پێشەوای بەرز خیتاب بەحوزار فەرمووی:" یەگانە حەملەی دوژمنان حەملەی ئیقتیسادی‌یەو هەمیشە خەریك دەبن كەلەو ڕێگایەوە

* ر.ك، ژمارە 22، 4-مارسی 1946 (13رشەمەی 1324)

ئینقیلاب دەخەنە نێو میللەتی مەسەلەن مەسئەلەی توتن کەدەوڵەتی ئێرانی خەریك بوو و وەسائیلی نیفاق و دووبەرەکی لەنێو کورداندا پێك بێنێ، لازمە کە ئەمە رێگایەکی ئیقتیسادی بۆ خۆمان بکەینەوە. شیرکەتی تەرەقی دەبێ تەوسیعەی پێ بدرێ و لەرەوابیتی تەجارەتی لەهەمووکوردستاندا بەقەرار بکرێ. حکوومەتی کوردستان ئیحتیاجاتی زۆرە دەبێ وەزعی خۆی وەکوو دنیای ئەورۆ تەغییر بدا. مەسەلەن فەرهەنگ، فەلاحەت، کارخانە جات کەدەبێ دەتەوسیعەو تەرەقی ئیجادی ئەوانە دا سەعی و جیدییەت بکرێ...*

لەسەر ژیانی کۆمار رۆژنامەی کوردستان بەم جۆرە لەسەر قازی محەمەد دەنوسێت:

حەزرەتی پێشەوای کوردستان محەمەدی قازی کوڕی ئاغا میرزا عەلی مەرحوومە، لە 11ی بانەمەڕ(ئوریبهێشت)ی 1279 هیجری شەمسی بەرانبەر بە 2ی موحەڕەمی 1318ی هیجری قەمەری لەشاری مهاباد لەدایك بوو. ئەم زاتە زۆر بەچاکی لەژێر دەستی باب و دایکیدا پەروەردەکرا، لەتەمەنی 7ساڵیدا دەستی بەخوێندن کرد و دوای خوێندنی چەند ریسالێکی کوردی و فارسی دەستی بەخوێندنی سەرەدای نەحوو سەرف کرد، هەر وا ئیدامەی بەخوێندن دا تا لەعلوومی مەعقوول و مەنقوولدا: نەحو ، سەرف، مەنتیق، بەلاغە، ئوسول، فیقە، کەلام فاریغو تەحسیل بوو و بەوەندە خوێندنە دڵی ئارام نەبووو بێوچان لەدووی خوێندن و زیادکردنی مەعلوومات و فێربوونی زمانی بێگانە دەگەڕا تا توانی بەوەسیلەی مامۆستای تایبەتی زمانی ئینگلیسی، رووسی، فەرانسە بخوێنێ و بێجگە لەم سێ زمانەو زمانی زگماکی خۆی کە کوردییە زمانی عەرەبی، فارسی و تورکیش زۆر باش دەزانێ.

حەزرەتی محەمەدی قازی پێشەوای کوردستان هەر لەمنداڵییەوە خاوەنی گیانێکی بەرزو بەهێز بوو و نیشانەی گەورەیی، شوجاعەت، لەخوبووردن دەویدا دیاری دەداو خو و رەوشتی دەگەڵ هەموو تەبەقەیەکرێ کەوتووەو تێکەڵی دەگەڵ هەموان هەیە، لەریزی کەسەبە، مالیك، شێخ، مەلا،جەحێل، پیرو کاربەدەستانی حکوومەتدا دەبیندرێ و هەمیشە وەکوو باب و باپیرانی خۆی سیمەتی ریاسەتی رووحانیان و زانایانی مهابادو دەوروبەری بووەو هەیەتی و بێوچان لەحقووقی

* ر.ك، ژمارە 23، 6مارسی 1946(15رشەمەی 1324)

هەموو کوردێك بەتایبەتی هەژاران و لێقەوماوان لەهەموو جێگایەکدا دیفاعی کردووەو دەیکا و بۆ پێکهێنانی کارێکی زۆر چکۆلەی کەسێك زەحمەتێکی زۆری قبووڵ کردووە. بەتەوری کوللی رشتەی کارو باری مهاباد: سیاسی، کۆمەڵایەتی و... حەتتا دە دەورەی دیکتاتۆری رەزا خاندا دە دەستی بوو، سەهەلە کە گرێی کاری خەڵکی بەوەسیلەی وی دەکرایەوە کاروباری حکوومەتیش بێ موداخەلەی وی حەل نەدەکراو جێ بەجێ نەدەبوو.

سیفاتی نیشتمانپەرستی و میللەت پەروەری دە جەنابی محەمەدی قازی پێشەوای کوردستاندا کۆبۆتەوەو پاشکەوتنی هاوخوێنەکانی لەفەرهەنگ و شارستانییەت هەمیشە دڵی وی بریندار دەکا بۆیە ئەکسەری وەختی تەمەنی خۆی لەڕاهنمایی میللەتەکەی بۆ شەقامی خوێندن، زانست، تەمەدون بەخت کردووەو دەڕاهنمائی واندا لەم ڕێگایەدا زەڕێك کۆتایی ناکاو بۆ دانانی مەدرەسە لەسەر ئوسوولی دونیای تازە لەمهاباد زۆری هەوڵداو چەند ساڵ بۆ خۆی عوهدەداری سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگ بوو ئەوە ندەی لەتاقەتیدا بوو دەرسی نیشتمانپەرەستی بەمندالەکانی مەداریس فێرکرد تا وای لێهات مهاباد لەم ڕێگەیەدا زۆر وەپێش کەوت و ئامۆژگاران و شاگردانی مەداریس بەوەسیلەی ڕەهبەری خۆیان موناسەباتی سیاسی یان دەگەڵ ئەحزابە ئازادیخوازەکانی عیراق، تورکییە، سووریا بنیادنا، تاوەختێ کەڕەزا خانی فاشیست لەکوردستاندا نفووزی پەیداکرد... بەدەستووری مەقاماتی فاشیستی لەسەرۆکی فەرهەنگیان بەر کەنار کرد بەڵام دیسان کاروباری فەرهەنگ بەدەستووری ئەو نەبایە هەڵنەدەسووڕا.

ئەم زاتە لەسیفاتی: ویقار، راستی، فەزل، شوجاعەت، حەیا، زانست، تێگەیشتن، حیلم، تەوازوع، روحم، نیشتمانپەرەستی بەتەواوی مەعنی بەشدارە، بۆیە هەمیشە لەپێش چاوی میللەتی خۆی خۆشەویست و مەحبووب تەماشا کراوەو تەماشا دەکرێ.

جەنابی محەمەدی قازی دەگەڵ دوژمنانی شەخسی خۆی بەموداراو دەگەڵ دۆستان بەوەفایە، بەڵام ناتوانێ لەموقابیل دوژمنانی نیشتماندا مودارا بنوێنێ، ئەمن لێرەدا وەختم ئیجازە نادا وەکوو پێویستە سیفاتی موشەخەسەی ئەم پیاوە بڵێندە بنووسم ناچار بەچەند شیعرێکی مەرحوومی مەلا مەعرووف کۆکەیی لەمەدحی ئەم

زاتەدا دا کوتوویەتی و هیچ موبالەغەی نەنواندووەو هێندێ لەئەحوالآتی زاتی وی بەیان دەکا لێرەدا دەهێنمە پێشچاوی خوێندەواران، لەقەسیدێکی عەرەبی‌دا دەڵێ:

من كان ذاحصه من علم او شرف

يحب ان لايرى شيئا من الاسف

فليأت محكمه بنيانها شرف

والفضل يظهر في الجدران والسقف

هذا بناء على اتقوى مؤسسه

ولايقاس على مافى شفا جرف

..تاد

لەهەڵبەستێکی فارسیدا لەتاریفی جەنابی قازی‌و سەدری قازی برایدا دەڵێ:

(قازی)و (سەدر) كه هردو گهر يك صدفند

مالك مملكت عزم‌و وقارو شرفند

رافع‌و عامل كسرند على غير قياس

در عمل واحدو در خط عمل مختلفند

رافع رتبەء آنانكه طرفدار شدند

عامل كسر به أنانكه بايشان طرفند

تاد...

حەزرەتی محەمەدی قازی هەرچەند ماوەی 20 ساڵە لەنێو میللەتی خۆیدا سیمەتی رەهبەری هەیە دیسان لەدووی رێبەندانی 1324دا لەلایەن نوێنەرانی کوردستانەوە رەسمەن بەپێشەوایی کوردستان هەڵبژێردراو بەیعەتی دەگەڵ کرا*.

نەورۆزی ناوکەشی ئازادیی

جێژنی نەورۆز لەمهاباد

نووسینی: هاشمی خەلیلزادە

"رۆژی 5شەمووی هەوەڵی ساڵی 1325 کاتێک کەهەتاو لەپشت کێوە جوانەکانی کوردستان گەردنی بەرز.... لەم کاتەدا کە قوتابی و سەبرازەکان‌و خەڵکی شاری

---

* ر.ك-ژمارە 25، 17مارسی 1946(26رەشەمەی 1324)ئەو نوسینە بەبۆنەی جەژنی لەدایکبونی پێشەواوە بلاوکراوەتەوە.

مەستی تەبیعی ئازادیو جێژنی نەورۆزو هاتنی فەسڵی بەهار بوون فەرمانی خەبەردارو دەنگی سەلامی رەسمی مووزیك کەتەشریف هێنانی سەرداری مەحبووبو پێشەوای مەزنی ئیعلام دەکرد وە خەبەر هاتن.

زاتی موقەدەسی پیشەوا لەپاش گوێدانی گوزاریشات کەبەوەسیلەی فەرماندەی هێز درا داخڵی ناو کۆمەڵی مەدرەسەکان بوو: هەوەڵ بەکچەکانو کورەکانی فەرموو شاد بن کچەکانم، شاد بن کورەکانم(خەڵك بەگوێ لێبوونی ئەو دوو وتەیە لەبەر شادی فرمێسکیان دەرژاند) هەر بەم جورەش بازیدو شادباشی لە پێشمەرگەکانی هێزی کوردستانو بارزان فەرموو دوایی هاتە پشتی تریبوون راوەستاونوتقێکی بەتینی ئیراد فەرموو. پاش پێپیرۆزەو رۆژباشی رۆژی تاریخی نەورۆزی کورد فەرمووی:

(ئەم رۆژانە تورکیاو ئێرانو عێراق خەریکی گفتوگۆنو دەیانەوێ پەیمانی مەنحووسی(سەعداباد" کەمادەیەکی بەزیانی کوردانە ئێستاش هەر بۆ دوژمنایەتی کوردان تازە بکەنەوەو بزانن ئەو معاهەدانە وەکوو لەپێشدا کاغەز پارەیەك پتر نەبوو ئێستاش کاغەز پارەیەك زیاتر نییەو لەنێو بەیانانی خۆیدا فەرمووی: رەزا شا، مستەفا کەماڵ، مەلیك فەیسەڵ کە بۆ دوژمنایەتی کوردانیان پەیمان بەست لەماوەیەکی کەمدا خودا لەنێوی بردنو ئێستاش هومێدیان لەخودای بەرز ئەوەیە: کە ئەو کەسانەی کەخەریکی بەستنی پەیمان بەدوژمنایەتی کوردان بن بەدەستی خۆیان قەبری خۆیان هەڵدەکەنن... و لەجەنابی مەلا مستەفا زەعیمی بارزان بەخێر هاتنو سپاسی فەرمووو لەهێزی بارزانو ئەفسەرانی ئەرشەدی ئەو هێزە زۆری قەدردانی کرد.*"

(سەربەخۆییو ناساندنی پێشەوای کوردستان)

"ساتی سێی پاشنیوەڕۆی رۆژی هەینوو 12ی رێبەندانی 1324 بەهۆی بانگهێشتنێك کە لەلایەن ئاغای جەعفەری کەریمی بەئیفتیخاری ئازادیو سەربەخۆییو ناساندنی پێشەوای کوردستان کرابوو جێژنێك لەساڵۆنی ئەنجومەنی فەرهەنگی گیرا... پاش تەواو بوونی خیتابەی ئاغی جەعفەری کەریمی حەزرەتی

---

* ر.ك، ژمارە 27، 25مارسی 1946 (5خاکە لێوەی 1325)

پێشەوا سپاسی لێکردو فەرمووی:" ئاغای جەعفەری کەریمی ئیشارەیەکی بەوەزعی کوردستان کرد کەئیحتیاجی مەعاریف و قشوونە دەبێ هەمووئاغایان لەوەختی تەنزیمی بوودجەی مەعاریف و قشوون حزووریان ببێ.

ئەورۆ کەئەمە ئیستیقلالمان دەوێ پێویستە کەهەموو کارێك خۆمان جێبەجێی بکەین. ئەوەڵێ ئیدیعای خۆمان کرد کەلەحدوودی دەوڵەتی ئێراندا خودموختاریمان دەوێ ئێران ئیحتیاجی مەرەفع بکاو میللەت کارێ بکا.

دوو دەفعە لەلایەن ئازەربایجانەوە بۆ تەورێزیان بانگ کردم لەئازربایجاندا گرێمان هەبێ ئەمن پێشنیهادی وانم قەبووڵ نەکرد چون میللەتی کورد چوار ساڵە کە خودموختارەو داوای ئیستیقلال و تێکخستنەوەی تەواوی خاکی کوردستان دەکا، زۆرم پێ گران بوو کەلەو حەقەی دەست هەڵبگیرێ و ئیحساساتی ئێوە مانیعی ئەوەی بوو کەئێمە بەخودموختاری رازی بین چونکوو کەمودەی ئەوچەند رۆژەی کە جێژن گیراوە ئیحاساساتێکی ئێوە نواندووتانە وێنەیەکی حەساس و کامیلەو دەبێ دنیا بزانێ کەکورد لییاقەتی ئیستیقلال و سەربەخۆیی هەیە"*.

کوردستان ژمارەی 43 ساڵی یەکەم شەمۆ 14ی بانەمەری 1325 ، 4ی مەی 1946

دەنگ و باس

تەشریف هێنانەوەی حەزرەتی پێشەوای کوردستان

شەوی 12-2-1325ساتی 9ی حەزرەتی پێشەوای کوردستان کەماوێك بوو تەشریفیان بۆ بەستنی موعاهەداتی سیاسی و ئیقتیسادی دەگەڵ حکوومەتی میللی ئازەربایجان بردیووە تەورێز لەکاتێکدا کە ژمارەیەکی زۆر لەئەندامانی کۆمیتەی مەرکەزی و کارگەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان تا گوێکتەپە لەپێنج ماشێن دا بەپێشوازەوە چووبوون بەموەفەقییەت و شانازێکی تەواو موراجەعەتی فەرمووو کاتێك کە گەیشتە پێش دەرگای شارەوانی لەنێو ئیحساسات و هەست نواندنێکی تەواوی خەڵکیدا دابەزی بڵیند گوی ئیزهاری لوتف و میهرەبانی دەگەڵ ئەهالی کە بەپێشوازەوە هاتبوون فەرموو دیسان تەشریفی سواری ماشێن بوو و وردە وردە

---

* ر.ك، ژمارە 30، ئەپریلی 1946(12خاکەلێوەی 1325)

ماشێن حەرەکەتی کرد تا گەیشتە کانگای حیزبی دێمۆکرات‌و لەوێ دابەزی پاش ساتێك تەوەقوف لەکانگای حیزب بۆ لای مەنزڵ تەشریفی ڕۆیشت.**

کردنەوەی ئیستاسیۆنی رادیۆی حکوومەتی میللی ئازەربایجان

لەڕۆژنامەی ئازەربایجان

رۆژی هەینی 6-2-1325 ساتی 5و نیو ئیستاسیۆنی حکوومەتی میللی ئاوەربایجان بەرەسمی کرایەوەو بە شانازی ئەو موەفەقییەتە برایانی ئازەربایجانی هەستێکی لەئەندازە بەدەریان نواند.

چونکوو جەنابی ئاغای پیشەوەری‌سەر وەزیری حکوومەتی میللی ئازەربایجان کەسالەتی هەبوو رادیۆ تەوەسوتی جەنابی ئاغای شەبوستەری رەئیسی مەجلیسی میللی ئیفتیتاح کراو نوتقێکیان ئیراد فەرموو کە بەچوار زمان (کوردی، فارسی، رووسی، فەرانسە)بەهەموو دنیا راگەیاندراو بەرنامەی جێژن لەنێو هەست نواندن‌و هوڕا کێشانێکی لەئەندازە بەدەر لەساتی 8دوایی هات.

حەزرەتی محەمەدی قازی پێشەوای بەرزی کوردستان کە دەجێژنی ئەو برا خۆشەویستانەی ئازەربایجان‌دا شیرکەتی فەرموو بوو بەهۆی کردنەوەی رادیۆی ئازەربایجان نوتقێکی ئیراد فەرموو کەوەرگەڕاوەی ئەو نوتقە لەژێرەوە بەعەرزی خوێندەوارانی خۆشەویست دەگا:

ئێستا کە ئیستاسیۆنی رادیۆی حکومەتی میللی ئازەربایجان بەرەسمی دەکرێتەوە لەقوولایی دڵمەوە پێپیرۆزەو مبارەکبادی بەگشت میللەتی رەشیدو ئازادیخواهی ئازەربایجان عەرز دەکەم‌و چونکوو وەخت دیاری کراوە کەلەلایەن کوردستانیشەوە قسە بکرێ بەپێویستم زانی کە ئەم کردنەوەیە بەمیللەتی کوردیش تەبریك بکەم.

هومێد دەدەم کە رۆژ بەرۆژ یەکەتی‌و دۆستایەتی ئەم دوو میللەتە نەجیبە بۆ وەچەنگ هێنانی ئازادی مەحکەمترو قایمتر دەبێت لەسایەی یەکەتی‌و برایەتی‌دا بۆ وەچەنگ هێنانی ئازادی‌و راگرتن‌و پارێزگاری‌وی پێکەوە پیاوانە هەوڵ دەدەین نیسبەت بەیەکتری لەهیچ جورە کۆمەك‌و یارمەتی کۆتایی نەکەین، باقی نەواقیساتی

** ر.ك، ژمارە 30، ئەپریلی 1946(12خاکە لێوەی 1325)

ئیجتیماعی و مەدەنی بەیارمەتی یەکتری لەنێوان هەڵدەگرین و زۆر بەتاڵووکە بۆ لایەن کانوونی سەعادەت و خۆشبختی دەچینە پێش.

وەها سەعی و کۆشش بەخەرج دەدەین کەلەمیللەتە سەرکەوتووەکانی دنیا نەمێنینەوە. هەژاری و فەقیرییەك کەلەبەر بێ خاوەنی داوێن گیری ئێمە ببوو بەهۆی عیلم و سەنعەت لای بەرین.

بەپوختی، ئەو دوو میللەتە بۆ هاوکاری و برایەتی بانگ دەکەین و لەمەوقیع ئیستفیادە دەکەم ئەو مەسئەلە وەبیردێنمەوە کە دنیای ئەورۆ لەسایەی زانست و مەعریفەتدا زەوی و ئاسمانیان تەسخیر کردووەو ئێستا بەدۆزینەوەی ئەسراری ئەستێران خەریکن، کەوابوو ڕێگای رزگاری ئێوە(کوردی و ئازەربایجانی) فێربوونی عیلم و مەعریفەتە،لەم سورەتەدا هەرچی هەتانە لەڕێگای وەچنگ هێنانی عیلم و مەعاریف و باسەوادکردنی خۆتاندا خەرجی بکەن و دڵنیابن کەبەئارەزووی کۆنی خۆتان دەگەن.

دەمەوێ میللەتی کوردلەم مەسئەلە خەبەردار بکەم: لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا کەهاتوومە تەورێز دەگەڵ سەرانی ئازەربایجان پێشمەرگەخانەو مەدرەسان و کارخانانم چاوپێکەوتووە، میللەتی ئازەربایجان لەڕێگای بەرزبوونەوەو خۆشبەختی خۆیاندا هەنگاوی گەورەیان هەڵێناوەو دیتم کە بۆ بەشدار بوون لەم تەرەقییاتە لییاقەتیان هەیە. لەتەورێزو باقی گوندەکانی ئازەربایجان بۆ لابردنی نەواقیساتی ماددی و مەعنەوی و بالابردنی سەتحی ئیجتیماعی و ئیقتیسادی جوولانەوەی گەورە دەبیندرێ.*

نوتقی حەزرەتی پێشەوای کوردستان لەپێش رادیو

ڕۆژی 12-2-1325 ساتی 6ی پاش نیوەڕۆ حەزرەتی محەمەدی قازی پێشەوای موعەزەمی کوردستان نوتقی ژێرووی بەهۆی رادیۆ بەگوێی دانیشتووانی کوردستان گەیاندو بەڵیندگۆ بلاوکرایەوە:

برایانی خۆشەویست: لەدامەزراندنی دەستگای رادیۆو ئەم موەفەقیتەی کە دەستتان خستووە تەبریکتان لێ دەکەم. چونکوو لەوەختی کردنەوەی دەستگای

---

* کوردستان ژمارەی 44ساڵی یەکەم دووشەمۆ 16ی بانەمەڕی 1325 - 6ی مەی 1946 .

رادیۆ لێرە نەبووم ئێستا ئیحساساتی خۆم نیسبەت بەپێشکەوتنی ئێوە ئیزهار دەکەم. ئومێدەوارم کەلێرە بەدووا رۆژ بەرۆژ بتوانین لەمەسایلی مەدنیدا پتر تەرەقی بکەین.

لەهەموو شتێك چاتر بۆ ئێمە ئەوەیە کە بتوانین قسەی خۆمان بەگوێی دنیا بگەیەنین و تەسدیق دەفەرموون کەهەموو شتێك وردە وردە تەرەقی پێدەدرێ. دیسان دەتوانین بەهۆی ئەم دەستگایە دەرسی ئەخلاقی، فەلاحەتی و... بەبرایانی خۆشەویست بلێین و لەئاییندەش بەرنامەیەکی باش بۆ رادیۆکەمان دیاری دەکەین، ئەوەش بزانن کەئێمە ئاغای محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی و ئاغای سەدری قازی مان بەنوێنەری کوردستان دەگەڵ نوێنەرانی ئازەربایجانی بۆ تاران ناردووەو گفتوگۆ دەوامی هەیە. تا لەتەورێز بووم رۆژ بەرۆژ خەبەرم دەزانی و مومکینە بۆ ئەوەی لەموزاکەرات بێ خەبەردار بوون لەچلۆنایەتی ئەوزاع هاتمەوە.

حکوومەتی کوردستان ئەورۆ زۆر بەهێزە. ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ دەگەڵ دوژمنانی کورد ببنە یەك کوردستان دەتوانێ زۆر چاکیان چارە بکا بەڵام ئەمن تا مومکین بێت رێگای موسالەمەت بەر نادەم، ئەگەر هیچ چارەش نەما حکوومەتی کوردستان بەهێزی خوی سەری وان رەهەردی دەخا.*

حەزرەتی پێشەوای کوردستان

کاتی رۆیشتن بۆ تەورێز

لەرۆژی یەکشەمۆی 15-3-25 حەزرەتی پێشەوای موعەزەمی کوردستان لەکاتی تەشریف بردنی بۆ تەورێز لەنێوانی تەواو سەرانی عەشایری مەنگوڕ و مامەش، زەرزاو گەورك، دێبۆکری و قەرەپاپاق و ئەفەسەرانی بێباکی هێزی دێموکراتی کوردستان فەرمووی:

برایانی خۆشەویست، لەکاتێکیدا کە ئۆردووی سوور لەنێوماندا بوو، دوژمنانی ئێمە هەمیشە وایان بڵاودەکردەوە کە داواو ئیدیعای کوردان هەمووی بەهۆی سیاسەتێکی خاریجییە کە مەقسوودیان ئۆردووی سوور بوو، بەڵام ئەورۆ بەئاشکرایی لەهەموو کەسێك مەعلووم بووە کە کورد ئازادی دەوێ و دەست لەو

* کوردستان ژمارەی 44 ساڵی یەکەم دووشەمۆ 16ی بانەمەڕی 1325 6ی مەی 1946

مەرامە هەڵناگریو وجوودی ئەو عەشایرانە لەوڕۆدا دا کەبەگیانو ماڵ ئامادەن ئاخرین دلۆپی خوێنی خۆیان بۆ ئەو مەرامەبرژێنن شاهیدێکی زۆر گەورەیە بۆ ئەوەی کورد ئازادی دەویو دەستی لێهەڵناگریو بۆ وەچەنگ هێنانی ئازادی ئیعتیمادی هەر بەخۆیە.

ئەمن زۆر سوپاسی برا مەنگوڕەکان دەکەم کە هەر بەبیستنی ئەوەی کەزنیومانە ئۆردووی سوور وڵاتی تەخلییە کردووەو ڕۆژی کارە، گەورەو چووکیان بۆ پاراستنی وڵات ئامادەی خزمەت بوون. برایانی مامش هەر کە زانیویانە کەڕۆژی ئەوەیە دەبێ وڵاتی کوردەواری نفوزی بێگانەی تێدا نەمێنێو دەستی ئیستعیماری لەسەر لابردرێ هەمووی بەگیانو دڵ حازربوون، هەر وەها برایانی گەورك، دیبۆکریو زەرزاو ئاغایانی قەرە پاپاق هەمووی ئەوڕۆ وەك کورد لەمەیدانێدا راوەستاونو چاوەنۆڕی فەرمانن کە هەمووی شاهیدێکی گەورەیە لەو ڕۆژەدا کەئۆردووی سوور تەخلییە کردووە ئەوان واجبی موقەدەسی خۆیان بەجێ دێننو بەڵگەیەکی زۆر ز لەبۆ ئەوەی هەستی نیشتمان پەرستیو ئازادیلەدڵی هەموو کوردێکدا جێگیر بووەو دەست لێهەڵگرتنی نییە.

برایانی خۆشەویستی بارزانی کەلەڕێگای وەدەست خستنەوەی ئازادی کوردستانی مەزنو وڵاتو ماڵو منداڵیان لەپێش چاو نییەو هەموویان لەپێناو ئەو مەتڵەبە ناوە، مەردانە لەکۆشش دان، جێگای شانازییەو ئازادیخواهی میللەتی کوردەواری نمایش دەدەنو شارەزایی وان لەعەمەلەییاتی جەنگیو ئازادیو رەشیدییان کە سیفاتی مومەیزەی کوردانە لەشەڕی ساڵح ئاوایەدا مەعلووم بوو کە عیدەیەکی 700 نەفەری ئۆردووی فارسەکان دەیەویست بۆ لای سەرایە بێت ئەوان بە 170 نەفەری پێشیان پێگرتن، 110نەفەریان لێکوشتن، 40 ئەسیریان لێگرتنو تەلەفاتێکی زۆریان لێدان بێئەوەی یەك نەفەریان خوێنی لەکەپۆی بێ.

جەنابی حەمە ڕەشید ان کە چەند وەختە لەو ڕێگایەدا ئیمتیحانی خۆی داوە، هەمووی ئەوانە بەڵگەیەکی زۆرگەورەن کە جونبیشی ئازادیخواهی کوردستان بەهۆی سیاسەتی خاریجی نەبو ە بەڵکو هێزێکە لەدڵی هەموو کوردێکدا مەوجوودەو لەسایەی خودا ئەو هێزە ئەو ندە بەقووەتە کە دەتوانێ دەستی زاڵم ببڕێ، بەڵام میللەتی کوردی زۆر خار نی ئینسافو روحمە دیسان لەسەر ئەو حاڵەشەوە کە

هێزی مە زۆر کافییە بۆ ئەستاندنەوەی ولاتی خۆمان‌و تۆڵە ئەستاندنەوەمان لەسەر ئەوەشەوە ئەوا خەریکین کەبەرێگایەکی سولح‌و مەسالەمەت حقووقی خۆمان وەرگرینەوە،ئەگەر هاتوو هەر بەموسالەمەت لەگەڵمان نەهاتن‌و ئیدیعای ئێکمەیان قەبووڵ نەکرد کە نومایەندەی کوردستانی ئازاد بۆ ئەو جامیعە لەتاران مەشغووڵی موزاکەرەن، ئەو وەختی بەهومێدی خودای بەگشتی عالەم‌و بەتایبەتی بەدەوڵەتە زاڵمەکانی لێداگیر دەکەن نیشان دەدەین کە کوردچەندە بەهێزەو لێیان مەعلووم دەکەین کە تۆڵە ئەستاندنەوە چلۆن دەبێ.

لەنێوانی هوڕاو چەپڵەلێدانی تەواوی ئاغایان‌و ئیحساساتی گەرمی دانیشتووانی مهاباد فەرمایشاتی پێشەوای مەوعەزەم تەواو بوو و لەلایەن ئاغای عەبدوڵائاغای بایەزیدی بەنوێنەری لەلایەن سەرانی ئێلی مەنگوڕ لەوەڵامی حەزرەتی پێشەوادا نوتقێکی بەتین ئیراد کراو قەولیاندا بەگیان‌و ماڵ تائاخر بۆ پارێزگاری کوردستان هەوڵ بدەن‌و چون سەرانی قەبایل گشت عازمی سنوور بوون دەستی حەزرەتی پێشەوایان ماچ کردو خوداحافیزییان لێکرد.*

هاتنەوەی حەزرەتی پێشەوای کوردستان

رۆژی 20-2-1325 ساتی 6ی پاش نیوەڕۆ حەزرەتی پێشەوای کوردستان‌و جەنابی ئاغای حاجی سەید بابا شێخ رەئیسی هەیئەتی رەئیسەی میللی کوردستان لەتەوریز گەڕانەوەو لەکانگای حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دابەزین. حەزرەتی پێشەوا لەسالۆنی ئەنجومەنی فەرهەنگی کاربەدەستانی حیزبی دیمۆکرات‌و سەرکردانی کوردستان لەکاتێکدا کەئاساری خۆشحاڵی‌و موەفەقییەت لەنێو چاوانی حەزرەتی پێشەوادا دەبینرا شەرەفیاب بوون‌و پاش نیو سەعات جەسانەوە نوتقی ژێرەوەی لەبەرانبەر (ئەوان) ئیراد فەرموو:

---

* رۆژنامەی کوردستان ساڵی یەکەم شەمۆ 21ی بانەمەڕی 1325 -11ی مەی 1946 ژمارەی 46

دوژمنانی کورد وایان شۆرەت دەدا کە دەوڵەتی کوردستان ئەساسێکی نییەو بەڕۆینی هێزی سوور تێك دەچێ. درۆ بوونی ئەو ئیدیعایەو گۆیە پووچانە زوو هاتەجێ و کورد ئیمتیحانی خۆیدا. دەو چەند ڕۆژانەدا کەئۆردووی سوور خاکی ئێرانی چۆڵکرد سەد هێندی جاران کورد وەجۆشش کەوتووەو هەزارها کەس لەخۆبوردووان لەسنووری کوردستاندا ئامادەن تا ئاخرین تنۆکی خوێنیان لەڕێی کوردستاندا بڕێژن. دەبێ ئەو جار ئەو دوژمنانە بڵێن چی، دەبێ لێیان مەعلووم بێ ئەگەر زوو حەقی کوردی نەدەن بەزۆری ئەسلەحەی دەی ئەستێنین. فەقەت ڕاوەستانی ئێمە لەو ڕۆژەدا بۆ ئەوەیە کە حەقی مەبە بێ هەراو بەموسالەمەت بدرێ وپێمان خۆش نییە دووبارە لەدنیادا ئاوری شەڕێ هەڵکەینەوە.ئەوڕۆ کورد سەهلە دەتوانێ حەقی خۆی لەئێرانێ بستێنێ بەڵکوو دەتوانێ حەقی خۆی لەدنیایە بستێنێ.

ئەگەر چی پێویست نییە کەئەمن فیداکاری نەتەوەی کورد لەدنیادا باس بکەم چون جێی ئینکاری دۆستو دوژمن نییە. غیرەتو مەردانەگیو گیانبازی ئەوقەومە نەجیبە لەعالەمدا بەسبووت گەیوە. لەشەڕی پێشوو شیخ سەعیدو شیخ عەبدولقادر کەچەندسالان دەگەڵ تورکان بۆ وەچنگ هێنانی سەربەخۆیی بەشەڕ هاتن ئەگەر دەستی ئیستیعمار یارمەتی تورکییەیان نەدابا کوردان حەقی مەشروعی خۆیان وەدەست دێنا.

دیسان شەڕی تازەی بارزان، ئەگەر دەستی ئیستیعمار کۆمەگی بەعیراق نەکردبا هێزی بارزان بەئاسانی فایق دەبوو و بەمەرامی خۆیان کەسەربەخۆیی کوردستانە دەگەیشتن.

هەروەها قیامی سمایل ئاغا، ئەگەر دیسان دەستی ئیستیعمار یاریدەر ئێرانیان نەدابا، هێزی ئێرانی نەدیدەتوانی لەبەرامبەر سمایل ئاغا پایەداری بکات. سمایل ئاغا دەیگوت ئەگەر بێتوو فەقەت ئەمن عەشیرەتی جەلالیم دەگەڵ بێ زۆر بەئاسانی قشوونی ئێرانی تێك دەدەمو نەتەوەی کورد ڕزگار دەکەم.

دە سوورەتێکدا ئەوڕۆ یەکییەتی کورد لەجەلالی ڕا تا شکاکو هەرکی وزەرزا، مامەش، مەنگوڕو پیرانو تەواوی عەشایری دەوروبەری مهابادی دامەزراوەو عێلی ڕەشیدی بارزانیش دەگەڵ مەنو کوردی جنووب(لە) کرماشانو سنەشو بیلئەخەرە

تەواوی کوردەواری پشتیوانی مەن و دەگەڵ مە هاودەنگن، ئایا بەو وێنەیە چلۆن بەسەر دوژمنانی خۆماندا فایق نابین.

ئەورۆ دەوڵەتی میللی کوردستان زۆر بەهێزە تا چەند رۆژ لەوەی پێش کەقشوونی سوور لەئێرانی بوو مەئموورانی ئێرانی دەهاتن لەنێومەدا برای مەیان دەگرت وەلی ئەمان دەتوانی بڵێین بۆچی دەیگری و لەسەر چی حەبسی دەکەن وەلی بەپێچەوانەی ئەو رۆژە نوێنەری کوردلەتاران بەسەربەستی ئیدیعای ئازادی کورد دەکاو هیوادارم کەدنیاش چیدی چاوی نەقووچێنێ وحەقی خۆمان بدەنەدەست خۆمان و لەبەرئەوە کە پێمان خۆش نییە شەرێ بکەین کەبرایانی ئێرانی بەزۆری ومەجبووری هێناویانن لەبەرامبەر مەیان راگرتوون بیان کوژین.وێستا نوێنەری خۆمان ناردووەتە تاران بێ شەڕ حەقی خۆمان بدەنە دەستو دەبێ ئەوەی بزانن کەئەورۆ یەکییەتی کورد دەگەڵ نەتەوەی نەجیب و فیداکاری ئازەربایجانی زۆر بەهێزەو ئەو بەینەی کەئەمن لەتەورێز بووم لەهەموو کارێکدا ئاگامان لێك بووەو هیچ تەفاوەتێکمان لەبەیندا نییە. هیچ رازی نەبوون و نەیان دەهێشت بگەرێمەوەو حازرن وەك مەکە خۆمان بۆ فیداکردن دەرێگای واندا ئامادەکردووە ئەوانیش وا بۆ مەحازرن وهەردووکمان خەریکی بەرقەراری ئازادی لەسەرتاسەری ئێرانین وەلی لەبەر هێندێك قسە کەبیستبووم و یەکیش بۆ بەخێرهێنانی ئەو برایانە کەلەرێی دوور را بۆ فیداکاری و گیان بازی ئامادەبوون و تەشریفیان هێناوە گەرامەوەو ئومێدەوارم کەبەیارمەتی خودای و فیداکاری عەشایروکوڕانی کورد بەزوویەکی زوو ئالای سێ رەنگی کوردستان لەسەرتاسەری کوردستان و حەتتا تەواوی ئێرانی بلەرێتەوە.*

نوتقی حەزرەتی پێشەوای کوردستان لەمیتینکی رۆژی 1325-2-21

حەزرەتی پێشەواو رەهبەری کوردستان رۆژی1325-2-21 لەمیتتینگی ئەو رۆژەدا کەتەواوی سەران و سەرکردان و ژەنەراڵان و مەزنانی کوردستان و چەندهەزار کەس پیاو ژن و فەلەخوێ و جووتیر حوزوریان بوو ئەم نوتقەی ژێرووی خیتاب بەحازران ئیراد فەرموو:

* کوردستان ژمارەی47ساڵی یەکەم 4شەمۆ25ی بانەمەڕی 1325 - 15ی مەی 1946

برا خۆشەویستەکانم. مەعلووم تەسدیقی دەفەرموون کە دەگەڵ ئەو هەموو ئیختیلاف و دووبەرەکییە کەدە نێو کورداندا هەبوو کە نێوان ناخۆشی وای لێ هاتبوو تەئسیری دە خانەوادانیشدا کردبووو نێوانی برایانیش تێك چوو بوو وحەتتا باب و کوڕیش پێکەوە یەك نەبوون. پێشڕەفتی کارو دانانی تەشکیلات چەند موشکیل بوو وەلی چونکوو لەمەردان کار عاسییە نابێ و مێر بەسەر هەر جورە چەوت و چەڵەمەیەکدا فایق دەبێ بەهۆی رەنج و زەحمەت و حەول دانی چەند کەسی ساحیب ئیمان و راست تەشیکلاتیش سازکراو نەزم و تەرتیبیش دەنێو مەملکەتدا بەرقەرار کراو دەمودەتێکی کەمدا ئیختیلافات و ناتەباییش دووایی پێدرا. تۆخوداکەی چ شاهید و دەلیلێك لەوەی گەورەترە، هەر ئەوەندە کەخەبەری خەتەرێك لەجەبهەی سەقزی و سەردەشتێ و تەجاوەزی دوژمن بەخاکی کوردستانی ئازاد بەکوردان گەیشت هەموو پێکەوە لەدوورترین نوقات کوردان خۆیان گەیاندە حدوودێ وهەرگاه لەتەرەف حکوومەتی میللی کوردستانەوە ئیجازەیان با وەك شێری ژیان دە یەك سەعاتدا تەواوی دوژمنانیان ونجڕ ونجڕ دەکردەو تا شاری کرماشانێ وەك هەژدیهای دەمان هەرچی هاتبا پێشیان هەڵیان دەلووشی.

ئەگەر ئەو دووبەرەکییەی جاران مابا چلۆن لەبەر یەکتری دەیان وێرا ماڵە خۆیان بەجێ بێڵن و بیست مەنزل لەماڵە خۆیان دووركەونەوە. دەجا دوژمنان تاکەنگێ دەبێ چاوی خۆیان بقووچێنن و تاکەنگێ لەسەر نەفامی بڕۆن ونەزانی، کەتائێستا کورد هەر زیللەت و بەدبەختییەکی بەسەریاندا هاتبێ لەبەر ناڕێکی و ناتەبایی بووە دەنا ئەگەر کورد رێك کەوێ و تەبا بێ کێ پێی دەوێرێ. پێم وایە دوژمنانی خاریجی دەوەی گەیشتوون بۆیە وا وەجووڵەجووڵ کەوتوون و ملیان لەدووروەرێ ناوە، بەڵام دەستگای دیکتاتۆری ئارانی هێندێکیان هێندەیان خوێن خواردووە کە بێهۆشییەکی وا دای گرتوون ئەلعانیش نازانن دنیا چ باسە.

هێندێکیان بەنەئشەی تریاك سەرخۆشن و عیدەیەکیش مەستی ئارەق و شەڕاب لەگەڵ دڵبەرانی مەهوەش خەریکی عەیش و نۆشن و دەڵێن:

ما را بجهان خوشتر ازاین یکدم نیست
کزنیك و بد اندیشه و از کس غم نیست

بەوانچی غەیری تارانێ، مەرکەزی فەسادو شەرارەت و جندەبازی، ئەویدی هەموو خراپ ببێ. هێشتا لەبەر ئەوشتانە کەعەرزم کردن موتەوەجیهی کاری کوردان بەچاکی نەبوون دەنا لەپاش ئەوەی کەئەمە ئیستقلالی تام و تەمامی خۆشمان بەدەست هێنا بۆوەی لەحکوومەتی مەرکەزی مەعلووم بکەین و بەدنیایەش نیشان بدەین کە ئەمە کەئەو کارانەمان کردووە لەبەر موخالەفەت لەگەڵ دەستگای دیکتاتۆرییە نەئینکی کورد لەبرایەتی فارسان حاشا بکا یابەئیزانییەتی خۆی ئیفتیخارێ نەکا بەلا ئەو دەردەی کە دەستگای حکوومەتی تاران چ لەپێش ڕەزا خان‌داو چ لەزەمانی ڕەزاخانی‌داو چلەپاش ڕەزا خانی داویە بەکوردان چەنگیزو موغولیش لەگەڵ کەسی نەکردووە.

کێ بێ نەیبیستبێ کەبە چ فێڵ و نامەردییەکی دەزەمانی قەجەراندا جەعفەر ئاغای شکاك لەتەورێزێ کووژرا. کوشتنی حمزە ئاغای مەنگوورو هەزاران ئەمسالی وایان نەبیستبێ؟ کێ بێ نەیبیستبێ کە بە چ ناچەوان مەردییەکی قشوونی ڕەزا خانی پەهلەوی چۆن وەختێك‌دا کەئاراراتی گەرمی شەڕی لەگەڵ تورکان بوون چ ناپیاوانەو ناجەوانمەردانە وەنێو ژن و منداڵی کوردان کەوتن، نەعووزوبیلا چیان بەسەر هێنان چیان لێ کردن، جەلالی چون هەموو بارکران و دەگەڵ هەزاران ماڵی کوردی لای وان هەریەکەی بۆ نوقتێکی ئێرانی بران، ئەلانیش بەشی زۆریان کەس نەیزانی چیان لێ‌هات وچۆن تەلەف بوون. ئەو دەردەی دایان بەگەڵبەغییان کەبەزستانی باریان کردن سەدها منداڵیان دەبەفری‌دا قڕبوون و پیاوان دەستووپێیان سەرمابردی و گەیێندرانە شارانی هەرە دووری ئێرانی و بەئەششەدی عەزاب بەشی زۆریان تەلەف بوو، هەتکی ناموسی و بێ عیفەتییەکی کە دەو هەموو کارانەدا بەسەر کوردا هات شەرمێ دەکەم شەرحی بدەم و تائەوڕۆ بەشەر نەیکردووە.

کاری ئەمنییان چی لێ بڵێم، سەرتاسەری ئێرانی دۆست و دوژمن شاهیدی فەجایع و جینایات و هەتکی ناموسی وانە،حەتتا تەعەرروزیان بەپیاوان دەکرد. شەهرەبانی و نەزمییەیان سەد لەئەمنییە خراپتر، عەدلییە مەرکەزی تالان و بڕۆو رووتاندنەوەی خەڵکی بوون لەپەهلەوان و پەنبانی فیراری شەهریوەر مانگی کەدەشانی واندا هاتووە:

همه سر بەسرپشت بدشمن دهیم‌از ان بە کەخود بەکشتن دهیم

هیندە هەوای تەکەبورو عەزەمەتو گەورەیی‌یان لەسەر ئێمە لێدەدا بەدەرەجەی خوداوەندیش رازی نەبوونو کەسری شانیان دەزانی دەنا ئیدیعای ئولوهییەتیان دەکردو ئەوەی سەرتیپ هۆشمەند بەسەر بانەو هەورامانو مەریوانی هێنا دنیا بیستوویە.

لەبەر ئەوە چاوترساو بووین حازر بووین هەموو خۆمان بەکوشت بدەینو ئیتاعەتو فەرمانبەرداری ئەو دەزگایە نەکەین دەنا ئەگەر بێتوو ئازادی لەئێراندا بەرقەرار بێ چ مانعێك هەیە ئەوی لەئێرانیدا دەژین تێکرا دەستی برایەتی بدەن بەیەکتری. بزانن شوورەوی چل پەنجا دەوڵەتو میللەتن عەدالەت کردوونیە برا، ئامریکا چلو چەند جمهوورین، سویس دووسێیەکن، یەك ڕوحو گیان پێکەوە دەژین. بۆ وەی کەئەمە نیشان بدەین دە وادەی خۆماندا راست گۆین، باوسەفی وەی کەلەگەڵ نەتەوانی دی ئازەربایجانی هیچ شتێکمان یەك نەبووە، چونکوو ئەوانیشبوونەئازادیخواو دێمۆکرات هەردووك بووینە یەك بەیەکەتییەك کەژیانو مردنمان پێکەوەیە(جە وێنەی بادام- دوو مەغزو یەك پۆست)و بو وەی کەلەسایری نەتەوانی دیکەی ئێرانیش مەعلووم بکەین کەبرایەتیمان لەگەڵ وانیش تێك نەداوە دوو نەفەر نومایەندەمان مەعلووم کرد لەبەر دەرکو ئاستانەی وان حازر بێو یڵێ خۆتان دەگۆڕنو تەشکیلاتوو دەکەنە دێمۆکراسی چون ئەنگو دەڵێن برایەتیو دەکەینو هەرگا خۆتان نەگۆڕنو تەشکیلاتیشتان نەکەنە دێمۆکراسی دیسان ئەمە زیدییەتیکمان لەگەڵ ئەنگۆ نییەو برایەتیمان برایەتی کیسەمان جودایی ئەمەش ساڵهای ساڵە بۆ ئازادی هەوڵی دەدەین پیاوی چابن چیدیکە بەتانكو تۆپو تەیارە لێمان تێك مەدەن، ئەمەش بەشەرین، حەقێکمان دەبەشەرییەتدا هەیە چ میللەتێك غەیری مە دە ئەسارەت دا ماوە؟ چیدیکەمان قیل لەچاوییەوە مەنێنولۆکەمان دەگوێی مەئاخنن. ئەوانەی ئەوهەموو کارخانە ساحێب عەزەمەتانەیان دروست کردووە وئەو هەموو شتە عەجایب عەجایبانە وەدەر دەخەن، دەمێکی وەك تەیری بەحەوایدا دەفڕن هەر ئەوەندەی چاولێك دەی مەشریق دەچن بۆ مەغریب، جارێك وەك ماسی هەر ئەوەندەی بڵێی یەکودوو بە بن دەریایەدا ئەوسەر ئەوسەری دونیایە دەکەن، کێوانیان هەموو بەتونێلان پەرە پەرە کردو بەڕێی ئاسندا سەدتەها وەتاق کەشارێکی هەڵدەگرن پیاندا ئەودیووئەودیوی دەکەن.

ئوتۆمیبلی ببینن‌و تانکی تەماشا کەن‌و سەرنج بدەنە رادیۆو لەتێلێگراف‌و تەلەیفوونی خورد بنەوە کە لەهەزاران مەنزڵ ڕیوە قسە بەیەکتری دەگەیەنن‌و چرا بەرقی چاو لێکەن چۆن شەوی کردووتە ڕۆژ.

خولاسە هەر لەئەلئان ڕا تاساڵێکی یەکیەك ئیختیراعاتی ئەوشتانە کەلەسایەی خوێندن‌و سەنعەت بەدەست هاتووە شەرحی بدەم تەواو نابێ، بەڵێ ئەوانە ئەو عەجایباتانەیان هێناوەتە سەر دنیایە ئەوانیش وەك مە بەشەرن بەلاّ چونکوو کاری خۆیان بەدەست خۆیانەو غەمی خۆیان بۆ خۆیان دەخۆن ئەوەی دەیخوێنن تێ دەگەن‌و ئەوە پێش کەوتوون. لێمان گەڕێن بائەمەش تەکانێکی بەخۆمان بدەین وەدوای خویچندن‌و سەنعەت کەوین‌و فەلاحەت‌و کشتوکاڵی خۆمان وەك خەڵکی لێ بکەین‌و میللەتمانی پێ دەوڵەمەند بکەین‌و کارخانان بێنین‌و ئەوهەموو کانگاو مەعدەنانەمان هەیە باوەڕێی خەین‌و بەمەنفەعەتی وانە وەلاّتی خۆمانی پێ برازێنینەوە. و ئاغای محەمەد حوسێن خان نومایەندەی مەنیشانی‌دا کەکورد هێندە لەبراکوژی‌و ئیختیلافێ خۆی دەپارێزێ، کورد کەدەئێرانێ‌دا ئەکسەرییەتی هەیە بەئەقەلییەتیکی ئازەربایجانی وەك ئەرمەنی‌وئاسۆریان داندران دەنگی نەکرد. دیسان حکوومەتی تارانێ هێندە لەدیتنی مەنزەرەی کەدایك بۆ کوڕی کوژراویان قوڕوەسەر دەکەین وەکەیف دێن‌و بەبیستنی ڕۆڕۆی هەتیوو باب کوژراوان وەدەماغ دەکەون‌و بەبەچاوکەوتنی خانووی وێران‌و گرگرڕ ئایساو شاد دەبن‌و بەناڵەناڵی بریندارران وەنەشئە دێن‌و دەخوێنن تلانەوەی نەوجەوانان خۆشحاڵیان دەکا کەبەهەموو گوزەشتەی کوردانی ئەهەمییەت نەدا، نومایەندەی مە بەمەئیووسی ناردەوە.

ئێستا تەکلیف چییە؟ومیللەتی کورد چلۆنی پێ مەسڵەحەتە ؟ بڵێن بزانم حەقمان نییە بڵێین ئەی تاران ئەوهەموو قەسرو قسوورەت کەبەماڵێ مە دورست کردووە بەست بێ بائەمەش فکرێکی بۆ خانوو لەگڵێنەکانمان کەوەغارانی دەورەی سەنگی دەچن بکەین، ئەو هەموو خیابانی ئیسفاڵت‌و کووچەی ڕازاوەت کافییە، ئەمەش دەکووچانێك‌دا لەبەر تۆزی بەوشکانی‌و لەبەر قوڕ بەتەڕوتووشی ناتوانین پێیدا بڕۆین، بائیسلاحاتێکی بکەین ئەو هەموو تەجەمولە دەهەر خاتوویەکی تارانێت دا وەخڕ کردو خەراج‌و قیمەتی هەموو وەلاّتی کوردانە چ ئیستیفادەیەکت لێ‌کردووە کە ئیدیشت دەوێ؟ سینگوبەرۆکی خانمانوو هێندە زێڕو زێو تێکردووە کەدوو ئێرانی

دیشی پێ ئاوەدان دەبێ ئیدی چت دەوێ لەکوردی ڕووتاوەوە؟ دیسان دەڵێم،بڵێن سەرانی کورد، بڵێن سەرداران بڵێن برا جووتێرەکان و زەحمەتکێشەکان بڵێن چ بکەین و تەکلیف چییە؟

دوای ئەوەی بەیاناتی حەزرەتی پێشەوا لەکاتێکدا تەواوی حازرین پەنجەرەی دڵیان بۆ حاڵی بوون ئاوەڵە کردبوو وگوێیان لەو فەرمایشاتە ڕاگرتبوو لەنێو چەپڵەڕێزان و هوڕراکێشان و بژی کوردو کوردستان تەواو بووو تەواوی گەورەو چکۆڵەی حازران یەکدەنگ و یەك ئاواز هاتنە جواب و لەوەڵامی حەزرەتی پێشەوای مەحبووبدا گوتیان: ئاوری نیشتمانپەرستی و ئازایخواهی ئێمە کووژاندنەوەی بۆ نییە، ئێمە مەڕامی موقەدەسی (یامەرگ یا ئازادی)مان وەپێش گرتووەو ئازادی خۆشمان وەچنگ هێناوە، ئێستاش هاسانە کەئازادی خۆمان زۆر مەردانەو پیاوانە دەپارێزین و رای دەگرین، ئامادەین ئازادی گشت نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران تەئمین و پایەدار کەین و ئەوان لەژێرزۆری دیکتاتۆرانی خوێن مژو خوێن ڕێژدەربێنین و وەك خۆمان لەئازادی بەشداریان کەین، بژی کوردو کوردستان، بژی ئازادی و دیمۆکراسی بەڕاستی.*

نوتقی حەزرەتی پێشەوا راجیع بەجەنگی مامەشای سەقز

شەوی30-3-1325حەزرەتی پێشەوای کوردستان کەلەتەورێز ڕا بۆ پێڕاگەیشتن بەمەڵبەندەکانی جەبهە تەشریفی چوو بوو گەڕایەوەو بەیانی ساتی 8لەعیمارەتی پێشەوایی حازر بوو و بەکارەکانی بەردەستی ڕاگەیشت و لەساتی 1ی دوای نیوەڕۆ بۆ بەجێهێنانی فەریزەی جومعە چووە مزگەوتی سوور. دوای نوێژ تەشریفی بردە سەر مینبەرو نوتقی ئیرا فەرموو. لەپێشدا حەزرەتی پێشەوا لەبابەت پەیمانێکەوە کەلەنێوان ئازەربایجان و تارانەوە بەستراوە گەلێك دوواو پتری مەودای پەیمانەکەی تەشریح فەرموو و بەتایبەتی ئیشارەی بەمادەی 13ی پەیمان کرد کەدەڵێ: (دەوڵەت موافەقەت دەکا کەکوردانی نیشتەجێی ئازەربایجان لەمەزایای ئەم موافەقەتنامە

* کوردستان ژمارەی 50سالی یەکەم 2شەمۆ 6ی جۆزەردانی 1325 - 27ی مەی 1946

ئیستیفادە بکەن و بەپێی مادەی 3ی ئیبلاغییەی دەوڵەت تاکەلاسی 5ی ئیبتیدائی بەزمانی خۆیان بخوێنن." و فەرمووی : لەم مادەیەدا ئیقراریان بەحەقانییەت و مەوجوودییەتی ئێمە کردووە و ئەڵبەتە ئێمە دەمانەوێ تەواوی کوردستان لەم مەزایایەو لەئازادییەکی کەلەسەرتاسەری ئێران بەدەستی کوردان بەزوویی بەر قەرار دەکرێت هەموو براکان بەهرەمەند بن، پاشان ئیشارەی بەشەڕی رۆژی 25-3—24(25) جەبهە فەرموو: کە سووئی تەفاهوم ببوە هۆی رووداني ئەم جەنگە چونکوو من دەستووری تێلێگرافیم دابوو کەڕێگای بۆ میرەدێ و بانەوسەردەشت و بکەنەوە کەخواردەمەنی بۆ سەربازەکانی ئێرانی کەلەو مەڵبەندانە هەن ببرێت، نازانم تێلێگرافەکە درەنگ گەیشتبوو یا ئیجرا نەکرا بوو، سەرتیپ رەزم ئارایش کەئێستا لەسەقزە تێلێگڕافی بۆ ئاغای قەوامو سەلتەنە ناردیوو مەوزوعی رێگانەکردنەوەی وڵام دابوو و قەوام وسەلتەنەش دەستووری دابوو بەهێزی خۆیان رێگا ئاوەڵە بکەنەوە لەنەتیجەدا لەحدوودی 3هەزار کەس سەرباز کەبە 8توپ و دوو تەییارە و دووتانك پشتیوانیان لێکراوە پەلامار بۆ گردی مامەشا دێنن و فەرماندەی پۆستی ئێمەش لەوێ پەیام بۆ سەرکردەی خۆی مستەفا خۆشناو دەنێرێ کەئەوا هێزی ئیرتیجاع پەلاماری هێناوە چارە چییە؟ ئەویش دەستوور دەدا تا نەیێنە نێو سەنگەری ئێوە دەست مەکەنەوە، ئەوانیش کە جەمعەن بەکومەگێکەوە کە لەلایەن سەرکردەی خۆیانەوە پێیان دەکا دەبنە39 کەس دەنگ ناکەن تا دوژمن دەکاتەنێو سەنگەرەکەیان ئەمجار لێیان دەردەپەڕن و عیدەیەکیان لێدەکووژن و پەنجا هەزار فیشەکیان لێدەگرن و دوژمن دەشکێ. دوای کەمێك دیسان دوژمن پەلامار دێنێ، ئەمجار لەحدوودی 30 کەس لەپۆلی سەرکردە میرحاج ئەحمەد کۆمەگ بۆ کوردەکان دێت و شەڕێکی رۆستەمانەو قورسیان دەگەڵ دەکەن و گروهانێکیان لێدیل دەکەن، بەڵام چونکوو پێشمەرگەکانی کوردستان گەرمی شەڕ دەبن و ژمارەیان لە 70کەس پتر نابێت کەس نابێ ئەم دیلانە لێخوڕێ، ئەمجاریش دوای لێگرتنی چەندتفەنگ و کووژراوێکی زۆر دوژمن دەشکێ. دیسان جاری سێیەم پەلاماری دێنن، عیدەی مە کەوەسیلەی هەڵگرتنی بریندارەکانیان بوو ناچار بۆ خۆیان بریندارەکان هەڵدەگرن و دەکێشنەوەو گردی مامەشا بەجێ دێڵن و لەسەربازەکان 500 کەسیان کوژراوو 250 کەسیان بریندارە، دوو تانك و دوو تەییارەیان سووتاو و شکاوە.

حەزرەتی پێشەوا فەرمووی: مەقارنی ئەم پەلامارە لەوبەری چومێش ڕا لەدێی خەیدەرەوەو لەپۆستی میرەدیش ڕا پەلاماریان بۆ هێزی کوردستان بردبوو، هەرچەند لەجەبهەی خەیدەر پێشمەرگەکانی ئێمە لەبەر کەمی لەهەوڵەوە پاشەکشێیان کردووە بەڵام سوورانی ئاغای ئەحمەد خانی فاروقی بەهیمدادیانەوە هاتووە بیلنەتیجە لەهەردوو جەبهە دوژمن بڕێك تفەنگو فیشەکی بەجێ هێشتووەو عیدەیەکی کوژراو داوە وهەڵاتوون‌و لەجەبهەی میرەدێ محەمەد ئاغای شقویف شەریەتی شەهادەتی چێشتووە.

ئەمجار حەزرەتی پێشەوا هاتە سەر تاریفی ئێلی قارەمانی بارزان‌و فەرمووی: ئەم ئێلە ئازایە دەگەڵ وەش کەنیشتگای خۆشەویستیان بەجێ هێشتووەو هەموو لەماڵ‌و منداڵیان دوورن‌و گەلێ ناڕەحەتی دیکەشیان هەیە زەرەیەك لەگیانی ئەوان تەئسیری نەکردووەو ڕۆژ بەڕۆژ لەنیشتمانپەرستی خۆیاندا بەتینترن تەنیا داخی کەهەیانە ئەوە بوو پەلامار بۆ سەقز بەرن‌و داگیری بکەن بەڵام ئەمن مەنعم کردن، شەڕێك کە ئێلی بارزان کردوویانە لەمێژوودا وێنەی نییەو دەگەڵ ئازایی ڕۆستەم‌و ئەسفەندییارو.....

بەرجەوەند ناکرێ. لەسەر ئێمە هەموومان پێویستە کەبەماڵ‌و دارایی مانەوە لەکۆمەگ بەهەموو ئێلی بارزان بەتایبەتی ئەوانەی کەلەجەبهەی ڕای دەبوێرن‌و بەتایبەتی ئەوانەی کەلەم شەڕەی دواییدا قارەمانییان نواندووەو لەنێو ئەواندا ئەوانەی لەشەڕێدا بریندار بوون نیسبەت بەخۆیان‌و ژن‌و منداڵیان کۆتایی نەکەین‌و بەڵکوو ئەوان لەخۆمان‌و ژن‌و منداڵی خۆمان لەپێشتر بزانین.*

موساحەبەی نوێنەری ڕۆژنامەی ڕەهبەر لەگەڵ پێشەوای مەزنی کوردستان

وەرگێڕ: قزڵجی

ڕۆژنامەی ڕەهبەر دەنووسێ: پێرەکە سەعات 6ی دوای نیوەڕۆ ئاغای قورەیشی ئەندامی هەیئەتی نووسەرانی ڕەهبەر لەویلای ژمارە 5 واقیع لەدەربەند لەگەڵ جەنابی قازی محەمەد ڕەهبەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کەدەرۆژ پترە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ

---

* کوردستان ژمارەی 62 ساڵی یەکەم 4 شەمۆ 5 ی پووشپەڕی 1325 – 27ی ژوەنی 1946

دەوڵـەتی مەرکـەزی هاتۆتـە تـاران موسـاحابەی کـردووە. شـەرحی ئەوموسـاحەبەیە لەخوارەوە بەنەزەری خوێندەواران دەگا:

جەنابی قازی محەمەد کۆت‌و شەڵوارێکی ساکاری لەبەردابوو و زۆر مـەحجووب‌و بەویقار و بەئوبوهـەت دەبینـدرا، چـەند نەفـەر لەموتەنـەفیزو گـەورە گـەورانی کـورد کەلـەو مەجلیسـەدا حـازر بـوون ئیحـترامێکی زۆر نیسـبەت بەڕەهبـەری حـیزبی دیمۆکراتی کوردستان قایل بوون. جەنابی قازی دوای ئەوەی لەتـەقازای ئێمـە راجیع بەموسـاحەبە لەتـەڕەف ڕەهبەرەوە ئاگادار بـوون زۆر بەمـەیل‌و ئیشـتیبا حـازر بـوون جوابی پرسیارەکانمان بدەنەوە. جوابەکانیان کورت‌و موختەسـەرو سـەریح‌و لـەڕووی ئیمان‌و قووەتی قەلبەوە بوو:

پرسـیار: مەڵبـەند و قەڵـەمڕەوی ئێسـتای نێـهزەتی دێمۆکراتـی کوردسـتان تا کوێ دەڕوا؟

ولام-مەلبـەندی نفـووزی حـیزبێکی کەبـەناو کۆمـەڵێکی زۆر و زەوەنـددا بڵاوبووبێتـەوە زەحمەتـە مـەعلووم بکـرێ. بـەڵام نێـهزەتی ئێمـە راسـتەوخۆ کـوردی دەوروبـەری ماکۆ، شاپوور، خۆی، ڕەزائییـە، شـنۆ، سـندووس، سـەقزو سەردەشـت کەنزیکەی حەوسەت هەشت سەد هەزار کەس شارەزایی‌و ڕەهبەری دەکا.

پ-هێندێ لەسابیقەو ڕابردووی تاریخی نێهزەتی خۆتان شەرح دە.

و-حـیزبی دێمۆکراتـی کوردسـتان سـەرەتای لەمەزلوومی‌ونارەزایـەتی قـەدیم‌و کۆنەوەیە، هەرچەند سابیقەی زۆرە بەڵام لـەنۆ مـانگ بـەم لاوە دەستی بەفەعالییـەتی عەمـەلی کردووە(کۆمیتـەی مەرکـەزی حیزب لەمهابادە.) دەسـت پێکردنـەوەی حـیزبی ئێمـە بەفەعالییـەت عەکسولعەمەلی زۆر بۆ هێنـانی دەوڵـەتانی مورتەجیعـە کەلـەپێش دەوڵـەتی ئێسـتادا لەسـەر کاربوون‌و دەیانەویسـت دەگـەڵ هـەموو نێـهزەتێکی لاگـیری ئازادی‌و ئیستیقلالی ئێران بەربەرەکانی بکەن.

پ-چ ئیقداماتێك تائێستا لەو ناحییەو مەنتیقەدا کراوە؟

و- کارێکی هەرە گەورە کە نێهزەتی ئێمە لەمەڵبەندی دەسـتەڵاتی خـۆی کردوویـە ئیجادی گیانێکی سـەمیمییەت‌و یەکەتییـەکی بێ نـەزیرە لـەنێوان چـەند سـەد هـەزار نەفەر برایانی ئێرانی ئێوەدا.

ئەمنییەت و ئارامییەکی کە لەومەڵبەندەدا هەیە قەت نەبووەو میللەتی ئێمە لەخۆڕا لەئیجادو ئیبداع و دەست کردنەوەیەکی بەشەڕەفانە لەحەیسییەتی میللەتی ئێران زۆر شاکاریان کردووە. دەگەڵ ئەو وەختە کەمەو نەبونی وەسائیلی چاك کردنی ڕێگایان، دامەزراندنی مەدرەسان، دامەزراندنی چاپخانەو بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەو گۆڤارو تەربییەتی سیاسی و نیزامی کۆمەڵێکی زۆر لەکوردانی هاونیشتمانی ئێوە بەرەو تەڕەقی ڕۆیشتووە.

پ- ئاگات لەحاڵی کوردانی جنووبی کەپێوڕاست لەژێر نفووزی مەعنەوی نێهزەتی ئێوەدا نین هەیە؟

و-لەو جێگایانە لەهەموو جورە بزووتنەوەیەکی دێمۆکراتیك پێشگیری کراوە بەڵام ئێمە دەزانین لەهەموو جێگایەك هەموو کوردێکی زۆرلێکراوو عاشقی ئازادی لاگیری نێهزەتی بەرەو تەڕەقی ئێمەیە.

پ- وەزعی ئێستای کوردانی دنیا بۆ ئێمە شەرح بدە.

و- بێجگە لە کوردانی ساکینی ئێران نزیکەی دوو میلیۆن و نیو کورد لەتورکیادا ڕای دەبوێرن، لەتەرزی بزووتنەوەو ڕەفتاری ئێستای دەوڵەتی تورکییە نیسبەت بەکوردانی ساکینی ئەوێ خەبەرێکم نییە. بەڵام لەوەپێش کوشتارو ئەزییەت و ئازاریان دەکردن، وئەمەش کەدەوڵەتی تورکییە ئیدیعا دەکا کە (مەسئەلەی کوردی لەو مەملەکەتەدا حەل کردووە"لەلای من قابیلی قبووڵ نییە. مەگەر پێمان وابێ کەئەو حەل کردنە بەباری هەڵکوشین و دامرکاندنی ئارەزووی میللی ئەواندا بووبێ... بێجگە لەوەش نزیکەی ملیۆنێك و دووسەد هەزار کوردی دیکەش لەعیراقدا دەژین. ئاکارو بزووتنەوەی حکوومەتی عێراقیش دەگەڵ ئەوان لەفیرار وهەلاتنی بەپۆل و کۆمەڵی کوردانی عێراق بۆ مەنتیقەو مەڵبەندی نفووزی نێهزەتی دێمۆکراتیکی ئێمە ڕووناك دەبێتەوەو وەدەرکەوێ.بەڵام دەبێ بڵێم کە دەوڵەتی فەڕانسە دەگەڵ حەوسەد هەزار کوردی کە لەسوورییە دا دەژین باش بووە.

پ- چ ڕابیتەیەکی مەعنەوی لەنێوان نێهزەتی کوردستان و ئازەربایجاندا هەیە؟

و-هەردووك لامان بۆ ئامانجێك کە ئازادی و سەربەخۆیی حەقیقی و بەڕاستی ئێرانە کار دەکەین.

پ-دەکرێ لەگفتوگۆی تاران یا کولییاتی ئەو ئاگادارمان بکەی؟

و-ئەمن چەند جەلەسە دەگەڵ ئاغای موزەفەری فیرووز معاوینی سیاسی ئاغای قەوام وسەلتەنە سەرەك وەزیرو ئاغای سەرلەشکر ڕەزم ئاراو دووجار دەگەڵ جەنابی سەرۆك وەزیر مولاقاتم کردووە. نەزەری ئاغای سەرۆك وەزیرم زۆر تێکەڵ بەحوسنی زەن و چاك نییەتی دیوە. داخەکەم بەرهەڵستێکی کەگفتوگۆی ئێمەی وەدواخست نەخۆشی جەنابی ئاغای قەوام وسەلتەنە بوو، لەخودام تەڵەبە زووتر چاببنەوەتا مزاکەرە بەخێرو خۆشی نەفع و قازانجی ئازادی دوایی بێت.

پ-ئایا لەو ناوەدا چلوچوویی مورتەجیع و پاشەکەشەکان قابیلی تەوەجوهو لێ وریا بوون نییە؟

و-وەختێکی ئیرادەی میللەت و دەوڵەت تێکەڵکارێکی سەحیح و چاکدا ڕێك کەوێ هیچ شتێ ناتوانێ پێشی لێبگرێ.

مـن ئاتییەکی زۆر چاك تێبینی دەکەم و هیوادارم دەوڵەتی مەرکەزی بتوانێ دێمۆکراسی بەهەموو ئێراندا بڵاوبکاتەوە.

پ-نێهزەتی دێمۆکراتیکی کوردستان تا چ ئەندازەیەك یارمەتی دێمۆکراسی ئاتییەی ئێران دەدا؟

و-نێهزەتی ئێمە لەئازادیخوازانی تارانەوە ئیلهامی گیر کەوت، ئێمە شاعیرێکی میللی بەناوبانگمان هەیە بەنێوی هەژار کە قەسیدەیەکیشی لەڕۆژنامەی ڕەهبەردا چاپ کرابوو. لەم قەسیدەیەدا کوتوویە "ئێمە بەشمشێر ئەوان بەقەڵەم"، ئەمن ئەو قسەیەی وا بەیان دەکەم کەقەڵەمی ئێوەلەتاران کاری سەد شمشێری ئێمەی لەمەنتیقەی خۆمان کرد. میللەتی ئێمەزۆریان دڵ بەنێهزەتی ئازادیخوازی ئێرانەوەیە. ڕۆژنامە ئازادیخوازەکانی تاران بەئیشتییا دەخوێننەوەو تف و لەعنەت لەڕۆژنامەی ئیرتیجاعی و پاشەکشە دەکەن.

پ- لەومانگانەی دواییدا لەنێوانی دەوڵەتی مەرکەزی و نێهزەتی کوردستاندا بەرهەڵستێکی وابوو کە نەیەڵێ هەر دووك لا لێك نزیك ببنەوەو ڕێك کەون یان نەو؟

و-پێش دەوڵەتی جەنابی قەوام وسەلتەنە ئەم جورە بەرهەڵستانە زۆر بوون بەڵام دوای ئەوە کەئەو دەوڵەتەهاتە سەر کار، دەوڵەتی مەرکەزی هەوڵ و تەقەلای دا بۆ ڕێك کەوتن و سازان.

پ-بۆچی فەرانسەوی راجیع بەمەسئەلەی کورد زۆر عەلاقە دەنوێنن و ئایا ئەو خەبەرەی موخبیری فەرانسەویی بەزمانی تۆوە کوتوویە:" ئێمە هەر وەختێك کە کەیفمان لێ بێ کرماشان دەدەست دەگرین" راستە یان نا؟

و- من پێم وایە فەرانسەوی دەگەڵ کوردان نەزەرێکی خراپیان نییە، لەسوییە ئەوەندەی لەدەستیان هاتبێ کومەگیان بەکوردان کردووە. راجیع بەخەبەرێکی موخبیری فەرانسە لەزمان منەوەکتوویە، هەوەڵ ئەوەیە کەئەم قسەیە بەئێستا کەئێمە لاگیری ئەوەین مەسئەلە بەموسالەمەت حەل بێ مەربووت نییە. دووەمیش ئەمەیە کەمەنزوور دەست گرتنێکی غاسبانەو ئیمپریالیستی نەبووە بەڵکوو مەقسوود ئازادکردنی بەشێك لەهاونیشتمانان و کومەگێکی پتر بەئازادی تەواوی ئێران بووەو دیسانیش دەڵێمەوە کە دەوڵەتی ئێستا ئەو جورە نەزەرییاتە کەهی زەمانی حکوومەتە ئیرتیجاعییەکانی پێشووە لەناو دەبا.*

نوتقی حەزرەتی پێشەوای موعەزەمی کوردستان

جەنابی قازی محەمەد لەکاتی ڕۆیشتن بۆ ورمێ

رۆژی هەینی 4-5-1325 سەعاتی 11پێشەوای موعەزەمی کوردستان حەزرەتی قازی محەمەد لەکاتێكدا خۆی ئامادەکردبوو کە بۆ پێڕاگەیشتن بەهێندێ کاران بۆ لای ورمێ و مەڵبەندەکانی کوردستانی باکور بچێت بەحوزووری ژمارەیەکی زۆر لەئاغایانی مامەش زەرزاو ئەندامەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی چاری نوتقێکی بەتسینی ئیراد کرد. حەزرەتی پێشەوای کوردستان لەسەرەتای نوتقەکەیدا ئەم ئایەتە موبارەکەی خوێندەوە:"کتب علیکم القتال وهو کره لکم وعسی ان تکرهوا شیئا وهو خیر لکم الخ" لەدوای خوێندنەوەی ئایەتەکەنوتقی بەتەرتیبی خوارەوە دەست پێکرد:

ئەڵبەتە هەمووتان ئاگادارن کە کورد لەرێگای ئازادیدا زۆری نیهزەت کردووەو لەموقابیل ئیستیعمارو ئیستیسماردا ملەو موبارەزەی دەوام پێداوەو من نامەوێ ئێستا مێژووی نێهزەتی کوردانتان بۆ بگێڕمەوە چونکوو کورد میللەتێکە کەهیچ وەختێ بەربەرەکانی ئیستعیمارو ئیستیسماردا ملەو موبارەزەی دەوام پێداوەو من نامەوێ ئێستا مێژووی نێهزەتی کوردانتان بۆ بگێڕمەوەچونکوو کورد میللەتێکە

---

* رۆژنامەی کوردستان ژمارەی 69 یەکشەمۆ پووشپەڕی 1325 ژوویەی 1946

کەهیچ وەختێ لەبەر بەرەکانی ئیستعیمارو فاشیستان دەستی نەگێڕاوەتەوە. بۆ خۆتان دەزانن لەعێراق چییان بەسەر کوردان هێنا. هەرچەند تۆپ و تانکیان بەڕووی کوردانەوە دەکار کرد نەیان توانی هەستی ئازادیخوازی کوردان بکووژێننەوەو شاهیدم (ئیشارەی بەدەست کرد) جەنابی مەلا مستەفاو قەومە دلێرە بارزانییەکەیەتی کەلەسەر بیری پاکی ئازادیخوازی وازیان لەخاك و نیشتگای خۆیان هێناوە. دیسان لەعەمەلییاتی کێویانەی تورکەکان ئاگادارن کەچیان بەسەر کوردان هێنا کەئێستا ماوەم نییە فەجایعی گیانبرژێن و دڵقرچێنی ئەوانتان بۆ بگێڕمەوە. ئەو میلەتانە بەهۆی یارمەتی هێندێ لەمیلەتانی بێگانەی دیکە دایمەن خەریکی شپرەزەکردنی کوردان بوون، بەڵام میللەتی کوردی ئازاو نەبەزو شەڕکەرو تەجرەبە دیتوو ئەو هەموو دەردو ناخۆشییانەی بەبارزانی و ڕۆژ بەڕۆژ پتر دەنگی خۆی بلێند دەکاتەوەو لەمیللەتانی دیکەی دەگەیێنێ کەحەقی ژیانی هەیەو تا مابێ لەئازادی دەست ناکێشێتەوە....

بەڵێ ئەو زوڵم و کوشتن و بێدادییە هەموو کۆبوونەوەو بوون بەمەدرەسەیەك فێری پشتی یەکتری گرتنی کردین و ئاگاداری کردینەوە بخوێنین، دووبەرەکی لابەرین، خیانەت بەکۆمەڵ و یەکتری نەکەین، لەسەر تەماع یەکتر نەهاڕین، دۆست و دوژمنمان بناسین. دوژمنانی کورد وایان دەزانی کەبەکوشتن دەتوانن گیانی ئازادیخوازیمان بکوژن.

ئێستاش لەسایەی هێزو قودرەتی ئازادی ئێمەش چاوو گوێمان کراوەو جاریکی دیکە ناچینەوە ژێرچنگاڵی بێدادی، کورد جوێ لەحەقی خۆی هیچی لەخەڵکی نەویستووە، دەیەوێ بەزمانی خۆی بخوێنێ، لەپیت و کانگای وڵاتەکەی سوود بەرێ ببێتە خاوەنی کارخانەو کانگا. کورد نایەوێ دەستدرێژی بۆ خاکی هیچ میللەتێك بکا. ئێمە لەو رووناکییەی کەلەدنیادا بریسکەی دێ خۆمان بەبەشدار دەزانین و پێمان ناکرێ لەڕۆژی ڕووناکدا چاومان بقوچێنین و لەتاریکیدا دابنیشین. دەتوانین بڵێین کەڕێگامان بۆ کراوەتەوەو لەقۆناغی حەسانەوە نزیك بووینەوە، بەڵام دەبێ بزانین کەهەموو وەختێك بەشەڕو خوێن ڕشتن کارمان پێك نایە، لەهێندێ وەختدا دەبێ فیداکاری بنوێنین و هێندێ ڕۆژی واشمان دێتە پێش کەلەڕووی موقتەزییاتی سیاسەت گوێ خۆمان لەمەیدان بەرینە دەر. گەڵێ وەختیش بەئاشتی و موسالەمەت

مەڕاممان پێش دەکەوێ. کۆمەڵێکی زۆر لەبرا کوردەکانمان بۆ پێشڕەفتی مەڕام بەگیانو ماڵ هاتنە پێش بەدنیایان پیشاندا کەلەڕێگای پێشکەوتنی دێموکراتیو ئازادیدا باکیان لەسەرو ماڵی خۆیان نییە، پێشڕەوی ئەوانیش برایانی بارزانینو بەتایبەتی ژمارێکی زۆر لەئاغایانی مامەشو پیرانو زەرزاو دێبوکری پۆل پۆل بەشەڕافەتمەندی چوونە جەبهەو بەسەربەرزی گەڕانەوە، دیسان ئاغایانی مەنگوڕ خزمەتێکی زۆر بەمەگەسان کردووە، ئەو شتەی کە پتر ئەمن مەمنوونی مەنگوڕان دەکا ئەوەیە: ئەوان لەنێو خۆیاندا ناخۆشییان بوو، ڕۆژێك پێم کوتن کەکێشەی ئەنگۆ لەسەر ئیستیکانە چایەکە کەلەپێشدا بۆ کامتانی دانێنو یادئاوەریم کردن کەئەوڕۆ بۆ ئێمەیەکەتی پێویستە جا دوای ئەوە دێین بەوردە حیسابی نێو خۆمان رادەگەین. ئەلحەقی وەلئینساف ئەوانیش قسەی منیان بەکارهێناو هەموو جورە ناخۆشییەکیان لەنێو خۆیان لابرد. دیسان ئەفرادو کۆمەڵانێکی زۆر لەکوردەکان نیشانیان دا کە بۆ فیداکاری لەپێناو ئازادیدالەخۆبوردوو فیداکارن، لەبەرانبەر دێموکراسیدا ماڵو منداڵیان ئایەتە بەرچاوو بەئێمەو هەموو دنیایان نیشاندا کە بۆ لەباوەش گرتنی مەعشووقی خۆشەویست(ئازادیو دێموکراسی) باکیان بەهیچ نییە، پاکیو فیداکاریو مەردایەتی خۆیان بەدنیا نیشاندا، پێشڕەوی ئەوانەش برایانی"بارزانی"ن... بەقسە هیچ بوون بەڵام بەکار ڕووی کوردیان سپی کردووە.

هێندێ لەبرایەکانمان بەقسە کێوی بیستوون بوون، بەڵام بەکار مێشوولەش تەواو نەبوون.کورد ئەوانەی یەك بەیەك ناسی زانی کە بە"قسەی گەورە سەر ناکەوێ، بەکار میللەتی کورد دەگاتە هیوای خۆی"و لەوەختی خۆیدا هەر کەس بەمیزانی خزمەت جەزای دەدرێتەوە. بەشێك ویستیان کە بۆ ئازادی هەوڵ بدەنو مەڕامی خۆیان ببەنە سەر بەڵام داخەکەم هێندێ کاری ناشیرنیان کرد کەبووە لەکە لەسەر خۆیان.

برایانی خۆشەویست: ئەمن لەئێوەم دەوێ کەتەنیا شەڕکەر نەبن بەشکوو چەکێکی وا هەل بگرن کە بتوانن بەرامبەری دەگەڵ لەشکری میللەتانی تر بکەن، ئەو چەکەش(عیلمو زانستە). مەرحەلەی شەڕ تەواو بوو نۆبەی هونەرە... ئەمن لەئێوەم دەوێ کەبەزانست بەربەرەکانی دوژمنان بکەن."چەك بێ عەقڵ دوژمن نابڕێ"... بەڵام داخەکەم ئاغاکان ئامادە نین کەلەمیوەی خوێندن بەهرەوەر بن، ئەگەر بڵێم کوڕەکانتان، برایەکانتان بهێنن بیان نێرم بۆ جەبهە باکیان نییە، ئەگەر دە کوڕی

هەبێ هەر دەیان دێنێ، بەڵام ئەگەر بڵێم بۆ خوێندنیان دەنێرم رووی خۆیان گرژ دەکەن و عوزری ناموەجەه دێننەوە، ئەگەر پێیان بڵێم مەدرەسەیەك لەدێیەکانتان بکەنەوەمات دەبن، ئەو کارە پەستانەش سەبەبی ئەوەیە کەهێشتا لەبەری خوێندەواریان نەخواردووە، نازانن ئینسانی بیسەواد ئەگەر رۆستەم بێ بەکاری دوو شایی نایێ. تەماشای میللەتی رووس بکەن، سەرنج بدەنە سیاسەت و پێشکەوتنیان بۆتان دەردەکەوێ کەبەهۆی زانست و هونەرە کەسەد قوناغ لەپێش هەموو میللەتێکی رووی زەوین. فەرمایشی پێغەمبەر سەلەلاهوو عەلەیهی وەسەلەم" ئوتلبولعیلم مینەلمەهد یلەللەحەد" یان بەکارهێناوەو هەر ئەوان دەزانن مەعنای چییە... ئێمە وادەزانن کەباسەوادی ئەوەیە کە بتوانین چوار هارویدوو کاڵەك کۆبکەینەوە، یاکاغەو بخوێنینەوە! کورد سێ شتی گەورە لەژیانیدا زۆر پێویستە : 1-خوێندەواری، 2- تەربییەی باش، 3-فیداکاری. بەڵام سەد مخابن کەماوەی ئێمەو ئەوانە وەکوو عەردو ئاسمانە.

دەبێ مانای تەربییەت فێر بین و بەکاری بێنین و سەرکردەکانمان دەبێ مەعلووماتی نیزامی زۆر کۆکەنەوە، دەبێ شارەکانمان زۆر پاك و خاوێن راگرین کەمیللەت لەنەخۆشی و هەژاریدا نەمرێ، پێویستە کارو ئیدیعامان وەکوو یەك بن... ئازادی بەقسەو هوراهورشا وەرناگیرێ بەماندوو بوون و لەخۆبووردن پایەدارە....

ئەی خۆشەویستەکانم وەختێ میللەتی کورد بەختیار دەبێ کەئێمە واز لەمەنافیعی شەخسی بهێنین... هەر وەکوو کاری خۆمان جێبەجێدەکەین کاری میللەتیش وابخەینەڕێ، کاری شەخسی وەپێش کاری عموومی نەخەین.

دروستکار ئەو کەسەیە کە پووڵ و موڵك و مەقامی مەنزوور نەبێ، جا تکام وایە کە چی دیکە چاوتان لەمەنافیعی شەخسی نەبێ،مەدرەسە لەدێهاتەکان بکەنەوە بیمارستان دروست بکەن، یاریدەی هەژاران بدەن، کارخانە بکرن...دنیا پێنج و دوو رۆژێکە، پوول نێوی ئینسان بڵیند ناکا بەڵکوو خزمەت بەمیللەت و نیشتمان ئەستێرەی سەرشانی ئینسانە. بۆ خۆتان دەزانن کەئەمن بۆ وەرگرتنی حقووقی کورد شەوو رۆژ وچانم نەداوەوئەوزەحمەتەش بەفەخر دەزانم، تایەك رۆژم لەدنیا مابێ دەستلەفیداکاری هەڵناگرم و بەهەموو کەسێکی دەسەلمێنم کەکورد شایەنی ژیانە ودیسان بۆ خۆتان دەزانن کەلەپێشدا ئێمە بەهیچ جورێك داوای تەجزییەی شێرانما

نەکردووەو تەنیا مەبەستمان ئازادی خۆمان و پاراستنی دێمۆکراتی بوو. بەڵام لەپێشدا کاربەدەستانی ئێران بێجگەلەوەی جوابیان نەدایەوە شۆخیشیان بەداوای ئێمە کردو ناچاربووین حکوومەتی میللیمان دامەزراندوهێزی خۆمان لەبەرانبەر ئەواندا تاقی کردەوە. ئەوان کەویستیان لەمە بێنە پێش، ئێمەش لەوان چوویینە پێش، ئێستاش ئەوان حازر بوون پاشەکشێ بکەن، ئێمەش ئامادە بووین پکشێینەوە.ئەوان دەگەڵمان هاتوونە باری پیاوەتی ئێمەش گوێیان بۆ ڕادەگرین. لەسەفەری تارانمدا دەگەڵ ئاغای قەوامولسەلتەنە زۆرم گفتوگۆ کرد ئاغای قەوامولسەلتەنە نەزەرێکی موساعیدی دەگەڵ کوردان هەیە، ڕۆژێك ئاغای قەوام پێی گوتم: ئەوا ئێمەش بووینەدێمۆکرات و حیزبی دێمۆکراتی ئێرانمان دامەزراندووە وابەباش دەزانم کەنێوی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بگۆڕن و نێوی بنێن حیزبی دێمۆکراتی ئێران، منیش وڵامم داوە: کەئەمن بەبێ تەسویبی کۆمیتەی مەرکەزی هیچ کارێکی ناکەم چونکوو دێمۆکراتی مانای ئەوەیەکەشەخس ناتوانێ مەسڵەحەتی میللەتی بێ موشاوەر بگرێتە دەستی خۆی. ئاغای قەوام ددانی بەوەدا هێنا کەکوردستان شایانی تەقدیرەو میللەتی کورد ئامادەی هەموو جۆرە فیداکارییە بۆ گەیشتن بەئازادی و دێمۆکراتی و کوتی:"نێهزەتی دیمۆکراتی کوردستان بەپشتیوانێکی گەورەی خۆمان دەزانین و ئومێدمان ئەوەیە کەبەهۆی ئێوەوە دێمۆکراتی لەتەواوی ئێراندا بڵاوبێتەوە."

ئەلئان لەعێراقیش دەستیان کردووە بەموبارەزە کە دەستی زۆرداری لەمل خۆیان دەربێنن، ئێمە ئامادەین بەتەواوی ئێران کومەگ دەکەین و ئەگەر بێتوو ئازادیخوازانی عێراقیش پێویستیان بێ و کومەگمان لێ بخوازن کۆمەگیان پێ دەکەین و بەڵکوو بۆ یارمەتی هەموو ئازادیخوازانی دنیا ئامادەی فیداکارین.

وەئەگەر لەو سەفەرەی منیش دەپرسن: بۆ خۆتان دەزانن کەئازەربایجانی براو پشت و پەنای ئێمەن و ئەم ڕۆژانە بیستوومە کەلەئەتڕافی ورمێ هێندێ لەکوردەکان ئەسپابی زەحمەتی هێندێ لەبرا ئازەربایجانییەکانیان فەراهەم هێناوەو نارێککییان کەوتووەتەنێوان، ئەمەکارێکی یجگار خراپە، مومکین نییە تەعەدی بەحقووقی هیچ فەردێکی ئازەربایجانی یا کوردبکرێ، بەپێی پەیمانی نێوانی کوردو ئازەربایجان خیانەت بەئەفرادی ئازەربایجانی خیانەت بەئەفرادی کوردە، جا دەچم بزانم

مەبەستیان لەم جورە کارە ناحەزانە چییەو بۆچی وادەکەن. براکانم وەکوو بیستوومە گەلێ کەس ڕیشوەت دەخۆن، گومرگ دەستێنن نای دەن بەماڵییە. شتی دەکڕن بەتمەنێك دووتمەن لەسەر حکوومەت دەنوسون، خیانەتو دزی کردن لەپیسترین دەردەی میللەتە. دەبێ لەو خووە پیسانە خۆتان بپارێزنو هومێدم هەیە کە هەموو پێکەوە شەوو ڕۆژ بۆ مەسلەحەتی میللەت تێکۆشن، پووڵتان مەنزوور نەبێ، بوغزو دووبەرەکی بمرێنن تابتوانن دەدەنیای ئەوڕۆدا کەتەڕەقی گەیشتۆتە ڕادەیەك بێجگە لەبەرق دەیانەوێ ئەتۆم بکەنە نارنجێك مەملەکەتێکی پێ گەرم دابێنن یابیکەنە شوینێك نیشتمانێکی پێتێك دەن، بگەینەڕیزەی میللەتانیدیکە.*

نوتقی حەزرەتی پێشەوای کوردستان

برایانی خۆشەویست ئەوسەفەرانەی کەمن دەیان کەمو لەوەختی هاتنەوەدا تەواوی ئەهالی لەڕووی ئیحساساتی نیشتمان پەرەستییەوە ئیحساساتی خۆیان دەنوێننو گەورەو چکۆڵەیان دێن بەپێشوازەوە هەموو ماندوبوونو زەحمەتێکی سەفەرم لەبیر دەباتەوە. ئەوەی کە عەرزوو دەکەم زەحمەتی سەفەر لەبەر ئەوەیە کە مەشهوورەکە زەحمەتی هەیە دەنائەمن هەر سەفەری کەکردبێتم یابیکەم هەر چونکوو لەڕێگای میلەتیدایە بەمونتەهای سەعادەتو خۆشبەختی دەزانم، بەڵێ زەحمەت نییە بەڵکوو لەزەتە. ئەو سەفەرەی دوایش کەمن کردمو لەزیمندا شارەکانی ورمێ، شاپوور، خۆیو ماکۆم دیون، کوردو مەڵبەندەکانی کوردستان گەڕام بۆ ئەوە بوو کە برا کوردەکانی خۆم لەنزیکەوە ببینمو ئاشنای ڕووحییەی ئەوان بمو پێم کوتن ئێوە بۆ خۆتان دەزانن کەئێمە نێهزەتێکی گەورەمان کردووەو لەم ڕێگەیەدا زۆرمان زەحمەت کێشاوەو گەلێکمان فیداکاری نواندووە، ئێستاش ئێوە ئەگەر ئەم کارەتان لەبەر گرانە هیچ مانعێکی نییە، مومکینە کوردی هەر مەڵبەندێك دەگەڵ ئەو شارانەی ئازەربایجان کەلێیان نزیکە هاوکاری بکەن. مەسەلەن کوردی دەورو بەری ورمێ دەگەڵ ورمێو کوردانی دەوروبەری شاپوورو خۆی ماکۆ دەگەڵ ئەو شارانە هاوکاری بکەنو ئێمە دەگەڵ ئازەربایجان هیچ جیاوازیمان نییە.

---

* ڕۆژنامەی کوردستان– ژمارەی سێشەمۆ 8ی گەلاوێژی 1325–ئووتی1946

لەوەڵامدا کوتیان ئێمە ئاڵای موقەدەسی سێ ڕەنگی کوردستانمان هەڵ کردووە کەلەسێبەری‌دا خۆمان‌و هەموو کوردێکی دیکە بحەسێنەوە، هەتا قەترەیەك خوێن لەبەر بەدەنی ئێمەدا مابێ ئاڵای موقەدەسی ئێمە نابێ نەوی بێت. ئێستاش لەحەمدی خوداوە ئاڵای موقەدەسی کوردستان لەتەواوی نوقاتی کوردستان دا دەلەرێتەوەو هەر دەبێ بلەرێتەوە. ئەو ئاڵایە تەنیا هەر ئی ئێمە نییە بەڵکوو ئاڵای هەموو کوردانەو ئەوانیش چاویان لەو ئاڵایەیەو بەهومێدی لەرینەوەی ئەو ئاڵایە دەژین‌و لەو جێگایانەدا کەدەپێشدا لەسەر خاکە موقەدەسەکەیان لەراوەتەوە دەبێ بلەرێتەوەو ئەگەر شتێکیش تائەوڕۆ لەئێمە بیندرابێت لەبەرئەوەیە کەئێمە تائەوڕۆ مەداریسمان نەبووەو لەخوێندن‌و شارستانییەت دوور کەوتووینەوەولەکاروباری حکوومەتی‌و تەشکیلاتیش بێخەبەرین، دەنا ئێمە هەموو کوردی خوێن پاکین‌و گشت لەڕێگای کوردییەت‌دا دەمرین. جوابی کوردەکانی ئەو ناوچانە بە من ئەوە بوو کەعەرزم کردن.

لەم سەفەرەدا کەبەشارەکانی ورمێ، شاپوور، خۆی، ماکو داڕبردم، برایانی ئازەربایجانی لەفەرماندارەوە بگرە تا ڕوئەسای ئیدارات‌و کارمەندان‌و خەڵکی شاری تاچەند فەرسەخی پێشوازیان لەئێمە کردوهەر کە دەگەیشتینە نێو شاری بۆ پێشمەرگەخانەی خۆیان بانگ دەکردین‌و لەچوون‌و گەڕانەوەدا گاردی ئیحترامیان لەڕێگەدا بۆ دادەنانین‌و ئەگەر لەشاریش دەهاتین بڕۆین دیسان گاردی ئیحترامیان دەنارده دەری شاری‌و لەسەر ڕێگایان ڕادەگرت بەڵام لەم قسمەتەدا ئەمن مەنعم دەکردن‌و پێم خۆش نەبوو ئەوان زەحمەت بکێشن. لەهەموو شارەکان توانیم مەنعیان بکەم بەڵام لەشاری خۆیە نەم زانی لەوەختی حەرەکەتیش‌دا گاردی ئیحترامیان دانابوو. ئیحتراماتێکی فەوقولعادەیان بەجێ‌هێنا، بەڕاستی ئەو ئیحساساتەی کەبرا ئازەربایجانیەکان لەم شارانە نیسبەت بەئێمە نواندیان دەتوانم بڵێم لەکوردیش ئەو ئیحساساتە نەبیندراوەو لەورمێش مێهمانی جەنابی فەرماندارى وێ ئاغای ڕەفیعی کەیەکێك لەئەشخاسی نیك سیرەت بەیەك ئەندازە سەعی دەکا بۆ نێوان خۆشی کوردو ئازەربایجانیان بووین، زۆر پەزیرایەکی چاکیان کردین. لەم سەفەرەدا کە براکوردەکانم چاو پێکەوت موەفەق بووم کە هێندێ ئیختیلافات کە دەنێویاندا بوو لای بەرم. هێندێ لەئاغایانی هەرکی دەگەڵ نوری بەگی بەگزادە بەشەڕ هاتبوون، چەند پیاوێك لەبەین‌دا کوژرابوو توانیمان ئەو قەزییەش خامۆش کەین‌و ڕێکمان

خستنەوەو ئیختیلافاتی کۆن و نوێمان هەموو لەنێوان پاك کردنەوە. و لەخۆی و ورمێ ئاغای پیشەوەری سەدری فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجانم مولاقات کرد.

ئاغای پیشەوەری ڕاجیع بەبرایەتی کوردو ئاوەربایجان زۆر دەستووراتی فەرمووو وتی حازرین هەرچی لێمان بخوازن کۆمەگ بەکوردان بکەین و ئازەربایجانی ئامادەن لەسەر کوردان خوێنی خۆیان بڕێژن، فەقەت پیشەوەری گلەیی لەهێندێ کوردەکانی ئەتڕافی ورمێ کرد منیش جوابم داوە کە کوردانیش حازرن بەگیان و ماڵیان لەئازەربایجان دیفاع بکەن و فەرقێك لەبەینی کوردو ئازەربایجاندا دانانێن. چەند مانگ ئێمە قشوونمان لەئەتڕافی سەقزو بانەو سەردەشت ڕاگرتبوو ئەو لەشکرە تەنیا بۆ پاسەوانی کوردستان نەبوو، بەڵکوو بۆ پاراستنی سنووری کوردستان و ئازەربایجان بوو ئەلئانیش حدووداتی خاریجی کوردستان و ئازەربایجان ئەوڕۆ لەتەڕەف کوردانەوە پاس دەکرێ، دیسان فەرمووی قەتعەن ئێمەش بۆ هەموو خزمەتێکی پێویست بەکوردان ئامادەین و لەبابەت گلەییەکانیەوە جوابی لازمم داوە.

ئەمن لەمسەفەرەدا هێندێ کارم مابوو کەجێبەجێیان بکەم بەڵام چونکوو بیستم کەسێ نەفەر لەموحەسیلینی ئێمە کەلەباکۆ دەخوێنن بۆ سەردانی وڵات هاتوونەوە تاڵووکەم کرد کەچاوم پێیان بکەوێت و ئینتیزاریم هەبوو کەلەوەختی هاتنەوەی ئەواندا پێشوازێکی زۆر چاکیان لێبکرێ چونکوو ئەوانە هەوەڵ موحەسیلێکن کەلەکوردان چوون بۆ خاریجە، میللەت دەبێ زۆریان قەدردانی لێبکا، بەڵام داخەکەم لەم خسووسەوە وەك پێویستە تەوجوهی لازم و پێشوازی شایانیان لێنەکراوە. ئومێدەوارم کەهەموو ساڵێك مووەفەق بین ژمارەیەکی زۆر لەموحەسیلین بنێرین بۆ خاریجە کەبەحەول و قووەتی خودا مووەفەق بین بەهۆی عیلم و زانست کەشتی کوردستان بگەیێنینە ساحیل و خواهیش لەو دانیشجوو خۆشەویستانەی خۆمان دەکەین کەلەماوەی ئیقامەتی خۆیان لەمهاباد موشاهەداتی خۆیان لەوێ بەنووسین و بەگوتن بۆ خەڵکی بڵێن و بنووسن کە میللەت ئاشنا بێت کەمیللەتانی دیکە چلۆن بەقووەتی عیلم وزانست و ئەرزو ئاسمان، سەردەریا وژێردەریایان موسەخەر کردووە، لەوە زیاتر زەحمەتوو نادەم و لەزەحماتی ئێوە تەشەکور دەکەم و لەخودا دەخوازم هەر پێش کەون و هەر پیرۆز بن.*

* ڕۆژنامەی کوردستان ، ژمارەی 76سێشەمۆ 22ی گەلاوێژی 1325، نووت-1946

تێلگرافێك بەمەزمونی ژێرەوە لەلایەن جەنابی ئاغای قازی محەمەد پێشەواورەهبەری حیزبی دێمۆكراتی كوردستان موخابەرە كراوە.

تاران- جەنابی ئەشرەف ئاغای قەوام رەهبەری حیوبی دێمۆكراتی ئێران، روونووس جەنابی ئاغای دوكتور كەشاوەرز رهبەری حیزبی توودەی ئێران، روونووس جەنابی ئاغای ساڵح رەهبەری حیزبی ئێران

روونووس تەبرێز جەنابی ئاغای پیشەوەری رەهبەری فیرقەی دێمۆكراتی ئازەربایجان، تاران_ئاغای پادگان معاوینی سەدری فیرقەی دێمۆكراتی ئازەربایجان.

بەئیحتیرامەوە حیزبی دێمۆكراتی كوردستان ئامادەیی خۆی بۆ ئیئتیلاف دەگەڵ ئەحزابی ئازادایخواه(دێمۆكراتی ئێران، توودەی ئێران، دێمۆكراتی ئازەربایجان، حیزبی ئێران) رادەگەیێنێ و ئەم ئیئتیلافە بەموجیبی سەعادەت وعەزەمەتی میللەتی ئێران دەزانم و بەم وەسیلەیە جەنابی ئاغای سەدری قازی لەلایەن حیزبی دێمۆكراتی كوردستانەوە بۆ گفتوگۆی پێویست و ئیمزای ئیئتیلاف نامە بەنومایەندەیی موعەریفی دەكەم.

رەهبەری حیزبی دێمۆكراتی كوردستان
محمدی قازی*

---

* رۆژنامەی كوردستان ژمارەی 85 پێنجشەمۆ 21ی خەرمانانی 1325 سیپتامبری 1946

پاری دووهەم

سەرەك وەزیران و لێپرسراوانی تری حزب و کۆمار

دوای ئەو باس و رۆڵەی پێشەوا، بائاورێك لەجێگە کۆمەڵایەتی و چینایەتی لێپرسراوانی تری حزب و کۆمار، بدەینەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت نرخاندنەکە گونجاو لەگەڵ واقیعەکەی هەریەکەی لەو لێپرسراوانە یەکبگرنەوە....

2-حاجی بابە شێخ: لەشێخەکانی بۆکان و پیاوێکی موسڵمان و شەخسییەتێکی ئایینی بوو. لەسەردەستی زانایانی ئایینییدا لقەکانی زانستی ئایینیی خوێندووە.

خاوەن موڵك و پلەیەکی کۆمەڵایەتی بووە، لەتوێژاڵی سەرەوەی کۆمەڵگەدا جێگەی خۆی هەبووە، هێمنی شاعیر دەربارەی حاجی بابە شێخ گوتویەتی:

"پیاوێکی زۆر کۆنەپەرست و کەللەرەق و خۆپەرست و ناشارەزا بوە، بەلام زۆر راست و پاك و ئازاو بەبیروبڕوا بو. بەهیچ جۆرێك تاوانی خەیانەتی پێوەنانوسێ. لەکاتی وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی مەرکەزیدا دور نیە فریوی خواردبێ و بەهەڵە چوبێ. بەلام لەرێگای راست لای نەداوە.."(4)

لەگەڵ ئەوەشدا رەئیسی هەیئەی رەئیسەی میللی(سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران) بووە. بەلام دەسەلاتێکی ئەوتۆی نەبووە، لەبڕیاردان لەسەر هەندێ کێشەی هاوپێوەند بەئایین هەنگاوی ناوەو لەجێگەی یاسا، حسابیان بۆ کراوە. بەگشتیی پیاوێکی خۆشەویست و خاوەن رێز بوو لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا گەلێك لەو بڕیارانەی پێوەندییان بە رەدوکەوتن و دزی و خیانەت و دەردە کۆمەڵایەتییەکانی تر بەناوی ئەمەوە لەرۆژنامەی کوردستاندا بلاوکراوەتەوە.

3-محەمەد حسەین سەیف قازی(حەمە حوسەین خانی سەیف قازی) ژەنراڵ و وەزیر جەنگ بووە، ئامۆزای پێشەوا قازی محەمەدە، لەبەرئەوە جێگەی تایبەتیی خۆی هەبووە ئەو پلەیەی لەکۆماردا وەرگرتووە، ئازاو خاوەن پلەیەکی کۆمەلایەتیی و سەربازیی بووە، شوێن و پایەیەکی گرنگی هەبوو...

خاوەن موڵك و ماڵ و زەوی‌وزار بووە، لەنزیكمیاندواوە خاوەنی دە دوانزدە دێی بەپیت و بەرەکەت و بەراوو دەوڵەمەند بوو.. لەبەڵگەنامەکانی د.ج.ك دا زیاتر زانیاریی لەسەر ئەم لایەنە هەن.

4-محەمەد ئەمین معینی: لەسەرەتای دووەم جەنگدا، ئەم خاوەنی گەراج بوو، دوای ئەوەی وازی لەوە هێنا، بوو بەبازرگان، کاتێك ئەرتەشی سوریش چووە مهابادو ئەم پەیوەندیی خۆی لەگەڵ بازرگانە روس‌و ئازەرەکان بەهێزکرد، ئەو کارە نوێیە مەڵبەندی کۆمەلایەتیی ئەم وەزیرەی گواستەوە بۆ چینی دووەم، یان چینی ناوەندی کۆمەڵ.. دوای ئەوەی بۆ سوڤییەتییەکانیش دەرکەوت کە هاوکارێکی باشە ئیتر زیاتر متمانەیان پێی بوو، تا کرا بەئەڵقەی پێوەندیکردن لەنێوان لێپرسراوانی سوڤیەت‌و حزبی دیموکراتی کوردستان.

5-ئەحمەد ئیلاهی: کوتاڵ فرۆش‌و بازرگان بووە، جێگە کۆمەلایەتیی لەریزی چینی ناونجیی کۆمەڵدا دادەنرێ، شارەزای کاروباری بازرگانیی‌و کاسبکارێکی زیرەك بوو، ئەم وەزیرە خوێندەوارو هوشیارییەکی سیاسیی سنورداری هەبووە...

6-کەریم ئەحمەدیان: لەژنەکەیەوە خزمی پێشەوا قازی محەمەد بوو. پێش کۆمار فەرمانبەری حکومەتی بوو. لەریزی وردە بورژوا حساب دەکرێ، پیاوێکی دڵپاك وەزیرێکی کەم دەسەڵات بوو.

7-حاجی عەبدولڕەحمان ئیلخانیزادە: یەکێك بوو لەسەرکردە ناودارو خوێندەوارەکان، خاوەن‌و موڵك‌و زەوی زارێکی زۆری ناوچەی بۆکان بوو، هوشیارییەکی سیاسیی دیارو خاوەن رۆڵ بوو، لەکۆمەڵەی ژ.ك‌و چالاکییەکانی، لەنوسین لەگۆڤاری نیشتماندا لێپرسراوو وەزیرێکی پلەو پایەدیار بوو، نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆز بوو، لەیارمەتیدانی کۆمارو بزووتنەوەی کوردایەتیدا دەست والاو بەخشندە بوو... وەزیرێکی خوێندەوارو هوشیارو زیرەك بوو.

8-ئیسماعیل ئیلخانیزادە: ئامۆزای حاجی عەبدولڕەحمانی ئیلخانی زادەیە، سەرکردەیەکی تری ئیلخانیزادەکان بوو، خاوەن موڵك‌و زەوی‌وزار بوو.

خوێندەوارییەکەی خراپ نەبوو، دانانی بەوەزیر، هەر لەبەر پلەو پایەی بوو لەناو ئیلخانیزادەدا.

9-مەناف کەریمی: بازرگان‌و وردە مالیك بوو، خوێندەوارو رۆشنبیر بووە، لەناو چینی ناوەڕاستی کۆمەڵدا حساب دەکرێ.

10-خەلیل خسرەوی: لەخێزانێکی ناوداری مهاباد بوو، بەبازرگانییەوە خەریك بوو. ئەمیش هەر لەچینی ناوەڕاستی کۆمەڵدا خۆی دەبینییەوە.

11-حـاجی مسـتەفا داودی: بازرگـانو خـاوەن زەوی زارو بـاخو بێسـتانو، لەخێزانێكی ناوداری مهاباد بووە.

12-محەمـەد وەلی زادە: لـەخێزانێكی دەوڵەمـەندو بازرگان بووە، دەڵێن خوێندنـی كشـتوكاڵی لەقوتابخانـەی بـەرزی كشـتوكاڵی تـەواوكردووە. لـەڕوی ئـابوریو دەرامەتەوە، خۆیو بنەماڵەكەی لەچینی سەرەوەی كۆمەڵ دادەنران...

13-سەید محەمەد ئەیوبیان: لەخێزانێكی دەوڵەمەندو لـەچینی سەرەوەی كۆمـەڵ بوو، باوكی خاوەنی ئەجزاخانەی مەهاباد بووەو ئەم بەڕێوەی بردووە.

هەروەها قاسمی قادری قازی مامۆستای قوتابخانە، عـەلی ڕێحانی بازرگان، عـەلی مـەحموودی مامۆسـتای قوتابخانـە، مسـتەفا سـوڵتانیان بازرگـان، عـەبدولڕەحمانی كـەیانی بازرگـان، محەمـەدی یـاهو- كارمـەند، مـەلا عـەبدوڵڵای داودی (مـەلای حەجۆكی)- ڕووناكبیر، محەمەد ئەمین شـەرەفی بازرگان، سەدیقی حـەیدەری بازرگـان محەمەدی نانەوازادەو محەمەد دڵشاد ڕەسولی بازرگانو كوڕە بازرگان بوون، زەبیحـی لـەناوچینی هـەژاراندا خـۆی دەبینیـەوە هێمنـیو هـەژار سـەر بـەناوە خێزانـە دەركەوتووەكانی موكریان بوون، ڕۆڵو جێگەشیان بەردەوام گرنگو بەتەئسیر بوو.

بەو پێیە دەردەكەوێ كەزۆربـەی ئەندامانی سەركردەو وەزیرەكـان خـاوەن موڵكو سـەرەك هـۆزو بورجـواو پیتـی بورجـوا بـوون، لێپرسـراوو فـەرماندەكانی سـوپاو دەسـتگاكانی تـری حكومـەتو بازنـەی چینایـەتیی ئـەو سـەركردایەتییەو جێگـەی كۆمەڵایـەتین زامنـی ئـەو پلـەو پایەیـە بـوون كـە هـەیانبو بەتایبـەتی: عومـەر خـانی شەریفی، مەلا مستەفا، حەمە ڕەشیدخانیو سەركردە پلە دووەمەكان.

دەربـارەی پێكهاتـەی كۆمەڵایـەتیی وەزارتەكـەی جەمهوریـەتی كوردسـتان ولیـام ئیگلتون دەڵێت:

"بەگشتیی ئەو حكومەتە كوردییە نوێنـەری چینـی سـەرەوەی شـاری مـەهابادو دەوروپشتی بووە، سیاسەتو سیاسەتی ئـابووریی پـارێزەر(محـافظ) بـووە، وە هـەر ئەوەش لەخاوەن زەویو موڵكدارەكان دەكرا.. بەڵام ڕەوتی گەشەكردنە كۆمەڵایـەتیو لایـەنی خوێندەواریـی نوێخـواز بـوو... هەرچـەندە بەتـەواوی نوێنـەری بزوتنـەوەی

ڕێکخراوی نیشتمانیی کورد بووە لەناوچەی مەهاباد، کەچی نوێنەرایەتیی ناوچەکانی ورمێ و هەرێمی سەردەشت–سەقز خرابوونە پشتگوێ..."(5)

لەڕوی شلۆقیی زەمینەی سیاسیی ئەو کەسانەی لەنێو بازنە لێپرسراواندا ناویان برا، ئەحمەد شەریفی دەنوسێت:

"زۆربەی ئەو کەسانەی ناویان برا لەئەنجومەنو وەزارەتی کوردستان، ئێستا لەژیاندانو لەشادۆستو نیشتمانپەرستترین خەڵکی مەهابادی ئێستان... زۆربەشیان ئەندامی ئەنجومەنی شاری مەهابادن....(6)

دیارە ئەحمەد شەریفی بەچاوێکی دوژمنانەوە سەیری کۆمارو سەرەنجامەکەی کردووە. ڕاوبۆچوونەکان زیاتر شاپەرستانە بووە، گەلێ بوختانو درۆی هەڵبەستووە، بۆیە ئەو قسەو بۆچوونانە جێگەی پرسیارنو نابێ بێ گومانو بێ شك سەیربکرێن.

لەناو ڕووداوەکانی دوا ڕوخاندنی کۆمارو داگیرکردنەوەی مەهاباد، نادڵسۆزییو ڕاڕاییو خۆبەدەستەوەدانو نهێنییەکانی هەندێ شەڕ، دیاردەیەکی چاوێنی بوو، لەسەر ئەوە هێمن دەگێڕێتەوە:

"بڵاوە پێدانی گەماڕۆی دەوری سەقزو سەردەشتو خوڕخوڕە....پێوەندیی بەمەسەلەیەکی قووڵو نهێنی سیاسییەوە هەیە کە لێرەدا جێگای باس کردن نیەو باجارێ دەرخونەی لەسەردابنێین...(7)*

ئەو لایەنانە بەشێکن لەدەرەنجامی ئەقڵی سیاسیی کوردو ئاستی تێگەیشتنی لەڕوداوەکانو جۆری مامەڵەی بۆیان.

(شیروان) لەنامیلکەیەکدا بۆچونەکانی خۆی بەم جۆرە دەخاتە ڕوو:

(سەرۆکایەتی بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵە بەدەست دەرەبەگو مەلایانەوە بوو... ئەوەش هەر دەگەڕێتەوە سەر هەلومەرجی ئەو کاتەی کۆمەڵی کوردەوارییو نەخوێندەوارییو دواکەوتویی گەلەکەمان. ئەگەر لەو بارەوە ڕەخنەی توند لەکۆمەڵە ناگیرێ، لەبەرئەوەیە کە پێویستی هەلومەرجی ئەو دەمی کوردستانمان لەبەرچاوبێ، دەنا هەڵەی کۆمەڵە لەوەدا بوو کە سەرۆکایەتی کەوتبووە دەست خانو دەرەبەگو

---

* بۆ زیاتر شارەزابوون لەڕوداوو باسو خواسەکانی ئەم بوارە بڕوانە، مەحمود مەلا عززەت، بەرگەکانی د.ج.ك.

مەلاكان و زۆربەی ئەو دەرەبەگانە لەدوا رۆژدا یانی لەسەردەمی کۆماری دیموکراتی مەهاباددا دەوری خەیانەتکاری خۆیان گێڕاوە لەگەڵ دوژمنانی گەل کەوتن...)(8)

شیروان، زیاتر لەسەر باری چینایەتی سەرکردایەتی حیزب و کۆمار دەدوێت و باشتر شوێن و جێگەی ئاشکرا دەکات و راستی باری کۆمەڵایەتی دەست نیشان دەکات و ئەڵێت:

"بەداخەوە ئەگەر بەراشکاوی و بەمەبەستی دەرس وەرگرتن لەجوڵانەوەی ساڵەکانی 1945–1946ی کوردستانی ئێران بکوڵینەوە، دەبێ بڵێین باری چینایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەلای دەرەبەگ و سەرۆك عەشیرەت و وردە بورژوازی شاردا بو...(9)

لەراستییدا هەڵسەنگاندنێکی لەو بابەتە، بەرەچاونەکردنی ئاستی پێشکەوتنی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، جۆرێك لەتوندرەویی تێیدا دەبینرێ، چونکە زەحمەتە لەکۆمەڵێکی دواکەتوەو نەخوێندەوارو هەژاری وەك کۆمەڵی ئەو سەردەمەی کوردەواریی، شتێکی ترو سەرکردایەتییەکی زۆر کامڵتر لەوە بخوڵقێ، لەلایەکی تر گەورەیی کێشەکان، لاسەنگیی تەرازوی کورد لەگەڵ داگیرکەر، ململانێ و مانۆڕی سیاسیی و سەربازیی زلهێزەکان.. کێشە گرنگەکانی ناوخۆ، سروشتی خێڵەکیی و سستێمی دەرەبەگی و زاڵیی، ئەم لایەنانە جوڵەو تەنانەت بیرکردنەوەی سەرکردایەتیی کوردی سنوردار کردبوو، ئەگینا، وەك لەشوێنێکی تردا باسی دەکرێ، سەرەك کۆمار لێزان و زیرەکانە جوڵاوە، گەڵێ لەسەرکردەکانی بەسەرکردە سەربازییەکانی ناو سوپاکەی کوردیشەوە لێکدانەوەو بۆچوونی تایبەتیی باشیان هەبووە... بەلام ئەو هەلومەرج و خەسڵەتە تایبەتییانەی سەرکردایەتی کۆمارو سروشتەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریی رێگری گۆڕانی بنەڕەتی بوون، نەدەتوانرا بەرنامەیەکی وادابنرێ و جێبەجێ بکرێ کە کۆمەڵگەی کوردەواریی، شان بەشانی گۆڕانە سیاسییەکە، لایەنە ئابوریی و کۆمەڵایەتیی و فیکرییەکانیش پێشکەوتنی چاوێنییان تێدا روو بدەن...

ئەگەر بەرنامەیەکی لێکۆڵراوەو ئەقلێکی کراوەتر لەسەر گۆڕانەکان لەناو سەرکردایەتیی کۆماردا، بەتایبەتی لەستافەکەی خوار پێشەواوە هەبایە، رەنگە

بتوانرایە هەندێك لەو هیواو خواستانە بەدی بهێنرانابە، چونکە گۆڕانی بنەڕەتی و رادیکاڵانە کارێکی مەحاڵ بوو بەتایبەتی تەمەنی کورتی کۆمارەکەو پیلانەکانی دەوری و کێشەخۆیی دەرەکی و هەرێمییەکان، حکومەتەکەی کۆماری کردبوو بەحکومەتی جەنگ، چونکە زۆربەی زۆری وەزارەتەکانیش هەر بەکاروباری جەنگ و بەرەکانی شەڕەوە خەریك بوون بگرە زۆر لەوەزارتەکان رۆڵێکی... جگە لەوانە گەلێ دیاردەی تری نامۆ دەبینران، لەوانە:

پێکهاتنی ئەنجومەنی وەزیران و دەزگاکانی تری جەمهوریەتەکە لەسەر بنچینەیەکی کۆمەڵایەتی و ناوەندییەکانی دەسەڵات بوو، هەردوو سەرکردایەتییەکەی حزب و کۆمار جۆرە تێکەڵییەك لەکارو فرمان و پێکهاتەیاندا هەبوون، ناوەندی دەسەڵات جۆرێ لەشێرزەیی تیا دەبینرا چونکە پێشەوا وەك سەرەك کۆمارو وەك سەرۆکی حزب و وەك پێشەوا سەرچاوەی دەسەڵاتەکان بوو، لەگەڵ ئەوەشدا سوپا، سەرکردە خێلەکییە بەهێزەکان، هێزەکەی کوردی عیراق و بارزانی...ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکەکەی، ئەوانەش لەدانانی یاساو بڕیاردان و رۆڵی سەرکردایەتی و بەڕێوەبردن و ئاڕاستەکردنی بەرەکانی جەنگدا جێگەو سەنگ و حسابی تایبەتییان هەبوو.. لەناو ئەوانەشدا دەسەڵاتی راستەقینەی دوا پێشەوا ناوەندی سەرەك خێڵەکان بوون کەبەکۆمەڵ و لەکاروانە گشتییەکەدا رۆڵی کاریگەریی خۆیان دەبینی، وەك کەسێتیش، هەر یەکە دەورو تەئسیری خۆی لەسەر بەڕێوەبردن و شەڕو گرفتەکان هەبوو. زۆر جارو بەئاشکرا بەرژەوەندییە تایبەتیی و خێڵەکییەکان دەخرانە سەرو دەستکەوتی کۆمارو میللەتەکەوە.. لەزۆر جێگە سەرانەو بێگارو باجە دەرەبەگییەکان بەردەوام بوون، گۆڕانی ئابوری و کۆمەڵایەتیی و چینایەتی بەزەحمەت دەرکی پێدەکرا....

کێشەی ناو خێڵەکان و ناکۆکیی نێوان سەرەك هۆزەکان و بەریەرەکانی لەسەر دەستکەوت و رۆڵ و دەسەڵات زیاتر دەبوون، لەوانەش خراپتر گەلێ لەسەرۆك هۆزەکانی دەری سنوری کۆمارو هەندێك لەوانەی ناو سنوری کۆمار کە جێگەکانی خۆیان بەجێ هێشتبوو، لەگەڵ رژێمی شادا هاوکارییان دەکردوو ببونە داردەستی ئەرتەش بۆ گوشار خستنەسەر کۆمارو شەڕ فرۆشتن پێی، گەلێکیان عەجەم پەرست بوون.

ناکۆکی لەسەر زەوی و پاوانکردنی ناوچەی زیاترو هەندێ جار تالانی، بەریەرەکانی و شەڕ لەسەر دێهات و دەست بەسەرداگرتن....هەبوو...

لەناکۆکییە گرنگەکان:

ناکۆکی نێوان حەمە رەشیدخان_ ئیلخانیزادە

حەمە رەشیدخان و مەلا مستەفا...

پێوەندیی چەند ئاغایەکی ئیلخانیزادەکان بەئەرتەشی تارانەوە

بەتایبەتی عەلی ئاغاو کوڕی مەحمود ئاغا...هەروەها حەماغای عەباساغا لەسەقز.

ناکۆکی نێوان شکاک و عومەر خانی شەریفی لەگەڵ زۆر لەسەرەك خێڵەکان...

ناکۆکی نێوان زیرۆبەك و شێخ عەبدوڵڵای شەمزینی.

ناکۆکی نێوان ئاغا صالحی سوڵتان پەناهو مەحمود خانی سوڵتانی و ئاغایا گەڵباخی و تیلەکۆو حەمە رەشید خان و حەمە صدیق خان.*

جیاوازییەکانی نێوان ئەوانە هەموو وەهەریەکە بەجۆرێك لەگەڵ سەرکردایەتی حزب و کۆمار بەگشتیی و پێشەوا بەتایبەتی، کە لەزۆر حاڵەتدا دەرهاوردەی ناکۆکییە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکان بوون...

* * *

---

* بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: مەحمود مەلا عززەت، دەوڵەتی جەمهوری کوردستان، ب1و2و3.

پاری سێهەم
سیماو خەسڵەتە دیارەکانی
جەمهورییەتی کوردستان

لەگەڵ ئەو پێکهاتەو سروشتانەی سەرکردایەتی حزب و کۆمار، دامەزراندنی کۆمارو کاروکردەوەو هەنگاوو بەرهەمەکانی، پلەیەکی نوێ بوو لەخەباتی نەتەوەی کورددا کە ناسیۆنالیزمی کوردی گواستەوە بۆ سەردەمو پلەیەکی نوێ، سەرکردایەتییەکەی قازییەکان بەتایبەتی، خوێندەوارو رووناکبیرو شاعیرو ئەفسەرو مامۆستاو سەرەك خێڵە دڵسۆزەکان بەگشتی دڵسۆزو نیشتمانپەروەرانە کاریان دەکردو ئەرکەکانی سەرشانیانی رادەپەڕاند...

لەگەڵ ئەوەدا کە جەمهوریەتی کوردستان رووبەڕووی کۆمەڵێك کێشەی خۆیی و ناوچەیی و هەرێمیی و نێودەوڵەتی بوو بوو، لەگەڵ تەمەنە کورت و کەمتر لەیەك ساڵەکەی، هەرچەندە حکومەتەکەی حکومەتیی جەنگ بوو، چونکە هەر لەسەرەتاوە تاڕوخاندنی لەناو شەڕو پێکدادان یان نەشەڕو نەئاشتیدا ژیا.. لەگەڵ ئەو بارە کۆمەڵایەتییە دواکەوتوو ئاووهەوا ناسازەی دەوری کۆمار...

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەو جەمهورییەتە خاوەنی کۆمەڵێ تایبەتێتی و خەسڵەت بوو کەبەگشتیی هەم دامەزران و مێژووەکەی و هەم روخان و سەرەنجامەکانی، بەپلەیەکی نوێ لەخەباتی نەتەوەی کورد دادەنرێ، بێ ئەوەی هەڵەو بۆشاییەکان سەرکردایەتیی حزب و کۆمار لەڕاستیی ئەو بۆچونانە کەم بکەنەوە...

پێوانەی دیاریکردنی سروشت و خەسڵەتە گرنگەکانی جەمهوریەتی کوردستان، جۆری دامەزراندن، سروشتی سەرکردایەتییەکەی، دروشم و ئامانجە نەتەوەییەکانی، کارو کردەوەکانی، لەڕووی رووناکبیریی و کۆمەڵایەتی، قازانجەکان، دەرس و پەندەکان، هەڵوێست لەجەماوەری چەوساوەو خەڵکی زەحمەتکێشیش، هەڵوێست لەگەڵ و نەتەوەکانی سنوری ئێران، ئاستی پێوەندییان، یان هەڵوێست و جێگەی لەبزوتنەوەی دژ بەداگیرکردن و ئیمپریالیزم و چەوساندنەوە..

—جەمهوریەتی کوردستان کۆمارێکی نەتەوەیی بوو...

بۆ یەکەم جار لەمێژوی ئەو ناوچەیە کورد خۆی بەڕێوەبەرێتی تایبەتی خۆی پێکهێنا، بۆ یەکەم جار لەسەر ئەو بەشەی کوردستان سەلمێنرا کە کورد وزەو توانای خۆ بەڕێوەبردنی هەیە، ئەوەش سەلمێنەری ئەو راستییە بوو کە ئەو ئیدارە خۆیی و خۆماڵییە ئیرادەی نەتەوەیی کورد بوو کە وەك نەتەوەکانی تری دراوسێ و دنیا مافی ئەوەی هەیە کە خاوەنی خۆی و نیشتمانی خۆی بێت.. ئەو خاوەندارییەتییەی کەلەمێژەوە خەباتی بۆ دەکردو قوربانیی لەپێناودا ئەدا، بۆیە کۆمار لەڕاگەیاندنەکەی کۆبونەوە، بیست هەزار نەفەرییەکەی دووی رێبەندان بوو بەهیوای نەتەوەی کورد، سەرەتاو ناوکێ بوو بۆ گەیشتن بەئامانجە نەتەوەییە گشتییەکە... وەك هێزی رزگاریخوازی نەتەوەیی سەیری دەکرا، هەرچەندە لەسەر بەشێکی بچوکی پارچەیەکی کوردستان دامەزرابوو، زۆربەی کارو کردەوەکانیشی هەر لەخزمەت لایەنە نەتەوەییەکان و بۆ گەشەکردنی نەتەوەو کولتورەکەی بوو، ئیتر هەر لەزمانی کوردی کردنە زمانی رەسمی، بوژاندنەوەی بۆنە دیارە نەتەوەییەکانی وەك نەورۆز، هەڵکردنی ئاڵای نەتەوەیی، بوژاندنەوەی زمان، ئەدەب و مێژوی نەتەوە، نوسینی وتارو شیعرەکان بۆ هوشیارکردنەوەوە تاقوڵکردنی هەست و نەستی نەتەوەیی کورد.. هەموو نیشتمانپەروەرانی کورد لەهەموو پارچەکانی کوردستان کۆمارەکەیان بەهی خۆیان دائەنا، سرودی نەتەوە (ئەی رەقیب) و (سرودی میللی نیشتمانم رەنگینە) تەعبیریان لەویژدانی نەتەوەیی و خواستەکانی مرۆڤی کورد دەکرد.

کۆمار سروشت نەتەوەیی بوو، چونکە لەسەردەمەکانی دوا روخاندنیشدا بوو بەئەزمون و بیرەوەرییەکی نەتەوەیی ئەوتۆ کە هەموو ساڵێك یادی دامەزراندن و روخاندنی بکرێتەوە بوو بەهۆیەکی گرنگ لەگەشەپێکردنی گیانی کوردپەروەریی خەسڵەت نەتەوەیی، چونکە بوو بەزەمینەی یەکێتی خەبات و یەکگرتنی نیشتمانپەروەرانی پارچەکانی کوردستان، بوو بەئەزمونێکی نەتەوەیی وا کە هەموو کوردی هوشیاری فێری دەرسێك کرد کە چۆن دەبێت هەموان لەخزمەت دەستکەوتێکی نەتەوایەتی وا گرنگدا بن، ئەزمونێکی نەتەوەیی بوو چونکە کورد لەو بەشەی کوردستاندا(تامی ئازادی چێشت و بەزمانی زگماکی خۆی و لەقوتابخانەی دەرسی خوێند، ستەمی نەتەوایەتی لەسەر لاچوو حوکمی خۆیی چاوپێکەوتن....(10)

کۆمارسەرەوی بەداب و نەریتەو جل و بەرگ و کولتووری خۆماڵی و نەریتە نەتەوەییەکان دا..

-جەمهوریەتی کوردستان.

کۆمارێکی نیشتمانیی بوو، چونکە بۆ جێگیرکردنی مافە نیشتمانیی و خواستە ڕەواکان دامەزرا، جەخت لەسەر ئەو داوایانە دەکرا، وەك میللەتێکی خاوەن نیشتمانی خۆی دەیویست ئەو پێناسە گرنگەی خۆی ببوژێنێتەوە تا بۆ هەموو لایەکی دەربخات کە ئێمە خاوەنی نیشتمانی خۆمان بوین و خاوەنی نیشتمانیی خۆمانین، بۆیە داواکانی لەسنوری کۆماری مەهاباددا قەتیس نەدەکرا، هەرچەندە دامەزراندنەکەو پێوەندییە هەرێمییەکان و گوشاری سوڤیەت لەسەر سەرکردایەتی کۆمار ئاشکرا بوو، بەسەپاندنی دروشمی ئوتونومی و قەتیس کردنی ئامانجەکان لەو سنورەدا، سەپاندنی ستراتیجی بەرگری و بیرنەکردنەوەی لەفراوانکردنی سنوور، لەگەڵ ئەوانەشدا خەڵکی کورد بەنوسەرو شاعیرو لێپرسراوو جەماوەری هوشیارەوە چاویان بڕیبووە نیشتمانە گەورەکە، بەو پانتاییە تەسك و بەسنورە رازیی نەدەبوون.. گەلی کورد لەو بەشەدا بوو بەخاوەنی نیشتمانەکەی خۆی و فەرمانڕەوایی خۆی لەسەر دامەزراند، دەسەڵاتێکی نیشتمانیی و نیشتمانپەروەر پێکهات و ناوچەکەی بەڕێوەبرد. کۆمارێکی نیشتمانیی بوو چونکە بەرژەوەندیی دانیشتووانی دەپاراست، مافی کولتوری و روناکبیری کەمینە نەتەوەییەکانی وەك: جو، ئەرمەن دەپاراست و یارمەتی دەدان و هانی ئەدان بۆ بوژانەوەی کولتوری خۆیان و گێڕانی ئاهەنگ بە بۆنە تایبەتییەکانیانەوە...

جەمهوریەتی کوردستان کۆمارێکی دیموکراتیی بوو: چونکە ئازادییەکی چاوێنی لێ بەئەنجام هات، بەبەراورد لەگەڵ سەردەمەکانی پێشودا، دەرفەتی بەئازادیی نوسین و تەعبیر لەبۆچون و خواست و داواکانی خەڵك هێنرایە ئاراوە، رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوە، سەربەستی بیروڕاو قسەکردن، لەئارادا بوون، رێز لمافی کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکانی ناو سنوری کۆمارەکە دەگیراو بەزمانی خۆیان دەیانخوێند. سەربەستی هاتوچۆو بڵاوکردنەوەی کۆبونەوەو بیرەوەریی و ئاهەنگ سازکردن هەبوو، رێکخراوەی ژنان و لاوان دامەزران، دەرگا بۆ ژنان کرایەوە کە هەم لەدایەرەکاندا وەك

كارمەند كار بكەن، هەم لەبوارى حزبايەتى و ڕێكخراوى خۆياندا چالاكيى بنوێنن و كۆڕو كۆبونەوە سازبكەن، كۆمارەكە ديموكراتى بوو، چونكە ببووە كۆمارى هەموو چين و بەش و توێژاڵەكانى كۆمەڵى كوردەواريى، كۆمارێكى ديموكراتيى بوو، چونكە سەرجەمى خەڵكى كورد بەكۆمارى خۆيان دادەناو بەرگرييان لێدەكردو هيواى گەشەكردن و چاككردنى ژيانيان لێدەكرد... ديموكراتيى بوو چونكە بۆ خۆى ڕزگاريخواز بوو، حەزى بەرزگارى هەموو گەلانى دنيا دەكرد، حەزى بەبرايەتيى و هاوكاريى هەموو گەلان دەكرد"لەكوردستان و ئازەربايجاندا واپايەگاى شۆڕشگێڕى دروست بو كەلەدواييدا بوونە پايەگاى جوڵانەوەى ديموكراسى لەهەمو ئێران...)(11)

جەمهوريەتى كوردستان كۆمارێكى ئازاديخوازو دۆستى گەلان بوو، لەبەرەى ديموكرات و ئازاديخواز بوو، لەبەرەى گەلان و برايەتى و دۆستايەتى گەلانى ناو ئێران و ناوچەكەو دنيادا خۆى دەبينيەوە، لەدژى داگيركردن و چەوساندنەوە بوو... لەبەرئەوەى يەكێتى سۆڤيەت ڕۆڵى سەرەكيى لەدامەزراندنيدا بينى، بۆيە كۆمارى ئازەربايجانى بەدۆستى ستراتيجى دادەنا، لەگەڵ ئەمەشدا هەوڵى دۆستايەتيى دەوڵەتانى خۆرئاواش لەئارادا بوو، هەرچەندە كۆمۆنيزم و دەورو تەئسيرى سۆڤيەت كاريگەرى خۆى هەبوو، ديسان لەحزب و حزبە كۆمارەكەو نەسەركردايەتييەكەى خۆيان بەكۆمۆنيزم و نەدەزانى، مەيلى ئەوەشيان نەبوو ريفورمى سوسياليستانەى وەك ئازەربايجان ئەنجام بدەن.

جەمهوريەتى كوردستان: بەرهەمى تێكۆشانى خەڵك و ئاواتى جەماوەر بوو، بەرهەمى بزووتنەوەى كوردايەتيى بوو، خاوەن بەرنامەى حزبى ديموكراتى كوردستان بوو كە بوو بە نوێنەرى خواستە كۆمەڵايەتيى و نەتەوايەتيى و نيشتمانيى و چينايەتييەكان، بابەنوسينيش بێت، داخوازييەكانى خەڵكى كوردى تەعبير لێدەكرد.

هەرچەندە بەوەڵەدبووى ناو كۆمەڵگەيەكى خێڵەكى و نيمچە دەرەبەگيى و نيمچە شارستانى بوو، بەڵام كردەوەو كارو هەنگاوە دەوڵەتيى و حكومەتييەكانى تاڕادەيەك شارستانيى و ڕووەو شارستانيەت بوون و هەنگاوى ئەنا... بەتايبەتى و بۆ يەكەم جار لەمێژويى سياسيى كوردا حزبێكى خاوەن بەرنامەى سياسيى و كۆمەڵايەتيى بوو.

جەمهورییەتییەکی خودموختار بوو، بەئاشکراو لەسەر زاری لێپرسراوانو لەناو خواستو بەرنامەی گفتوگۆکاندا جەخت لەسەر ئەم لایەنەدەکرا، هەرچەندە ویسترا ئەو خودموختارییە بەخودموختارییەکەی ئازەربایجانەوە ببەسترێتەوە، بەڵام سەرانی کورد ملیان بۆ ئەو خواستە نەدا، لەسەرەنجامیشدا لەڕووی پراکتییکەوە جۆرێ لەبەستنەو زۆری ئیرادەی تەورێزی بەسەردا سەپێنرا بەتیابەتی لەڕووی پارەو پولو یارمەتییەوە، لەڕووی سیاسیی و دورشمو ئامانجو ستراتیجی سەربازییەوە، سەرکردایەتیی کۆمار بەپێی پەیمانیی مۆرکراو لەنێوانیانداو بەپێی هاوچارەنوسیی و هاوخەباتیی سەیری بەرامبەرەکەی دەکرد، بێ ئەوەی مل بۆ خواستو سەپاندنی داوا نارەواکان دابنەوێنێت...

پەراوێزو سەرچاوەکانی بەشی شەشەم

1–بۆ سەرنجدان لەلایەنی نێگەتیڤی رۆڵی سەرکردایەتی کۆمار، بڕوانە "تێڕوانینێکی سەردەم لەکۆمارەکەی مەهاباد" بەشی ئانزدەهەمو رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە 592و 593 لە 21–1994/1/22دا بڵاوکراوەتەوە.

2–رۆژنامەی کوردستان، ژمارە 25، 17ی جانیوەری 1946. ژمارە 47، 4مەی 1946، نووسینەکەی ئەم ژمارەیەی دوایی(47)، بەبۆنەی 46هەمین ساڵەی لەدایکبوونی پێشەواوە بووە، کەلەو ساڵەودا رێکەوتی یەکی ئایاری کردووە، بۆیە وێنەی پێشەواو هەڵبەستیشی بەو بۆنەیەوە بڵاوکردبۆوە.

3–رۆژنامەی کوردستان، ژمارە25.

–ئارچی رۆزڤیلت، کۆماری کورد لەمەهاباد، خالیدی عەزیزی لەئینگلیزیەوە کردوویەتی بەکوردی، 1991.

–نجفقلی پسیان، از مهاباد خونین تا کرانهای ارس، تهران 1328.

–جعفر مهدی نیا، زندگی سیاسی قوام السلطنة، چاپی دوم 1366.

–تێبینی: هەرچەند ئەم دوو نووسەرەی دوایی، رژێمدۆست بوون، دیسان هەر نەیانتوانی هەندێ راستی بشارنەوە.

ئـارچی یائارشـی رۆزڤیلـت یـش ئەفسـەری مخابـەراتی سـەفارەتی ئـەمریکایی هاوکاری رژێم بوو، بەڵام گەلێ رووداو راستیی گرنگی لەنووسینەکانیدا خستۆتە روو، وەك هـەندێك لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا دەبینـرێت، نووسـینەکانی بوونەتـە سـەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەو ئەزموونە.

4–بابا مردوخ روحانی، تاریخ مشاهیر کرد، بخش دوم، جلد سوم/ تهران 1371، ل 602.

5–نجفقلی پسیان، سەرچاوەی ناوبراو. ل5.

6–رۆژنامەی کوردستان، ژمارە 10–11جانیوەری 1946.

7–عبدالرحمن قاسملو، چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادیا، 1985، ل73.

8–ئەو دانیشتنە بەئامادەبوونی دکتۆر ئەمیری حەسەنپوور، کاك زاگرۆس و بەندە لەماڵی مامۆستای نێوبراو لەشاری ڤێستەرۆش سازکرابوو، گەلێ زانیاریی بەکەڵکمان لەمامۆستا بیستو لەلایەن کاك ئەمیرەوە تۆمارکران.

9–ئارچی رۆزڤیلت، سەرچاوەی ناوبراو، ل37و 38.

10–کەریمی حسامی، کاروانێك لەشەهیدانی کوردستانی ئێران، 1971، ل10–11.

William Eagleton, The Kurdish Republic 1946, London-1963.–11 P.133.

–مەحموود مەلا عیززەت، کۆماری میللی مەهاباد، کوردستان 1984، سوید 1986، ل70. دەقی ئەو سەرچاوەیەیە.

12–هێمن، تاریك و روون، 1974، ل22–23.

13–رۆژنامـەی کوردسـتان، ارگـانی حزبـی دیموکراتـی کوردسـتان، ژمـارە 302، شەممو6 خەزەلوەری 1329.

–دوای رووخـاندنی کۆمـاری کوردسـتان، ئـەو رۆژنامەیـە وەك لاپـەڕی چوارەمـی رۆژنامـەی اژربایجان لـەباکو بەسەرپەرشتیی کۆمـەڵێ لەڕۆشنبیرانی کورد بەتایبـەتی دکتـۆر رەحیمـی قـازیو دوکتـۆر عـەلی گـەلاوێژ، لـەچاپ دەدرا. یەکـەم ژمـارەی 2ی رۆژنامـەی اژربایجـان 14 ازری 1326، 5 نوڤامبـەری 1947دا بـووە. چەندین ساڵی دەوام کردووە.

14-دۆکتۆر رەحیمی قازی: باسێك لەمەڕ موحاکەمەی پێشەوا قازی محەمەد، ل45و 46.

15-ئارچی رۆزڤێلت: ك.ك لەمەهاباد، ل43.

National Encyklopedin-Band7-Hoganas1992.-16

-مەحمود مەلا عزەت، سەرنجێ لەشۆڕش و دیپلۆماسیەتی کورد لەناو باری جیۆپۆلیتیکی کوردستاندا، گۆڤاری پەیڤ، ژمارە 7، ئاداری 1988، ل781-791.

17-جگە لەکوردستانی فیدراڵی، ئەمەش بارێکی نائاسایی ناوچەکە، هەڕەشەی ناوچەیی و شەڕی کوێت، خواستی خۆرئاوا، بەسەرۆکایەتی ئەمریکا، بۆ خوڵقاندنی ناوچەیەکی ئارام بۆ پاراستنی کورد لەهەڕەشەی لەناوبردن، دوای کۆچڕەوە زیاتر لەدوو ملیۆنییەکەی سەرەتای بەهاری 1991 خوڵقاندوویانە، دیارە ئەمەشیان لەناو بڕیارو نەخشەیەکی دیارو چەندین کێشەی خۆیی و هەرێمی نێو دەوڵەتاندا دەژی و هەڕەشەی چەند لایەنەی بەردەوام لەسەرە. کە هەرە گەورەکەیان ئەو شەڕە ناوخۆییە کە لەو سەرچاوانەوە دروست بووەو بۆتە گەورەترین هەڕەشە لەسەری.

Ferideh Kooli-Kamali Deh Kord. The re public Of Kurdistan- Its-18 Rise and Fall-1988-P.24.

19- جعفر مهدی نیا، سەرچاوەی ناوبراو، ل500.

20- جعفر مهدی نیا، هەمان سەرچاوە، ل 490.

21-کورد لەیاداشتەکانی قوام السلطنەدا، رۆژنامەی هەرێم، ژمارە27، 1993/6/10.

-محەمەد موکری، ئەو بەشەی لەکتێبی "زندگی سیاسی قوام السلطنة" چاپی دوم، تهران، 1326، لە نووسینی جعفر مهدی نیا، وەرگێڕاوەتە سەر کوردی، بەڵام لەژێر ئەو سەرباسەدا.

22-بڕوانە رۆژنامەی کوردستان، ژمارە (69)، 30 پووشپەڕی 1325.

23-بابەمردوخ روحانی، سەرچاوەی ناوبراو، ل604.

24-بابەمردوخ روحانی، هەمان سەرچاوە، ل518.

25-جعفر مهدی نیا، سەرچاوەی ناوبراو، ل518.

26–سەرنجدان لەوتارو سەرجەمی کارو کردەوەی تۆمارکراوی پێشەوا، بڕوانە ڕۆژنامەی کوردستان کەلە سەردەمی ژیانی کۆماردا لەچاپ دراون. بۆ ئاسانکردنی وتارەکان لەگەیشتنیان بەدەستی خوێنەر، کاك حەسەنی قازی، زۆر لەو وتارانەی ڕۆژنامەی کوردستانی دەرهێناوە، ڕستەو وشەو نادیارو کوژراوەکانی ساغکردۆتەوەو لەنامیلکەی "ڕوانگەی پێشەوا19 بابەتی ڕۆژنامەی کوردستان 1994"دا بڵاوکردۆتەوە.

27–مەحموود مەلا عیززەت، دەوڵەتی جمهوری کوردستان، نامەو دوکومێنت، بەرگی یەکەم، سوید1992، ل194، نامەی ژمارە 132.

28–بڕوانە ڕۆژنامەکانی کوردستان.

–مەحموود مەلا عیززەت، د.ج.ك.ل:55، 62، 63،64و سەرجەم ئەو نامانەی پەیوەندیان بەوانەوە هەیە.

29–دوکتۆر ڕەحیمی قازی، باسێك لەمەڕ مەحاکەمەی پێشەوا قازی محەممەد، مهاباد، 1359،ل12.

–مانای شیعرەکە: ئەگەر سەر لەسەر بنێین و پشت لەدوژمن بکەین لەوە باشترە تاقە کەسێ بەکوشتن بدەین.

30–دکتۆرڕەحیمی قازی، هەمان سەرچاوە، ل13.

31–عبدالرحمن قاسملو، سەرچاوەی ناوبراو، ل56–57.

–جعفر مهدی نیا، سەرچاوەی ناوبراو.

–ئارچی ڕۆزڤێلت، سەرچاوەی ناوبراو، ل30.

–پێشەوا قازی، وەك نارەزایی لەو ڕێککەوتنەی نێوان تاران و تەورێز بەو سەفەرە هەستاو ئەو پرۆژەیەی خستەبەردەم سەرەکوەزیرانی ئێران. هەیە دەڵێ ئەوەی پرۆژەیەکی قوام السلطنة بووەو دەبوو ئوستاندار لەسنەوە سەرپەرشتی ئوستانەکەی بکردایە.. گوایا پێشەوا ڕەفزی کردووە.

32–ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە 390، 1993/5/17.

-لام وایە کوڕی رەش(عەلی کوڕی پێشەوا قازی) غەدر لەو دوکومێنتە گرنگە دەکات ئەگەر لەوە زیاتر بە حەپسکراوی بیهێڵێتەوە. دیسان بۆ وەسیەتنامەکەی پێشەوا.

33-بڕوانە: دکتۆر رەحیمی قازی، قازی محەممەدو مەسەلەی خودموختاری کوردستانی ئێران 1356 ل32.

-بۆ زیاتر زانیاریی لەسەر وتارو دیدەنیی رۆژنامەو نوتق‌و سەردانەکان‌و بڕیارو ئامۆژگارییەکانی پێشەوا بڕوانە: (پێشەوا لەسەردەمی سەرۆك کۆمارییدا، مەحمود مەلا عززەت) گۆڤاری رابون.

★ ★

★

بەشی حەوتەم

دەستکەوتەکانی
جەمهوریەتی کوردستان

جەمهوریەتی کوردستان :

*دووهەم گەورەترین ئـەزموون و هـەلی رەخسـاوو گۆڕانـی سیاسیی و ڕووداوی نەتـەوەیی بـوو تاناوەڕاستی سەدەی بیستهەم.

*هاندەروو بزوێنەری بوژاندنەوەی مێژوو ئەدەب و زمان و هونەرو فەرهەنگی نەتەوە بوو

*تاڕادەیەك کاری کردە سەر ئابووریی ناوچەکەو بوژاندنەوەی بازاڕو بازرگانی.

*دامەزراندنی ئەو قەوارە کوردییە خۆماڵیە، متمانەی بە تواناو ئیرادەی سیاسیی و نەتەوەیی خوڵقاند.

*بزوێنەری هەست بەبەرژەوەندیە کۆمەڵایەتی و چینایەتیەکانی کۆمەڵ بوو.

*بوژاندنەوەی هەستو ئەستی نەتەوەیی و گیانی نیشتمان پەروەریی لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا.

* پێکهێنانی سوپاو هێزی چەکداریی پێشمەرگە توانای سەربازیی کوردی سەلماند.

* پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیـران (هەیئـەی رەئیسـەی میللـی)و وەزارەت و دام و دەزگاکـانی ، توانـای خـۆ بەڕێوەبردنی دەرخست.

*بزوتنەوەی جەماوەریی لاوان و ژنـان بەرێکخراوەیی دیارەدەیەکی نوێی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری بوو.

*یاسادانان و هەوڵی جێبەجێ و پیادەکردنی دیمەنێکی شارستانیی کۆمار بوو.

جەمهوریـەتی کوردسـتان، پلەیـەکی نـوێ بـوو لـە بزوتنـەوەیی کوردایـەتیو جوڵانەوەی نیشتمانیو رزگاریخوازیی کـوردا. هەرچـەندە کۆمارەکـە بـە سنوور بـە پانتـاییو بـە ژمـارەی دانیشـتوان، بچـوكو کـەم بـوون، لـە گـەڵ ئەوەشـدا لـە ڕووی سیاسییو مەعنەویو هەستی نەتەوەییەوە، کوردایەتی لەو بەشەدا لە قاوغە تەسكو سـنور داخراوەکـەی دەرهێنـا، لەسـەر مەڵبـەندێکی وننـاوەوە خسـتیە سـەر شـانۆی هـەرێمیی، بۆ یەکەمجار بوو لـەو ناوچەیەداو بۆ دووەمجار بوو لـە نیـوەی یەکـەمی سەدەی بیستەمدا قەوارەو فەرمانڕەوایەکی خۆماڵی بڕەخسێنرێت، بۆ یەکەمجار بوو لـە شـێوەی کۆمـاریدا قـەوارەی کوردیـی پێکبهێنرێت.. تـا ئـەو ئاسـتەی کەنـەك هـەر دامەزراندنەکەو کارو کردەوەکانی ببنە لاپەرەیـەکی گـەش لـە مێژووی کورددا، بەڵکو ڕووخاندنو لە سێدارەدانی سەرکردەو گەلی لێپرسراو، بوون بە داستانێکی هەمیشە زیندوو کە بەردەوام هۆی بزوێنەرو گەشانەوەی تەوژمی کوردایەتیو سـەرچاوەیەکی گرنگی دەرسو پەند بن.

دەستکەوتەکانی بوون بە سامانێکی گەورەی مێژووەکەی گەلی کورد.

دەتوانرێت قازانجو دەستکەوتەکانی جەمهوریـەتی کوردسـتان بەکورتیو پوختـی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەستنیشان بکرێن.

***دوای ئەزمونە مێژوییەکەی حوکمدارییو مەلیکایەتییەکەی شێخ مـەحمود** (1918- 1924) **گەورەترین گۆڕانی سیاسییو ڕووداوی نەتەوەیی بو لە مێژوویی کورد بەگشتییو لەو بەشەی کوردستانداو تا ئەو سەردەمانە بەتایبەتی.**

دوای خامۆشـیەکی دوورو درێـژ لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتاندا، دوای ئـەوەی بزوتنـەوەی نیشـتمانیی کوردسـتان کـەوتبووە نـاو بازنەیـەکی داخـراوو بـێ جوڵـەو چالاکیەوە، ئەو ڕووداوە گرنگانەی ساڵانی دووەم جەنگو پێکهێنانی کۆمەڵەی ژ.کو ئینجـا لـە شـوێنەواری ئـەم دامـەزراندنی حزبـی دیموکراتـی کوردسـتان، بـوون بـە پێشـینەیەکی هەسـتیارو گرنـگ بـۆ وشـیاربوونەوەی خـەڵکی کـورد، کـە نەتـەوەی

کوردیان خستە بەردەم وەرچەرخانێکی گەورەو پاشە ڕۆژێکی ڕووناک، نەك هەر لە ڕووی ئەو سەرفرازییە بە سنورەو ئەو قەوارەیەوە، بەڵکو لە ڕووی خەباتی گشتیی و ئامانج و داخوازیە نەتەوەیی و دروشمە مێژوویەکەشەوە، بانگەوازەکەی دووی ڕێبەندان کەتائێستا وەك پێویست گرنگی و بایەخەکەی ئەو بڕیارە جەماوەرییە دەرنەخراوە، دەروازەی ڕزگاریی و خۆکردنەوە بوو لەسەر هەموو کورد، ئامڕازو ڕێگەی خەبات و سەربەخۆیی بۆ هەمووان دەستنیشان کرد.هەل و مەرجێکی سیاسی نوێ و لەباری لەو پارچەیەدا رەخساندوو بووە گەورەترین هیوا بۆ ئایندەیەکی گەش ترو گشتی تر، بە تایبەتی ئەو کۆمارە بووە قیبلەنمایەکی سیاسی و گەشانەوەیەکی بەرفراوانی کوردایەتی بەبەراورد لەگەڵ رابردووداو لەگەڵ سەردەمی پێش کۆماردا.

*هاندەرو بزوێنەری بوژانەوەی مێژوو ئەدەب و زمان و هونەرو فەرهەنگی نەتەوە بوو.

سەردەمانی داگیرکردن و چەوساندنەوە کۆتایی پێهێنرا، درێژەدان بە شێواندنی مێژوو ئەدەب و زمان و کلتوری گەلی کوردا کۆتایی هات، لە خوێندن بە زمانی خۆ، نوسینەوەی مێژوو جوگرافیای خۆ، بێبەشکراوە، تا ئەو کاتەو لەوبەشەی کوردستاندا دەرفەتێکی وا بۆ کورد نەرەخسا کە ئەو لایەنانە نەهێڵێ و ڕەوتی ئاسایی ژیانی کولتوریی خۆیی بگرێتە بەر. بۆیە پێکهێنانی جمهوریەتی کوردستان خوڵقاندنی ئەو ئازادییە، کوردی خستە بەردەم بوژاندنەوەی سامانی نەتەوەو خۆ ڕزگارکردن لەو پاشا گەردانییە، کاری گرنگی سەرشانی لێپرسراوان ئەوە بوو کە هەنگاوی باش و چاوێنی لەو مەیدانانەدا بنێن، سەرەك کۆمار خۆی لەو بوارانەدا گەلێ هەنگاوی گرنگی نا، هەندێکیان بۆ کۆمەڵگەی دواکەوتووی ئەو سەردەمەی کورد، بە ئازاو بوێرانە دەدرێنە قەڵەم. بە تایبەتی‌کردنی خوێندنی منداڵان بە کچانیشەوە بەخوێندنی زۆرە ملێ، ئەوەی پێرەوی ئەو بڕیارەشی نەکردایە، سزادەدرا، ڕۆژنامەگەریی و ئازادیی نوسین، نوسەرو شاعیران ئازادانە هاتنە مەیدانی نوسین و بڵاوکردنەوەو نوسین لەسەر مێژوو کولتوری نەتەوەیی و بوژاندنەوەی بیرەوەرییە نیشتمانیەکان بەتایبەتی نەورۆز، دانانی ئێزگەو بڵاوکردنەوەی گۆڤاری هەمەجۆرو دانانی سروودی (ئەی رەقیب هەرماوە قەومی کورد زمان) بەسروودی میللی لەگەڵ

(سرودی نیشتمانم زەنگینە بەهەشتی سەر زەمینە) سەلام و سرودو مارشی جەمهوریی لەبۆنە رەسمیەکاندا، دامەزراندنی دەزگای چاپەمەنی و چاپخانە لەمهاباد و بڵاوکردنەوەی چەندین گۆڤار وەك: کوردستان، هەڵاڵە، گڕوگاڵی منداڵانی کورد، هاواری کورد، هاواری نیشتمان، رۆژنامەی کوردستان.. ئەمانە کارو هەنگاو چالاکی گەش و چاوێنی کۆمار بوون. بۆ چاپ کردنی کتێب ونوسین و جوڵاندنەوەی روناکبیریی، هێمن دەنوسێت:

(لە کۆموسیۆنی تەبلیغاتی حزبدا دەستم بە کارکرد لە هەمو چاپەمەنیەکانی حیزبدا دەستم بەنوسین کرد، لە رۆژنامەی کوردستان و گۆڤاری کوردستان و هاواری کوردو هاواری نیشتمان و گروگاڵی منداڵان و گۆواری هەڵاڵەدا شیعرو ووتارم بڵاوکردەوەو لە میتینگەکانی حیزبدا بەشداردەبوم. لە دەستەیەك کە ئەندام بووم، ئەندامە ئەسڵیەکانی ئەو لیژنەیە وەك بیرم مابێ، زەبیحی، هەژارو برایمی نادر، دڵشادی رەسوڵی و من بووین، پێشەوا بۆ خۆی چەند مامۆستای شارەزایش یارمەتیان دەداین، هەرچەندە هیچمان لەو کارەدا پسپۆر نەبوین، بەڵام چونکە زۆر بە دڵسۆزیەوە کارمان دەکرد، پێم وایە کتێبەکان کە بەداخەوە چاپ نەکران خراپ نەبوو...(1)

سەبارەت بەوە کە ئەو رۆژنامەو گۆڤارانە بەرهەمێکی بەنرخی کۆمار بوون و دەوری باشیان بینی لە دەرخستنی راستی و وشیارکردنەوەی جەماوەر، بۆیە چاکتر وایە چەند تیشکێك بخەینە سەر ئەو چاپەمەنی و بڵاوکراوانە کەکەوتونەتە بەردەست:

*رۆژنامەی کوردستان:

ئۆرگانی حزبی دیموکراتی کوردستان. رۆژنامەی رەسمی حکومەتیش بوو، سید محەمەد حمیدی سەرنوسەری بوو، لە چاپخانەی کوردستان لە مەهاباد چاپکراوە، رۆژانی شەممەو دووشەممەو چوار شەممان بڵاودەکرایەوە، یەکەم ژمارە لە 11-1-1946دا بڵاوکرایەوە، لە تەمەنی کۆماردا دەگوترێت(116) ژمارەی لێ بڵاوبۆتەوە، هەیە دەڵێت(113) ژمارە، بەهەرحاڵ و لەبەرئەوەی هەموو ژمارەکان لەبەردەستدانین، ئەوەی تا ئێستا کەوتونەتە بەردەست(66)ژمارەی رۆژنامەی کوردستانە. لەبەرئەوە ساغ نەبۆتەوە کە چەند ژمارەی لێدەرچووەو ناتوانرێت ژمارەیەکی دروست بەدەستەوە

بدرێت، ئەوە یەکەم رۆژنامە بوو کە لەماوەیەکی کەمدا ئەو ژمارە زۆرەی لێدەرکرابێت، رۆژنامەکە وەك لەسەرەوە نوسرابوو(بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان بوو)[2]

گۆڤاری گەلاوێژ لە ژمارەی ئازاری 1946 دا بەم جۆرە لەسەر رۆژنامەی کوردستان دەنوسرێت.

(کوردستان رۆژنامەیەکی کوردی‌یەو بە شێوەی موکری بە زمانی کوردی رۆژێ نە رۆژێ لە شاری مەهاباد بە صورەتێکی رەسمی دەرئەچێت، باس‌و خواستی ئەم رۆژنامەیە چۆنیەتی کردەوەی کوردەکان‌و هەڵسوڕانیان، کۆبونەوەیان بۆ کرانەوەی چاپخانەی کوردستان، نوسینی باس‌و زانایانی کورد، وەرگرتنی دەنگ‌و باسی دەرەوە بە هۆی رۆیتەرەوە، ئامانجی قەومی، وتار. کۆبونەوە بۆ هاندانی خەڵك بۆ کردنە باوی خوێندنی کوردی لە هەموو قوتابخانەکاندا، هەموو جۆرە شیعرو ئەدەبیاتی کوردی‌و گەلێ شتی تر، بەراستی ئەم رۆژنامەیە یەکەم رۆژنامەیەکی کوردی‌یە کەلە هەموو ناتەواویەکی کوردەواری‌یەوە قسە بکات‌و خزمەتی خۆی بەهەموو لایەك بگەیەنێ..[3].

دوای رووخانی کۆمار رۆژنامەکە پەکی کەوت لە دوایدا لە باکۆو ئینجا ناوبەناو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە نهێنی دەریکردووە.

ژمارەکانی ئەم رۆژنامەیە سەرچاوەو بەڵگەنامەی رەسەن‌و گرنگ‌و مێژوویین بۆ لێکۆڵینەوە لەسەردەمەکە، گەلێك نوسەرو شاعیرووەرگێر لە دەوری رۆژنامەکە کۆبونەوەو نوسینی جۆراو جۆریان تیا بڵاودەکردەوە.

یەکەم ژمارەی لە 11-1-1946 روناکیی بینیی.

گۆڤاری کوردستان:-

بڵاوکەرەوەی بیری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و کۆمار بوو، یەکەم ژمارەی لە 6-12-1945دا چاپکراو بڵاوکرایەوە، لە مەهاباد دەردەکرا، بەرێوەبەرو لێپرسراوی مەلا قادری مودەرسی بوو، وادیارە لەتەمەنی کۆماردا چوار ژمارەی لێ بڵاوکرابێتەوە چونکە هەر ئەو چوار ژمارەیە کەوتونەتە بەردەست.

گۆڤاری هەلاڵە:

حەسەن قزلجی لێپرسراوو سەرنوسەری بوو، لە بۆکان چاپ دەکرا ژمارە یەکی لە ئازاری 1946دا بلاوکرایەوە، زیاتر لەلایەنی سیاسی گۆڤارێکی ئەدەبی بوو، چوار ژمارەی کەوتونەتە بەردەست.

هاواری کورد:

یەکەم ژمارەی لە رەزبەری 1324–6ی تشرینی یەکەمی 1945دا بلاوکراوەتەوە، ئەم ژمارەیە 30 لاپەرە بوو، لەسەر بەرگی یەکەمی گۆڤارەکە تەنها هاوار نوسرابوو، لەسەر بەرگی دووەم هاواری کورد نوسراوە..[4]

هاواری کوردستان:

یەکەم ژمارەی لە 21مارتی 1946دا لە مەهاباد چاپ کراوە، ئۆرگانی لاوانی دیموکرات بووە، صدیق ئەنجیری سەرپەرشتی کردووە، لەسەر لاپەرەی یەکی ئەمە نوسراوە: گۆڤارێکی ئەدەبی، سیاسی، کۆمەڵایەتی. رێبازی مارکسی لەناوەرۆکی‌دا دیارە. لەسەرو ناوی گۆڤارەکەو نوسراوە با سەواد بیخوێنێتەوە بۆ بێ سەواد..[5]

گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کوردستان:

لە ژێر چاودێری مەلا قادری مودەرسیدا کرێکارانی چاپخانەی کوردستان لە مەهاباد بلاویان دەکردەوە. لە ژێر ناوی گۆڤارەکەدا نوسراوە(بیری کارگەرانی چاپخانەی کوردستان)ە یەکەم ژمارەی لە نیسانی 1946دا چاپکراوە، چوار ژمارە لە گۆڤارەکە کەوتونەتە بەردەست، پێدەچێت هەر ئەو چوار ژمارەیە بلاوکرابێتەوە..(6)

*گەشانەوەی ئابوریی بوژاندنەوەی بازارو بازرگانیی

سەربەستیی هاتن‌و چوون‌و چالاکی بازرگانیی‌و زۆر بوونی بەرهەمی کشتوکاڵ‌و گۆرینەوەی کەل‌وپەل، دامەزراندنی کۆمپانیاو هەواڵی کردنەوەی سینەما.. ئەوانە تارادەیەك بازاری ناوچەکەی سنوری کۆماریان بوژاندەوە، بەڵام دەرامەت‌و داهاتی سەرەکی لە کۆمەکی یەکێتی سۆڤێتەوە بوو کەلە رێگەی تەورێزەوە دەنێردرا.

دەگوترێت کە: (کۆماری ئازەربایجان20.000)تومەنی نزیکەی(4400دۆلار)ی بەقەرزدابووە کۆماری مهاباد بریاریش درا بە شەکر پڕ بکرێتەوە..(7) هەرچەندە

ڕژێمی شا ئابلۆقەی خستبووە سەرناوچەکە، بەتایبەتی قەدەغەکردنی کڕینی توتن لە جوتیاران بۆ برسی کردنی ناوچەکە بەڵام(سۆڤیەت توتنی ئەوساڵەی کوردستانی کڕی بە(80.000)پاوەن..(8).

هەرچەندە ئازەربایجان سیاسەتێکی ئابووری سۆسیالیستانەی پیادە دەکرد، کەچی سەرکردایەتی کۆماری کوردستان کەمو زۆر بیری لەوە نەدەکردەوەو پێڕەویی سیاسەتێکی لەو جۆرەی نەدەکرد. بۆیە ئەم خۆی دوور خستەوە لە دابەشکردنی زەوی‌و زار بەسەر جوتیاراندا، وەك ئازەرەکان کردیان. یەکێك لەو هەوڵانەی کە درا بۆ زیاتر گەشە پێکردنی ئابووری، هەوڵی سەرەك کۆمار بوو بۆ کردنەوەی بانك‌و داواکردنی لە خەڵك کە ئاڵتون‌و پارەکانیان وەك قەرز لەوێدا دابنێن، بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەستن بهێنێت. دیسان زەریبە لەهەندێ خێزانی دەوڵەمەندی وەك خێزانی شافعی لەمەهاباد کەبەربەرەکانی کۆماریان دەکرد، وەرئەگیرا(9).

*دامەزراندنی ئەو قەوارە کوردییە خۆماڵییە متمانەی بە تواناو ئیرادەی سیاسیی‌و نەتەوەیی خوڵقاند.

نەبوونی ئەزموونی حوکمڕانی خۆوخۆبەڕێوە بردن، سەپاندنی حوکم‌و یاساو کولتورێکی نامۆ بە کورد، درێژخایەنیی ئەو حاڵەتە، دیاردەی نائاسایی لای خەڵکی کورد خوڵقاند بوو، دیاردەیەکی جۆری لە ڕازی بوون بەو بارودۆخانە، دیاردەیەکی نەبوونی تواناو هێزێکی ئەوتۆ کە کورد بتوانێت وڵاتی خۆی بەڕێوە ببات، بۆیە خامۆشیی ئەو ناوچەیەی کوردستانی گرتبۆوە. بە دامەزراندنی ئەو قەوارەیە، کوردایەتی بوژابۆوە، سەربەخۆیی سیاسیی، هەرچەندە یەك لایەنە‌و تەنها دیفاکتۆیەك بوو، هێنایە ئاراوە، کێشەی کوردی لەو بەشەدا زیندوو کردەوەو هێنرایە سەر شانۆیی سیاسی، لەگەڵێکی چەوساوەو ژێر دەستەوە کە سادەترین مافیشی زەوت کرابوو، بوو بەخاوەنی قەوارەی سیاسیی‌و نەتەوەیی‌و ئیدارەی خۆی، بەردەوامیی ئەو گۆڕانانە، متمانەی کورد بە خۆو ئیرادەی سیاسی خۆی، بە توانای خۆ بەڕێوەبردنی وڵاتی خۆی بەهێز کرد، کۆبونەوە بیست هەزار نەفەرییەکەی دووی ڕێبەندان، ریفراندۆمێکی نەتەوەیی بوو بۆ متمانە بەسەرکردایەتی کۆمار، بۆ دانانی دام‌و دەزگای بەڕێوەبردن، بۆ ڕزگار کردنی کورد لەهەر کوێیەك بژین..

جەمهوریەتی کوردستان بزوێنەری هەستو بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتیو چینایەتیەکانی کۆمەڵ بوو

شــان بەشــانی گەشــەکردنی لایــەنی سیاســـی ، لایەنـــە کۆمەڵایـــەتیو چینایەتیەکانیش گەشەیان کرد، هەرچەندە لە سنورێکی زۆر تەسكو لەسەر خۆ بوو، ئەوەش هۆکاری تایبەتی خۆی هەبووە لە چەوساندنەوەو داگیر کردنی سەدان ساڵدا خۆی دەنواند، بۆیە جەماوەری جوتیارو خەڵکی زەحمەتکێش، کۆمارەکەیان بە هی خۆیان دەزانی، چونکە تا رادەیەك زوڵمو زۆر وەك جاران پیادە نەدەکرا، خەڵك بۆیان هەبوو شکایەتو داواو داخوازیەکانیان بگەیەنن.

تەنانەت پێشەوا قازی محەمەد رێگەو شوێنی تایبەتی بۆ ئەم جۆرە دیاردانە دانا بووبەتایبەتی رێگەی گەیاندنی نامەو دەنگی هاوولاتیان بەخۆی، ئەوانەش دەرئەنجامی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بوو چونکە:

*گەشەکردنی بزوتنەوەی کوردایەتی کەوتە ناو قۆناغێکی نوێوە کە بیرو لایەنە کۆمەڵایەتیەکان باشتر خۆیان دەربخەن، پێویستیی گۆرانکاریی باری کۆمەڵایەتیو گوزەرانی خەڵك لەبەرچاو بگیرێن.

*ئەو نیمچە سەربەخۆییو رزگارییو خۆ بەرێوە بردنە، چەوساندنەوەی سیاسیو نەتەوەییو زوڵمو زۆری داگیرکەرانی نەهێشتبو، دەرگای لەسەر رێفورمی کۆمەڵایەتی کردەوە. بەڵام نەبونی نەخشەیەکی لەو بابەتە، نەبونی داهاتو بنەمای ئابوریی دەوڵەتی، زۆریی کێشەو گرفتە جۆراوجۆرەکان، بونی هەرەشەی بەردەوام لەلایەن هێزەکانی رژێمەوەو خەریك بوونی لێپرسراوان بەکاری پێشمەرگەییو پەیداکردنی پێداویستیەکانی شەر... لەبەرئەوانە نەدەتوانرا کاری گرنگی لەو بابەتە ئەنجام بدرێت.

*دامەزراندنی کۆمار بووە هۆی توندو تیژکردنی ململانێ لەنێوان نەتەوی کوردو چینی دەسەڵاتدار، لەناو خۆشدا ئاغاو سەرۆك خێڵە وابەستەکان بەرژێمەوە ببونە جۆرێکی تر لە گوشار(هەم) بۆ سەر کۆمارو هەم بۆ سەردانیشتوان.

ئەوانەش کاری خۆیان لەسەر ئەو خەڵکە خوێندەوارە دەکرد کە خوازیاری جۆرێك لە عەدالەتی کۆمەڵایەتی بوون، کاری خۆیان دەکردە سەر خەڵکی زەحمەتکێش، بەتایبەتی کە کارو کردەوەی نائاسایی سەرەك خێڵ و دەرەبەگ و خاوەن موڵکەکانیان باشتر بۆ دەردەکەوت، بەڵام هەر ئەو نارەزایی و کارتێکردنانە بەسنەبوون بۆ گۆڕران، بەس نەبوون تاسودیان لێوەربگیرێت و بکرێنە هێزێکی رێکخراوی ئەوتۆ کەکۆماریشیان پێ بپارێزێت.

بوژاندنەوەی هەست و نەستی نەتەوەیی و گیانی نیشتمانپەروەریی

گەشەکردنی بزوتنەوەیی کوردایەتی هەر لە سنوری کۆمارەکەدا نەبوو، بەڵکو زوربەی ناوچەکانی کوردستانی گرتبۆوە، جموجۆڵ و چالاکیی، ئامادەبوونی گەلێ روناکبیرو نیشتمانپەروەر بۆ خزمەتی کۆمار. بونی هێزەکەی کوردستانی عیراق کە مەلا مستەفا سەرکرادایەتی دەکرد، بەهۆی شکستی شۆرشی بارزان و ناچاریی ئەو هێزانە بۆ کشانەوەو خۆ گەیاندنە ناوچەکانی کۆمار کە بوبوو بەو هێزەی متمانەی پێبکرێت و جێگەی دڵنیایی پاراستنی کۆمار بێت. جگە لە ئامادەبوونی گەلێ نیشتمان پەروەر لە ناوچەکانی ترەوە، لە کوردستانی عیراق و تورکیا و سوریاشەوە، ئەم گەشەکردن و فراوان بونەی هەست و نەستی نەتەوەییە، چەند دیاردەیەکی تری خوڵقاند، لەوانە کەوتنە سەر رێبازی حزب و کۆڕو کۆمەڵ پێکهێنان، دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد لە کوردستانی عیراق(16ی ئابی 1946) ئەنجامێکی گرنگ و پرۆسەی دامەزراندن و بەرێوەبردنی جەمهوریەتی کوردستان بوو تا ئەو ساتەی کە لە زۆر رووەوە ئەم حزبە نوێیە هاوچەشنی حیزبی دیموکراتی کوردستان بێت.

فراوانیی شەپۆلی هەستی نەتەوەیی و گیانی نیشتمان پەروەریی لە هەموو پارچەکانی کودستاندا بە جۆرێك کەتەنانەت روخاندنی کۆمارەکەو لە سێدارەدانی پێشەواو هەڤاڵەکانیشی بوون بە هۆکارێکی تری ئەو فراوانبوون و گەشەکردنانە.

پێکهێنانی سوپاو هێزێکی چەکداری پێشمەرگە، توانا و گیانی بەرگریی کوردی سەلماند..

بۆ یەکەمجار بوو کە سوپاو هێزی پێشمەرگە لە ئاستێکی باشدا رێکبخرێ، بەچەکی سوك پرچەك بکرێ، یەکەکانی هێز کە لە بچوکترینەوە بۆ هێزو سوپا، بوونی دەیان ئەفسەری لێوەشاوەو دەرچووی کۆلێج و ئەکادیمیای سەربازی، بونی پلەی جۆراو جۆری سوپایی هەر لە چەکدارێکی ئاساییەوە تا پلەی جەنەراڵ و وەزیری هێزی بەرگری، رێکخستنی ئەوانە لەوەزارەتێکی تایبەت بەجەنگ و بەرگریی لە کۆمار بۆ ئەو سەردەمە، کارێکی ئاسان نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانە بەجۆرێك کران کە هێزەکان بەردەوام لە حاڵەتی ئامادەیی‌دا بێت بۆ شەڕ، لەچەندین شەڕو پێکدادان و نەبەردیدا ئازایەتی و توانایی سوپاکەیان سەلماند.

لەوانەش گرنگتر، سوپاکەو هێزی پێشمەرگە، هێزی میللی بوون، لە پێناوی پارێزگاریکردنی کۆمارو بەرگری لەگەل، رێکخراو بوون، بە پێچەوانەی ئەرتەشی رژێمی شاوە کە ئەرتەشێکی فرە رەگەزو بەزۆرە ملێ دامەزرابوو.

هەرچەندە کۆمەڵگەکە گیانی خێڵەکی تێدا زەق و کۆمەڵگەی نیمچە دەرەبگی بوو، گەلێ لەو سەرەك خێڵانەی هەوڵی سەپاندنی خواست و ئارەزوویی شەخسیان دەدا، لەگەڵ کەم و کورتی پێداویستیە سەربازییەکان، هەر لەفیشەکی ئاسایی و ئازوقەوە تا چەکی قورس، لەگەڵ ئەوانەشدا مامەڵەی لێپرسراوانی سوپا لەگەڵ پێشمەرگەو چەکدارەکان جۆرێکی تری شارستانیان نیشان دەدا چونکە بەتەنگیانەوە ئەهاتن و هەوڵیان ئەدا پێداویستیەکانیان جێبەجێبکرێن، بونی ئەفسەرە لێزانەکان بەتایبەتی ئەفسەرانی کوردی عیراق، لێوەشاوەیی و شارەزایی و سەلیقەی کوردیان لە مەیدانەکانی سوپاو هێزی بەرگری و جەنگدا دەردەخست. ئەوانە متمانەو بڕواو باوەڕی خەڵکی کوردیان بە کومارو بە سوپاکەی بەهێزتر کرد.

هەڵبژاردنی سەرەك كۆمارو خوڵقانی سستێمی كۆماری، پێكهێنانی ئەنجومەنی وەزیران(هەیئەتی رەئیسەی میللی)ودانانی حاجی بابەشێخ، بە سەرۆكی، رێكخستنی دام‌و دەزگاكانی وەزارەتەكان

بوونی سەرچاوە بۆ یاسادانان‌و بڕیار، هەرچەندە فرە سەرچاوەش بوو، خوڵقاندنی ئامرازی بەڕێوەبردن‌و لێپرسینەوە لە خەڵك‌و چارەسەر كردنی كێشەكانیان‌و بایەخدان بە قوتابخانەی كوران‌و كچان‌و خوێندن بە زمانی كوردی‌و بەئیلزامیی‌كردنی‌و سزادانی ئەوانەی منداڵەكانیان نەدەنارده قوتابخانە، كردنەوەی پۆل بۆ نەخوێندەواران، بایەخدان بەتەندروستیی گشتیی، چارەسەركردنی كێشەی نێوان تیرەو خێڵەكان، ئاوڕدانەوە لە كەمینە نەتەوایەتیەكان لە ڕووی بەڕێوەبردن‌و هاوبەشیكردنیان‌و كردنەوەی قوتابخانەی تایبەتی بۆیان. ئاوڕدانەوە لە هەموو ئەو لایەنانەی ژیانی خەڵك وەك لە پێكهاتەی وەزارەتەكاندا دەردەكەون كەتوانای خەڵكی ناوچەكە دەردەخەن سەلماندیان كە دەتوانن خۆیان بەڕێوە ببەن‌وتواناكان بخەنە كار.

بایەخدان بەتەندروستیی گشتی، چاودێریی شوێنە گشتی‌یەكان، شەقامەكان‌و ڕووناككردنەوەیان، بە حەمام‌و چایخانەو چێشتخانەكان‌و پاك‌و تەمیزییان‌و چاودێریكردنیان.

بێگومان ئەگەر سودیان لە تواناكانی خەڵكی كوردستانی عیراقیش وەربگرتایە هەروەك چۆن لە ڕووی پێشمەرگایەتییەوە سودیان لێوەرگیرا، ئەوا بەڕێوەبەرێتیەكی باشتر ئەهێنرایە ئاراوە.

لەگەڵ ئەو ناتەواوی‌و بۆشایی‌و گرفتانەی دەوری كۆماریان دابوو، لەگەڵ لاوازیی‌و كزیی باری ئابووری‌و گوشاری ئازەربایجان بۆ بەستنەوەی مەهاباد بەتەورێزەوە، ئەوقكردنی كۆمار لە ڕووی ئابوری‌و سیاسیەوە، سەرەرای سەپاندنی ستراتیجی بەرگری كردن‌و پەكخستنی هەوڵی فراوانكردنی سنور، وتووێژی بێ بەرهەم، و سەرلێشێوان، لەگەڵ نزمی ئاستی سیاسیی‌و خوێندەواریی زور لەلێپرسراوان‌و كەم ئەزمونیان، لەگەڵ ئەوانەشدا بەڕێوبەرێتیەكی تارادەیەك باش‌و ڕێك‌و پێك بوو.

بزوتنەوەیی جەماوەریی لاوان و ژنان و کـاری ڕێکخراوەیـی، دیاردەیەکی نوێـی نـاو کۆمەڵگەی کوردەواری بوو.

لە پێش هەموو بزوتنەوە جەماوەریەکان، بۆیەکـەمجار ڕێکخـراوی یایـان و لاوان خوڵقا، دیسان بۆیەکەمجار بوو کە کچان و ژنان لە کۆڕو کۆبونەوە جەماوەرییەکان ئامـادەدەبوون و وتاریـان دەخوێنـدەوە، لـە دامودەزگـاو دایـەرەکاندا کاریـان دەکـرد مامۆستایانیان لە قوتابخانەی کچاندا دەرسیان دەوتەوە، بەوەش نەریتە کۆمەڵایەتیە کۆن و باونەماوەکان خرانە لاوە، بەتایبەتی هەر پێش ئەوانەش ماڵی پێشەوا قازی محەمەد لانەی ئەو ژن و کچانە بوون کـە بـەر زوڵمـی پیـاوو کـەس و کـار دەکـەوتن، خانـەوادەی پێشـەوا پێـش هـەمووان لـە مـەیدانی خـەباتدا بـوو. یـەکێتی جوانـانی کوردستان بەرهەمێکی تری کۆمار بوو، ئەم یەکێتیە چالاکانە هەڵدەسوراو ئەرکەکانی سەرشانی ئەنجام ئەدا.

یاسادانان و هەوڵی جێبەجێ و پیادەکردنی، دیمەنێکی شارستانی کۆمار بوو

هیـچ دەوڵـەت و حکومـەتێك باش وسـەقامگیرو عـادیل نـابێت ئەگـەر یاسـای بـۆ دانەنرێ، هیچ کۆمەڵگەیەکیش بێ یاسا شارستانیی نابێت. هەرچەندە سەرچاوەکانی یاسادانان فرە لایەن بوو، هەر لە پێشـەواو سـەرەك وەزیرانـەوە تـا کۆمیتـەی نـاوەندی حزبـی دیموکراتـی کوردسـتان و هـەندێ سـەرچاوەی سـەربازیی وەك وەزیـری هـێزی دیموکراتی کوردستان، لەگـەڵ ئەوەشدا لـە ماوەیـەکی کورتـی وەك تەمـەنی کۆمـاردا، جێگـەی سـەرنجە کـە ئـەو هەوڵانـە دراون و ویسـتی ئـەنجامدانیان لـە ئارادا بووە. ئـەو یاسـایانە هـەر لـە دەردە کۆمەڵایەتیـەکانی وەك تلیـاك کێشـان و بەدمەسـتی و شـەڕو شۆڕو کێشـەکانی جوتیـاران و ژنـانی دەگرتـەوە تامەسـەلەی خیانـەت لـە نیشـتمان، هەرچـەندە هـەندێ لـە یاسـاکان لەگـەڵ ڕەوتـی شارسـتانیەتدا نـەدەگونجان، لەگـەڵ ئەوەشدا دیسان ئەوانە ئاوڕدانەوەیەك بو بۆ چارەسـەرکدنی کێشـەکانی نـاو کۆمـەڵ، بەپێی ئەقڵییەتی بارودۆخەکانی ئەو کاتە.

پێش ئەوەی کۆتایی بەم بەشە بێنین چاك وایە نرخاندنەکەی کۆنگرەی سێهەمی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بخەینە پێش چاو:

"تەمەنی کۆمار تەنیا یانزە مانگ بوو بەڵام هەر لەو ماوە کورتەدا بەشێکی گرنگ لە ئاواتەکانی گەلی کورد هاتەدی، گەلی کورد چارەنوسی خۆی بەدەست خۆی وەرگرت، زمانی کوردی بە زمانی رەسمی ناسرا، فەرهەنگی نەتەوایەتی کورد با خێرایی دەستی بە پەرە ئەستاندن کردو بۆ پەروەردەکردنی کادر هەندێك لە لاوان بۆ دەرەوە نێردران، چەند رۆژنامەو گۆڤاری کوردی بەرێكو پێکی بڵاوکرانەوە، تیئاتری کوردی پێك هات، ژنی کوردی لە ژیانی سیاسیو فەرهەنگیدا بەشدار بوو(هێزی میللی) سوپای گەلی کوردستان پێك هاتو شوێنەوارێك لە پۆلیسو ژاندرمەکانی زۆردار نەما، کۆماری کوردستان پەیوەندی دۆستایەتیو هاوکاری لەگەڵ حکومەتی میللی ئازەربایجان کە ماوەیەك بوو پێك هاتبوو دامەزراندو بەرەیەکی بەرین لە حزبە پێشکەوتووەکانی ئێران پێك هات کە حزبی دیموکراتی کوردستان یەکێك بوو لە کۆڵەگەکانیو بەمجۆرە کوردستانی ئێران بوبەبنکەی ئازادیو جێی هیوای ئازادیخوازانی ئێران.

کۆماری کوردستان هەر لەو کاتەدا نیشانەی هاودەردیو هاوکاریی نەتەوەی کورد بوو لە هەموو پارچەکانی کوردستان، کوردستانی ئێران، تێکۆشەرانی کوردی عیراق هەروەهاخەباتکەرانی کوردی تورکیاو سوریای لەباوەش گرت، کۆمار بەدڵەوە پێشوازی لەو میوانانە دەکردو رێزی لێدەگرتن، بەڵام لەبەردەم ئەو هەلە مێژوویەدا میوانەکان نەبوونە هۆی ناتەباییو ئاژاوەو دەست وەردانە کاروبارێك کە لێپرسراوانی حزبو حکومەت لێی ناڕازیی بن. بەڵکو هەموو تواناو هێزەکانیان خستەبەردەم سەرکردایەتی کۆمارو حزب. بەم چەشنە جەمهوریەتی کوردستان بوبە بنکەی ئازادیو جێی هیوای نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستانیش..[10]

پەراوێزو سەرچاوەکانی بەشی حەوتەم

1–هێمن، سەرچاوەی ناوبراو، ل24.

2–د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستیوشوێنی لە رۆژنامە نوسی کوردیدا، چاپی بەغدا/1978،ل83.

3–گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە/3سالّی(7)–مارتی1946،ل29.

4–د.کەمال مەزهەرئەحمەد، سەرچاوەی ناوبراو، ل 238و239.

5–د.کەمال مەزهەر ئەحمەد هەمان سەرچاوە،ل83

6–د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل82

7 –Eegleton, WILLem op. Cit. P.10

8–Eegleton, WILLem Ibid .p. 88

9–Eegleton, WILLem Ibid . P .100

10–کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی (ئێران)، ئەیلولی 1973، ل11.

بەشی هەشتەم

جەمهوریەتی کوردستان لەمەیدانی زۆرانبازیدا

پاری یەکەم:

*ئاڵۆزییەکانی چواردەوری کۆمار
* پیلانەکانی دوژمن لەدژی کۆمار
* پەیمانی نەوت لە نێوان ئێران و یەکێتی سۆڤیەتدا.
*کوردستان و ئازەربایجان لەیەك بەرەی یەکگرتوودا
*رۆژو ساتەکانی دوایی و کارەسات.
*کوردستانی ئێران دوای روخاندنی جەمهوریەت

پاری دووهەم:

*لەسەرەك کۆمارییەوە بۆ ناو زیندانی داگیرکەر.
* پێشەوای گەل لەبەردەم مەحکەمەی (بدوی سحرایی)دا
* پێشەوا لەدوو مەحکەمەدا
*بەرەو سێدارەو وەسییەتنامەی پێشەوا

پاری یەکەم

ئالۆزییەکانی چواردەوری کۆمار

ئەو بارودۆخ و هەلومەرجانەی جەمهوریەتی کوردستانی تێدا بەوەڵەد بوو، ئاسایی نەبوون، پڕبوون لەئاڵۆزیو ململانێو ناکۆکیی، چ لەسەر ئاستی زلهێزەکانو چ لەسەر ئاستی نێوخۆی ئێران. ناکۆکییەکانی نێوان یەکێتی سوڤیەت لەلایەکو ئەمریکاو بەریتانیا لەلایەکی تر لەسەر بەرژەوەندییە نەوتیو ئابوریو جێگەی ستراتیجی ئێرانو ململانێی ئایدۆلۆجیو سەرەتای جەنگی سارد بوو، ئەو دیاردانە نەخشەو پیلانو مانوڤری سیاسیو سەربازیی لای هەردوو بلۆکەکە خوڵقاند... لەبەر بەهێزیی بەرەی خۆرئاواو لاوازیی خۆرهەڵات، لەبەرگەلێك هۆ کە گرنگەکەیان زەرەرو زیانی گەورەی جەنگەکەی دووەم بوو، توانیان نەخشەکانی خۆیان جێبەجێبکەنو بگەنە ئامانج...

جەمهوریەتی کوردستان لەدایکبوویی ناو ئەو بارودۆخە بوو، زیاتر لەوانەش، کێشە هەمەجۆرەکانی ناوخۆو گوشارەکانی دەوڵەتانی هەرێم زیاتر بارودۆخەکانیان پڕ لەکێشە دەکرد...

هەر لەبەر ئەم هۆیانەش بوو کەحکومەتەکەی کوردستان زیاتر بەحکومەتی شەڕ دەچوو وەك لەوەی حکومەتێکی یاساو شارستانیو خاوەن بەرنامەی ریفورم بێت...

پیلانەکانی دوژمن لەدژی کۆمار

رژێمی شاو دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانی هاوکاری، بەبوونی جەمهوریەتێکی خودوموختاری کوردستان نائارام بوون، لەبەرئەوەی یەکەم: جەمهوریەتێکی کوردی بوو کە وا دادەنرا بەمانو گەشەکردنی، هەڕەشە لەسەر هەموو رۆژهەڵاتی کوردستان دروست دەکاتو ئینجا بۆ سەرپارچەکانی تریش.

دووهەم: لەبەرئەوەی سوڤیەت دەستیهەبوو لەو دامەزراندنە، بۆیە هەم بەکۆمۆنیستو هەم بەوابەستەی ئەو دادەنرا کەئەوانەش بۆ خۆرئاوا نامەقبوڵبوون.

لەبەرئەوانە لەچەندین رێگەوە، نەخشەی دژ بەکۆمارو بۆ روخاندنی دادەنراو بەتایبەتیی:

*لەڕوی سیاسی و گەمەو مانۆڤری سیاسییەوە.

*لەڕوی ئابوری و ئابلۆقەی ناوچەکەوە.

*لەڕوی مانۆڤری سەربازی و گوشاری هەمە لایەنە لەبەرەکانی جەنگدا.

*تێکدانی ریزەکانی گەل بەدڵدانەوەو راکێشانی سەرەك خێڵەکانی، پەیوەندیکردن بەلێپرسراوانی پێشمەرگەوە بۆ راکێشانیان و بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ هێزەکانی رژێمدا....

بوونی هێزەکانی لەشکری سور لەناوچەکەدا کۆسپی هەرە گەورەی بەردەمی رژێمی شا بوو کەنەیەڵێت بیر لەچارەسەری سەربازیی بەهێرش ناوچەکە داگیربکاتەوە، لەم مەیدانەدا رژێم هێزو توانای سیاسیی خۆی خستەکار تا روسەکان رازیی بکات بۆ گەڕانەوەی ئەرتەشی تاران بۆ ناوچەکە، بێ ئەوەی بگاتە ئەنجامێك...هەوڵە بەردەوامەکانی لێپرسراوی سیاسیی و سەربازیی تاران بۆ رازیکردنی لێپرسراوانی رووس بۆ ناردنی هێز بۆ مەهاباد، بەبیانوو مەبەستی جۆراو جۆرەوە، بێئەنجام مانەوەو نەتوانرا رەزامەندیی ئەفسەرانی لەشکری سوور وەربگرن بۆ ناردنی بچوکترین یەکەی سەربازیش...

دیار بوو ئەوانە پێوەندییان بەنەخشەیەکی تری مۆسکۆوە هەبوو کەکاری لەسەر دەکراو کەوتبووە ناو پرۆسەی کاری دیپلۆماسییەوە...

مانۆڤرە سەربازییەکانیش، گوشاری بەرەکانی جەنگ و هێرشی لەناکاوو کوتوپڕ ، شەڕی پروپاگەندەو سایکۆلۆجیش نەیان توانی مەبەستەکانی تاران بەئەنجام بگەیەنن، ئەو شەڕانەش کەلەبەرەکانی سەقز کران بەتایبەتی لەشەڕەکانی مامەشاو قالاوە، سەرکەوتن بۆ هێزەکانی کوردبوو، بۆیە سیاسەتمەدارانی تاران گەیشتبونە ئەو باوەڕەی کەجارێ کاتی چارەسەری سەربازیانە نەهاتووەو باشتر وایە رێگەی سیاسیی بگیرێت.. لەبەر ئەوە تواناکان زیاتر لەم بوارەدا دەخرانەکار... ئیتر رژێم پێویستی بەهێمنی و ئەنجامدانی لەسەرخۆیی نەخشەکەی هەبوو، پێویستی بەهەوڵی جێبەجێکردنی پەیمان و رێکەوتنەکان هەبوو، هێزی دەوڵەتانی داگیرکەر ناوچەکە بەجێبهێڵن، ئەمەش کارێکی ئاسان نەبوو، پێویستی بەمانۆڤری سیاسیی هەبوو، ئەوانەش چەند مەبەستێکیان لێ بەئەنجام دەهات:

-خەریککردن و هیلاك و بێهێزکردنی سوپاو پێشمەرگەی کۆمار، تێکدانی ریزەکانی جەماوەر،ورەو متمانەی خەڵکی کورد لاوازو کەم بکاتەوە، خەڵکی نەفس نزم لەکۆمار راست بکاتەوە.

*لەگەڵ ئەوانەشدا، ئەڵقەکانی تری نەخشەکە جێبەجێ بکرێت... تالەسەرەنجامدا ئەو بارودۆخە برەخسێنێت کەئاسان هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان لەناوبەرێت...

*حاڵەتێکی نزیکبوونەوەو دۆستایەتی لەگەڵ مۆسکۆدا بهێنرێتە ئاراوە، تالەمەترسییە گەورەکە رزگاری ببێت...

ئیتر رژێمی شاو لەپشتیشیەوە دیپلۆماسیێتی ئینگلیزو ئەمریکا، کەوتنە نەخشەدانان...

پێشەکی ئیبراهیم حەکیمی(حەکیم الملك) لەوەزارەت لابرا.. ئەحمەد قوامولسەڵتەنە کرا بە سەرەك وەزیران و وەزارەتێکی نوێ پێکهێنرا.. ئینجا کەوتنە ئەنجامدانی ئەڵقەکانی نەخشە کە:

*خەریککردنی سەرکردایەتی کۆمار بەپرۆسەی ئاشتیی و وتوێژ کەرژێم خۆی کەمو زۆر بڕوای پێی نەبوو، خەریککردن و هیلاککردنی هێزەکانی پێشمەرگە...تێکدانی یەکێتی ریزەکانی پێشمەرگەو حزب و جەماوەر، هەڵخەڵەتاندنی سەرەك تیرەو عەشیرەتەکان و پێکهێنانی تابوری پێنجەم.

*گوشاری ئابوری و ئابلۆقە خستنەسەر ناوچەکە..

*رێگەو شوێن دانان بۆ نزیکبوونەوە لەیەکێتی سوڤیەت و هەوڵدان بۆ کێشانەوەی لەشکری سور لەناوچەکە تا هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان لەیارمەتی و پاڵپشتیکردن بێبەش بکات...ئەوەش هەم بەخۆسازو نێوان تەباکردن لەگەڵ سوڤییەت و وەرگرتنی بەڵێنی هەندێ ئیمتیازات لەلایەك، هەم بەگوشاری جێبەجێکردنی پەیمانەکان کەلەچەند بۆنەیەکدا لەنێوان ئێران و یەکێتی سوڤیەت و بەریتانیا و ئەمریکادا مۆرکران.

*هەوڵدان بۆ راکێشانی حزب و رێکخراوو تاقمە سیاسییەکان، بەرووکەش، هەڵخستنی کەشێکی دیموکراتانەو ژیانی فرەحزبی، تا بەوە هەم گەل و حزبەکان بەلای خۆیدا رابکێشێ و رێگەی یارمەتیدانی هەردوو کۆمارەکە دابخات، و هەم

دڵنیاکردنی روسەکان لەجێبەجێکردنی داواو داخوازییەکانی حزبە سیاسییەکانو پێکهێنانی بەرەی یەکگرتوو...

*هەوڵی جیاکردنەوەی هەردوو کۆماری کوردستانو ئازەربایجان لەیەکتری تا هەم ورەی خەڵكو گیانی بەرگری پێ لاواز بکاتو هەم هاوکاریی سەربازییو بەرگریکردنی نێوانیان تێکبدات تابگاتە حاڵەتێ کەشەڕو ئاژاوەیان لەنێواندا بخوڵقێنێت، ئەو پەیمانی بەرگرییەی لەنێوانیاندا ئیمزا کرا، کەلەجێگەیەکی تردا دەقەکەی دەبینرێت- بەتاڵ بکرێتەوە.

قوامولسەڵتەنە کەوتە جێبەجێکردنی ئەڵقەکانی ئەو نەخشەیە.

پێشەکی فرمانی کردنەوەی دەرگای سەربەستییە دیموکراتییەکانیدا، چالاکیی سیاسیی ئازادکرد، بانگی هەمووحزبو رێکخراوەکانی کرد کە سود لەم کەشە دیموکراسییە وەربگرن، بێنە مەیدانی چالاکیی ئاشکراوە... تا بەوانە راستگۆییو نییەت باشەی خۆی بسەلمێنێت...

ئینجا دیلە سیاسییەکانی ئازادکرد، دەرگای سەربەستیی چالاکیی ئاشکرای نەقابەکانی کرێکارانی خستە سەرپشت.

پێشتر هەم بەگوشارو ئینجا بەمەبەستی دڵنیاکردنی ئینگلیزو ئەمریکاییەکان جاسوسو پیاوانی سەر بەئەڵمانیا گیرابوونو لەزیندان توندکرابوون... بایەخێکی چاوێنی درا بەکرێکارانو جوتیارانو جەماوەر، جێبەجێکردنی هەندێ داوای رۆژانەو مانگانەو باشکردنی شوێنی کار لەکارگەو کارخانەکان، لە18مایسی 1946دا حکومەتی قەوامولسەلتەنە(یاسای ئیشکردنی دانا بەپێی ئەم یاسایە سەعاتی کارکردنی کرد بە 48 سەعات لەهەفتەیەکدا، ولەسەدا(35)ی رۆژانەش دانرا بۆئیشکردنی سەعاتی زیادەو لەسەدا(39)ی رۆژانەش لەسنوقی هاوکاری (تعاونی) دابنرێ کەلەسەدایەکی لەکرێکارو لەسەدا دووی لەخاوەن کار بستێنرێت. هەروەها بەو یاسایە پشوی هەفتانەی داناو پشوی ساڵانەی کرد بەدوو هەفتە بەرۆژانەی تەواوەوە، ئایاری کرد بەجەژنێکی رەسمی. رێگەی دامەزراندنی نەقابەکانیدا، وەلەهەر دایەرەکدا لقێکی تایبەتی دانا بۆ لێکۆڵینەوەی شکایەتی کرێکاران لەخاوەن کارەکان..."(1)

جگە لەوانە بەڵێنی بەگەلانی ئێراندا کەلەسەرتاسەری وڵات هەڵبژاردنێکی گشتیی و ئازادانە بکرێت، بۆ ئەوەی خەڵك دیموکرات و ئازادانە نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن، بەکۆمەڵانی خەڵك رادەگەیەنرا کەئیتر رۆژانی دیکتاتۆریەت بەسەرچوو، رۆژانی سەربەستیی و دیموکراسی دەستپێکردووە... قەوام وای دەردەخست کەئەو هەنگاوانە سەرەتای گەیشتنە بەو بەهەشتەی بۆ گەلانی ئێرانی دەرەخسێنێت...

قەوام ولسەڵتەنە، توانیی زۆربەی زۆری حزب و رێکخراوە سیاسییەکان هەڵبخەڵەتێنێت، بۆیە ئاسان و بەپەلە بەدەنگیەوە چوون، بەحزبی تودەیشەوە، فریویان خواردو کەوتنە تەك ئەو حکومەتە دیموکراتە ساختەو کاتییە... بەڵام سەرکردایەتیی هەردوو کۆمار هەڵوێستەیان لەبەردەم ئەوکارانەدا کرد، بێئەوەی نەخشەی گونجاو لەبەرامبەر دابنێن.

لەهەمان کاتدا حزبی تودە کەوتە دوای بانگەوازەکە، قەوام سێ وەزیری لەنوێنەرانی حزبی تودە دانا، بەم جۆرەی خوارەوە:

1-دکتور یزدی وەزیری تەندروستی.

2-ئیرەجی ئەسکەندەری وەزیری پیشەسازی.

3-کشاوەرزی وەزیر فەرهەنگ.

ئەو هەنگاوانە بۆ نەخشەکەی قوام‌ولسەڵتەنە سەنگیی سیاسیی خۆی لای روسەکان هەبوو، جگە لەوەی کە حزبی تودەی بەتەواوی لەبەرەی ئۆپۆسزیون دوورخستنەوەو بۆ بەرەی رژێم و کەوتە هاوکاری و رێکخستن و یەکخستنی هەڵوێست.

کارەکە هەر بەوەوە نەوەستا، بەڵکو سەرکردەکانی حزبی شیوعی سۆڤیەت و سیاسەتمەدارانی یەکێتی سۆڤیەتیش کەوتنە ناو داوەکەی قوام و لسەڵتەنە، وەك لەشوێنی خۆیدا لەنامەکەی (ستالین)دا دەیبینین.

دەربارەی ئەم مانۆڤرە سیاسیانەی سەرەك وەزیرانی ئێران دوکتورمحەمەد حەسەن ئەڵێت:

"بەڵی روداوەکانی دوایی دەریانخست کەئەو سازشکارییەی حکومەتی قوام ولسەڵتەنە تەڵەکەبازییەك بوو مەبەست لێی خۆئامادەکردن بوو بۆ هێرش بردنە سەر رێکخراوە دیموکراتیەکان و هەمو جوڵانەوەی رزگاریخوازانەی سەرتاسەری وڵات، وەبەکردار هەر لەساڵی 1946دا دەستیکرد بەهێرش بۆ سەر رێکخراوە

دیموکراتیەکانی وڵات.. لەهاوینی 1946دا پارتی دیموکراتی ئێرانی دامەزراندو نەقابەی کرێکارانی ساختەی هێنایە کایەوە ژمارەیەکی زۆر لەکۆنەپەرستانی لەدەوری خۆی کۆکردەوە، هەر لەو ماوەیەدا ئیمپریالیستەکانی ئەمریکاو ئینگلیز چەك و هەمو پێویستیەکی تریان خستە بەردەست ئەرتەش و هێزەکانی پۆلیسی ئێران بۆ بەکارهێنانیان و بۆ لەناوبردنی جوڵانەوەی رزگاریخوازانە لەوڵاتدا.

لەکانونی یەکەمی ئەوساڵەدا ئەو پەیمانەی شکاند کەقوام ولسەڵتەنە لەگەڵ حکومەتی ئازەربایجان بەستبوی، ئەوە بو ئەرتەشی ئێران کەوتە پەلاماردانی ئازەربایجان و کوردستان و دەستیکرد بەخوێنڕشتنی دیموکراتەکان...."(2)

بەشەکەی تری نەخشەکەی قوام خۆ نزیککردنەوە بو لەمۆسکۆ، تاسەرەنجام لەشکری سور بکێشێتەوە... بەتایبەتی ئەو هەنگاوانەی ناوخۆ زەمینەخۆشکەر بوون بۆ ئەم ئەڵقەیەی تری نەخشەکە... هاتوچون و سەردان بەجۆرێ گەرم کرا کەپروپاگەندەی ئەوتۆی لێبکەوێتەوە کەگوایا رەزا شا کچەکەی ستالین-ی بۆ حەمەی کوڕی خواستووە...دیسان هاوکاریی بازرگانیی و ئابوریی و فەرهەنگی هێنرایە سەرمێزی باسکردن، تاسەرەك وەزیران سەردانی مۆسکۆی کردو لەگەڵ گەورە لێپرسراوان کۆبووەوەو سەرکەوتووانە بارودۆخێکی سیاسیی ئاسایی خوڵقاندو بنچینەی پەیمانی نەوت دانراو هەر لەنیسانی ئەو ساڵەدا ئیمزا کرا، لەبەر بایەخ و گرنگی سیاسیی و مێژویی ئەو پەیمانە والێرەدا دەقەکەی دەخەینە پێش چاو:

پەیمانی نەوت لەنێوان ئێران و یەکێتی سوڤیەتدا

هەردوو دەوڵەتی یەکێتیی سوڤیەت و ئێران لەسەر ئەوە رێککەوتن کەکۆمپانیایەکی نەوتی روسیی و ئێرانی لەئێراندا دابمەزرێنن.

دەوڵەتی یەکێتیی سوڤیەت لەلایەك و دەوڵەتی خاوەن شکۆ شای ئێران لەلای دووهەم، هەردوولا بەدۆستانە لەسەر ئەوە پێکهاتن کەهاوکاریی ئابوریی لەنێوان هەردوو دەوڵەتدا هەبێت و هەریەکەیان یارمەتیی ئەوەکەی تر بدات. هەردوو دەوڵەت بەپێی ئەو دوو نامەیەی لەنێوان سەرەك وەزیرانی ئێران و سەفیری روسیادا ئاڵوگۆڕکران لەتاران لە4-ی نیسانی -1946دا هەردوولا رەزامەند بوون:

بەو پێیەی سەرەوە ئەم ڕوونووسی ڕێککەوتنەی خوارەوە کرا بۆ دامەزراندنی کۆمپانیایەکی هاوبەشیی نەوتی روسیی-ئێرانی، لەبەرئەوە هەر دەوڵەتێك نوێنەری خۆی دەستنیشان کرد بۆ دانانی ئەم بەندانەی خوارەوە:

لەباتی دەوڵەتی روسیا-سادجیکۆف- سەفیری یەکێتی سۆڤیەت لەتاران لەباتی دەوڵەتی ئێران -بەڕێز قوامو لسەڵتەنە- سەرەك وەزیرانی ئێران پاش ئەوەی نوێنەری هەر دەوڵەتە ئەو بەڵگەنامانەی دەرخست کە نوێنەرایەتی ئەسەلمێنن و دڵنیا بوون لەوبەڵگەنامانەو بڕیاریان‌دا کەئەم پەیمانەی خوارەوە دابنێن:

مادەی یەکەم: هەردوولا لەسەر ئەوە پێکهاتن بۆ دامەزراندنی کۆمپانیایەکی هاوبەشیی نەوت بەناوی کۆمپانیای نەوتی روسیی و ئێرانیی کە دەوڵەتی ئێران مافی ئەوەی ئەداتێ بەدوای دۆزینەوەی نەوتدا بگەڕێت بۆ دەرهێنان و دەستگیربوون و دەرهێنانی نەوت و لێبووەوەکانی (موشتەقات) لەو زەویانەی کەبەشی یەکەمی مادەی دووەمی ئەم پەیمانە دەستنیشانی ئەکات، هەروەها مافی فرۆشتن و گواستنەوەی نەوت و هەموو ئەو ماددانەی لێی دەرئەهێنرێت، لەئێران و دەرەوەی ئێران ئەدات بەڕوسیا.

دامەزرێنەری کۆمپانیاکان ئەمانەن:

لای یەکەم : وەزارەتی دەوڵەتی یەکێتی سوڤیەت کەئیشەکەی دەرهێنانی نەوت و پەترۆلە بەناوی نەوتی ستالین-ەوە، وەکۆمپانیای گشتیی یەکێتی سوڤیەت کەناوی کۆمپانیای ناردنە دەرەوەی نەوتی سۆڤیەتە.

لای دووەم لەدەوڵەتی ئێران.

بەپێی ئەم پەیمانە لەماوەی سێ مانگدا کۆمپانیاکە دائەمەزرێت، لەدوای ئەوە هەردوو دەوڵەتەکەش ئیمزای دەکەن ئەوسا دەکەوێتە کار...

مادەی دووەم: سنوری ئیمتیازی کۆمپانیا سنوری ئەو نەخشەیەیە کەلەگەڵ ئەم پەیمانەدایەو بەشێکی جودانەبووەوەیە لەپەیمانەکە، ئەبێت دەوڵەتی ئێران پەیمان بدات کەزەویەکانی ڕۆژئاوای ئازەربایجان کەلە لێکدانی خەتی سنوری روسیای سۆڤیەت و تورکیاو ئێرانەوە درێژ ئەبێتەوە بۆ خواروو بەقەراغی ڕۆژهەڵاتی گۆمی رەزائیە(ورمێ) تا زەوی ناوچەی نێوان هەردو ئاو(میاندواو)وەکو لەنەخشەی ناوبراودا وێنەی کێشراوە، لەو شوێنە دیاریکراوەدا هیچ ئیمتیازێك نەدرێت بەهیچ

کۆمپانیایەکی بێگانە یا ئێرانیو بێگانە یاکۆمپانیایەکی هاوبەشیی ئێرانو بێگانە، هەروەها سودیش لەسەرمایەی بێگانە وەربگیرێت...*

لەماوەی یەکەم دە ساڵی جێبەجێکردنی ئەم پەیمانەدا کۆمپانیا لەبەشی یەکەمی زەوییەکەدا بەشوێن نەوتدا ئەگەڕێتو ئەو شوێنانەی بۆ ئیشوکاری نەوت دەرهێنانو پاککردنەوەی پێویست بێت هەڵی ئەبژێرێت، وەئەگەر هاتوو ئەو زەوییە هەڵبژێرراوانە موڵکی دەوڵەت نەبوون وا کۆمپانیاکە نرخەکانیان ئەدات بەخاوەنەکانیان، بەپێی ئەو نرخەی کە دەوڵەت دیاری دەکات، ئیتر بەو نرخدانانە زەوییەکان ئەبنە موڵکی کۆمپانیا.

مادەی سێیەم:-سەرمایەی کۆمپانیا بەپێی ڕێکەوتنی هەردوولای هاوپەیمان ئەبێت، لەبیستو پێنج ساڵی یەکەمیشدا بەشی ئێران لە 49٪ی سەهمەکان ئەبێتو لە 51٪یش هی روسیا ئەبێت، لەبیستو پێنج ساڵی دووەمیشدا هەردوولا وەك یەك لە 50٪ی سەهمی کۆمپانیاکەیان ئەبێت.

ب-سەرمایەی دانراوی هاوبەشەکان (ودائع المساهمين) لەکۆمپانیاکەدا بەمجۆرە ئەبێت: هی ئێران ئەو زەویانە ئەبێت کەلەمادەی دووهەمدا دەستنیشان کراوە، پاش تەواوبوونی ئیشوکاری تەکنیکیو هەڵکەندنی بیری نەوتو بەدەستهێنانی نەوتی بەکەڵك، هی روسیا: هەموو سەرفو موچەی کارمەندانو کرێکار ئەبێت لەگەڵ هەر شتێکی تر کەدۆزینەوەو دەرهێنانی نەوتو بەرهەمەکانی تری نەوت پێویستیی بێت لەگەڵ هەر پێویستییەکی تریشیی.

مادەی چوارەم: پوختەی قازانج بەپێی سەهمی هەر لایەك دابەش ئەکرێت.

مادەی پێنجەم: دەوڵەتی ئێران لێپراوە لەپاراستنو تەئمینکردنی کۆمپانیاو بیرەکانو هەموو دامەزراوەکانی کۆمپانیا بەهۆی هێزی پۆلیسی ناوخۆو هی ترەوە.

مادەی شەشەم: کۆمپانیا بۆی هەیە هەموو پێویستنیو ئامرازو کەرەسەی خاوو هەر شتێکی ترو هەموو مەوداو ئامرازو دەرمانو پێویستیی پاراستنی تەندروستیی گشتیی لەدەرەوە بهێنێت بەبێدانی باجو باجی گومرگو ڕەسمی شت هێنان.

هەروەها بۆ کۆمپانیا هەیە نەوتو دەرهێنراوەکانیو بەرهەمەکانی نەوتو بەرهەمی دەستگاکانی نەوت بنێرێتە دەرەوە بێ ئەوەی ڕەسمی گومرگو زەڕیبە

---

* لەسەرچاوەکەدا ئەم نەخشەیە لەگەڵ دەقی پەیمانەکەدا نەبوو..

بدات وە ئەبێت كرێكاری روسیاو ویلایەتەكانی یەكێتی سوڤیەت هەقی كاریان لەپێش هەموو كرێكارێكی تر لەجیهاندا هەبێت.

مادەی حەوتهەم: دەوڵەتی ئێران كۆمپانیا لەهەموو باج و رەسم و زەرییەیەكی وەصل و هەموو باجێكی مالیی عەفو ئەكات.

مادەی هەشتهەم: ماوەی ئەم پەیمانە لەرۆژی دەستكردن بە جێبەجێكردنییەوە پەنجا ساڵە.

مادەی نۆهەم: پاش تەواو بوونی ماوەی پەیمانەكە، ئێران بۆی هەیە هەموو سەهمەكانی روسیا بكرێتەوە، ئەگەر خوازیاریش بوو وا ئەتوانێت ماوەی پەیمانەكە درێژبكاتەوە بەرەزامەندیی هەردوولا.

مادەی دەهەم: هەر بەئیمزاكردن و سەلماندنی پەیمانەكەو ئیمزاكان لەلایەن ئەنجومەنەوە، پەیمانەكە جێبەجێ دەكرێت.

ئەم پەیمانە لەتاران بەدوو نوسخە نوسراوە یەكەمیان بەزمانی روسی و دووهەمیان بەزمانی ئێرانی، هەردوو نوسخەكەش لەرووی بڕوا پێكردنەوە وەك یەكن..."(3)

مایەوە سەر ئەوەی كە بزانین چۆن و كەی ئەم پەیمانە ئەخرێتە ناو بازنەی جێبەجێكردن و خستنە كارەوە؟

عەلائەددین سەجادی لەو بارەیەوە ئەڵێت:

"لەم تاریخەوە تاماوەی (7)مانگ ئەو پارلەمانەی كەئێستە لەئێرانا هەیە بیخات و پارلەمانێكی تر دروست بكاتەوە بۆ ئەوە ئەو پارلەمانە تازەیە بڕیار لەسەر دانی ئەم ئیمتیازە بدات، لەئێستا بەدواوە روس لەشكری خۆی لەناوچەی نفوزی ئێران- بەتایبەتی ئازەربایجان و كوردستان- بكێشێتەوە بۆ ئەوەی لەكاتی هەڵبژاردنی نائبەكانی پارلەمانی تازەی ئێران هیچ دەنگێكی بێگانە لەو ناوەدا نەمێنێ... وەئەو مەرجانەش كە كاربەدەستانی روس لەو رووەوە دایان نابو ئەمانە بوون:

1-بەهەمو مەعنایەك ئەبێ هەڵبژاردن سەربەست بێ لەهەمو ناوچەكانی ئێرانداو نابێ دەمی بێگانە لەهیچ لایەك لەم رووەوە ورتەی لێوە بێت.

2-مەسەلەی ئازەربایجان و دەوروبەری ئەبێ بەهێمنی و سیلم بڕێتەوە.."(4)

بەو جۆرە سەرەك وەزیرانی ئێران هەنگاوێكی گرنگی تری نا بەرەو ئامانجە سەرەكییەكەی نەخشەكە...

بەتایبەتی گەڵ ڕێكەوتن و پەیمان لەنێوان هەر سێ زلهێزەكەو ئێراندا ئیمزاكرا بوو كەلەهەمویدا جەخت لەسەر پارێزگاریكردنی یەكێتیی ئەرزو ئاوی ئێران دەكرا، بەڵێن درا كەشەش مانگ دوای كۆتایی دووهەم جەنگ، هێزەكانی هەرسێ دەوڵەتە گەورەكە ئێرانیان چۆڵ كردبێت.

"كۆنگرەی تاران بەسترا لەبەینی(ستالین و ڕەزفلت و چرچیل) كە بەگوێرەی ئەوە بڕیاریان دابو كەدوای بڕانەوەی شەڕ بەشەش مانگ هەمو هێزی بێگانە بچنە دەرەوە بەبێ دەست لێدان لەسنوری جوغرافی و كیانی سیاسی ئێران..."(5)

دەربارەی ئەم پەیمانە سیر ریدر پولارد بەم جۆرەی نوسیوە:

"...بەگوێرەی ئەو پەیمانە ئێران یارمەتی دەوڵەتانی هاوپەیمان ئەدات وچی پێویست بێت بۆ هاتوچۆی لەشكرو كەرەسەی شەڕ لەوڵاتدا ئەیكات وەهەر كەلوپەلێكی ناوخۆی ئێرانیان پێویست بێت ئەخرێتە بەردەستیان هەروەها ڕێگە درا بەو دەوڵەتانە كە ئەو هێزانەی بەپێویستی ئەزانن لەئێراندا بیهێڵنەوە، بەڵام ئەو دەوڵەتانەش پەیمان ئەدەن كەهێزەكانیان بكشێننەوە لەماوەیەكدا كەلەشەش مانگ دوای تەواوبوونی شەڕ تێپەڕ نەكات..."(6)

لەمەڕ سیاسەتی قەوام و لسەڵتەنە بۆ ڕازیكردن و ناچاركردنی یەكێتی سوڤیەت بۆ كێشانەوەی لەشكری سور.

جورج لینشوڤسكی گوتی:

"قوام ولەسەڵتەنە... سێ ئیمتیازی گرنگی دا بەسۆڤیەت:

یەكەمیان لە4ی نیسانی 1946دا پەیمانێكی بەست بەپێی ئەوە كۆمپانیایەكی سوڤیەتی-ئێرانی هاوبەش پێكهێنرا.. دووهەمیان : قوام ولەسەڵتەنە ئاگاداری حسین عەلا-ی نوێنەری ئێران لەنەتەوەیەكگرتووەكانی كرد كە شكاتەكەی ئێران كەداربوبە ئەنجومەنی ئاسایش بكێشێتەوە...

سێهەم: لە2ی ئابدا سێ وەزارەتی بۆ شیوعیەكان تەرخان كرد..."(7)

هەرچەند لەکاتی پێشکەشکردنی شکاتەکەی ئێران بەئەنجومەنی ئاسایش، سوڤیەت رایگەیاندبوو کەهەردوولا گەیشتونەتە ئەنجام، بۆ ئەوەی نوێنەری ئێران شتێکی پێچەوانەی ئەو قسەیە بڵێت.

بۆ زیاتر مۆلەقەکردنی هەلوێستی یەکێتی سوڤیەتو جێگە لێژکردن بەلەشکری سور، ئەمریکاییەکان بڵاویان کردەوە کەهێزەکانیان لە 31کانونی یەکەمی 1945وە ئێرانیان چۆلکردووە، سوپای بەریتانیاش رایگەیاند کەلە 2-ی ئازاری 1946وە ئێرانی بەجێهێشتووە.. هەرچەندە زۆربەی هێزەکانی هەردوولایان شوێنە ستراتیجییەکانی خۆیان گرتبوو بۆ رووبەڕووبونەوەی هەر ئەگەرێکی ئایندە لەپێکدادانێکی نوێی سەربازیی لەنێوان یەکێتی سوڤیەتو هەردوو دەوڵەتەکەی تر...

ئیتر بیانویەك بۆ یەکێتی سوڤیەت نەمابوو کەلەشکرەکەی نەکێشێتەوە.. بەتایبەتی چەند مانگێك بەسەر مانۆرە سیاسییەکەیدا تێپەڕی کردبوو، کەئەوەش ڕێگەخۆشکردن بوو بۆ دامەزراندنی خودموختارییەکی ئازەربایجانو ئینجا بەوەڵەدبوونی کۆمارە خودموختاریەکەی کوردستان، وەك دیفاکتەیەك هەم بۆسوڤیەتو ئازەربایجانو هەم بۆ ئێران...

بۆیە سوڤیەتەکان هەم حسابی ئەوەیان کردبوو کە ئیمتیازی نەوتی خۆیان وەرگرتووەو هەم ئەو دوو قەوارەیەش هاتوونەتە ئاراوە کە وەك گوشارو کارتێکی دەستیان سودیان لێوەردەگرن... لەلایەك، روسەکان لەوەش دەترسان کە ڕووبەڕووبونێکی سەربازی، بەهۆی ململانێو ناکۆکی لەسەر ئێران، بخولقێ کەدوای جەنگە پڕۆکێنەرەکە نەتوانن بەرەنگاریی بکەن لەلای دووهەم...

بەو جۆرە زەمینەی ئەڵقەیەکی گرنگ یان گرنگترین ئەڵقەی نەخشەکە خۆشکراو یەکێتی سوڤیەت هێزەکانی لە 27نیسانی 1946وە تا 9ئایار لەئێران کێشایەوە...

بەو شێوەیە سەرەك وەزیرانی ئێران لەسەرخۆ هەنگاوی دەنا، کۆسپی ڕێگەی تەخت ئەکرد، چاوەڕوانی دواهەنگاو بوو...

بەرامبەر بەو مەترسییە رووبەڕووبووانە، کەزیاتر لەکێشانەوەی لەشکری سوردا خۆی دەبینی، هەردوو کۆماری ئازەربایجانو کوردستان پەیمانێکی سەربازییان ئیمزاکرد، بۆ بەرگریکردن لەخۆو لەدەستکەوتەکانی هەردوو گەل، کەلەجێگەی تردا زیاتر لەسەر ئەوە قسە دەکەینو بەندەکانی دەخەینە پێش چاو...

بەڵام، قوام بۆ بێبایەخکردنی ئەو پەیمانە، یەکلایەنە پێوەندیی لەگەڵ تەورێزدا سازکرد، پەیمانێکی دوو قۆڵییان مۆرکرد، هەرچەندە لەپەیمانە دووقۆڵییەکەی ئازەربایجان و کوردستاندا جەخت لەسەر ئەوە کرابوو کەبێ ڕێکەوتن و هاوکاری یەکتری هیچ هەنگاوێکی لەو بابەتانە نەنرێت، بەڵام ئازەربایجان ئەو کارەی بێ ئاگاداریی کوردستان کرد، وەك لەجێگەیەکی تردا زیاتر رووناکیی دەخەینەسەر ئەم لایەنەش.

ئەم هەنگاوەی تەورێز کوردی زیاتر نیگەران کرد، ناچاری کرد کەپاشەکشە لەهەندێ دەستکەوت و بەرهەمی خۆی بکات... بۆ ئەوەی ئەوانە ببنەهۆی تێکدانی پێوەندییەکان، بەتایبەتی کۆماری کوردستان پێویستیی بەو حاڵەتی تەباییە هەبوو....

هەرچەندە باری گرژیی و شەڕو پێکادان لەبەرەکانی رووبەڕووبووندا روویان ئەدا، بەتایبەتی لەسەقزو سەردەشت:

"لەو جەبهەدا دوژمن پەلاماری هێنابوو، بەڵام زۆر خراپ شکابو و زەبری دەستی پێشمەرگەی کوردستانی چێشتبو..."(8)

بۆیە لەمایسدا جەنراڵ رزمارا سەرەك ئەرکانی ئەرتەشی ئێران داوای لەمەهاباد کرد کەنوێنەری خۆیان بنێرن بۆ وتوێژو چارەسەری کێشەکانی بەرەکانی هێزی رووبەڕوبوو...لەهەمان کاتدا کەوەفدی کورد لەسەقز ئامادەبوو، وەفدێکی ئازەربایجانیش گەیشتە ئەوێ و هەرسێ لا لەسەر ئەمانەی خوارەوە پێکهاتن:

"1-ئەم نێرراوانە بەناوی حکومەتی خۆیانەوەخەبەر بنێرن بۆ ئەو هێزانەیان کەوان لەبەرامبەری هێزی حکومەتی ئێرانەوە بۆ ئەوە شەڕ بوەستێنن، وەکو چۆن ئەم فەرمانەئەکرێتە سەر هێزی ئێرانیەکانیش شەڕبوەستێنن تا ئاخر قسەی پێشەوایانی هەرسێ حکومەت دەرئەکەوێ.

2-بۆ ئەوەی هیچ تەنگ و چەڵەمەیەك لەبەینی هێزی ئێرانی و کورددا رونەدا، کوردەکان(4)کیلۆمەتر لەدەوری سەقز-سەردەشت و سێ کیلۆمەتر لەشماڵی جادەی سەردەشت بکشێنەوە دواوەو لەڕوباری سەقزو زەرینەرود نەیەن بەم لاوە(کوردەکان وتیان بڕیاردان لەسەر ئەم بەندە لەدەسەلاتی ئێمەدا نییە، ئەتوانین تا ماوە 24 سەعات ئەم قسەیە بگەیەنین بەسابلاغ بزانین ئەوان بڕیار ئەدەن یان نا؟)

3-نەدەستەی ئێران نەهێزی کورد حەقی ئەوەیان نیە ئەو هێزانەیان کە ئێستە لەمەیدانی شەڕان و سەنگەرەکانی خۆیان گرتوە پشتیوانیان بکەن و هێزی تریان بۆ بنێرن، تا گفتوگۆی پێشەواکانیان ئەبڕێتەوە، ئەوەندە هەیە فرۆکەی ئێرانی ئەتوانێ تا (4) کیلومەتری شیمال سەقزو جادەی سەقز-سەردەشت بفڕێ، ئەمەش بۆ چاودێری کاروبار نەوەك شتی تر.

4-بۆ ئەوە کەوا هەردوولا دڵنیابن لەبەرئەنجام گەیاندنی ئەم پەیمانە تا گفتوگۆی پێشەوایەکان دوایی دێت سێ کەس لەلایەن حکومەتی دیموکراتی کوردستانەوە دابنرێت، یەکێ لەسەقز، یەکێ لەبانە، یەکێ لەسەردەشت کەئەمانە لەگەڵ فەرماندەکانی ئێرانا لەو شوێنانەدا ئەگەر تەنگ و چەڵەمەیەك لەوناوچانەدا رووی‌دا بیبڕیننەوە*.

5-مەفهومی بەندی دووهەمی ئەم پەیمانە بۆ ئەوە جێی خۆی بگرێ تا ڕۆژی 28ی مایس درێژ ئەبێتەوە..."(9)

لەڕاستییدا لەناو ئەو بەڵگەنامەو دۆکۆمێنتانەی تائێستا کەوتونەتە بەردەست، بەڵگەیەکی لەو بابەتە نەکەوتۆتە پێش چاو، کەبوونی رێکەوتنێکی وا بسەلمێنێ داخەکەم نوسەریش ئاماژەی بۆ هیچ سەرچاوەیەك نەکردووە کە جێگەی متمانەو دڵنیایی بێت. هەروەك رووداوو سەرچاوەکانیش دەریدەخەن نە رەزمارا و نەهیچ لێپرسراوێکی تری ئەرتەش و حکومەتی، بەو جۆرە نەرمونیانی و ئەو شێوەی قسەکردنە مامەڵەی سیاسییان نەکردووە، مەبەستە سەرەکییەکانیان تێپەڕکردنی پیلانەکانیان بووە...

لەگەڵ ئەوانەشدا ئەو ماوەی نەشەڕو نەئاشتییەو گرژی بەرەکانی رووبەڕووبوو، ناوچەکە ئاڵۆزو خەڵکی کوردیان هیلاکتر دەکرد.. پێشمەرگەکانی بێزار دەکرد، بەتایبەتی ئەمر کرابوو کەنابێت هێزەکانی کورد بجولێت و نابێت چاویان لەزەوی داگیرکەر بێت...

---

* بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بارودۆخی بەرەکانی شەڕو نەبەردییەکان بڕوانە مەحمود مەلا عززەت، بەرگەکانی 1و2و3-ی دەوڵەتی جمهوری کوردستان-1992-1995-1997.

مستەفا خۆشناو فەرماندەی لکی دووی هێزی بارزانیان لەنامەیەکیدا بۆ جەنراڵ حەمەڕەشیدخان فـەرماندەی هـێزی بۆکـان و مەنتیقـەی لایـەنێکی ئـەو سیاسـەتە سەربازییە دەردەخات و ئەڵێت:

بۆ فرماندەی هێزی بوکان مایورژنرال

1-اوە دوشمن لەسەر قلای مامشە قلاکونەکە آوەدان دەکاتەوە نیزیکەی (150) نفر ئیشی تیدا دەکات.

2-زۆر رجـا ئەکـەم مسـاعدە بفرمـو امشـەو هەلمەتـەکیان بـو ببـەین یاسـیریان دەکەین و یاخود هەڵدەقەنرین لە جێگای خۆیان ایمە سەنگەر اوەدان اکەینەوە.

3-زور مەمنون ابین حریەتیکمان هەبی بو ابداعی خودمـان باهموتماشاکەر نەبین بەرامبەر دوشمن ایتر امری گەورەیتانە

مستەفا خۆشناو

فرماندەی لکی2 (10)

هەندێ لایەنی پیلان و نەخشەی دوژمن ئاشکرا بوون، لـەو کەسـانەی کەبـەوردیی سەرنجی لەوانە ئەدا جەنراڵ حەمـە رەشـید خـان بـوو، زۆر لەنامـەکانی هەڵوێستی گونجاو و دروستی ئـەم پیشـان ئـەدەن.. میرزا محەمـەد ئـەمین مـەنگوڕی کەنووسـەرو هـەندێ جـار جێگـری جـەنرال خـان بـوو، ئـەمیش لەداڕشـتنی نامـەو نوسـینەکانی فەرماندەییەکـەداو لەو بیرەوەرییانـەی لـەم دواییـەدا بـەدوو بـەرگ بـەچاپ گەیـەنران دەرخراوە. بەوردی باسی بارودۆخەکانی سەردەمەکە ئـەکات و روونـاکی ئەخاتـە سـەر گـەلێ لایـەنی گرنـگ. جـاری واش هـەبوو کومیتـەی نـاوەندیی حزبـی دیموکراتـی کوردستان پەردەی بێدەنگیی دەدڕیی و هـەندێ لەڕاستییەکانی دەخستە پێش چاو، یەکێك لەو نامانەی کۆمیتەی ناوەندی کەئەوە دەسەلمێنن ئەم نامەیەی خوارەوەیە:

1325-3-6

حزب دیموکرات کوردستان

مهاباد

کومیتەی مەرکەزی

نوینەرانی بەرزی حزب دیموکرات کوردستان

لەجوابى نوسراوى ژمارە 2دا ئەوە قەراريكە كە لەكوميتەى مەركەزى حزب ديمكرات كوردستان....اگاداريتان لەژێرەوە دەنوسرێ:

1-عدەى مە ئەو مودەيە سەرخود هيچ جورە تجاوزو عەمەلياتيكى نكردووە تا لەترەف عدەى حكومتى مركزيوە تجاوزو حملەيەك بو سەر عدەى مە نكرابى. پاش تجاوزو حملەش عدەيمە مجبور بوە بو وى كەنيلى عدە تجاوزكار دەفعەيەكى ديكە ئەو جيگايەى بەدستبوە بو بيكاتە مبداو حملە تا نەوى نەوى دەگير خويان بخەن.

2-قسمەتيكى مهم لەعدەى مە عشايرن وەكو افرادى نزامى ديسپلينە نين هيچ ممكن نيە كەلەدواى وى عصبانى كرا لە اتاعتى خارج دەبن چون دەبى مأمورينى حكومەتى مركزى فكرى وى نەكەن كە تيارە بچيتە سەر ئەوان بەمسلسلان دايان گرى. ليان بكوژيە ديسان ئەوان باميدى واهى مزاكراتى صولحيە دەجريان دايە حملەى متقابلە نكەن ئەوە شتيكى غيرە مومكنە.

3-چون دەبى ئەوانە خجالەتى نيان گرى دەو وەختيدا كە دونيا بيزانيوە كە مزكراتى صولحيە دەماين دايە وە دەو وەختى‌دا كەنومايندەيمە چوتە بەر دەركەو استانى وان ئەوان شەرمى نەكەن لەجبهەى سقز سەردەشتى تەواوى عدەيمەو ژنومندالى ديهاتيان كەهيچ جۆرە زدى هوايان نيە بەمسلسلان دايان گرن‌و تلفياتيان پىٚ بدەن.

4-نازانين مامورينى حكومتى مركزى تا كەنگى دەست لەدەسيسى‌و نيرنگى خويان هەل ناگرن كەئەلعانەكە بەجەبرو زور توانيوە ايمە بكشينەوە دووايە بەحيلەو تەزوير خەريكن...

ئەگەر مقصوديان ئەوە نيە كە ئەو جيگايانە دوبارە تەصەرف بكەنەوە حازرين هەر چەندى ئەوان... امەش بكشينەوە، بەساعت دەلين. بەفرسخ دەلين. بەمنزل دەلين كە ئەوە قاعيدەيەكى بين المللى‌يە. ايدى كەس نيبيستوە لايەك بەتنى بكشيتەوە.

5-فيليكى دى ئەوەيە كەبەبهانەى خوار بارەوە خەريكن ريگايان بەمە چول دەكەن كە دە صورەتيكى لەو مەنتقانەى كە دە دەستان دايە خوراكيان هەيەو چاترين شاهيدو ئەو سەربازانەن كە لەوان گيراو نو فراريان كردووەو ئەلعان حازرن.

6-ايمە نازانين ئەو بهانەو بهانەتراشى چيە ئەوكشانەوەو مولەتو امروزو فردا بوچى ئەگەر حكومتى مركزى راست دەكاو صلح دەكا لەدومانگ مزاكرە زياتر؟

فـەرمون فـەوری بیکـەن ئـەو صلحـەی کەفـەوری برایــەتی دەنیـو میلـەتانی ایرانــی بەر قەراربیت.

کومیتەی مەرکەزی حزبی دیموکرات کوردستان

رونـوس لـەجوابی ژمـارە 343 دا بـەجنابی ژنـرال مـایور محمـد رشـید خــان زادە فرماندەی بەرزی هیزی بوکانو منطقەی سەرا دەدریت.

لەگـەڵ ئـەوەدا(کومیتـەی مەرکـەزی حزبـی دیموکـرات کوردسـتان) ئـەو تێگـەیشـتنە واقعبینانـەی بەناچاریی بۆ لێپرسراوان دەردەخست، دیسان سـەرکردایەتیی کۆمـار ناچاری ددان بەخۆداگرتن بوو، کـەچی جموجوڵی هێزەکـانی دوژمـن هـەر بـەردەوام بوو، هەر وەك ئـەم بەڵگەنامەیـە کـە جـەنرال حەمـە رەشـید خـان فـەرماندەی هـێزی بۆکـانو منتقـەی ئاراسـتەی وەزارەتـی هـێزی دیموکراتــی کوردسـتانی کـردووە دەیسەلمێنێت..(11)

ژمارە/ 862

بروار/22-4-1325

سری جداً

بو وەزارەتی بەرزی هیزی جمهوریتی کوردستان

موزوع/ دسائسی ایرانیەکانو خیانەتی کویخا کاپیتان خانانە

1-مامورینی ادارەی عسکری سقز لەهەمو لایکەوە بەتەرزی نهینیو اشکرا هەوڵی ئـەدەن بـو تفرەقـەو بلاوکردنـەوەی هیزەکـانی دیموکـرات، و متمادیـا مشـاغبەو تشویشات ئەکەن بۆ شکاندنی نفوزی پێشەوای محبوب مان.

ئەو عملیاتە حیلە بازەیان قناعەتی تەواوی داوینـی کـەمتلق ئـەو غدرانـە لـەغیرانی وقت کوشتنی ایمە هیچ وینـە مرامیکـی تریـان نیـە، هـەتا پیری سـروان منصـوری یوریان ناردوە بو تالەجەرو خورخورەو سەرشیو بوملاقـاتی اغایـانی ئـەو نـاوە بـو دعایەو تەنسیراتی مخالەفەت لەزدی دیمکرات.

هەتا ایستا ئەو عملیاتەی اغا صالحو ملاقاتی سروان منصوریەکان بەتـەواوی بـو رەوشەن نەبووە کەبو چ اقدامێکی مخالف اغا صالح تەوزیف کراوە...تاد.

بەو جۆرە گەلەك بەڵگەنامەی تری ئەو سەردەمە هەن کەبارودۆخەکان دەرئەخەن... باچەند دیرێك لەنامەیەکی تر بخوێنینەوە بەنیازی رونکردنەوە هەمان مەبەست.

نامەی جەنرال حەمەرەشید خان- بۆ معاونی سیاسیی وەزارەتی هێز...

ژمارە/ 879

بروار 1325/4/24

بو معاونی سیاسی وزارەتی هیزی جمهوریتی کوردستان اغای نانەوازادە

موزوع/ خلافی عهدو پەیمانی اغای همایونیە

سری

اشارەیە بەنوسراوتان ژمارە193وە رۆژی 1325/4/23

1-لەوەختی خویدا کە دەولتی مرکزی ایران لەجهتی سقزو بانە وە میرەدی وە لەلایەن هیزی دیموکرات خرابو محاصرە نزیکی 12دی لە منتقەی سرشیو بە لشکری شکاك اشغال کرا بو ایمە کەحازر بوین بۆ ریگادان وەهاتوچویان لەمنتقەی نفوزی خۆیاندا تنها بو ازادکردنی زنجیرە وە خوار باریان بوە بو ئەو جیگایانەی کەسابقا بوسگی ئەوانی تیدا بو. ایمە لە وەختی خویدا داخلی عهدو قەرارمان نەبوە کەتازە بەتازە ئەوان بوسگ مندی تازە تأسیس بکەن، وە لەو چندا نەش عینی موزوع بە اغای سرهنگ غفاری گوتراوە...

جا پیوستە تبلیغات بکەین کەئەو عدەیان بگیرنەوە بو جیگای اصلی خویان اگەر هاتو لەمستقبلدا بو ئەو جهتە مصادمە یك لەلایەن ترفینەوە واقع بو اغای همایونی لەم جهتەوە بە نزری مسئول وە مخالف پیمان تماشا ئەکری.

2-اخباراتی رۆژانەتان لەگەل نتیجەی ئەم موزوعە بە مفصلی بو بنوسنەوە.

فەرماندەی هیزی بوکانو منطقەی سرا

رونوسیکی بو:

وزارتی بەرزی هیزی کوردستان لەگەل رونوسی نوسراوی اغای نانەوا زادە...

اصلا سرهنگ همایونی لەم ترتیباتە تازەیەیدا هیچ متلبیکی نیە تەنها ایجادی دەسائس وە تەئسیری سوء تفاهم نەبێت...

خۆ مەسەلەی وتووێژیش، هەر لەسەرەتاوە بێ هودە بوو، مەبەستەکانی تاران لەوە ئرراوە نەبووە... دەی باسەرنج لەدوا پەردەکانی وتوێژو ئەنجامەکانی بدەین لەزمانی سەرەك کۆمار خۆیەوە.

رۆژنامەی ئێران ما و رەهبەر ناوەروکی وتووێژی رۆژنامەنوسانی خۆیان لەگەڵ رێبەری پارتی دیمکراتی کورد قازی موحەمەد کەلە رێکەوتی 3ی سپتامبر لەتەوریز کراوە بڵاوکردەوە... قازی رایگەیاند کەوتووێژی نێوان ئەو و ئێران لەتاران بەهۆی دژایەتی داروەستەی دەسەڵاتداری سوپای ئێران راگیراوە....

دوای ئەوەی رۆژنامەکە قسەکانی قازی لەسەر لێپرسراوانی ئەرتەش باس دەکات کە چۆن دژی دیمکرات دەجوڵێنەوە... دەنووسێت:

قازی رایگەیاند کە پێش گەڕانەوەی لەتاران بریار وابوو کە دوای پێنج رۆژێکی تر بۆ درێژەپێدان بەو وتووێژە بگەڕێتەوە تاران. بەلأم وتووێژ بەبەشداری هەندێك لەسەرۆکەکانی سوپایی بێکەڵك بووە لەبەرئەوە لەرۆیشتنی سەرلەنوێی بۆ تاران چاوپۆشیکردوە. ئەو رایگەیاند کە کوردەکان باوەڕیان بەنیازپاکی قەوامولسەڵتەنە هەیە، بەلأم لەتاراندا هێندێك کەس هەن کەهەوڵ دەدەن قەوامولسەڵتەنە لەکوردەکان دووربخەنەوەو وتووێژەکان بپچڕێنن. تا ئەو کاتەی ئەو کەسانە لەپۆستی خۆیاندا بمێننەوە بەئەنجام گەیشتنی ئەم وتووێژانە زۆر دوور دەنوێنێ، بەلأم سەرەڕای ئەمە وتووێژەکان بەیەکجاری رانەگیراون و هاتنی نوێنەرانی ئێران بۆ کوردستان بەم زووانە چاوڕێ دەکرێت *.

ئەوە نەخشەو پیلانی دوژمن بو، بۆیە هەر خێرا رزمارا پێشنیاری کرد بۆ بینینی نوێنەری مەهاباد بەتایبەتی پێشەوا قازی محەمەد. بەدڵ پاکی و نیازچاکی و دوور لەتوێژینەوەی نیازو مەبەستی تاران، پێشەوا بەرەو (سەراو) کەوتەڕێ، هەرچەندە ئاگادار کرا کەئەو چونە مەترسی دروست دەکات لەسەر ژیانی... پاش گفتوگۆ لە 17 حوزەیراندا هەر دووك لەسەر ئەم پەیمانە رێککەوتن:

"1-حکومەتی کوردستان رای لێ بێ حکومەتی ئێران لەسەقزەوە خواردەمەنی و بەرگ بنێرێ بۆ ئەو هێزە ئێرانیانە کەلەمیرەدێ و بانەو سەردەشت لەلایەن حکومەتی کۆمەڵەوە ئابلۆقە دراون، ئەویش بەمەرجێك ئەم شتانە وەختێك دەرباز ئەبن کەلەلایەن

---

* ئەفراسیاو هەورامی، هەمان سەرچاوە.

هـێزی کوردیـیەوە بپشـکنرێن و دڵنیـا بـن لـەوە کـەهیچ جـۆرە چـەك و گۆبـەندێکی شەڕی تێدا نیە.

2-چەك و شتومەکی جەنگ بۆ ئەو شوێنانە بەهیچ جۆر ڕێ نادرێ، هەروەها ئەو ئەفسەرو سەربازانە کەلەشوێنە ئابلۆقە دراوەکانان نابێ بگۆڕێن، مەگەر نەخۆش وە یا برینداریك نەبێ، ئەوە گۆڕین و بردنی ئەوە دروستە.

3-هەر کاروانێك ئازوخەو جل وبەرگ کەلەلایەن حکومەتی ئێرانەوە ئەچێ بۆ ئەو هێزە ئابلۆقە دراوانە ئەبێ لەپاش پشکنین، پیاوی کۆماری کوردستان بەڕەسمی لەگەڵ بێ.

4- ئەگەر لەشکری ئێران بەپێچەوانەی ئەم بەندانە بزوتەوە نەیروێ کوردی حەقی ئەوەی هەیە بەربەست بکاو نەیەڵێ شتومەك بچێ بۆ ئەو شوێنانە کەناوبراون.."(13)

بەسـەرنجدان لـەم ڕێککەوتنـەو ئـەو نامانـەی پێشـو، دەرئەکـەوێت کەئاشـتی و گفتوگـۆ هـەر بـۆ فریـودان و خۆرزگـارکردن بـو لەتـەنگ و چەڵەمـەی سـەربازی، بـۆ دەربازبون بو لەئابلۆقەو خۆبەهێزکردن و ڕێکخستنەوەی لەشکرو ئامادەکردنی چەك و تفاقی شەڕ، بۆچونـە پێشـەوەو سـەنگەر قـایم کـردن بـوو، بـۆ وەخـت بردنـە سـەرو ئەنجامدانی نەخشەکە بوو...

ب. ئـەلوەندی لایـەکی تـر لـەگفتوگۆو وتووێـژی نێـوان تـاران و مـەهاباد بـاس دەکات و ئەڵێت:

"رئیسـی ارکـانی جیشـی ئێرانی(رازمارا) دوای بـەینێك هـات بـۆ مـەهاباد لەگـەڵ پێشەواو سەدری قازی کۆبونەوە، گفتوگۆ کرا لەم روەوە... لەسـەر گـەلێ کـاری تریش ڕێك کەوتن.

حکومـەتی تـاران دان بـەخودموختاری (حکم الذاتـی) کوردسـتاندا بنێـت وەهـەمو جـۆرە یارمەتیـەکی کۆمـاری دیموکراتـی کوردسـتان بـدات لـەبارەی ئابوریـەوە وەپەیمانێکی ئاشتی لەبەینیان ببەسترێت..."(14)

نوسـەرێکی تـر لایـەکی تـر لەهـەنگاوو فرۆفێڵـەکانی قوام ولسـەڵتەنە ئەخاتەڕوو دەڵێت:

"لەئـەنجامی ئـەو وتووێـژەی مزفـر فـیروز کـەیاریدەدەری سـەرەك وەزیـران بـو لەپارلـەمانا، لەگـەڵ وەفـدی کوردسـتان و ئازربایجـان بەسـەرۆکایەتی جەعفـەر

پیشەوەری، حکومەتی تاران ڕەزامەندی خۆی نیشاندا بەرامبەر هەمو ئەو ڕێگەو شوێنو هەنگاوانەی هەردوو کۆمار، وەبڕیار درا کەدەستورەکەی ئێران بخرێتەوە کار کە بەو پێیە ئەبێت پەرلەمانی ناوچەیی لەهەمو ئێراندا دابمەزرێنرێت(ئەنجومەن)وە هەمو هێزە سەربازیەیە میللی‌یەکان بەبەشێك لەلەشکری شاهەنشاهی دانران، بەو جۆرە پەیوەندی نێوان تاران لەلایەك وە مەهابادو تەوریز لەلایەکی تر خرایە پلەیەکی نوێوە..."(15)

تاران بەو جۆرە هەنگاوی ئەناو قوامولسەڵتەنە جێگە پێی ئەو هەنگاوانەی خۆش ئەکرد... شارەزاو دەستگا جاسوسیەکانی ئینگلیزو ئەمریکاش بەوردی سەرنجی شێوەی جێبەجێکردنی نەخشەو پیلانەکانیان ئەدا، ڕۆژانە ئامۆژگاری تازەیان ئەکردن. مایەوە سەر هەنگاوێکی تر.. مایەوە سەر هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی هەر دوو کۆمار لەیەك، پێش ئەوەی چەپۆکی کوشندەیان ئاراستە بکات... دەبا جارێ سەرنجێکی ئەم رووەی رواداوەکان بدەین بابزانین هەر دووکۆمار لە چیدانو چۆن خۆیان کۆئەکەنەوە بەرامبەر تارانو نەخشەکانی، بابگەڕێنەوە سەر نەخشەی قوامولسەڵتەنەی سەرەك وەزیران.

کوردستانو ئازەربایجان لەیەك بەرەی یەکگرتوودا

بەرامبەر مەترسیو پیلانەکانی تاران، مەهابادو تەوریز بۆ خۆڕێکخستن، زیاترلەیەك نزیك ئەبونەوە، هەر پێش کشانەوەی لەشکری سوور خۆیان ئامادەکردو کەوتنە مەیدانی هاوکاریی سەربازییو پەیمانی بەرگریی، بەتایبەتی:

"ئازەربایجان حکومەتێکی گەورەترو بەهێزترو زۆر تەیارترو پڕ چەك تر بو لەکوردستان، خەتی دیفاعی ئازەربایجانیش زۆر قایم تر بو..."(15)

سنوری هەردو کۆمار چارەنوسی هەردولا بوو، چونکە هاوسنور بون هەر بەو پێیەش هاو چارەنوس بون لەبەرامبەر یەك دوژمن، کە وابو ئەبێت لەسەر ئەو سنورە یەکگرتوەیان پێکەوەو لەیەك بەرەدا بەڵکو لەیەك سەنگەردا بڕیاری ئەو چارەنوسە بدەن، یان خۆگریی بەرەو ئازادییەکی هەمیشەیی... یان سەر لەنوێ داگیرکردنەوەو چەوساندنەوەو گرتنو کوشتن.

بۆ ئەم ئامانجەش ئەبو پێشەکی کێشەو ناکۆکیەکان چارەسەر بکەن... گیروگرفتی هۆزو خێڵەکانی سەر سنوریان، شێوەی بەڕێوەبردنی شارە تێکەڵەکان کەکوردو ئازەرو کەمینەی تریش کەلە: خۆی، شابور، ورمێ، ماکۆ وە میاندواو پێکەوەئەژیان، چارەسەر بکەن، ئەو گیروگرفتانە کەهەندێ جار لەم شارو ئەو شار، یان لەنێوان ئەم هۆزی کوردو ئەو خێڵی ئازەردا ئەبوە ئاژاوەو مەترسی هەڵگیرساندنی شەڕ لەبەینی هەردوو کۆماردا... کاتێکیش لێپرسراوانی سۆڤیەت دەرکیان بەوەکرد، کەوتنە هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی نوێنەرانی هەردو لا بۆ رێکخستنو پێکهاتنیان، بۆیە بڕیاردرا لەتەورێز کۆببنەوە:

کۆماری مەهاباد وەفدەکەی بەم جۆرە پێکهێنا:

1-قازی محمد.
2-محمد حسین سیفی قازی.
3-سید عبدالله گیلانی.
4-عمر خان شکاك.
5-رشید بەگ هەرکی.
6-زیرۆ بەگ هەرکی.
7-قازی محمد خزری شنۆیی.

هەموان بەرەو تەورێز کەوتنەرێ، لەوێ لەگەڵ ئەندامانی وەفدی تەورێز دەستیانکرد بەکۆبونەوە، وەفدی تەورێزیش بەم جۆرە بو:

1-جعفر پیشەوەری.
2-حاجی میرزا علی شیستری.
3-صاجق بادکان.
4-سلام الله جاوید.
5-محمد بیریا.

دوای گفتوگۆ لە 23/ نیسانی /1946دا هەردوو لا گەیشتنە ئەم رێککەوتنەی خوارەوە:

مادەی یەك: هەر کاتێك هەر دوو لا بەپێویستیان زانی، هەر یەکە نوێنەری خۆی هەبێ لەولاتی ئەوی تردا.

مادەی دووهەم: لەناوچەکانی ئازەربایجاندا کەکوردی زیاتر بێ لەتورك، کورد لەدایەرەکانی حکومەتدا دابنرێت، لە کوردستانیشدا هەر بەم جۆرە بکرێت.

مادەی سێهەم: هەردوو حکومەت لیژنەیەکی ئابوری پێك ئەهێنن بۆ چارکردنی کێشە ئابوریەکان، وەبڕیارەکانی ئەم لیژنەیە ئەبێ سەرۆکی هەردولا جێبەجێی بکەن.

مادەی چوارهەم: لەکاتی پێویستیدا هەردوولا پەیمانی سەربازی ئەبەستن و وەهەر یەکە یارمەتی ئەوی تر ئەدات.

مادەی پێنجهەم: هەمو جۆرە وتووێژێك لەگەڵ تاراندا نابێت بکرێت بەڕەزامەندی لاکەی تر نەبێت.

مادەی شەشەم: حکومەتی ئازەربایجان هەنگاوی پێویست ئەنێت بۆ هاوبەشی لەپێشخستنی زمان و رۆشنبیری کوردەکانی سنوری ئازەربایجان، وەهەروەها حکومەتی کوردستانیش بۆ ئازەر هەمان هەنگاو ئەنێت.

مادەی حەوتەم: هەر کەسێك هەوڵ بدات یەکێتی مێژویی و هاوکاری هەر دوو گەل تێك بدات و یەکێتی نیشتمانیان لەناو بەرێت هەر دوو گەل سزای ئەدات.(16)

لەڕاستیدا دەقی پەیمانەکە لەگۆڤاری هەڵاڵەدا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام جۆرە جیاوازییەك لەنێوان بەندەکانی بەدی دەکرێت، وەك لەجێگەیەکی تردا خراوەتە پێش چاو.

کاتێك تاران بەو رێککەوتنەی زانی، ناڕەزایی و تورەیی خۆی ئاشکرا کرد، نەك هەر لەبەر پتەوبون و بەهێزی هەردوو کۆمارو پێکەوە بەستنی چارەنوسیان، بەڵکو لەبەرئەوەش کەهەردوو لا وەکو دوو دەوڵەتی سەربەخۆ ئەو پەیمانەیان بەست و ئیمزایانکرد. وەکو دوو دەوڵەتی جیابوەوە لەتاران-بۆیە قوامولسەڵتەنە خێراتر کەوتە هەنگاونان بۆ تێکدانی ئەو یەکێتییە، بۆ ئەمەش ئەیویست کەڵك لەناکۆکیەکانی نێوان هەردوو کۆمار وەربگرێ و کێشەکانی سنورو شارە تێکەڵەکان زیاتر قووڵ بکات و ببنە هۆی ئاژاوەو جیابونەوە، لە لایەکی تر هەوڵی ئەدا پێکهاتنی ساختەو رێککەوتنی درو لەگەڵ ئەم کۆمار یا ئەو کۆماردا رێکبخات بێ ئاگاداری یەکتری، وەکو ئەو رێککەوتنەی لەنێوان تاران و ئازەربایجان کەلەتەورێز کرا بێ ئاگاداری مەهاباد. هەروەها پەکخستنی ئەو هەوڵ و تەقەلایەی قازی محمد ئەیدا بەنیازی گەیشتن بەهەمان ئامانج. چونکە قوامولسەڵتەنە لەو باوەڕەدا بو کە سەرکەوتن لەڕێگەی هێرشی سەربازی، جارێ کاتی نەهاتوە، بۆیە شەڕەکانی سەرەتای حوزەیران وەستێنران و کاری سیاسی دەستی پێکرایەوە کەمانگەکانی حوزەیران و تەمموزو ئابی گرتەوە... ئەو ماوانە هەمووی بریتی بون لەهاتوچۆکردن و

وتوویـــژ بـــێ ئـــەوەی هیـــچ شـــتێك دەســـتگیر ببێـــت و ئـــەنجامێكی بەكـــەڵكی بۆ كۆمار هەبێت...

كاتێكیش لەسەرەتای ئابدا قازی محەمەد چوو بۆ تاران و لەگەڵ رزماراو قوام ولسەڵتەنە كۆبوەوە، قوام پێشنیارێكی خستە بەرچاوی قازی محەمەد كە بەم جۆرە بو:

"هەموكوردستانی ئێران بەسنەشەوە بابكرێت بەیەك هەرێم وەلەپایتەختەوە ژەنراڵێك دابنرێ كەحوكمی ئەو هەرێمە بكات كەبەپێی ئەم بڕیارە باری كوردستان وەكو ئازەربایجانی لێدێت، وەبێگومان دەوڵەتی ناوەندی یەكەم ژەنراڵ كە بۆ ئەو شوێنەی دائەنێت هەر قازی محمد ئەبێت..."(17)

هەرچەندە ئەو پێشنیارە هەر مەبەستی تێكدانی پەیوەندی مەهابادو تەورێز بو، دیسان ئیگلتن لەسەر ئەوە ئەڵێت:

"لەگەڵ ئەوەش‌دا قازی محەمەد بەلای ئەوەدا چو كەبەو پێشنیارە رازی بێت بەڵام ئەوەی لەبەرچاو بو كە كارێكی واو گۆڕانێكی لەو بابەتە لەپەیوەندی نێوان مەهابادو تەورێز رەزامەندی سۆڤیەت لەوە شتێكی بنچینەییە..."(18)

بەڵام قازی محەمەد هەر لەسەرەتاوە بەلای ئەو جۆرە پێشنیارو كارانەدا نەچوەو رازی نەبوەو، چونكە بیری لەوە نەكردۆتەوە پشت بكاتە تەورێز، دڵسۆزو بەوەفا بوو بۆ بەڵێن و سوێندخواردنەكەی كەهەمیشە شانازی بكات بەیەكێتی كوردو ئازەرەوە، جگە لەوەش، پێشەوا ئەو راستیەی لەبەرچاو بووە كەلەیەك كردنی هەردوو كۆمار یا روخاندنی یەكێكیان، مانای نەمانی ئەوی تریشە. بۆیە پێشەوا بێ ئەنجام گەڕایەوە مەهاباد.

علاءالدین سەجادی باشتر تەقەلای تاران لەو روەوە ئاشكرا ئەكات و ئەڵێت: تاران پێشنیاری كرد كە:

"ئەگەر بێتو قازی و حكومەتی كوردستان واز لەدۆستایەتی و هاوكاری ئازەربایجان بێنێ، حكومەتی ئێران هەرچ ناوچەیەكی كوردەواری لەئێرانا هەیە وازی لێدێنێ بۆ ئەوە هەموی بكەوێتە سەر حكومەتی كوردستانی قازی محەمەد..."(19)

لەڕاستیشدا دیسان ئەم نوسینانەی عەلائەددین سەجادی، لەهیچ سەرچاوەیەکی تردا، بەو جۆرە نەبینراوەو خۆشی ئاماژەی بۆ هیچ سەرچاوەیەك نەکردووە کە ئەم بڕگانەی لێوەرگرتووە.

بەڵام سەبارەت بەوە کە چارنوسیی هەردوو کۆمارەکە بەیەکەوە بەسترابوو، سەرکردایەتی هەردوو کۆمار باشتر هەوڵ و تەقەلای قوام‌ولسەڵتەنە یان بۆ رون دەبووەو لەمەبەستی گەیشتن، بۆیە باشتر لەیەك نزیك بونەوە.. لە 16ی‌تشرینی یەکەمی 1946دا پەیمانی سەربازی لەنێوان هەردوولادا مۆرکرا بەم جۆرەی خوارەوە.

1-دروستکردنی لەشکرێکی ئازەری کوردی کەشوێنی تەورێز بێت.

2-ناردنی لەشکری نیزامی ئازەربایجان بۆ قۆڵی (سەقز) لەکوردستان وەناردنی لەشکری غەیری نیزامی کوردستان بۆ "ئازەربایجان" ئەگەر پێویست بو.

3-دانانی "جەنراڵ عەزیمی" ئازەربایجانی بۆ سەرۆکی گشتی لەقوڵەکانی"سەقز""سەردەشت" لەکوردستان وە لە"هولاسۆر هەوشار" لەئازەربایجان.

4-دانانی مەلا مستەفا بەسەرۆکی گشتی کوردی‌و ئازەری لەناوچەی "سەقز"

5-ناوچەی "هەوشار" لەئازەربایجان لەژێر چاودێری "محمد حسین سیفی قازی"دا بێت.

6-قازی محمد سەرۆکی گشتی هەرە بەرز بێت لەسەر هێزەکانی ئازەربایجان-کوردستان، بەڵام لەژێر رەنگ رشتنی جەنراڵ عەزیمی‌دا.

7-"پیشەوەری" سەرۆکی هەرە بەرز بێت بۆهێزە شەڕکەرەکانی کوردی- ئازەری لەئازەربایجان.

8- هێزی کوردی هەر یارمەتیەکی تری ویست"ئازەربایجان" دەستی بۆ درێژ بکات..."(20)

ئەو پەیمانە سەربازیە کەلەژێر ناوی(کمیسیونی دفاع مشترکی ئازەربایجان‌و کوردستان)دا بوو، هیوای هەردوو لای بەهێزتر کرد، لەبری‌لەیەك دابڕین‌و ناکۆکی نانەوەو جیاکردنەوە، زیاتر لەیەك نزیك بونەوەو چارەنوسیانی پێکەوە بەستەوە....

بۆیە تاران، گەڕایەوە سەر ئەو بەڵێنە ساختەیەی کەدابوی بەگەلانی ئێران‌و یەکێتی سۆڤیەت، هاتە سەر مەسەلەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی تازە، ئەوهەڵبژاردنەش

پێویستی بەئاسایش و ئازادی رادەربڕین هەبووە تاخەڵك بتوانن بەسەربەستی نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن! ئاسایش و ئازادیی رادەربڕینیش کێ مسۆگەری ئەکات لەهێزەکانی رژێمی شا بەولاوە! هەر وەکو رێگەو شوێنیشی بۆ دانابوو، لەهێزەکانی تاران زیاتر کێ ئەتوانێ سەرپەرشتی هەڵبژاردن بکات! ناوچەکانی تری ئێران، یاساو ئاسایشیان تێدا بەرکەماڵە... ئازادیی و سەربەستییان تێدا چەسپیوەو لە ژێرسێبەری رژێمی شا-دا کۆمەڵانی خەڵك ئارام و بەختیارو سەرفرازن! تەنیا ناوچەکانی هەردوو کۆمار لەوانە بێ بەشن، لەبەرئەوە رژێمی شا لەشکری ئامادەکرد تا بەو ئەرکە هەستێت و دانیشتوانی ئەو ناوچانەش بەو جۆرە مافانە شاد بکات...!

رۆژو ساتەکانی دوایی و کارەسات

نەخشەی ناردنی سوپاو دووا چەپۆکی کوشندە، ئامادەکرابو بۆیە بروسکەیەك گەیەنرایە تەورێزو ئاراستەی جعفر پێشەوەری کرا، تاران لەو بروسکەیەدا رای گەیاند:

"هێزی عەسکەری ئەبێ بێت بۆ ئازەربایجان بۆ ئەوە چاودێری هەڵبژاردن بکا، ئەمەش بۆ ئەوە نەوەك گەمەو گاڵتەی تیا بکرێ..."

وەرامی پێشەوەری بەم جۆرە درایەوە:

"بەپێی هەندێ لەبەندەکانی پێمانی پێشو- کەلەسەری رێ کەوتبوین- لەشکری "ئازەربایجان" لەشکری ئێرانە کەئەم پەیمانە هەیەو لەشکری ئازەربایجانیش ئێستە هەیە کەواتە پێویست بەهاتنی لەشکری "ئێران: ناکا. لەشکری "ئازەربایجان" خۆی ئەتوانی بەبێ لایەنگیری چاودێری هەڵبژاردنی خۆی بکا..."(21)

لەدوا سیناریۆی مانۆڤری سیاسی و پرۆسەی هەڵبژاردن و لەوەلامی هەمان داوای تاران پێشەوا قازی محەمەد بەم جۆرە وەلام ئەداتەوە:

"28نۆەمبەر بەگوێرەی راگەیاندنی دوێنێی رۆژنامەی ئێران واتە 27ی نۆڤەمبەر رێبەری دیموکراتەکانی کورد قازی موحەممەد وەلامی تیلگرام قەوام‌ولسەلتەنەی بەناردنی سوپای ئێران بۆ کوردستان داوەتەوە.

سەبارەت بەوەرگرتنی تێلگرام قازی موحەممەد دەنوسێت کە کۆنترۆڵ کردنی هەڵبژاردن بەپێی یاسای هەڵبژاردن، دەبێ لەئەستۆی ئەنجومەنی هەرێمی‌دا بێت.

بەقەوامدا کەهەڵبژاردن لەکوردستان لەبارودۆخێکی ئازادو دیموکراتیدا بەڕێوە دەچێ. ئەو رایگەیاند کەناردنی سوپای ئێران بۆ ناوچە کوردنشینەکان هیچ پێویست ناکات لەبەرئەوەی دەبێت هۆی دووپات کردنەوەی رووداوەکانی هەڵبژاردنی دەورەی چواردەمینی مەجلیس، سەرەڕای ئەوە ئامادەبوونی سوپا دەبێتە هۆی سوکایەتی کردن بەکورد*.

ئەو رازی نەبونە بێ کەڵك بو، چونکە پیلانەو رێك خراوە، نەخشەیەو سازکراوە، ئەبێت دوا هەنگاو وەکو ئەوانی تر بنرێت و ئامانجی رژێمی شاو ئیمپریالیزمی ئەمریکاو بریتانیا بەدی بهێنرێت بۆ داگیرکردنی کوردستان و ئازەربایجان...

لەبەر بەهێزی کۆماری ئازەربایجان.. دیار بو تاران وای دانابو کە پێشەکی ئەبێت پەلاماری ئەو بدرێت... بالێرەدا(هێمن) هاوکارو هاوژینی تەمەنی کۆمارو یاوەری پێشەوا ساتەکانی روخانی کۆمار بابزانین پێش کارەسات چۆن باسی ئازەربایجان مان بۆ باس دەکات:

"ئازەربایجان حکومەتێکی گەورەترو بەهێزترو زۆر تەیارترو پڕچەك تر بو لەکوردستان، خەتی دیفاعی ئازەربیجانیش زۆر قایم تر بو، زیاتر لەوە حساب بۆ ئازەربایجانی سۆڤیەتیش دەکرا کە پاڵپشتێکی گەورەیە بۆ ئەو بەشەی تری ئازەربایجان. کەوابو کەم کەس بەخەیاڵیدا دەهات لەرێگای ئازەربایجانەوە پەلامار بۆ سەر جوڵانەوەی رزگاریخوازی گەلانی ئێران بهێنرێ...

ماوەیەك بو بۆ ئەوەی کارەکانی حیزب باشتر رابپەڕن پاش ئەوەی شەوانە پێشەوا کە زۆر شەو تادرەنگ لەدەفتەری حیزبدا دەماوە دەچوە ماڵی خۆی، کادرێکی حیزبی لەدەفتەری حیزبدا دەماوە بۆ ئەوەی راپۆرتی خوارەوە ئەگەر پێویست بو بەپێشەوا رابگەیەنێ و دەستوراتی پێشەوا بۆ خوارەوە بنێری. ئەو شەوێ نۆرەی منی تازە زاوا بوو...

لەدەفتەری حیزب دانیشتبوم و خەریکی نوسینی مەقالەیەك بوم بۆ"کوردستان" ئەفەسەرێکی بچوك..هاتە ژور... دەستی بۆ رادیۆکەی سەرمیزەکە برد...لەپڕ شتێکی وامان گوێ لێ بو کەوەختا بو پێمان بەعەرزەوە وشك بێ.

---

* ئەفراسیاو هەورامی، هەمان سەرچاوە، گۆڤاری گزینگ، ژمارە25-1998.

رادیو تاران تەلگرافی پیرۆزبایی دوکتور جاوید وەزیری ناوخۆی ئازەربایجانی دەخوێندەوە کەبەبۆنەی گەڕانەوەی ئەرتەشی شاهەنشاهی بۆ تارانی ناردبو. دوایە خەبەری راکردنی "موتەجاسرین"ی راگەیاند... دەس بەجی بەتەلیفون ئەو خەبەرەم بەپێشەوا راگەیاند... ئازەربایجانی واتەیارو پڕ چەك لەشکری سازو پەرداخ و فەرماندە لێزانەکانیەوە بو وا زوو تەسلیم بوو؟ کارامەو شۆڕشگێڕو کۆنە پیاوو ئازاو رابەرەکانی تری ئازەر بایجان بو وا بەپەلە رایان کرد؟ پرسیارێکە کەس بەتەواوی جوابی نەداوەتەوەو منیش جوابم بۆ نادرێتەوە..."(22)

عەلائەدین سەجادی روخانی کۆماری ئازەربایجان و وازهێنانی لێپرسراوەکان و مەیدان چۆڵ کردن وا باس ئەکات:

"بەجۆرێکی کوتوپڕی لەشەوی (11ی کانونی یەکەمی 1946)دا لەناکاو-بەلاغێکی لیژنەی مەرکەزی حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان-دەرچو کەئەبێ شەڕکردن لەگەڵ حکومەتی "ئێران" بوەستێنرێ و ئیتر جەنگیان لەگەڵ نەکرێ..."(23)

ئەی هەڵوێستی یەکێتی سۆڤیەت؟ ئەی ئەگەر پشتگیری ئازەربایجان نەکات و نەیەتە پێشەوە، ئەگەر یارمەتی بۆ نەنێرێت و هەڕەشەی دەستێوەردان نەکات... ئەی ئەبێ چی بکات...؟

"دوای روخانی خەتی بەرگری ئازەربایجان لە(میانە)کە ژەنەراڵ غلام یحیی دانشیان سەرکردایەتی ئەکرد وەلە 12ی کانونی یەکەمدا هێزەکانی ئێران چونە ئەو شارۆچکەیەوە، وادیار بوو سۆڤیەت زانیان کەهەوڵدان بۆ هێشتنەوەی رژێمی ئازەربایجان لەو پلەیەدا روداوێکە دەست تێوەردان ناهێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا دوا هەوڵی دیپلۆماسیانەی دا. لە13ی کانونی دووەمدا سەفیری سۆڤیەت داوای کرد چاوی بەمحمد رەزا شا بکەوێت بۆ ئەوەی ئاگاداری بکات کە حکومەتی سۆڤیەت ناتوانی سەبر بگرێت بەرامبەر رووداوو ئاژاوەکان لەسەر سنوری بەڵام شا نەی هێشت لەسەر قسەکەی بەردەوام بێت، بەپیشان دانی بروسکەی (جاوید) کەتەسلیم بونی تیا دەرئەخات، قسەکەی پێ بڕی، وادیار بو سەفیر هیچ ئاگاداری گورانی هەڵوێست بەو جۆرە نەبو، بۆیە بێ ئەوەی هیچ قسەیەك بکات بەوڕی ئەو شوێنەی بەجێ هێشت..."(24)

هەرچی چۆنێك بێت دوای وردەشەڕ کەهیچ کاریان نەکردە سەر رووداوەکان، و بۆپێشەوەچونی هێزی تاران.... تەورێز داگیرکراو کۆماری ئازەربایجان روخێنرا، لێپرسراوان زۆربەیان هەڵهاتن‌و مەیدانیان چۆڵکرد... جەماوەریش کەوتە بەردەستی هێزەکانی رژێمی شا، گرتن‌و کوشتن‌و لەسێدارەدان‌و راووروت دەستی پێ کرد... لەناو ئەو کارەساتەی گەلی ئازەربایجان تێیدا دەژیا...بابێینەوە مەهابادو بزانین چۆن سەرکردایەتی ئەم هەواڵە وەرئەگرێ... وبزانین بەرامبەر بەو مەترسیە چی ئەکات‌و چۆن هەنگاو ئەنێت؟ بابگەڕێینەوە لای(هێمن)تا ساتەکانی ئەو رووداوە... یا ئەو هەرەس هێنانەمان بۆ بخاتە پێش چاو، دوای وەرگرتنی ئەو هەواڵەی رادیۆی تاران... هێمن ئەڵێت:

"دەسبەجێ بەتیلیفوون ئەو خەبەرەم بەپێشەوا راگەیاند گوتی بۆ خۆت وەرە ئێرەو بەئەوانی تریش رابگەیەنە بێنە ئێرە. بەدوای ئەوانم دا ناردو بۆ خۆم چوم بۆ ماڵی پێشەوا. سەدری قازی برای پێشەوا کەنوێنەری مەجلیس بوو لەتاران‌و بەڕواڵەت نەدەبو لەو واقیعە بترسێ، لە هەمو کەس پتر شەڵەژابو. ئەو دەسبەجێ گەراوە بۆ تاران....

بەڵی کوتوپڕ تەورێز گیراوەو کوردستانیش لەهەمو لاوە گەمارۆ درا. پاش ئەوەی سەدری قازی، نازانم بۆچی بەرەو تاران گەراوە، رابەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەماڵی پێشەوا کۆبونەوەو ئەو شەوی رووحیەی هەمو کەس دەتوانم بڵێم باش بو. شورای جەنگ بەسەرۆکایەتی حاجی بابە شێخ پێك هات‌و سورەت جەلەسەی یەکەم ئیمزا کراو قەراری بەربەرەکانی درا. بەڵام هێشتا مەرەکەبی بڕیار نامەکە وشك نەببووە کەخەبەر هات یەکێك لەئەندامانی ئەو شورایە رای کردووە بۆ بەیانی وەزع گۆڕاو بڕیاری بەربەرەکانی هەڵوەشایەوەو بۆ پێشمەرگە دەستور درا بێ دەستکردنەوە پاشەکشە بکاو رێگا بۆ ئەرتەش بەتاڵ بکاو خەڵك دەستێکی کەوتە ئەولای‌و یەکێکی کەوتە ئەم لای.

پێشمەرگە لەجەبهەی سەقزو سەردەشتەوە بەرێکوپێکی پاشەکشەی کرد. بەڵام فیداییەکان کەفەرماندەکانیان رایان کردبو وەك مەری بێشوان بڵاوبون.. فەرماندەی ئەرتەش بێ هیچ زەحمەت گەیشتە گوندی حەمامیان‌و پێشەوا لەوێ دیتی. لەو

ماوەدا من هەمیشە لەگەڵ پیشەوادا بوم. دیارە لەگەڵی نەچومە حەمامیان. بەڵام لەشاری بەجێم نەهێشت.

دەم دیت پەشۆکا بو. بەڵام نەك لەترسان، بەڵکە لەداخان و لەبەر ناهومێدی...

ڕۆژی 26ی سەرماوەرزی1325-1946 ئەرتەشی شڕوشپڕێوی شاهەنشاهی تەواو ساڵە وەختێك پاش هەڵکردنی ئالای کوردستان شاری مەهابادی گرتەوە..."(25)

مەهاباد بەوجۆرە گیراو کۆماربەو شێوەیە، بێ شەڕو بەربەرەکانی کەوت، کێ چاوەڕوان بو روداوەکان بەو جۆرە بن. بەبیری کێدا دەهات سوپاو چەکدارو دام و دەستگاو لێپرسراوان بەو جۆرە مەیدان چۆڵ بکەن بێ ئەوەی جارێ شەڕو پەلامار دەست پێبکات و توانا تاقی بکرێتەوە. دوای بڕیاردانی بەرگری... کێ بڕیاری شەڕ نەکردن و بلاوەپێکردنی داو بۆچی؟ لەڕاستیدا نەمانی کۆماری ئازەربایجان، بێدەنگی یەکێتی سۆڤیەت و هەڵنەدانی لەسەرئازەربایجان.. بونەهۆی ورەبەردان و دەست بەرداربون لەکۆمار. ئەمانە هۆن، بەڵام هەمو هۆو نهێنییەك نین.. هەر چەندە لەو کاتانەشدا ژمارەیەك لەلێپرسراوو سەرکردەکان کەوتنە چالاکی و هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ورەی سەرکردەکانی تر بۆ دروست کردنی هێزی بەربەرەکانی، بەڵام بێ سودو ئەنجام بو.. چەند هەوڵیش درا لەگەڵ پێشەوا بۆ ئەوەی خۆی بەدەستەوە نەدات بەڵام بێکەڵك بو.. بۆچی؟ سەبارەت بەچی وازوو هەروا بەئاسانی ڕێگەی خۆبەدەستەوەدانی گرت و چوە بەردەستی دوژمن، سەبارەت بەچی پێشەوا ئەو هەنگاوەی نا...؟

"بۆ خۆم لێم بیست گوتی لەسەرمانەوە ناچن و دەمانکوژن، بەڵام پێم خۆش نیە گەلەکەم بەجێ بێڵم و دەمەوێ لەناو ئەواندا بمرم..."(26)

مەسەلەی روخانی کۆمار پەیوەندیی بەهۆ یاکێشەیەکی دیاری کراوەوە نەبووە بەڵکو کۆمەڵێك هۆی خۆیی و دەرەکی...راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دەوریان لەو روخانەدا بینی، هەر وەك لەشوێنی خۆیدا باسیان ئەکەین.

دوای ئەوە تاران هەناسەیەکی ئارامی دایەوە، وەکو نەخشەیان بۆ دانا بەئەنجام گەیشتن، هەردوو کۆمارە میللیەکە لەناوبراو ناوچەکانیان داگیرکردەوە، بابزانین بەڵێن و پەیمانەکانی قوام ولسەڵتەنە، هەنگاوە دیموکراتیەکان، هەڵبژاردنی ئازادو سەربەستانە، پەیمانەکەی نەوت و دوستایەتی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت، بابزانین ئەوانە چییان لێبەسەرهات...؟

کوردستانی ئێران دوای روخاندنی جەمهوریەت

دوای ئەوەی مەهاباد داگیرکراو تاران لەمەترسی ئازادیو پایەگای شۆڕشگێڕی رزگاری بو... هێزەکانی ئەرتەشی کەوتنە بەکارهێنانی ئاگرو ئاسن، بۆ ئەوەی شەڕنەکردنو خۆبەدەستەوە دانی پێشەواو زۆر لەسەرکردەکان ببنە هۆی کەمکردنەوەی توندوتیژیو زوڵمو زۆر.. لەمەهابادو شارەکانی تر دەست کرا بەسڕینەوەی شوێنەواری کۆمارو گرتنو راونانی نیشتمانپەروەران، حوکمی عورفی دانرا، هەزاران نیشتمانپەروەر دەربەدەرکران، سەدانی تر دران بەدادگای عەسکەری، بڕیاری خنکاندنی پیشەواو سەیفی قازیو سەدری قازی دراو لە 31 ئازاری 1947دا لەمەیدانی چوارچرادا لەسێدارەدران... دادگاییکردنی پێشەوا رووداوێکی گرنگە لەمێژوی کورددا بۆیە لێرەدا بەدرێژی باس لەو روداوەو وردەکارییەکانی ئەکەین.

* * *

پاری دووهەم

لەسەرەککۆمارییەوە بۆ ناوزیندانی داگیرکەر

ئەو هۆوگیروگرفتو کۆسپانەی کۆمارەکەی کوردستانیان رووخاند زۆر بوون، باسکردنو چوونە ناو درێژەی رووداوەکان لەبەشێکی تردا دەیخوێنینەوە، لێرەشدا بەمەبەستی وێنەگیرییەکی روونی سەردەمەکە، بەچڕی، ئامارژە بۆ هۆ گرنگەکان دەکەین، تا جگە لەمەسەلەی رووخاندنەکە، لەدیاردەیەکیتری زۆر هەستیار بگەین، کەخۆیەدەستەوەدانی سەرەککۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەد بوو، ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەهۆیەکی تری رووخاندنەکە دادەنرێ. زیاتر لەوە بۆ تێگەیشتن لەتەواوی دیاردەکە، دەشبێ لەبیرو بۆچوون، هەڵوێستو هەستو نەست، بیروباوەڕو بۆچوونەکانو ئاکارە گرنگەکانی قازی محەممەدو شەخسیەتی شارەزا بین، وەك هەندێکی لەپێشەوە دەرخرا، بۆ تەواوکردنی مەبەستەکانی دروستکردنی وێنەیەکی نزیك لەواقیعی سەردەمەکە، لەگەڵ هۆکارەکانی روخاندن، دەبێ لەو رووداو و کێشەو ئەو گرفتانەی لەڕۆژانی پێش رووخاندن، بەتایبەتی لەدوای رووخانی ئازەربایجان سەریان هەڵدا، بگەینو شارەزایان بین بەتایبەتی لە:

-ناکامڵیی هەلومەرجی دامەزراندنی کۆمارو ناڕەسیویی زەمینەکەی.

-کێشەو گرێو گۆڵی ناوخۆ، گیروگرفتە سەربازیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسیو کولتورییەکان، لاوازیی هەستی نەتەوەییو هۆشیاریی سیاسی.. هتد.

-فرە دوژمن، جیاوازیی نێوان توانای ئابووریو سەربازی کۆمارو بەرامبەرەکەی، رۆڵی خراپی زلهێزەکان لەیارمەتیدانی رژێمی شا، رۆڵی ناحەزو دوژمنانەی ئەمەریکاو ئینگلیزەکان.

-نەبوونی دۆستی ستراتیجی.

-رۆڵی خراپی یەکێتیی سۆڤیەت، بەتایبەتی دوای مۆرکردنی پەیمانی نەوت لەگەڵ تاراندا(1)

-کشانەوەی لەشکری سوور بێ ئەوەی لایەنی کەمی یارمەتی کۆماربدات، تەنانەت ئەو تۆپانەی درابوون بەکۆماری ئازەربایجان وەرگیرانەوە، دەگوترێ کە ئامۆژگاری هەردوو کۆمار کرا کەڕێگە لەئەرتەش نەگرن... هەڵوێستەکە وا نیشان درا

که سۆڤیەت یارییەکەی تەواو بوو، بۆیە بەرژەوەندی هەردوو کۆمارەکەی خستە لاوە، چونکە ئیتر پێویستی بەگوشار خستنەسەر تاران نەما. زیاتر لەوانە:

لە11ی دیسامبەری 1946دا ئازەربایجان رووخا، رووخانێکی کتوپڕی وا کە بوو بە بوومەلەرزەیەکی گەورەی سیاسیی رووخێنەر، سەرانی کۆمارەکە هەڵهاتن، خەڵکی تەورێزو دەوربەری کەوتنە بەردەم هێرشی ئەرتەش، شەڕو ئاژاوەو کوشتن و بڕین و تاڵانی و تۆڵەسەندن هەموو شوێنێکی کۆماری ئازەربایجانی گرتەوە رووداوەکان زۆر قەبەرتردەکران و دەگەیشتنەوە مەهاباد، ئەوانەش زیاتر لێپرسراوانی کوردی دەخستە بەردەم بیرکردنەوە لەهەمان دیاردەو هەڕەشە.

ئەو رووخاندنە، بەو ئاسانییە، کۆماری کوردستانی خستەناو بازنەیەکی بێ دەربازگە.

دەڵێن هاشمۆف ئاگاداری نمایندانی کوردی کردووە کەهێزێکی بچووکی ئەرتەش بۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردنی مەجلس دێت و پاشان دەگەڕێتەوە.. رەنگە ئەمەش هەر لەهەمان هەڵوێستی رووسەکانەوە بووبێ کەکاتی خۆی پاش هێرشەکەی ڕەزمارا بەهێزێکی زۆرەوە بۆ سەربەرزاییەکانی مامەشا کەهێزێکی زۆر بچووکی کۆماری لێ بوو و سەرەنجام بەسەرکەوتنی رەزمارا کۆتایی هات، ئیتر لێپرسراوانی سەربازی کۆمار کەوتنە سەر دانانی نەخشەی پێشکەوتن تابتوانن سنەش رزگار بکەن... بەڵام هاشمۆف، کۆنسولی سۆڤیەتی لەورمێ، لەدێی سەرا چاوی بەپێشەوا کەوت و ئاگاداری کرد کەهێرش نەکرێتە سەر ئەرتەش چونکە ڕەنگە شەڕی گەورە دروست ببێت و ئەوانیش ناتوانن کۆمەکی کۆمار بکەن...(2)

دوای ڕووخانی کۆماری ئازەربایجانیش:

-ئەو تیرەو هۆزە کوردانەی هەر لەگەڵ ڕژێمدا بوون کەوتنە جموجۆڵ و هەڕەشە.

-هەر زوو پێش ئەم ڕووداوانە، بەهۆی ناکۆکی خێڵەکی و ناڕەزایی لەسیاسەتی گفتوگۆ، -وەك لەبەڵگەنامەکاندا دەردەکەوێ، جەنراڵ حەمە ڕەشیدخان کۆماری بەجێهێشت و چووە عێراقەوە.

-جەنراڵ عومەرخانی شەریفی، سەرۆکی ئێلی شکاك، خۆی لەکێوەکانی "زیندەشت"گۆشەگیرکردبوو.

-زۆر سەرەك خێڵی تر چاویان لەو کردو دانیشتن.

-هەندێكی تر كەوتنە هاوكاریی ئەرتەش و ئامادەبوون بۆ هێرش بردنەسەر دیموكرات.

-سەرلەشكر همایونی هێزێكی لەمەنگوڕو مامەش و دیبوكری كەبەشێكیان هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ تاران بوون، ئامادەو پڕ چەك كرد.

هەر دوای كۆبوونەوەكەی مزگەوتی عەباس ئاغا كەتیایا بڕیاری دامەزراندنی شوورای بەرگری و بەرەنگاركردنی ئەرتەش درا:

-میرزا ڕەحمەتی شافعی، شێخ حەسەنی شەمسی بورهان، عەلی ئاغای ئەمیر عەشایەری و هی تریش خۆیاندا بەدەست ئەرتەشەوە.

-مەلا عەبدوڵلای مودەڕیسی و مەلا حوسەینی مەجدی كەوتنە بڵاوكردنەوەی بەندو باوی بێسوودی بەربەرەكانی و شەڕی ئەرتەش.

-هەندێ لەدەوڵەمەندو مەلای مزگەوتی مەهاباد وەلایان بۆ ئەرتەش برد.

بەو جۆرە شڵەژاوی، ئاژاوە، بڕوا بەخۆنەمان، هەوڵی خۆڕزگاركردن بڵاودەبوونەوە، "ئەبولحەسەنی تەفرەشیانی" لایەكی ئەو تراجیدیاو سەر لێشێواویەی ڕووبەڕووی كۆمارو پێشەوا ببووەوە بەم جۆرە دەگێڕێتەوە. ئەو دەڵێ: كاتێ نامەیەكی سەرهەنگ عزت، سەرۆكی ستادی مەلا مستەفا بەدەستم گەیشت(مەبەستی عزەت عەبدولعەزیزە) كەهەواڵی ڕاكردنی پێشەوەری پێدەگەیەنێ، دەچێت بۆ لای تا پرسیاری ڕووداوەكانی لێ بكات...

ئەو پێی گوتم: ڕاستییەكەی ئەوەیە كە ڕێبەرانی فیرقەی دیموكرات هەمویان هەڵاتوون و ئیتر شتێك بەناوی فیرقەوە نەماوە... ئەرتەشی ئێرانیش هەر لەو دوو سێ ڕۆژانەدا تەواوی ئازەربایجان داگیر دەكا، جا ئێستا خۆتان بڕیار بدەن! خێڵی بارزان لێرە مالیكی نییە كەبەرگری لێبكا، ئێمە لەڕاستیدا لەهەوادا ماوینەوە، ئێوەش ئێستا وەزعێكی ئاواتان هەیە ناتوانن خۆتان بگەیيننە تەورێز، دژی شۆڕش لەڕێگادا هەر نەبێ بۆ وەرگرتنی چەكەكەنتان ئێوە وەبەر گوللە دەدا، ئەگەر بەسەلامەتیش بگەنە تەورێز لەوێ ڕوون نییە چتان بەسەردێ، تەنیا ئەركی ئێوەو ئێمە لەكاتی ئێستادا پاراستنی گیانی خۆمانە، جا بۆ خۆتان بڕیار بدەن بزانن چ دەكەن، ئێمە بەرەو مەهاباد پاشەكشە دەكەین. ئەگەر ئێوەش پێتان خۆشە دەگەڵ ئێمە وەرن... هتد.

دوای ئەوەی ناوبراو بەسێ رۆژ دەگاتەوە مەهابادو لەوێ ویستوویەتی پیشەوا ببینێ، پێیان گوتوە کە چوە بۆ میاندواو تا پێشوازی لەئەرتەش بکات، ئینجا سەیفی قازی دەبینێ و دەڵێ: ئەو گوتی: ئێمە بۆ خۆشمان نازانین چ کارەین، بەلام بەبیروباوەڕی من مانەوەی ئێوە لەمەهاباد مەسڵەحەت نییە، چونکە هەردەم لەوانەیە ئەرتەش بێتە مەهابادەوە"(3)

زیاتر لەوانە:

لە 15دیسامبەر ئەسەدۆف نمانیدەی بازرگانی ڕووسەکان، مەهاباد بەجێ دەهێڵێ و خۆی دەگەیەنێتە ورمێ.

سەرهەنگ غەفاری هەر رۆژێك دوای هەرەسی ئازەربایجان بەهێزێکەوە دەگاتە بۆکان، عەشایەری ناوچەکە کەوتنە پەیوەندیو ئامادەبوونی خزمەت بۆ رژێم...

هێمنی شاعیر لەباسی رۆژگارەکەدا دەڵێ:

لەو ماوەیەدا من هەمیشە لەگەڵ پێشەوا بووم، دیارە لەگەڵی نەچوومە حەمامیان" بەڵام لەشاری بەجێم نەهێشت دەمدیت پەشۆکا بوو بەلام نەك لەترسان، بەڵکوو لەداخان، لەبەر ناهومێدی...(4)

ئیتر بارو دۆخەکە بەو جۆرە شڵەقا بو، ڕووخاندن لەئارادا بوو، بێهیوایی، ترسی گەڕانەوەی ئەرتەش و ترسیی کۆشتن و بڕین، هەڕەشەی عەشایەرو تالانی و تۆڵەسەندن، ڕووداوەکانی تەوریزو دەوروبەری... هەمووساتێك لەبەرچاودا لەبیرو کردارو چاوەڕوانیدا هۆش و گۆشی داگیرکردبوون. کورت و پوخت قاسملو واتەنی:

"پێشەوا هیچ هیوایەکی بەتێکۆشان یایارمەتی هێزە دیموکراتیەکانی ئێران نەمابوو... پێشەوا قازی هاتبووە سەر ئەو بڕوایە کەکۆماری کوردستان توانای بەربەرەکانی بەرامبەر بەدەوڵەتی مەرکەزی نییە، بۆیە تەنیا مەبەستێکی کەپێشەوا قازی پەرۆشی بوو رزگارکردنی خەڵکی مەهابادو دانیشتووانی قەڵەمڕەوی کۆماری کوردستان لەکوشت و کوشتار بوو.(5)

"لەناو ئەو مەترسییانەو ئەو بێهواییەدا، هیچ لەبەردەم پێشەوادا نەمابوو جێبەجێکردنی بەڵێنەکەی نەبێ، بۆیە لە 16ی دیسامبەردا بەتەلەفۆن پەیوەندی لەگەڵ همایونی کرد، دوای تەلەفۆن لەگەڵ حاجی بابە شێخ ی سەرەك وەزیران و سەیفی قازی وەزیری جەنگ دەچنە حەمامیان و خۆیان دەدەن بەدەست ئەرتەشەوە...

دوای قسەکردنی لەگەڵ همایونی، پێیان دەڵێ کەبگەڕێنەوە مەهاباد، بەو جۆرە هەم کوردان هێمن دەکاتەوەو هەم مەترسی بارزانییەکان و ئەو عەشایەرانەی تا ئەو کاتە ملیان بۆ ئەرتەش نەدابوو، دوور دەخاتەوە.

کە پێشەوا دەگەڕێتەوە مەهاباد، بارزانی خۆی دەگەیەنێتێ و چاوی پێی دەکەوێ، تا وای لێبکات مەهاباد چۆڵ بکات و خۆی نەدات بەدەستەوە، هەمان ئەو قسەیەی کەلەو چەند ڕۆژەدادەیگوت و هەر وەك بەهەندێ لەسەرکردەکانی حیزبیشی گوتبو، کاتێ باسی پاشەکشە بۆ سۆڤیەت یا بۆعیراقی لەگەڵ دەکەن، دەڵێ:

دەزانم ژیانم دەکەوێتە مەترسییەوە بەلام قەیدی نییە، خەڵك بەجێ ناهێڵم.. لەباسی ژیانیشیدا، باسی ئەوەکرا بو کە پێشەوا پاش هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە، بڕیاری خۆی ئەدا، ئیتر دوای ئەوە نەیدەگۆڕی" ئەو بڕیارەش ئاسایی نەبوو لەدایکبوی ئەو ساتە نەبوو، بۆیە دەبوو خۆشی لەپێناودا دابنێ. تەنانەت هەروەك کوڕی ڕەش لەزمانی"مینا خانمی" دایکیەوە دەگێڕێتەوە کەلەڕۆژانی کۆتاییدا:

–دەوڵەتی شورەوی وتی ئامادەن هەتا گەسکی ماڵیشت بۆ هەڵگرین و هەموو شتێکت بۆبار بکەین.

–قونسوڵی ئینگلیز لەتەورێز داوای کرد بێتە عیراق و لەڕێی عیراقەوە بچێتە ئینگلستان.

–ئەمەریکایی‌یەکانیش چاویان بەقازی محەممەد کەوتبو داوایان لێکردبوو ببێتە پەنابەر لەدەرەوە.(6)

بەڵام هیچیانی قەبووڵ نەکرد لەڕاستیدا لۆجیکی ڕەوتی ڕووداوەکان نیشانەی پرسیار لەبەردەم ئەو سێ هەڵوێستەی ئەو سێ زلهێزە دادەنێت، ئەگەر ڕاست بن.

بەم جۆرە دواڕۆژی‌کۆمار– ڕۆژی کارەساتی نەتەوایەتی‌ورمانی کۆمار هاتەبەردەم.

ئەوەبوو لەڕۆژی 17ی دیسامبەری1946دا دوای ئەوەی سەرەککۆمارو دەستەیەك لەبەرپرسیاران و هاوبەشانی کۆمار لە"کوکتەپە" پێشوازی ئەرتەشی ڕژێمی تارانیان کرد، لەو ڕۆژەدا جارێکی تر عەجەم مەهابادی داگیرکردەوەو کۆتایی بەسەردەمێکی کورتی ئازادی، بەڵام نەمرو هەمیشە لەیادا، هێنا. سیمبۆلی ئازادی و سەربەخۆیی کورد بەدەستی دوژمن هەرەسی پێهێنرا، نەك "ئاشبەتاڵ" وەك هەندێ لەنووسەرانی کورد وای ناو لێدەنێن.(7)

چونکە بەکارهێنانی "زاراوەیەکی وا لەتراجیدیاوکارەساتێکی نەتەوایەتی وا گەورە، ڕەنگە هەر درشتیی بیرکردنەوە یا دژەکرداری لەدەستچوونەکەی کۆمارو، مەزنەی ئەگەر پێشەوا خۆی بەدەستەوە نەدایە وا ڕەنگ بوو ڕووداوەکان ڕەوتیان بەجۆرێکی تر بکردایەو، وەبووبێ، ئەگینا لەپرۆسەیەکی مێژوویی وا مەزن و نەمردا، دەبێ: "ئاشەوان، ئاش، باراش. خاوەنباراش کێ بن. ئەگەر هەر ناوێك لەگەڵ سەرکردە. شۆڕش، جەماوەرو پێشمەرگەو شەهیدان وەئامانج و دروشمەکان جووت بکرێت، وا دەزانرێ چی سووکایەتییەك دەبێ بۆ ئەو ناوە پیرۆزانە، تەنانەت ئەگەر دوژمنەکە یا دۆستە" دوژمنەکەش بخرێتە سەریان وا دیسان هیچ لەمەسەلە ناگۆڕێ، دیارە ئەمەش بۆ خۆی باسێکی گرنگەو لێرەدا مەودای ئەوە نییە درێژەی پێ بدرێ.

پێشەوای گەل لەبەردەم مەحکەمەی "بدوی سحرایی"دا

دوای داگیرکردنەوەی مەهاباد، ئەرتەش کەوتە سەروکاری سڕینەوەی شوێنەواری کۆمار، ئەفسەران زۆر بەپەلە بوون بۆ گرتن و لەسێدارەدانی قازییەکان.

بۆیە همایونی و ئەفسەرانی بەرپرسیار لەناوچەکە کۆبوونەوەیەکیان کرد تیایا گەلێ بڕیاریاندا...لەوانە:

-ڕاونانی بارزانییەکان.

-چەککردنی هەموو عەشایر.

-گرتنی ئاژاوەچی و موتەجاسرین.(8)

هەرچەند شای ئێران لێبووردنی گشتی بڵاوکردەوە، بەڵام ئەوەی مەبەستیان بووایە نەیدەگرتەوە. سەرتیپ "همایونی"یش وەك سیمبۆلی ڕژێمی تاران لەمێژووی شکاندنی گفت و بەڵێن و پەیمان. هەر بەوەوە نەوەستا "تەئمینی جانی"یەکەی خۆی باسی کردبوو:" بەرلەوەی قازی محەمەدو سەرانی تری حکومەتی کوردستان بچن بۆ لای گفتی(تەئمینی جانی) پێدابوون(9) بخاتە ناو تورەکەی بێبەڵێنی و شکاندنی پەیمان، لە 21ی دیسامبەردا پێشەواو سەیفی قازی و دەیان تێکۆشەرو لەدواییشدا، گەیاندنەوەی سەدری قازی لەتارانەوە بۆ مەهابدا بەحەپسی، لەزیندان توندکران، دادگای سازکرا.

ڕایگەیاند کەهەر کەسە سکاڵا و بەڵگەی لەدژی بەندییەکان هەیە ڕاگەیەنی"(10)

بەڵام "ڕووداوەکان ڕەوتی خۆیان بەهێمنی پێوا، هیچ کارەسات و دژەکردەوەیەکی لەم چەشنە نەقەوما."(11)

(دیارە کەمەبەستی لەڕووداوەکانی ئازەربایجانە) مەحکەمەی بدوی سحرایی بەسەرۆکایەتی (سەرهەنگ پارس تبار)و دادوەری گشتی (سەرهەنگ فیوزی) دەستی بەکاری خۆی کرد. "تاوانەکان" زۆر بوون: دامەزراندنی جەمهوریەت و بوونە سەرۆکی، بەرزکردنەوەی ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان، بەرگی جەنراڵی پۆشین، گۆڕینی ئاڵای ئێران و لابردنی نیشانی شێرو خورشید، کوشتنی ئەفسەرو سەربازانی ئەرتەش، کۆبوونەوەو قسەکردن لەگەڵ بێگانەو چوونە باکۆ، بەڵێنی ئیمتیازی نەوت بەڕووسەکان...هتد.

بەڵگەش سەرجەمی ڕۆژنامەو بڵاوکراوەو وتارو دیدەنی و ئەو نامەو وێنانە بوون کە کەوتبوونە دەستیان.

پێشەوا قازی محەممەد هەر زوو ڕوونی کردەوە کە ئەم دادگایە نایاساییەو دەسەڵاتی ئەوەی نییە موحاکەمەیان بکات، چونکە سەربازییەو ئەمان سڤیلن، لەڕووی "پارێزەر"و "ماوە" نایاسایین، بەڵام گوێ لەو قسانە نەگیرا... نەخشەیەو دانراوە... مەحکەمەی بدوی سحرایی دەبێ حوکمی خۆی بەسەر قازییەکاندا بدات، ئیتر یاساو بەرگری و پارێزەر ڕۆڵیان نامێنێ. بۆیە لە 23ی جانیوەری 1947دا بڕیاری لەسێدارەدانی هەر سێ سەرکردەکەی کورد درا.

بەئومێدی ئەوەی لەتاران موحاکەمە بکرێنەوە، داوای چاوپیاخشاندنەوەو دادگای "تەمیز"یان کرد، چونکە پێشەواو هاوڕێکانی وایان مەزەنە کردبوو کەئەگەر لەوێ بدرێنە مەحکەمە لەئیعدام ڕزگار دەبن.

مەحکەمەی تەمیزی سەربازی بەسەرۆکایەتی (سەرهەنگ عطائی)و دادوەری گشتی (سرهنگ نکوزاد)و پارێزەران: (ملازم صلح جو)و(ملازم نبوی) لە 28ی مارسی ئەو ساڵەدا دەستی کرد بەمەحکەمەکردنەوەی پێشەواو هاوڕێکانی. دادوەری گشتی "تاوانەکانی خوێندەوە، هەمان کۆنەکان و "تاوان"ی نوێش: ڕاپەڕینی چەکدارانەی دژ بەدەوڵەتی مەرکەزی، بەسووکی ڕوانینە حکومەتی مەرکەزی، سووتاندنی ماڵی فەرمانبەرانی دەوڵەت.

پێشەوا لەدوو مەحکەمەدا

پێشەوا بەرامبەر تاوانەکان ئازاو لێزانانە لەهەردوو جارەکەدا بەرگری لەخۆی‌و هاوڕێکانی دەکرد، چەندین سەعات لەسەر قسە بەردەوام بووە: "گوتبووی:.. سەرچاوەو وەڕۆحهێنەری ئەمن لەم کارە، نیشتمان‌و نەتەوەکەم بووە. هەرچییەکی ئەتانەوێ لەگەڵ مندا بیکەن، بەڵام نەتەوەکەم ئازار مەدەن. لەو کاتانەشا هەوڵی ئازادکردنی زیندانییەکانی تری داوە:"کاتێ کە چووم بۆ سەردانی پێشەوا کە سەرهنگ (پارسی تباری)دێت پێی دەڵێت:" بۆ ئەو خەڵکە لەخۆڕا گیراوە، ئەوانە هیچیان نەکردوە. ئەگەر کەسێك هەبێ مەسئول‌و بەرپرس بێ هەر منم."(12)

چیرۆکی مەحاکەمەکردنی پێشەواو هەردوو هاوڕێکەی هەرچەندە کورت‌و بەچەند ڕۆژێ ئەنجام درا، بەڵام سەیرو مێژوویی‌و بێوێنە بووە. دەنگوباسەکانی لەناو ئەرشیفەکانی ئەرتەشدا زیندانی کراون، کەمێکی لەسەر زاری ئەفسەرەکان‌و هەر ئەوەش کەئەوەی مەبەستیان بووە بڵاو کراوەتەوە، سەرچاوەیەکی تر، سەروان (پەروێزی‌و شەریفی) بوە کە خۆیان ئاگاداری ڕووداوەکانی مەحکەمەکە بوون.

ڕۆژێك سەروان شەریفی دەچێتە ماڵی خێزانی قازییەکان بەدڵپڕییەوە وتوویەتی:"حەیف بۆ قازی محەممەد، بۆ ئەو پیاوە مەزن‌و ژیرو زانایە، دوێنێ لەکاتی مەحکەمەدا بەبێ کاغەز 4سەعات وتاری‌دا بەزانست‌و مەنتیقی خۆیەوە هەمووانی حەیران کردبو... لەهەموو کەس باشتر قانوونەکانی ئێرانی دەزانی لەهەموو کەسێك باشتر شارەزا بوو لەوەزعی سیاسی ئێران‌و هەندەران.. لەڕاستەقینەدا قازی بوو کە مەحکەمەی مەحاکەمە دەکرد... دەڵێن هەر لەسەر ئەوەش بوە ناوبراو لەئەرتەش دەرکراوە بەلێسەندنەوەی هەموو دەرەجەکانی"(13)

دیسان (نجفقلی پسیان)و(سولیمان ح)وە ئەرشیفی سۆڤیەتی ڕووخاو (...کەمێ لەڕووداوو بەسەرهاتەکانی باس دەکەن‌و دەنووسن:" لەمەحکەمەدا قازی محەممەد پەلاماری بردە سەر سیاسەت‌و ئاکاری دەوڵەتی تاران‌و ئەیگوت من لەو قوژبنەی گرتوخانەوە دەنگی خۆم بەرز ئەکەمەوە لەدژی دەوڵەتی تاران‌و سەرۆکەکانی‌و ئەڵێم

تاوانبار ئێوەن نەك ئێمە... ئێوەن کە وەڵاتتان لێ داگیرکردوین و هێرشتان هێناوەتە سەرمان.

"لەجیاتی ئەمەی کە ئێوە بگیردرێن و مەحاکەمە بکرێن و، هاتون لەماڵی خۆم ئەمنتان گرتووەو لەگرتوخانەتان هاویشتووم... تەواو ئەم بەسەرهاتەی کەڕوویداوە ئەنجامی سیاسەتی داگیرکەرانەی دەوڵەتە... ئەگەر دەوڵەت تەواو کوردان بەخاین دەزانی دەست لەو مەڵبەندە هەڵگری و ئەگەر بەنیشتمانپەروەریشیان حیساب دەکات بابهێڵن بۆ خۆیان کاروباری خۆیان بگرنە دەست خۆیانەوە."

قازی محەممەد لەتەواوی ڕێڕەوی مەحکەمەکەدا زۆر بەجەسارەت و نەترسی و سەربەرزی وتاری ئەداو جارێك نەدیترا سەری داخاو پەشیمانی لەکردەوەی خۆی بکات.(14)

ئەو هەڵوێستانەو ئەو قسەلۆجیکی یاساییانە، مەحکەمەو سەرکردایەتیی ئەرتەشی نیگەران کردبوو، بەردەوام ئەفسەرانی لێپرسراو بەبێسیم لەگەڵ مەهاباددا بوون. پەلەیان بوو لەدەرکردنی بڕیارو جێبەجێکردنی، لای ئەوان هەمووی دەزانرا، تەنها ئەو بۆیە یاسایەی گەرەك بوو. تا لە 30ی مارسدا حوکمەکە بەلەسێدارەدان جێگیر کرا. هەر کەسەرانی ئەرتەش بڕیارەکەیان پێگەیشت، بەپەلە ئاگاداری مەهابادیان کرد کەلەماوەی 24 سەعاتدا بڕیارەکە جێبەجێ بکەن، چونکە زۆری پێنەدەویست لەسەر بڕیاری "اعلی حزرت" شای ئێران بوەستن.

ساتەکانی نێوان بڕیارو جێبەجێکردن

"بێگومانە کە موحاکەمەکردنی سەرکردەکانی جەمهورییەتی کوردستان سەرنج ڕاکێشەرترین و نامۆترین موحاکەمەی سیاسی بوو کەلەمێژووی نوێی ئێراندا بێوێنە بووە."

"جعفر مهدی نیا"ی تاراندۆست بەو جۆرە پێناسەی موحاکەمەکەی پێشەواو هاورێکانی دەکا.

لەڕاستیشدا، ساتەکانی نێوان بڕیارو جێبەجێکردن، خودی جێبەجێکردنەکە، پڕبوون لەڕووداوی سەرنجڕاکێشەرو دەگمەن، بگرە نامۆتر لەموحاکەمەکە، هیچ گومانیشی تێدا نەبوو کەخوڵقێنەری ئەوانە، هەردوو لای سەر شانۆ سیاسییەکە

بوون، لای‌یەکەم: پێشەواو هاورێکانی کەلەمەڵبەندی نیشتمان‌و نەتەوەپەروەری، ویژدان‌و یاساو دادوەری، خاوەن گفت‌و بەڵێن‌و ڕاستگۆیی، ئارام‌و ئاساییش‌و ئازادیخواز، مرۆڤدۆست‌و زوڵملێکراو، نیشتمان‌و ماف زەوتکراوەوە ڕەفتاریان دەکرد. لای دووەمیش: ڕژێمی تاران‌و سەرانی، کەتەواو بەپێچەوانەوە بوون.

بالێرەدا، کورت‌و پوخت، چەند نموونەیەك لەو ڕاستییانە بخەینە پێش چاو:

ڕۆژنامەی "جهان پاك" دوای بڵاوبوونەوەی بڕیارەکە نووسیبووی: "قازی محمدو سیفی قازی‌و صدری قازی کە بەاعدام محکوم کران اعلی حزرت بۆ دلنوایی کوردەکان عفوی کردبوون."(15)

ئەو درۆیەی ڕۆژنامەکە سەرچاوەکەی سەرەك وەزیران‌و شای ئێران بوو. کاتێ سەدری قازی پێش گرتنەکەی، خۆی دەگەیەنێتە تاران، تا قوام ببینێ بەڵکە بەڵێن‌و وادەکانی وەبیر بێت، هەموو داواکەی دێتە سەر ئەوە کەکارێ بکات بەڵکو نەنێردرێتەوە مەهاباد، چونکە لەوێ ئیعدام دەکرێ.

قوامیش دەڵێ:" دەزانیت کەگوشاری سەربازەکان زۆرە، ئەگەر تۆ نەچیتەوە مەهاباد وا خراپ تێدەگەن کە من پەیوەندیم بەفیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانەوە هەیە، باشتر وایە تۆ بگەڕێیتەوە مەهاباد تا منیش لێرە بەکاری ئازادکردنی ئێوە هەستم."(16) ئەوە لەکاتێکدا سەرەك وەزیران دەیزانی چی دەکرێ‌و چۆن ڕووداوەکان دەخولقێنرێن، هەر خۆشی دەیزانی لەو ساتانەشدا چاوەڕوانیان دەکرد کەسەدر بێتە دەرێ‌و بیگرن.

با لەسەرەك وەزیرانەوە بچینە لای شاو بزانین ئەم چۆن گفت‌و بەڵێنی خۆی دەخاتە ناو توورەکە مێژوویینەکەی ئەو نەریتە نەفرەتلێکراوەوە.

ئارچی ڕۆزڤیلت ئەفسەری موخابەراتی لەسەفارەتی ئەمریکا لەتاران لەبیروەرییەکانی خۆیدا دەنووسێ:

"چارەنووسی قازی محەممەد زۆری نەخایاند. هەرسێك قازییەکان لەمەهاباد، لە 23ی جانوەری، لە مەحکەمەیەکی عەسکەری ئاشکرادا محاکەمە کران‌و حوکمی ئیعدامیان درا. لەگەڵ ئەوەشەدا، جێبەجێکردنی حوکمەکان لەلایەن تارانەوە دواخرا، لەبەرئەوەی کە پێخۆش نەبون لەڕاستەی جەنگەی وتوویژی ناسك لەتەك شوورەوییەکاندا لەمپەرو تەگەرەی بێتە سەر ڕێ ئەو درێژە بەقسەکانی ئەدات:

ماوەیەکی کورت بەر لەوەی لەفیبریوەری 1947دا تاران بەجێبهێڵم، ژنرال ڕەزمارا چوو بوو بۆ مەهاباد، ئەمن وای بۆ چووم کەمەبەستی لەو سەفەرە بۆ چاودێریی ئیعدام کردنی برایانی قازی بێ. جا بۆیە ئەمن بەپەلە خۆم گەیاندە لای سەفیر "جورج ئاڵین" بۆ ئەوەی بزانم ئەو لەم بارەیەوە چی لەدەست دێ.

جورج ئالێن پێی گوتم:" ئەتۆ بۆچی ئەوەندە بەتەنگ چارەنووسی قازییەکانەوەی؟ دەبێ لەبیرمان نەچێ کە ئەوان لەتەك شوورەوییەکاندا هاوکارییان دەکرد." ئەمن وەڵامم دایەوە:"ئەمە ڕاستە، بەڵام ئەوان لەبناوانەوە ناسیونالیست بون وە بۆ باشترکردنی وەزعی گەلی خۆیان ئەوەی لەدەستیان بهاتبا دەیان کرد، ئەگەر ئەوان ئیعدام بکرێن، لەچاوی کوردە ناسیونالیستەکاندا لەهەموو شوێنێکدا ئێمە وەك بەشێك لەم دڕندەییە دادەنرێین."

"باشە، ئەتۆ دەڵێی ئەمن لەم بارەیەوە چی بکەم؟"

"من پێم وایە ئەتۆ دەبێ داوا لەشا بکەیت کەفەرمان بدا بە "ڕزمارا" بۆ ئەوەی قازییەکان بهێنرێن بۆ تاران و لە دادگایەکی عادیلانەو کراوەدا محاکەمە بکرێن."

لەسەر ویستی سەفیر، دەستبەجێ کاتی پێدرا کەچاوی بەخاوەن شکۆ حەمە ڕەزا شا بکەوێت، لەم دیدەنییەدا شا هیوای دەربڕی کەدادگا عەشیرەتییەکان باشتر بەڕێوە بچن وە لەمانە محاکەمەی کوردەکان. پاشان ئالێن بەشای گوتبو، ئەگەر چی قازییەکان هاوکارییان لەگەڵ شوورەوییەکاندا کردووە، بەڵام ئەوان کارێکی زۆریشیان بۆ بەرەو پێشبردنی خوێندەواری و پەروەردە کردوە، شا قسەکەی پێ دەبڕێ و بەبزەیەکەوە دەڵێ:

"لەوە دەترسێی فەرمانی تیرباران کردنیان بدەم"."چ ترسی وات نەبێ ئەمن نایان کوژم."

لە31ی مارسدا قازییەکان لەشەبەقی بەیاندا بەفەرمانی "خاوەن شکۆ شاهەنشا" لەدار دران.

مرۆڤ بەم ئاکامە دەگا کەلەوانەیە هەر دوای ئەوەی کەسەفیرەکەی ئێمە چۆتە دەرەوەو دەرگای لەسەر گاڵە دراوە، فەرمانی ئیعدام کردنی قازییەکانی ناردبێ.(17)

بەرەو سێدارەو وەسیەتنامەی پێشەوا

ڕووداوەکان بەو جۆرە گوزەریان پێدەکرا. کۆمار ڕووخێنرا، مەهاباد داگیرکرایەوە، ناوچەکە خرایەوە ناو زیندانە گەورەکە، پێشەواو سەدرو سەیف چاوەڕوانی ئەنجامدانی بڕیاری مەحکەمە دەکەن، نەیاندەزانی کەیو چۆن!. جار جار تروسکایی هیوا وەك بروسکەیەك لەناو بیرە ژاکاوەکاندا گوزەری دەکرد، بیرو گیانیان شەکەتی ناو مەحکەمەو هەڵمەتی هۆش و لەش بوون لەدژەکرداری دەرپەڕاندنی ڕەستەی "کوردی سەگ سیفەت" بەڕووی پێشەوادا، جارێ مەرەکەبی بڕیار وشك نەبوو بوو نەیاندەزانی ئەو شەوەی 30ئازاری 1947، هەر ئەو ڕۆژە، شەوەزەنگی ئەو ڕۆژە، دوا شەوی ژیانی دەبێت و لەرووەو بەرەبەیانی ڕۆژی 31ی ئەو مانگەدا، کاتێك خەڵکی مەهاباد لەشیرینەی خەودا دەبن ژیانی سەرکردەکانیان کۆتایی پێدەهێنن. لەپڕ بەو نیوەشەوە یەکێك خۆی کرد بەژووری زیندانەکەیاندا: خۆتان ئامادە بکەن، چونکە دەوڵەت بڕیاری داوە بنێردرێن بۆ تاران. ئەم هەواڵە کە هەمیشە بیری داگیرکردبوون، بۆ ئەو ساتە وەك مژدەی سەرفرازی وا بوو بۆ ئەوان. کەوتنە ئەملاو ئەولای یەکتری ماچ کردن، داوایان کرد ڕێگەیان بدەن داوای پول بکەن بۆ خەرجی، وەرام درانەوە کە دەوڵەت بەوە هەڵدەستێ.

پێشەوا ئامادە بوو، برایەدەرەوە، سواری لۆرییەکی پڕ لەچەکدار کرا، گوایا دەبرێ تا کەمە لێکۆڵینەوەو ڕێکخستنی پێویستی سەفەر سازبکرێ، لەبەر بینایەکی چەند دەرگا لەگۆشەیەکی چوارچرادا، دابەزێنرا. بۆ خانووەکە برا، ڕووەو ژوورێکی ڕووناك. کە کرا بەژووردا، ئیتر تێگەیشت کە لەدواساتیشدا درۆیان لەگەڵ کرا."مەلا صدیق صدقی" لە پشت مێزێك کە قورئانێکی لەسەر دانرابوو، سەرۆکی تەندروستی،و سەرهەنگ نکوزادو هی تریش ئامادە بوون. نکوزاد، بڕیارەکەی مەحکەمەی خوێندەوەو گوتی: بڕیاریشە کە دەبێ هەر ئێستا حوکمەکە ئەنجام بدرێ، بۆیە هەر داواو وەسییەتێکت هەیە بینووسە.

لەسەر وەسیەتنامەکەی پێشەوا، چەن ڕیوایەتێك باس دەکەن. لەمەڕ هەندێ لەناوەڕۆکی "جعفر مهدی نیا" و "روزنامەی مرد امروز" نووسیوویانە کەبەشێك لەوەسیەتەکە: تەرخان کردنی بەشێ لەسامانی بۆ دروست کردنی قوتابخانەو

نەخۆشخانە بۆ خەڵکی کورد لەمەهاباد تەرخان بکرێ،کوردی نەسیحەت کرد بەیەکێتی و شتی لەو بابەتانە.

هەرچی دوکتۆر ڕەحیمی قازی هەیە دەڵێ: بەگوێرەی وێژراوی ئەفسەرەکان قازی محەممەد دوو وەسیەتنامە ئەنووسێت، یەکیان لەمەڕ ماڵو منداڵو ئەوەی تریش لەمەڕ مەسەلەی سیاسی. ئەمەی کەلەمەڕ ماڵو منداڵە ئەیدەن بەخێزانی قازی، بەلام ئەوی دیکەیان نەدابوو ئێستاش مەعلوم نەبوو کە قازی لەوێدا چی نووسیبوو. لە وەسیەتنامەکەی لەمەڕ ماڵو منداڵ کەڕوونووسەکەی بەدەستی ئێمەوەیە چەند دێڕێکی مەبەستی سیاسیی تێدایە کەوا لەژێرەوە هەرچۆنێکی کەنووسیویەتی ئەیخەینە پێش چاوی خوێنەواران:"...بەو هەموو هۆیەوە کەلەئیختیاری مندا بو ئەگەر شەڕم کردبا ڕەنگ بوو تێ‌نەشکێین، بەڵام بۆ ئەمەی کەمەهاباد وێران نەبێت‌و بۆ خاتری تێدانەچوونی خەڵك شەڕمان نەکرد.

بەو هەموو ماشێن‌و هەلانەی کەلەئیختیارمدا هەبوو ئەمتوانی لەمەهاباد هەڵێم‌و دوو جاریش لەوتارەکانی خۆمدا بەخەڵکی مەهابادم گوت، ئەمن دەمزانی ئەگەر هەڵێم ئێرەش وەکوو تەورێزی لێدەهات‌و توشی کوشتارو تاڵان‌و بڕۆ دەبو. ئەمن بەخەڵکم ڕاگەیاند کە، ڕەنگە بمگرن‌و بشمکوژن، بەڵام بۆ ئەمەی نامووسی خەڵکی بپارێزدرێت‌و تالان نەکرێت هەڵنایەم‌و خۆم بەقوربانی ئێوە دەکەم. ئەوا ئەمن بەعەهدی خۆم وەفا نەکەم‌و تائێستاش لەمێژوودا نەدیتراوە کەسێك فیداکارییەکی وای کردبێت. هەڵبەت لەسەر ئێوەش پێویستە نیسبەت بەخزم‌و کەس‌و کاری من وەفادار بن‌و تۆڵەی منیش بستێننەوە.(18)*

*دوای بڵاوکردنەوەی وەسیەتنامەکەی پێشەوا کەلەشوێنی خۆیدا دەقەکەی دەبینیت، وادەردەکەوێت کەهەر ئەوە تەنها وەسیەتنامە بێت... پێشم وایە قسەکانی تری بەدەر لەم وەسیەتنامەیە، ئەسلێکیان نەبێت...چونکە پێش ئەوەی لەساتی جێبەجێکردنی حوکمەکە ئاگادار بکرێن، ڕێی تێناچێت هیچ نامە یا وەسیەتنامەیەك نوسرابێت... لەکاتی نوسینی ئەو وەسیەتنامەیەشدا بەکات‌و بەشێوەی نوسینی ئەو وەسیەتەدا هەر ئەو بۆچونە دەسەلمێنن.

لەدواییدا کاتی جێبەجێ‌کردنی ڕێوشوێنی ئیسلامەتی بۆ خۆ ئامادەکردنی مردن هات. ئینجا لەو دەرگای لەسەر مەیدانی چوارچرادا بوو هێنرایە دەرێ، ڕاستەوخۆ

چاوی بەهەرسێ سێدارەکان کەوت، گوتی : سێدارە لەئیسلامدا مەکروهەو گوللەبارانم بکەن. وەرامیان: بڕیار هەر سێدارییەو دەبێ هەر وا بکرێ.
لەسەعات سێ و دە دەقیقەی ڕووەو بەیانیی 31 مارسی 1947لاشەی پێشەوای نەتەوەی کورد بەسێدارەوە شۆڕبووەوە، دوای سێ و چوار دەقیقەیەك گیانی نەمری ڕوەو بەهەشتی ئەزەلی هەڵفری، ناوی پیرۆزیشی بەنەمریو مێژووی پڕ لەشانازیی بۆ کورد مایەوە.
بەهەمان ڕێگەو شوێن سەیفی قازی بەرەو سێدارە بەڕێ کرا، هەر کەپێی نایە ئەم دیو دەرگای سەر زەوی چوار چراو لاشەی پێشەوای بینی کەوتە پەلامارو نەعرەتە.... وەك شێر هاواری دەکرد: بژی پێشەوای کورد، بژی سەربەخۆیی میللەتی کورد. دەگوترێ زۆر لەو دەورپشتە، لەنەعرەتەی سەیف وەخەبەر هاتن. دوای پەتی سێدارە لەمل کردنو بەردانەوەی، پەت دەپچڕێ...
بەڵام زۆردار بەوەش وازیان لێنەهێنا، سەریان خستەوە سەر سێدارەو ئەویش بەگیانو ناوو شانازییەوە ڕێوشوێنی پێشەوای هەڵگرت.
سەدری قازیش بەوجۆرەی ئەوانی لەگەڵ کراو بەهەمان شێوە لەسێدارە دراو ناوو مێژووی ژیانی بەشانازییەوە بۆ کورد بەجێهێشتو گەیشتە ناو کاروانی شەهیدان.
دوای ئەو تراجیدیا پڕ لەنەهامەتیو ڕوخانو لەسێدارەدانانە، دەمێنێتەوە سەر پرسیارێك کە ئارچی ڕۆزڤیلت لەکۆتایی باسەکەی لەسەر مەهاباد بۆ ئایندەی کوردی بەجێی هێشتبوو دەڵێ: دەبێ داهاتو ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە کەئایا لەشوێنێکدا کەخەڵکەکەی مریدو لایەنگری ڕێبەرانی مەزهەبیو سەرۆك عەشیرەتەکانو ناسیونالیزم بۆیان دیاردەیەکی نەناسراوە، جوڵانەوەی کوردی شتێکی پراکیتكو گونجاوە...؟(19)

پرسیارێکی تەواو گونجاوە لەگەڵ سەرەنجامی یەك لەدوای یەکی ڕاپەڕینو شۆڕشەکانی کورد. بەڵام کام جووڵانەوە؟ یان کام شێوەو ڕێبازی خەبات؟ چونکە هیچ گومان لەوەدا نییە کەئەو بارودۆخە خراپەی کوردی تیا قەتیسکراوە، بەبێ بوونی کورد خۆی، بێخواستو ویستو خەباتو دورشمو ئامانجی خۆی، بۆ خۆی، گۆڕان نایەتە ئاراوە. بۆیە ئەم بوونو جووڵانەوەیە بۆ ئەو گۆڕانەی کە دەبێ کورد بگوێزێتەوە بۆ مەڵبەندی ئازادیو سەفرازیو دەوڵەتی نەتەوایەتی خۆی، زۆر

پێویستو پراكتیكیشە، بەڵام چۆنو لەسەر چی ڕێبازو هەلومەرجێ؟ خۆ ئەگەر مەبەستیش لەوە جووڵانەوەی چەكدارو شۆڕشە، شێوەو ڕێبازی خەباتە وائێستا پاش ئەوەی پرسیارەكە لەسەر سەرەنجامی ڕووداوێك كراوە كە زیاتر لە(55)ساڵی بەسەردا تێپەڕیووەو تازە بەهەمان شێوەو بۆ هەمان مەبەست ڕووبەڕوومان ئەبێتەوە، لەبارودۆخی سەردەمدا پرسیارەكە پێویستی بەهەڵوێستەیەكی هۆشیارانە هەیە. سەبارەت بەو هەموو زیانو كارەساتانەی سەرەنجامی هەر یەك لەم جۆرە جووڵانەوانە بوون، دەبێ هێزە سیاسییەكانی كورد، لەناو لێكۆڵینەوەیەكی هەمەلایەنەی وردو بابەتیو زانستییانەی ڕابردوودا، بكەونە سەر ڕێبازی دانانی ستراتیجێكی یەكگرتوو بۆ جووڵانەوەی نیشتمانی كوردستان. بەرەخساندنی بەرەیەكی یەكگرتووی سەرتاسەری، بەتێكەیشتنی واقیعی هەر بەشە، گونجاندنی خەباتی پلەیی، دروشمو ئامانجی پلەیی لەگەڵ جووڵانەوەی سەرتاسەریو ستراتیجییەكەیدا. ئەمەیە كە دەبێ هێزە سیاسییەكانی كورد كاری بۆ بكەنو نەیەڵن لەوە زیاتر كات بەسەربچێ نەیەڵن لەوە زیاتر هێزو توانا بەهەدەر بڕوات، نەیەڵن لەوە زیاتر كورد تووشی زیانو كارەساتو شكستیو هەرەس ببێت. بەتایبەتی بۆ ئەمڕۆی كورد كە لەكوردستانی عیراقدا هەلێكی مێژوویی تری بۆ ڕەخسێنراوە، وا لەناو هەمان سەرچاوی بیری پرسیارەكەوە، كورد خۆی نەك دوژمنەكەی خەریكە لەناو شەڕی خۆكوژیدا وەڵامێكی پۆسەتیڤ دەداتە دەست پرسیارەكەی ئارچی روزفلت...

وەسیەتنامەكەی پێشەوا

بۆ زیاتر روناكیی خستنەسەر دواساتەكانی ژیانی پێشەوا قازی محەممەدو ئەو وەسییەتنامەیەی لەو دواساتانەی پێش لەسێدارەدانیدا نوسراوە، لێرەدا دەقی دەقە ئەسڵیەكەو تایپكراوی وەسیەتنامەكە دەخەینە پێش چاو....

این وصیتنامه، در دهم فروردین 1326 بحضور اینجاب محمد صدیق صدقی گفته اند:

یك پارچه یا دو پارچه قالی یاقالیچه سید رحیم پسر سیدجامی با اسبابهای منند، بدهید بخودش‌و او هم پولی به من مقروض است، اگر داد خوب و اگر نداد مختار است.

گندمی كەدر تثبیت بودەاست‌و مال من است اگر دادند بگیرید.

موقعی کەمرا بازداشت کردند پنجهزارو دویست تومان در جیبم بوده، از من گرفتند ویکصدو پنجاه و سه تومان هم یك فقرەو دەهزار تومان هم سروان شریف بە نام حق الوکالە از عیال من گرفتە ان را هم پس بگیرید.

معینی سە هزار تومان چیزی زیاد یا کم بەمن مقروض استو لو هم چیزی دادەاستو ساعت کەبەعنوان هدیە برای من اوردە داخل دفتر شرکت کردەو من با شرکت طرف نبودەام.

سید سلام نمیدانم هشت هزار تومان یاچیزی کمتر طلب بر سرم دارد، هرچە خودش گفت بە او بدهید.

تلفون را بردەاند تعقیب نمائید.

اتومبیلی کە ازبابا شیخ گرفتە اند انهم مال شخصی خودش است.

چهار جیب کە بشخص خودم... ودر اختیار من بودە انها هم مال شخص خودم میباشند.

چون سروان شریف زحمت... در حدود سیصد تومانی بە او بدهند.

اگر ان پانزدە هزار تومان بالا اخذ شدبە هر یك از سعید همایونو میرزا رحیم کەخدمت کردەاند یك هزار تومانو بە محمد فیروزە خانم هم پانصد تومان بدهید.

خواهر خودم هستند غیر از اغلیان کە بەاسم خودم ثبت شدە، در همەو ترکە پدرم حق دارند، ایشان را راضی نمائید.

عیالم مادر بچەها وصی باشد اطفالها سرپرستی بکندو ملا عبدالله ناظر باشد.

مطبعە هم خودم خریدە ام مال من است.

مام عزیز قرنی اقا کاری کەبر سرش امدە بە خیالش بەتحریك من بودەاست اگرچە بی خبرم، اما کاری بکنید کە مرا ازاد نماید.

میرزا رحمت یادیگری هرچند از کشتن نجاتش دادم اگر از من چیزی در دل داشتە باشد ازادم کند.

نوکرها کە این مدت خدمت کردەاند زحمت با من کشیدەاند، نیکی بە ایشان کردەو ایشان را راضی نمائید.

بعد از...چند هزار تومان برایم اسقاط وتهلیل نمائید.

شب 10-1-1326

محمد قاضی   *امضاء*

شب 1326/1/10   *ملا صدیق صدقی و قاضی محمد.*

وەسیەتنامەکەی پێشەوا

هەندێ سەرنج و ڕوونکردنەوەلەسەر وەسیتەنامەکە:

1-ئەم سەنەدەی لێرەدا بڵاودەکرێتەوە وەسێتنامەی پێشەوا قازی محەمەدە، کەبەخەتی مەلا صدیق لە شەوی 10-1-1326ی هەتاویدا(31-3-1947)، نیو سەعاتێك پێش شەهیدبوونی قازی نوسراوە پێشەوا بەردەوام ئیمزای خۆی بە"محمد قازی"نووسیوە.

مامۆستا مەلا صدیقی صدقی ڕۆحانییەکی زۆر بەڕێزی مەهابادی بووەو لەڕابوردوودا پێشنوێژو دەرسبێژی مزگەوتی هەباساغای مەهاباد بووە. لەشەوی لەداردرانی قازیدا بۆ وەسێت کردنی قازیو یارانی، ئەویان هێناوە تا وەسێتەکەیان یادداشت بکا.

ئەسڵی ئەم وەسێتنامەیە لەلای "دۆکتۆر عەبدوڵڵا ئەبریشەمی"یە. دۆکتۆر ئەبریشەمی پیاوێکی هەڵکەوتووی مەهابادە، زاوای قازی محەمەدەو ئێستا لەتاران دەژی. کاك سەعیدی هومایوون کە خوشکەزای قازییە، بۆ ڕوونکردنەوەو شیکردنەوەی چەند جێگەیەکی ئەو بەڵگەنامەیە یارمەتییان دام. زۆر سوپاس بۆ گەورەیی و پیاوەتیی هەردوولایان.

2-(گندمی کە در تپبیت است)، تپبیت (تەسبیت) ناوی جێگەیەکەو عەمباری دەغڵ و دان بووە.

3-معینی: محەمەد ئەمینی موعینی، وەزیری کیشوەر لەکابینەی کۆماری مەهاباددا.

4-(سید سلام نمیدام هشت هزار تومان)، سەیید سەلامی حوسەینی، ئەرباب(خاوەن)ی دێی سەوزی بووە.

5-بابا شێخ: جەنابی حاجی بابا شێخ؛ سەرۆك وەزیرانی حوکوومەتی مەهاباد.

6- لەدوو جێگەدا ناوی سەروان شەریف هاتووە، ئەم سەروان شەریفە ئەفسەرێك بووە لەپادگانی مەهاباد کەئەو سەردەمە لەلایەن حوکوومەتەوە وەك وەکیل(پارێزەر)ی بەزۆر دانراو(تسخیری) بۆ پێشەوا قازی دیاری کراوە، پیاوێکی بەڕێزو ڕاستگۆ بووە، پاشتر خاتوو مریەمی کاکاغازادەی خەڵکی مەهاباد بوو بەهاوسەری. زۆربەی ڕووداوەکان لەبارەی قازییەوەو کاروباری بەدادگادانی ئەوی بۆ خەڵکی مەهاباد گێڕابووەوەو ئاشکرا کردبوو.

7-(عیالم مادر بچەها... و ملا عبدالله)، مەبەست مەلا عەبدوڵڵای مودەڕیسییە.

8-(اگر ان پانزده هزار تومان بالا اخز شد بە هر یك از سعید همایون و میرزا رحیم... و بە محمد فیروزە خانم)، سەعیدی هومایوونی کەسایەتییەکی بەڕێزو خۆشەویستی مەهابادە(لەبنەماڵەی فەیزوڵڵا بەگییە)و خوشکەزای پێشەوا قازی محەمەدە. میرزا ڕەحیم، میرزا ڕەحیمی جەوانمەردی قازییە.

محەمەدی فەیرووزەخانم کارمەندی ئیدارەی دوخخانییات(کارگێڕیی توتن)ی مەهاباد بووە، تار ژەنێکی لێهاتوو بووەو پوورزای قازی بووە.

9-میرزا ڕەحمەت: خودا لێ خۆشبوو میرزا ڕەحمەتی شافیعی، یەکێك بوو لەکەسایەتییە ناودارو دیارەکانی مەهاباد.

10- ئاغڵیان: ناوی دێیەکە لەدەوروبەری مەهاباد.

با لێرەدا بگەڕێینەوە دواساتەکانی سیاسەتی ڕژێمی شا بەرامبەر بەکوردو بەڵێن‌و پەیمان‌و ڕووداوەکان...

بۆ زیاتر چاوترساندن‌و سەرکوتکردنی کۆمەڵانی خەڵك ڕژێمی شا چەندین تێکۆشەری تر بەخنکاندن حوکمدا لەوانە:

لە 7ی نیسان‌دا، حمید مازوچی، ڕەسول نەغەدەیی، ملازم عبدالله ڕەوشن فیکر وەملازم محمد فاگمی لەمەهاباد کران بەسیدارەدا. هەر لەو ڕۆژەدا لەسەقز ئەمانەی خوارەوە لەسێدارە دران: شێخ حمە امین کەس نەزان، ئاغا صدیقی یازی بلاغی، علی ئاغای تەموتە، ئەحمەد خانی فاروقی، عەولاخانی فاروقی، حمە خانی فاروقی، ڕەسول ئاغای میرەدێ، حسین خانی کانی نیاز وە عبدالله مەتین.

وەلەبۆکان: علی بەگی شێرزاد، محمد بەگی دانشوەر، ئەحمەد خانی کەلتەگە، محمد خانی بابە خان بەگ وە محمود خانی تورکمان کەندی، کران بەپەتی سێدارەدا.(28)

سەرەڕای ئەوە بەدەیان لێپرسراوو سەرکردەی کۆمار لەزیندان توندکران‌و دەیانی تر خۆیان نەدا بەدەستەوەو ئێرانیان بەجێ هێشت یاخۆیان شاردەوە.. ئیتر چەوسانەوەو ئازاردان لەخراپترین شێوەدا دەستی پێکرد، گەلێکی شکاو، بەکاتیش بێت، بکەوێتە بەردەست دوژمنێکی کۆنەپەرستی خوێن ڕێژ، ئەبێت ژیانی چۆن بێت؟

سەرەك وەزیرانی ئێران- احمد قوامولسەڵتەنە- ئەو دەورەی پێی سپێررا بو پێی هەستا، نەخشەکەی بەئەنجام گەیاند، ئەوسا فەرمانی پێ‌کرا کە ئیستقالەی خۆی‌و وەزارەتەکەی پێشکەش تەختی شا بکات‌و هەر خێرا جێ‌بەجێ‌ی کرد.

دوای ڕوخانی هەردو کۆمار، بەڵێنەکانی قوام لسەڵتەنەو پەرلەمان‌و سەربەستی دیموکراسی‌و مافی کرێکاران‌و ئازادی بیروڕاو چالاکی پارتی‌و ڕێکخراوەکان‌و نوێنەرانی تودە لەوەزارەت‌و تاد... چیان لێ بەسەر هات؟ ئەوانە وەکو هەڵم چوون بەئاسمانا و نەك هەر شوێنەواریان نەما، بەڵکو ڕژێمی تاران کەوتەقەلاچۆکردنی هەمو بیرودەنگ‌و داوایەکی ئازادی، سەر لەنوێ ستەم‌و زۆرداری سەرانسەری ئێرانی گرتەوە.

لەشوێنی خۆشیدایە، دوای ئەوانە، ئاورێك لەپەیمانەکەی نێوان سۆڤیەت‌و ئێران بدەینەوەو بزانین کۆمپانیای هاوبەشی نەوت چی لێبەسەر هات:

"پاش ئەوەی حکومەتی قوامولسەڵتەنە بەیارمەتی ئینگلیزو ئەمریکا لەجولانەوەی ڕزگاریخوازانەی ئازەربایجان‌و کوردستانی‌داو لەگۆمی خوێناو خۆڵدا نقومی کردن، ڕێکخراوەکانی حیزبی تودەو یەکێتیەکانی کرێکارانی لەناوبرد...

ئەوسا لەتشرینی یەکەمی ساڵی 1947دا پەیمانەکەی سۆڤیەتو ئێرانی خستەبەردەم پەرلەمان... پەرلەمانیش رەفزی کرد..."(29)

بەڵی نزیک روانینو دورکەوتنەوە لەتێگەیشتنی سروشتی رژێمو چینی دەسەڵاتدار... نەبونی بنچینەی زانست لەشیکردنەوەی سروشتی رژێمی تاران، دەرك نەکردن بەپیلانو نەخشەی دوژمنانە بەرامبەر دوو گەلی ئازادیخوازو دوو قەوارەی خودموختار... ئەبێت هەر ئەوە ئەنجامی بێت.

ئەگینا زۆر ئاشکرا بو کە رژێمی شا نۆکەری ئیمپریالیزمە، لەوەش ئاشکراتر ئەوە بو کەئیمپریالیزمی بەریتانیا هەر لە سەرەتای ساڵی 1920 وەبەهۆی (کۆمپانیای پیترولی سەروی ئێران) دەستی بەسەر نەوتی ئێراندا گرتبوو، ئیمپریالیزمی ئەمەریکاش هەر لەکۆتایی ساڵی 1921وە بەهۆی (کۆمپانیای ستاندارد اویل اوف نیوجرسی)یەوە هاوبەشی نەوتەکە بو... لەدوایشدا هەمو نەوتی ئێران کەوتە بەردەستیان، ئەی چۆن دەست بەرداری ئێرانو نەوتەکەی ئەبن، چۆن رێگە ئەدەن رژێمی تاران روو بکاتە لایەکی تر یان رێگەی ئازادی گەل بداتو جێگەیان پێ لێژ بکرێت؟ بێگومان سروشتی ئیمپریالیستیی ئەو دوو دەوڵەتە هەرگیز رێگە بەوانە نادەن، ئەوە راستیەکە زۆر لەمێژەوە ئاشکرایەو بیر لێکردنەوەی قوڵی ناوێت.

پەراوێزو سەرچاوەکانی پاری یەکەمی بەشی هەشتەم

1-د. حسن محمد، مسأله النفط ومؤامرات الاستعمار في ايران ترجمة احمد عبدالكريم، طبعه بغداد-ص15و 16.

2-د. حسن محمد، هەمان سەرچاوە، ل15و16و 17.

3-سليم طه التكريتي، معركة النفط في ايران، بغداد 1951، ل 109ء 110و 111و 112.

4-علاءالدین سەجادی، شۆرشەکانی کوردو کوردو کۆماری عیراق بەغدا 1959، ل 304و305.

5-ب- ئەلوەندی، زنجیرە روداوێکی گرنگ... رۆژنامەی دەنگی کورد ژمارە 48ی ساڵی 1960.

6- ریدر بولارد سەرچاوەی ناوبراو، ل192و 193.

7-جورج لنشوفسكي- الشرق الاوسط في الشؤون العالمية، ج1ترجمة جعفر خياط، بغداد 1964 ص246ء 247.

8-هێمن سەرچاوەی ناوبراو، ل22.

9-علاءالدين سجادی، سەرچاوەی ناوبراو، ل287و 288و 289.

10-نامەیەکی دەست خەتی مصطفی خۆشناو بەئیمزای خۆی. بروانە مەحمود مەلا عززەت، دەوڵەتی جمهوری کوردستان، بەرگی یەکەم-ستوکهولم 1992.

11-12- نامەیەکی تایپکراو. بروانە، مەحمودمەلا عززەت،هەمان سەرچاوە.

12- علاءالدين سەجادی، سەرچاوەی ناوبراو، ل 290 بەداخەوە کەهیچ سەرچاوەیەك بۆ ئەم پێکهاتنە دەستنیشان نەکراوە لەناو بەڵگەنامەکانی سەردەمەکەشدا شتێکی وا ناکەوێتە بەردەست کەباسی ئەو رێکەوتنە بکات، هەروەها بۆ رێکەوتنەکانی تریش کەعەلائەدین سەجادی باسیان دەکاتو ژمارەیەکیان لێرەدا دەبینرێن.

13-ب. ئەلوەندی، زنجیرەی روداوێکی گرنگ.. رۆژنامەی دەنگی کورد ژمارەی 69ی ساڵی 1960 لەناو سەرجەمی ئەو بەڵگەنامەو رۆژنامانەی لەبەردەستدان، ئامازە بۆ کارێکی لەم بابەتە نەکراوە...

14-زانا، بیرەوەری دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەمەهاباد، رۆژ نامەی خەبات ژمارە 413/ بەغدا/1960.

15-هێمن، سەرچاوەی ناوبراو، ل26.

16-بەگشتی پێك هێنانی وەفدی هەردوولاو ناوەرۆکی ئەو رێککەوتنە لەکتێبەکەی ئیگلتنەوە وەرگیراو، کەلەگەڵ ئەو دەقەی لەگۆڤاری هەڵاڵەدا بڵاوکراوەتەوە جۆرە جیاوازییەك لەنێوانیاندا هەیە، وەك لەجێگەیەکی تردا رووناکیی خراوەتە سەر.

17- Wiilliam Eagleton, op. Cit, p. 106

18- William Eagleton, Ibid.P. 106

19-علاءالدين سەجادی، سەرچاوەی ناوبراو، ل299.

20- علاءالدين سەجادی، هەمان سەرچاوە، ل308و 309.

21-علاءالدين سەجادی، هەمان سەرچاوە، ل 308.

22-هێمن، سەرچاوەی ناوبراو، ل26و 27.

23-علاءالدين سجادی، سەرچاوەی ناوبراو، ل310و 311.

24- لەپەراوێزی کتێبەکەی ئیگلتن کە جەرجیس فتح الله وەریگێڕاوە بۆ عەرەبی، ل 195.

25- هێمن سەرچاوەی ناوبراو، ل27و 28.

26-هێمن، هەمان سەرچاوە، ل28.

پەراوێزو سەرچاوەکانی پاری دووهەمی
بەشی هەشتەم

1-بۆ سەرنجدان لەدەقی پەیمانی نەوت، بڕوانە: مەحمودمەلا عزەت، ك.م.م. چاپی 1984و1986 ل159-162.

-سليم طه التكريتی، معركة النفط في ايران، بغداد، 1951 ص109-112

2-عبدالرحمن قاسملو، سەرچاوەی ناوبراو.

3-ئەبولحەسەنی تەفرەشیان، پاشەکشەی بارزانییەکان لەکوردستانی ئێران، وەرگێڕ حەسەنی سەیف(قازی) 1987، ل 16و17. ئەو نووسینە بەشێکە لەکتێبی (قيام افسران خراسان) 1977، کەناوبراو نووسیویێتی، ئەم خۆی ئەفسەرێکی کۆماری ئازەربایجان بوو، لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی ترو دوو تۆپ نێرابوون بۆ کوردستان بۆبەهێزکردنی بەرەی جەنگ.

4- هێمن، سەرچاوەی ناوبراو، ل27-28.

5-عبدالرحمن قاسملو، سەرچاوەی ناوبراو، ل68-69.

6- کوردستانی نوێ، ژمارە 390، 1993/5/17.

7-عبدالرحمن قاسملو، سەرچاوەی ناوبراو، ل61.

داخم ناچێت کە دکتۆریش یەکێکە لەوانەی کەئەو ناوەی بۆ ڕووخاندنەکەی کۆمار بەکارهێناوە، دیسان لەبەکارهێنانی هەمان "زاراوە"دا بۆ هەرەسی شۆڕشەکەی ئەیلول1961، لە 1975دا هەمان بۆچوون جێگەی خۆی دەگرێ.

8-احمد شریفی، عشایر بارزان، ل45.

9-نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان، کورد لەگەمەی سۆڤیەتیدا، ئوتریخت1993، ل 265.

10-ئارچی ڕۆزڤیلت، ك.ك لەمەهاباد، ل 51.

11- ئارچی ڕۆزڤیلت، سەرچاوەی ناوبراو، ل52.

12-کوردستانی نوێ، ژمارە 390، 1993/5/17، "دیدەنی کوڕی ڕەش" دکتۆر ڕەحیمی قازی، سەرچاوەی ناوبراو، ل10-11.

13-دکتۆر ڕەحیمی قازی، سەرچاوەی ناوبراو، ل33، 34.

14-دکتۆر ڕەحیمی قازی، هەمان سەرچاوە، ل9-10. دکتۆر ئەو بڕگەیەی دوایی لەئارشیوی دەوڵەتی شوورەوی دەرهێناوە، بەڵام بەداخەوە ئاماژەی بۆ جۆری ئەرشیفەکەو ژمارەو شوێنی نەکردووە.

-بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەو مەحکەمانە، بڕوانە ئەم سەرچاوانەی لەم باسەدا ناویان هاتووە.

15-بەکورتی هەڵکەوتی دیریکی لەڕۆژنامەکانەوە، وەرگێڕی حسین حزنی موکریانی. 3نشرەی دەنگی گیتی تازە 1947، چاپخانەی معارف، بەغدا، ل 3. لەڕۆژنامەی جهان پاك، ژمارە1، وەرگیراوە.

16- جعفر مهدی نیا، سەرچاوەی ناوبراو، ل544.

17-ئارچی ڕۆزڤیلت Archie Rooseult- For lust Of Knowing, memoirs Of an Intlligence Office, George Weiden feld+ Nicolson, limited, London-1988.P.287-288.

18-دکتۆر ڕەحیمی قازی، سەرچاوەی ناوبراو، ل 38، 39.

19- ئارچی ڕۆزڤیلت0ئارشی ڕۆزڤیلت) کۆماری کورد لەمەهاباد، ل 57.

سەرنج:

لەدەقە وەرگیراوەکانی هەندێ سەرچاوەدا زۆر جار لەنێوان دوو وشە یان دوو ڕستەدا چەند نوختەیەك بەم جۆرە دانراوە... واتە لەو شوێنانەدا یان وشە یان ڕستەی تر هەیەو بەپێویستم نەزانیوە بنووسرێ، تکا لەخوێنەری بەڕێز دەکەم لەوە ئاگادار بێت.

بەشی نۆهەم

بۆچی جەمهوریەتی کوردستان وابەئاسانیی روخێنرا..؟

1-ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستیی...

2-دامەزراندنی کۆمار لەسەر زەمینەیەکی پتەوو هەلومەرجی رەسیو نەبوو...

3-لاوازیی هەستو نەستی نەتەوەیی و کزیی هوشیاریی سیاسیی...

4-جێگیر نەبوونی خەباتی یەکگرتووی گەلانی ئێران و نەبوونی بەرنامەیەکی هاوبەش...

5-خۆبەدەستەوەدانی پێشەوا قازی محەمەدو هاورێکانی...

6-باش نەناسینی دۆستو دوژمن و زوو باوەڕکردن بەداگیرکەر...

7-ناکۆکیی و ناتەبایی ناو ریزەکانی گەل..

8- مانەوەی رژێمی دەرەبەگی و سیستمی خێلەکیی و دواکەوتوویی کۆمەلگەی کوردستان...

9-لاسەنگیی لەچەكو ئازوقەو تفاقی پێویستو لەروی ئابوریی و داهاتەوە.

10-سیاسەتی چەوتی یەکێتی سوڤیەتو کشانەوەی لەشکری سور لەئێران،

11-بەئاسانیی روخانی کۆماری ئازەربایجان.

12- سودوەرنەگرتن لەتوانایی ئابوریی و مرۆڤیی ناوچەکانی تری کوردستانی ئێران و هەموو بەشەکانی تری کوردستان.

جێگەی جوگرافیی کوردستان لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕستدا شوێنێکی ستراتیژیو جێگەی سەرنجو بایەخو تەماعی هێزە هەرێمییەکانو زلهێزەکانی دنیاش بووە، سەبارەت بەداگیرکردنو دابەشکردنیشی باری جیۆپۆلیتیکو بارێکی جیۆستراتیجیی هەستیارو ئاڵۆزی بۆ خوڵقێنرا، کەکۆماری کوردستانیش دامەزرێنرا سنوورەکانی عیراقو تورکیا ئاڵۆزتر بوون، سنوریشی لەگەڵ کۆماری ئازەربایجانی دۆستو هاوپەیمانیدا بێ کێشەو گرفت نەبوو. بەرەکانی رووبەڕووی ئەرتەشی رژێمی شا-ش بەردەوام نائارامو مەڵبەندی هەڕەشەو شەڕو پێکدادانبوون، واتە دوولای سنوری بەهەڕەشەی ناو ململانێی دوو دوژمنی ناسەرەکییو سێهەمیشی بەسەر یەشەو چوارەمیش بەهەڕەشەی راستەوخۆی دوژمنی سەرەکییەوە گیرابوون، هۆکاری سەرەکیی کەئەو هێزانەی یەك پێدەگرێتەوە مەسەلەی کوردبوونی پارچەیەکی کوردستان بوو. سنوری جواگرافیش بۆ هەریەکەیانو ئایندەی کورد، وەك هەڕەشە سەیری دەکرا..

ئەوانە، ئەو هەڕەشەو ئاڵۆزیانە سەرچاوەی خوڵقاندنی هۆو هۆکارەکانی مەترسییو روخاندنی کۆمار بوون.. لەگەڵیشیاندا رۆڵی یەکێتی سوڤیەت لەدامەزراندنیو جۆری مامەڵەو هەڵوێستیو کێشانەوەی لەشکری سورو رێکەوتن لەسەر نەوت، لایەنێکی تری گرنگ بوون لەدیاردەی روخاندن...

بەگشتییو لەگەڵ ئەوانەدا هۆیەکانی شکستییو روخاندنی کۆماری کوردستان زۆرن، هەندێکیان خۆییو ئەوانی تریان دەرەکین، بەدەر لەلێکدانەوەو بۆچونە کلاسیکییەکان کەهەمیشە هۆیە خۆییەکان بەسەرەکی دەرەکییەکان بەناسەرەکیی دانراون، لەم ئەزمونەی کۆماردا، هەر وەك لەئەزمونی حوکمدارییو مەلیکایەتییەکەی شێخ مەحمودی نەمر لەباشوری کوردستاندا، هۆیە سەرەکییەکان لەخۆییو لەدەرەکیشدا خۆیان دەبیننەوە، بگرە هۆیە دەرەکییەکان کاریگەرو بەتەئسیرتر بوون لەروخاندنەکەدا، لێرەدا ئاماژە بەگەلێك لەو هۆیە سەرەکییانە دەکەین کەڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر روخانەکە هەبووە:

-1-

ئیمپریالیزم و کۆنە پەرستیی

بەرژەوەندییە ئابوریی و بازرگانییەکان، ستراتیجی زلهێزەکان و نەخشەیان بۆ دەستگرتن بەسەر ناوچە جوگرافییە هەستیارەکاندا، سەقامگیرکردنی ناوچەی تامپۆن لەبەردەم هەرەشە گەورەکاندا، بازاڕ دۆزینەوە، ململانێ لەسەر نەوت(1) سەرچاوەی کەرەسەی خاو بۆ پیشەسازیی.. ئەوانە هۆی سەرەکین لەنەخشەی دەوڵەتە سەرمایەدارو زلهێزەکانی دنیادا بۆ دەستبەسەراگرتن و داگیرکردنی ئەم وڵات و ئەو وڵات... کوردستان یەکێك بووە لەو ناوچە گرنگانەی گەلێك لەو بەرژەوەندییانەی ئەو زلهێزانەی تێدا بینراوە، یان چاوەڕوانکراو بوەو، هەر لەکۆنیشەوە مەیدانی ململانێ و شەڕو داگیرکردن و لەشکرکێشی بووە... لەدوای یەکەم جەنگی جیهانیش، ئەو بۆچوون و نەخشەو هەوڵانە بەرین و زیاتر بوون و زۆرانبازییەکان ئاشکراو توندوتیژ تربوون.. کاتێ بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردانیش سەری هەڵداوە، بەهۆی بارو دۆخە هەرێمییەکانەوە، بەهەڕەشەیەك بۆ سەر بەرژەوەندییەکانیان دانراوە، بۆیە راستەوخۆ بەرەنگاری بوون و لەدژی وەستاون و بونە هۆی سەرەکیی لەروخاندن و لەناوبردنی راپەڕین و شۆڕش و قەوارە ئازادەکان.

دامەزراندنی جەمهوریەتی کوردستان، سەبارەت بەکات و شوێن و جۆری دامەزراندن و هۆیە راستەوخۆکان، بەهۆی ململانێی زلهێزەکان لەسەردەمێکی زۆر ناسك و جێگەی زۆر هەستیاردا، کەسەردەمی سەرەتای شەڕی سارد بوو، ئێرانی رووبەڕووی یەکێتی سوڤیەت کرد کەلەپشتیشیەوە هەردوو زلهێزی خۆرئاوا بریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو.... لەبەر ئەوانە ئەم کۆمارە کەوتە ناو بازنەی دژەکان، بەبەرژەوەندییەکانی ئەمریکاو ئینگلیزیشەوە، بۆیە کارێکی چاوەڕوانکراویش بوو کەڕاستەوخۆ پاڵپشتی رژێمی کۆنەپەرستی تاران بن، نەخشە لەدژی نەیارەکانی دابنێن و هەمووجۆرە یارمەتییەکی بدەن.. وەك نمونەیەك:

"سەفیری ئەمریکا لەتاران ج. الن لەگەڵ (رزمارا)ی سەرەك ئەرکانی گشتیی ئەرتەشی ئێران سەری لەبەرەکانی شەر ئەدا لەکوردستان..."

جگە لەوە:

"بەشەکانی لەشکری بریتانیا بەسەرکردایەتی (میجەر ئوکشادا سنردا) یارمەتیی دەسەڵاتی سەربازی ئیرانی ئەدا بۆ دامرکاندنەوەی جولانەوەی رزگاری خوازی کورد.."(2)

ئەوانەو یارمەتیی لۆجستی و گوشار خستنە سەر روسەکان بۆ کێشانەوەی لەشکری سور، مانۆڤرە سیاسیی و سەربازییەکان، هەڕەشە بەشەڕێکی نوێ، نوێ دروستکردنی بۆمبی ئەتۆم لەلایەن ئەمریکاوە، ئەوانە پاڵپشتێکی گەورە بوون بۆ تاران کەراستەوخۆ لەدژی کۆمارەکەی کوردبن..

دەربارەی سیاسەتەکانی ئینگلیزو ئەمریکا لەدژی کورد، لێکدانەوەی حزبی دیموکراتی کوردستان لەسەردەمی خۆیدا بەم جۆرە بوو:

"ئینگلیزەکان بەتایبەتی لەوە دەترسان لەچەسپاندنی کۆماری کوردستان لەئێران تەئسیر بکاتە سەر کوردستانی عیراقیش کەسەرچاوەی نەوت بو، نەوتەکەش زیاتر بەدەست شیرکەتەکانی ئینگلیزەوە بو ئەمریکاییەکانیش هەم بەگشتی دژی پەرە ئەستاندنی رزگاریخوازیی بون و هەم بونی بنکەیەکی دیموکراتی وەك کۆماری کوردستانیان لەئێران بەزیانی نفوزی خۆیان لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕستدا دەزانی، بێجگە لەوە شیرکەتەکانی نەوتی ئەمریکاییش لەنەوتی کوردستانی عیراقدا بەشداربوون. بۆیە ئەم دوو وڵاتە ئیمپریالیستە بەهەموو هێزیان رژێمیی کۆنەپەرستی ئێرانیان بۆ لەناوبردنی کۆماری کوردستان هانداو لەهەمو بارێکەوە دراوو چەك و موستەشار یارمەتیان پێکرد...(3)

-2-

دامەزراندنی جەمهوریەتی کوردستان لەسەر زەمینەیەکی پتەوو هەلومەرجی ڕەسیوو ڕەخسیو نەبوو

دامەزراندنی کۆمار لەناو پرۆسەیەکی وادا نەبوو کەزەمینە بۆ کارێکی وا گەورە خۆش بکرێت، هەلومەرجەکان بەسازاویی بێنەئاراوە، بارودۆخەکان بەو جۆرە لەدژی دامەزراندنی کۆمار نەبن.

هەرچەندە کاری باش و چاوێنی و هەنگاوی لەبارو بەسوود نرا، بەڵام ئەو دیاردانە ڕێگەی گۆڕانی رادیکاڵ و بنەڕەتییەکی ئەوتۆیان نەئەدا کەپایەگەکانی سەقامگیرکردنی قەوارەکە بینابکرێن و کۆمار لەدیفاکتۆیەکی تەمەن کورتەوە بکرێتە دیژۆرێکی وا کەلەخەمی روخان و بەردەم هەڕەشەکان ڕاوەستاوو خۆگربێت...

لەسەر رۆڵی سەرکردایەتییەکەو ئاستی تواناکانی خەملاندن و چەسپاندنی ئەزمونەکە، لەنرخاندنی ئەو سەرکردایەتییە حزبی دیموکرات لەکۆنگرە سێهەمێدا دەڵێت:

"کزی سەرکردایەتی حیزب و نەبونی ڕێکخراوێکی ڕێك و پێك و بەدیسپلینی حیزبی، نزم بونی تێگەیشتن و بێ ئەزمونی زۆربەی بەڕێوەبەران و کادرەکانی حیزب لەکارەساتی پاشەکشەی جولانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد بەتەواوی دەرکەوت. حیزبی شورشگێڕ ئەوحیزبەیە کەلەوەختی شکستدا بتوانێ بەڕێك و پێکی پاشەکشە بکات، خۆی نەدۆڕێنێ..."(4)

بۆیە پێکهاتەی کۆمەڵگەی قەڵەمڕەوەکەی کۆمار لەڕوی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و هوشیاریی سیاسیی و رۆڵی جەماوەر،گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا نەهات، تاڕادەیەکی زۆر پێوەندییە خێڵەکی و دەرەبەگییەکان وەك جاران مابوونەوە، ئەرکە قورسەکان لەسەر شانی جوتیاران و خەڵکی زەحمەتکێش بوون.. باڵەمەدا بزانین یەکێك لەسەرکردە سەربازییەکان چیی بۆ تۆمار کردوین، ئەفسەری بەتواناو یاریدەدەری سەر لکی چواری هێزەکەی کوردی عیراق لەنامەیەکیدا بۆ فەرماندەکەی کەجەنراڵ حەمە ڕەشید خان فەرماندە هێزی بۆکاو مەنتیقە بوو، ئاوا دەنوسێت:

نامەی ژمارە(58)

نامەی محەممەد عەلی ئاغا زادە(وەهاب ئاغای جندیانی)

325-2-21

گەورەم جنابی آغای محمد رشید خان

عرض وتقدیم

دەستتان ماچ دەکەم واحوالی شریفتان دەپرسمو ایمەش باشین بلام گەورەم ئەو ظلمەی کەمن لەدی آلتونی سەرو دەکەم تاایستا عجم نەیکردوو ئەگەر وایە فرق لەبەینی منو امنیە چیە؟ صد خوزگەم بەامنیە.

1-ئەم دیە 10 مالە چواریان دایکی هەتیون.

2-لەو روژەوە کەهاتومە ایرە اهالی ئیرە نەماستو نەدویان خواردوە...

3-پیاوەکانیان یان نان بو پوست دەبن یان داردەشکێنن یان لەدێدا ایشی تریان پێدەکەم.

4- ژنەکانیان یان نان دروست دەکەن یان چیشت لێ دەنێن.

5- خانووەکانم خراپ کردن چند مال ایستا بی سکنی ماون.

6-گوێدرێژەکان دائم لە ایشن.

7-حیوانیان نیە 10 شەکم لێ ستاندون.

8-هەر مالیك 15 نفرمان لێداناوە جیگای صاحب مال نیە لێ دانیشن.

9-نوینەکانیان داگیرکراون نوینیان نیە خۆیان پی بخەون.

10-منجەلو دیزەیان همولای ایمەن نیانە چیشتیان تی بخون.

گەورەم وجدانم زور نارەحەتە حتی نانیش بەراحتی ناخوم لەبەر اهو نالەی پیرەژنو مندالو گەورەو چوك یعنی ئەم نارحتیەی اهالی ئەم دیەتیدا کسی تیدا نیە..

ئەگەر هەر نەبیت امر بفرمون کە کاکە مصطفی تواو نقلی حلقەنی بکات بلکی 60نفریك لەسیداوا تأمین بکم یان مساعدە بفرمون 60نفریك لە دێ التونی خوارو دابنێم ایتر چارەیك نەفرمون اهالی بەشەو دەکەونە کیوانو لەژیر ئەم زوڵمە رادەکەن.

بویە بەرسمی عرضم نەکردی چونکە نامەوی کس حسی ئەم زوڵمە بکات. ایتر امر امری جنابی عالیتانە گەورەم.

بچوکی مخلصتان

محمد علی اغازادە(5)

لەگەڵ ئەو ئەرکە گران و پڕ مەینەتیانەشدا:

"حزب و کومار یاسای چاك کردن و دابەش کردنی زەوی و زاریان دانەنا وەتەنیا ئەوەندەیان دەرخست کەهەول ئەدرێ بۆ چاك دابەش کردنی بەروبووی زەوی جوتیاران کەلەخاوەن موڵکەکانیان گرتووە."(6)

رەنگە بۆ ئەو سەردەمەو بۆ مۆلەقەیی باری سیاسیی و هەرەشەکانی بەردەم، ئەو داوایە بەبارێکی قورس دابنرێت، بەتایبەتی لەتەمەنێکی واکورتدا، بەلام کەئەوەش نەکرا:

"دەرەبەگ و خاوەن موڵکەکان ئیمتیازە کۆنەکانیان پارێزگاری کردبو..."(7)

بەوەش پەیوەندییە کۆنە دەرەبەگی و خێڵەکییەکان دەوامیان هەبوو، هەندێ جار دەسەلاتە سیاسییەکەش خراپ بەکاردەهێنراو بۆ بەرژەوەندییە نائاساییەکانی ئەم سەرەك خێڵ و ئەو سەرەك تیرە بەکار دەهێنران.

لەگەڵ ئەوانەشدا:

"زۆربەی بەڕێوەبەران بۆ یەکەم جار لەژیانیاندا دەستیان بەکاری سیاسی کردبو، تاقیکردنەوەیان کەم بو.. بەڕێوەبەریەك پیك هاتبو کەپایەی گەیشتن و تاقیکردنەوەی سیاسی لەڕادەی ئەو مەسئولیەتەی کەهاتبۆوە ئەستۆی نزم تر بو..."(8)

بۆیە حزبەکەش کەبەوەڵەدبوی ئەو کۆمەڵگەیە بوو نەیدەتوانی رووبەڕووی کێشەسیاسیی و ئابورییە سەرەکییەکان و ململانێ هەمەجۆرەکان بێت:

"حیزبی دیموکراتیکوردستان لەکۆمەڵی کوردەواری ئەو وەختە هەڵقولابوو هەرچەندە پێشڕەوی کۆمەڵ بو، بەلام نەی دەتوانی حیزبیك بێ کەبەپێی تیوری زانستی پەرەستاندنی کۆمەڵ بجوڵێتەوە.

مەبەست تەنیا ئەوەیە کە تەنانەت یەکێتی فکریش لەسەر بنەمایەکی رون بەتەواوی پێك نەهاتبو... لەسەر گیروگرفتەکانی گشتی ئێران و گیروگرفتەکانی ناوخۆ، یەکێتی.... یەکێك لەئەرکەکانی بنەڕەتی هەموو شۆڕشێك، تەنانەت هەمو گۆڕانێکی قولی کۆمەلایەتیش تێکدانی دەزگای دەوڵەتی کۆن و دانانی دەزگای نوێیە کە بەئامانجەکانی شۆڕش وەفادار بێ و خزمەتی کۆمەلانی خەڵك بکاو دژی دوژمنانی جولانەوە تاسەر رابوەستێ، بەداخەوە سەرۆکایەتی کۆماری کوردستان

نەئەو دەرفەتەی هەبو، چونکە ئەو ماوەیەی بەدەستییەوە بو کەمتر لەساڵێك بو نەئیمکانی ئەوەی هەبو...

لەدرێژەی قسەکانداو لەسەر سوپای کوردستان دەڵێ:

"هێزی پێشمەرگە نەلەباری سیاسیو نەلەباری عەسکەریەوە پەروەردە نەکران..."(9)

گومان لەوەدا نییە زۆر لەناتەواوییەکانی دەگەڕێنەوە بۆ ئەو پێکهاتەو خەسڵەتانەی ئەو حزبەو ئەمیش ئاوێنەی کۆمەڵگەکەی کوردەواریی بو کەلەناو جەرگەیەوە هەڵقولا بوو.

لاوازیی هەستو نەستیی نەتەوەییو کزیی هوشیاریی سیاسیی

مانەوەی رژێمی دەرەبەگیو نیمچە دەرەبەگیو خێڵەکی، گیانی هۆزو خێڵ پەرستیی بەسەر گیانی نیشتمانو نەتەوە پەروەریی زاڵکردبوو، نەخوێندەواریی و هەژاریی و دواکەوتوییو چەوساندنەوەی هەمە لایەنەی سەدان ساڵ هۆی کاریگەر بوون بۆ خولقاندنی کەموکورتییو بۆشاییەکانی ناو کۆمەڵگەی کورد... حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆنگرەی سێهەمیدا تیشك دەخاتە سەر هەندێ لایەنی ئەو بۆچونانەو ئەڵێت:

"پاشکەوتنی کۆمەڵی کوردەواری ئەو سەردەم رێگای نەدەدا جولانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد قولتر بێو ببێتە هۆی گۆڕانێکی بنەڕەتی کۆمەلایەتی، ئەو بۆ خۆی یەکێك لە هۆیەکانی تێکشکانی کۆماری دیموکراتی کوردستانیش بو بەڕاستیش لەباری کۆمەلایەتییەوە جولانەوە زۆر پێش نەکەوتبوو ماوەی نەبو پێش کەوێ نەحیزبو نەکۆمار دروشمی شۆڕشگێڕی وایان هەڵنەگرتبو کە جوتیاران یانی زۆربەی دانیشتوانی کوردستان بۆ لای خۆی رابکێشێو بیانکاتە پشتیوانی شێلگێری کۆماری مهاباد...."(10)

رۆژهەلاتی کوردستان پێش دووەم جەنگی جیهان نیشتمانێکی تاڕادەیەك خامۆشو بەدوور لەچالاکیی سیاسییو خەباتی نیشتمانییو نەتەوەیی بووە. هەرچەندە رێکخراوی سیاسیی پێکهێنراو چالاکیی سنور تەسکیان هەبوو، بەلام نەبوونە ئەو ئامرازەی خەبات کە زەمینەی بزووتنەوەیەکی نیشتمانیی باشو سازاو

بڕەخسێنن، ژ.ک-یش لەڕوی دروشم و ئامانج و چالاکییەوە هەنگاوی گەورە گەورەی نا، بەڵام ڕێبازی خەبات و وەلاوەنانی خەباتی چەکداریی بۆ ئەو سەردەمە لەڕوی تیۆریی و سروشتیی تێکۆشانی سەردەمەکە، نەدەگونجا لەگەڵ سروشتی داگیرکەرو رادەی ئامادەیی بۆ دان نان بەهەندێ مافی کوردا.... لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بڵێین کەلایەنێکی پوسەتیڤ و هۆشمەندانەی ئەو ڕێبازە لەتێگەیشتنێکی هوشیارانەی سروشتی کۆمەڵگەی کوردەواریی و داگیرکەرو لاسەنگیی هێزو کەرەسەی جەنگەوە بووە...

ئەم ڕێکخراوەش بوو بووە ئامرازی سەرەکی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، چونکە هەر ژ.ک بوو کەحزبی دیموکراتی کوردستانی لەسەر دامەزراو هەر ئەویش بوو بەسەرکردایەتیی پێشەوا قازی محەمەد بەدامەزراندنی کۆمار هەستان...خۆ ئامانج و خواستەکانی ژ.ک لەدڵ و دەروونی خەڵکی کوردی روناکبیرو هوشیار هەر بەردەوام بوو... هەر کۆمەڵەی ژێکافیش بوو کەدوای بڵاوبوونەوەی لەشکری سور لەناوچەکەو موکریاندا جموجوڵ و چالاکییەکی باشی بەخۆیەوە بینی و بووە سەرەتای پرۆسەکە لەسەر زەمینەی ئەوکۆمەڵگەیەی لەناو ئەو بارودۆخانەدا دەژیا، بەرێوە دەچوو.

-4-

جێگیرنەبوونی خەباتی یەکگرتووی گەلانی ئێران و نەبوونی بەرنامەیەکی هاوبەش

حزب و کۆڕو کۆمەڵە سیاسییەکانی ئێران، لەئاست هەستیاریی رووداوەکان نەبوون، لەدۆست و دوژمنی خۆیان نەدەگەیشتن، نەیانتوانی بەرەیەکی یەکگرتوو پێکبهێنن... کە کۆماری ئازەربایجان و جەمهوریەتی کوردستان دامەزرێنران دەرکیان بەبایەخیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی و نەتەوەیی ئەو دوو ئەزمونە نەکردو ئاوڕیان لێنەدانەوە، ئەوەشی ناوی بەرەی لێنرابوو ، لەڕاستیدا پێکهاتەیەکی دوور لەبەرەو گیانی هاوکاریی بوو...

"هەرچەندە بەرەیەک لەناو شەش حیزبی ئێراندا وەک حیزبی ئێران، حیزبی تودەی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستان، فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و

حیزبی سوسیالیستی و حیزبی جەنگەل پێکهاتبوو ئەو بەرەیە لەبارەی فیکریەوە تەئسیرێکی زۆری کردبووە سەر وەزعی سیاسی ئێران و کۆمەلانی خەلکی سەرانسەری ئێرانی لەباری سیاسییەوە وریاکردبووە بەلام بەداخەوە رۆژێك کەپێویست بو ئەم بەرەیە بەهەمو هێزیەوە بێتە مەیدانی خەبات بێ دەنگ وەستاو بو بەتەماشاچی رووداوەکان...."(11)

رەنگە ئەگەر هەر بێدەنگ و وەك تەماشاکەریش بمانایەتەوە، قوام ولسەلتەنە نەیتوانیبایە نەخشەکانی بەو جۆرە ئەنجام بدایە. بۆیە تێکۆشانی ئاشکراو ئەو نیمچە ئازادییە خەلك فریوێنە، وەزیردانان و نەقابە ئازادکردن، ئاسان حزبی تودەیان خستە ناو داوەکەوە کەلەدواییدا باجەکەشی لەسەر گەلانی ئێران زۆر کەوت، ئەوانەش سەرەنجامی جێگیرنەبوونی خەباتی یەکگرتووی گەلانی ئێران و نەبوونی بەرنامەیەکی هاوبەش بوو، نیشانەی لاوازیی هۆشی سیاسیی بوو، بۆیە لەدواییدا:

"دوژمن بەتاکتیکی زیرەکانەی خۆیەوە توانی لەیەك یەکی ئەم حیزبانە زەربە بوەشێنێ، هێزەکانیان بلاوبکاو رێگای خۆپاراستنیان نەداتێ...(12)

لەراستیشدا بیروبۆچونی هەلە، رێگەی نادروست، بیرو لێکدانەوە نازانستانە، تێنەگەیشتن لەخۆو لەبەرامبەرو لەدوژمن، تێنەگەیشتن لەیاساکانی گەشەکردنی کۆمەل و گۆرانە مێژوییەکان، سەرەنجامێکی پێچەوانەو دژ بەخواستەکانی گەلیان لێبەئەنجام دێت و رووداوەکان دژ بەخواستەکانی جەماوەرو رەوتی مێژو وەردەچەرخێنرێن. خۆ ئەو ناتەباییە هەر گەل و حزبەکانی دەری کوردستان و ئازەربایجانی نەگرتبۆوە، بەلکو تەنانەت لەنێوان ئەم دوو کۆمارە ئازادەشدا ناکۆکییەکان شارراوە نەبوون، وەك لەجێگەی خۆیدا روونکراوەتەوە....

-5-

خۆبەدەستەوەدانی پێشەوا قازی محەمەدو هاوڕێکانی

تائێستاو بەوردیی هۆی خۆبەدەستەوەدانی پێشەوا دەرنەخراوە، یاروون و ئاشکرا ئەو هۆیانەی پاڵی بەپێشەواوە نا بۆ ئەو هەنگاوە، ئامانجیان بۆ نەکراوەو ڕووناکییان نەخراوەتەسەر، هۆکارەکان هەڵنەهێنجراون.

بۆیە هەڵوێستی ئەوسەرکردەیە لەرۆژی کارەسات و ناخۆشیدا، خۆبەدەستەوەدانی، مەسەلەیەکی گرنگە لەمێژوی کۆمارو نەتەوەی کوردیشدا، چونکە چاوەڕوانی هەڵوێستەی لەو جۆرەی لێنەدەکرا کە بوو بەهۆیەك لەهۆکانی روخان و هەرەسی قەوارەکە، لەبەرئەوە کەڕاستەوخۆ کاری کردە سەر ورەو متمانەو گیانی بەربەرەکانیی کۆمەڵانی خەڵك، بەڵکو گیانی بەربەرەکانیی و ورەی پەك خست، بڕوا بەخۆو بەهێزی خۆ روخاو گیانی بڵاوەپێکردن و خۆپاراستن باڵی بەسەر خەڵکیدا کێشا، تا ئەو ئاستەی کەتەنانەت گیانی بەربەرەکانیی لای خەڵکە خۆ ئامادەکردووەکەش بمرێت... ئەوانەی بیریان لەبەرگریی دەکردەوە بەناچاریی وازیان هێنا.. هەرچەندە لەدوا کۆبونەوەدا بۆ بڕیاری چارەنوسساز، زۆربە لەگەڵ بەرگری بوون کەچی زۆری نەبرد گیانی خۆبەدەستەوەدان بڵاوبووەوە، پاشەکشەو راکردن دەستی پێکرد، پێشەواش بڕیاری خۆیدا، بۆچی ئەو بڕیارەی دا؟ لەبەرچی نەڕای کۆمیتەی ناوەندی وەرگرت و نەبەقسەی کەسیشی کرد؟ بۆچی گوێی لەدەنگی مەترسیی چونە بەردەستی دوژمن نەگرت؟ کە تەنها وەڵامیشی!"لەسەر مانەوە ناچن و دەمانکوژن، بەڵام پێم خۆش نیە گەلەکەم بەجێ بێڵم و دەمەوێ لەناو ئەواندا بمرم...)(13)

ئەم وەڵامە لەو ساتانەدا لایەك لەجۆری بیرکردنەوەی پێشەوا شیدەکاتەوە، چونکە دوو ئەڵتەرناتیڤی تری لەبەردەمدا بوو، ئەویش یاکشانەوە بۆ خۆدەربازکردن، یان بەربەرەکانیی چەکدارانەو ڕێگەگرتن لەئەرتەشی شا کە مەهاباد داگیر بکاتەوە...

هۆو هۆکارەکانی دیاردەی خۆبەدەستەوەدانی پێشەوا زۆرن و رەنگە هەر کەسێکی تری تێگەیشتوو لەبارودۆخەکەو ژیاوی ناو رووداوەکان، لەجێگەی ئەو بوایە هەر ئەو رێگەیەی هەڵبژاردایە، وەك روونتر لەجێگەی خۆیدا باسیی دەکەین... بەڵام ئەوەی

لێرەدا پێویستی بەگوتنە: پێشەوا پەیمانەکەی خۆی بردەسەرو لەگەڵ گەلەکەیدا مایەوە... هەر وەك چۆن لەکاتی پێویستدا لەخەباتدا بوو، لەمەیدان چۆڵکردنیشدا لەگەڵ خەڵکەکە مایەوەو خەیانەتی بەبەڵێن و خەڵك نەکرد، لەو رێگە هەڵبژاردنەشدا کەدەیزانی و دەیگوت" لەسەرمانەوە ناچن و دەمانکوژن" دوا هەناسەی لەسەر سێدارە دایەوەو دڵی گەورەی لەلێدان خرا. ئەو خۆبەختکردنە، ئەو رۆڵ و بیرو رێگەو کردەوەیە، دیسان هەر کارێکی شۆڕشگێڕانە بوو ئەگەر تاریکستانی ناو بۆشایی و هەڵەو ناکۆکی و لاسەنگیی و خیانەتەکان و ئایندە نادیارەکە لەگەڵ هۆکارەکانی تردا رەچاو بکرێن... رەنگە هەندێ کەس و یەك لایەنە کارەکە بنرخێنێ و سەرەنجامەکانی ئەڵتەرناتیڤی دووەم نەهێنێتە پێش چاو، بەلام بۆ گەیشتنە راستییەکان دەبێت بارودۆخەکە بەوردەکارییەکانییەوە، هەلومەرجەکان کەموکورتی و بۆشاییەکان هەمووی لەبەرچاوبن... بێگومانیشە کەهەر لایەنێکی لێکدانەوەکە بۆ ماوەکە بکرێت وا لەهیچ بارو حاڵەتێکدا لەنیشتمانپەروەری و دڵسۆزی و ئازایەتیی پێشەوا کەم ناکاتەوە نەك هەر لەبەر گیانی خۆدانان و قوربانییە گەورەکە، بەڵکو لەبەرئەوەش کە وەفادار بوو بەبەڵێن و بەمیللەتەکەی(سەرهەنگ0ئەمیر پەروێزی) فەرماندەی ژاندارمەری مهاباد، چەند ساڵ پاش شکانی جولانەوەی کوردستان و ئازەربایجان، لەسەر ئیعدامی قازی محەمەدو هاوەڵەکانی لەگۆڤاری ژمارە پەنجای اطلاعاتی مانگانەی چاپی تاراندا نوسیبوی: " دەرۆژ لەپێش لەداردانی قازی‌دا، چەند کاربەدەستی پایەبەرزی باڵوێزخانەی ئەمریکا لەتاران، لەگەڵ سەرهەنگ (پارسی تبار) ئەفسەری قشونی ئێران دەچنە لای قازی محەمەد، کاربەدەستانی ئەمریکایی بەقازی محەمەد ئەڵێن: (ئەگەر مەسەلەی کورد بەگوێرەی سیاسەتی ئەمریکا بەرێوەبەری، وەسیاسەتی ئەمریکا لەناو کوردەکاندا بلاوبکەنەوە، لەکوشتن رزگار دەبی) قازی محەمەد لەوەلامی ئەمریکاییەکاندا دەڵێ: "من دوو رونیم، چاویشم چاك دەبینێ، من دەزانم ئێوە چیتان لەمن دەوێ، بەلام من بیروباوەڕو مەسلەکی خۆم ناگۆڕم، من ناتوانم خەیانەت لەنەتەوەکەم بکەم لەو رێگایەی کەگرتوومەتە پێش ناگەڕێمەوە"(14)

ئارچی روزفلت ئەفسەری موخابەراتی لەسەفارەتی ئەمریکا لەوسەردەمەدا، ریوایەتێکی تر دەگێڕێتەوە، وەك لەشوێنی خۆیدا دەیخوێنینەوە، کەلەوەدا هەوڵی

بێمەرجی خۆیو سەفیرەکە باسدەکاتو دەری دەخات کە چۆنیش بێ ئەنجام بووە جگە لەوەی شا گفتی درۆشی پێدابوون...

گۆڤاری "رۆژگاری نوێ" لەژمارە 15ی مانگی نیسانی 1947 چاپی مۆسکۆ نوسیبوی:

"جاسوسەکانی ئیستعماری ئینگلیزو ئەمریکا لەگەڵ قازی محەمەد گەلێکیان هەوڵدا، بەڵام کاتێك کە دیتیان ناتوانن قازی بۆ لای خۆیان رابکێشنو بیکەنە خائینی نەتەوەی کورد، فەرمانی کوشتنیان دا..."(15)

رۆژنامەی ئێزڤیستیای سوڤیەتیش لەژمارە 20-ی نیسانی ساڵی 1947 بەبۆنەی خنکاندنی پێشەواو هاوەڵەکانی نوسیبوی:

"رابەری هەرە بەڕێزو بەنفوزی کورد(قازی محەمەد، سەدری قازی، سەیفی قازی) بۆیە کوژران، چونکە ئامادەنەبوون کەنەخشەی ئیستعماری ئەمریکاو ئنگلیز لەبارەی کوردستان قبوڵ بکەن.

ئەمریکاییەکان بۆئەوەی نەخشەکانیان دەرنەکەوێ بۆ کوشتنی قازیەکان بەپەلە بون..."(16)

ئەو سۆزو پەرۆشەی رۆژنامە رەسمییەکەی سوڤیەت لەگەڵ سیاسەتە پەیڕەوکراوەکەو شێوەی کێشانەوەی لەشکری سورو پەیمانی نەوتو هەڵنەدان لەسەر داگیرکردنەوەی مەهابادو قسەکانی ناو نامەکەی ستالین، کەلەجێگەیەکی تردا دەبینرێت، ناگونجێن..

لەسەرهەڵدانەکەش، ئەوە بوو کەتاران بەمەبەستەکانی خۆی گەیشتو رەفزی قبوڵکردنی پەیمانی نەوتی کرد، بۆیە ئەو دوو حاڵەتو هەڵوێستە ناکۆكو دژ بەیەکنو زیاتر لەبەرژەوەندییە تەسکە سیاسییو ئابوورییەکانەوە سەرچاوەیان هەڵگرتبوو...

ئەوەش کە(سوارە) بەدوا وتاری پێشەوا لەقەڵەمی داوەو لەگۆڤاری رونـاهیدا بڵاوی کردۆتەوە، لەناو رۆژنامەی کوردستانو بەڵگە نامەکان کەتائێستا بەردەست کەوتوون نابینرێو لەشێوەی نوسینەکەش گومان پەیدا دەبێت..(17)

زیاتر لەوانەش رێڕەوی رووداوەکان ئەوە دەردەخەن کەلەو رۆژگارەدا گۆڕانە زۆر کوتوپڕەکان بۆ حزبی دیموکراتو بۆ سەرکردایەتی کۆمار بەشێوەیەکی چاوەڕوان

نەکراو بون پێشەوا ماوەی ئەوەی نەبووە کە وتارێکی لەوبابەتە بۆ کۆمەلانی خەلك بدات، چونکە هەر دوای کۆبونەوەی مزگەوتی سور، هەر زوو خۆبەدەستەوەدان و گیانی دەستبەرداربوون لەبەرگریی بلاوبووە، دوور نییە ئەم گۆڕانانە هەلوێستی کۆبونەوەکەی پێ پێچەوانەکردبێتەوە... هەرچی چۆنێك بێت پێشەوا قازی محەمەد، لەگەڵ ئەو هەنگاوو هەڵەیەشدا، پێشەوایەکی بێوێنەی سەردەمی خۆی بو، لەفیداکاریشدا ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی کوردستان و سەر کاروانی شەهیدانی ڕێگەی سەرفرازیی نەتەوەی کوردە. لەژیانیدا پێشەوای ئازادیخوازو تێکۆشەران بوو، بۆ مردنیش رابەرو پێشەوای شەهیدانی ڕێگەی سەرفرازیی بوو..

-6-

باش نەناسینی دۆست و دوژمن و زوو باوەڕکردن بەدوژمن

بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازی شۆڕشگێڕانە، دەبێت خاوەن تیورییەکی زانستیانەو ستراتیجێکی لێکۆڵراوە بێت، رێکخراوەیەکی لەو بابەتە لەبارودۆخی ناوخۆو هەرێم و جیهان دەگات و دەزانێت جێگەی ململانێ و دروشم و ئامانجەکانی بزوتنەوەکە کوێیەو چۆن مامەڵە لەگەڵ واقیعەکەدا ئەکات. لەخۆی و رەخسیویی هەلومەرجەکان و دۆست و دوژمن و هاوپەیمانەکانی دەگات، دوژمنی سەرەکی و لاوەکییەکان دەناسێت و بەو پێی ناسینە نەخشەو تەکتیکەکانی خۆی دادەرێژێت.

سەرکردایەتی کۆمارو حزبی دیموکرات بەتاقیکردنەوەیەکی وادا تێپەڕ نەبوو بون، ئەزمونی ئەو جۆرە ململانێیەیان نەبوو، شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەئەلقەی ململانێ ئالۆزو گرنگەکاندا پەیدا نەکردبوو...

"بێ ئەزمونی کاربەدەستانی کۆماری کوردستان لەوەدا دەردەکەوێ کەپاش ئەو هەمو تاقیکردنەوە تالە مێژوییە کەگەلی کورد بەدرێژایی خەباتی خۆی دەستی کەوتبوو، تارادەیەکی زۆر فریوی قسەو وادەو بەڵێنی حکومەتی کۆنەپەرستی تارانیان خوارد، کە گوایا حکومەتی شا وەزعی کوردستان تێك نادا..."(18)

لەو کاتانەشدا رژێمی شا لەگەڵ ئەنجامدانی نەخشەو پیلانەکانی خۆی خەریك بو، ئاشتی و گفتوگۆ لای ئەو بۆ کات بردنە سەرو بۆ پێگەیاندنی هەلومەرجی روخاندنی کۆمار بوون، خۆ لەڕاستیشدا تاران هیچ جۆرە بەڵێن و گفتێکی نەدەدا

کەپێوەندیی بەداخوازییەکانی کوردەوە هەبێت، کەچی سەرکردایەتی کورد، لەناو بیروبۆچوونی خۆیو گوشاری روسەکاندا، لەناو هیواو ئاواتی بێ بنچینەدا دەژیا، بەدڵپاکیو نیازچاکی دەجولایەوە، بۆ سەلماندنی ئەمە با سەرنجی یەکێك لەنامەکانی پێشەوا بدەین کە بوو بوو بەستراتیجی سەرکردایەتی کۆمار:

"آغای فەرماندەی هێزی بۆکانو منطقەی سرا هەر کارێکی جزئی ئەکەن لەگەڵ ئەوضاع بین المللی تطبیق بکری چ جای کاری مە کلیە لەبەرئەوەی ئەمەمجبورین لەری صلحەوە تامکن بێ ناتوانین بەڕێ دیدا بروین ئەو تاخیرە ای وەیە دەنا ئەمن لەتو بەپلەترم. لەهاتن عائلە گەلەك خوشحالم کە بەسلامتی نجاتیان بوە لەلایەك غمگینم کە تا کەنگی کورد دەبی مالکی جیگای خوی نەبی خدا رحمیکی بکا"[*] 19

محمد قاضی

ئەو نامەیە بۆ جەنراڵ حەمەرەشید خان فەرماندەی هێزی بوکانو مەنتقەی سەرا نێررا بوو، ئەم فەرماندەی چوار لقە سەرەکییەکەی هێزەکانی بارزانییەکانو ئەفسەرانی کوردی عیراقو چەکدارانی خۆی دەکرد، ئەم بەردەوام لەو جۆرە گفتوگۆیە ناڕازییو نائارم بوو، بەنامەو سەردان ئەو ناحەزایەتییەی خۆی بۆ ئەوجۆرە گفتوگۆیەو فروفێڵی دەستەو دایەرەی شا، بەڕوونی دەردەخست... چونکە هەر لەساتەکانی وتووێژدا، ئەفسەرانی ئەرتەش لەگەڵ کاری دژ بەئاشتیو بۆ روخاندنی کۆمار خەریك بوون، بەنامەو بەخەڵك ناردن، پەیوەندییان بەلێپرسراوو خەڵکی خاوەن نفوزەوە دەکرد تالەخشتەیان بەرن، تابەهەڕەشەو گوڕەشە یان بەکڕین ریزەکانی کورد تێکبدەن... دەیان نامەی: سرلشکر رزمارا رەئیسی ستادی ئەرتەش، سەرتیپ همایونی فەرماندەی لەشکری چواری کوردستان، سروان سوار منصور پور، سەرهەنگ غفاریو گەلێکی تر، دەنێردران بۆ ئەم لێپرسراوی پێشمەرگەو سیاسییو ئەو سەرەك تیرەو خێڵ، بۆ ئەو مەبەستەی خۆیان، سەدان جاسوسو بەکرێگیراویان لەناوچەکەدا بڵاودەکردەوە.

باش دەستنیشان نەکردنو تێنەگەیشتن لەسروشتو کەرەکتارو ئەقڵو نەخشەی بەرامبەر هەر ئەو حاڵەتە دەخوڵقێنن کەلەساتەکانی دواتەمەنی کۆماردا خوڵقا...

---

[*] بڕوانە مەحمود مەلا عززەت، د.ج.ك، ب1-1992

-7-

ناکۆکی و ناتەبایی ناو ریزەکانی گەل

یەکێتیی بیرو کارو ئیرادەو ئامانج و رێبازی خەبات، لەهەر حزبێکدا، چەند مەرجێکی بنچینەیین بۆ ژیان و گەشەکردن بەرەو پێشچوون و سەرکەوتن، هەر بۆشاییەك لەوانەدا هۆیەکی ئاسان لێکداترازانی ئەوحزبە دەهێنێتە ئاراوە، هاوبەشیی بەرژەوەندییە نیشتمانیی و سیاسیی و ئابوریی و نەتەوەییەکان بەهوشیاریی سیاسیی و نەتەوەیی.

بنەما گرنگەکانی ئەو یەکێتییە لەحزب و کۆماردا دەرەخسان کە لەو سەدەمانەدا پێنەگەیبون، کۆمارەکەش لەسەرەنجامی خەباتێکی دوورودرێژی بەئەزمون نەهاتبووە ئاراوە، بۆیە تێکۆشەرو لێپرسراوانی حزب و کۆمار لەناو بوتەی خەباتێکی وادا نەهاتبونە مەیدانەوە کەنەیەڵن دەستکەوتەکەیان وائاسان لەدەست دەربهێنن..لەبەرئەوە گەلێ لەکێشە کۆمەڵایەتی و ناکۆکییە خێڵەکییەکان بێ چارەسەری بنەڕەتیی مانەوە، نەدەتوانراو ئەو دەرفەتەشی نەبوو گرفتە ئابورییەکان چارە بکەن، شەڕو ئاژاوەو ململانێی ناو هۆزو خێڵەکان و سەرەك هۆزەکان ساردی و دوودڵی و ناحەزیی و دووبەرەکیی و دوژمنایەتیی، شارراوە نەبوون.. چەند ناوەندێکی هێزو قودرەت لەدەری سەرکردایەتی حزب و کۆمار رۆڵی چاوێنییان ئەبینی لەناوچەکانیاندا، لەدرێژەدان بەناکۆکی و ململانێ و هەوڵی جێگیرکردنی نفوزو دەسەلات و دەستکەوتی خۆیان.. ئەو ناکۆکی و ناتەباییانە لەروژانی دوایی و کۆتاییەکانی تەمەنی کۆماردا بەزەقی دەردەکەوتن..ئەگەر سەر حسابی خێڵ و تیرەکانی دەری بازنەی کۆماریش بکەین کەچۆن سەرقاڵی کۆمەك بوون بەرژێمی حەمەڕەزا شاو لەدژی کۆمارو هۆزە نیشتمانپەروەرەکان کاریان دەکرد، وا زیاتر مەترسیی و هەڕەشەی ئەم فاکتەرەمان بۆ دەردەکەوێت...

بۆ باشتر حاڵی بوون لەهەندێ لایەنی ناکۆکییەکان سەرنج لەم یاداشتەی سەر کۆنسوڵی سوڤیەت لەماکۆ بدەن.

22ئاگوستی 1946

یاداشتی وتووێژی سەر کۆنسولی یەکێتی سۆڤیەت لەماکۆ سەلومین و.ی

2ی ئاگوستی ئەمساڵ سەرۆکی دەوڵەتی کوردستان قازی موحەمەد لەگەڵ نزیکەی چل نەفەر کە زۆربەیان پیاوی ئایینی بوون، هاتە ماکۆ، بۆ رۆژی دوایی قازی هاتە کۆنسولخانەو لەوتوویژدا بەکورتی مەبەستی گەشتەکەی خۆی بۆ ناوچەی ماکۆ راگەیاند، مەبەستی ئەو بەکورتی ئاشنابوون لەگەڵ کاروباری پارتی دیموکراتی کوردستان* لەناوچەکەو چارەسەرکردنی ناکۆکێکی گەورەیە کەلەنێوان سەرکردەی هێزەکانی کورد هەیە.

هەروەها چەند کۆبونەوەیەکی ئامۆژگارییانە بەبەشداری سەرۆك خێڵەکانی کوردو لێپرسراوانی رێکخراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان سازدەکات. وەك قازی موحەمەد رایگەیاند بەداخەوە تائێستا زۆربەی پیاوە ناودارەکانی کورد هەست بەئەرکی سەرشانی خۆیان ناکەن‌و هەر خەریکی گیرەوکیشەی نێوان خۆیانن بۆ بەشکردنی دەسەلاّت‌و دەست بەسەرگرتن کەلەخۆبوردنێکی زۆری دەوێ بۆ کەمکردنەوەو لابردنی ئەو ناکۆکیانە. بەلەپێشچاوگرتنی ئەوەی کە ئاسۆی بیرکردنەوەیان تەسکەو بەگشتی نەخوێندەوارن‌و کارکرد لەگەڵیان زۆرگرانە....

دوای درێژەدان بەقسەکان:

راگەیاندن‌و وتەکانی قازی موحەمەد لەکۆبونەوەکەدا بوو بەهۆی ناڕازی بوون‌و بێ باوەڕی هێندێ گەورە پیاوی کورد کەلەبەرئەوە هاتبوون بۆ کۆنسوڵخانەی ئێمە بۆچوونەکانی قازی روون بکرێنەوە شتێکی سروشتییە کە کاربەدەستانی کۆنسوڵخانە، پێشنیارو ئامۆژگاریان کردبوون کە سەبارەت بەو پرسیارانە بچنە لای دەوڵەتی کوردی خۆیان، جگە لەوە سەرۆکی دەوڵەت ئێستا لەشاری ماکۆیە.

دوای نانی نیوەڕۆ.. خاتوونی تەمیوری بەشانازییەوە لەبەرهاتنی قازی موحەمەد میواندارییەکی رێك خستبوو. قازی لە 4ی ئاگوستی رۆیشتەوە بۆ شاری خۆی. کاتی هاتنی قازی موحەمەد بۆ ماکۆ هیچ هەراوهورییایەك لەلایەن ئازەربایجانییەکانەوە روی نەدا.

کاربەدەستانی خۆجێیی ئازەربایجان لەکاتی هاتنی قازی هەموو هەوڵی خۆیان بەرکارهێنا تاکو پێشوازی‌و هاتنەکەی قازی موحەمەد بەرێزو بەشکۆوە بێت.*

---

* لێرەو لەجێگەکانی تر مەبەستی وەرگێڕ لە"پارتی دیموکراتی کوردستان" حزبی دیموکراتی کوردستانە.

* بڕوانە ئەفراسیار هەورامی، هەمان سەرچاوە، گزنگی ژمارە25-1998.

-8-

مانەوەی رژێمی دەرەبەگی و سستمی خێلەکی و دواکەوتوویی کۆمەلگەی کوردستان

کۆمەڵگەی کورد لەسەردەمی کۆماردا، نەخوێندەوارو هەژارو دواکەوتوو بوو، زیاتر لەسەدا نەوەدی بێسەوادو هەژار بوون، قورسایی رژێمی دەرەبەگی و سستمی خێڵەکی و نەریتە کۆنەکان لەلایەن ئەو دەستە کەمەی کۆمەڵگەوە بەسەر دانیشتوانی جوتیارو خەڵکی هەژاردا سەپێنرابون.. دەسەڵاتی هێزەکانی زۆر لەئاغاو بەگ و خان و خاوەن موڵکە گەورەکان و سەرەك هۆزەکان، نوێنەری رژێمی شابوون، بۆیە دەسەڵاتە-سیاسیی و ئابورییەکانیان لەدەستدا بوو، لەبەرئەوەش کە کۆمەڵی کوردەواری داگیرکراوو چەوساوە بوو، ئەوانەش لەدەری بازنەی پەیوەندییەکانی ناو کوردەواریی بوون، وابەستەی بەش و چینە باڵادەست و حوکمڕانەکان بوون، بەفرمانی ئەوان دەجوڵانەوە.. بۆیە چەند جۆر چەوساندنەوە بەسەر زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگەی کوردستاندا سەپێنرا بوون، هەر لەدەسەڵاتی زەوتکەری ئیمپریالیزمەوە تا بەش و توێژاڵی سەرەوەی چینی دەسەڵاتدارو دەرەبەگایەتی و عەشیرەتگەریی ناوخۆ. کە ئەوانەش هۆی سەرەکیی نەخوێندەوارو هەژارو برسیکردنی خەڵکەکەبوون..بۆیەو لەبارودۆخێکی ئاوادا زەحمەت بوو دەستکەوتێکی نەتەوەیی وا گەورە بپارێزرێت و بەرامبەر داگیرکەر درێژە بەخەبات بدرێت، بزواندنی جەماوەر بۆ کارێکی واشۆڕشگێڕو گرنگ هەر موعجیزەی گەرەك بوو نەك شتێکی تر. بەتایبەتی لەهەلومەرجێکدا کە ئەو هۆو فاکتەرانەی تریش لەئارادا بوون.

-9-

لاسەنگیی لەچەك و ئازوقەو تفاقی پێویست و لەڕوی ئابوری و داهاتیشەوە

هەرچەندە یەکێتی سوڤیەت پاڵپشت و یارمەتیدەرو هۆی سەرەکیی دامەزراندن و ژیانی کۆماری کوردستان بوو، بەڵام ئەوانە لەسنورێکی زۆر تەسکدا بوون، لەوەش خراپتر، ئەوە بو کەتارادەیەکی زۆر کۆماری کوردستان لەڕوی ئابوری و یارمەتییە بنچینەییەکانەوە ئەوقی تەورێز کرابوو، لەزۆربەی زۆری حاڵەتەکانداو تەنانەت بۆ پێداویستە بچوکەکانیش دەبوو روو لەئازەربایجان بکرێت.. ئەوەش کە دەگەیشتە دەست سەرکردایەتی کۆمار کەم بوون، چارەسەری کێشتە سەرەکییەکانیان پێنەدەکرا...

بۆیە لاسەنگییەکی گەورە لەنێوان تاران و مەهاباددا هەبوو، بەبەراورد لەگەڵ کۆمارەکەی کورد، ئەو پڕ چەك و تفاق و پارەو پول و چەکی قورس و دەستبەرەڵا لەڕوی مامەڵەی سیاسی لەگەڵ ئازەبایجانی سۆڤیەت و لێپرسراوانی رووس، ئەمیش لەحاڵەتێکی تەواو پێچەوانەدا بوو.. بۆیە ئەرك و زەحمەتییەکی زۆر کەوتبووە سەرشانی جەماوەری شارو دێهاتەکان، نەبوونی چەکی پێویست و بێ تفاقییەکی زۆر لەسوپاو ریزەکانی پێشمەرگەدا هەبوو، پێویستییەکان لەو ئاستەدا نەبوون کە لەململانێیەکی درێژخایەنداو بەبێ پشتو پەنا کورد بەرامبەر هێزەکانی داگیرکەر بوەستێت، هەرچەندە نەبەردییەکانی بەرە گەرمەکانی شەڕ بەچەندین سەرکەوتنی کورد کۆتاییان هات، بەڵام ئەوانە لەبارودۆخێکدا بوون کە هێزەکانی تاران نەیاندەتووانی هێرشی تەواو بۆ داگیرکردنەوەی پایتەختی کۆمار بکەن، دیارە ئەوەش زیاتر لەترسی لەشکری سور بوو، چونکە لەشکری سوور رێگر بوو، داخوازییەکانی ئەفسەرانی ئەرتەشیان رەتدەکردەوە بەتایبەتی نەخشەو پیلانەکانیش نەگەیشتبوونە دوایلەی هێرش. کۆماریش سەرچاوەیەکی داهاتی نەبوو کە ئەو پێویستییانەی پێ دابپۆشرێن، تواناو کات و زەمینەو ئەقڵی خولقاندنی ئابوریی دەوڵەتیش لەئارادا نەبوون... ئەگەر سەرنجێکی خێرا لەرەوتی رووداوەکان و

بەرەکانی جەنگ و کاروکردەوەی وەزارەتەکان بدەین و بەڵگەنامەکانی سەردەمەکە بخوێنینەوە، واڕاستیی ئەو بۆچون و لێکدانەوانەمان بۆ دەسەلمێ*

-10-

سیاسەتی چەوتی یەکێتی سۆڤیەت و کشانەوەی لەشکری سور لەئێران

لەپرۆسەی دامەزراندنی جەمهوریەتی کوردستان-دا پەیوەندیی چارەنوسسازی یەکێتی سوڤیەت و بوونی لەشکری سور لەناوچەکەدا، روون و ئاشکرا بوو، هەر ئەوەش بوو کەرێگری ئەرتەشی تاران بوو بۆ هێرش و جەنگێکی رووبەڕوو، زیاتر لەوە حکومەتی قوام‌ولسەڵتەنە کاری بۆ ئەنجامدانی نەخشەکەی دەکرد، تا لەسەرەنجامی نەخشە سیاسییەکان و بۆ ئەنجامدانی داخوازییە نەوتی و ئابورییەکان بەمەبەستە سەرەکییەکە، بگات چونکە لەو موعادەلە سیاسی و ئابورییە گەیشتبو کەکاری دیپلۆماسیی سەرەتاو زەمینە خۆشکەرە بۆ دواکار کەلەڕوی سەربازییەوە کۆتایی بەنائارامییەکان دەهێنرێت، وشکردنی سەرچاوەی ئابوریی و ژیانی ناو ئەو قەوارەیەو کێشانەوەی لەشکری سور بەئامانجی سەرەکیی دادەنرا..

کاتێك پەیمانی نەوت ئیمزاکراو دەستکرا بەکشانەوە، هیچ جۆرە نەخشەو یارمەتییەك نەبوو، نەك هەر چەکێکی وا بۆ هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان بەجێ‌نەهێڵرا تابەرگری پێبکرێت، بگرە ئەو چەند تۆپەش کەدرابوو بەئازەربایجان، لێیان وەرگیرایەوە..

دەشگوترێ، گوایا نوێنەری بازرگانیی روسەکان لەمەهاباد(ئەسەدۆف) لەکاتی چۆڵکردنی ناوچەکەدا لەوەڵامی ئەوەدا کەپێی گوتراوە: وازهێنان لەمەهاباد لەو کاتە ناسکەدا خیانەتە لەکورد...گوتویەتی" باری کۆماری مەهاباد ئێستا بۆتە کێشەیەکی دەوڵەتان"(20)

---

*- بڕوانە مەحمود مەلا عززەت بەرگەکانی د.ج.ك(1و2و3) 1992، 1995، 1997.

-دیسان بڕوانە ئەفراسیاو هەورامی، گۆڤاری گزینگ.

ئیتر ئەو هەڵوێستو بڕیارە لەبەر گۆڕانی بارودۆخی ئێران بێت، لەبەر پەیمانی نەوتو بەڵێنەکانی زلهێزەکان بۆ چۆڵکردنی ئیران لەدوای جەنگ بێت، یان لەبەر ترسی شەڕێکی نوێو هیلاکی سوڤیەتو هێزەکانی بێت کەلەسەرەنجامی جەنگە وێرانکارییەکەی هیتلەر دووچاری بوبو، یان هەر هۆیەکی تر بووبێت، نەدەبوو ئەو دوو کۆمارە وائاسان لەبەردەم هەڕەشەی ئەرتەشی شاو زلهێزە هاوپەیمانەکانی بەجێبهێڵرێن.

نامەکەی ستالین بۆ پێشەوەری جەخت لەسەر ئەو بۆچوونانە دەکەن کە دەگوترا هۆی کێشانەوەی لەشکری سور: پەیمانی نەوت، سەرکەوتنی دیپلۆماسێتیی قەوامولسەڵتەنەو هەڵخەڵەتاندنی رووسەکان، تێنەگەیشتنی سۆڤیەتەکان لەفروفێڵی سیاسەتمەدارانی تاران بوو...

لەکشانەوەی لەشکری سور لەئێرانو خولقانی هەڕەشەی راستەوخۆ لەسەر ئازەربایجان، دیارەکە پێشەوەری رەخنەی توندی لەو هەنگاوە گرتبێت، چونکە وەڵامەکەی ستالین بەرگری لەکشانەوەی لەشکری سورو هەڵوێستی سۆڤیەت دەکات. لەبەشی دوایی خاڵی سێهەمو لەخاڵی چوارهەمی نامەکەدا ستالین دەڵێت:

".... تاکتیکی ئێمە لەو کەینوبەینەدا دەبێ چ بێ؟ من وابیردەکەمەوە کە ئێمەی دەبێ لەم تێکهەڵچوونە کەڵك وەرگرین بۆ ئەوەی قەوام لەو بڕیارەی پاشگەز نەبێتەوە. دەبێ پشتی بگیرێ تا لایەنگرانی ئینگلیسی وەلاخرێنو بەم چەشنە هێندێك بۆ دیموکراتیزەکردنی ئێران پێك بێنرێت. هەموو ئامۆژگارییەکانی ئێمە بۆ ئێوە لەو ئەساسەڕا سەرچاوە دەگرێ، بەڵام دەکرێ تاکتیکێکی دی بگرینە پێش: واز لەهەموو شتێك بهێنرێتو پێوەندی لەگەڵ قوام بپچڕێتو بەم چەشنە سەرکەوتنی لایەنگرە کۆنەپەرستەکانی ئینگلیس مسۆگەر بێت، بەڵام ئەوە تاکتیك نییە بەڵکو نەزانینە، ئەمە لەڕاستیدا خیانەت بەگەلی ئازەربایجانو دیمورکاسیی ئێرانە."

"چوارەم: ئێوە لەوانەیە بڵێن کە ئێمە لەسەرەتادا ئێوەمان گەیاندە ئاسمان، بەڵام دوایی پشتمان بەردانو ریسوامان کردن. ئەگەر وابێ، جێی سەرسوڕمانە، بەڵام لەراستیدا چ رووی داوە؟ ئێمە لێرە شێوەی دیاریکراوی شۆڕشگێڕانەمان بەکارهێناوە کەلای هەموو شۆڕشگێڕێك روونو ئاشکرایە، بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان لەگەڵ ئەو هەلومەرجەی ئێران بگونجێنینو لانی کەمی داخوازییەکانی بزووتنەوە

جێبەجێبکرێت، پێویستە لەداخوازی کەمەوە دەست پێبکرێت و پێشڕەوی بکرێت و بۆ حکوومەت مەترسی دروست ببێت و پاشەکشەی پێبکرێ، بەڵام ڕاکردنتان بۆ پێشەوە، لەبارودۆخی ئێستای ئێراندا ڕێگەتان پێ دەگرێ بەو داخوازیانە بگەن کە حکوومەتی قەوام ئەمڕۆکە ناچارە جێبەجێیان بکات. ئەمە یاسای بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەیە، بەڵام قسەی ڕیسواکردنی ئێوە بەهیچ شێوەیەك لەگۆڕێدا نییە. جێی سەرسووڕمانە ئەگەر ئێوە وابیربکەنەوە، کە ئێمە ئیتر ئێوەمان ڕیسوا کردووە. بەپێچەوانەوە ئەگەر ئێوە ژیرانە بجووڵێنەوە، بەپشتیوانیی مەعنەویی ئێمە بەو داخوازیانە دەگەن، کە ئاماژەم پێکردن و زۆربەیان لەهەلومەرجی ئازەربایجاندا هەیە، هەم ئازەربایجانییەکان و هەم ئێرانییەکان وەك پێشڕەوانی بزووتنەوەی پێشکەوتوخواز-دیموکراتیك لەڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دوعای خێرتان بۆ دەکەن.

ی ستالین 8ی مای 1946*

ئەو بۆچوون و بڕیار سەپاندنانەی ستالین ئەم بۆچوون و هەڵەو ئەقڵی ئیستیعمارگەری و سەپاندنی خواست و بەرژەوەندیی لێوە هەڵدەهێنجرێت:

1-دەستکەوتی نەوت بەو پەیمانەی _ لەشوێنێکی تری ئەم بەرهەمەدا دەقەکەی خراوەتە پێش چاو_ بۆتە سەنتەری سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەت بەرامبەر بەئێران و ئازەربایجان و کوردستان....

2-لاخستنی بەرژەوەندیی گەلی چەوساوەو میللەتانی داگیرکراو، لەگەڵیشیدا پاڵپشتیکردنی حوکمێکی کۆنەپەرستانەی ئەوتۆیە کە ستالین خۆی هەر لەو خاڵی دووهەمەی نامەکیدا بڵێت:" ئێمە کێشەمان دەگەڵ حکوومەتی "قەوام" و لایەنگرانی ئینگلیس هەیە، کە کۆنەپەرستانەترین داروودەستەن لەئێراندا. ڕابردووی کۆنەپەرستانەی قەوام هەرچۆنێك بووە. ئێستا ئەو ناچارە بۆ بەرگری کردن لەبەرژەوەندییەکانی خۆی و پاراستنی حکوومەتەکەی، هێندێك ڕیفۆرمی دیموکراتییانە بکات و بەدوای پاڵپشت لەناو هێزە دیموکراتەکانی ئێراندا بگەڕێت..."

---

* بڕوانە ئەفراسیاو هەورامی گۆڤاری گزینگ ژمارە 13

ئەوەش بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی ستالین، خۆی ناشۆڕشگێڕانەو بگرە کۆنەپەرستانەش بوو، لەوەش زیاتر پشتتێکردن و رسواکردنی هەردوو گەلی ئازەرو کورد بوو.

3-لەو نامەیەداو لەلێکدانەوەی ئاییندەی رووداوەکانی ناو ئێران و چارەنووسی گەلانی ئێران، لەدوورو نزیك باس لەکورد ناکات.

4-ویستویەتی دیکتاتۆرانە راوبۆچوون و بڕیارەکانی بەسەر پێشەوەریدا بسەپێنێت، تا ئەو ئاستەی کە پێچەوانەی قسەکانی ستالین خۆی بەخیانەت بەگەل دابنێت...

5-ئەو هەڵوێستەی کە بڕیاری پالپشتیکردنی بانگەشەی هەردوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستانی لەدوواوە بوو، ئەو مانۆرە سیاسییە بوو کە تەنها بۆ گوشارخستنە سەر تاران بوو تا ناچاری بکات مل بۆ خواستەکانی مۆسکۆ دابنەوێنێت و ئیمتیازی نەوتی بداتێ.

6-ئەو ئامۆژگارییانەی ستالین... مانای داوای راستەوخۆیە بۆ هاوکاریی تاران کەلەڕاستیدا تاران بەکەمتر لەخۆتەسلیمکردن رازیی نەدەبوو.

7-ئەوەش هەمان ئەو بۆچوونانە دەسلمێنن کەدەگوترا: مۆسکۆ ئاگاداری تەورێزو مەهابادی کردووە کەلەهاتنی ئەرتەشی تاراندا، پێشی پێنەگرن.

8-لەکشانەوەی لەشکری سوورو وەرگرتنەوەی ئەو چەند چەکە قورسەی بەئازەربایجانیان دابوو، بۆ بێهێزکردنی هەردوو کۆمارەکەو بۆ لاوازکردنی گیانی بەرگری بۆ خۆتەسلیمکردن بەتاران و مەرجەکانیی بووە...

9-هەمان ئەو سیاسەتە لەزۆربەی وڵاتانی تردا پیڕەوکرا، بۆیە بزوتنەوەی نیشتمانیی و رزگاریخوازیی زۆر لەگەلانی چەوساوە لەباربراوو حوکمی دیکتاتۆریی بەناو نیشتمانیی رەواجی پێدرا، لەگەڵیشیاندا پەروباڵی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و سۆسیالیستیی لەزۆر وڵاتاندا کرا، لەگەڵیشیاندا هۆیەکی گرنگی ناو هۆیە بنچینەییەکانی روخانی یەکێتی سۆڤیەت سەریان دەردەهێنا.

-11-

بەئاسانیی روخانی كۆماری ئازەربایجان

هەردوو كۆماری كوردستان‌و ئازەربایجان خولقاوی ناو یەك بارودۆخ‌و هەلومەرجی نێودەوڵەتی‌و زەمینە رەخساوی ناو یەك ناوچەن، بۆیە لەبەردەم هەڕەشەی دوژمنی هاوبەشدا یەك رێباز یەك چارەنوسیان هەبوو، بۆ ئەوەش بوو پەیمانی سەربازییان ئیمزاكردو لەڕوی تیۆریشەوە زیاتر پێكەوە گرێدران، بۆیە لەگەڵ گەیشتنی هەواڵی روخانی كۆماری ئازەربایجان، شڵەژان‌و بێ پشت‌و پەنایی باڵی بەسەر خەڵكەكەو سەركردایەتیی كۆماردا كێشا، چونكە بەتەنهاو لەناو كێشەكانی خۆیدا دەبوو بەرەنگاری چارەنوسێكی سەخت بێت، بۆیە دەتوانرێت ئەو روخانەی ئازەربایجان بەیەكێك لەهۆیە راستەوخۆكانی روخانی مەهاباد دابنرێت.

چونكە راستەوخۆ لەورەو گیانی بەربەرەكانی هێنایە خوارەوە، شەپۆلی ورە روخان لەلایەك‌و حەماسەتی شۆڕشگێڕی‌و خواستی بەربەرەكانیی دوو لای كۆمەڵانی خەڵك‌و لێپرسراوانی گرتەوە، بەتایبەتیی دوای كۆبونەوەی مزگەوتی سوورو تەواوبوونی دانیشتنەكە بەبڕیاری بەربەرەكانی‌و خۆڕاگریی، ئەو گیانی خۆبەدەستەوەدان‌و ورە روخاندنە هەموو لایەكی گرتەوە.

ئەمەش بۆ خۆی یەكێك بوو لەهۆیەكانی خۆبەدەستەوەدانی پێشەواو هاوڕێكانی.

-12-

سوود وەرنەگرتن لەتوانای ئابوریی‌و مرۆڤی ناوچەكانی تری كوردستانی ئێران‌و هەموو بەشەكانی تری كوردستان

جەمهوریەتی كوردستان تەنها سێیەكی زەمینەی كوردستانی ئێرانی گرتبۆوە، ئیتر ناوچەكانی تر لەژێر دەسەڵاتی رژێمی شادا بوو، كۆمار لەهەموو یارمەتی‌و داهات‌و توانای خەڵكی ئەو ناوچانە بێبەش بوو، زیاتر لەوەش لەدژیشی بەكار دەهێنران. كەهەر لەسەرەتاشەوە ئەوە هۆیەكی گرنگی لاوازیی كۆمار بوو..

زیاتریش لەوە مەهاباد لەیارمەتیی هەمەلایەنەی بەشەكانی تری كوردستان‌و لەسوود وەرگرتن لەدانیشتوانەكانیان، لەیارمەتیی پێویست بێبەش بوو، هوشیاریی سیاسیی‌و گیانی نیشتمانپەروەریی هێندە كزو لاواز بوون بوواری خستنەگەڕی تواناكان زۆر بەسنوركردبوون، بەتایبەتی بۆ كوردستانی توركیاو سوریا...

پەراوێزو سەرچاوەکانی بەشی نۆهەم

1-د. عبدالرحمن قاسملو، سەرچاوەی ناوبراز ل108.

2-زانا، بیرەوەری دامەزراندنی..، رۆژنامەی خەبات-بەغدا-ژمارە413/1961.

3-حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، سێ کورتە باس لەسەر سێ روداوی تأریخی لەکوردستانی ئێران/ ئاگوستی/ 1978/ل6.

4-حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کۆنگرەی سێهەم/ / 1973 ل15.

5-لەنامەیەکی دەست خەتی ناوبراوەوە وەرگیراوە. بڕوانە مەحمود مەلا عززەت د.ح.ك.

6-د. عبدالرحمن قاسملو، سەرچاوەی ناوبراو ل116.

7-د. عبدالرحمن قاسملو، هەمان سەرچاوە ل106.

8-حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، سێ کورتە باس ل2.

9-حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، سێ کورتە باس ل3و 4.

10-حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کۆنگرەی سێیەم ل14.

11-حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، سێ کورتە باس ل5و6.

12-حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کۆنگرەی سێیەم ل15.

13-هێمن، سەرچاوەی ناوبراو ل28.

14-کەریم حسامی، سەرچاوەی ناوبراو ل25.

15-کەریم حسامی، هەمان سەرچاوە ل26.

16-کەریم حسامی، هەمان سەرچاوە 26.

17-سوارە، روخانی کۆماری ساوای کوردستان، گۆڤاری روناهی بەغدا/ 1960/ژمارە 7و8.

18-حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کۆنگرەی سێیەم ل14.

19-یەکێك لەنامەکانی قاضی محمد، بەخەتی خۆی.

20-William Eagleton, op, cit .p . 113

بەشی دەهەم

دەرس و پەندەکانی ئەزموونی جەمهوریەتی کوردستان

جەمهوریـەتی کوردسـتان: زیـاتر لەهـەر ڕووداو ئـەزمونێکی تـری کوردسـتان دوای یەکـەم ئـەزموونی حوکمڕانیـی و مەلیکایەتییەکـەی حوکمـی خۆمـاڵیی دوا یەکـەم جـەنگی جیهـان لـە کوردسـتانی باشـوردا، ئـەزموونێکی پـڕ لـە پـەندو دەرسـی مێژوویـە کـەدەتوانرێت هـەرە سەرەکیەکانیان بەم جۆرە دەستنیشان بکرێن:

-1-

هەڵو مەرجی ڕەسیوو بارودۆخی سازاو

هەڵومەرجی ڕەسیوی نـاو بـارودۆخی سـازاو، مـەرجی سـەرکەوتنن بۆیـە بـەبێ سازاویی هۆکارەکانی دامـەزراندنی کۆمـار، بـەبێ ئامـادەیی هۆشیارانەو لێزانانـەی سیاسـەتمەداران بـۆ جـۆری دامـەزراندن و تێگەیشـتن لـە گرفـت و کێشـە خۆیـی و ناوچـەیی و هـەرێمیی و نێودەوڵەتییـەکان، بـەبێ حـاڵی بـوون لـە بایـەخی گرنـگ و چارەنوسسازی ڕۆڵی زلهێزەکان و هەڵوێستیان لە کۆی کێشەکانی هەرێمەکەو خانەی دۆزی کورد لەسەر شانۆی سیاسیی و ئابووریی و لە ستراتیجەکەی زلهێزی خـاوەن قودرەت لەناوچەکەدا، بەبێ ئەوانەو گەلێ شتی تر سـەرکەوتن، یان سەقامگیر کردن و بەرێوەبردنی قەوارەیەکی لەوبابەتەی کۆمار، دەبێتە کارێکی قورس و زەحمەت و بگرە مەحاڵیش، لام وایە ئەو هەڵومەرجانە یان لە ئارادا نـەبوون یان ناکامڵ و لـە ئاستی پێویستدا نەبوون، ڕاستە هەندێ لەهۆکارە بابەتیەکان ئامادەبوون بەڵام مانۆڤرو یاریە سیاسـیەکان، سـەرچاوەی خولقـاندن و ئاراسـتە کردنیـان بـوون، لێکۆڵینـەوەو بڵاوکراوەکانی سەردەمەکەو بەڵگەنامە دەستکەوتووەکان، لەگەڵ ئەو بیرەوەرییانـەی تائێستا کەوتونەتە بەردەست، ڕووناکیی دەخەنـە سەر لایـەنێك لـە دروسـتیی ئـەو بۆچون و رایانە، بەتایبەتی هۆکارە خۆییەکان کە زۆریان ناکامڵ و کرچ و کاڵ بوون، لە ئاسـت ڕووداوێکـی وا گـەورەو دیپلۆماسـیەتێکی وا ئـاڵۆزوو ململانێـی زلهێزەکاندا نەبوون.

-2-

گەشەکردنی هەستو نەستی نەتەوەییو هۆشیاریی سیاسیی بناغەی سەرکەوتنن

یەکێك لە هۆیە هەرە گرنگو بنچینەییەکانی سەرنەکەوتنی کورد لە خەباتی نیشتمانیو نەتەوەییدا، لاوازیی هەستو نەستی نەتەوەییو کزیی هۆشیاریی سیاسیی بووە، چونکە ئەوانە مەرجی سەرەکین بۆ حاڵی بوونی جەماوەر لە رۆڵی خۆی، لە ئەرکەکانی سەر شانی، بۆ تێگەیشتن لە کێشەی سیاسیو دیموکراسیو نیشتمانیو نەتەوەیی میللەتەکەی، حاڵی بوون لە خۆیو دەوروپشتیو لەهێزە هەرێمیو جیهانیەکانو رۆڵی هەریەکەیان لەناوچەکەو هەڵوێستی هەریەکەیان لە دۆزی کورد، لە تێگەیشتن لەئاستی پێگەییوی هەلومەرجەکانو رادەی ئامادەیی جەماوەر، لە تێگەیشتن لەنەخشەو ستراتیجی هەریەکەو جێگەی کوردو کێشەکەی لەسەرشانۆی سیاسیو سەربازییو ئابووری لەناو ململانێیەکاندا.

لەوانەشدا تەنها سۆزی رووکەشو قسەو گوتار نوسین بەس نین، بەتەنها شانازی بە خۆوە کردن بەتەنها کورد بوونو ئامادەیی بۆ خەبات بەس نییە، بەڵکو ئەو هۆشیارییو تێگەیشتنانەی کە مرۆڤی کورد دەخاتە سەر رێبازە دروستو مێژووییەکە، کە تێکۆشەر هۆشمەند دەکاتو دەزانێت بۆچی خەبات دەکات کە خەڵکانی تێکۆشەرو سیاسیی هۆشیار دەخاتە ئەو ئاستەی کە بزانێت چۆن متمانە ئەدات بە سەرکردەو سەرکردایەتی خۆیو چۆن هەڵیدەبژێرێتو لەگەڵی دەبێتو لە کاتی شکستییو کارەساتەکاندا چۆن هەڵوێست وەردەگرێت..چۆن هەستو نەستی نەتەوەیی بزوتنەوە دەخولقێنن، کۆمەڵانی خەڵك دەبزوێنن بۆ وەدەستهێنانی پێناسەی نەتەوەیی خۆی،چۆن ئەوانە هۆکاری گرنگی رزگارین... لەقۆناغی رزگاریشدا لەدامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییدا... ئەم دەوڵەتەش دەبێتە فاکتەری زیاتر کامڵترو خەملاندنی بنەماکانی نەتەوە، بەرەو شارستانیەت، ئەگەر لەسەرەتاوە مەسەلەی دیموکراسی بەشێك بێت لەپرۆسەی رزگارییو ئینجا لەبینای دەوڵەتی یاساو سەردەمدا..

-3-

مەسەلەی نەتەوەیی گەلی کورد لە رزگاری چینە زەحمەت کێشەکان و سەرجەم چینە نیشتمانپەروەرەکاندا خۆی دەبینێتەوە..

قۆناغی رزگاریی نیشتمانی بۆ نەتەوەیەکی دابەشکراویی داگیر کراوو چەوساوەو ماف زەوت کراوی وەك نەتەوەی کوردکە لە کێشە هەرە ئالۆزو پڕ لە گرێ کوێرەکانی ناوچەکەو جیهانە. ئەوانە بوونەتە هۆی ئەوەکەخاوەن خەسڵەتێکی تایبەتی خۆی بێت...ئەو تایبەتێتیەش بۆتە هۆی ئەوە کە کێشەو خەبات و سەرفرازیی لە قۆناغەکەدا کێشەو خەباتی هەموو چین و بەش و توێژاڵەکانی نەتەوە بێت، نەك هەر سەبارەت بەوە کە هەموویان، جگە لەو توێژاڵ و گروپانەی لە پلە جیاجیاکاندا دەبنە هاوکارو داردەست و داگیرکەر، چەوساوەو زوڵملێکراوو ماف زەوتکراوی دەستی داگیر کەرن، بەڵکو لەبەرئەوەش کە چارەنوسی هەموویان پێکەوە بەستراوە، ئەزمونی خەباتی دوورودرێژی کورد، بەتایبەتی لەنیو سەدەی رابردودا، ئەوە دەسەلمێنن کە تەنانەت هاوکارانی ریزەکانی دەوڵەتی ناوەندیی لەشەڕی چەکداریدا، ئەو هەرەشەیەو دوا چەپۆکی کوشندە ئەوانیش دەگرێتەوە، چونکە چەوساندنەوەکە چەند لایەنییە راستەوخۆکانی نەتەوەیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتین، ئەوانەش، بێ بوواردان، هەموو لایەك دەگرنەوە، بێلاین و بەلایەن نیشتمانپەروەروو ئازادوو دیموکرات لێیان قوتار نابن، دیسانەوە ئەزموونەکانی شەڕی چەکداریی و بزوتنەوەی کوردایەتی لەمەهاباد، ئەوەیان سەلماندووە کە ئەرکی گەورەی خەبات لەسەر شانی جوتیاران و زەحمەتکێشانی لادێ و بیروبازوی شار بووە، ئەگەرچی ئەمڕۆ گەلێ لە هەل ومەرجەکانی خەبات، بەتایبەتی چەکداریی، وەك جاران نەماوەو گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە، لەگەڵ ئەوانەشداو تارادەیەکی زۆر ئامانجی خەباتی ئەمڕۆش کە سەرفرازییە هەر لە رزگاریی ئەوانەدا خۆی دەبینێتەوەو لە سەرکەوتنیشدا دەکرێت دەستکەوتەکانیان و بەرژەوەندیەکانیان رەچاو بکرێن و بۆیان دابین بکرێن، لەگەڵیشیدا پێویستە خەسڵەتە تایبەتیەکانی پلەکانی قۆناغەکە لە رووی چینایەتی و کۆمەڵایەتیەکانەوە لەبەرچاوبن و لەو راستییە حاڵی ببین کە تا

قەوارەی سەقامگیرو سەربەخۆو دەوڵەتی یاسا لە ئارادا نەبێت، تا هەرەشەکان بەردەوامبن، گۆڕانی بنەڕەتی لەو لایەنەدا نابێت و ناکرێت.

-4-

یەکێتی ریزەکانی گەل و بڕوابوون بە دیالۆگی شارستانیانە

مەرجێکی گرنگی سەرکەوتنە.. ئەوانەش لەگەڵ هۆکارەکانی تردا، کامڵبوونی هەست و نەستی نەتەوەیی و هۆشیاریی سیاسی دەرەخسێنن و دەخەملێنن، ناتەبایی و پارچە پارچە بوون و ناکۆکی نائاسایی و لا خستنی بەرژەوەندییە نەتەوەیی و میللییەکانلەکۆسپە گەورەکانی بەردەم رێبازو ئامانجە ستراتیجییەکەی نەتەوەی کوردن، هەوڵدان بۆ لابەلاکردنی کێشەو گرێ و گۆڵەکان بەهێمنی و لە رێگەی لەیەکگەیشتن و دانیشتن و دیالۆگی شارستانیەوە، پێچەوانەکەشی دەبێتە هۆی قوڵکردنەوەی ناکۆکی و تەقینەوەو خولقانی ئاژاوەو شەڕی ناوخۆ، بۆ خەبات و کاروانی خەباتی میللەت بە زیان و مەینەت خولقێنەرە.. جێگۆڕکێ لە لایەنەکانی ململانێ و کردنی ناکۆکیی ناو بەرەی گەل بەناکۆکی سەرەکی و پشت کردنە سەرەکیەکە یان هاوکاریکردن لە دژی هێزەکانی بەرەی گەل لەکارەسات و مەینەتی و شکستی زیاتر هیچیان لێ بەرهەم نایەت. هەر یەکێتیی ریزەکانی گەلە کەدەستەبەری سەرکەوتن بێت، یەکخستنی هێزو توانای چین و بەشە کۆمەڵایەتییەکانە کە رێگەی سەرکەوتن دیار ئەکات.

-5-

مانەوەی رژێمی دەرەبەگی و سیستمی خێڵەکی

هۆیەکی گرنگ بوو لەبەردەوام بوونی داگیر کردن و چەوساندنەوە...

کۆسپێکی گەورە بوو لەبەردەم پێشکەوتن و سەرفرازبوون لەداب و نەریتە کۆنەپارێزەکان، تەگەرە بوون لەبەردەم کامڵبوونی هەستی نەتەوەیی و هۆشیاریی سیاسیی و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و فیکری و خوێندەواریی و ئابووریەکان،

پایەگاکانی داگیرکردن و ناکۆکییەکانی ناوخۆیان بەهێزتر دەکرد، دژ بەئەقڵی شارستانی و پێشکەوتن بوون، لەناو مانەوەی ئەو رژێم و سیستەمەدا یان تەنانەت لەناو مانەوەی شوێنەوارەکانیاندا دەوڵەتی نەتەوەیی دانامەزرێت، ناسیۆنالیزمی نوێ کامڵ نابێت، خەباتی یەکگرتوو نایەتە دی، دیموکراتی و ژیانی فرە حزبی و پەرلەمانی و یاسایی ناخولقێن یان ئەگەر بارودۆخێکی تایبەتی یارمەتیدەری خولقاندنی بێت وا سەقامگیر نابێت و هەمیشە لە بەردەم هەرەشەی ناوخۆدا دەبێت.

-6-

ستراتیجێکی نەتەوەیی و یەکخستنی هێزەکانی گەل رەخساندنی بەرەیەکی نیشتمانی.

سەرەتایە بۆ خەباتێکی گونجاوی ناو هەلومەرجی رەخساو لەسەر رێبازێکی دروست بۆ ئامانجە پلەیی و دورخایەنەکان، ئەوانەش لە تەبایی ریزەکانی گەلەوە، لە دەرککردن و هەست بە لێپرسراویەتی کردنەوە دێنە ئاراوە، بێ ئەو ستراتیجەو بێ ئەو بەرەیە، سەرکەوتن زەحمەتتر دەبێت بگرە نشوستیی و شکستیی هەرەشە لەدەستکەوتەکانیش دەکات، لەوانەشدا دەبێت تایبەتێتییەکانی هەر پارچەیەک، جیۆپۆلۆتیکی کوردستان، دەستکەوتەکان لەبەرچاو بن، هێزەکانی هەر پارچەیەک لە وردەکاریەکانی ئەومەسەلانە بگەن و بەپێی دەستکەوتەکان بجوڵێنەوە، تەبا و سازاوو هاوکاربن..

-7-

لە خۆو لە دوژمن گەیشتن و دیاریکردنی دوژمنە سەرەکی و ناسەرەکیەکان

مەرجێکی تری خەباتی نەتەوەیە، ، بێ لە خۆ گەیشتن لە هەموو لایەن و رووداوەکانیانەوە، بێ لە تواناکانی خۆ گەیشتن بێ لە بۆشایی و کەم و کورتی و هەڵەو هەل و مەرجەکان حاڵی بوون، بێ ناسینی دوژمنەکەو حاڵیبوون لە هێزو تواناو توانستی ئابووریی و سەربازی و سیاسیی و دیپلۆماسی و پەیوەندیەکان، بەبێ ئەوانە زەحمەتە کاروانی خەبات رووەو سەرکەوتن رابەریی بکرێت.. رووبەڕووبوونەوەکان بە زیانی گەورە کۆتایی دێن.

لەگەڵ ئەوانەشدا ناسینی دۆستو دوژمنی سەرەکیو ناسەرەکیی، زانینو ناسینی هەرەشەی راستەوخۆو پڕ لە مەترسی، لەسەرەتا گرنگو هەستیارەکانی نەخشەی ململانێو گەشە پێکردنی خەباتو زۆرانبازیی راستەوخۆیە..

-8-

حاڵی بوون لە جیۆپۆلۆتیکی کوردستان

بونی پارچەکانی کوردستان لە سنوری چەند دەوڵەتێکی جیاجیادا، هەم کێشەکەی کوردی ئاڵۆز کردووە هەم جیۆپۆلۆتیکەکەی پڕ لە گرێو گۆڵ کردووە، تائێستا هیچ دەوڵەتێکیان ئامادەنەبووە بۆ چارەسەری کێشەی کورد بەرێگەی ئاشتیو لێکگەیشتن، بۆیە دەرگای چارەسەرکردنی مەسەلەکەی لەسەر داخراوە. زیاتر لەوەش هەر چەندە دەوڵەتانی چوار دەوری کوردستان لە هەرێمەکەدا دەیان ناکۆکی کۆنو نوێ، کردوونی بە دوژمنی کلاسیکیو نوێی یەکتری، کەچی لە کێشەیکورددا تەبانو ئێستا لە زۆر لایەنەوە هاوکاری یەکتر دەکەن، لەلایەکی تر پارچە پارچەبوونی کوردو ژیانی فرە حزبیو بەنائاسایی دامەزراندنی ئەم حزبو ئەو رێکخراو لەهەر پارچەیەکدا فرە ئایدۆلۆجیو ئامانجو بیرو کارو کردەوەو نەخشەو تەکتیك، بارودخەکەیان زۆر زیاتر ئاڵۆز کردووە، چونکە ناکۆکیەکانی نێوانیان بەردەوامە، ململانێ بەردەوامە گوێ نەدان بە دەست کەوتەکان بەردەوامە، حاڵینەبوون لە ئەزمونەکانو بایەخیانو گرتنەبەری سیاسەتێکی تاکڕەوانە زیاتر دەوام ئەدات بەبارودۆخەکەو کێشەکانیان زیاتر گرێ کوێراویی کردووە.

ئەوەی ئەمڕۆ لەڕەوتی گەشەکردنو پێشکەوتنەکاندا جێگەی هیوایە، جیهانگیرییو رۆڵی لایەنی ئابووریو کردنەوەی سنوورەکان کە پێدەچێت لەسەرەنجامدا جیۆئیکۆنۆمی جێگە بەڕۆڵی جیۆپۆلتیك لێژ بکاتو ئاسۆیەکی باشتر بۆ کورد برەخسێت.

-9-

بەنێونەتەوەیی کردنی کێشەی کوردو تێگەیشتن لە بارودۆخە سیاسیەکان

دەروازەیەکی گەورە لەبەردەم رزگار بووندا دەکاتەوە، ئەمڕۆ زیاتر لە هەمو رۆژێکی تر بایەخی نێو نەتەوەیی کردنی دۆزی کورد لەبەرچاوە، هەوڵوکۆششی سیاسی و خەباتی دیپلۆماسی بۆ باش جێگیرترکردنی ئەم نێونەتەوەیی بوونە، بایەخدان بەدۆزی کوردو کێشەی نەتەوەیی کورد یەکێك لە شا رێگە گرنگەکانی خەباتی ئەم قۆناغەیە، لەبەرئەوە هەوڵی خوێندنەوەی بارودۆخە سیاسیەکان و رۆڵی زلهێزەکان زۆر گرنگە، چونکە لەوەدا خانەی کورد لەسەر شانۆی سیاسی نێو دەوڵەتی دەبینرێتەوە دەتوانرێت بەپێی جێگەی دۆزەکەو تواناو هەوڵ و کۆششی کورد ئاراستە بکرێت.

-10-

شۆرشی چەکداری و حاڵی بوون لە بارودۆخە سیاسیەکان. بۆ دانانی نەخشەو شێوەی خەبات

ئەمڕۆ زیاتر لە هەموو رۆژێکی تر بایەخی خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی دەرکەوتووە هەندێ لایەنی ستراتیجی شەڕی چەکدار زیاتر دەرکەوتووە، باش لە زیانەکانی سەردەمی شەڕە سەپێنراوەکە بەسەر کوردا دەگەین-لە قودرەتی هێزو دەوڵەتەکان دەگەین، لە زیانەکانی شەڕی نابەرامبەریی دەگەین.

بۆیە ستراتیجی شەڕی سەربازی نوێ بە حاڵی بوون لە کۆی ئەو هۆو هۆکارانەی راستەوخۆو ناراستەوخۆ بەستراوەی نەخشەو شەڕی چەکدارین زۆر گرنگە، با دەرس و پەند لە ئەزمونەکانی رابردوو وەربگیرێ و هۆوهۆکارەکانی شکستیش دەستنیشان بکرێن.

-11-

تەبایی لەگەڵ حزب و هێزەکانی ناوسنوری حوکمرانی سیاسیی هەر وڵاتەو خەبات بۆ خولقاندنی بەرەی نیشتمانیی، ئەڵقەیەکە لە ئەڵقەکانی نەخشەی خەباتی سەرکەوتوو، ئەوەش بواری هاوکاریو هاورێبازی خەبات دەهێنێتە ناو زنجیرەی هۆو هەلو مەرجاکانی سەرکەوتنەوە، لەسەر ئەو رێبازەش دەتوانرێت خەبات بۆ سستمێکی دیموکراسیو ژیانێکی هاوسانو بێ چەوساندنەوە بکرێت...

-12-

خۆ بەستنەوە بە بۆچوونو نەخشەو رێبازێك، کەئازادیی سیاسەتو جوڵەو مامەڵەدەخولقێنێت. بیرکراوەییو دەست واڵا بوون بۆ ئازادیی لە نەخشەدانانو لە مامەڵەدا بۆ خەباتو بۆ سەرکەوتنو ، زۆر گرنگن، هوشیاریی لەمامەڵە سیاسییو هاوکاریی لەناو کاروانە پڕ لەهەڵبەزوو دابەزەکەدا، لەبەردەم ئاڵوگۆڕە لەپڕو تێکچونو خولقانی موعادەلە سیاسییو سەربازییەکان، بزوتنەوەی رزگاریخواز لەکارەساتو نشوستی بەدوور دەکات.

بەشی یانزدەهەم

تێڕوانینێکی نوێ
لەجەمهوریەتی کوردستان

بۆ ئەوەی ڕوونترو نوێتر بچینە ناو تێکڕای ڕووداوەکانی کۆمارەوە چاکتر وایە لە تێڕوانینێکی سەردەمەوە بچینەوە ناو کۆمارەکە بەلەبەرچاوگرتنی ڕۆڵ و کارتێکردنی هەلومەرجەکانی زەمین و زەمانە جیاجیاکان. باشیش وایەلە پێش دامەزراندنەوە بچینە ناو ڕووداوەکانەوە تاباشتر لە دەرس و پەندەکانی ئاشنابین و ببنە ڕێنمایی ئێستاو ئایندە.

دامەزراندنی جەمهوریەتی کوردستان لە بەشێکی کوردستانی ئێراندا یەك هەل و ئەزموونی مێژوویی ئەوتۆیە کە تا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ زیاتر بایەخی دەردەکەوێ و پتر سوود بەخش دەبێ، بەتایبەتی تائێستاش زۆر لایەن و ڕووداوی شاردراوەن، سەرچاوەی سەردەمەکە نەخراوەتە خزمەت ئەو نوسین و باس و لێکۆڵینەوانەی تا ئێستا کراون.. یان لە سنورێکی تەسکدا سوودیان لێوەرگیراوە.. سەنگی مێژوویی ئەم ڕووداوە چەند لایەنیە، ئەوەی پێویستە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەم:

یەکەم: ئەزموونێکی سەردەمی ئازادیی و نیمچە سەربەخۆیی بەشێکی نەتەوەی کوردە، هەرچەندە تەمەن کورت بوو، بەڵام پڕ لە دەرس و پەندە.

دووهەم: بە ماوەیەکی کورت دوای ئەزموونێکی مەزنی تر خوڵقا، مەبەستم حوکمداریی و مەلیکایەتیەکەی شێخ مەحمودی نەمرە، پێش ئەوەی کوردستانی باشوور بلکێنرێت بە میسۆپۆتامیاوەو بەدەستی بەریتانیاو دژ بە خواستی میللەت، ئەم دەوڵەتەی عیرقیان لێ دابمەزرێت.

سێهەم: بونی گەلێ دیاردەی یەکانگیرو لەیەکچووی گەلێ لایەنی ئەو هەلە مێژوویە لەگەڵ ئەم ئەزموونەی ئێستای کوردستانی عیراقدا کەلەڕاپەڕین و هەڵبژاردنی پەرلەمان و کوردستانی فیدراڵەوە، دەست پێدەکات.. بۆیە ئەو تاقیکردنەوەیە گرنگیەکی تری سەردەمی هەیەو دەبێ زیاتر ڕووناکی بخرێتە سەر.

ئاوڕێك لە ڕۆژانی پێش دامەزراندن

لەناو بارودۆخێکی نائاسایی و پڕ لە ئاژاوەو گرفتی زل و قەبەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی دوا دووەم جەنگی جیهان، لەناو هەل و مەرجی هاتنەکایەی زەمینەی جەنگی ساردو بەدەست هێنانی چەکی ئەتۆم و ململانێی ئاشکراو نهێنیدا بوو کە هەلە مێژوویەکە بۆ کورد خولقاو کۆماری خود موختاری کوردستان لەبەشێکی کوردستانی ئێراندا دامەزرێنرا، چونکە ئەو ئاژاوەو نائارامیە ڕۆژهەلاتیشی گرتبۆوە. لەناویاندا دەولەتی فرە نەتەوەی ئێران زیاتر ئالۆز ببوو، سەبارەت بە هاوکارییەکەی ڕژێمی تاران لەگەڵ ئەڵمانەکاندا بەبێ ئەوەی ئامۆژگاری و هەڕەشەی ئینگلیزو ڕووسەکان کاریکاتە سەری، بۆیە لە25ی ئابی 1941دا هێزەکانیان:

یەکەم: لە ڕۆژئاواو خوارووی ڕۆژئاواو دووهەم: لەسەرەوە، زۆر لەناوچەکانی ئێرانیان داگیرکرد کە پانتایەکی زۆری کوردستانی ڕۆژهەلاتیشی گرتبۆوە، بەهەمان دیاردەی دوو داگیرکەرییەوە، بەشی لای خوارووی لە ژێر دەستی بەریتانیا، بەشی سەرووی لە ژێر دەسەلاتی یەکێتی سۆڤیەتدا بوو کەناوچەکانی: مەهاباد، بۆکان، شنۆ، نەغەدە سێبەری بوون..سەقزو بانەو مەریوان ناوچەی بۆشایی نێوان هەردوو هێزەکە بوون، جۆرێ لە GENTELMEN AGREEMENTی بێ لایەنی لەسەر سەقزو دەوروبەری بڕیار لەسەر درابوو..

لە دوایشدا هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جێگەی خۆیان لە خوارووی ئێراندا گرت. هەرچەندە مەبەستی ناوکۆی زلهێزەکان لەسەرەتادا، دوورخستنەوەی نفووزی ئەڵمانیا، مسۆگەر کردنی گەیاندنی چەك و پێویستیەکانی جەنگ بۆ هێزەکانی سۆڤیەت، وەپاراستنی کێڵگەو بیرە نەوت و بەرژەوەندییە چاوەڕوانکراوەکانیان بوو، هەر دەولەتەش خواست و نەخشەی تایبەتی خۆی هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو داگیر کردنە کەم و زۆر بۆ بەرژەوەندی گەلانی ناوچەکە نەبوو، بەلام ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ ببوە هۆی وریا کردنەوەو جولاندنەوەی نەتەوە جیاجیاکان. کاتێکیش دام و دەزگای دەولەتی و ئەرتەش لە هەندێ ناوچەو شاردا داڕوخان، ئاوهەوایەکی نیمچە ئازادو دیموکراسی خولقا.. گەلێ ڕووداوی گرنگ ئەو

بەشـــەی کوردســـتانی ئـــێرانی گرتـــەوە، وەك ســـەرەنجامێکی ئـــەو بارودۆخـــە نوێیە، لەوانە:

× لـە ساڵەکانی 1942–1946 بەڕێوەبەرایەتیەکی خۆماڵی لـە ناوچـەی موکریـان‌و دەوروبـەری دامـەزرا بە سازکردنی دەستەی چەکدار، دام‌و دەزگاکانی بـەڕێوە بـردن، چاپخانەو دامەزراندنی کۆمەڵەی ژێکەو دواتر حیزبی دیموکراتی کوردستان..هتد(1)

× لە ساڵانی1941–944 حەمە رەشید خان ناوچەکانی بانەو سەردەشت‌و سەقزی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی. سەرەنجام ئەرتەشی تاران بـە هـاندانی ئینگیلزەکـان‌و یارمـەتی هـەندێ عەشـایەری کـورد هێزەکـەی ناوبراویـان لـە کـەل خـان شـکاندو بەناچاری پەنای بۆ عیراق برد(2).

× لەبـەهاری(1322–1943)تـیرەو ئیلـەکانی ناوچـەی ورمـێ بەسـەرکردایەتی عومەرخانی شەریفی، زیرو بەگی بەهادوری رەشید بەگی جیهانگیری وەتـەها بـەگی هـەرکی بە هـەندێ داخـوازی عەشایەری‌و نەتەوەیـەوە دێهاتی ناوچەکـەیان گرتـە ژێـر دەست‌و ئابلۆقەی شاری ورمێیـان دا، تـا رۆسـەکان کەوتنـە نـاوبژی‌و لەگـەڵ تـاراندا رێکیانی خستەوە.

× لـە16ی ئـەیلولی1942 کۆمەڵـەی ژێ-کـاف دامـەزرێنرا، بە دورشمـە نەتەوایەتییـە مێژوویەکەوە(رزگارکردنی کوردستانی گەورە)هاتە سەر شانۆی سیاسـی کوردسـتان، لە دواییدا هەر لە شوێنەواری ئەم رێکخراوە حزبی دیموکراتی کوردستان دامەزرێنرا، لـەوەدا هەندێك پێیـان وایـە تەنـها ناووبەرنامـە گۆڕیـن بـووە، حزبەکـە خۆشـی دوای ســاڵێك لـــە ئاڵوگۆڕەکـــە یـــادی پێنجـــەمین ســـاڵەی دامـــەزراندنی کـــردووە نـــەك یەکەمین..مانای خۆی بە درێژە پێدەری ژێ-کاف دادەنا.

دوای لێدانـی نفـووزی ئـەڵمانیاو دڵنیا بـوون لـە ساغ بوونـەوەی ئێران بـۆ زلـهێزە هاوپەیمانەکان، بەریتانیاو وڵاتە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا بـە هۆشیاری‌و گومانـەوە چـاودێری جموجوڵـی لەشـکری سـوورو رووداوەکـانی ئازەربایجـان‌و کوردســتانیان دەکرد، مەبەستیان بوو لـەناو نەخشـەیەکی هاوبەشدا ئـێران بـە سـنورە جوگرافـی‌و سیاسیەکەیەوە بپارێزرێ، بەیارمـەتی دانـی رژێمەکـەو حەمـەرەزا شـا کـە لـەجێگای باوکی دانرا، بە جێگیرکردنی هێزەکانی خۆیان‌و نفووزی سیاسییان، وە بەلـەقکردنی جێگـەی لەشـکری سـوورو کۆتـایی هێنـان بـەو ئاڵۆزییـەی تیندێسـنی یـاخیبوون‌و

دیاردەی پارچە پارچە کردنی ئێرانی هێنا بووە ئاراوە، بۆیە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا کە ناوەندەکەی کرماشان بوو بە کش‌و ماتی‌و بە ئارام مانەوە.

سەبارەت بەوانە لەگەڵ جەنگ وەستان‌و خۆ بەدەستەوەدانی ئەڵمانیا، ئەو دوو دەوڵەتە کەوتنە سەر ڕێبازی گوشار خستنە سەر ڕووسەکان بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی ئەو پەیمان‌و پرۆتۆکۆڵ‌و ڕێکەوتنانەی دەربارەی ئێران مۆر کرابوون. داواکانیش سادەو ئاسایی بوون هەر لەو سنورەدا بوون کە ڕووسەکان بەڵێنەکانی خۆیان لەکاتی خۆیدا جێبەجێ بکەن، بۆ ئاسانکردنی کارەکەو نەهێشتنی هیچ بڕو بیانویەك، هێزەکانی ئەمریکا لە 31ی کانونی دووەمی 1945دا هێزەکانی بەریتانیا لە 2ی ئازاری 1946دا لە ئێران کشانەوە.

بۆیە یەکێتی سۆڤیەت بیانویەکی ئەوتۆی بەدەستەوە نەمابوو بۆ مانەوەو نەکشانەوە، لێکدانەوەیەکی زۆریشیان لەسەر بەرەنگار نەبونێکی نوێ دەکرد، ئێرانیش لە ڕووی نەوت‌و ستراتیجی سەربازییەوە، بایەخێکی بێ وێنەی بۆی هەبوو، هەروەك چۆن بایەخی ستراتیجی‌و نەوتی بۆ و بەریتانیاو وڵاتە یەککرتووەکانی ئەمریکا هەبوو.

ئا لەو بارودخە نێودەوڵەتیەدا لێپرسراوانی سۆڤیەت کەوتنە سەر دەستپێکردنی یاریەکی سیاسیی گوشار سروشت، بەناوەڕۆك‌و خواستیش بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیەکان بوو، بە دیمەنیش دەستگرتن‌و یارمەتی دانی دوو گەلی ئازەرو کورد بوو.

ئەوەبوو ئاگاداری لێپرسراوانی ئازەرو کورد کرا کە کاتی ئەوە هاتووە سەردانی(باکۆ) بکەن بە داخوازیەکانیانەوە، تا وتوێژ لەسەر جێبەجێ کردنی بکرێت.(3) پێشەکی زۆر هەوڵ درا کە کورد بە ئازەربایجانەوە ببەسترێتەوە، بێ ئەوەی بتوانن ڕابەرانی کورد ڕازی بکەن.

بۆیە پرۆسەی دامەزراندنی کۆماری ئازەربایجان دەست پێکراو لە 11ی کانونی یەکەمی 1945دا بانگەوازێ بڵاوکرایەوە(4).

دوابەدوای ئەوە لە 2ی ڕێبەندانی 1324(22ی کانونی دووەمی 1946) دامەزراندنیجەمهوریەتی کوردستان بڵاوکرایەوە.

کێشەکان لەناو سێ بازنەدا

ئەوەی زۆر گرنگ و جێگەی سەرنجە ئەو دامەزراندن و بلاوکردنەوەیە یەك لایەنی بوو، هیچ مامەڵەیەکی سیاسی و دیپلۆماسی نێو دەوڵەتی لەگەڵدا نەبوو. جگە لە ئازەربێجان-تەنانەت یەکێتی سۆڤیەتیش هیچ جۆرە هەنگاوێکی لەو بابەتەی نەنا، هەرچەندە سەرەك کۆمارو ئەنجومەنی وەزیران(هەیئەتی رەئیسەی میللی کوردستان)بە سەرۆکایەتی حاجی بابەشێخ هاتنە سەر شانۆی کار، دام و دەزگاکانی حکومەت دامەزرێنران، لەگەڵ ئەوانەشدا ئەم قەوارەیە هەرچەندە لەناو شەرعیەتی یاسایی و کۆبونەوەیەکی بیست هەزار کەسی کە وەك مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆ دێتە بەرچاوو هاتە ئاراوەو لە ژێر سێبەری زلهێزێکدا بوو، بەدەر لە بازنەی شەرعیەتی سنووری سیاسی و جوگرافی ئێران، کەوەك داگیر کەرێك، هەر بیریشی لەوە نەدەکردەوە ددان بەبوونی کۆماردا بنێ، سەرکردەو رابەری کۆمار بە نوسین و بە گوتەو بە جوڵە کۆمارەکەیان بەبەشێکی جیا نەبوەوە لە ئێران دادەنا خۆیان بە یاسای ناوەندەوە بەستبۆوە.. زەمینەکەیان بە بەشێکی زەوی ئێران دادەنا، تەواو بڕوایان بە گفتوگۆ بوو... لەگەڵ ئەوانەشدا هیچ جۆرە نەرمییەك و ئامادەبوونێك بۆ سەلماندنی جۆرێ لە مافی نەتەوایەتی پیشان نەدەدرا بگرە بە ئاشکراو لەسەر نەخشەی لەناو بردن کاریان دەکرد.

دیسان بۆ بازنەی نێو دەوڵەتی و مامەڵەی دیپلۆماسی بە دابڕاوی مایەوە، هەرچەندە سەرەك کۆمار لە دەرگای سیاسی و دیپلۆماسیی، هەرسێ دەوڵەتانی خۆرئاوای دا، بەلام بێ وەرام بوون، ڕووسەکانیش لەناو کێشە زل و قەبەکانی خۆیاندا دەژیان و کاریان بۆ نەخشەی خۆیان دەکرد.

سەبارەت بەوانە کۆمارەکەی کورد هەرلە بەوەلەدبونیەوە لەناو سێ بازنەی پڕ لەکێشەدا دەژیا: کێشەی نەبوونی شەرعیەتی نێودەوڵەتان، کێشەی نەبونی شەرعیەتی هەرێمی و ناوچەیی و رێکخستنی پەیوەندی لەگەڵ پایتەخت، وە کێشەی ئابووری و سەربازی و کۆمەلایەتی و سایکۆلۆجی ناوخۆو نادیاری ئایندەو چارەنووسی کۆمار.

زیاتر لەوانەش، دوژمن و زلهێزە هاوکارەکانی، بارەکەیان زۆر بە پڕ مەترسی تر لە واقیع وەردەگرت، لەسەر حسابی لەت و پەت کردنی ئێران، گریمانی تەشەنەکردنی

کێشەی کوردیان دەکرد بەهەرشە لەسەر پاشەڕۆژێکی نادیارو ئێستایەکی پڕ لەمەترسیی. بڕوانە ئەم هەواڵە کەمیدیای ئەو رۆژگارە بڵاوی کردبۆوە، لەرۆژنامەی کوردستانیشدا بەم جۆرە خرایە پێش چاو:

(دەنگوباسی دەرەوە)

ڕادیۆی بەیروت–لە خەبەرێکی کە پێمان گەییوەو لە قاهیرەوە وەرگیراوە دەوڵەتی جمهوری لە ئازەر بایجان دامەزراوەو، سەرۆک جمهوی کوردستان جەنابی قازی محەمەدو پایتەختی کوردستان ئازاد شاری مهاباد، ئەو جمهوری کوردستانە داخوازی وەسەر گیرانی کوردستانی عیراق‌و تورکیا دەکات مەرام‌و ئارەزووی وان سەربەستی‌و سەربەخۆیی کوردستانی گەورەیە مەلا مستەفا بارزانی قائیدی شەڕی بارزان کە ویستا لە دەوڵەتی جمهوری کوردستان دادەنیشێ لەو جمهوریەتە زۆر بەقەدرو حورمەتە.

رادیۆی بەیروت: بەخبریك کە لە مەکتەبی سیاسی واشنتۆن وەرگیراوە دەڵێت مەسەلەی ئێران کەوتۆتە مەوقعێکی زەحمەتەوە هەتا کوردەکان ئێستا داوای ئیستقلالی خۆیان دەکەن‌و زۆر مومکنە کە ئەم حرکاتانە ببنە سەبەبی یەکێتی هەموو کورد بۆ داواکردنی استقلالی کوردستانی گەورە(5).

ئەوە لە کاتێکدا ئەو جۆرە بیروتێندینسە لەناو نەخشەو بڕیاری داڕێژەرانی سیاسی کوردا نەبووە، خۆ ڕووسەکانیش هەر تەواو دژی کاری وا بوون، بگرە نکوڵیشیان لە بوونی پەیوەندی‌و یارمەتیدانی ئەو کۆمارە خودموختارەش دەکرد.

لەناو ئەو ئاوو هەوایەدا وە بۆ بەرەنگار بونی ئەو دیاردانە(ئەحمەد قوام‌ولسەلتەنە) لەناو دیپلۆماسیەتی پڕ لە فرو فێڵی رژێمی شاو مانۆڤری سیاسی سەرکەوتووانە کەوتە بەکار خستنی ئەڵقەکانی نەخشەی یارییەکی سیاسی‌و دیپلۆماسی، سیما دڵسۆز بە گەل‌و داخوازیەکانی، دۆستانە بە یەکێتی سۆڤیەت‌و باش دراوسێتی، لەناوەرۆك‌و مەبەستیشدا بۆ پوچ کردنەوەی مانۆڤرو یاریەکەی رووسەکان، بۆ کشانەوەی لەشکری سوور وە دەستبەرداربوون بوو لە ئازەرو کورد.

بۆیە کەوتە هەنگاو نان بۆ ئەنجام دانی ریفۆرمی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی، کارکردن بۆ پرۆسەی دیموکراسی لەلایەك، گەرم کردنی هاتوچۆو پەیوەندی گفتوگۆ لەگەڵ

لێپرسراوانی مۆسکۆ لەلایەکی تر، تا پەیمانی دامەزراندنی کۆمپانیای هاوبەشی نەوت مۆرکرا(6)، بەوەش ڕووسەکان ئاواتەکەیان بەدی هات.

لەسەرەنجامدا دوا بەشی لەشکری سوور لە 27ی نیسانی 1946 ئێرانی بەجێهێشت(7). هەموو ئەو چەك و تەقەمەنییە قورسانەی هەبوون وەریان گرتەوە، لەوانە دوو فرۆکەی بێ بۆمبا و چوار تۆپی کۆن کە لەڕۆژانی مەترسی و بۆ بەهێزکردنی بەرەکان لەکوردستان دوو دانەیان بۆ مەهاباد نێررا بو وەك کۆمەکی سەربازیی(8) بەو جۆرە دەردەکەوێت کە هۆو یارمەتیدەرە سەرەکییەکانی دامەزراندنی جەمهوریەتی کوردستان:

بارودۆخی نێودەوڵەتان و ململانێیان، داڕوخانی دامو دەزگا و ئەرتەشی تاران، دروست بونی بۆشایی بەڕێوەبردن، یاری و مانۆڕی سیاسیی هەمەلایەنە لەگەڵ گەلێ هۆی تریش دەستەبەری بەپیرەوە چوونی ڕووداوەکەو دامەزراندنی کۆمار بوو، بەتایبەتی هیواو خواستی جەماوەر لەرزگاری، بوونی حزبی دیموکراتی کوردستان و پێشەوا قازی محەمەد بوو.

بەڵام ئەوانە هەموو شتێك نەبوون، زەمینەی رەسیوی دامەزراندنی قەوارەیەکی خاوەن هەل و مەرجی ژیان و داکۆکی لە خۆکردن نەبوو، تەنها بۆ کاری سەرەتایی و سودوەرگرتن لەو هەلە مێژووییە رەخساوە، لەبار بوون، دەنا دەبوو بەتێگەیشتنی رەوتی ڕووداوەکان زۆر کاری تر بکرایە، زۆر هەنگاوی تر بنرایە، زۆر بە وردی و هۆشمەندی و قوڵی لە خۆو لە بارودۆخەکەو لەسەرجەم ڕووداوەکان و هەڵوێستی زل هێزەکان و ناکۆکی و ململانێ و پەیمانەکان بگەیشتنایە، لەبەر رۆشنایان نەخشەی کارو خۆ قایم کردن دابنرایە، سەرنجی پاشە رۆژو دیاردەو یاری و ڕووداوە چارەنوسسازەکان بدرایە.

بۆشاییە ئاشکراکان

هەر لەسەرەتاوە بۆشاییەکان کەم و کورتی و دیاردەی ناقۆڵاو کۆسپەکان، هەڵوێستی سەرچاوەی بڕیار... جوڵەو ڕاسپاردەکان.. هتد.. ئاشکرا بوون.

بۆ نمونە:-

× ساڵ دەهات و ساڵ دەڕۆی داواو داخوازیەکانی کورد بێ وەرام بوون، لە نێوان ساڵەکانی1942-1945دا بەڕێوەبەرایەتیەك دامەزرێنرا، بەهێز نەدەکرا، بزوتنەوە

چەکدارییەکەی ناوچەی ورمێ لە بەرژەوەندی تاران دوایی پێهێنرا، کاتێ یەکێتی سۆڤیەت هاتە وەرام ئیتر یاریو مەبەستەکە زۆر شاراوە نەبوون.

× هەر لەسەرەتای دامەزراندنی کۆمارەوە دەزانرا لاسەنگی هێزو چەكو ئازووقەو داهات لە چ ئاستێکدایە، کەچی هیچ هەنگاوێکی کاریگەر نەدەنرا، بەتایبەتی گوشاری سەربازی لەسەر مەهاباد ئاشکرا بوو، زۆر لەبەڵگەنامەکانی ئەو سەردەمە باری خراپی سەربازیی، لە ڕووی چەكو ئازوقەو کەرەسەی جەنگو ئابووریی سەربازی بەڕوونی ئاشکرا دەکەن چەکی قورس نەبووە، تەنانەت تفەنگیش لەئاستی پێویستدا نەبوو، جار بووە چەکدار لەبەر بێ فیشەکی بەرەی شەڕی بەجێهێشتووە، بۆ جلو پێخەفو پێڵاوو گۆرەوی، یارمەتی لەجووتیاران وەرگیراوە(9)..

× هەر لە سەرەتاوە دەوڵەتانی خۆر ئاوا، نەك هەر ئاوڕیان لە کۆمارەکە نەدەدایەوە، بەڵکو بۆ ڕووخاندنیشی نەخشەیان بۆتاران ساز دەکردو یارمەتیان دەدا.

بەو جۆرە لە ڕووی سیاسیو دیپلۆماسییەوە، بە دابڕاوی، بە سوود وەرگرتن لە باری جیۆپۆلۆتیکی ناوچەی کۆمار بە ئابلۆقە دراوی هێشتیانەوە، یەکێتی سۆڤیەتیش هیچ هەنگاوێکی بەرەسمی نەنا، هیچ جۆرە ڕێکەوتنێ، پرۆتۆکۆڵی، بەڵێنێکی نوسراو لەگەڵ کۆماردا نەکرا، ئەو نەبوونی شەرعیەتە یاساییەی نێو دەوڵەتانو ناوچەکە مەترسیەکی ئاشکرای نیشان دەدا.

× هەر لەسەرەتای پرۆسەی داگیر کردنی ئەو ناوچانەی ئێران، گەلێ پەیمانو ڕێکەوتن لەنێوان دەوڵەتانی هاوپەیمانو لەگەڵ تارانیش مۆرکرا، مەبەستی سەرەکی هەموو لایەك پاراستنی سنوری سیاسیو جوگرافی ئێران.. ئێرانو یەکێتی خاكو میللەتانی بووە، بۆ بەڵێن دانو دووپات کردنەوەی چۆڵ کردنی ئێران بووە لە دوای جەنگ.

لە 29ی کانونی دووەمی1942 پەیمانێکی سێ قۆڵی ناسراو بە پەیمانی(الاتحاد) لەنێوان (عەلی سهیلی) وەزیری کاروباری ئێران، (سێر ریدر پۆلارد) سەفیری بەریتانیا لە تاران، (سەمیرنۆڤ) سەفیری یەکێتی سۆڤیەت لە تاران ئیمزا کرا، لە ماددەی یەکەمدا هەموویان بەڵێنیاندا بۆ ڕێز گرتن لە یەکێتی ئەرزو سەرداریو سەربەخۆیی ئێران لە ماددەی پێنجەمدا بڕیاردرا کە دوای ئاگر بڕو سەرکەوتنو ڕێکەوتن لەگەڵ ئەڵمانیاو هاوپەیمانەکانی لە ماوەیەکدا کە لەشەش مانگ تێنەپەڕێ، دەبێ هێزەکانی

خۆیـان لـە ئێران ببەنـە دەرەوە، کوردو ڕۆشنبیران هیوایـەکی گـەورەیان بـە(ئیعلانـی ئەتڵەنتیك) بەسـتوو سـەبارەت بـەم بڕگانـەی نـاوی: (هـەموو گـەلێ دەبێ مـافی ئـەوەی هەبێت کە خۆی فۆرمی بەڕێوەبردنی خۆی هەڵبژێرێ)(10)

بەندەکـەی ویڵسـۆن وەبیرهێنرایـەوە،(هیـچ گۆڕانێکـی ناوچـەیی دژ بـە خواسـتی گەلان نەکرێ).

لە ڕاستیشدا ئەم بڕگەیەی دوایی لە دەستکەوتی تاران و دژ بەبەرژەوەندی کورد بـووە، چونکـە مەبەسـت لـە خواسـتی گـەلان خواسـتی دەوڵـەتان بـووە، بۆیـە هـەر نـاوەڕۆکی ئەمەشیان بـە ئـەنجام گـەیاند،هـەروەك چـۆن لـە دوایشـدا دامـەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان مەبەست لێی ڕێکخراوی دەوڵەتان بوو.

لـە 27–29 دیسـەمبەری 1943 کۆنگـرەی تـاران لـە نێـوان ڕۆزفلـت، چـەرچڵ وە ستالیندا بەسترا، یـەکێ لـە خاڵـە گرنگـەکانی: پاراسـتنی سـنوورو یـەکێتی ئـێران و کشانەوەی هێزەکانی هەرسێ دەوڵەتەکان بوو، لە دوای بڕانەوەی جەنگ.

پێکـهاتنی تـاران و مۆسـکۆ لەسـەر دامـەزراندنی کۆمپانیـای هاوبەشـی نـەوت و بڵاوکردنـەوەی دەقـی پەیمانەکـە، زیـاتر لـەوە قـوام و لسـەڵتەنەو پـەیوەندی نێـوان هـەردوو پایتـەختی واباش کردبوو کـە تەنانـەت بکەونـە بڵاوکردنـەوەی بـەندو بـاوی خواستنی کچی ستالین بۆ حەمـە ڕەزا شـا کـە لـە دوایـدا ڕۆژنامـەی کوردسـتان بـە خۆشییەوە هەواڵی درۆبوونی باسەکە بڵاوبکاتەوە.

کاتێ سەرانی دەوڵەتانی هاوپەیمان لە پۆتسدام کۆبوونەوە(11) بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ئەڵمانیاو دابەشکردنی دەستکەوتەکان سـەبارەت بە چۆڵ کردنی ئێران دوای بڕانەوەی جەنگ ئەو بەڵێنەی دابوویان دووبارە کرایەوە.

لـە 29ی ئـازاری1946 تورکیـاو عـیراق پـەیمانی بـاش دراوسـێتیان ئیمـزا کـرد. مەبەستی ئەو ڕێکەوتنە زۆر ڕوون و ئاشکرایانە مۆر دەکران بەرامبەر بە نەبوونی هیچ جۆرە بەڵێنێك یان بەڵگەنامەیەکی باوەڕ پێکراو لەلایەن سۆڤێتەوە بۆ کورد لەگەڵ نەبوونی هیچ جۆرە یارمەتیەکی جیدی کە کۆمارەکە بکرێتە هێزێکی خۆڕاگر. بەڵکو ئامۆژگاری کوردەکان کراو تا ڕێ لـە ئەرتەشـی تاران نـەگیرێ، چونکـە هێزێکی بچوك هەر بۆ چاودێری هەڵبژاردن دێتە ناوچەکەو لە دوایدا دەکشێتەوە..!

دیاردەی تری نائاسایی

زیاتر لەوانە ئەگەر سەرنجێك لەباری ناوخۆیی سنوری کۆمارەکەی کورد بدەین، لەناو تێڕوانینی هەرێمی، سیاسی و دیپلۆماسیی سەرکردایەتی حزب و کۆماردا، واگەڵێ دیاردەی سەیر تری سەردەمەکەمان دێتە بەرچاو..

-کۆمەڵگەی کوردەواری زۆر دواکەوتوو بوو، ئەگەر بزانین ئامارو ڕاژەی نەخوێندەواری دوای بیست ساڵ 1966 لە دامەزراندن و ڕووخاندنی کۆمار لە دێهاتەکانی: مەهاباد94٪ لە سەقز93.10٪ لە سنە92.9 ٪ کرماشان88.2٪ بووە، وا دەتوانین مەزەنەی سەردەمەکەی کۆمار بکەین، ئەم بارە نالەبارو دەردە کۆمەڵایەتیە کوشندەیە، دەیان گیروگرفتی گەورەو ناکۆکی ناو کۆمەڵی ڕۆژگارەکەی قوت کردبۆوە..

لێپرسراوانی حزب و کۆماریش هەڵقوڵاوو خوڵقاوی ناو ئەو دۆخە ئاڵۆزەبوون، بۆیە چارەکردنیان، تێگەیشتنی بارە نێو دەوڵەتیەکەو دیپلۆماسیەتە ئاڵۆزەکەی دەویست، کەبۆ ئەوان زەحمەت بووە.. بۆیە لە ڕۆژی کارەساتیشدا هەر ئەوە چاوەڕوان دەکرا کە ڕووی دا، بە تایبەتی ناکۆکی عەشایەری و یارمەتی دانی دوژمن، ململانێ و ڕقەبەری و پاڵ بەیەکەوە نان و بۆربۆرین بۆ پەڕینەوە بۆ بەرەی داگیرکەر، لەڕۆژانی کۆتاییدا، دیمەنێکی کۆمەڵگەی دەهێنایە بەرچاو...

ئەوانە نائارامی و بێ باوەڕیی ڕەخساندبوو، ئەنجامی ئەوەش لە ڕۆژگاری سەختدا دەرکەوت چەندە ترسناك بووە.12.

-سەرکردایەتی کۆمار، زیاد لەپێویست خۆی بە وتووێژی بێ ئەنجام بەستبۆوە، بێ بناغە لێی بە ئومێد بوو، هەرچەندە جۆرێ لە جیاوازی بە ئومێدو بێ ئومێدی لە نامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی حزب (کەلەشوێنی خۆیدا دەبینرێت)لەلایەك وە سەرەك کۆمار لە لایەکی تر دەردەکەوێ(13). جگە لەوە زۆر لە لێپرسراوانی تر نە بڕوایان بە تاران بووە وە نە ئومێدو بڕواشیان بە گفتوگۆ بووە لە کاتێکدا ڕژێمی تاران تەنها بۆ کات بردنە سەرو دەستی دەستی، گفتوگۆی کردووە، خۆ لێپرسراوانی ئەرتەش هەر بە ئاشکرا لە نامەکانیاندا گاڵتە بە گفتوگۆ دەکەن (بڕوانە ئەفسەرانی ئەرتەش لە ب1 د.ج.ك-دا)، بگرە جاری وابووە ژاندارمەکان تەقەی لەو خەڵکە دەکرد، وەك ئەو

ڕووداوەی کەپێشوازیان لە نوێنەرانی ئازەرو کورد کرد لە تاران لە گفتوگۆی بانەمەڕی 1325دا، 2کوژراوو 3بریندار ئەنجامی بووە(14).

-وەك پێویست بە لێکۆڵراوەیی و دانانی نەخشە، مامەڵەی ڕووداوەکان نەدەکرا، لە دوژمن و لە نەخشەو گەمە سیاسیەکان لە دیپلۆماسیەتی هاوپەیوەند بە کێشەو مەسەلەی کوردەوە نەدەگەیشتن، ئەگەر جۆرێ لە تێگەیشتنیش هەبایە وا دژە کردارو نەخشەو کاری بەرامبەر نەبوو.

-خۆ بەستنەوە بە دورشمی خودموختارییەوە، دەرگای بیرکردنەوەی لە ئەڵتەرناتیڤێکی تر لەسەر داخستن، بڕیارە مێژوویەکەی دووی ڕێبەندانی1324 خرایە لاوە، کە ئیختیار درابووە دەست کۆمیتەی مەرکەزی و ئەنجومەن بۆ بە ئیستیقلالی تەواو گەیاندنی کورد لەو جێگایانەی لێی دەژین.

ئەوە لە کاتێکدا بووکە زۆربەی زۆری جەماوەر، زوربەی کاربەدەستان بڕوایان بە دورشمەکەی ڕزگاری هەبوو.

-خۆ بەستنەوە بە ستراتیجی (سەربازیی) بەرگری.. بە خۆ مەڵاسدان لە سەنگەرا بۆ چاوەڕوانی هێرشی دوژمن، کە ئەمە ڕۆڵی خۆی لە هیلاکی و نائومێدی لە پەلامارو دەستپێشخەری و هەڵبژاردنی زەمان و زەمینی جەنگدا بینی، لە کاتێکدا ئەرتەشی ئێران سەربەستی جووڵەو مانۆڤرو هێرش و پەلامارو کشانەوەی هەبوو.

هەرچەندە جیاوازیەکی گەورە لە نێوان هێزی چەکدارو چەك و تەقەمەنی و تفاقی جەنگ و کەرەسەی گواستنەوە هەبوو، بەڵام لە ڕووی توانای شەڕو ورەو باوەڕو گیانی خۆبەخت کردن بۆ نیشتمان بە پێچەوانەوە بو، لەبەرژەوەندی کورد بوو، بۆیە ئەگەر ئەو ستراتیجەو پەیڕەوکردنی ئامۆژگاری لێپرسراوانی سۆڤیەت بۆ شەڕ نەکردن نەبایە، وا ڕەوتی ڕووداوەکان بە جۆرێکی تر دەبوو یان هیچ نەبێ جۆرێ لەگەمەی سیاسی و مانۆڤەری سەربازی و نەبزگرتن و شەڕی دەروونی دەست پێدەکرا.

-هەوڵ نەدان بۆ سنور فراوانکردن بۆ سوود وەرگرتن لە توانای مرۆیی و زەمینی و ئابووریی ناوچەکانی تر، بۆ بێ بەش کردنی دوژمن لێیان، بەتایبەتی ئابووریی کۆمار زۆر لاواز بوو، خەڵکی زۆر هەژار بوون، کە دەنگی هەنگاونان بەرەو ئەو ڕێبازە بەرزدەبۆوە، گوێیان لێ نەدەگیرا، کەبەهۆی دەست درێژی دوژمنیشەوە ڕووداوێ بخوڵقێنرایە، نەخشەی سوود لێ وەرگرتن دانەدەنرا، هەر زوو هەڵەکە

لەدەست دەدرا، وەك شەڕو هێرشی(سەراو سەرچاوەو مل قەرەنی، دیسان شەڕی مامەشا).

شەڕی مامەشا گرنگییەکی تایبەتیی خۆی هەبووە ڕۆژنامەی کوردستان بەم جۆرە لەسەر ڕووداوەکەی نووسیی:

لەجەبهە

وەکو لەجەبهە وەلام گەیشتووە ئەم شەڕی دوایی کەلە گردی مامەشا رووی داوە دوژمن بە 3هەزار کەسەوە هێرشی هێناوەو تانكو تۆپو تەیارە لە ئەرزو ئاسمان پیشتیوانیان لە دوژمن کردووە تەنیا بە هۆی 30 کەس لە برایانی بارزانی دەستە مل قەرەنی بە سەرۆکی برای قارەمان مستەفا خۆشناو جواب دراوەتەوەو لەلایەن حەزرەتی پێشەوا ئەمر سادر بوو کە 11کەس لە شەرەکان کە یەکێ لەوانە برای خۆشەویست محمد قادریە لە میدالیای قارەمانی پێبدرێت(16).

*زیاد لە سنوری پێویست کۆمار ئەوقی ئازەربایجانو سیاسەتی حکومەتەکەی کرا، هەرچەندە لە زۆر رووەوە بێ سود نەبوو. بەلام لە هەندێ رووی ترەوە بێ زیانیش نەبووە، بەتایبەتی ئازەرەکان رێبازی تایبەتی خۆیان هەبوو، رابەرو لێپرسراوە ناسیۆنالیستەکانی ئازەربایجانی سۆڤیەتیش لە هەموو ڕوویەکەوە یارمەتیدەریان بوون، بە نەخشە کوردیان دەستەنگی ئەو کۆمارە کردبوو، کاتێ ئەو رایە خرایە بەردەم پێشەوا کە گوایە بۆ تەواوی کوردستان یەك ئۆستاندار دەبێت ئەویش قازی دەبێ(17). هیچ جۆرە ئامادەیەکی نیشان نەدابوو بۆ قەبوڵ کردن، بێ گومان ئەو یاریەش بێ مەترسیو مەرام نەبوو، کەچی ئازەرەکان لە گفتوگۆی مانگی جۆزەردان 1325 یاندا لەگەڵ رژێم لە تەورێز،نە نوێنەری کوردیان بەسەرکردەوە وە نەمەسەلەی نەتەوایەتی کوردو کۆمارەکەشی باس کرا، هەروەك بە ئەنقەست بیانەوێ مەسەلەکە خەفە بکەن

*نەبوونی ئازادیی جوڵەو دەست پێشخەری، چونکە ڕووسەکان لەچەند لایەنێکەوە سنوریان بۆ جموجۆڵی کۆمار دانابوو لەوانە:

نەجوڵان لەبەردەمی شەڕدا بۆ بەرگری نەبێ. خۆ بەستنەوە بە خود موختاریەوە، بەردەوامی لەسەر گفتوگۆ، بەستنەوە بە ئازەربایجانەوە.. بۆیە بیر لە جوڵەی سەربازیو مانۆڤەری سیاسی، ئەمری واقیع دروست کردن، کاری جەماوەریو

جولاندنی خەڵکی کورد لەناوچەکانی دەری سنور نەکرایەوە، نەبوونی ئەم ئازادییە ئەو چاوەروانی‌یە، ئەو بێ دەرامەتییە، بێ ئومێدی لە تاران، جۆرێ لە بێ ئومێدی لای خەڵکی خوێندەوارو هۆشمەند دروست کردبوو، بێ ئەوەی سەرنجی لێبدرێ‌و بیر لە هۆو چارەسەر بکرێتەوە.

لە سوچێکی‌تری تێروانین‌و شیکردنەوەوە، ئەگەر سەرنجێکی ووردی دیاردەی خۆبەدەستەوەدانی سەرۆك کۆمار بدرێ، بابەتیانە لێی بکۆڵرێتەوە، وا دەردەکەوێ کە هاندەری ئەو دیاردە نائاساییە، هەر تەنها بەڵێن‌و سوێندەکەی نەبوو بۆ مانەوە لەگەڵ خەڵکی کورد، وەك هەوڵێکی خاوکردنەوەی قینی رژێمی تاران بەرامبەر بە خەڵك بۆ تۆڵە، هەر سەبارەت بە بەڵێنی گیانی(سەرتیپ همایونی) بۆ پێشەوا.. نەبوون، بەڵکو گەلێ دیاردەو هۆی تر لەئارادا بوون‌و لە دروست بوونی ئەو پرۆسەیە رۆڵیان بینی لەوانە:

کشانەوەی لەشکری سوور، بێ نەخشەی هاوپەیوەندی بە چارەنوسی کۆمار.

*ئامۆژگاریی رووسەکان کە شەڕی ئەرتەش نەکەن.

*رووخاندنی کتوپڕی ئازەربایجان‌و راکردنی رابەرانی‌و شەڕی خوێناوی.

*نەبوونی پشت‌و پەنا، مانەوە بەتەنها، بێ چەکی قورس‌و هەل‌و مەرجی بە هێز بوون‌و داکۆکی بەرامبەر بەهێزی دوژمن کە لەو رۆژگارەدا گەلێ هەنگاوی وەرچەرخێنەری هەل‌و مەرجەکەی‌نابوو، زلهێزەکانیش یارمەتی دەری بوون.

*برِوا نەبوونی قازی محمد بە جەنگ‌و خوێن رشتن، بە شەڕی بێ هودە، خۆ هەر لەسەرەتاوە کۆمەڵەی ژێ-کاف رێبازی خۆی لە شەڕی چەکدارو شۆڕش دیار کردبوو، دیسان نامە پارێزراوەکانی پێشەوا تیشك دەخەنە سەر ئەم بۆچوونە.

* گرفت‌و هەڵەو بۆشایی‌و لاوازی‌و ململانێی ناوخۆ کەم نەبوون بەتایبەتی:

-ناکۆکی‌و ململانێ‌و رقەبەرایەتی نێوان ئێل‌و تیرەو بەرەباب‌و بەگزادەکان.

-نەبوونی دیسپلینی پێویست لەناو سوپاو چەکدارەکاندا.

-لاوازی زۆر لە سەرکردەکانی حیزب‌و کۆمار، زوو ورە بەردان کەلەگەڵ هەندێ سەرەك عەشیرەتیشدا کەوتنە بڵاوکردنەوەی گیانی خۆ بەستەوەدان.

-تەنیا هێزی جێگەی ئومێد. هێزەکەی بارزانی‌و ئەفسەرە لێهاتووەکانی کوردستانی عیراق بوو، پێدەچێ پێشەوا لای ئاسان نەبووبێ ئەو هێزە ببێتە چەتری

پاراستنی، بەتایبەتی هەر لەسەرەتاوە ئەو جێگەو هەلە بۆ بارزانی نەخولقێنرا کە رۆڵی خۆی ببینێ، هەر وەك نامەکانی خۆشی دەری دەخەن کەهەر بە(فەرماندە کل هێزی بارزانیان) ماوەتەوە بە پلەی(ژەنەراڵ)یەوە، دانانی بەشێکی گرنگ لە هێزەکەی، لکەکانی 1و2و3و4 بەسەرکردایەتی:

مستەفا خۆشناو، میر حاج، بەکر عەبدولکەریم، نوری ئەحمەد تەها، بەفەرماندەیی ژەنراڵ حەمە رەشید خان، ئەمەش بۆ خۆی جێگەی سەرنجە(18). لە ژمارەکانی رۆژنامەی کوردستانیشدا شتێکیوا نابینرێ کە پێچەوانەی ئەو قسەیە بێت، هەرچەندە بارزانیی هەندێ جار لەگەڵ وەزیری هێزدا(سەیف قازی) سەردانی بەرەکانی شەڕو هێزەکانی کردووە، رۆڵی گرنگی لە لابەلاکردنی ناکۆکی عەشایەریدا بینی، ئەو پلەیەی لەرێککەوتنە سەربازییەکەی نێوان کوردستانو ئازەربایجاندا بۆی دانراو، جگە لە رۆڵی هەموو هێزەکە کەلە کارەساتەکەشدا بە یەکگرتوویی لە مەیدانەکە دەرچوو، لەگەڵ ئەوانەشدا دیسان لە سەرچاوەی بڕیارەوەو ئەو رۆڵەی نەدرایە.

لەگەڵ ڕووخاندنی ئازەربایجان هەندێ سەرەك عەشیرەتو لێپرسراوان خۆیان بەدەست ئەرتەشەوە دا، لە راستیدا هەر لەدوای کشانەوەی لەشکری سوور، گەلێ لەو سەرەك هۆزانە ورەیان بەردا، لە دواییدا گەلێ لەلێپرسراوانیشی گرتەوە.

کورتو پوخت زەمینەی خۆییو بارودۆخەکەی کۆماری تێدا دامەزرێنرا، رەسیو کامڵ نەبوون، بارودۆخە نێودەوڵەتیەکەش لەسەر تەماحو مانۆڕو بەرژەوەندی دەجوڵاو ئاراستە دەکرا، دوژمن ئامادە نەبوو هیچ جۆرە پێکهاتنو رێکەوتنێ بکات کە لایەنی کەمی مافی نەتەوایەتیو نیشتمانی کوردی تیا بێت.

سەرکردایەتی کوردیش لەو ئاستەدا نەبوو کە بزانێو بتوانێ ئەڵقە لاوازەکانی موعادەلەکان بدۆزێتەوەو هەوڵی گۆڕانی بدات، هەر لەسەر بەڵێنو چاوەڕوانیی وەرگرتنی راسپاردەو بڕیارەکان دەژیا، سەرنجی رووداوەکانو پاشە رۆژو ئاییندەی چارەنوسی نەدەدا، جەماوەریش لەسەرەتادا لەئازادیو باری دیموکراسی کە زۆر گرنگ بوون بەئومێد بوون، لەدواییشدا چاوەڕوانیی تاقەتبەرو ئینجا بەنائومێدی دەژیا.. بەتایبەتی ئەو هەموو ڕووناکییە سوورانە، دەردەکەوتن بێ ئەوەی رابەرانی کورد بجوڵێنو بگەنە ئاستی ڕووداوەکان، پێکهاتنی تارانو مۆسکۆو

پـەیمانی نـەوت، كشـانەوەی لەشـكری سـوور بێڕەخسـاندنی هیـچ جـۆرە زەمـان‌و دڵنیایەك، ئەوانە زەنگی‌مەترسی‌و نیشاندانی سەردەمی وەرچەرخاندن بوون.

سۆڤیـەت بەمـەرامی خـۆی گەیشـتبوو، یاریەكـەی بـە ئـەنجام گـەیاندبوو، دەستبەرداری كورد بوو بوو، كەچی كورد لەسەر هیواو چاوەڕوانی‌و بەڵێن‌و باوەری خۆی دەژیا، سەیری ڕەوتی ڕووداوەكانی دەكرد، بەو بڕوایەوە كە بەتەنها ناتوانێ كارێ بكات، كاتێ ساتی بڕیاری پێچەوانەی ڕەووتی مێژوو بوو، پێشەواش سەبارەت بەو هۆو هەل‌و مەرجانەی تیشكیان خرایەسەر، خۆی كردە قوربانی، كاروانێكیش لە شەهیدان رابەری كرد، دوور نەبوو، ئەگەر ڕێگەی پێچەوانەی هەڵبژاردایە مێـژووی ئەمڕۆ بە جۆرێكی تر نەنوسرایە، بێ گومانیشە كە ڕەوتی ڕووداوەكان بە جۆرێكی تر دەبوو، چونكە ئەو بڕیارە دوا هەل بوو، بەڵام وەك لێكدانەوەیەكی لۆجیكی، ئەگەر لە ساتی هێمنی‌و لەسەر خۆییدا زۆر هەل لەكیس درابێ، وا دوا هەل لە بارودۆخێكی وا سەخت‌و قورسدا هەر دەبێ بەو جۆرە بێت كەبوو، دیارە ئیتر دوژمنی داگیركەریش بڕیار لەسەر چارەنوسەكە ئەدات نەك خاوەن كێشەكە.

* *

*

پەراوێزو سەرچاوەکانی بەشی یانزدەهەم

1-پێش دامەزراندنی کۆمار، پێشەوا قازی محەمەد لە دیدەنیەکی رۆژنامە نوسیدا بوونی ئەو خود موختاریەی باس کرد.

بڕوانە رۆژنامەی کوردستان، ژمارە(1،2)رۆژی 11-1946/1/12.

2-دوای دامەزراندنی کۆماری مەهاباد بە 200 سوارێکەوە خۆی گەیاندە مهاباد.

3-لە نیوەی دووەمی 1945دا ژەنەراڵ سەلیم ئەتاکشیوف ئاگاداری قازی محەمەدی کرد بۆ رێکخستنی وەفدی سەفەرکردن.

4-تا 26ی سەرماوەرزی1325(17ی کانونی یەکەمی 1946) ژیاو لەو رۆژە کۆتایی بە بەڕێوەبەرایەتیەکەی هێنراو ئەرتەشی تاران مەهابادی داگیر کردەوە.

5-رۆژنامەی کوردستان، ژمارە(27) خاکە لێوە 1325(25ی مارسی 1946).

6-4ی نیسانی 1946 کەلەشوێنێکی تردا خراوەتە پێش چاو.

7-بڕوانە پاشە کشەی بارزانیەکان لە کوردستانی ئێران، ئەبولحەسەنی تەفرەشیان، بە کوردی کردنی حەسەنی سەیف (حەسەنی قازی)1987، ل14 ئەمە بەشێکە لە کتێبەکەی نوسەر بەناوی(قیام افسران خراسان)1977، ناوبراو ئەفسەرێکی کۆماری ئازەربێجان بوو نێردرا بۆ کۆمەکی مەهاباد، لە ڕووخاندنەکەشدا مایەوەو خۆی بەدەستەوە نەدا.

8-بڕوانە ئەبولحەسەنی تەفرەشیان، سەرچاوەی ناوبراو، ئەو دەنووسێ:

×ئەو دوو فرۆکەیە(ئاغای مورتەزای زەربەختو عەلی جودی) لە مەئموریەتی هەڵفڕین بەرەو ئازادی-دڵ لە تارانەوە دەگەل خۆیان هێنابوویان.

9-بڕوانە مەحمود مەلا عززەت، دەوڵەتی جمهوری کوردستان، بەرگی یەکەم سوید 1991، ل43-47، 57-58،57،115،123، لەگەڵ گەلێك بەڵگەنامەی تریش.

10-ئەم ئیعلانە لە ناوەراستی ئابی 1941دا لەنێوان (چەرچلو رۆزفلت)دا ئیمزا کرا بڕوانە(Svenska Uppslags Bok Band2)(ئینسکلۆپیدیای سویدی) چاپی 1948،بەرگی 2 لاپەرە 682-683.

11-17تەموز-2ئابی 1945.

12–زۆر لە بەڵگەنامـەکانی سـەردەمەکە ئـەو راسـتی‌یە بـاش ڕوون دەکەنـەوە بـۆ زانیاری ئەم لایەنە بڕوانە بەرگەکانی (دەوڵەتی جمهوری کوردستان)..

13–بڕوانــە بەڵگەنامــەی ژمــارە 97ی کۆمیتــەی مەرکــەزی، 132 پێشــەوا قــازی محەمەد، دەوڵەتی جمهوری کوردستان، بەرگی یەکەم.

14–بڕوانە هەمان سەرچاوە ل 309–328.

15–بڕوانە دەوڵـەتی جمـهوری کوردسـتان–بـەرگی یەکـەم–بەڵگەنامـەی ژمـارە 24–30–32..هتد.

16–رۆژنامەی کوردستان ژمارە(60)رۆژی1946/6/20.

17–بروانە جعفەر مەهدی نیا، زندگی سیاسی قوام.

×دەوڵەتی جمهوری کوردستان نامەکانی پێشەوا ژمارە 20–132.

18–بڕوانە دەوڵەتی جمهوری کوردستان بەڵگەنامەی ژمارە 50 دیـارە سـەرچاوەی راســتەقینەی بڕیــارە گرنگــەکان بــۆ هــەموو لــەو دەســتەکانی هــێزی بارزانیــان و ئەفسەرانی هەر بارزانی خۆیی بوو.

تێبینـی:–ئەم لێکۆڵینەوەیە لە رۆژنامــەی کوردســتانی نـوێ ژمـارە 592–593 لـە رۆژانـی 20،1994/1/21دا بڵاوکراوەتـەوە لەبەر سـەنگی نوسینەکە بۆ یادی 52سـاڵەی کۆماری مەهاباد کە لە 1946/1/22(2ی ڕێبـەندانی 1324)دامەزرێنراو لە 17ی کانونی یەکەمی 1946دا ڕووخێنرا لەبەشی یازدەهەمدا دانرا.

Abstract: -

Republic of Kurdistan is a historical event and of an important era of self-rule. The values of the studies and researches on its events are full of lessons and warnings for today and the days to come in the struggle of our nation and the experience of the self-rule. Moreover, that history was the second opportunity during the years of the first half of the twentieth century that emerged amid the international circumstances and become an opportunity through which the realization of the Kurdish historical right could be seen.

I have paid good attention to the events of the one-year Republic and the Mahabad experiment since I began my writings. I have been writing about the events and subjects of this history, holding seminars and panels for the last thirty years. The writings and studies published as books and booklets or articles in the newspapers and magazines in Kurdistan and outside have reached an extent to enrich the Kurdish library.

These three experiments which emerged through the three historical opportunities in the twentieth century. I refer to the rule and Monarchy of the immortal Sheikh Mahmood in South Kurdistan (1918-1924), Kurdistan Republic in Mukryan Region (22.1-17.12 1946) together with this experiment of the present historical opportunity which persists in Iraqi Kurdistan. Those events are three historical opportunities in such a political ground that many of their causes in their establishment and also the conflicts of their times have many similarities. The factors of the opportunities of the experiments, the level of the political geostrategic circumstances, the conflicts and the course of events are very important. The factor of pressure and its effects on the complications and plots, the role of the superpowers in the region together with other causes such as the internal threats are the main factors and causes which have similarities and could be studied largely.

The method of the studies are systematic and depends upon genuine documents of the time of the Republic and of the archives of the states concerned in the experiment and the conflicts on the region at that time.

I have divided this study into eleven parts with a short introduction and a gate through which we enter the world of the studies in the different times and sources and genuine documents.

The first part contains an objective writing of history. In the second part there is a quick view about the Kurdish society. There is a description of the confrontations and fightings, which took place in and for Kurdistan. Then the reasons are analyzed and the way they caused the backwardness of the Kurdish society. Later it sheds light upon the policy of the occupying and imperialist states.

The third part is about the Kurdish movement when the Red Army came. There emerged many favourable causes that directly affected the Kurdish movement positively. These created favourable conditions in the establishment of the Republic of Kursdistan. Then the main internal and external causes are focused on.

In the fourth part there is a short history of the foundation of the political organizations and their activities, including Kurdistan Liberation league, Gihandan league, Kurdistan Liberals Party, K.R. league and KDP. Then there is a description of the publications, activities and goals of each organization, with a comparison of the goals, the policies, the programmes and the strategy of each of these two organizations. In the fifth part the beginning of the political life, the activities and the relations of the Kurds with the surrounding world are reviewed, including the Bako visit, the start of talks and the Soviet attitude and their views, then the Kurds' determination on gaining their right to a self-rule republic and the type of the Ministries and establishments. Light is shed upon the historical name of the entity with the governmental and international names and with documents and analyses proving that the entity was a self-rule republic and not an independent one.

The sixth part gives a class and social evaluation of the leadership of the Democratic Party and the Republic of Kurdistan. We shed light upon the nature and characteristics of the Republic of Kurdistan.

The seventh part sheds light upon the consequences of the establishment and the collapse of the Republic through the achievements of the Republic of Kurdistan.

In the eighth part many studies on the events of the time are carried out. There is also a description of the conflicts and disputes, the complications surrounding the Kurdish society, the plots of the enemy

especially the army, which caused the foundation of the two republics in a political and military coincidence.

Then it describes how Tehran tried to keep those two republic away from each other, the emerging of the conflicts and the days and the last hours of the catastrophe, the detention of Qazi Mohamed and his friends, the trial and the death sentence and the way it was carried out.

The ninth part deals with the factors and reasons of the collapse of the Republic of Kurdistan, why it collapsed so easily and the internal and external reasons for that.

The tenth part reveals the lessons and warnings of the Republic in its establishment, collapse and the consequences.

In the end there is a thorough study of the five-year-old Mahabad experiment, the Republic of Kurdistan, which lasted nearly one year and a modern view about the Republic of Kurdistan.

The study should have contained many appendixes, especially of names, many documents of that time, many photographs and different maps but the limitedness of time and the immensity of the work were the two main reasons, which prevented the achievement of what we wished.

تعريف بالكتاب

تشكل جمهورية كردستان، حدثا تأريخيا لعصر ادارة محلية هامة وحساسة في التطور السياسي لقضية الكورد الوطنية. ان اهمية البحث والدراسة في وقائعها، تكمن في انها زاخرة بالدروس والعبر لراهن ومستقبل شعبنا، وتجربة الأدارة الكردية، فضلا عن كونها الفرصة التأريخية الثانية التي سنحت في سنوات النصف الأول من القرن العشرين، وفي ظل ظروف دولية، لنيل الشعب الكردي حقوقه التأريخية. لذا فقد اوليت منذ بداية مسيرتي في مجال الكتابة، اهتماما خاصا بالاحداث التي وقعت في هذه الجمهورية، خلال عمرها الذي دام أقل من عام واحد، وتجربة مهاباد التي دامت لنحو خمس سنوات. فمنذ ثلاثين عاما، وأنا أنشر الأبحاث والدراسات واقيم الندوات حول احداث ومجالات التطور ومواضيع مختلفة لهذا الحدث في تأريخنا المعاصر، وقد وصلت نتاجاتي وأبحاثي وأصداراتي، سواء تلك التي صدرت على شاكلة كتاب أو كراس، أو على شكل بحوث في الصحف والمجلات والأصدارات الأخرى في داخل و خارج كردستان، الى الحد الذي جعلت المكتبة الكردية غنية بها، إضافة الى كونها ارشيفا أصيلا لتأريخ تلك الفترة الزاخرة بالأحداث الهامة.

ان التجارب والفرص التأريخية الثلاث التي سنحت لجزء من أمتنا في ادارة شؤونه في القرن العشرين، واقصد حكومة الشيخ محمود الحفيد في جنوب كردستان (*1918-1924*)، وجمهورية كردستان في منطقة موكريان من أعمال شرق كردستان (*1946/12/17-1/22*) محتويا تجربة مهاباد *1942-1946* التي برزت الى الوجود بعد احتلال الجيش الأحمر السوفيتي لمنطقة موكريان التي كانت مقدمة لظهور الجمهورية. مع التجربة والفرصة التأريخية الراهنة المستمرة في كردستان العراق منذ عام *1991*. تختلف عوامل واسباب بروز الواحدة منها عن الأخرى بسبب إختلاف الزمان والمكان والتحولات المختلفة في بنية المجتمع الكردي، كما أن هناك شبها كبيرا في العوامل والأحداث الاقليمية والدولية التي ساهمت في خلق كل منها، وبين المشاكل التي عاشتها كل تجربة في عصرها والأسباب التي أدت الى أنهيارها.

ان الظروف التي تهيأت لخلق تلك التجارب: الأوضاع السياسية والجيوستراتجية والصراع الدولي ومسيرة الأحداث.. عوامل الضغط وتأثيراتها على خلق الأزمات وحبك المؤامرات... دور القوى العظمى في إدارة الصراع على القضايا الاقتصادية والمناطق الجغرافية والاستراتيجية، قضايا النفط، التهديدات المحلية والأقليمية، إن كل ذلك تشكل عوامل هامة واساسية ساهمت مع العوامل الداخلية، في خلق التجارب الثلاث، مع الأخذ بنظر الاعتبار اختلاف المكان والزمان والمعادلات الدولية.

ان اسلوب كتابة المواضيع والدراسات التي يحتويها هذا الكتاب، منهجي، يستند على النهج العلمي في البحث والدراسة، علمي وموضوعي في التحليل .. يعتمد على الوثائق المهمة والحية لعهد الجمهورية

وارشيف الدول ذات العلاقة بالتجربة وبالخلاف والصراع علىالمنطقة في تلك الحقبة. أن كتاب (جمهورية كردستان) هو اخر حلقة من حلقات الكتب والأبحاث التي رأت النور خلال العقود الثلاثة الماضية، وأهم دراسة تأريخية وتحليل سياسي للأحداث التي لاتزال تكتنفها الغموض.

لقد قسمت الأبحاث والدراسات التي يضمها هذا النتاج الى احد عشر قسما، مع مقدمة وبوابة الدخول الى مباحث الكتاب.

الفصل الأول يتناول كيفية كتابة التأريخ بنهجها العلمي والموضوعي .. وفي الفصل الثاني هناك بحث قصير حول المجتمع الكردي، ويتم الحديث عن الحروب والصراعات التي جرت في كردستان ومن أجلها.. ومن ثم هناك مناقشة وتحليل للعوامل التي أدت الى نمو المجتمع الكردي بصورة غير طبيعية، كما تسلط الأضواء على سياسة الدول المحتلة والأمبريالية. ويتناول الفصل الثالث، الحركة التحررية الكردية، وكيف ازدهرت في عهد احتلال الجيش الأحمر لمناطق موكريان في كردستان الشرقية، مع ذكر عوامل مساعدة، أثرت بشكل مباشر على تقوية الحركة التحررية الكردية، وكيف أن ذلك هيأ الفرصة لتأسيس جمهورية كردستان. وفي هذا الفصل أيضا تسلط الأضواء على العوامل الداخلية والخارجية الأساسية التي أثرت ايجابيا على التطورات الداخلية للحركة الكردية. وفي الفصل الرابع هناك نبذة مختصرة عن تأريخ تشكيل التنظيمات السياسية، ونشاطات كل منظمة، بدءا من جمعية (انقاذ) كردستان وجمعية (جيهاندانى) الى حزب دعاة تحرر كردستان، جمعية ذ.ك واخيرا الحزب الديمقراطي الكردستاني(حزبى ديموكراتى كوردستان). ويتناول الفصل اصدارات ونشاطات وأهداف كل تنظيم، مع مقارنة لأهداف تلك المنظمات والتطورات التي حصلت على الهدف المركزي، وبرامجها، سياستها، واستراتيجيتها. أما الفصل الخامس، فيتناول بدايات الحياة السياسية ونشاطات وعلاقات الكرد بمحيطه.. الى جانب زيارة باكو، وبداية المفاوضات وموقف السوفيت واخر أفكارهم... ومن ثم اصرار الكرد على نيل حقوقه المتمثلة في تأسيس جمهورية تتمتع بالحكم الذاتي، والحديث معهم حول سبل تشكيل المؤسسات والأجهزة والوزارات. ويسلط القسم الأضواء على الاسم التأريخي للجمهورية، وهناك بحث تأريخي موثق يثبت انها كانت جمهورية تتمتع بالحكم الذاتي وليست مستقلة كما يفهمها البعض.

ويكرس الفصل السادس لبحث وتقييم التركيبة الطبقية والاجتماعية لقيادة الحزب الديمقراطي وجمهورية كردستان. مع تسليط الأضواء على طبيعة وخصوصية جمهورية كردستان. ويتناول الفصل السابع تأسيس وانهيار الجمهورية مع بيان المكتسبات المادية والمعنوية التي حققتها جمهورية كردستان.

ويتضمن الفصل الثامن بحوثا حول أحداث بارزة في ذلك العهد، ويتطرق الى الخلافات والصراعات والأزمات التي كانت تحدث في المجتمع الكردي، كما يتحدث عن مؤامرات الاعداء، وعلى نحو خاص من

قبل الجيش الشاهنشاهي، الـذي تسبب بـابرام اتفـاق سياسـي وعسـكري بـين جمهوريتي كردسـتان و ازربايجان، ومن ثم كيف سعت طهران من أجل احداث القطيعة بـين الجمهوريتين... ومـن هنـاك الى ظهور الخلافات، ثم نحو افول نجم الكيانين ومن ثم حدوث المأساة.. اعتقـال القـاضي محمـد ورفاقـه وادانتهم وصدور حكم الاعدام بحقهم والوصية التي كتبت في اخر دقائق عمره ثم تنفيذه.

لقد كان من المفروض أن يتضمن هذا النتاج ملحقات عدة، وعلى نحو خاص ملحـق بالاسمـاء، وأن يرفق صورا لأغلب الوثائق التي القيت الضوء عليها، وأن يحتوي العديد من الخرائط والصور المختلفة، لكن عدم وجود الوقت الكافي من جهة ضخامة حجم الكتاب، مـن جهـة اخـرى كانـا عـاملين اساسـيين لعدم تحقيق التطلعات التي كنت أطمح اليها، تاركا ذلـك للأسـاتذة والبـاحثين اللذيـن يواكبـون كتابـة تأريخ تلك الفترة المهمة في مسيرة أمتنا...

لیستی سەرچاوەکان

1-سەرچاوە کوردییەکان

-حەسەنی قازی، روانگەی پێشەوا.

-سەید محەمەد سەمەدی، ژێ کاف چبوو؟ چی دەویست؟ وەچی لێهات؟ مەهاباد *1981*.

-علائەددین سەجادی، شۆرشەکانی کوردو کۆماری عیراق-بەغدا *1959*.

-عبدالرحمن قاسملو، چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی (بەشی یەکەم) چاپی *1985*.

- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لەساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، چاپی یەکەم بەغداد *1975*.

-د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستیو شوێنی لەرۆژنامەنوسی کوردیدا، بەغدا *1978*.

-کەریمی حسامی، کاروانێك لەشەهیدانی کوردستانی ئێران، *1971*بەغدا.

-مەحمود مەلا عززەت/ تیرِوانینێکی سەردەم لەکۆمارەکەی مەهاباد. سلێمانی *1999*.

-مەحمود مەلا عززەت، دیپلۆماسیەتی بزووتنەوەی کوردایەتی، سلێمانی *1973*.

-مەحمود مەلا عززەت، دەوڵەتی جەمهوری کوردستان

بەرگی یەکەم	ستوکهۆڵم *1992*
بەرگی دووهەم	ستۆکهۆڵم *1995*
بەرگی سێهەم	ستۆکهۆڵم *1997*

-مەحمود مەلاعززەت، کۆماری میللی مەهاباد، چاپی یەکەم *1984*

چاپی دووەم *1986*

لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کوردستان- چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ.

-میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی، بەسەرهاتی کورد، بەرگی یەکەم، سوید *2000*.

-نەوشیروان مستەفا ئەمین، حکومەتی کوردستان، کورد لەگەمەی سۆڤیەتدا هەولێر *1992*.

-هێمن، تاريكو روون (ديوان) چاپی بەغداد *1974*.

-كۆنگرەی سێهەمی حزبی ديموكراتی كوردستان(ئێران) ئەيلولی *1973*.

2-سەرچاوە عەرەبييەكان:

-ادموندز(سی. جی)، كرد وترك وعرب. ترجمة: جرجيس فتح الله ، طبعة بغداد *1970*.

-جلال طالباني ، كردستان والحركة التحررية القومية الكردية، بيروت *1971*.

-جورج لنشوفسكی، الشرق الاوسط في الشؤون العالمية، ترجمة: جعفر الخياط، بغداد*1964*.

-حسن محمد(د.)، مسألة النفط ومؤمرات الاستعمار في ايران/ ترجمة: احمد عبدالكريم، بغداد.

-خالفين،ن.آ ،(د.)، صراع على كردستان، ترجمة: د.احمد عثمان ابوبكر، بغداد. *1969*.

-سريدر پولارد-بريطانيا والشرق الاوسط، ترجمة حسن السلمان، بغداد *1956*،

-سليم طه التكريتی، معركة النفط في ايران، طبعة بغداد-*1951*.

-شاميلوف، حول مسألة الاقطاع بين الكرد، ترجمه وكتب مقدمة وعلق عليه الدكتور كمال مظهر احمد، بغداد *1972*.

-عبدالرحمن قاسملو(د.)، كردستان والاكراد، طبعة بيروت-*1970*.

-محمد توفيق وردی، قافلة الشهداء الاكراد والشعوب الايرانية، بغداد *1972*.

-مينورسكی،ن.ف (پروفيسور)، الاكراد، ترجمة:د.معروف خزندار، طبعة بغداد-*1968*.

3-سەرچاوە فارسييەكان:

-احمد شريفی، عشائری بارزان و رهبران انها.

-بابا مردوخ روحانی، تأريخ مشاهير كرد، پخش دوم، جلدسوم، تهران *1371*.

-جعفر مهدی نيا، زندگی سياسی قوام السلطنة، *1366*.

-نجفقلی پسيان، از مهاباد خونين تا كرانەهای ارس، آزماه *1328* تهران، *1949*.

4-سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

-Ferideh Kooli- Kamali Deh Kord. The rePublic of Kurdistan-its Rise and Fall-1988.

-Foreign Relation of the United Staes Diplomatic papers 1946, Volume Vll.

–Howell, jr. Wilson N, The Soviet Union and Kurds Astudy of National Minotry 1956.

-William Eagleton. The Kurdish Repulic 1946 London 1963.

5-سەرچاوە سویدییەکان:

Svenska Uppslags Bok Band 2–(ئینسـسـکلۆپیدیای سـویدی، بـەرگی 2 چاپی 1984.

گۆڤارو رۆژنامە:

–گۆڤاری پەیڤ ژمارە 7 ئاداری 1988.

–رۆژنامەی دەنگی کورد ژمارە 69 – 1960.

–گۆڤاری تـودە، رێکخـراوی شۆڕشـگێڕی حزبـی تـودەی ئـێران لـەدەرەوەی وڵات، ژمارە 19.

–گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە 3 مارتی 1946.

–گۆڤاری گزینگ، ژمارە 13

–گۆڤاری گزینگ ژ. (17) پایزی 1997.

–گۆڤاری گزینگ ژمارە 18 زستانی 1988.

–گۆڤاری گزینگ ژ(14) زستانی 1997.

–گۆڤاری گزینگ ژ(13).

–گۆڤاری گزینگ ژ/ 13.

–گۆڤاری رێبازی نوێ، ژمارە 21 کانونی یەکەمی 2000

–گۆڤاری نوێکار، ژمارە 3.

–گۆڤاری رابون، ژ(22) 1997.

–گۆڤاری روناهی، ژمارە 7و8 ، بەغدا 1960.

–گۆڤاری مامۆستای کورد، ژمارە 24و 1995/25.

–گۆڤاری نیشتمان، ژمارە 3و 4ساڵی 1322.

-گۆڤاری هەلاڵە، ژمارە *3* بانەمەڕی *1325*.
-رۆژنامەی خەبات، ژمارە *413* بەغدا *1960*.
-ڕۆژنامەی دەنگی کورد ژمارە *69 - 1960*.
-رۆژنامەی کوردستان، ژمارە *10*و *11 -4*و*6/2/1946*.
-رۆژنامەی کوردستان، ژمارە *8* ، *28/1/1946*.
-رۆژنامەی کوردستان ژمارە *5*، *6* جۆزەدانی *1325*.
-رۆژنامەی کوردستان ژمارە *53*و *54 1946*.
-رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە *1401*(*7/4/1997*).
-رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە *390*، *17/5/1993*.
-رۆژنامەی هەرێم، ژمارە *27*، *10/6/1993*.
-رۆژنامەی ئالای ئازادی، رۆژی *10/12/1995*.

لەگەڵ چەندین بابەت کەسودیان لێوەرگیراوەو لەشوێنی خۆیدا ئاماژەمان بۆ کردوون، ئەمەو زۆرینەی ژمارەکانی گۆڤارو رۆژنامەی سەردەمی جەمهوریەتی کوردستان و چەند گفتوگۆو چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەوانەی شارەزاییان لەو بارەیەوە لاهەبووە.

لەبەرهەمە بڵاوکراوەکانی نوسەر

یەکەم-نوسین و دانراو:

1-دیپلۆماسێتیی بزوتنەوەی کوردایەتی، سلێمانی *1973*.

2-کۆماری میللی مەهاباد.

*چاپی یەکەم: کوردستان *1984*(یەکێتیی‌نوسەرانی‌کوردستان بەچاپی گەیاند).

*چاپی دووەم، ستۆکهۆڵم *1986*.

3-رەگ‌و ریشەی مێژوی تەقەلای بەعیراقیکردنی کوردو مەسەلەی کوردستان. سوید *1987*.

4-کوردو ململانێ‌و ستراتیجی ئاسایشی نەتەوە، کوردستان-*1988*(کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان چاپی کردو بڵاوی کردەوە).

5-دەوڵەتی جمهوری کوردستان-نامەو دۆکومێنت-بەرگی یەکەم، ستۆکهۆڵم-*1992*.

6-دەوڵەتی جمهوری کوردستان-نامەو دۆکومێنت-بەرگی دووەم، ستۆکهۆڵم-*1995*.

7-دەوڵەتی جمهوری کوردستان-نامەو دۆکومێنت-بەرگی سێیەم، ستۆکهۆڵم-*1997*.

8-بازنەکانی ململانێ‌و ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەی کورد،

چاپی یەکەم، سلێمانی-*1998* بنکەی ئەدەبیی‌و روناکبیری گەلاوێژ بەچاپی گەیاندو بڵاوی کردەوە.

چاپی دووەم، سلێمانیی-*1999*(لەسەر ئەرکی کتێبخانەی سلێمانی چاپ‌و بڵاوکراوەتەوە.)

9-کاروانی بێ کۆتایی،

-چاپی یەکەم سلێمانی-*2000* (دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم).

-چاپی دووەم، سلێمانی *2000* (لەسەر ئەرکی کتێبخانەی سلێمانی چاپکراوە).

دووەم-وەرگێران:

1-دەروێشەکان بەدوای راستیدا ئەگەڕێن، شانۆگەرییەکی سیاسییە، نوسینی:مستەفا حەللاج. لەگەڵ نوسینی پێشەکییەك بۆ دەقە کوردییەکەی.

- چاپی یەکەم، ئۆپسالا-*1983*.

-چاپی دووەم-سلێمانی*2000*.

2-جوڵانەوەی رزگاریخوازانەی کورد لەخەباتیدا بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتی و سیاسیی، نوسینی: پرۆفیسۆر رادوڤان پاڤیچ، لەگەڵ نوسینی پێشەکییەك و رێکخستنی فەرهەنگیلەیەك بۆ دەقە کوردییەکە.

-چاپی یەکەم-ستۆکهۆڵم-*1985*.

-چاپی دووەم- کوردستان-*1986*(کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان چاپ و بڵاوی کردەوە).

3-کورتەی مێژوی فەلسەفە-بەرگی یەکەم-سوید-*1988* لەگەڵ نوسینی پێشەکییەکی *39*لاپەرەیی لەژێر ناوی: " ئەم بەرهەمەو فەلسەفەو وشەیەك بۆ جوڵانەوەی نیشتمانیی کوردستان و نرخاندنی زانستیانە"لەگەڵ رێکخستنی فەرهەنگیلەیەك بۆ لێکدانەوەی زاراوە فەلسەفی و سیاسییەکان.

4-لەپێناوی گەشەپێدانی ئەرشیفە نوێ دامەزراوەکانی کوردستان (چۆن ئەرشیف دادەمەزرێنرێت)سلێمانی *2000*.

سێهەم-بەرهەمی تری نوسەر کەبەناوێکی ترەوە بڵاوکراوەتەوە:

-خەباتی کرێکاران-سلێمانی *1973*؛ بەناوی یەکێتی نەقابەکانی پارێزگای سلێمانی بڵاوکراوەتەوە.

چوارهەم-

لەگەڵ دەیان دیدەنیی و لێکۆڵینەوەو باسی بڵاوکراوە لەگۆڤارو رۆژنامەدا، لەوانە: رۆژنامەی: خەبات، النور، برایەتی، التآخی، کوردستانی نوێ، الاتحاد، ئاڵای ئازادیی. گۆڤاری: رزگاری، گزینگ، مامۆستای کورد، رابوون، نوێدەم، ئاران، پەیڤین، نڤار، رۆژنامەی *UPPSALANYATIDNING*(بەزمانی سویدیی).

چەند تێبینی‌یەکی پێویست

یەکەم: بەرگێکی نوێی سەرجەمی بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی جمهوری کوردستان.

یەکێک لەو کارە مێژووییانەی بەدەستمەوەیە چاپکردنەوەی هەرسێ بەرگەکەی (دەوڵەتی جەمهوریەتی کوردستان)ە کە لە ساڵەکانی 1992 و 1995 و 1997دا لە سوید چاپکران، لە یەك بەرگی نوێی رێکخراودا، بە پێی کرۆنۆلۆجیی، سەرجەمی دوکمێنتەکانی ئەم کارە بەڵگەنامەییەو بەم چاپە نوێیەی بەرهەمێکی مێژوویی گرنگ و تەواوکاریی ئەم بەرهەمەی بەردەستتانەو هیوامە لە ئایندەیەکی نزیکدا رووناکی ببینێت.

دووەم: وەك سەرنج ئەدەن لە بەشی سەرەوەی تایتلەکانی هەموو لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا (جمهوریەتی کوردستان) نوسراوە ئەوەش لە رووی ئیملاییەوە دەبوایە وەك ناوی کتێبەکە (جەمهوریەتی کوردستان) بوایە.. هەرچەندە لە زۆر بەڵگەنامەی سەردەمەکەدا بەوجۆرەش نوسراوە.

سێهەم: هەندێ هەڵەی چاپو پەڕاندن لەم بەرهەمەدا روویداوە خوێنەری بەرێز بە سەلیقەی خۆی ڕاستیان دەکاتەوە لەگەڵ داوای لێبوردن ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:

* ل7 دێڕی 3 وشەی (میللەتان) هەڵەیە ڕاستیەکەی وشەی (میللەتەکەمان)ە.

*ل71 بڕوانە: کوردستان و الحرکە القومیە الکردیە، جلال تاڵەبانی، بغداد 1970.

* ل87 دێڕی 5 وشەی (نەهاتووە) هەڵەیە ڕاستیەکەی (هاتووە)یە.

* ل 116 ئەم بەیاننامەیەی ژ.ك لە (د.ئەمیری حەسەنپوور)ەوە بە دەستم گەیشتووە.

* ل 150 یەکەم چواردێڕی ژێر سەرباسی (هەینەی ڕەئیسەی میللی کوردستان) بەم جۆرەیە: "ئەم ناوە، زیاتر لە هەموو ناوە حکومەتییەکانی تر بەکاردەهات پێش ڕاگەیاندنی دامەزراندنی جەمهوریەتی کوردستان (قازی محەمەد) سەرۆکی بووە".

*ل186، دێڕی چوارەم، ژمارەکانی 1 و 3ی هاوپەیوەند بە پەراوێز: بڕوانە کتێبەکەی قاسملو (کوردستان و کورد) چاپی 1973. ل145، 147

*ل245-255 ژمارەکانی 4 بۆ 11ی هاوپەیوەند بە پەراوێزەوە (34 - 41)ە. کە زنجیرەکەی بە مجۆرەیە:

34- هێمن، سەرچاوەی ناوبراو، ل23

William Eagleton, op. Cit. P.70-35

36- احمد شریفی، سەرچاوەی ناوبراو، ل41

37- هێمن، سەرچاوەی ناوبراو، ل24

38- شێروان، وەڵامێك بۆ نامیلکەی "30 یەمین ساڵی بزوتنەوەی پیرۆزی 2ی ڕێبەندانی گەلی کورد" چاپی 1977، ل13

39- شێروان، هەمان سەرچاوە، ل9

40- تێکۆشەر، نامیلکەی ناوخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە 12، ل4

41- د. عبدالرحمن قاسملو، سەرچاوەی ناوبراو، ل107

چوارەم: دەبو دەستخەتی نامەکەی د. کەمال مەزهەر ئەحمەد لەگەڵ تایپکراوەکەیدا دابنرایە، بۆ سەرنجدان لەو دەستخەتە بڕوانە: دەوڵەتی جمهوری کوردستان بەرگی سێیەم، چاپی سوید 1997، ل749.

زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

##ساڵی 2001

زنجیرە	ناوی کتێب	نووسینی	وەرگێڕ
94	خەونە ترسناکەکانی یوسف	بەرزان فەرەج	
95	سەرەتاکانی سۆسیۆلۆژیا		شوان ئەحمەد
96	عێلی جاوان	د. مستەفا جەواد	م. جمیل رۆژ بەیانی
97	هێماگەریەتی		پێشڕەو حسێن
98	دەروازە		هەڵکەوت عەبدوڵا
99	زۆربا	نیکۆس کازانتزاکیس	رەووف بێگەرد
100	بینای هونەری چیرۆکی کوردی	پەرێز سابیر محەمەد	
101	دەڕۆم پێکەنینی دەریا ببینم	سەلاّح گوڵ ئەندامی	
102	بزوتنەوەی روانگەو شیعری نوێی کوردی	شادمان قادر حەسەن	
103	چیرۆکی وڵاتە دوورەکان		حەمە رەشید
104	زمان و زانستی زمان		د.محەمەد
105	چەند شانۆنامەیەك بۆ منالاّن		فاروق هۆمەر
106	شانۆگەریەکانی سلێمانی لە سالاّنی (1926-1961)دا	یاسین قادر بەرزنجی	
107	گۆڤاری (دیاری کوردستان)	ئا: رەفیق ساڵح	
108	وا بەهار هات	حاجی جوندی	جەلال دەباغ
109	لەگەڵ ئەقلی خۆرئاوادا		ئازاد بەرزنجی
110	زەردەشت وای گوت	فردریك نیتشە	رەئووفی ئەحمەد ئالانی
111	پیاوە سپییەکە		خەبات عارف
112	دەفتەری شیعر	لەیلان سەعددەدین	مەهاباد صاڵح
113	بنەماکانی فسیۆلۆژی مرۆڤ	ئەکرەم قەرەداغی	
114	وانەی ئەم سەدەیە	کارل پۆپەر	شۆڕش جوانڕۆیی
115	کوردەکان	حەسەن ئەرفەع	سەردار محەمەد

116 گەوهەری دێرینە — محەمەد سالح سەعید

117 ئالای کورد — هاوڕێ باخەوان

118 شازادە ئحتجاب — هوشەنگ گوڵشیری — عەتا نەهایی

119 نزا بۆ ئارمێن — ئیبراهیم یونسی — ئاوات

120 ستریندبێری سۆناتایی تارمایی — دانا ڕەئووف

121 لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی 1806-1882 — ئەنوەر قادر محەمەد

122 دەروازەکانی ئایین لە نێوان زەوی و ئاسماندا — مەریوان ئەبوبەکر هەڵەبجەیی

123 باڵە سیاسیەکان لە ئێرانی ئەمڕۆدا — حوجەت مورتەجا

نرخی (40) دینارە

*ل، 75 بۆچوونەکەی سید محمدی حمیدی، سەرچاوەکەی: کوردستان ژمارە(69).
*ل. 80 دێڕی 12 (کۆمەڵەی ژیانی کورد) هەڵەیە، راستییەکەی(کۆمەڵەی ژیاندنەوەی کورد)ە وەك لەو سەرچاوەیەدا هاتووە، ساڵی دامەزراندنەکەشی (1942)ە نەك 1943 وەك لەو لاپەڕەیەدا ئاماژەم بۆ کردووە.
*ژمارەکانی(10، 11، 12)ی هاوپێوەند بە پەراوێزەوە، بڕوانە: د.ج.ك بەرگی یەکەم سوید 1992 ژمارەی بەڵگەنامەکان(72، 97، 209).
*ل297-ژمارە(13)ی هاوپێوەند بە پەراوێزەوە، لە ل(290)ی کتێبەکەی علاءالدین سجادی-یە نەك ب. ئەلوەند.
*هەمان لاپەڕە- ژمارە(14)(ب. ئەلوەند)ە نەك زانا.
-ل 298 ژمارە(15)دووجار نوسراوە، یەکەمیان: نوسەرەکەی(زانا)یە.
دووەم، نوسەرەکەی(هێمن)ە.
-ل327، بەشی هەشتەم لە پاری دووەم، ژمارە(28)ی هاوپێوەند بە پەراوێزەوە دەکرێتە (20) سەرچاوەکەشی: کەریمی حسامی، کاروانێك لەشەهیدانی کوردستانی ئێران، ل 19.
-ل328، ژمارە (29)ی هاوپێوەند بە پەراوێزەوە هەڵەیەو راستییەکەی (21)ە بۆ درێژەی باسی رووداوەکانی ناو هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان لەو رۆژگارەدا، بڕوانە:

- حسن محمد، سەرچاوەی ناوبراو.
- علاء الدین سجادی، سەرچاوەی ناوبراو.
- سلیم طه التکریتی، سەرچاوەی ناوبراو.
- عبدالرحمن قاسملو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی.